
# ١

# هەزار و یەك شەوە



@Muhammad N Hassan

و: جەوهەر مەحمود داراغا


238
posts
19.2k
followers
7
following
کتێبی PDF
Ktebi_PDF
Promote
Edit Profile
پەڕەی فەرمی 📚 کتێبی PDF 📚
Public Figure
لێرە
باشترین و بەسودترین و پڕ خوێنەرترین کتێبەکان
بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە
.
Ganjyna
.
لینکی کتێبەکان 👇 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان
drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVsIbo_
Ktebi_PDF
با لێبوردە بیت
سەحەر
ژیانی پێغەمبەران

@Muhammad N Hassan

# هەزار و یەك شەوە

وەرگێڕ: جەوهەر مەحمود داراغا

# ناوەرۆك


| | |
|---|---|
| پێشەكی كوردی | ٩ |
| پێشەكی عەرەبی | ١٤ |
| چیرۆكی شەهریار و شازەمان | ٢١ |
| چیرۆكی كەروگا | ٢٤ |
| چیرۆكی بازرگان و جنۆكە | ٢٨ |
| چیرۆكی یەكەم پیرەمێردی خاوەن ئاسك | ٣٠ |
| چیرۆكی پیری دووەم و تانجییەكەی | ٣٣ |
| چیرۆكی پیرەمێردی سێیەم و هێسترەكەی | ٣٧ |
| چیرۆكی راوچی و دێوەكە | ٣٨ |
| چیرۆكی وەزیرەكەی پاشای یۆنان | ٤٤ |
| چیرۆكی شا سەندوباد و هەڵۆكە | ٤٧ |
| بەسەرهاتی وەزیرە فێڵبازەكە | ٤٩ |
| درێژەی بەسەرهاتی وەزیری شا یۆنان | ٥٠ |
| پاشماوەی چیرۆكی ماسیگر و دێوەكە | ٥٤ |
| چیرۆكی ماسییە رەنگینەكانی گۆمێك | ٥٥ |
| چیرۆكی لاوە سیحراوییەكە | ٦٠ |
| بەسەرهاتی حەماڵ و سێ كچەكە | ٦٨ |
| چیرۆكی قەلەندەری یەكەم | ٧٩ |
| چیرۆكی قەلەندەری دووەم | ٨٤ |
| چیرۆكی چاوپیس و بە چاوەوە بووەكەی | ٩١ |
| بەسەرهاتی قەلەندەری سێیەم | ١٠١ |
| بەسەرهاتی كچە گەورەكە و دوو سەگە رەشەكە | ١١٢ |
| چیرۆكی كچی دووەمی لێدراو | ١١٩ |
| بەسەرهاتی كچە كوژراوەكە | ١٢٦ |
| چیرۆكی سێ سێوەكە | ١٣٠ |
| چیرۆكی شەمسەدین وەزیری میسر | ١٣٣ |
| چیرۆكی بەدرەدین حەسەنی نورەدین | ١٣٧ |
| چیرۆكی (عەجیب)ی كوڕی بەدرەدین حەسەن | ١٥٠ |

| | |
|---|---|
| ڕەوی شەمسەدین و عەجیب بەرەو ڕۆژهەڵات | ١٥٢ |
| شادبوونەوەی بەدرەدین حەسەن بە دایکی و مامی و کوڕی | ١٦٤ |
| چیرۆکی بەرگدرو و قەموور و جوولەکە و نەسرانییەکە | ١٦٧ |
| چیرۆکی کوڕە کۆڵەکە | ١٧٢ |
| بەسەرهاتی لاوە بریانی کونجی خۆرەکە | ١٨١ |
| چیرۆکی لاوە موسڵاویەکە | ١٨٨ |
| چیرۆکی لاوێك و سەرتاشێکی خۆ هەڵقورتێنەری بەغدایی | ١٩٤ |
| چیرۆکی برای یەکەمی سەرتاشە زۆربڵێیەکە | ٢٠٦ |
| چیرۆکی برای دووهەمی "هەڵەکون" | ٢١٠ |
| بەسەرهاتی برای سێیەمی سەرتاشی هەڵەکون | ٢١٣ |
| بەسەرهاتی برای چوارەمی سەرتاشی هەڵەکون | ٢١٦ |
| چیرۆکی برای پێنجەمی سەرتاشی زۆربڵێ | ٢٢٢ |
| بەسەرهاتی: ئەنیس و جەلیسی وەزیر | ٢٢٩ |
| چیرۆکی نورەدین عەلی و ئەنیسی جەلیس | ٢٣٢ |
| چیرۆکی نورەدین عەلی و ئەنیسی .... | ٢٤٣ |
| بەسەرهاتی نورەدین و ئەنیس و | ٢٤٧ |
| بەسەرهاتی ئەیوبی بازرگان و | ٢٦١ |
| چیرۆکی "بخیت"ی کۆیلە | ٢٦٤ |
| چیرۆکی غانمی کوڕی ئەیوب و خۆراکی دڵان | ٢٧١ |
| چیرۆکی غانمی کوڕی ئەیوب و خوشکی | ٢٧٩ |
| بەسەرهاتی شا عومەری کوڕی نوعمان و دوو کوڕەکەی | ٢٨٢ |
| چیرۆکی شرکان و شا ئیبریزە | ٢٨٧ |
| بەسەرهاتی: ئیبریزە و "غەزبان"ی کۆیلە | ٣٠٦ |
| چیرۆکی ڕاوێژکردنی شا حەردوب و دایکە فێڵاوییەکەی | ٣٠٨ |
| بەسەرهاتی شاعومەر و "شرکان"و "زەوئولەکان"ی کوڕی | ٣١٠ |
| بەسەرهاتی زەوئولەکان و تونچییەکە | ٣١٣ |
| بەسەرهاتی "نوزهەتول زەمان"و کابرای دەشتەکی | ٣١٧ |
| بەسەرهاتی نوزهەتولزەمان و بازرگان | ٣٢٥ |
| بەسەرهاتی شرکان و نوزهەتولزەمان | ٣٣٧ |
| یەکتر ناسینەوەی شرکان و نوزهەتولزەمانی خوشکی | ٣٤٥ |

چیرۆكی سەفەری زەوئولەكان و توونچی بۆ بەغداد ٣٤٧
بەسەرهاتی پێك شاد بوونەوەی زەوئولەكان و ٣٥٥
بەسەرهاتی "دندان"ی وەزیر و مردنی شا عومەر ٣٥٩
بەسەرهاتی دەسەڵات وەرگرتنی زەوئولەكان ٣٦٠
چیرۆكی هۆكاری كوشتنی عومەری كوڕی نوعمان ٣٦٢
بەسەرهاتی ئامادە كردنی هەر دوو سوپای شركان ٣٧٨
بەسەرهاتی جەنگی نێوان سوپای ئیسلام ونەسارا ٣٨٠
درێژەی بەسەرهاتی جەنگی ئیسلام و نەسرانیان ٤٠١
بەسەرهاتی زۆرانبازی "شركان"و "شا ئەفرەیدون" ٤١١
بەسەرهاتی كوژرانی شا حەردوب بە دەستی زەوئولەكان ٤١٣
بەسەرهاتی كوشتنی شركان بە دەستی زاهد و ناشتنی لە شاخ ٤١٤
لاواننەوەی زەوئولەكان.... بۆ شركان ٤١٨
چیرۆكی سلێمان شا ٤٢٠
چیرۆكی خاران تاجی شاهان ٤٢٣
چیرۆكی عەزیز و عەزیزە ٤٢٦
چیرۆكی تاجی شاهان و خاتوو دونیا ٤٤١
چیرۆكی زەئولەكان، لە گەمارۆدانی قوستەنتەنیەدا ٤٦٦
چیرۆكی زەوئولەكان وتونچییەكە ٤٦٧
چیرۆكی زەوئولەكان و رێكەوتی برازای ٤٧٠
چیرۆكی نەخۆش كەوتنی زەوئولەكان و مردنی ٤٧١
چیرۆكی هەڵكەوت و رێكەوت ٤٧٣
چیرۆكی سەفەرەكەی رێكەوت ٤٧٥
چیرۆكی كان ماكان و دەشتەكییەكە ٤٧٧
بەسەرهاتی كان ماكان و غەسانی سوارچاك ٤٨١
سەربوردەی جەنگی "كان ماكان"لەگەڵ رۆم ٤٨٣
چیرۆكی شەری كان ماكان و كەهرداش ٤٨٧
چیرۆكی كان ماكان و شا ساسان ٤٨٩
چیرۆكی گیرانی كان ماكان و بەربوونی ٤٩٧

# پێشەکی کوردی

## لە بارەی ئەم هەزارو یەك شەوەوە

کە دۆستی خۆشەویست و پاشماوەی برای گەورەم شاعیری تەڕ زمان دوکتۆر شۆ، کاك بە ختیار داوای لێ کردم شتێك بۆ پێشەکی ئەم داستان گەلی (هەزارو یەك شەوە بنووسم، زیاتر لەوە کە کتێبەکەی خۆی بەناووبانگە، بە خوێندەوارانی، کوردی بناسێنێ و، گفتم دایە ئەم داوایەی بۆ جێ بەجێ بهێنم، ئەزانی بۆ خۆم شتێکی وام لانییە ئەم ئەرکەی پێ بهێنمە دی، بەڵام لەو لایشەوە پایەو پلەی ئەم کتێبەم لە ڕیزی ئەدەبی جیهانیدا ئەزانی و بە هەنگاوێکی پڕ بایەخم دائەنا (هەزارو یەك شەو) بە کوردییە ئازیزەکەی خۆیشمان هەبێ ئەیشمزانی لە کتێبخانەکەمدا کتێبی وا هەیە بۆ ئەم مەبەستە سوودی لێ وەربگرم. پەنام بۆ (لوغەتنامە) کەی مامۆستا عەلی ئەکبەری دێهخودا برد کە لام وابێ گەورەترین لوغەتنامەی فارسی یە. بەداخەوە،کە لە بەرگی دووهەمیدا تەماشای یا ناوی (ألف لیلە و لیلە)م کرد، لە پێناسەیەکی سێ چوار دێڕی بەولاوە، شتێکی ئەو تۆی نەدامێ هیچێکی وای لێ هەڵکرێنم، چاوی ڕەشم لەو ئەنسیکلۆپێدیا مەزنانە کاڵ بووەوە. ناچار پەنام بردە بەر ئەنسیکلۆپێدیای عەرەبی (الموسوعە العربیە المیسرە) ی بڵاوکراوەی دەزگای (دارالقلم)ی میسری و (دەزگای فەرانکلین بۆ لە چاپدان و بڵاوکردنەوە) لە میسر کە بەسەرپەرشتیی دوکتۆر شەفیق غیربال لە ١٩٦٥دا بڵاوی کردووەتەوە. کتێبی ناو براو لە کەمتر لە نیو لاپەڕەدا کە بە پیتی ورد لە چاپ دراوە، بابەتێکی باشی بۆ ناساندنی ئەم کتێبە بڵاو کردووەتەوە. لەوە باشترم بەدەستەوە نەبوو بۆ ئەم مەبەستە سوودی لێ وەربگرم و ئەوەی پێویستە لێیەوە وەرگێڕمە سەر کوردی.

ئەنسیکلۆپێدیای ئاسانی، یا ئاسانکراوی، عەرەبی لە بارەی (هەزارو یەك شەو)ەوە ئەڵێ:

(هەزارو یەك شەو) کۆمەڵە چیرۆکێکی میللی جۆر بەجۆری عەرەبییە، ناو بەناو شیعریشی تێدایە کە زۆرتری لارو وێرو وشك و لەنگ و لەسەر زمان قورسە ئەگاتە ١٤٢٠ پارچە شیعر. ڕوونووسە پێ زانراوەکانی، بەسەرە، لەم شوێنانە ڕیزکراون: ڕوونووسی یەکەمی کەلکوتا لە هیندستان. ڕوونووسی بۆلاق لە میسر، پاشان ڕوونووسی دووهەمی کەلکوتا، ئەوجا ڕوونووسی برسلاو، جا ڕوونووسی دووهەمی بۆلاق. بەڵام ئەم ڕوونووسانە هەموو نوێن و ناگەڕێنەوە بۆ پێشتر لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم. بۆیە گەڕانەوە بۆ سەر ڕوونوسی بنەڕەتی کتێبەکە کارێکی زۆر قورسە. ڕۆژهەڵات ناسەکان خۆیان بە گەڕان بە دوای ڕوونووسی بنەڕەتی ئەسڵەکەداو بۆ دۆزینەوەی تێکستێکی کۆن کە ناوی ئەم کتێبە بهێنێ، وەك ئەو تێکستەی (ئیبنونەدیم) لە کتێبی (الفهرست) دا باسی لێ ئەکاو، بە کلیلی باسەکە لە قەڵەم ئەدرێ.

ئیبنونئەدیم ئەڵێ: لە بنچینەیەکی هیندییەوە وەرگێڕراوەتە سەر عەرەبی ناوەکەی (هەزار ئەفسانە)یە.

جا لەبەرئەوەی کە کتێبی هەزار ئەفسانەیش بۆ خۆی بزرە، توێژینەوە لە بنچینەی شەوکانیش ئاڵۆزتری لێ دەرەچێ.

لەو کاتەوە کە بنووسی فەرەنسیی ئەنتوان گالان ئەم کتێبەی بە دەستکاری یەکی زۆرەوە کردووە بە فەرەنسەیی و لە ئەورووپادا بڵاو بووەتەوە، بە درێژایی سەدەی هەژدەهەم چەندین جاری تر لە وەرگێڕانەکەی گلانەوە، وەرگێڕراوە بۆ زمانگەلی تەرو، لە دوادوایی سەدەی نۆزدەهەمیشدا لە دەقە عەرەبییەکەیەوە وەرگێڕراوەتەوە و تا ئێستاش ناو بەناو وەرگێڕانی نیگارینی جوان جوانی لێ دەرئەچێ. بایەخدارترینی ئەوانەی ئەم کتێبەیان وەرگێڕاوە، ئەمانەن: برتۆن، لین، لیتمان و مەردەرووس. وێنەی جوان بە ئیلهام لە شەوەکانی کێشراوەو، لە نووسینی چیرۆك و بەتایبەتی چیرۆك بۆ زارۆکانداو لە نووسینی چەندین شانۆنامەدا سوودی لێ وەرگیراوەو ، گەلێ لەنیگارکێشان و مۆسیقارەکان لەکێشانی نیگارەکانیان و دانانی پارچە مۆسیقاکانیاندا ئیلهامیان لەم کتێبە وەرگرتووە .

بایەخدارترین خاڵەکانی توێژینەوە لەبارەی ئەم کتێبەوە ئەمانەن :-

١. ئەسڵەکەی :-

ڕای هەمووان لەسەر ئەوە سەقامگیر بووە کە ئەم کتێبە بەم جۆرەی ئێستای نەهاتووەتە دنیاوەو بەچەندین قۆناغ دانراوەو ، زۆر کۆمەڵە چیرۆکی بەدرێژایی چەرخ دانراوی خراوەتە پاڵ و ئەو بەشەی لە(هەزار ئەفسانە)وە وەرگیرراوە کەم بایەخترین و قەوارە بچووکترینی بەشەکانیەتی . چیرۆکەکانی هیچی وایان تێدایە ئەسڵیان هیندیە و ناسراوە. هیچی وایشیان تێدایە لە دەنگوباسی عەرەبان و لەچیرۆکە تارادیەك نوێکانیان وەرگیراوە.

٢. زێر و ماواکەی :-

ئەم چیرۆکانە چیرۆکی زادەی ئاو و هەوای جیاجیای خەیاڵی یا ڕاستەقینەن . میسر و عێراق و سووریا لەگشت ئەو وڵاتە دیارترین کەئەم چیرۆکانە سەریان تێیاندا هەڵداوە . توێژەرەوەکان لەوەدا هاودەنگ نین کە چیرۆکەکان بەپێی زێدو نیشتمان دابەش بکەن. ڕوونووسەکانی کتێبەکە وردە جیاوازییەکیان تێدایە لەبارەی ئەو چیرۆکانەوە کە تیایاندان. پاشان چیرۆکەکان بەگوێرەی بابەت بەش بەش کراون و لێیان کۆڵراوەتەوە .

لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە کەشێوەی چیرۆکەکان و ڕێگا چارەکانیان بەپێی جیاوازیی بابەتەکانیان جیاوازن ، چونکە هەر بابەتەو شێوەی ئەو سەرچاوەیەی وەرگرتووە کەلێیەوە هاتووە . هەروەها ئەم کتێبە لەڕووی ڕوونووسەکانیەوەو لەڕووی وەرگێڕانەکانیەوە بەوردی لێی کۆڵراوەتەوە ، وەك لەو ڕووەیشەوە لێی کۆڵراوەتەوە کە بۆچی ناونراوە(هەزار و یەك شەو) .

ئەمە پۆختەیەك بوو لە ئەنسیکلۆپێدیای ئاسانی عەرەبییەوە وەرم گێڕایە سەر کوردی . ئـەبێ ئـەوەیش بڵـێم کـەوا بابەتـەکانی ئـەو ئەنسـکلۆپێدیایە دیـارە لەلایـەن کۆمـەڵێ کاربەدەستی وەرگێڕی دەزگاکەوە ئامادە کراون، بۆیە ئەو وردییەی تێدا نییە کەلە کتێبێکدا بەدی ئەکرێ زانایەکی دانەر بەناوی خریـەوە دایئـەنێ . لـەزۆر حاڵێشـدا سەرپەرشـتیکەری گشـتی ڕۆڵـی تـەواوی خـۆی لـەم جـۆرە پرۆژانـەدا نـابینێ . ڕازی ئـەو ئەنـدازە وشـکی و کەموکورتییەی لەم وەرگێڕانەی منیشدا هەستی پێ ئەکرێ بۆ ئەم ڕاستیە ئەگەڕێتەوە .

لەدواییدا بۆ خۆیشم ئەتوانم بڵێم ئەم کتێبە هەرچەند بەدیمەن چیرۆکە و ئەفسانەیشە و بـۆ کـات بەسـەربردن نووسـراوە ، لەڕاستیشـدا ئـەتوانرێ بـە بەڵگەیـەکی پـڕ بایـەخی لێکۆڵینـەوەی ژیـانی کۆمەڵایـەتی سـەدەکانی ناوەڕاستی ڕۆژهەڵاتـی ئیسلامی دابنـرێ و لـەم ڕووەوە توێـژەرەوان چـەندین کتێـب و نامیلکـە و وتاریـان لـەبارەوە نووسـیوەو چـەندین گەواهینامەی ماجستێر و دکتۆرای لە زانکۆ بەرزەکانی جیهاندا تێدا وەرگیراوە .

شادمانم کەوا بۆ یەکەمجار ئەم شاکارە جیهانییە نەمرە دێتە زمانی کوردیشەوە ، بـەڵام ئەوەیشتان لێ ناشارمەوە کەبەداخـەوە لەبـەر باری خراپـی تەندروسـتی و کزبـوونی چاوم تاڕادەیـەکی زۆرو ، بـەهۆی بەقەڵـەمی فـەرەنگی نووسـرانەوەی دەسنووسـە کوردییەکـەی و کاڵیی خەتەکەی نەمتوانی هیچی لێ بخوێنمەوە تا بـزانم وەرگێڕانەکـەی چۆنەو بۆچوونی خۆمی تێدا دەرببڕم .

هیوام وایە شـایانی ئـەو ڕەنجە بـێ (کـاك بـەختیار)لەبەچاپ گەیاندنیـدا ئەیـداو ، ئـەو ڕەنجە زۆرەیش کە کاك(جەوهەر مەحمود)ی وەرگێڕی لەگەڵیدا داویەتی.

محەمەدی مەلا کەریم

## ناوەرۆکی ئەم کتێبە

چیرۆکانی هەڵبەستراوی سەدە دووره کۆنەکان، خاوەن بەختی رەواجی تایبەت بوون لای خوێنەرانی عەرەب چیرۆکەکانی سەربوردەی (سالی شۆخ)... (عەنتەری کوڕی شەداد)، (سەربوردەی سالی بەردلان)، (سەربوردەی میرە بەتوانەکە)، (فیرۆز شاه)، (زاهر بێرس)، (پاشای شمشێر) ئەم کتێبەی بەردەستتان کە (هەزار و یەك شەوە)یە کە رەنگە گەر لە هەموویان بەربلاوتر نەبێت پێشەنگیان بێت چیرۆکەکانی ئەم: (هەزار و یەك شەوەیە) کاریگەرییەکی بەربلاوی لە سەر دەروونی خوێنەرانی داناوە...! چونکە چیرۆکەکانی نێوی و هەواڵی پاڵەوانانی و کەسە: کاراکانی... هەر زوو بوونە بنێشتە خۆشەی سەر زاری خێزانەکان...! لەمەش گرنگتر ئەوە بوو کە بووە سەرچاوەی (پەند) و (ئامۆژگاری) بەڵگەی ئەم راستییەش... لە چاپ دانەوەی: (دەیان) و (سەدان) جارەی ئەم (هەزار و یەك شەوە)یە..... لە چاپخانە هەرە گەورە و بەربلاوەکاندا..!

ئەم کتێبی: (هەزار و یەك شەوە) بۆ چەندین: زمانی جیهان وەرگێرڕاوە لە نێویاندا... زمانانی ئینگلیزی و فەرەنسییە.

# پێشەکی عەرەبی

## لەبارەی ئەم کتێبەوە

ئەم کتێبە... کۆمەڵە چیرۆکێکی زۆر دەگمەنە....پێشتر لە یەك کتێبدا کۆ کرابنەوە...! ئەمانە چیرۆك گەلێکن... لە بارەی: مرۆڤ و (دێو) و (درنج) و (جنۆکە) و (پەری) و (فریشتە) و (رۆح)ەوە....! ژنان و پیاوان. زیندوان و مردووان. خەلیفەکان و سوڵتانەکان.... فەرمانڕەوایان و فەرمانبەران... پیاوماقوڵان، دز و جەردە و ڕێگران... شارنشین و لادێیان... بازرگانان و پیشەوەران... سێحربازان و بەنگ کێشان... دەست بڕان و فێڵبازان... پیاو کوژان... راستگۆیان و درۆزنان.. دەست بڵاوان و (رەزیل)ان... زانایان و نەزانان... پیاوانی دنیا ویست و ئایین داران... زۆرزانان و هێروگێلان.. پیران و دەمڕوتان... منداڵان و بزێوان، دۆستان و دوژمنان... عاشقان و فریودەر و فریوخواردووان... بە کورتی دنیا بۆ خۆی نامۆیە....!! ژیان نامۆیە!..

لەم کتێبەدا: لەبارەی ئاژەڵانەوەی تیایە..... وەکو: شێر و پڵنگ...ورچ و فیل.... باڵندە و ماسییان...ئەسپ و هێستر و گوێ درێژان.... پشیلە و سەگانی تیایە.... لە نێویدا .... پەپوولەی ئەندێشە: دەگاتە سنوورە دوورەکان، ژیری و بیری پەنگ خواردوو: دەبزوێنێ!! کە لەبەر دڵانی مرۆڤە...

لە نێو چیرۆکەکانیدا: هەواڵی وڵاتان و میرنشینان هەیە. دەریا و دەریاچە و رووبار هەیە.... زۆنگ و بێشەڵان... یانە و گەرماوان... شار و دێهاتان خانووبەرەی خێزانان هەیە.... توونێل و ئەشکەوت و کون و کەلەبەران هەیە... هەواڵی گەنجینە کلۆم دراوەکان... زیندەوەر و شتە سەیرەکان.... ئەو گەنجینانەی: بە ڕێگای تایبەتی خۆی نەبێت....ناکرێتەوە... شووشە و سندوقی پڕ بە هۆریان... سندوقی پڕ بە جنۆکە و شەیتان... مۆرکراو بە مۆری حەزرەتی (سولەیمان)... خۆش ویستن و هاوڕێیایەتی... کێشەی ئیرەیی (حەسوودی) پێ بردن... شتە ترسناکەکان و شاردراوەکان... خۆشی و ناخۆشی..... فرۆفێڵ...... سامانی زۆر.... هەژاری و کوڵلە مەرگی.... دەرکەوتنی دژ بە یەکەکان... ئاشکرا بوونی نهێنییەکان.....

ئەم کتێبە سیخناخە بە: شێت و شەیدایان... (هەزار و یەك شەوە) هەزاران رەنگ و شێواز لەخۆ... دەگرێت...!! هەزار و یەك: ئاهەنگی سێحراوییە لە دنیایەکی رازاوەی سێحرئامێزدا...! رووداوەکانی نێوی نائاساییین!! تێیدا (جنۆکە) دەبێتە (مرۆڤ) و (مرۆڤ) دەبێتە (جنۆکە) جووت بوونی ناپەسەندیدەی مرۆڤ و ئاژەڵ...! ژنان و دێوان ! پیاوان و جنۆکەکان!..

ئەم کتێبە تەنیا کۆمەڵە چیرۆکێك نین! بەڵکو هەزاران شتی عاجبایەتی لەخۆ.. دەگرێت...!! رەگەزەکان: لە دنیایەکی سەرسوڕهێنەردا... تێکەڵ بە یەك دەبەن.

مرۆڤ دەبێتە ئاژەڵ و جارێکی تر دەگەڕێتەوە دۆخی جارانی... ئەویش بەهۆی هێزە کاراکانی نەستەوە!

لەم کتێبەدا مرۆڤ زمانی ئاژەڵان دەزانێت و ئاژەڵانیش بە زمانی مرۆڤ قسە دەکەن..! ئاوان دەبنە شەختە و بەستەڵەك ! ئەم شار و ئەو شاری (نامۆ)یان سەرسوڕ دەهێنن...!

ئەم کتێبە... شاری (مس)ین و (مەڕ مەڕ) و (شیلان) و کۆشك و تەلارانی زێڕینی تیایە. دارستانی چڕ... پێگەی..... ئەژدیها و ماران.... شێر و پڵنگان... دەریا و دوورگەیان... لووتکەی بەفرینی چیایان زیندەوەرانی سەرسوڕهێنەر!! مرۆڤانێك باڵایان (پێونیو)ێك و درێژی ریشیان (٣٠) پێ! پیاوانێکی تریش... درێژیان (٥٠) باڵە... دانەکانیان وەکو شفرەی فیل درێژن. گفتوگۆیان چۆلەکانەیە... پیاوانێك هەن تاکو ناوقەدیان مرۆڤە و بەرەوخواریان... ماسییە...!

ژنانێکی تیایە... چاوانیان وەکو چرا دەدرەوشێتەوە! تاریکی شەو دەڕوێنێتەوە.

لەم دنیا سەرەڕۆیەدا... دەسەڵات داران و بێدەسەڵاتان دێن و دەچن وەکو: (احمدالدنف).. (حسین الخلیج)م...(علی زئبق)... (زریق السماك) (سندباد البحری)... (مارفی پینەچی)... (ئەنس الوجود)... سەیر و سەمەرەکانی (گوڵناری دەریاوان).. (مریم الزناریە).... (تود) کەنیزەکی رۆشنبیر.

ئەم کتێبە.. زانایانیشی بەسەر کردووەتەوە. هەر لە (عبدالله البحر)ییەوە تاکو (عبدالله البری). لەسەر هەموو ئەمانەوە (شەهرەزاد) و (شەهریار)یش... کە دوو پاڵەوانی ئەم چیرۆکەن!

لەم جیهانە: نادروستەدا.... (بەرەی فریو!).... (ئەسپی باڵدار)... (شمشێری لەناوبەر)....(مستیلەی ئامادەکار)... (قوم قومۆکەی: حەزرەتی سولەیمان) ... (فڕندەی باڵە چۆلەکە) (پێخاوسە رەوی رووی دەریا).. (بەدەم خەووەوە رۆیشتن).. (جامی جیهان بین)...

تێیدا... دێو و شەیتان.... ئادەمیزاد و ئاژەڵان.... زانایان لەتەك: نەزان و ساحیران.... لەگەڵ فێڵباز و فۆڵ بڕان پێکەوە زاڵ بوونی مەرگ بە سەر ملهوڕ و پاڵەوانان دا.

خۆ... ئەگەر مەرگ نەبووایە: ئەو هەمووانە یەکتریان ژێر و زەبەر دەکرد.....!

ئەم سەر زەمینە سیخناخ دەبوو: بە مرۆڤ و ئاژەڵان و باڵندەیان و رووەکان......

کاری سەیر وسەمەرە دەخوێنینەوە..... پیاوانی جلی ژنان دەپۆشن و بە پێچەوانەوەش. پیاوان دەچنە ئەو شوێنانەوەی کە چاوان تێیدا دەردەپۆقن و ورگەکان تێیدا دەقۆڕێنن. بووکە نایلۆن لە گۆڕی مردوان دەنرێن.

بە سوتاندنی تاڵەموو.. یا خشاندنی موستیلەوە..... مردوان بەسەر باڵی دێوانەوە ئامادە دەکرێن... گوێرێژان عاشق دەبن. دزان پاسەوانان دەدزن... ژن و مێردان زیندە بەچاڵ دەکرێن. بە جادوی (رقیە) گەنجینەیان وەدیار دەکەون.... منداڵان رێنمایی دەکەن و پیران گێل دەبن. نەفسی بڵند نشێو دەکەون.

لەم کتێبەدا دنیا جەنجاڵە.... شەڕ و شۆڕ... بەرکەماڵە! بەجۆرێك پاڵەوانان خۆیان لەبەریدا ناگرن! چەند ڕوودا و کتوپڕ دەبن و سەیر و سەمەرە دەکەونە ڕوو. موجیزە ڕوودەدەن! خەڵکان سواری (با) دەبن ڕێگا دوورەکان کورت دەبنەوە. هەر لە ڕەوا بوونەوە تاکو بەدی و ڕەوشت نزمی، کە هیچ ئەدەبیاتێك پێی نەگەیشتووە ئەمە دنیا سێحراوییە، بە جموجووڵە... گریاوی پێکەنیوە! کپ و خەیاڵاویە نەزان و نەخۆشە.... کوێر و بینایە! بەفیز و یاخییە. مت و بەتاسەیە.

لەم کتێبەدا نوکتە و گاڵتە ون نییە... پیاهەڵدان.. هەر لە باو و نەریتەوە بیگرە تا بە پەند و ئامۆژگاری و ڕێنمایی دەگات. بانگ هێشتی موسوڵمان بوون. ئامادەگی خوا بۆ پاڵپشتی بێنەوایان و هەژاران و ئەوانەی نزایان بە (٧) ئاسمانەدا دەگات. لەم کتێبە سەیر و سەمەرەیەدا هەموو شتێك دەبینین. چونکە کتێبی کات بە سەر بردن نییە! ڕەنگە ڕێت لە ئامۆژگاریەك بکەوێت سوودی بۆت هەبێت. یان ڕێنماییەك دەستت بگرێ بەرەو ڕاستە ڕێ. فرۆفێڵێکت فێر دەکات. ڕزگار کەرت بێت لە تەنگ و چەڵەمە.

ئەم چاپەش پاکژ و لە ڕستەگەلی ناشیرین، لەوانەی ڕووی ماڵ و خێزانیان نییە. کوڕو کچانت بۆیان هەیە بیخوێننەوە. خوا بۆ خۆی پۆشەری خەوشاند و پشت و پەنایە.

## شێوازی کتێبەکە

سانا و ساوە و جوان... ڕوون و ڕەوان. لە کۆمەڵەوە هەڵقوڵاوە و بۆ کەمەڵیش دەگەڕێتەوە. هەمە ڕەنگ، جارێك گەش، جارێك گرژ. سادە ڕوو. خێرا و خاو. گورج و توند بە گوێرەی شوێن و ڕێی ڕووداو.

گەر ئەم چیرۆکانە: نوسەرانێکی وەکو (جاحف) یا (ابن المقفع) یان (ابن عبدویە) یا (ابو فرج الاسفهانی) یا نووسەرە نوێیەکانی وەکو (احمد حسن الزیات) یا (تەها حسین) یان (احمد امین) یان (عقاد) بە شێوازێکی ڕەوانبێژی بیان نووسیبایە. بەم شێوەیەی ئێستا ئەم کتێبە سەرومڕ نەدەبوو. ئاوا لەبەر دڵان نەدەبوو. هەر وەکو کتێبەکانی ئەو ناودارانە. ئەم کتێبەش دەچووە ڕیزبەندی کتێبخانەکانەوە. ئیدی ئاوا جێ پەنجەی بە سەر نەفس و هرزی مرۆڤەوە جێ نەدەما. بەم شێوەیەش ڕاز و چیرۆکەکانی بە سەر زارانەوە نەدەبوون. بۆیە.. دەتوانم بڵێم کۆی نوسخەکانی (هەزار و یەك شەوە) لە کوێ نوسخەکانی هەموو کتێبەکانی ئەو نووسەرانەی سەرەوە زۆرترە.

ئەم چیرۆکانە لە خامە هەمە ڕەنگەکانەوە داوەریون. بۆیە هەر یەکەیان هەڵقوڵاوی ناوچەیەکن! کەوابوو ئەم کتێبە ڕۆژهەڵاتیانەوە هەر بۆ وانیش دەگەڕێتەوە.

## ناوی کتێب

لە حیکاتخوانان چاوەڕێ ناکرێت: حیکاتەکانیان لە کتێبێکدا کۆ بکەنەوە و ناوی لێ بنێن! کە ئەویش ئەم کتێبەی (هەزار و یەك شەوە) بێت. چونکە، بە (هەزار رازو رازە) ناسرابوو. دتراو رەمەکی خەڵکەکە ناوەکەیان گۆڕی بە (هەزار و یەك شەوە).

بەڵام کەس نازانێت بۆچی ناونراوە (هەزار و یەك شەوە) بۆچی: لە هەزار و یەك رازەوە بووە بە هەزار و یەك شەوە؟

رەنگە بۆ ئەوەی بووبێ ئەفسانەی (شەهرەزاد) لە راستییەوە نزیك بکەنەوە. چونکە مانەوەی ژنە حەکایەتخوانەکە بۆ ئەو هەموو رۆژە بە شەهرەزادی میردییەوە ئاڵوودە دەکات.

## ناوی دانەری ئەم کتێبە

بنەمایەکی زانستیانە نییە بۆ دیاری کردنی نووسەری ئەم کتێبە ئەمیش وەکو هەندێ جار کتێبیان داوەتە پاڵ نووسەرێك کە بێ ئاگا بووە لەو کتێبە. لەو نووسەرانەی کتێبیان دراوەتە پاڵ "ابو نواس"و "جحا"بووە.

بۆیە... لێکۆڵەرەوەکان، لە نووسەری ئەم کتێبی (هەزار و یەك شەوە)یە بێ ئاگا و سەراسیمەن... !! ئاخۆ... ئەم کتێبی "هەزار و یەك شەوە"یە یەك کەس نووسیویەتی یان چەند کەسێکن؟ (مەسعودی) لە کتێبی "مروج الزهب"دا دەڵێت:

ئەم کتێبە لە هێندستانەوە هاتووە. کتێبێکی وەرگێڕراوە: لە زمانەکانی فارسی و هێندی و رۆمانییەوە. ناویشی "هەزار و یەك ئەفسانە"بووە. کە بە زمانی عەرەبی "الف خرافە"دەگەیەنێت.

دیسان دەڵێن گوایە: "ابوعبدالله محمد بن عبدوس الجهشیاری"کە نووسەری کتێبی "الوزرا"یشە. ئەم کتێبەی بەناوی (هەزار شەوانی شەوچەرە)ی عەرەب و عەجەمی و رۆمیەوە داناوە.

هەر بەشە و لە بەشەکانی تری جیا بووە و پێکەوە نەبەستراون حەکایەتخوانان کۆڕی شەوانیان پێ بەرێ کردووە.

ئەم کتێبەش باشترین و خۆشترین چیرۆکەکانی ئەو شەوانەن. هەروەها لەو کتێبانەش وەرگێڕراوە. کە ئەفسانەکانی تیا بووە تاکو "٤٨٠"شەوچەرەی رازاندووەتەوە. هەر "شەوانە کۆڕێکی"لە "٥٠"پەرە کەمتر نەبووە. ئیدی نووسەرەکەی مردووە و (کتێبی هەزار ئەفسانە)ی بۆ تەواو نەکراوە.

هەر چۆنێك بێت: ئەم کتێبە رەسەنایەتی... رۆژهەڵاتیانەی ون نەکردووە چیرۆکەکانی تێکەڵن لە "ئەفسانەی... فارسی و هێندی و تورکی و میسری قاهیرەیی.

دواتر: هەوادارێکی ئەم کتێبە: توانی هەموو راز و سەربوردە و چیرۆکی ئەم کتێبە کۆ بکاتەوە. ئیتر بەرودوا هەر هەوادارێك ... جارێکی دی ئەم کتێبەی نووسیوەتەوە. شەوێك یان چەند شەوێکی خستووەتە سەر.

## کەی ئەم کتێبە دانراوە

پسپۆڕان... لە بارەی کاتی دانانی ئەم کتێبەوە جیاوازن. بەڵام کۆکن لە سەر ئەوەی کە نووسەرانی عەرەب بە کۆکردنەوەی ئەم کتێبەوە زۆر ماندوو بوون هەندێك وا بۆی چوون لە سەردەمی (عەباس)یان دا بووە دواتر چەندین: چیرۆك و سەربوردەی دی خراوەتە سەر. بەڵام ساڵەکەی دیاری نەکراوە. بۆچوونێك هەیە دەڵێت: دوور نییە: لە شارەکانی "بەغدا"و "قاهیرە"و "دیمەشق"... لە سەردەمانی "ئەمەوی"و "فاتمیە"و "مەمالیك"دا، چەندین رازی وسەر نراین و نووسرابنەوە.

## هۆی دانانی ئەم کتێبە

بیر و راکان زۆرن لەسەر سەربوردەی کتێبی "هەزار و یەك شەوە". هەندێك دەڵێن: بۆ خاتری بانگهێشتی (ئیسلام بوون) بووە. یان بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی بووە. هەر بۆیە دارشتنەکەی سانا بووە. بەڵام لەبارترین بۆچوون بۆ بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە باری نەخوێندەواری رەمەکی خەڵکەکە بووە. (رووبابە) و (مۆسیقا) سازان، لە قاوەخانەکاندا مۆسیقایان ژەندووە و ئاوازیان چریوە. حەکایەتخوانانیش هەمیشە ئالوودەی ئەو شوێنانە بوون و ئەم بەسەرهات و سەربوردانەیان بۆ دانیشتووان خوێندۆتەوە. رازەکانی ئەم کتێبە کەوتوونە سەر زاران و دەماو دەم بوون.

پەیدا بوونی "سینەما"و "رادیۆ"و "تی ڤی"و "ڤیدیۆ"و "ئەنتەرنێت". کە مەگەر خوا خۆی بزانێت چی تر... لەم تەکنەلۆجیایانە... دەچنە سەر خەرمانی بەرهەمی ژیری و بیری مرۆڤەوە! لە رەوتی بەربڵاوبوونی چیرۆك و رۆمانی کەم کردووەتەوە.

## کۆتایی کتێب

کۆتاییەکی تایبەت نییە بۆ کتێبی (هەزار و یەك شەوە) (ابن ندیم) لە کتێبی (الفهرست)دا دەڵێت: هەر بەو شێوەیە شەهرەزاد: پاشای مێردی (بەنج) و وڕ دەکات.... تا بەم سەربوردانە و تاکو: نیوەشەو درێژەی دەبێت. پاشایش (شەهریار) ناکوژێت تا ئەو دەمەی کوڕێکی لە پاشا دەبێت. ئیتر دوایی بە فرت و فێڵەکەی دێنێت. خۆشەویستی کوڕەش لای پاشا.... دەبێتە هۆی مانەوەی: شەهرەزاد: بە ژنی شەهریار شا.

بەڵام لە چاپی وڵاتی "هێند"دا.... هاتووە: کە گوایە شەهرەزاد (٣) کوڕی لە شا شەهریار دەبێت. هەر بەم هۆیەوە .... "هەزار و یەك شەوە"کەی سازاندووە.

لە چاپی "بولاق"دا کە ئـەم کتێبـە پشـتی پـێ بەسـتووە نووسـراوە: پاشـا سـەری زۆر لـە سەلیقە و لێهاتووی شەهرەزاد سـوڕماوە! بۆیـە لێـی خـۆش بـووە و درێـژەی بـە هاوسـەرێتی داوە.

ئێمەش دەگەینە ئەوەی: کە شەهرەزاد خۆی بە گێڕانەوەی ئەم بەسـەرهاتانە لـە مـردن رزگاری کردووە. بەهۆی سەلیقە و قسەزانی خۆیەوەیە.

ئەم کتێبە بێپشك نییە لە سوود و شتی عاجبایەتی بـەجۆرێك لـە هـیچ کتێبێکـی دیـدا نین. لە هەر باخە و گوڵێکی هێناوە. مەلەوانی بنی دەریایان بووە بـۆ دەرهێنـانی مـرواری و مەرجان.

ئەمانە وایان کرد: جارێکی دی بە شێوەیەکی پاکتر و جوانتر بەرهـەمی بێـنین. خـوایش پشتیوانی هەمووانە.

## پێش یەکەم شەو

## چیرۆکی شەهریار و شازەمان

دەگێڕنەوە: خوا خۆی زانا و رەوا و گەورە و بەخشندە و نیان و بە بەزەییە- لە سالآنی پێشین، لە نێو سەربوردەی نەتەوەیانی دێرین، لە یەکی لە دورگەیانی هێندوچین لە هۆزی (ساسان). شایەك هەبوو خاوەن سوپا و دەست و پێوەند... دوو کوڕی بوون. گەورە و بچووك. شۆڕەسوارە و هەر دوو چاپووك. گەورەکەیان، زۆر سوارچاك بوو، لە دوژمنانی بێباك بوو. لە ولآت بەڕێوە بردن دا. دادپەروەر و خۆشەویستی مەملەکەت بوو چونکە سالار بوو، ناویشی (شەهریار) بوو.

برا بچووکەکەیش پاشای ولآتی "سەمەرقەندی عەجەم بوو. لە نێو رەمەکی خەلك دا خاترجەم بوو. لەوادی کۆمەلآیەتیدا وێنەی کەم بوو.

بە درێژایی ٢٠ سال هەر یەکە و لە مەملەکەتی خۆیدا حوکمڕان بوو.

پاشای گەورە تاسەی بینینی پاشا چکۆلەی برای کرد، بۆیە فەرمانی بە وەزیری دا، رێی بەرەو مەملەکەتی (سەمەرقەند) بگرێتە بەر... تا لە تەك خۆیدا بیهێنێتە میوانیی. بێباکانە رێی گرتەبەر، چووە دیوەخانی پاشا چکۆلە و سلآوی پاشا گەورەی کاکی پێ راگەیاند. ئەمجا تێی گەیاند کە تاسەی دەکات و مەبەستێتی سەردانی بکات. ئەمیش بە خۆشحالیەوە پەسەندی بوو. دواتر رەشمالْ و دەوار و وشتر و بار و هێستر و دەست و پێوەند و دەوروبەرانی بەڕێ کەوتن. دوای کەمێك دوورکەوتنەوە لە شار. شازەمان شتێکی بیر چووبوو، بە تەنیا گەڕایەوە و خۆی کرد بە کۆشکدا. کە سەیری کرد ژنەکەی هاونشینی گۆرانی بێژێك بووە و ئەویش (عوود) دەژەنێت. کە ئەمەی بینی دنیا لە بەر چاوی تاریك بوو، لە دلی خۆیدا وتی:

"هێشتا لە شار دوور نەکەوتوومەتەوە ئەمە ڕووی دا !! ئەی ئەگەر ماوەیەك لە لای کاکم بێمنمەوە، چی روو دەداتا؟"

بۆیە شمشێری لێ هەلکێشان و هەر دوو کیانی کوشت. بێدەنگ گەڕایەوە کن کاروانەکە و فەرمانی بە ڕێکەوتنی دا. گەشتنە مەملەکەتی پاشای گەورە و پاشا چکۆلە تەتەری نارده کۆشکی کاکی کە مژدەی گەیشتن بگەیەنێت.

پاشای گەورە کە بەمەی زانی، شاری رازاندەوە و بە خۆشحالێەوە چووە پێشوازی پاشای برای. ئیدی پێکەوە دانشتن. شازەمان، کردەوەی نەشیاوی ژنەکەی بیر کەوتەوە زۆر خەمبار بوو... رەنگی زەرد هەلگەڕابوو. لاواز بووبوو. کە برای گەورە هەستی بەمە کرد، پێی وابوو، بەهۆی دوورکەوتنەوەیەتی، لە مەملەکەتەکەی. بۆیە وازی لێ هێنا، دوای چەند رۆژێك خۆی بۆ نەگیرا و لێی پرسی:

"براکەم....لاواز و رەنگ زەرد دەتبینم!".

ئەمیش هەر ئەوەندەی وت:

"لە ناخەوە بریندارم".

پاشای گەورە وتی:

"کەواتە.... دەچینە راو و شکار، کە رەنگە کەمێك دڵت پێی بکرێتەوە."

بەڵام شا چکۆلە پەسەندی نەبوو، بۆیە شەهریارشا بە تەنیا خۆی لەگەڵ دەست و پێوەندانیدا چووە راو و شکار".

لە کۆشکی شادا بانیژە هەبوون کە بە سەر رەز و باخی کاکیدا دەڕوانی. لەوێوە پاشا چکۆلە دەی روانیە رەز و باخەکە. هێندەی زانی دەروازەی کۆشك کرایەوە و "٢٠"کەنیزەك و "٢٠"خزمەتکار هاتنە دەرەوە و براژنەکەشی لە نێوانیاندایە و کە زۆر خان و مان.... ناسك و جوان بوو.

تا گەیشتە حەوز و ئاوێك لە سەر لێواری دانیشتن و دەستیان کردە گۆرانی و خواردنەوە و یاری کردن و شیعر خوێندنەوە.

شازەمان لە دڵی خۆیدا وتی:

"بەڵایەکەی من لەم بەڵایە سوکترە!"

ئیرەیی و پەژارەی لە کۆڵ بووەوە! دیسان وتی:

"ئەمە زۆر گەورە و گرانترە لەوەی بە سەر من هاتووە!".

کە براکەی گەڕایەوە و سڵاویان لە یەکدی کرد، شەهریار سەیری رەنگ و رووی شازەمانی کرد، سوور هەڵگەڕاوەتەوە و لە تەکیدا نانێکی باش دەخوات. کە جاران کەمخۆر بوو... وتی:

"براکەم. ئەوسا رەنگ و رووت زەرد هەڵگەڕا بوو ئێستا رەنگ و رووت وەك جارانی لێ هاتووەتەوە، ئەحواڵی خۆتم پێ بڵێ!"

شازەمان وتی:

"گۆڕانی رەنگ و رووەمت پێ دەڵێم. بەڵام بۆ هۆیەکەی داوای لێبوردن دەکەم!".

شا شەهریار وتی:

"تۆ ... جارێ با هۆی رەنگ پەڕین و لاوازیەکەت ببیستم."

شا زەمان وتی:

"کاکە، کە وەزیرکەت، ناردە شوێنم خۆم ئامادەی سەفەر کرد و لە شار دەرچووم: (گۆ)یەکەی تۆم بیر کەوتەوە، کە لە کۆشك بیرم چووبوو، بۆیە گەڕامەوە و خۆم بە کۆشکدا کرد. بینیم ژنەکەم لە تەك گۆرانی بێژێکدایە. منیش هەر دووکیانم کوشت و بەرەو ئێرە هاتم، ئیدی بیرم هەر لەو کارە دەکردەوە، هەر ئەوەش بووە هۆی لاوازی و رەنگ زەردیم! بەڵام بۆچی ئێستا بە خۆدا هاتوومەتەوە رەنگم جوان بۆتەوە، بم بەخشە پێت ناڵێم!"

کە برای گەورە ئەمەی بیست پێی وت:

"سوێندت دەدەم بە یەزدان دەبێت هۆی نەمانی رەنگ زەردیەکەشتم پێ بڵێی!".
ئیدی لێرەش چی دیبوو، بۆی گێڕایەوە، شا زەمان بە کاکی وت:
"سەیرم بکە لە کۆشکدا بڵاوی بکەرەوە کە بۆ راو و شکار دەچیتە دەرەوەی شار، دواتر بە دزیەوە لە ئەو شوێنەی من خۆم حەشاردابوو، خۆت دابگرە تاکو بە چاوانی خۆت ببینی!".
شای گەورە، فەرمانی دا بۆ راو و شکار. پاسەوانان و دەست و پێوەندان رەشماڵ و دەواریان بردە دەرەوەی شار. شازەمان لە رەشماڵێکدا خۆی توند کرد و فەرمانی دا، کە نەهێڵن کەس بێتە رەشماڵەکەیەوە. شا شەهریار بەرگی شایەتی لابرد و خۆی گۆڕی و بەرەو شار و کۆشك بووەوە و بە دزیەوە خۆی کرد بە کۆشکەکەیدا. چووە ئەو بانیژەیەی بە سەر رەز و باخەکەیدا دەڕوانی. دوای سەعاتێك بینی کە کەنیزەکەکان وشاژن هاتن و ئەوەیان کرد کە براکەی بۆی گێڕابووەوە. ئەم کارەیان تا پاش نیوەڕۆ درێژە پێدا.
کە شەهریار ئەمەی بینی هۆشی لەسەردا نەما. ئەم هۆنراوەیەی وەبیر هاتەوە:

| | |
|---|---|
| لە ژنان بێ خەم مەبەن | پێیان خاترجەم مەبن |
| دڵسۆز خۆی پێت ئەناسێ | غەدریشی پڕ کراسێ |
| پەندی یوسف بزانە | چیان کرد، فێڵبازانە |
| باوکە ئادەمت ...برا | لەبەر ژن بوو دەرکرا |

شا شەهریار- کە هۆشی لە سەردا نەمابوو- چووە باخەکەوە و بە شمشێر ملی ژنەکەی و هەموو کەنیزەك و خزمەتکارەکانی پەڕاند. لەمەودوا هێندەی رق لە ژنان دەبووەوە. دوای ئەوەی مارەی لێ دەبڕا. رۆژی دواتر دەی کوشت. ئەم کارەی شا بووە هۆی بێزاربوونی رەمەکی خەڵکەکەی مەملەکەتی. تا وای لێهات کچەکانیان لەگەڵ خۆیان بردن و لە ترسی پاشایان لە وڵات هەڵدەهاتن.
رۆژێکیان شاشەهریار داوای لە وەزیرەکەی کرد، کە کچێکی بۆ بدۆزێتەوە و هەر وەکو جاران لێی مارە بکات. وەزیر کە چووە ناوشارەکە، بینی چۆڵ و هۆڵە. بۆیە بە دڵێکی پڕ غەم و پەژارەوە و ترسێکی زۆرەوە لە پاشا.. گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆی. ئەم وەزیرە دوو کچی هەبوو، یەکێکیان ناوی شەهرەزاد و ئەوەی دنیازاد. کچە گەورەکەی کتێبانێکی زۆر و مێژوو سەربردەی پاشایانی کۆن و هەواڵی نەتەوەیانی کۆنی خوێندبووەوە.
لێیان گێڕاوەتەوە کە ١٠٠٠ کتێبی لە کتێبخانەدا هەبووە. هەر لە مێژووی میللەتانی کۆن، تا دەگاتە پاشایان و شاعرانی دێرین. کچە گەورە لە باوکی پرسی:
"ئەرێ ئەوە بۆ ئەو هەموو پەژارەیەت بە کۆڵ خۆتدا داوە!؟"
ئەوەتا شاعیرێك وتویەتی:

| | |
|---|---|
| "بە خەمبار بڵێن دۆش دانەمێنێ | پەژارە لای کەس تا سەر نامێنێ |
| چۆن خۆشی تا سەر میوانی نابێت | رۆژان خەمیشت هەر دەڕەوێنێ |

که ئەمەی لە کچە گەورەکەی بیست هەر لە نووکەوە، فەرمانەکەی شا شەهریاری بۆ گێڕایەوە. کچە گەورە وتی:

"باشە، بۆ نام دەیت بە شا: یا منیش دەمرم، یا دەژیم و منالانی موسلمانان لە دەست شا رزگار دەکەم!؟"

وەزیر، وتی:

"بۆ خاتری خوا..... یاری بە چارەنووسی خۆت مەکە!"

کچەکەی وتی:"دەبێت ئەمە هەر ببێت".

وەزیر وتی:

"دەترسم وەك:"کەروگا"یەکەی جوتیارەکەت لێبێت."

کچەکە پرسی:

"بابەگیان بە سەرهاتی ئەو کەروگایە چۆن بووە؟"

## چیرۆکی کەروگا

وەزیر وتی:

"بازرگانان خاوەن سامان و مەڕوماڵاتن. بازرگانێك بوو. ژن و منداڵی بوو. خوا بەهرەی زانینی زمانی باڵندە و ئاژەڵانی پێ بەخشی بوو. ئەم بازرگانە دێ نشین بوو. کەر و گایەکی هەبوو. رۆژێك گایەکە، خۆی کرد بە تەویلەی کەرەکەدا: بینی شوێنەکەی ئاوڕشێن کراوە گەسك دراوە لە ئاخوڕەکەی دا... کا و جۆی لە بێژنگ دراوی تێدایە. بۆیە کەرەش بێخەم لێی راکشا بوو. سا.... مەگەر جاروبارێك خاوەنەکەی سواری پشتی ببوایە بەرەو کشتوکاڵەی بگەڕایەتەوە.

رۆژێکیان بازرگانەکە گوێی لێبوو، گایەکە بە کەرەی وت:

"نۆشی گیانت بێ. من ماندوو مردوو، تۆیش هەمیشە پشوو... لە کا و جۆی پوختە دەخۆیت و خاوەنت پەزێرایت دەکات... مەگەر جاروبارێك سواری پشتت ببێت! ئێمەش هەمیشە: یان لە ئاشین... یا زەوی دەکێڵین!".

کەرەکە.... وتی:

"ئاسانە... کە بردیانیت بۆ سەر کێڵگە و نیڵەکەیان لە ملت خست. خۆت بدە بە زەویدا، لێیشت بدەن هەر هەڵ مەستە! کە زۆر ناچار بوویت بچۆ سەر چۆك. کە گەڕایتەوە ماڵ. پاقلەت دەخەنە بەردەم....مەیخۆ! هەر وەکو ئەوەی زۆر لاواز بیت. رۆژێ یان دوان مان بگرە، مەخۆ و مەخۆرەوە ئیدی ماندوو نابیت و دەحەوێیتەوە".

وا کابرای بازرگانیش گوێی له گفتوگۆیانه. جووتکەر هاته لای گا و ئالیکی بۆ لە ئاخوڕ نا.... گایەش زۆر کەمی لێ خوارد، رۆژی دواتر جووتکەر گایەی بردە جووت. بینی زۆر بێهێزە. ئەمیش برێ خەمی بۆ خوارد و لە دڵی خۆیدا وتی:

"ئەمە بە هۆی ماندووبوونی دوێنێوەیەتی!"

ئیدی چووە لای بازرگان و وتی:

"گەورەم گایەکە کاری جارانی بۆ ناکرێت، ئەمشەویش، شتێکی ئەوتۆی لە ئالیکەکەی نەخواردبوو."

بازرگان کە لەو کەین و بەینە بە ئاگا بوو وتی:

"برۆ، برۆ کەرەکە ببە و بیخە شوێنی گایەکە و تا ئێوارە جووتی پێ بکە".

ئێوارە، کەرەکە هێنرایەوە ماڵ، دوای ئەوەی بە درێژایی ئەو رۆژە جووتی کردبوو. لەبەر ئەوەی ئەو رۆژە گایەکە بێکار بوو حەوابووە. بۆیە سپاسی کرد. کەرەکە متەقی نەکرد و پەشیمانیەکی زۆری کێشا. بۆ رۆژی دواتر جوتیار هاتەوە و کەرەی بردەوە بۆ جووت. کە ئێوارە گەڕایەوە پێستی ملی داماڵدابوو، ماندوو نیوە مردوو بووبوو.

کەرەکە سەرنجی دایە گایەکە و لە دڵی خۆیدا وتی:

"خۆم بە خۆمم کرد".

ئەمجا پێی وت:"

ئەوە بزانە ئامۆژگاریت دەکەم... بیستومە خاوەنەکەمان وتویەتی ئەگەر ئەمجارە گایەکە هەڵنەستایەوە بۆ کارکردن ئەوە بیدەنە دەست قەساب، با سەری ببڕێت و پێستەکەی بگورێت".

گایەکە کە ئەم ئامۆژگاریەی بیست، سوپاسی کرد و پێی وت:

"لە سبەینێ زووتر نییە، دەچمەوە سەرکار".

بۆیە دەستی کردە ئالیك خواردن، ئاخوڕەکەشی بە زمان لێستەوە. وا بازرگانە گوێی لەم کەین و بەینەیشە.... خۆی لە هەر دووکیان داگرتووە.

بۆ رۆژی دواتر، لەبەر دەرگای گەورەکەدا بوون کە جووتکەر هات و گایەی هێنایە دەرەوە، گایەکە کە خاوەنەکەی بینی کەوتە کلکی لەقێ و یاری کردن....! بازرگان کە ئەمەی بینی هێندە پێکەنی لێی کەوت.

ژنەکەی لێی پرسی:

"ئەوە بە چی پێدەکەنیت؟"

مێردە بازرگان وتی:

"نهێنی ئەوە بیستم و بینیم. ناتوانم پێت بڵێم چونکە پێی دەمرم!"

ژنەی بازرگان تووڕە بوو وتی:

"دەبێ پێم بڵێی ئەگەر پێشی بمریت!"

بازرگانە وتی:

"ژنەکە نابێت ئەم پەنهانە بخەمە روو، ئاخر دەمرم!!"

ژنە وتی:

"کەوابوو، بە من پێکەنیویت!!"

ئیدی ئەمەندەی وت و وتەوە، تا کۆڵی بە مێردەکەی دا، چاری نەماو ناردیە شوێن قازی و شایەت، بۆ ئەوەی وەسیەت بکات. ئەمجا نهێنییەکە ئامادە بکات، لەبەر ئەوەی کچە مامی خۆی بوو زۆری خۆش دەویست. ناردییە شوێن کەس و کاری ژنە و دەرودراوسێ. چونکە هەر بە باس کردنی نهێنییەکە و پێکەنینەکەی دەم و دەست دەمرد!!.

بە هەموو ئەوانەی بانگ کرابوون. لە ژنە پاڕانەوە :

"کە بۆ خاتری خوا، واز بێنە لەم پیاوە خۆ.... ئەو باوکی منالەکانتە".

ژنە پێی وتن:

"پەشیمان نابمەوە، دەبێت، هەر پێم بڵێت. لێی گەڕێن، با بمرێت...!"

ئیدی بازرگان لە نێو خەڵکەکە هاتە دەر و روو کردە "دارالدواب"، گەڕایەوە، گێڕایەوە.... مرد.

ئەم پیاوە کەڵەشێرێکی هەبوو کە ٥٠ مریشکی لە ژێر دەستا بوو سەگێکیشی هەبوو، سەگەکە ئاگای لە کارەساتەکە بوو. بۆیە کەوتە جنێودان بە کەڵەشێر و شیراندی بە سەری دا:

"ئەوە دڵت بە چی خۆشە! خۆ... وا خاوەنەکەمان دەمرێت!!"

کەڵەشێرەکە وتی:

"چۆن....چۆن؟"

ئیدی.... سەگەکە چی روویدابوو، بۆ کەڵەشێری گێڕایەوە. کەڵەشێر وتی: بەو خوایە.... خاوەنەکەمان.... گێلە، ئاخر من ٥٠ ژنم هەیە! ئەمیان رازی دەکەم و ئەویان ئاشت دەکەمەوە کەچی، خاوەنەکەمان تەنیا یەك ژنی هەیە، ناتوانێ رازی بکات!! ئەوە بۆ تووڵە توویەکی تەڕی لێ هەڵناگرێ و نایباتە ناو گەنجینەکە و دارکاری بکات! تا نیوە مردوو دەبێت و تۆبە و ئەستغفار دەکات وای لێ بدات. هەرگیز پرسیار نەکات. "بازرگانەش گوێی لە کەڵەشێر بوو کە بۆ سەگە دەدوا... لێرەدا وەزیرەکە بە شەهرەزادی کچی وت:

"بازرگانەکە چی بە ژنەکەی کرد وات لێ دەکەم!!"

کچەکەی پرسی:

"بازرگانە چی لە ژنەکەی کرد؟"

وەزیرەکە وتی:

"دوای ئەوە لقێکی توو تەڕەکەی کرد بە گەنجینەکەدا و شاردیەوە هاتەوە لای ژنەکەی و وتی:

"وەرە، با بچینە گەنجینەکەوە لەوێ نهێنیەکەت پێ دەڵێم.... تو خوا با.... هەر لەوێ بمرم و کەس نەمبینێ!"

کە چوونە ناو گەنجینەکەوە دەرگاکەی لە ناوەوە کلۆم دا... بە شووڵە تەرەکە کەوتە لێدانی ژنە...تا ژنە لە هۆش خۆی چوو.... کە بە ئاگا هاتەوە... دەست و قاچی بازرگانەی ماچ کرد... وتی:

"تۆبە!"

ئیدی هەر دووکیان بە پێکەنینەوە، لە گەنجینەکە هاتنە دەرەوە.

خەڵکەکە کە ئەمەیان بینی. خۆشحال بوون. کچە وەزیر کە ئەم وتارەی باوکی بیست وتی:

"دەبێ هەر وابێت".

وەزیرەکە کچەکەی رازاندەوە و بەرەو کۆشکی شا شەهریار بوونەوە. شەهرەزاد خوشکە بچووکەکەی ئامۆژگاری کردبوو. کە دەنێرێتە شوێنی... شەو پێکەوە دەبن لەگەڵ شادا. داوای لێ بکات. کە شتێك بگێڕێتەوە بۆیان تاکو.... شەوی پێ بەسەربەرن.

ئەمجا وتبووی:

"خوا یار بێت قسە و باسێکتان بۆ دەگێڕمەوە. رزگاربوونی بە دوادا بێت!"

ئەمجا وەزیر کچەکەی خۆی برد و رۆیشت. شا شەهریار رووی لە وەزیر کرد و پرسی:

"کارەکەت بۆ جێبەجێ کردم؟"

وەزیر وتی:

"فەرموو. ئامادەیە. مارەی بکە".

شا شەهریار زۆر خۆشحاڵ بوو کە سەرنجی شەهرەزادی دا، دەگری... لێی پرسی:

"چیتە؟"

شەهرەزاد وتی:

"ئەی پاشا.. بیری خوشکە بچووکەکەم دەکەم... خواحافیزیم لێ نەکردووە!".

شا دواتر.... ناردی بە شوێنیدا.. ئێوارە لە سەر جێگە دانیشت بوون. کە خوشکە بچووکەکەی گەیشت باوەشیان بەیەکدا کرد، ئەمجا لە سەر زەوی لە ژوورەکەیاندا دانیشتن. دوای کەمێك خوشکە بچووکە، رووی لە خوشکی گەورەی نا.. وتی:

"توخوا... خوشکە گیان... ئەگەر چیرۆکێکمان بۆ نەگێڕیتەوە....! با ئەمشەوی پێ بەسەر بەرین."

شەهرەزاد لە وەڵامدا وتی:

"گەر شا رێم پێ بدات... بەسەر چاوان"شا شەهریار، کە ئەمەی بیست خۆشحاڵ بوو رێی پێدا.

## شەوی ١

# چیرۆکی بازرگان و جنۆکە

شەهرەزاد وتی:

بۆیان گێڕاومەتەوە. ئەی پاشای دانا.... بە ژیان زانا. کە شا شەهریار ئەم قسە جوانانەی بیست. خۆشی لە خەم و دڵەڕاوکەدا بوو. زۆر خۆشحاڵ بوو. ڕێگەی پێدا شەهرەزاد وتی:

کە فەلەك دەگا بە ئێمە دەستی    دەبێتە بەشمان پەژارە و پەستی

دەگێڕنەوە لە نێو بازرگاناندا بازرگانێك هەبوو سامانێکی زۆری بوو. مامەڵەی لە وڵاتدا بەرفراوان بوو.... ڕۆژێکیان سواربوو بەرەو هەندێ لەو وڵاتانە. لە ڕێگا گەرما زۆری بۆ هێنا و چووە بن سێبەری درەختێك، دواتر دەستی کرد بە نانە بەرەکەیدا و هەندێ وردە نان و دەنکە خورمای دەرهێنا و خواردنی. کە دەنکە خورماکەی فڕێ دا. کرد دێوێك هەڵچوو، تایڵێی درێژ، شمشێرێکی بە دەستەوە بوو. نوشتایەوە بە سەر بازرگانەدا و وتی:

"هەستە با... چۆن کوڕەکەمت کوشت ئاوا بتکوژمەوە."

بازرگانە وتی:

"کوا من کوڕی تۆم کوشتووە؟"

دێوە وتی:

"کە خورماکەت خوارد ناوکەکەیت فڕێ دا. دای بە سەر سنگی کوڕەکەمدا و کتوپڕ مرد!"

بازرگان وتی:

"ان لله و انا الیه راجعون"ئەگەر وابێت... ئەوا خۆ بە ئارەزووی خۆم نەمکوشتووە! داوای لێبوردن دەکەم!

دێوەکە وتی:

"پێی ناوێت، دەبێت بتکوژم".

رایکێشا و پاڵی خست. شمشێری بڵند کردەوە کە بیکوژێت! بازرگانەکە گریا..... وتی:

"خوایە.... واخۆم دایە دەست تۆ !!"

ئەم شیعرەیشی وت:

زەمانە ترسە و هەم ئاسوودە بوون    ڕۆژانی خۆشە و ترسانی تیا چوون
ئەوانەی شەقی زەمانە دەخۆن    لۆمە ناکرێن چۆنی خول دەخۆن
رەشەبای زۆری کاتی ناوەختە    زیانی زۆری هەر بۆ: درەختە
کە فەلەك دەگا بە ئێمە دەستی    دەبێتە بەشمان پەژارە و پەستی
ئەستێرەی ئاسمان هەزاران جۆرە    "گیران"یش بەس هەر مانگ و خۆرە
خۆ... زەوی: پڕی دەرخت و دارە    هاویشتنی بەرد هەر بۆ بەردارە

که له خوێندنەوەی شیعرەکە بووەوە جنۆکەکە وتی:

"زۆر مەڵێ.... هەر ئەبێ بتکوژم!"

بازرگانەکە وتی:

"له لایەك قەرزارم، سامانێکی زۆریشم هەیە! ژن و منالیشم هەیە... ئەمەنده مۆڵەتم بدە....بگەڕێمەوە ماڵ و ئەرکەکانم بەجێ بگەیەنم. سەری ساڵ دەگەڕێمەوە لاتان. پەیمان بە خوا و تۆ دەدەم. خوا وەکیل دێمەوە لات. چیم لێ دەکەیت بیکە."

جنۆکەیش دوای ئەم پەیمانە، ئازادی کرد. بازرگانەش گەڕایەوە ماڵ و هەموو کارەکانی ڕاپەڕاند. ژن و منالی تێگەیاند و لایان مایەوە، تا ساڵ تەواو بوو. ئیدی دەستنوێژی هەلگرت و کفنەکەی خۆی خستە بندەست و خواحافیزی لە خزم و خوێشان کرد. بە نابەدڵی ڕێگەی گرتەبەر، دەوروبەرەکەی دەستیان کردە ناڵە و گریان و لاوانەوە بۆی. ڕۆیشت. تا گەیشتە باخ و بێستانێك ئەو ڕۆژە سەری ساڵی نوێ بوو. دانیشتبوو بۆ خۆی دەگریا. پیرێك کە ئاسکێکی پەت کردبوو بەرەولای هات و سلاوی لێکرد و پرسی:

"ئەوە بۆ لەم شوێن جنۆکانەدا لێی دانشتووی؟"

بازرگانەکە بە سەرهاتی خۆی و جنۆکەکەی بۆ گێڕایەوە. پیرەی خاوەن ئاسك سەری سوڕما!! وتی:

"بە خوا برا قەرزەکەت گرانە.... بەسەرهاتەکەت سەیرە!! گەر بە خامە و ئاوی چاوان بنوسرێت خەلکی پێ سودمەند دەبن".

ئەمجا لای دانیشت وتی:

"بەو خوایە... لێت نابمەوە تا ... کەین و بەینەکەت لەگەڵ ئەو جنۆکە دەبڕیتەوە!"

ئیتر ئەمیش غەم و پەژارە و بیر کردنەوەی زۆرتر بوو. دواتر پیرێکی دی بەرەولایان هات. دوو تانجی ڕاوی ڕەشی پێ بوو. دوای سلاو کردن پرسی:

"بۆچی لەم شوێنە دانیشتون خۆ... ئێرە شوێنی جنۆکەکانە!؟"

چیرۆکەکەیان بۆ گێڕایەوە ئەویش لایان مایەوە. هێندەی پێ نەچوو، پیری سێیەم پەیدا بوو کە هێسترە زەردێکی پێبوو. سلاوی کرد و پرسی... ئەوانیش لە نووکەوە چیرۆکەکەیان بۆ گێڕایەوە. ئەویش لایان مایەوە. دوای کەمێك گوێیان لە گرمەیەك بوو. تەپ و تۆزێکی زۆری بلاو کردەوە. لەو چۆڵەوانیەدا کە تەپ و تۆز نیشتەوە: جنۆکەیەکیان بینی شمشێرێکی بە دەستەوە بوو. چاوانی گڕی لێ دەبووەوە. بۆیان چوو. بازرگانەکەی لە نێوانیاندا دەرهێنا و وتی:

"هەستە.... با.... هەر وەکو چۆن کوڕەکەمت کوشت.. ئاوا بتکوژمەوە!"

بازرگان دایە پڕمەی گریان هەر سێ پیرەکەش لە ترساندا هەستان و دەستیان کردە گریان یەکەم پیرەی ئاسکەکەی پێ بوو ڕاست بووەوە، دەستی جنۆکەی ماچ کرد و وتی:

"ئەی تاجی سەری جنۆکەکان...ئێستا بە سەرهاتێکی بێوێنەی خۆم لەگەڵ ئەم ئاسکە دەگێڕمەوە.... گەر بەلاتەوە سەیر بوو، ئەوا، لە پاداشتیا سێیەکی خوێنی ئەم بازرگانەم پێ ببەخشە!"

جنۆکە وەڵامی دایەوە:

"بەڵێ.... باشە. گەر بەسەرهاتەکەم پێ سەیر بوو سێ یەکی خوێنی ئەم بازرگانەت حەڵاڵ بێت!".

## چیرۆکی یەکەم پیرەمێردی خاوەن ئاسک

پیرەمێردەکە وتی:

"ئەی دێو... ئاگاداربە... ئەم ئاسکە کچە مامی خۆمە و لە گۆشت و خوێنمە... زۆر منداڵ بوو مارەم کرد. نزیکەی ٣٠ ساڵ ژن و مێرد بووین بەڵام منداڵمان نەدەبوو. بۆیە بێئەوەی ئەو بزانێت کەنیزەکێکم مارە کرد و کوڕێکم لێی بوو. وەك مانگ دەدرەوشایەوە گەشەی کرد. تا تەمەنی بووە ١٥ ساڵ. ژنەکەم کاروانێکی بازرگانی گەورەی بۆ رێکخستم. رووم کردە چەند شارێك. ئەم کچە مامەم... هەر لە منداڵیەوە خۆی فێری سێحر کردبوو. بە سێحر کەنیزەکەی ژنی منی کردبووە مانگا و کوڕەکەیشم بە گوێرەکەکەی. دوا درەنگانێك گەڕامەوە. لە کەنیزەکە و کوڕەکەمم پرسی وتی:

"ژنەکەت مرد.. کوڕەکەیشت سەری خۆی هەڵگرت"

ساڵێك بە خەم و پەژارەیانەوە مامەوە.. کە جەژنی گەورە (قوربان) هات. شوانەکەمم راسپارد مانگایەکی قەڵەوم بۆ بنێرێت. مانگا قەڵەوەکەم پێ گەیشت تومەز کەنیزەکەکەی ژنمە و ئەم کچە ئامۆزایەی ژنم، بە سێحر کردویەتی بە مانگا. چاکم بە لادا کرد و کێردم بە دەستەوە گرت، تا سەری ببڕم. مانگا... دەستی کردە ناڵە و بۆڕە بۆڕ و گریان... منیش سەرم سوڕما و بەزەییم پێداهاتەوە. وتم: کاکی گاوان...ئەم مانگایە ببەوە ناو گاگەلەکە و دانەیەکی ترم بۆ بێنە. کۆنە ژنەکەم... کە ئەم ئاسکەیە: وتی:

"سەری ببڕە لەمە قەڵەوترمان نییە".

دەستم دایە سەری ببڕم گایەکە: دەستی کردە بۆڕە بۆڕ و هاوار. گەڕامە دواوە بە گاوانم وت: ئادەی .... تۆ سەری ببڕە! سەری بڕی و لەوێدا کەوڵی کرد. گۆشت و چەوریەکی ئەوتۆی نەبوو. هەر پێست و ئێسقان بوو. بۆی پەشیمان بووم لە سەر بڕینی و وتم: بڕۆ گوێرەکەی قەڵەو بێنە. تومەز مانگاکە کەنیزەکەکەی ژنم بووە. گوێرەکەکەی کە بۆ هێنام ئەویش کوڕەکەم بووە...! کە منی بینی پەتی ملی پچڕاند و هات و خۆی لێ هەڵسویم.

کەوتە گریان و لاوانەوە. بەزەییم پیاهاتەوە و وتم: مانگایەکی دی بێنە. ژنە کۆنەکەم کە کچە مامەم واتە ئەم ئاسکەی ئێستا پەتم کردووە و پێمە. وتی:

"پیاوەکە سەری ببڕە "

ئەمڕۆ رۆژێکی پیرۆزە و دەبێت، قوربانی جوان و چاکی تێدا بکرێت!"

منیش وتم:

"سەیرکە... بە فەرمانی تۆ مانگاکەمان سەر بڕی، مایە پووچ دەرچووین...سوودمان لێ نەدی. ئەمجارە بە قسەت ناکەم."

ژنەکەم سوێندی لێم خوارد و وتی:

"بە خوای رەحمان و رەحیم... دەبێت هەر ئەم گوێرەکەیە... لەم رۆژە پیرۆزەدا سەر ببڕی. گەر بە قسەم نەکەیت... نە تۆ مێردی منیت و نە منیش ژنی تۆم."

کە ئەمەم لێ بیست... لە مەبەستیشی بێئاگا بووم. بە کێردێکەوە چوومە پێشەوە.

شەهرەزاد زانی شەوگار درەنگ بوو... بێدەنگ بوو

خوشکە بچووکەکەی وتی:

"قسەکانت چەند بەتام و شیرین و خۆشن!"

شەهرەزاد وتی:

"هێشتا لە کوێتانە... بە خوا گەر، تەمەن درێژ دەبێت و پاشا دەم هێڵێتەوە، شەوی داهاتوو، قسەی خۆشتر دەبیستن".

شا شەهریار بە خۆی وت:

"بەو خوایە.... نایکوژم. تاکو هەموو چیرۆکەکەم بۆ دەگێڕێتەوە."

ئەو شەوەیشمان رۆژ کردەوە. بۆ سبەینێ شا چووە شوێنی حوکمڕانی. وەزیریش کە کفنێکی لە بن دەستدا بوو هات. ئەو رۆژە حوکمڕانی خۆی کرد و تا ئێوارە، هیچ فەرمانێکی بۆ وەزیر دەرنەکرد. وەزیر سەری سوڕما! شەو هات و دیوەخانی پاشا کرایەوە.

شا دانیشت و کۆڕ گەرم بوو. ئەمجا دنیازاد بە شەهرەزادی خوشکی وت:

"چیرۆکی "بازرگان و دێوەکەمان"بۆ بگێڕەوە."

شەهرەزاد وتی:

"ئەگەر پاشامان رێم بدات."

کە پاشا رێی دا شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە... ئەی شای دانا بە ژیان زانا.

بازرگانەکە دڵی بە گوێرەکەکە سوتا و بە گاوانی وتی:

"بیکەوە ناو گاگەلەکە"

ئەمە...پیرە هەر چیرۆکەکەی بۆ دێوەکە دەگێڕێتەوە، دێوەش بە عاجبایەتیەوە گوێی لێ گرتووە. خاوەن ئاسکەکە وتی:

"ئەی شای دێوان...ئەمانە بەبەر چاوی کچە مامەوە ، کە ئەم ئاسکەیە بە دەستمەوە ڕوو دەدەن و ئەمیش خێرا خێرا دەیوت:

"ئەم گوێرەکەیە سەر ببڕە، زۆر قەڵەوە."

خۆیشی تێك نەدەدا...! کە پێم وت بیبەرەوە نێو گاگەلەکە، بردی و ڕۆیشت. ڕۆژی دواتر کە لە ماڵەوە دانیشتبووم گاوان ڕووی تێکردم وتی:

"گەورەم. شتێکت بۆ دەگێڕمەوە، دڵت پێی خۆش دەبێت، دەبێت. مژدانەیشم بدەیتێ".

منیش وتم:

"بڵێ".

وتی:

"ئەی بازرگان، ئەوە بزانە کچێکم هەیە هەر لە منالیەوە لای پیرەژنێك کە لە ماڵماندا بوو، سێحر فێربووە. دوێنێ کە گوێرەکەکەم بردەوە. کچەکەم بینی، سەری خۆی داپۆشی و دەستی کردە گریان. دواتر دەستی کردە پێکەنین و وتی:

"ئەمەندە بێ بەختم کە پیاوم بۆ بێنی؟"

منیش پێم وت:

"پیاوی چی؟ باشە ئەوە بۆ گریایت کەچی دواتر پێکەنیت؟"

کچەم وتی:

"ئەم گوێرەکەیە کوڕی گەورەکەمانە و سێحری لێکراوە. باوە ژنەکەیشی ئەو سیحرەی لە خۆی و دایکی کردووە. بۆیە پێکەنینم هات. هۆی گریانەکەشم سەربڕینی دایکی کوڕەکە بوو و لە لایەن باوکیەوە."

منیش ئەو شەوە لە خۆشیدا خەوم لێنەکەوت و خوا... خوای ئەوەم بوو ڕۆژ ببێتەوە. تاکوو بێمە لات و پێت بڵێم. ئەی دێوەکە، منیش کە ئەمەم بیست لە خۆشیدا وەکو سەرخۆشم لێهات بە پەلە لەگەڵ گاوانەدا چوومەوە بۆ ماڵ. کچە گاوان دەستی ماچ کردم و بە خێرهاتنی کردم. چوون گوێرەکەکەیان هێنا و کەوتە خۆ، تێهەڵسوینم. منیش پرسیم:

"ئەرێ بە سەرهاتی ئەم گوێرەکەیم ڕاستە؟"

کچەکە وتی:

"بەڵێ قوربان. ئەم گوێرەکەیە کوڕی خۆتە!"

منیش وتم:

"کەوابوو ئەو گوێرەکەیەم بۆ بکەوە بە مرۆڤ و منیش گاگەلەکەی ژێر دەسی باوکتت پێشکەش دەکەم."

کچەکەش بە پێکەنینەوە وتی:

"هێندەش بۆ سامان نەمردووم. دوو مەرجم هەیە. یەکەم منی لێ مارە بکەیت. دووەم ئەوەی سیحری لەمان کردووە. سیحری لێ بکەمەوە. تا بیبەستڕێتەوە و لە هەڕەشەی بێخەم بم.

منیش وتم لە سەروو ئەوانەیشە چی مەروماڵات و سامانم هەیە بۆ خۆت. لە بارەی ئامۆزاکەیشمەوە. خوێنی لە تۆ حەڵاڵ بێت. ئەمجا کچە گاوان.... قاپێکی هێنا و پڕی لە ئاو کرد و هەندێکی بە سەرا خوێند و دوایی ئاوەکەی پرژاند بە سەر گوێرەکەکەدا. ئەمجا وتی: گەر خوا بە گوێرەکەیی دروستی کردویت، هەر وەك خۆت بمێنەوە! گەر بە سیحر وات لێهاتووە، بە فەرمانی خوا بگەڕێوە دۆخی جارانت. گوێرەکەکە خۆی راوەشاند و بووەوە بە مرۆڤ. منیش خۆم دا بە سەریدا و سوێندم دا. کە بۆم بگێڕێتەوە تا بزانم ئامۆزاکەم چی بەسەر خۆی و دایکی هێناوە؟ ئەویش چییان بە سەر هاتبوو بۆی گێرامەوە. ئەمجا بە کوڕەم وت:

"کوڕەکەم. خوا ئەم کچەی کردە فریشتە و تۆی رزگار کرد."

ئیدی ئەی دێو کچە گاوانم لە کوڕەکەم مارە کرد. دواتر بووکەکەم ئامۆزاکەمی بە سیحر گۆڕی بۆ ئەم ئاسکەی بە دەستمەوەیە و پێی وتم:

"ئەو ژن و کوڕەکەتی کردبوو بە دوو ئاژەڵی بێزراو!! وا من کردوومە بە ئاسکێکی جوان."

بوکەکەم رۆژانێکی زۆری لای ئێمە بە سەر برد، تاکو خوا بردیەوە بۆ خۆی کە بووکە مرد کوڕەکەیشم، رووی لە هندستان کرد. وڵاتی ئەو پیاوەی کە ئەمەی لەگەڵ تۆدا بەسەر هات. ئیدی ئاسکەی ئامۆزام بە دوای خۆمدا بە کێش کرد، ئەم وڵات بۆ ئەو وڵات. بە شوێن کوڕەکەمدا دەگەڕێم. تا قەزا و قەدەر منی هێنایە ئێرە و ئەم بازرگانەم بینی دانیشتووە و بۆ خۆی دەگری. ئەمە بوو بەسەرهاتەکەم".

دێوەکە وتی: "

بەسەرهاتێکی عەجایب بوو. وا سێ یەکی خوێنی ئەم بازرگانەم پێ بەخشیت.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو..... بێدەنگ بوو.

## چیرۆکی پیری دووەم و تانجییەکەی

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە..... ئەی پاشای بەختیار.... زیرەك و هۆشیار. پیرەمێردی دووەم بەخۆی و دوو تانجیەکەیەوە چووە بەردەمی دێوەکە و وتی:

"گەر رازی خۆم و ئەم دوو تانجییەی برام بۆ گێڕایتەوە، سەرت پێی سوڕما. سێ یەکێکی دی خوێنی ئەم بازرگانەم پێ دەبەخشیت؟"

جنۆکەکە وتی:

"گەر وابوو، پێشکەشت بێ!"

پیرەمێردی دووەم وتی:

"ئەی شای جنۆکەیان..... ئەم دوو تانجییە برای منن و منیش برای سێیەمم..... باوکمان مرد و ۳۰۰۰ دیناری بۆ جێهێشتین. هەر یەکەمان دوکانێکی بە بەشەکەی خۆی کردەوە. هێندەی پێ نەچوو برا گەورەکەم کە یەکێکە لەم تانجیانە... دووکانەکەی دایەوە بە ۱۰۰۰ دینار و هەندێ شتی بازرگانی کڕی و سەفەری کرد. ساڵێك ون بوو. ڕۆژێکیان سوالکەرێك هاتە بەر دوکانەکەم منیش پێم وت:

"خوا بت داتێ!".

بە گریانەوە پێی وتم:

"نام ناسیتەوە؟"

کە وردتر سەرنجم دا براکەمە...! لەبەری هەستام و باوەشم پێدا کرد. ئێوارە بردمەوە بۆ ماڵ. کە لێم پرسی وتی:

"مەپرسە.... سامان رووی لێوەرگێڕام. ژیانی تێکدام."

کردم بە گەرماوی ماڵەوەدا. لە جل و بەرگی خۆم پێدا. ئەمجا بردمە ژوور... ئەمجا بە پارەکانم دا چوومەوە... دوکانەکەیشم فرۆشت. کە سەیر دەکەم ۲۰۰۰ دینارم هەیە. ۱۰۰۰ دینارم دا بەم برایەم و پێم وت:

"بگرە. هەر وا بزانە سەفرت نەکردووە!"

کە پارەکەی وەرگرت زۆر دڵی خۆش بوو. دوکانێکی پێ کردەوە، ڕۆژان هات و ڕۆژان رۆیشت. براکەی ترم کە ئەم تانجیەی تریانە. دوکانی فرۆشت و ویستی ئەویش سەفەر بکات. من و براکەم زۆرمان لەگەڵ وت.... بەڵام بێهوودە بوو پارەکانی دایە... کەلوپەلی بازرگانی و لێیدا و رۆیشت. ئەویش، ساڵێکی پێچوو، ئەویش وەکو براکەی ترم... بە هەژاری گەڕایەوە.

منیش پێم وت:

"براکەم...ئەی ... ئامۆژگاریم نەکردی، کە نەرۆی!؟"

بە دەم گریانەوە وتی:

"قەدەری خوا بوو...! ئێستاش پوولێك شك نابەم، رووت و رەجاڵم."

ئەی شای جنۆکان: ئەویشم نارده گەرماو و بە جل و بەرگی خۆم پۆشتەم کردەوە و دوای نان خواردن لەگەڵ خۆم بردم بۆ دوکان.

پێم وت:

"برا گیان من ساڵە و ساڵ حسابی قازانج و سەرمایەی دوکانەکەم دەکەم. لێرە بەدواوە قازانجی ئەم دوکانە بە سەر هەر دوکماندا دابەش دەکەم."

که حسابی دوکانەکەم کرد ٢٠٠٠ دینارە. ١٠٠٠ دینارم دایە. ئەویش دوکانێکی کردەوە و رۆژانێکمان بە سەر برد. دوای ماوەیەك هەموو ساڵێك پێیان دەوتم، لەگەڵمان وەرە، با سەفەری بازرگانی بکەین... منیش هەموو ساڵێك بە گوێم نەدەکردن، ئەموت: ئێوە... چی سودێکتان لە سەفەری خۆتان بینی؟ بەم شێوەیە ٦ ساڵمان بەڕێ کرد! دواتر پێم وتن دە ئێستا با سەفەرەکەمان بکەین! با... بە پارە و پوولەکانماندا بچینەوە بزانین چەندمان هەیە!!؟ کە سەیر دەکەم. سەرمایەیان نییە! ئەم چەند ساڵە کار دەکەن و هەر چیەکیان پەیدا کردووە لە خواردن و خواردنەوە و چێژەکانی ژیانیاندا خەرجیان کردووە. کە ئەمەم بۆ دەرکەوت هیچم نەوت! دەستم کرد بە حسابی دوکان و هەمووم کردنەوە بە پارە سەیر دەکەم ٦ هەزار دینارم سەرمایە هەیە. هاتم نیوەم هەڵگرت ئەمجا دام نیشاندن و پێم وتن: ئەمە ٣٠٠٠ هەزار دینارە کە سەرمایەیە پێمان هەر یەکەمان ١٠٠٠ دینار، ٣ هەزارەکەی ترم... شاردەوە. وتم ئەگەر ئەمجارەش وەکو جارانی براکانم زیانمان کرد با... بێ پارە نەبین و جارێکی دی بەو ٣٠٠٠ شاردراوەیە خۆمانن دروست بکەینەوە.

کاڵای بازرگانیمان کڕی و خۆمان ئامادەی کاروانی کرد. یەك مانگ بەڕێوە بووین، دواتر خۆمان و کاڵامان کردە شارێکدا. کاڵامان فرۆشت و سەیر دەکەین هەر یەك دینار ١٠ دیناری قازانج کردووە. رۆژێکیان لە کەنار دەریا چاوەڕێی سەفەر بووین کە کەنیزەکێکمان بینی جل و بەرگێکی شڕی لەبەردا بوو. دەستەکانی ماچ کردم و وتی:

"ئاخۆ خاوەن چاکە و پاوەتیت!؟ تاکو منیش پاداشت بدەمەوە؟"

منیش وتم:

"بەڵێ ... حەزم لە چاکە و پیاوەتی هەیە.. چاوەڕێی پاداشتیش نیم!!"

وتی:

"گەورەم، مارەم بکە و بم بە بۆ وڵاتی خۆت.... ئەگەر بە قسەم بکەیت... ئەوە چاکەم لەگەڵ دەکەیت!"

بەزەییم پیاهاتەوە و پۆشتەم کردەوە. راخەرم بۆ پەیدا کرد. کەشتی کەوتە رێ سەرنج دەدەم هەر دووکیان ئیرەیی (بەغیلی)م پێ دەبەن. شەیتان چووبووە بن کلێشەیانەوە و بیریان لە کوشتنم دەکردەوە. جارێکیان خۆم و ژنەکەم نووستبووین فڕێیان داینە دەریاوە. ژنەکەم خۆی راوەشاند و: بوو بە دێویك!! منی هەڵگرت و بردمی بۆ دوورگەیەك. کەمێك ون بوو، بەرەبەیان گەڕایەوە. وتی:

"من ئەو کەنیزەکەم. پشت بەخوا لە مردن رزگارم کردیت! من دێوم، هەر یەکەمجار تۆم بینی لەبەر خاتری خوا خۆشم ویستی. منیش بڕوام بە خوا و پێغەمبەر هەیە. بەو شێوەیە هاتمە بەردەمت، کە منت بینی! مارەت کردم، وا منیش لە خنکاندن رزگارم کردی بەڵام زۆر تووڕەم لە دوو براکەت. دەبێت هەر بیانکوژم!"

کە ئەم رووداوەم لێبینی...سەرم سوڕما!! سوپاسم کرد و پێم وت:

"بەڵام بۆ براكانم: "نە...!"

ئيتر چيم لەگەڵ ئەم دوو برايەمدا لە بازرگانيەكەدا بەسەرهاتبوو، بۆم گێڕايەوە!

دێوەكە وتی:

"ئێستا دەڕۆم و پاپۆڕەكەيان هەڵدەگێڕمەوە ! بە هيلاكيان دەبەم !"

منيش پێم وت:

"بۆ خاتری خوا.. وازيان لێ بهێنە! پەندێكی پێشينان هەيە دەڵێت: ئەی چاكەكار بەرامبەر ئەوانەی خراپەكارن.... واز بێنە لە خراپە كردن!"هەر چۆنێك بێت ئەوان برای منن!!"

ديسان وتی:

"بە خوا دەبێت هەر بيانكوژم!!"

زۆری لێ پاڕامەوە دواتر... منی هەڵگرت و فڕی. تا لە سەربانی ماڵی خۆمان نيشتەوە ومنی دانا". ئيدی دەرگام كردەوە و چوومە ژوور. ٢٠٠٠هەزارەكەم دەرهێنا و بۆ بەيانی چوومەوە بازاڕ و سڵاوم لە ناسياوانم كرد، دوكانێكم كڕی و كاڵام بۆ كڕی. كە ئێوارە هات.... گەڕامەوە بۆ ماڵ ... دەڕوانم.... دوو تانجی بەستراونەتەوە.... كە منيان بينی پێمدا هەڵ زنان و دەگريان! كاتێكم زانی: ژنەكەم وتی:

"ئەمانە هەر دوو براكەتن!"

منيش پرسيم:

"ئەی كێ وای بە سەر هێناون؟"

ژنەكەم وتی:

"من!! ناردم بە شوێن خوشكەكەمدا، كە گەيشتە ماڵمان ئەمجا ئەم دوو برايەی بينی، سيحری لێكردن و هەر دووكيانی كردە ئەم دوو تانجييە."

كە ١٠ ساڵەكە تەواو بوو. منيش هەر دوو تانجيەكەم پەت كرد و كەوتمە ڕێ و چووم بۆ لای ژن خوشكەكەم تاكو سيحرەكەی بەتاڵ بكاتەوە و بگەڕێنەوە دۆخی جارانيان. لە ڕێ ئەم بازرگان و پيرەمێردەم بينی. ئەوانيش بە سەرهاتی بازرگان و تۆی دێويان بۆ گێڕامەوە.

منيش وتم:

"تا بەسەرهاتی ئێوە نەبينم.... ناڕۆم. ئەمە بەسەرهاتی من بوو.

دێو وتی:

"ئەمەی تۆيش ڕازێكی سەرسوڕهێنەر بوو. ئەوا، سێ يەكێكی دی خوێنی ئەم بازرگانەم پێ بەخشيت!".

## چیرۆکی پیرەمێردی سێیەم و هێسترەکەی

پیرەمێردی خاوەن هێستر وتی:

"من چیرۆکێکت بۆ دەگێڕمەوە، لە چیرۆکی ئەم دوانە عەجایب تر بێت. دەخوازم تۆیش ئەو خوێنەی ماوەتەوە بە منی ببەخشی!"

دێوەکەش لە وەڵامدا وتی:

"بەڵێ!!"

پیرە وتی:

"ئەی سوڵتان، سەرۆکی دێوان، ئا...ئەم هێسترە ژنەکەمە. سەفەرێکم کرد.... ساڵێکم پێچوو! کە گەڕامەوە دەروانم لەشفرۆشی دەکات. کە منی بینی، بە پەلە گۆزە ئاوێکی هەلگرت و دەستی کرد بە ورتە ورت بە سەریدا و دواتر ئاوەکەی پیادا هەڵپرژاندم. لەگەڵ ئەم کارەیدا وتی:

"لە سەر شێوەی خۆت مەمێنە و ببە... بە سەگ!"

دەم و دەست بوومە سەگ. لە ماڵ دەری کردم. ڕۆیشتم و ڕۆیشتم، تاکو لەبەر دوکانی قەسابێکدا، وەستام.. دەستم کرد بە ئێسقان کڕاندنەوە و خواردن! ئێوارە قەسابەکە منی لەگەڵ خۆیدا بردەوە بۆ ماڵ کاتێ کچەی قەساب منی بینی سەرپۆشەکەی دایەوە بە سەریدا و وتی:

"ئەرێ...ئەوە بۆچی پیاوی نامۆمان بۆ دێنیتە ژوورەوە؟"

باوکی وتی:

"پیاو...!! کوا پیاو!؟"

کچەکە وتی:

"ئەمە مرۆڤە و ژنەکەی سێحری لێ کردووە و کردویەتی بە سەگ!"

باوکی وتی:

"کەوابوو، لەبەر خوا... ئەم سەگە رزگار بکە..!"

کچەکە گۆزەیەك ئاوی هێنا و بڕێکی بە سەردا خوێند.. ئەمجا پرژاندی بە سەرمدا و وتی:

"لەم شێوەیە دەربچۆ و گەڕێوە شێوەی خۆت".

دەم و دەست بوومەوە بە مرۆڤ. ئیدی دەستەکانیم ماچ کرد و لێی پاڕامەوە کە سیحرێك لە ژنەکەم بۆ بکات تاکو... تۆڵەی لێ بکەمەوە. هەندێ لە ئاوەکەی پێدام و وتی:

"دەبڕۆ...کە ژنەکەت نوست: بی پرژێنە بە سەریدا و بڵێ: لەم شێوەیە بگۆڕێ بۆ شێوەیەك کە خۆت دەتەوێت".

گۆزە ئاوم هەڵگرت و گەڕامەوە بۆ ماڵ. کە شەو هات و نووست. پێم دا پرژاند و وتم:

"له ئەم... شێوەیەت دەربچۆ. ببە بە هێسترا!"

دەم و دەست بوو بە هێستر. ئەمەش هێسترەکەیە. بە چاوی خۆت ببینە! ئەی سوڵتان سەرۆکی جنۆکان! دێوەکە رووی لە هێسترەکە کرد و پرسی:

"راست دەکات"!؟"

هێسترەکە کەوتە سەر لەقاندن هەر وەکو ئەوەی بڵێت: ئەری بە خوا، ئەوەیە بەسەرهاتەکەم!"دێوەکە دایە قاقای پێکەنین... سێ یەکی خوێنی بازرگانەکەی پێ بەخشی.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو دەرنگ بووە........ باوێشکێکی دا و بێدەنگ بوو.

خوشکە بچووکەکەی وتی:

"قسەکانت، چەندە شیرین و خۆشن".

شەهرەزاد وتی:

"ئەمە، هەر هیچ نییە لە چاو... چیرۆکی سبەی شەودا، ئەگەر پاشا نەمکوژێت و نەمرم!"

پاشایش بە خۆی وت:

"نایکوژم، تاکو هەموو قسەکانی دەبیستم.... بە راستی قسەکانی سەرسوڕهێنەرە!"

ئیدی ئەو شەوە نووستن. بەیانی پاشا چووە دیوانی حوکمرانی. وەزیران و ئەفسەران هاتن و چوون! پاشا، تاکو ئێوارە فەرمانی دەرکرد و خەڵکی دادەنا و خەڵکی لا دەبرد. کە ئێوارە سەرای حوکمران چۆڵ بوو. پاشایش گەڕایەوە کۆشکی خۆی. کە شەو هات دیسان پێکەوە دانیشتن. دنیازاد رووی لە شەهرەزادی خوشکی نا... وتی:

"دەی.... قسەمان بۆ بکە..! "

خوشکە گەورە وتی:

"بەسەرچاوان".

## شەوی٢

## چیرۆکی راوچی و دێوەکە

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە: ئەی پاشای بە توانا... بە هەموو شتێك زانا:

پیرەمێردی سێیەم کە چیرۆکەکەی.. لە دوو چیرۆکی دوو پیرەمێردەکەی پێشوو سەرسوڕهێنەرتر بوو... دێوە هێندە سەری سوڕما لە پێکەنیندا بە پشتا ڕما. ئەمجا وتی:

"ئەوە دوا بەشی خوێنی ئەم بازرگانەم پێ بەخشیت و ئێستا ئازادە و لەگەڵ خۆتان ببەن!"

بازرگانەکە سوپاسی سێ پیرەمێردەکەی کرد. ئیدی هەر یەکە گەڕایەوە بۆ شوێن و جێی خۆی! ئەمجا شەهرەزاد وتی:

"جا ئەمە چییە؟ لە چاو چیرۆکی راوچییەکەدا؟"

پاشا پرسی:

"ئەو چۆن بووە؟"

شەهرەزاد وتی:"ئەی پاشای بەختیار... خاوەنی بڕیار دەگێڕنەوە:

پیرێکی ماسیگر ٣ منالّی هەبوو، بەلاّم هەژار بوو. رۆژی چوار جار تۆڕی فڕێ دەدایە دەریا. ماسی زۆر کەم بۆ دەگیرا... رۆژێکیان نیوەڕۆ سەر دەریا و...تۆڕ و پێداویستیەکانی لە کەنار دەریا دانا و کراسی لەبەرخۆ داکەند. تۆڕەی بردە نێو دەریا و نایەوە...! کە جێی خۆی گرتە... ئەمجا تۆڕەی تا بیپێچێتەوە و ماسییەکان بگرێت کە تێیدایە.... بەلاّم سەرنجی دا، تۆڕەکەی زۆر قورسە! بۆیە سوچێکی تۆڕەی راکێشایە قەراغ ئاو و سنگێکی درێژی داکوتا و تۆڕەی پێوە بەست! ئەمجا زیاتر خۆی رووت کردەوە و خۆی نقومی ئاوە کرد. بە دڵێکی خۆش هاتە دەرەوە. چونکە وای زانی هەمووی ماسییە! دوای راکێشان، تۆڕە دڕاو، کەلاکی کەرێکی تۆپیو کەوتوەتە بنی ئاوەکە. پیرەمێرد خەمێکی زۆری خوارد.... دواتر وتی:

"لا حول و لاقوه الا بالله العلی العظیم!"ئەمە رۆژێکی سەرسووڕهێنەر!!"

ئەم هونراوەیەی بە گۆرانیەوە وتی:

| | |
|---|---|
| ئەی بە هەڵپەکەی بۆ رۆژی ماندوو | کوا رۆژی خوا: بە تەقەلا بوو |
| ماسیگر هەیە: دەیگرێ و دەیخوا | هەیشە بۆ نەهەنگ دەبێتە پاروو |
| هەندێك تێر دەکا و کەچی هەندێکیش | بە سکێ تێرە و بە سەدیش مردوو |

ئەمجا تۆڕەی کۆ کردەوە و بردیە قەراغ ئاو و وشی و هەڵی خست! دیسان تۆڕەی بردەوە ناو ئاوەکە و بلاّوی کردەوە و ئارامی گرت..... تاکو تۆڕە جێی خۆی گرت! ئەمجا رایکێشا تاکو کۆی بکاتەوە سەرنجی دا... لە جاری پێشوو قورس تر بووە، بۆیە بە هەمان شێوەی پێشووی کرد... بینی ئەمجارە گۆزەیەکی گەورەی تێدایە. پیرەی بەساڵاچوو... بە نقەنق هەڵیگرت. لە خۆشیاندا جێی بە خۆی نەدەگرت. چونکە پێی وابوو پڕە لە زێڕ و زیو بەلاّم کە سەری هەڵپچڕی پڕ بوو لە قوڕ و لم. کە ئەمەی بینی: زۆر بۆ خۆی گریا.. ئەمەی وت:

| | |
|---|---|
| فەلەك: بەسە... بەس تۆ مەمسووتێنە | کۆڵم لێ بدە و وازم لێ بێنە |
| بۆ (رۆژی) تۆڕم لە ئاوە... کەچی... | یا....لاکی کەرە... یا خود (مەسینە)!! |
| گێل و کاڵفامان: نوقمی سامانن!! | زانایش ژیانی: ژانە و غەمگینە! |

گۆزەی فڕێ دا و تۆڕەکەی هەڵخست... بۆ وشك بوونەوە. لەبەرخۆیەوە دەیوت: (استخفرالله). دواتر بۆ جاری سێیەم: تۆڕەکەی خستەوە نێو ئاوەکەی و بلاّوی کردەوە.

ئارامی گرت! تاکو تۆڕەکە جێی خۆی گـرت. رایکشـایەوە و شـتەکانی نـاوی دەرهێنـا.... کـە سەرنجی دا: هەندێ سواڵەتە و پوولەك و ئێسکە! زۆر تووڕە بوو. دەستی کردە گریـان و خـۆ لاواننەوە بەم شێوەیە:

| | |
|---|---|
| (رۆزی) پەیوەندی بە تۆوە نییە | بە رەوتی راستی و درۆوە نییە |
| شەقی زەمانە پیاوچاکیش دەی خوا | نان پێشەنگە.... گەورە و پێشەوا |
| (رۆزیت) دابینە هەتاکو دەمری | چۆن بوو رازی بە... نەکو بۆی بگری |
| (باز) لە نیشێوە و بەرزە (مراوی) | ها گیانم ئەی بەرگ: تۆ وەرە راوی |

ئەمجا رووی کردە ئاسمان و وتی:

"خوایە.... بۆ خۆت دەزانی کە من رۆژی ٤ جاران تۆڕ فڕێ دەدەمـە دەریـاوە... ٣ جـاران تۆڕم فڕێدا. رۆزی منی تێدا نەبوو! خوایە...ئەوە چوارەم جار تۆڕ فڕێ دەدەم رۆزیم بدە!"

ئەمجا وتی "بسم الله الرحمن الرحیم" و تۆڕەی فڕێدایە نێو دەریا! ئارامی گرت، تا تۆڕە جێی خۆی گرت... ئەمجا رایکێشایەوە: هەر چەندی کرد لـە زەوی نـەبووەوە! بۆیـە لـە بـەر خۆیەوە وتی: "لاحول و لاقوە الا بالله" ئەمجا ئەوەی وت:

| | |
|---|---|
| ئاخ لەو دنیایەی بێزارم دەکا | تووشی پەژارە و ئازارم دەکا |
| بەیانی مەیی شادیم: دەداتێ | دواتر لە گۆڕی شێدارم دەکا |

ئەمجا... دیسان خۆی رووت کـردەوە و کەوتـە راکێشـانی تـا هێنایـە کـەناری ئـاو، تـۆڕەی کـردەوە، گۆزەیـەکی بچـووکی بینـی کـە سـەری بـە قورقوشـم نرابـووە و مـۆری حـەزرەتی سولەیمانی پێوە بوو! کە پیرەمێردی راوچی ئەوەی بینی دڵی زۆر پێ خۆش بو وتی:

"لە گوزەری مسگەرەکان، ئەم گۆزە مسینە، دەفرۆشم ١٠ دینار دەکات!"

ئەمجا گۆزەکەی جوڵاند، هەستی کرد زۆر قورسـە، سەریشـی نراوەتـەوە! لـە دڵـی خۆیـدا وتی:

"ئاخۆ..ئەم گۆزە مسینە... چی تێدایـە؟ دەیکەمـەوە سـەیری ناوەکـەی دەکـەم... دواتـر دەیفرۆشم!"

ئەمجا بە چەقۆکەی سـەری گـۆزەی هەڵپچـڕێ. سـەرەو خـواری کـردەوە و رای وەشـاند تاکو هەرچیەکی تیایە دابکەوێت. کەچی: هیچی تیا نەبوو. هـەر زۆر سـەری سـوڕما! ئـەمجا لە بەردەمی خۆیدا داینا سەیری کرد: دوکەڵێکی لێ بەرز بووەوە!! درێژ بووەوە تاکو: خـۆی لە هەور توند کرد. کە دوکەڵ کۆتایی هات. ناڵەی کرد و بوو بە دێوێکی هێندە درێژ سەری لە ئاسمان توند کردبوو پێیەکانیشی لـە زەویـدا بـوون. سـەری وەکو گومـەز بـوو، لاقـەکانی وەکو کۆڵەکەی پـاپۆڕ بـوو. دەمیشـی وەکو مەسـینە! چاوانی وێنـەی چـرا بـوون. رووتـاڵ و نەگبەت!"

کە پیرەمێردی ماسیگر ئەمەی بینی، کەوتە لەرزین، چۆقەی دانی دەهات بەر پێی خۆی نەدەبینی! تفی قورگە وشك بووەکەی خۆی قوت دایەوە و دێوەکە هاواری کرد:

"لااله الا الله، سليمان نبی الله"

ئەمجا دێوە وتی:

"ئەی پێغەمبەری خوا مەمکوژە، گوێڕایەڵت دەبم... لێت هەڵناگەڕێمەوە!"

پیرەمێردی ماسیگر وتی:

"ئەی دێو... تۆ دەڵێیت سولەیمان!... ئاخر سولەیمان ١٨٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا مردووە! ئێستا ئێمە لە کۆتایی دنیاوە نزیك بوینەتەوە! چیرۆکی تۆ چییە؟ چۆن چۆیتە ناو ئەم گۆزە مسینەوە!؟".

کە دێوەکە قسەکانی راوچی بیست وتی:

"لا اله الا الله. مژدە بێت ئەی راوچی!!"

راوچی وتی:

"مژدەی چیم دەدەیتێ!".

دێوەکە وتی:

"بە کوشتنت!!".

راوچی وتی:

"خوا لە ناوت بەرێ.. بۆ ئەم مژدەیە! بۆچی دەمکوژی!؟ ئاخر ....لەبەرچی!؟ خۆ.... من لەو گۆزەیە رزگارم کردیت و لە بنی دەریا تۆم هێنایە دەرەوە!".

دێوەکە وتی:"بۆت هەیە. شێوەی کوشتنەکەت هەڵبـژێریت!". راوچی وتی:"گوناهم چییە ئاوا ... سزام دەدەیت؟"دێوەکە وتی:"راوچی گوێ بگرە. لە بەسەرهاتەکەم!"

راوچی وتی:

"فەرموو... بەلاّم بە کورتی! چونکە رۆحم لە سەر کونە لوتمە!"

وتی:

"ئەی ماسیگر بزانە کە من یەکێکم لە دێوە هەڵاتووەکان لەحەزرەتی سولەیمان- سڵاوی خوای لێ بێت- بۆیە، حەزرەتی سلێمان (ئاسەف کوڕی بەرخیا)ی وەزیری بۆ ناردم و بە بەندکراوی منیان هێنایە بەردەست حەزرەتی سلێمان کە منی بینی داوای لێکردم کە موسڵمان ببم... من پەسەندم نەکرد! بۆیە خستمیە ئەو گۆزەیەوە و بە قورقوشم سەری نامەوە و مۆری خۆی لێدا.... ئەمجا فەرمانی بە جنۆکەکان دا منیان هێنایە ئێرە و فڕێیان دامە دەریاوە! منیش لە دڵی خۆمدا بڕیارم دابوو لە ١٠٠ ساڵی یەکەمدا هەر کەسێ دەرم بێنێ و رزگارم بکات: هێندەی دەوڵەمەند بکەم. کە هەرگیز هەژار نەبێت! کەس رزگاری نەکردم. بۆ ١٠٠ ساڵ دووهەم بڕیارم دا هەر کەسێ رزگارم بکات هەرچی: گەنجینەکانی ژێر زەوی هەیە دەیخەمە بەردەستی ...! کەس رزگاری نەکردم. ١٠٠ ساڵی دواتر... بڕیارم دا هەر کەسێك رزگارم بکات سێ داخوازی بۆ جێبەجێ دەکەم. هەر کەس نەبوو. ئیدی تووڕە بووم

و بڕیارم دا هەر ئێستا تۆ هاتیت و رزگارت کردم. منیش لەسەر پەیمانەکەی خۆمم....چۆن پێت خۆشە بەو شێوەیە دەتکوژم!.

کە ماسیگر گوێی لە دێوەکە بوو وتی:

"چەند سەیرە، کات نەمابوو، منیش بێم بۆ ئێرە، ئەمرۆ نەبێت!!؟"

ماسیگرە پیرەکە بە دێوەی وت:

"مەمکوژە با... خوا نەت کوژێتەوە! ماندووم مەکە.... با خوا ماندووت نەکات!".

دێوەکە وتی:

"پێویستە بتکوژم... جا... چۆنت پێ باشە، با بەو شێوەیە بتکوژم!"

ماسیگر راما.... ئەمجا وتی:

"بۆ خاتری ئەوەی ئازادم کردیت... مەمکوژە!!"

دێوەکە وتی:

"ئەگەر رزگارت نەکردمایە... نەمدەکوشتیت!"

ماسیگر پرسی:

"پیرەدێو.... من چاکەم لەگەڵ کردی... کەچی بە خراپ پاداشتم دەدەیتەوە!؟"

پێشینان درۆیان نەکردووە وتویانە:

چاکەمان کرد و خراپ شکاوە — کە ئەمە کاری پیاوی بەدناوە

چاکەت بۆ کەسێ: کە پێ بزانێ — نەك بۆ سپڵەیەك خوێڕی و نەزانێ

کە دێوە ئەمەی بیست وتی:

"درێژەی مەدەرێ..... دەبێت هەر بتکوژم!"

ماسیگرە بەخۆی وت:

"ئەمە لە جنۆکەکانە.... منیش مرۆڤم! خوا ژیری بە من داوە! ئێستا پیلانێك دادەنێم، کە بە فێڵێك لە ناوی بەرم! ئەویش بە پیسی خۆی دەگات". ئەمجا بە دێوەی وت:"هەر سووریت لە سەر کوشتنم؟"

دێوە وتی:

"بەڵێ!!"ئەمجا وتی:

"بە ناوی اعظم کە لە سەر مۆری حەزرەتی سولەیمان- سڵاوی خوای لێبێت- پرسیارێکت لێدەکەم. بەڵام بە راستی وەڵام بدەرەوە؟"

هەر کە گوێی لە ناوی حەزرەتی سولەیمان بوو لە ترسا گیانی هاتە لەرزین و وتی:

"پرسیار بکە و بە کورتی!"

ماسیگرە پرسی:

"تۆ....لە ئەم گۆزە بچووکەدا بوویت. بەلام ئێستا جێگای دەستێکی تۆی تیا نابێتەوە! باشە چۆن جێگات لەم گۆزەیەدا بووتەوە؟"

دێوە پرسی:

"دەڵێی بڕوا ناکەیت؟"

ماسیگر وتی:

"تاکو لە ناو گۆزەکەدا نەتبینم بڕوا ناکەم!"

ئەمجا دێوەکە خۆی راوەشاند و بوو بە دوکەڵی سپی..! وردە وردە چڕ بووەوە و .... چووەوە ناو کۆزەلەکە دوکەڵەکە تەواو بوو. خێرا ماسیگرە سەرە گۆزە مۆر کراوەکە بە مۆری حەزرەتی سولەیمانی هێنا و سەری نایەوە. ئەمجا رووی کردە گۆزە و وتی:

"ئێستا تۆ. خۆزگەی جۆری مردنت بخوازە".

فرێت بدەمەوە بنی دەریا و ژوورێك لێرە دروست بکەم بۆ خۆم و لێرە بم. تاکو هەر ماسیگرێك بۆ راو هاتە ئێرە، دووری بخەمەوە و بڵێم ئێرە دێوی لێیە!؟ گەر رزگاریشی بکەیت: لێت دەپرسێت.... چۆن بتکوژم؟"

کە دێوەکە خۆی لە گۆزەکەدا بینیەوە، ویستی بێتە دەرەوە و مۆری حەزرەتی سولەیمان نەیهێشت! بۆی دەرکەوت ماسیگر فێڵی لێکردووە وتی:

"سوعبەتم لەگەڵ کردیت!"

ماسیگر وتی:

"درۆم لەگەڵ دەکەیت ئەی فێزەونترین دێو! بۆگەن!؟"

ماسیگر گۆزەی هێنایە کەناری دەریاکە دێوەکە وتی:

"نا، نا... نەکەیت!"

ماسیگر وتی:

"با... با"

دێوەکە کەوتە پاڕانەوە! وتی:

"راوچی... ئەوە چیم لێ دەکەیت؟"

ئەویش وتی:"

فرێت دەدەمەوە دەریاکە! ئەگەر جاری پێشوو ١٨٠٠ ساڵ بە بنی دەریادا مایتەوە ئەمجارە.... تاکو "رۆژی دوایی"هەر دەمێنێتەوە! ئەی هاوارم نەکردیت. بمهێڵەوە ... خوا دەتهێڵێتەوە! مەمکوژە. با خوا نەتکوژێت!؟ بە قسەت نەکردم و ویستت لەناوم بەریت! ئەمجا خوا تۆی خستە بەردەستی من و منیش غەدرت لێ دەکەم!"

دێوەکە وتی:

"دەرم بهێنەوە: با پاداشتت بدەمەوە".

ماسیگر وتی:

"درۆ دەکەیت. مەلعون. ئەم بەسەرهاتەی من و تۆ: هەر وەکو بەسەرهاتەکەی وەزیری شای یۆنان و حەکیم دووپاتە".

دێوە پرسی:

"بەسەرهاتی ئەوان چۆن بووە؟"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.... بێدەنگ بوو.

## شەوی ۳

## چیرۆکی وەزیرەکەی پاشای یۆنان

شەهرەزاد وتی: ئەی پاشا دانا... زیرەك و زانا: هەبوو... نەبوو: کەس لە خوا گەورەتر نەبوو...! کەسیش لە بەندە: درۆزن تر نەبوو...!! لە وڵاتی فارسان.... زەوی رۆمان. پاشایەك بوو، پێیان دەوت: (یۆنان) دەوڵەمەند و خاوەن سامان. برینێك کە بە پێستییەوە بوو. بە پزیشك و مەرهەم و دەرمان چاك نەدەبووەوە! لە نێو شاردا پزیشکێکی پیری لێزان... ناوبانگی دەرکرد. ناوی "دوبان"بوو. ئەم پیرە کتێبێکی زۆری (یونان) و (فارسی) و (رۆمان) و (عەرەب) و (سریان)ی خوێندبووەوە. لە زانستی (پزیشك و ئەستێرەناسی و گەردون.) هەروەها زانستی گژ و گیا و دروست کردنی دەرمان. ئیدی شارەزای هەموو بۆارەکانی سوود و زیانەکانی گژ و گیا بوو. لە هەموو زانستەکاندا زانیاری هەبوو. دواتر بیستی: کە شا یونان تووشی برینێکی پێست بووە. پزیشکان دەستەوسانن لە چارەسەریدا.... ئیدی ئەو برینە بووە: خولیای "دوبان". شەوێکیان دوای بیر کردنەوەیەکی زۆر بڕیاری دا رۆژ بووەوە تەقەلا بدات بیبینێت و چاکی بکاتەوە...! بۆ بەیانی، جل و بەرگی جوانی پۆشی... چووە بەردەم پاشای یۆنان و کڕنووشی بۆ برد. نزای سەروەر بوونی بۆ خواست و لە یەزدان پاڕایەوە تەندورست بێت! ئەمجا خۆی پێ ناسان و وتی:

"قوربان، بیستوومە، کە تووشی نەخۆشیەك بوویت. کەس پەی بە چاککردنەوەی نەبردووە! ئەوە من هاتوومەتە پەزێراییت و نە... بە مەرهەم دەی هەنووم... نە دەرمانێکیشت دەدەمێ تا بیخۆیت!"

کە شا یۆنان ئەمەی بیست سەری سوڕما و وتی:

"ئەی چۆن؟ بەو خوایە... چاکم بکەیتەوە... بە شێوەیەك دەوڵەمەندت دەکەم لە کوڕا و کوڕیشت زیاد بێت! داخوازی چی بکەیت بۆت جێبەجێ دەکەم! دەتکەمە هاوڕێ و هاونشینی خۆم!"

ئەمجا هەستا و خۆی بۆ رووت کردەوە و برینەکەی نیشان دا و وتی:

"ئا... لەم برینە رزگارم دەکەیت. بێ مەرهەم و بێ دەرمان!؟"

ئەمیش وتی:

"بەڵێ ... قوربان".

شا یۆنان دیسان سەری سوڕما و وتی:

"ئەمەی بە منت وت: کەی و چ کاتێك دەست پێ دەکەیت؟ کوڕم... کەمێ پەلەی لێ بکە؟"

دۆبانی پزیشکیش وتی:

"بە سەر چاوان... سبەینێ دەست پێ دەکەم!".

کە گەڕایەوە..... خانوویەکی گرت و هەموو کتێب و تاقیگەکەی گواستەوە ئەوێ! دەستی کرد بە هەڵدانەوەی سەرچاوەکانی دروست کردنی دەرمان. دواتر دەرمانی دروست کرد. ئەمجا داردەستێکی (سەوڵەجان) و تۆپێکی بۆ دروست کرد. ناوی داردەستەکەی کلۆر کرد و دەرمانەکەی تێکرد. کە ئەمانەی ئامادە کرد ڕۆژی دواتر چووە بەردەم شا یۆنان و کڕنووشی بۆ برد و وتی:

"فەرموو سواری یەکێك لەو ئەسپانە ببە. بچۆ بۆ یاریگای گەورە. ئەمەش داری (سەوڵەجان) و تۆپەکەی ... لەوێ یاری پێ بکەن".

پاشا و وەزیر و گزیری ئامادەن. لە یاریگاکە چاوڕێتن.

ئەمجا دۆبانی پزیشك چووە لای و داردەستی سەولەجان و تۆپەکەی دایە دەست و پێی وت:

"فەرموو.... ئەم سەولەجانە مشتووەکەی توند بووشە و بچۆرە مەیدان و لە تۆپەکەی پێ بدە! یاری بکە... تا ناو لەپت ئارەق دەکاتەوە. ئیدی دەرمان لە دەستەوە دەچێتە لەشتەوە و ئەمجا..... بگەڕێوە کۆشك.... خۆت بکە بە گەرماوەکەدا و جوان خۆت بشۆ... دواتر دەبینیت چاك بویتەوە!"

ئەمجا شایۆنان سەولەجانە و تۆپەکەی بردە گۆڕەپان و سواری ئەسپ بوو، کەوتە لێدانی تۆپەکە بە سەولەجانەکە و توند توند دەسکەکەی گوشی. کەوتە غاردان بە دوای تۆپەکەدا. کە دۆبانی پزیشك بۆی دەرکەوت عارەقێکی زۆری کردووەتەوە. پاشای تێگەیاند کە ئیدی بگەڕێتەوە کۆشك. کە گەڕایەوە خزمەتکار دەورەیان دا و ئەویش فەرمانی دا.... گەرماوێکی شاری بۆ ساز دەن و جل و بەرگی بۆ بەرن. جوان خۆی شت و هەر لە گەرماوەکەدا، خۆی پۆشتە کردەوە و سوار بوو بەرەوماڵ و لێی نوست. دۆبانی پزیشکیش بەرەو ماڵی خۆیان بووەوە. ڕۆژی دواتر هەر زوو بەرەو کۆشکی شا بووەوە. کە ڕێگەیان دا، چووە بەردەم شا و کڕنووشی بۆ برد ئەمجا ئەم هۆنراوەیەی وت: سمت الفضائل اذا دعیت لها ابا.

بەو ڕووە خۆش و جوان کراوە — غەمی هەزاران کێشەت لاناوە
هەر کەس ڕووی خۆشی ئێوە دەبینێ — لە دڵدا غەمی هەرگیز نامێنێ
وەکو هەورێك بووی بارانت باران — چاکە و پیاوەتیت بە سەرما ڕژان

که له خوێندنەوەی هۆنراوەکە بووەوە، شا یۆنان باوەشی کرد بە پزیشکەدا و ئەمجا خۆی لووت کردەوە. پێستی وەکو زیوی بێگەردی لێهاتبوو. شا... هەر زۆر دڵشاد بوو. رۆژی دواتر چووەوە سەر تەختی حوکمڕانی خۆی وەزیران بەخێریان هێنا. کە (دوبان)ی پزیشك هات. شا (یۆنان) لەبەری هەستا و لای خۆیەوە داینا. فەرمانیدا سفرەیان بە خۆشترین خواردن رازاندەوە. پێکەوە نانیان خوارد. کە ئێوارە هات شا فەرمانی دا: یەکێك لە ئەسپەکانی خۆیان پێ بەخشی. لەگەڵ ٢٠٠٠ دینار و درەنگانێ هەر یەکە و بەرەو ماڵی خۆی چووەوە. پاشایش بە دەورووبەری دەوت:

"پێم سەیرە! بێ ئەوەی دەرمانێکم بداتێ، چاکی کردمەوە!! مەرج بێت بیکەمە هاونشینی خۆم و دریغی لێنەکەم."

رۆژی دواتر، خۆرهەڵات و دنیا رووناك بووەوە شایۆنان هاتە دەر و چووەوە سەر کورسی حوکم وەزیران و بەڕێوەبەران ئامادە بوون. ئەمجا داوای (دوبان)ی پزیشکی کرد! هاتە ژوورەوە و کڕنوشی بۆ برد. بە هەمان شێوە کە نیوەڕۆ هات ناردی خۆشترین خواردنیان بۆ هێنان. ئەمجا هەندێ دیاری دایە ١٠٠٠ دیناریشی دایە. ئیدی هەر یەکە چووەوە ماڵی خۆی. رۆژی دواتر شا..... چووە سەرا و دیوەخان و لە سەر کورسی خۆی دانیشت وەزیران و پیاوانی دەوڵەت دیسان دەورووبەریان دا. شا وەزیرێکی هەبوو: زۆر حەسوود بوو، چاو لە دووی کەسانی نزیك بە شا بوو! پیاوێکی تا بڵێی ناشیرین و بوغزاوی بوو. کە دەیبینی شا هێندە دیاری دەدات بە (دوبان)ی پزیشك و لە خۆی نزیك دەکاتەوە: پێی ناخۆش بوو..... رقی لێ هەڵگرتبوو.

رۆژێك چووە بەردەم شا و کڕنووشی بۆ برد و پێی وت:

"گەورەم گەر ئەوەی دەیزانم پێت نەڵێم ئەوە خیانەتم لێکردووی؟ گەر بفەرمووی بۆت دەگێڕمەوە."

شا وتی:

"ئا دەی. ئامۆژگاریەکەت بڵێ!".

ئەویش وتی:

"ئەی پاشا..... پێشینان وتوویانە: گەر بیری ئەنجامی کارت نەبوو زەمانە بە هاوکارت نەبوو!. ئەوەتا من دەبینم پاداشت و چاکە لەگەڵ کەسانێك دەکەیت، کە خواخوای لە د ونی تۆن! منیش خەمی تۆمە!".

شا دڵی تەنگ بوو..... زەرد و بێ رەنگ بوو.. وتی:

مەبەستت کێیە؟"

وەزیرەکەش وتی:

"ئەی شا.... گەر نووستوی، بە ئاگا بێرەوە! مەبەستم (دوبان)ی پزیشکە!"

شا وتی:

"موبارەك نەبێت، ئەوە خۆشەویست ترین هاوڕێمە! ئاخر.... ئەو منی نەخۆشی چاك كردەوە بە دارێك كە دەم وشی نەخۆشییەكیش كە بە هیچ پزیشكێك چاك نەدەبووەوە. ئاخر..... پزیشكێكە لە وێنەی نییە! دنیا بگەڕێ زیرەكی وەكو ئەوی تیا نییە....! بەڕاستی نیازمە مووچەیەكی ١٠٠٠ دیناری مانگانەی بۆ ببڕمەوە. گەر نیوەی سامانەكەشم بدەم پێی..... هێشتا كەمە! لەوە دەچێت: تۆیش ئیرەیی پێ ببەیت!"

شەهرەزاد وتی:

"ئەی شەهریار شا.... شای یۆنان بە وەزیرەكەی وت: لە حەسوودیدا، دەتەوێت بیكوژێت! بەڵام كاتێك پەشیمان دەبیتەوە كە پەشیمانی سوودی نامێنێت! تۆیش وەكو سەندوباد، كەهەڵۆكەی خۆی كوشت و لەدوایدا زۆر پەشیمان بووەوە، پەشیمان دەبیتەوە."

## چیرۆكی شا سەندوباد و هەڵۆكەی

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە، ئەی پاشای دانا..... بە هەموو شت زانا..... شایەكی فارس هەبوو، زۆری حەز لە گەشت و گوزار و راو و شكار بوو ئەم شایە هەڵۆیەكی هەبوو، بە بەچكەیی خۆی گەورەی كردبوو.

شەو و رۆژ لای خۆی بوو، لێی دوور نەدەكەوتەوە. هێندەی خۆشی دەویست قاپێكی زێڕینی بۆ دروست كردبوو، ئاوی هەڵۆكەی تێ دەكرا. تا بیخواتەوە كە شا دەچوو گەشت و گوزار، یان راو و شكار لەگەڵ خۆی دەیبرد...! كاتێك شا دانیشتبوو، میری بارخانە، پێی وت:

"ئەی شای سەردار كاتی رۆیشتنە بۆ راو و گەشت و گوزار".

ئیدی بار و بارخانە رێكخرا بۆ گەشت.... چوونە دەشت. پاشا "تەڵە"و "داو"ی "راو"ی راخست. كاتێكیان زانی.... ئاسكێك كەوتە نێوان سوارەكانەوە. شا فەرمانی دا كە دەبێت ئەو ئاسكە بگیرێت و وتی:

"ئەو ئاسكە بە سەر هەر كەسێكدا بازی دا و دەرچوو و نەگیرا... ئەو كەسە دەكوژم!"

كە زۆریان بۆ ئاسكەكە هێنا بەرەو شا بووەوە، لە بەردەمیدا هەر دوو دەستی درێژ كرد و سەری لە زەوی نا! شا خۆی دانەواندەوە بۆ ئاسكەكە، ئاسكیش هەڵی قۆستەوە و خۆی بە سەریدا هەڵدا و بە قەڵەمبازێك، كەمینەكەی شكاندن و بۆی دەرچوو. پاشایش سەری هەڵبڕی و سەیری سەرباز و دەست و پێوەندەكەی خۆی كرد. بینی سەیری یەكتر دەكەن و لچ هەڵدەقورچێنن! ئەمجا رووی كردە وەزیرەكەی و پرسی:

"ئەوە سەربازەكان چی دەڵێن؟"

ئەویش وتی:

"دەڵێن تۆ وتوتە ئاسكەكە بە سەر هەر كەسێكدا بازی دا و نەیگرت دەبێت بكوژرێت!"

پاشا وتی:
"به سەری خۆم... شوێنی دەکەوم تا دەیگرم!".
پاشا شوێنی کەوت. گەیشتنە شاخ ئاسکەکە خۆی کرد بە ئەشکەوتێکدا و پاشا بە دوایدا. ئەمجا پاشا هەڵۆکەی بە دوایدا هەڵدا. هەڵۆیش هێندە چنگ و باڵەکانی کێشا بە دەم و چاوی ئاسکەکەدا کوێری کرد. پاشاش گرتی و سەری بڕی و هەڵیواسی بە قەڵپووزی زینەکەیدا. دنیا گەرم بوو، چۆڵ و هۆڵ و بێ ئاو.... شا چاوی بۆ ئاو دەگێڕا درەختێکی بینی ئاوی لێ دەتکا. خۆیشی دەستکێشی لە دەستا بوو، ئەمجا قاپە زێڕینەکەی لە ملی هەڵۆکە کردەوە و لەو ئاوەی پڕ کرد و لە بەردەم هەڵۆدا داینا، تا لێی بخواتەوە. بەڵام هەڵۆکە دەنوکێکی لێدا و قلێی کردەوە، ئاوەکەی ڕژاند. چونکە دەیزانی هەڵۆکە زۆر تینووە. جارێکی دی قاپە زێڕینەکەی خستەوە بەر دڵۆپە ئاوی درەختەکە، تاکو پڕی کرد و دیسان خستییەوە بەر هەڵۆکە! ئەمجارەیش باڵێکی لێدا و ڕژاندیەوە و نەی خواردەوە.
پاشا تووڕە بوو وتی:
"خوا لە ئاوت بەرێت باڵندە نەگبەتەکە.... کە ئاوا.... خۆت و ، من و ، ئەسپەکەیشت، لەم ئاوە بێبەش کرد".
بە شمشێرەکەی هەر دوو باڵی هەڵۆکەی قرتاند و فڕێی دایە ئەولاوە، ئەمجا.... هەڵۆکە بە سەر، پاشای تێگەیاند کە سەیری سەردارەکە بکات.... پاشا کە سەری بڵند کردەوە مارێکی بینی کە ژەهر دەڕێژێت ئیدی .... لە بڕینی باڵی هەڵۆکەی زۆر پەشیمان بووەوە. سواری ئەسپەکەی بوو. ئاوزەنگی لێدا و بەرەو لای هاوڕێکانی و کە گەیشتە لایان فەرمانی دا... گۆشتی ئاسکەکە ببرژێنن! هەڵۆکەیش کە بە سەر دەستیەوە بوو قیژەیەکی کرد ومردار بووەوە. پاشایش ئاهێکی خەماوی بۆ مردنی هەڵکێشا چونکە لە مردن ڕزگاری کردبوو.
ئەمە بەسەرهاتی سەندوباد بوو کە وەزیر، قسەکانی شایۆنانی بیست پێی وت:
"ئەی پاشای گەورە جا... تۆ زیانی چیت داوە!؟ کە خراپەیشت لێ دیوە! ڕەنگە بەزەییت پێدا هاتبێتەوە! ئەگەرنا بە دەردەکەی ئەو وەزیرەت لێدەهات، کە لەگەڵ:"کوڕە مەلیکێك کردبووی"
شا یۆنان پرسی:
"ئەوە چۆن بووە؟"
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو................ بۆیە بێدەنگ بوو.

# شەوی ٤

## بەسەرهاتی وەزیرە فێڵبازەکە

شەهرەزاد وتی:"پاشای بە توانا.... بەهەموو شت زانا...! دەگێڕنـەوە.... کـوڕە پاشایەك هەبووە زۆر حەز لە ڕاو بووە. لەبەر ئەوە پاشای بـاوکی فـەرمانی بـە وەزیرێکـی دابـوو: کـە هەمیشە لەگەڵی بێت و لە نزیکەوە ئاگای لێبێت. ڕۆژێکیان کە کوڕە شا لـە ڕاو و شـکار بـوو وەکو هەمیشە وەزیرەکەی باوکی لەگەڵدا بوو. چاویان بە دڕندەیەك کەوت، وەزیر بـە کـوڕە شای وت:"

"ئەوە تۆ و ئەوەش دڕندە. دە.. شوێنی بکەوە، ڕاوی بکە..!"

کوڕە شا بە غـار شـوێن دڕندەکـە کـەوت زۆر دوور کەوتنـەوە... دڕندەکـەی لـێ ون بـوو. سەیری چوار لای خۆی کرد کەسی نەبینی و ڕێی هەڵە کرد بوو. کە گەیشتە ئەو سەر ڕێگە کچێکی بینی سەری لە کۆشیدا بوو.... دەگریا. لە وەڵامیدا وتی: من شازادەی هندستانم. کـە هاتمە دەرێ شـار.... بـە سـەر پشـتی ئەسـپەکەمەوە خـەوم لێکـەوتبوو... دواتـر کەوتبوومـە خوارەوە...... ئێستاش ڕێم هەڵە کردووە و نازانم ئێرە کوێیـە و بـەرەوکوێ بـڕۆم....! کـوڕە شا بەزەیی پێدا هاتەوە و خسـتیە پاشـکۆی خـۆی و کەوتنـە ڕێ. کەلاوەیـەکیان بـینی. کچـە شا... وتی:

"ڕێم بدە لەم کەلاوەیەدا دەست بە ئاو بگەیەنم!!"

ئەمجا کیژە وردە وردە چووە ناو کەلاوەکە. کوڕە شا بە دزیەوە شـوێنی کـەوت. سـەیری کرد خۆی کرد بە دێو و بە منداڵەکانی وت:

"جوانکیلەکانم کوڕێکی قەڵەو و خرپنم بۆ هێناون."

منداڵەکانی وتیان:

"کوا... دە ..... بیهێنە!".

کوڕە شا کە ئەمەی بیست: لە دڵی خۆیدا وتی:

"بەخوا ... تیا چووم!"

هەموو گیانی کەوتە لەرزین! بێدەنگ کشایەوە دواوە... کیژە هاتە دەرەوە. کە کوڕە شای بە ترساوی بینی.... لێی پرسی:"چییە هێندە دەترسیت؟"

ئەمیش وتی:

"دوژمندارم و دەترسم".

کیژەکە وتی:

"دەی کەوابوو، پارەیەکی باشم بدەرێ با... ڕزگارت بکەم".

کوڕە شا وتی:

"ئاخر..... بە پارە قایل نابن و گیانی منیان دەوێت! منیش کەسێکی بەستەزمانم!"

کیژەکە وتی:

"هەر وەکو خۆت دەڵێیت: بەستەزمانم پەنا بۆ خوا بەرە. لە خراپەی دەتپارێزێت! ترست دەڕەوێتەوە".

کوڕە شا سەری بڵند کردەوە و ئەم نزایەی کرد:

"ئەی پشت و پەنای ئەوانەی هانات بۆ دێنن لە خراپەیان دەپارێزیت. خوایە..... سەرم بخە بە سەر دوژمنانم دا. دووریان بخەوە لێم! خۆ تۆ.... هەر کاتێك ویستت.. تواناترینی".

کە دێوەکە ئەمەی لە کوڕەکە بیست خێرا دوور کەوتەوە. خێرا دوورکەوتەوە. کە کوڕە پاشا گەڕایەوە کۆشك: ئەو هاندانەی وەزیری بۆ گێڕایەوە. کە بووە هۆی شوێن کەوتنی دڕندەکە. لە جیاتی نەهێڵێت کە تووشی بەڵا ببێت. شا ناردیە شوێن وەزیر و فەرمانیدا: بیکوژن.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو...... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٥

## درێژەی بەسەرهاتی وەزیری شا یۆنان

شەهرەزاد وتی: "دەگێڕنەوە ئەی شای بە توانا بە هەموو شت زانا... وەزیر بە شای یۆنانی وت:

"هەر لێی بێخەم بوویت خراپترین کوشتن.... دەتکوژێت! ئەو پزیشکە. کە زۆر لە خۆتت نزیك کردەوە. دەبێتە مایەی لە ناو چوونت! ئەو بتوانێت بە دەرمانێك چاکت بکاتەوە کە بە دەست بیگریت. دەتوانێت بە دەرمانێك بتکوژێت کە بۆنی بکەیت!!"وەرە پێم بڵێ:"کێ دەڵێت سیخوڕ نییە و ناردوویانە بۆ لە ناو بردنی تۆ؟"شا وتی:"راست دەکەیت ئەی وەزیری ژیر و وریا!".

ئەمجا پرسی:

"تۆ دەڵێی چی لێبکەم."

وەزیر وتی:

"بنێرە بە شوێنیدا هەر دەستگیرت کرد، فەرمان بدە.... بدەن لە ملی!!"

ناردیە شوێنی و پزیشك بە ڕوویەکی خۆشەوە هاتە لای.... نەیزانی چارەی چی لێ نووسراوە.

| | |
|---|---|
| ئەی ترساوەکەی شەقی زەمان | ئارام بە و پەنات بە ئەو یەزدانە |
| ئاسوودەت دەکا.... دڵت بێ گرێ | قەدەری خوایە: چاکی بزانە |

پزیشك كه چووه بەردەم پاشا، كرنووشی بۆ برد و ئەمەی وت:

| | |
|---|---|
| شوكری ڕەوایی ئەتۆم له سەره | ئەگەرنا، بۆچی دەیڵێم ئەم شیعره |
| پێش پرسینەوه.... نیعمەتی داوه | وەره له سایەی ئەوا، خۆت گره |
| بۆ حەقی خۆت بێ و پیاتدا هەڵ نەدەم؟ | چاكه و پیاوتیت، ئاشكرا و سرِه...! |
| باسی كردەوەی چاكت هەر دەكەم | هەر چەند به خەمیش سەری من وره |

پاشا به دوبانی پزیشكی وت:

"ئەزانی بۆچی بانگم كردوویت!؟"

ئەویش له وەڵامیدا وتی:

"له خوا زیاتر.... كەس غەیب زان نییه!!"

پاشا پێی وت:

"بۆ ئەوەم بانگ كردوویت، تا بتكوژم!"

دوبان به سەرسوڕمانەوه پرسی:

"تاوانم چییه!!؟ دەمكوژیت؟"

پاشا پێی وت:

"پێیان وتوم تۆ سیخوڕیت... جا..... پێش ئەوەی تۆ من بكوژیت من تۆ دەكوژم!"

پزیشكەكه وتی:

"بمهێڵه... خوا.... دەت هێڵێت.... مەمكوژه با خوا نەتكوژێت!"

ئەی دێو پزیشكه زۆری لەگەڵ وت بەڵام پاشا نەی دەبیست و دەیوت:

"تا نەتكوژم، ئاسووده نابم! تۆ به شتێك كه به بەری لەپم دەم وشی....... منت لەو برینی پێسته چاك كردەوه.. كێ دەڵێت، به شتێكیش كه بۆنی بكەم.... نامكوژیت!؟"

پزیشكەكه وتی:

"جا.... پاداشتی چاكەی من ئاوا به خراپه دەدەیتەوه!؟"

پاشا وتی:

"نەخێر..... دەبێت مۆڵەتت نەدەم و بتكوژم!".

ئیدی پزیشكه داماوەكه بۆی دەركەوت كه سووره له سەر كوشتنی.... دەستی به گریان كرد.... به داخ بوو بۆ ئەو بۆ ئەو چاكەیەی كه بەرامبەر كەسێكی ناشایسته كردی. لەو بارەیەوه وتراوه:

| | |
|---|---|
| كەسێك له عەقڵ و ژیری بێبەش بێ | دەبێ وەكو من هەر چارەرەش بێ |
| چاكەم بۆ كەسی ناشایسته بوو | ئیدی چاوانم چۆن دەبێ گەش بێ |

ئەمجا.... كوژەری شمشێر به دەست هات.... چاوی بەستەوه.. شمشێری لێ ڕاكێشا... پزیشكەیش دەگری. به پاشای وت:

"بم هێڵه خوات دەتهێڵێت مەمكوژه...... با خوا نەتكوژێتەوه!"

به خۆ لاونەوە ئەمەی وت:

| | |
|---|---|
| ترسا و رزگار بوو لە دەرد و بەلا | منیش چاکەی خۆم لە ملم ئالا |
| مەرجە نەهێڵم چاکەی زۆر بکرێ | بە گشت زوبانێ بیکەم بە هەلا |

ئەمجا پزیشکەکە وتی:

"ئەمە پاداشتەکەم بوو. یان بوو بە پاداشتەکەی تمساح".

پاشا وتی:

"بەسەرهاتی تیمساح چۆن بووە؟"

پزیشکەکە وتی:

"بەم حاڵەوە... ناتوانم بیگێڕمەوە! بم بەخشە. خوایش دەتبەخشێت".

پزیشکەکە بە کوڵ گریا. هەندێ لە پیاوانی دەرباری وتیان:

"خوێنی ئەم پزیشکە ببەخشن بە ئێمە.... خۆ.... خراپەی لەگەڵ نەکردوویت؟ ئێمە ئەوەندەمان کە تۆی لە دومەڵێك رزگار کردووە... کە هەموو پزیشکانی مەملەکەت: لە ئاستی دا دەستەوسان بوون!!"

پاشایش وتی:

"لۆمەتان ناکەم! چونکە نازانن بۆچی دەیکوژم؟ ئەگەر من نەیکوژم: ئەو من دەکوژێت!! ئەم پزیشکە دارێکی پێ گوشیم چاك بوومەوە دوور نییە بە بۆنێکیش بمکوژێت!! دەترسم: بەرتیلی کوشتنی منی لە دوژمنێکم وەرگرتبێت و بمکوژێت! ئەمە سیخوڕە و ناردوویانە من بکوژێت. کەوابوو ..... پێویستە بیکوژم..... تاکو: بێخەم ئاسوودە ببم".

پزیشکەکەیش دیسان وتی:

"بم هێڵە.... خوا دەتهێڵێت. مەمکوژە با خوا نەتکوژێت!".

ئەی دێو... کە بۆی دەرکەوت، هەر دەیکوژێت پێی وت:

"گەر هەر سووری لە سەر کوشتنم.... هێندە مۆڵەتم بدە تا دەچمەوە ماڵ و کاروبارەکانم کۆتا دەکەم و پێیان دەڵێم.... چۆنی بمنێژن و کتێبەکانیشم دەبەخشم. کتێبێکی تایبەتم هەیە ئەوە دەبەخشمە ئێوە، تاکو بیخەنە گەنجینەکەتانەوە".

پاشا وتی:

"ئەو کتێبە لە بارەی چیەوەیە؟"

ئەویش وتی:

"هێندەی تیایە لە ژماردن نایەت..... نهێنییەکی تیایە. کە دوای سەربڕینم.... سەرەکەم دێنی و لە بەرامبەریدا سێ پەڕە هەڵدەدەیتەوە و لای چەپی دەخوێنیتەوە.... کەللە سەرەکە وەڵامی هەموو پرسیارەکانت بەراستی دەداتەوە".

پاشا زۆر سەری سوڕما! بۆیە پرسی:

"ئەی پزیشك دوای سەربڕینت... کەللە سەرەکەت قسە دەکات؟"

ئەویش وتی:
"بەڵێ.... پاشا"
پاشاش وتی:
"ئەمە سەرسوڕ هێنەرە!".
ئیدی پاشا کەسێکی کردە یاوەری..... تا بڕواتەوە بۆ ماڵ! ئەو ڕۆژە پزیشك کارەکانی ماڵی جێبەجێ کرد و ڕۆژی دواتر چووە دیوەخانی پاشا.... هەموو وەزیر و ئەمیر پیاوانی مەملەکەت ئامادە بوون.... ئەمیش چووە بەردەم پاشا و کتێبێکی کۆنی پێ بوو.... دانیشت وتی:
"سینییەکم بۆ بێنن".
کە سینییەکەیان بۆ هێنا هەندێ تۆزی پێدا پژاند ئەمجا وتی:
"فەرمو بیگرە.... کتێبەکە مەکەرەوە.... تاکو سەرم دەبڕیت!. کە سەرەکەمت هێنا بە سەر تۆزی ئەم سینییەدا بیخولێنەوە. تاکو خوێنی دەوەستێت. ئەمجا کتێبەکە بکەرەوە و یەکەم دێر".
ئەمجا شمشێر بە دەست هات. سەری پزیشکی پەڕاند و سەرەی هێنا و خستیە ناو تۆزی سینیەکە کە خوێنی کەللە سەر وەستا "دوبان"ی پزیشك چاوانی کردەوە و وتی:
"ئەی پاشا کتێبەکە بکەرەوە. پاشایش ۳ جار بە زمانی پەنجەی تەڕ کرد و ۳ پەڕەی هەڵدایەوە. چونکە پەڕەکان بە گران هەڵدەدرانەوە پەڕەکانیش هیچیان تیا نەنووسرابوو! بۆیە: لە کەللە سەرەی پرسی:
"بۆچی؟"
دوبان وتی:
"پەڕەی زۆر هەڵبدەرەوە."
۳ پەڕەی تری هەڵدایەوە.... هێندەی پێنەچوو.... ژەهر لە پەنجەیەوە بە ناو لەشیدا بڵاو بووەوە. چونکە کتێبەکە ژەهراوی بوو. بۆیە پاشا هاواری کرد... کە ژەهر خواردوو بووم. ئەمجا "دوبان"ی پزیشك ئەم هۆنراوەیەی وت:

ئەو هەموو ساڵە کە حوکمڕان بوو — سوودی نەبوو بۆی وا بەستەزمان بوو
دادپەروەر نەبوو و ملهوڕی دەکرد — ئێستاش: ئەوەتا.... مەرگی میوان بوو

کە لە خوێندنەوەی هۆنراوەکە بووەوە.... پاشا کەوتە سەر زەوی و مرد. ئەڵبەتە شای یۆنان پزیشکەکەی نەکوشتایە.... خۆیشی نەدەکوژرایەوە.....! گوێی لە کەس نەگرت و کوشتی. تۆیش ئەی دێو: گەر نەمکوژیت: خوا... ناتکوژێتەوە. شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.... بێدەنگ بوو.

# شەوی ٦

## پاشماوەی چیرۆکی ماسیگر و دێوەکە

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە ئەی پاشای دانا، بیر و را جوان و بە ژیان زانا.... ماسیگرەکە بە دێوەکەی وت:

"گەر تۆ منت نەکوشتایە و کۆڵت لێ بدامایە.... ئێستا منیش تۆم وا بەند نەدەکرد لەو گۆزەیەدا. نەم دەخستیتەوە بنی دەریا!"

ئەمجا دێوە هاواری کرد وتی:

"بۆ خاتری خوا.... ماسیگر بمپارێزە و بە هەڵەی خۆمم لەگەڵ مەکە. ئەگەر من خراپ بووم.... تۆ باش ببە. پێشینان وتویانە:

"ئەی پیاو چاکان لەگەڵ کەسانی خراپدا پێیان بڵێن.... خراپە نەکەن. ئەوە مەکەن: کە ئومامە لەگەڵ عاتیکەی کرد!!".

ماسیگرەکە وتی:

"ئومامە چی لەگەڵ عاتیکە کردووە؟"

دێوەکە وتی:

"جا.... ئێستا کە من بەندی ئەم گۆزەیەم کوا جێی قسە کردنە؟ بەرەڵام بکە... با بۆت بگێڕمەوە!"

ماسیگرەکە وتی:

"ئەوە قسە نییە! هەر ئێستا دەتخەمەوە بنی دەریاکە! بڕوا ناکەم جارێکی دی رزگارت ببێت و کەسێك وەکو من بەزەیی پێتدا بێتەوە! دەرت بێنێت و دوایش وەکو من پاداشتی بدەیتەوە! من تۆم رزگار کرد...... کەچی تۆ دەتویست پێمەوە بدەیت و بمکوژیت! کە من خراپەم لەگەڵ نەکردبوویت! ئەوسا... بۆم دەرکەوت. ناکەس بەچەی! با من فڕێت بدەمە بنی دەریا دوای من.... هەر کەسێك رزگاری کردیت.... ئەم بەسەرهاتەی منی بۆ بگێڕەوە! بزانە..... ئەمجارە رزگاربوونت نابێت. تاکو رۆژی دوایی!".

دێوە وتی:

"ئازادم بکە..... کاتی پیاوەتیە! پەیمانت دەدەمێ هەرگیز خراپەت بەرامبەر ناکەم. سوودیشت هەر پێ دەگەیەنم."

ئیدی ماسیگر بەزەیی پێدا هاتەوە و سوێندی دا. پەیمانی لێ وەرگرت. ئەمجا سەری مۆرکراوی گۆزەکەی هەڵ پچڕی...! دوکەڵێك هاتە دەرەوە لەولاوە بووەوە بە دێو. ماسیگریش شەقێکی لە گۆزەکە هەڵدا و خستیەوە ناو دەریا.

# چیرۆکی ماسییە رەنگینەکانی گۆمێك

شەهرەزاد وتی: "دەگێرنەوە ئەی پاشای بەختیار خاوەنی برپار. کە ماسیگرە بینی گۆزەکەی فرێ دایە دەریاوە... لێ روون بووەوە... تووش بووە.... بە خۆی وت:

"ئەو کارەی دێوە...... خێری پێوە نییە! ورەی بە خۆی دا.... بەخۆی وت:

"ئەی دێو خوا فەرموویەتی:

"پەیمان بەجێ بێنن. چونکە لێی بەرپرسن!"

تۆش پەیمانت دا، خراپەم لەگەڵ نەکەیت! تا خوا سزای خراپەت نەداتەوە! منیش هەر ئەوەم پێ وتی:

"کە دوبانی پزیشك بە شا یۆنانی وت! بم هێڵە، با خوا بتهێڵێت!"

دێوەکە پێکەنی و پێشی کەوت و وتی:

"ماسیگر...... شوێنم بکەوە"

ماسیگر شوێنی کەوت. بڕوای بە خۆیشی نەبوو، رزگاری بووە. بە شاخێدا هەڵگەڕان، شۆڕ بوونەوە دەشتایی بوو، تا گەشتنە گۆمێك، چووە ناوەڕاستی گۆمەکە و بە ماسیگرەی وت:

"شوێنم بکەوە."

ئەمجا دێوەکە بە ماسیگری وت:

"تۆڕەکەت بەخەرە ئاوەوە و راو بکە."

ماسیگر کە تۆڕەکەی لە ئاو دەرهێنا سەری سوڕما لەو ماسییە سپی و سووڕ و شین و زەردانە. کە تۆڕەکەی دەرهێنا چوار ماسی پێوە بووبوو. هەر ماسییەك لە رەنگێك. کە ماسیگرە ئەمەی بینی زۆر دڵخۆش بوو. دێوەکە ئامۆژگاری کرد، کە هەر چوار ماسییەکە بباتە خزمەتی شا..... ئەویش پارەیەکی زۆری دەداتێ.

ئەمجا وتی:

"ببوورە من ١٨٠٠ ساڵە لە بنی ئەم ئاوەدام، کەچی رێگا نازانم چونکە دەرەوەم نەبینیوە! ئێستا نەبێت..... ئامۆژگاریت دەکەم رۆژی ١ جار تۆڕ فرێ بدە ئەم گۆماوە!"

ئەمجا خواحافیزی لێکرد. ئەمجا پێیەکی بە زەویدا دا.... زەویش درزی برد و دێوەکە خۆی پێدا کرد.

ماسیگرە ٤ ماسییە رەنگاورەنگەی خستە تەشتێك ئاو و بە زیندوویی گەیاندیە کۆشك و بردیە بەر دەستی پاشا. پاشایش ئەمەی پێ سەیر بوو...!! چونکە لە ژیانیدا ماسی لەو جۆرەی نەبینی بوو! ئەمجا فەرمانی دا بیدەنە ئەو چێشت لێنەرەی کە ٣ رۆژ لەمەوپێش

پاشای رۆم بە دیاری بۆی ناردبوو. هێشتا چێشتی دەستیان نەخواردبوو. وەزیـر فـەرمانی دا کە بیان برژێنێت وتی:

"پاشا دەڵێت، چۆن فرمێسکم بۆ تەنگانە هەڵگرتووە.... ئاواش چێشت لێنەرم بۆ ئەمڕۆ هەڵگرتووە دەست ڕەنگینی خۆی دەر بخات."

چونکە ئەمە دیارییە! کە گەڕایـەوە، پاشـا فـەرمانی دا ٤٠٠ دینـار بـدەن بـە ماسـیگر.... ماسـیگرەش پارەکـەی خسـتە باخـەڵی و بـە پەلـە بـەرەو مـاڵ بـووەوە. لەخۆشـیدا... هـەر دەکەوت و هەڵدەستایەوە. پێی وابوو خەو دەبینێ!

هەرچی پێداوێستی ژن و منداڵەکانی هەبوو، هـەمووی کـڕی و گەڕایـەوە ماڵێ. ماسیگرە بەو بەختیاریەوە جێ دەهێڵێن و دەچینە سەروکاری... کەنیزەکە چێشت لێنەرەکە... ڕۆن و تـاوەی ئامـادە کـرد و دەسـتی کـردە پـاك کردنـی چوار ماسـییەکە... ماسـییەکانی خستە تاوەوە، هەر هێندە هەڵی گێڕانەوە دیوەکـەی تـر... کـاتێکی زانـی دیـواری چێشتخانە درزی برد و یەك کیژۆڵەی جوان و ناسکی لێ هاتە دەر... کڵاو زەرێکی لەسەردا بوو، ڕیشووی بـە سەر ڕوومەتەکانیدا شۆڕ ببووەوە. کڵاو ئاوریشمی سپی و ڕیشوەکان شـین لـە گوێیەکانیـدا گوارە و دوو تاك بـازن لـە مەچەکیدا. لـە پەنجەکانیـدا موسـتیلەی نقێم دار هـەبوو.... دار حەیزەرانێکی بە دەستەوە بوو..... دارەکەی کرد بە تاوەکەدا و وتی:

"ئەی ماسییان.... لە سەر پەیمانەکانتان ماون؟"

کەنیزەکەی چێشت لێنەر لە ترسدا بووراییەوە... کیژۆڵەکەیش پرسـیارەکەی دووبـارە و سێ بارە کردەوە.... ماسییەکان سەریان لە تاوەکەدا بڵند کردەوە و وتیان:

"بەڵێ..... بەڵێ".

ئەم گۆرانییەیان وت:

هاتیت دێین و وەك تۆ بە پیشەین　　　خۆ گەر نەهاتیت... ئەوسا هاوکێشەین

ئەمجا کیژۆڵەکـە تاوەکـەی هەڵگێڕایـەوە..... چووەوە ئـەو درزی دیـوارەی لێـی هـاتبووە دەرەوە... کە کەنیزەکە چێشتلێنەرەکە بە ئاگا هاتەوە سەیری تاوەی سەر ئاگرەکـەی کـرد ٤ ماسییەکە هێندە سووتابوون ببوونە خەڵوزی ڕەش! بەخۆی وت:

"لە یەکەم هەڵمەتیدا، دارەکەی دەستی شکا!!"

جارێکی دی لە ترسانا بوورایەوە. لەم کاتەدا.... وەزیر خۆی کرد بە چێشتخانەکەدا ..... کە ئەوەی بینی زەینی بوو بە زەینی سوڕ سوڕ....! بە قاچی لەشی کەنیزەکەی پاڵ نـا... کە بە ئاگا هاتەوە..... دەسـتی کـردە گریـان و بـە هەنسکە بڕکـێ چـی دیبـوو ..... بـۆ وەزیـری گێڕایەوە... ئەویش سەری سوڕما وتی:

"ئەمە شتێکی عەجایبە!"

بۆیە ناردی بە شوێن ماسیگرەدا فەرمانی دایە:

"٤ ماسی دی، لەو ماسیانەی هێنابووت، بهێنەوە بۆمان!"

ماسیگرە، چووەوە سەر گۆمەکە و تۆڕی تێدا بڵاو کردەوە، ئەمجا ڕای کێشایەوە، بینی ٤ ماسی دی تێدایە.... بە پەلە گەیاندیە وەزیر. وەزیریش بردیەوە چێشتخانە و فەرمانی بە هەمان کەنیزەك دا کە بە هەمان شێوە.... بە بەرچاویەوە سووری بکاتەوە. کەنیزەکە دەستی کرد بە چاك کردنی چوار ماسیەکە و تاوە و ڕۆنی خستە سەر ئاگر و ماسیەکانی لە ڕۆنەکەدا راخست. کاتێکیان زانی دیسان دیواری چێشتخانەکە قڵیشایەوە و کیژۆڵە بە هەمان شێوە و ڕوخساری جاری پێشوو پەیدا بووەوە. دارەکەی دەستی چەقاندەوە بە تاوەکەدا و وتی:

"ئەی ماسی.... ماسی لە سەر پەیمانی کۆن ماویت؟"ماسییەکان سەریان بڵند کردەوە و ئەم شیعرەیان وتەوە:"

هاتیت دێین و وەك تۆ بە پیشەین        خۆ.... گەر نەهاتیت: ئەوسا هاوکێشەین

شەهرەزاد هەستی کرد شەودەرنگ بوو................ بۆیە بێدەنگ بوو.

# شەوی ٧

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە ئەی شای شاد، کە ماسییەکان لە قسە بوونەوە، کیژۆڵە دار بەدەستەکە، بە دارەکەی تاوەکەی قڵپ کردەوە و چووەوە درزی دیواری چێشتخانەکە و درزەکان هاتنەوە یەك!

وەزیر سەری سوڕما و وتی:

"ئەمە عاجبایەتیە و پێویستە پاشامان بیزانێت!"

ئەمجا چووە بەردەم پاشا و چی دیبوو، گێڕایەوە. پاشایش وتی:

"دەبێت منیش بە چاوی خۆم بیبینم!".

ئەمجا ناردیە دووی ماسیگرە و فەرمانی پێدا لە ماوەی ٣ ڕۆژدا ٤ ماسی تریان لە هەمان ماسییەکانی زوو بۆ بێنێت! دواتر ماسیگرە ٤ ماسییەکەی بۆ هێنان و پاشاش فەرمانی دا ٤٠٠ دیناریان دایە. ئەمجا پاشا فەرمانی دا کە وەزیر خۆی ماسییەکان چاك بکات و سوریان بکاتەوە.

وەزیریش وتی:

"بە سەر چاوان".

وەزیر ماسییەکانی چاك کرد و تاوە و ڕۆنی هێنا و خستیە سەر ئاگر. ئەمجا ماسییەکان تێدا درێژ کرد. هێندەیان زانی دیوارەکان درزی بردوو، بەندەیەکی ڕەشی لێهاتە دەرەوە. هەر دەتوت منارەیە و لە پاشماوەکانی نەتەوەی عادە. لقە درەختێك بە دەستییەوە بوو، چووە سەر تاوە و وتی:

"ئەی ماسییان... ماسییان ئاخۆ لەسەر پەیمانی کۆن ماون؟"
ماسییەکان سەریان بڵند کردەوە و وتیان:
"بەڵێ.... بەڵێ ئێمە لە سەر پەیمانی خۆمانین".
ران عدت عدنا و ان وافیت وافینا وان هجرت فانا قد تکافینا
بەندە رەشەکە لە تاوەکە نزیك بووەوە و دارەکەی دەستی لێدا و قلپی کردەوە ئەمجا چووەوە درزی دیوارەکە و درزەکان هاتنەوە یەك..... پاشا و وەزیر چوونە سەر تاوەکە... بینیان ماسییەکان بوونەتە خەڵوز....! ئەمجا پاشا سەری لەم کارە سوڕما و وتی:
"ئەمە کارێکە کە نابێت لێی بێدەنگ بین ئەم ماسییانە شتێکیان هەیە!"
پاشا فەرمانی دا... ماسیگرەی بۆ بێنن.... کە هێنایان پاشا لێی پرسی:
"ئەم ماسییانەت لە کوێ هێناوە؟"
ماسیگرە لە وەڵامدا وتی:
"لە گۆمێك..... کە لە نێوان ٤ کێو دایە و لە دامێنی چیایەکی شارەکەتدایە!"
پاشا پرسییەوە :
"چەند رۆژە رێگایە؟"
ماسیگرە وتی:
"پاشام... نیو سەعات رێگایە!"
پاشا سەری سوڕما..... فەرمانی دا بە دەست و پێوەندەکانی ئامادە بن، ماسیگرەشیان – هەر جنێوی بە دێوەکە دەدا- دایە پێش!.... بە شاخەکەدا سەرکەوتن و چوونە پێدەشتێك کە لە ژیانیاندا نەیان بینی بوو! لە نێو چوار شاخدا گۆمێك بوو ماسییەکانی نێوی ٤ رەنگ بوون. "سور و سپی.... زەرد و شین". پاشا سوپا و دەست و پێوەندانی بە لێواری گۆمەکەدا کۆ کردەوە و لێی پرسین:
"کێ لە ئێوە پێشووتر ئەم گۆمەی بینیوە!؟".
ئەوانیش وتیان:
"نەخێر... پاشا بە درێژی تەمەنمان ئەم گۆمەمان لەم شوێنەدا نەدیوە!".
ئەمجا پاشا سوێندی خوارد:
"بەو خوایە لێرە نابزوێم و ناچمەوە سەر تەختی پاشایەتی... تاکو هەواڵی ئەم گۆم و ماسییانە نەزانم!".
ئەمجا فەرمانی دا... کە بەو ناوەدا بڵاو ببنەوە وەزیرەکەشی بانگ کردە لای خۆی..... کە پیاوێکی دانا بوو... بە کێشەکانی ژیان کە ئامادە بوو پێی وت:"دەمویست ئەم شەو، تاك ببمەوە و بچمە خەڵوەتەوە- بۆ ئەوەی هەر بیر لەم گۆمە بکەمەوە! تۆیش لە دەورووبەری رەشماڵەکەم بنیە... گەر ئەفسەران و پیاوانی دەوڵەت.... یان هەر کەسێك ویستی بم بینێت

بلێ....: پاشا..... نەخۆشە..... فەرمانی پێم داوە کە ڕێگای کەس نەدەم... بچێتە ڕەشماڵەکەوە.

ئەمجا پاشا.... بەرگی جەنگی لەبەر کرد و شمشێرەکەی لە خۆدا و بە تاریکی شەو لە ڕەشماڵ هاتە دەر و بە چیادا هەڵگەڕا. تاکو ڕۆژی لێ هەڵهات.... ئەمجا بە درێژایی ئەو ڕۆژە بەڕێوە بوو. شەوی دواتر هەر بەڕێوە بوو. ماندوو بوون و گەرما زۆریان بۆ هێنا. تارماییەکی لە دوورەوە بینی زۆر دڵی خۆش بوو لەبەر خۆیەوە وتی:

"ڕەنگە نهێنی ئەم گۆم و ماسییانەم پێ بڵێت!"

کە نزیك تر بووەوە، کۆشکێکی بینی کە بە خڕە بەرد دروست کرابوو، بانەکەیش تەخت و بە ئاسن کرابوو. دەروازەیەکی دووتاکی بوو، تاکێکی کرابووەوە، پاشا دڵشاد بوو بەوە و بە ئارامی لە دەرگای دا... وەڵامێکی نەبیست! جاری دووەم لە دەرگای دایەوە... نەخێر جاری سێیەم لە دەرگای دایەوە... وەڵام نەبوو! ئەمجارە زۆر بە توندی لە دەروازەکەی دا..... هەر کەس وەڵامی نەدایەوە!

ئەمجا لەبەر خۆیەوە وتی:

"دیارە، چۆڵە!"

گوڕی بە خۆی دا و چووە ژوور! کە چووە داڵان... هاواری کرد.....:

"ئەی خاوەن ماڵ...! من ڕێبوارێکی برسی و نامۆم بە ئێرە! هیچتان هەیە بیخۆم!؟"

ئەم قسانەی دووبارە و سێبارە کردەوە. هەر وەڵام نەبوو. ئەمجا هانی خۆیدا و چووە ناوەڕاستی کۆشکەکە.... کەسی نەدی. بەڵام ژوورەکان بە فەرش و نوێن پڕە... پەنجەرەکان بە پەردەی ئاوریشم پۆشتەیە! لە نێو ئەم کۆشکەدا سەکۆیەکی پان و پۆڕ و ٤ بەرهەیوان هەبوو- ڕاخەرێك ڕاخرابوو حەوزێك ٤ شێری لە زێڕی سوور دروست کراوی بە لێوارەوە بوو. کە ئاو لە دەمیانەوە دادەوەریە ناو حەوزەکە! بە چوار دەوری کۆشکەکەیشدا باڵندە هەبوون. تۆڕێکی ئاڵتونیش درابوو بە سەر کۆشکەکەدا. ڕێگری پیا هەڵفڕانی ئاژەڵ و مرۆڤ بوو. پاشا کەسی لە نێو کۆشکدا نەبینی و زۆر سەری سوڕما! کە تاکو ئێستا کەسی ئەم شاخ و پێدەشت و گۆمە و ئاو و ئەم کۆشکەی نەدیوە!! بۆیە لە دەم دەرگای ژوورێکدا پاڵی دایەوە و کەوتە بیر کردنەوە، گوێی لە نرکە وناڵەیەکی پڕ پەژارە بوو، کە ئەم هۆنراوەیەی دەوتەوە:"

| | |
|---|---|
| چێت پێ کردبووم هەمووم شاردەوە | لە چاوان خەوت وا ڕەواندەوە |
| لە شنەی شەماڵ من تۆم دەپاراست | قەدەر هات دەستی خۆی وەشاندەوە |
| لەبەر دڵانی هۆز و خزم بووە...... | هەزاری سنگی دابەزاندەوە |

# چیرۆکی لاوە سیحراوییەکە

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە ئەی پاشای بەختیار.... خاوەنی بڕیار.... کە سوڵتان گوێی لەم ناڵە و فیغانە بوو هەستا بەرەو دەنگەکە چوو. پەردەیەکی دادراوەی بینی. هەڵیدایەوە... گەنجێکی بینی جوان و تەواو... شیرین زمان و پاراو ئاڵ، لێوانی تەڕ. رووبە ورشە.... وەکو مەڕ مەڕ! دەتوت ئەمەی پیاهەڵدراوە:

جوانێکە خاوەن دوو لێوی تەڕە | رووی بە ورشەیە وەکو مەڕمەڕە
لە سەر رووی سپی ئەو مووە رەشە | دەڵێی: یاقوت و زێڕ و گەوهەرە

پاشا.... بە روویەکی خۆشەوە سڵاوی لێکرد. لاوەش، کە دانیشتبوو، سەرپۆشێکی بە زێڕ نەخشاوی بە سەردا دابوو، تاجی شاهانەی لە سەردا بوو بەڵام پەژارە بە روخسارییەوە دیاربوو! وەڵامی سڵاوەکەی داوە و وتی:

"ببوورن..... ناتوانم لەبەرتان هەستم!".

پاشاش وتی:

"لێت بوورام! ئێستا من میوانتم و کارێکم پێتە دەمەوێت، هەواڵی ئەم گۆم و ماسییە رەنگاورەنگانە و ئەم کۆشکەم پێ بڵێیت! بۆ تەنیایت؟ بۆ دەگریت؟"

لاوەکە کە ئەمەی بیست بەم شێوەیە خۆی لاواندەوە:

پەژارە و خەمت لە دڵ لابەرە... | کارسازی ژیان خوای بانی سەرە
هەرگیز مەپرسە: چی کرد؟ چۆن کرا؟ | هەرچی روو دەدات قەزا و قەدەرە

پاشا سەری پتر سوڕما و پێی وت:

"بۆچی دەگریت ئەی لاو؟"

ئەمیش وتی:

"چۆن نەگریم کە ئەمە حاڵم بێت؟"

ئەمجا پاشا وردتر سەرنجی لاوەکەی دا.... بینی لە ناوقەدی بەرەوخوار بووە بە بەرد! لە ناو قەدیەوە تاکو قژی سەری مرۆڤە! کە پاشا ئەوەی بینی پەژارە دایگرت.

وتی:

"ئەی لاو تۆ پەژارەی منت پتر کرد! من عەوداڵی... هەواڵی گۆم و ماسییەکان بووم، ئێستا هەواڵی تۆیشی چووە بان!! خێراکە..... قسە بکە!!".

لاوەکە وتی:

"کەوابوو گوێم لێ بگرە!".

پاشاش وتی:

"دڵم لاتە!".

لاوەکە وتی:

"ئەو ماسییانە و من شتێکی عەجایەبین گەر نوسرابا و لەبەر چاوان بگیرایە..... ئامۆژگاری بوو بۆ گوێ پێدەران!"

پاشایش وتی:

"چۆن؟"

ئەمیش وتی:

"گەورەم... باوکم شای ئەم شارە بوو، ناوی مەحمود بوو. خاوەنی دوورگە رەشەکان بوو. کە لە نێوان ئەو چوار شاخەدا بوو. ٧٠ ساڵ حوکمڕانی کرد. ئیدی کۆچی دوایی کرد و من کورسی دەسەڵاتم وەرگرت. ئامۆزایەکی خۆم مارە کرد. کە هێندەی خۆش دەویستم بە بێ من نان و ئاوی نەدەخوارد. ٥ ساڵ لام بوو. رۆژێکیان چوو بۆ گەرماو بە کەنیزەکە چێشت لێنەرەکەی وتبوو..... خواردنم بۆ ئامادە بکەن.... دوو کەنیزەك لە سەر و پێینم بوەستن.

منیش کە بێتاقەت بووم چوومە جێگاوە کە کەمێك بنووم.... هێشتا چاوم نەچووبووە خەو... گوێم لێبوو کەنیزەکی ژوور سەرم بە کەنیزەکی لای پێینی وت:

"کچێ: مەسعودە... ئای ئاغامان چەند رەنج بە خەسار و داماوە، داخی بە جەرگم بۆ گەنجیەکەی. کە لەگەڵ ئەم ژنە سیحربازەدا بە سەری دەبات!"

کەنیزەکی پێینی لە وەڵامدا وتی:

"بەڵێ..... "بەلا"م دا لە ژنی خیانەتکار....! ئەم تەمەنی هەرزەکاریە، نابێت وا بە سەر بباتـ!".

کەنیزەکی ژوور سەری وتی:

"گەورەمان، هێر و گێلە... لێی ناپرسێتەوە....!"

کەنیزەکی پێینی وتی:

"بەلا لێت بدا.... جا..... بۆچی گەورەمان ئاگای لە خۆیەتی؟ هیچی بە دەست نەماوە... چونکە هەموو شەوێك سیحر دەخوێنێت بە سەر پیاڵەی مەیەکەیدا و ئەویش دەیخواتەوە! سڕ کەرێك دەرخواردی دەدات... تاکو بەیانی ئاگای لە خۆی نامێنێت! ئیدی نازانێت بۆ کوێ دەڕوات و چی دەکات؟ دەڕوات و تاکو دەمەوبەیان کە گەڕایەوە دوکەڵێك دەکات بە لووتیدا، ئەمجا لە خەو هەڵدەستێت!"

منیش کە ئەمەم بیست دنیا لەبەر چاوم تاریك بوو. شەو هات و ئامۆزا لە گەرماو گەڕایەوە، سفرە راخرا..... خواردن خورا..... ئەمجا نزیکەی سەعاتێك دانیشتین و قسەمان کرد. دواتر لەو شەرابەی حەزم لێ بوو بانگ کرا..... رشتم و وام دەرخست خواردوومەتەوە، کاتی چوونە سەر جێگا هات و چاوانم نووقاند وەکو ئەوەی نوستبم!

ئەویش وتی:

"بنوو.... هەڵنەستیتەوە..... خۆت و شێوەت لای من بێزراون! تاقەتم لە دەست لەملانت چوو..... ! نازانم کەی خوا ڕۆحت دەکێشێت!؟".

ئەمجا جوانترین بەرگی پۆشی و شمشێرەکەی منی لە خۆی بەست و دوکەڵی بۆنێکی سوتاوی لە ژوورەکەدا بڵاو کردەوە.

دەرگای کۆشکی کردەوە و دەرچوو. منیش خێرا هەستام و خۆم گۆڕی و شوێنی کەوتم.... بەناو بازاڕی شاردا تێپەڕی و ئەمجا گەیشتە بەردەرگای شارەکە ورتە ورتێکی کرد. کە من تێی نەگەیشتم... کێلوانی کلۆم دراوی دەروازەی شارەکە کرایەوە. ئیدی ئەو ڕۆیشت و من بە شوێنی دا تا گەیشتە دیوارێکی بڵند و قوللەیەك لە ناویدا بوو. دەروازەیەکی هەبوو. کە پێیدا چووە ژوورەوە. منیش سەرکەوتم و بە سەربانیدا چوومە خوارەوە. کە سەیرم کرد ئامۆزاکەم، چووە لای کوێلەیەکی ڕەشی دوو لێو ئەستور. کە تەڕ بوو و لە سەر کۆمەڵێك پووش ڕاکشا بوو. کڕنووشی بۆ برد و کۆیلەکەش سەری بڵند کردەوە و وتی:

"(بەڵا)م لێدات، بۆ هێندە دواکەوتیت؟"

ئامۆزاکەم وەڵامی دایەوە:

"ئەی نازانیت گەورە ژنم و ئامۆزای خۆم مێردمە..... کە من ڕقمە لێی و حەز بە هاوسەرێتی ناکەم! لەبەر خاتری تۆ نەبوایە، هەر ئەمشەو شارەکەم ژێر و ژوور دەکرد و کارێکم دەکرد بایەقوشی تێیدا بخوێنێت! چەقەڵ و ڕێوی و گورگ تێیدا بلورێنێت و خۆڵ و بەردەکەشیم، دەگەیاندە پشتی قوللەی قاف".

کۆیلەکە وتی:

"درۆ دەکەیت، لەعنەتی. وامەزانە ئێمەی ڕەش پێست... ویژدانمان.... ویژدانی سپییانە! گەر وا دوا بکەویت هاوڕێیەتیت ناکەم!..... هەی لەعنەتی.... لەعنەتی! یاریمان پێ دەکەیت؟ پیس ترین سپی پێستان".

کە ئەمەم بینی و گوێم لەو قسانە بوو. ئامۆزاکەیشم بە پێوە بە سەریدا دەگری و پێی دەڵێت:

"گەورەم.... گەر تۆ لێم تورە ببیت، لە سایەی کێدا بژیم؟ تۆ دەرم بکەیت، پەنایەکی دیکەم نییە".

هەر دەگریا و دەپاڕایەوە... تاکو.... کۆیلەکە لێی خۆش بوو. ئەمجا ئامۆزاکەم ژێر بووەوە وتی:

"گەورەم... چیت هەیە کەنیزەکەکەت بیخوات؟"

ئەویش وتی:

"ئەو لەگەنە... بێنە گۆشتی مشکە تۆپیوی برژاوی تیایە.... ئەو گۆزەیەش، ئاو و قەوزەی تێدایە!"

تێر و پڕی خوارد و دەست و دەمی سڕی. کە ئەمەم بینی و بۆیشم دەرکەوت خیانەتم لێدەکات، لە داخانا.... بوورامەوە. کە بە ئاگا هاتم.... دەماغیشم کردبوو. دابەزیم و شمشێری قەدی ئامۆزاکەم راکێشا و لە ملی کۆیلە رەشەکەم دا، پێم وابوو مردبێت! تۆمەز قوڕ قوڕاکەم بڕیوە و هیچی تر! ئەمجا خۆم کێشایەوە و بەرەو کۆشك بوومەوە لە سەر جێگەکەم لێی راکشام و لێی بێدەنگ بووم تاکو سبەینێ.

بەیانی ئامۆزای ژنم بە ئاگای هێنام..... دەروانم قژی خۆی بڕیوە. بەرگی رەشی پۆشیوە.... دواتر پێی وتم:

"ئامۆزا لێم مەگرە. هەواڵیان بۆ هێناوم دایکم مردووە و باوکیشم کوژراوە. یەکێك لە براکانیشم مار پێوەی داوە. ئەوی تریان بووە ژێر خانووی روخاوەوە! ماڤی خۆمە، تازیەبار بم."

که ئەمەم بیست بێدەنگ بووم.... دواتر وتم:

"چی دەکەیت ئازادیت، ماڤی خۆتە."

ساڵێکی بەم حاڵە بردە سەر. دواتر داوای لێ کردم:

"ئەمەوێت قوللەیەکم لە کۆشکدا بۆ دروست بکەیت تێیدا، دەچمە خەڵوەتی خەمەوە. ناوی دەنێم ماڵی خەم".

منیش وتم:

"بە سەر چاوان"

ئەمجا..... خانویەکم بۆ کرد و قوللەیەکم تێدا دروست کرد گۆڕیچەیەکم تێیدا دروست کرد و کەنیزەك و خزمەتکارم تێیدا دانا.

کۆیلە رەشەکەش، لەو رۆژەوەی ئەو شمشێرەم لێدابوو، ئیدی قسەی بۆ نەدەکرا.... تەنیا دەیخوارد و دەیخواردەوە. ژنەکەیشم رۆژی دوو جاران، بە قوللەکەدا هەڵدەزنا و خواردن و خواردنەوەی دەدا پێی منیش دانم بە خۆ داگرت و هەڵس و کەوتیم پشت گوێ خست

رۆژێ لە رۆژان خۆم بە ژوورەکەیدا کرد کە دەگریا و لەبەر خۆیەوە دەیوت:

"بۆ ئەی رۆحی رەوان، ون بووی لە چاوان!؟"هاوڕێ بۆ نام دوێنێ ئەمجا ئەم شیعرەی وت:

| | |
|---|---|
| ئێسك و پروسکم لەگەڵ خۆ ببەن | دواتر بمنێژن: لە هەر کوێ لادەن |
| خرەی ئێسکانم.... وەڵامە بۆتان | لە سەر گۆڕەکەم گەر بانگم بکەن! |
| بووژانەوەی من: نزیکیتانە | دووریتان مەرگ و گریان و شیوەن |

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.... بێدەنگ بوو.

# شەوی ٨

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە پاشای بەختیار، خاوەنی بڕیار:
کە لە گریان و ئەو قسانە بووەوە پێم وت:
"ئامۆزا هێندە مەگری، خۆ گریان دادی کەسی نەداوە."
ئەویش وەڵامی دایەوە:
"ڕێگرم مەبە... دەنا خۆم دەکوژم!"
بێدەنگیم لێکرد و لێی دوور کەوتمەوە بۆ ساڵی دووەمیش هەر تەعزیەبار بوو. ڕۆژێکیان کە زۆر تووڕە بووم خۆم کرد بە قوللەکە دا سەیر دەکەم ڕووی لە گۆڕیچەکە کردووە و دەڵێت:
"گەورەم بۆچی گوێم لە دەنگت نییە؟ یەك وشەیش ناڵێیت و وەڵامم نادەیتەوە؟"
ئەمەی وت:

| | |
|---|---|
| جوانی و شۆخێنیت پێ نەهشێت ئەی گۆڕ | تەڕ و پاراویت پێ نەهێشت بە زۆر |
| بۆ تۆ: ئاسمان و زەویت پێکەوە | لە خۆت گرتووە: ئاوا: مانگ و خۆر؟ |

بۆ خۆم تووڕەم کە ئەمەشم بیست هێندەی دی تووڕە بووم پرسیم:
"ئەم خەمە تاکەی درێژە دەکێشێ؟"ئەم هۆنراوەیەم وت:

| | |
|---|---|
| ئەی گۆڕ: برینی سارێژ بووەوە؟ | یاورووتاکی تۆ: کز بوو...... چووەوە؟ |
| خۆ تۆ: نە ئاو و ، نە مەنجەڵیشی | پشکۆ و گڕ و تەڕ چۆن لێژ بووەوە؟ |

هەر کە ئەمەی بیست ڕاست بووە وتی:
"(بەڵا)م دا لێت، کەوابوو ئەمە کاری تۆ بووە؟ تۆ بریندارت کردووە. ئەوە سێ ساڵە نە دەمرێت و نە چاك دەبێتەوە".
منیش پێم وت:
"بەڵێ ئەوە کاری منە!"
شمشێرم لێ هەڵکێشا کە سەری بپەڕێنم! کە ئەمەی بیست و بینی: دەمەوێت بیکوژم وتی:
"لاچۆ..... ئەوەی چوو..... چوو!! ناگەڕێتەوە: ئەمە خوا لە چارەی نووسی بووم. ئاگری سینەم دانامرکێتەوە!....."
ئەمجا هەندێ ورتە ورتی کرد کە من تێی نەگەیشتم! وتی:
"برۆ بەم سیحرە با نیوەت مرۆڤ بێت و نیوەت بەردی رەق بێت".
ئیدی ئاوام لێهات، کە دەم بینی. نە دەتوانم هەستم نە دەتوانم دابنیشم! نە زیندووم و نە مردووم!! ئیدی شارەکەشی بە سیحر... ئاوا لێکرد. کە ئەوسا.... پڕ بوو لە (نەسارا) و (موسڵمان) و (جولەکە) و (ئاگر پەرست). هەمووی کردن بە ماسی، سپییەکانیان

موسـولمانەکانن..... سـورەکان مەجوسـییە ئـاگر پەرسـتەکانن! شـینەکان نەسـاران!..... زەردەکانیان جوولەکەکانن. ٤ دوورگەکەشی گۆڕیوە بـە ٤ شاخ. ئـەمجا .... رۆژی ١٠٠ تـووڵم لێدەدات! شان و پشتم شەقار شەقار دەکات. خوێن بە گیانمدا دێتـە خـوار و دواتـر کـەوڵێك لەبەرم دەکات و ئەم جلە جوانانەیش بە سەریدا! ئەمجا.... ئاوا: خۆی لاوانەوە:

سەبووریم بدە کە حوکمت وایە — خۆ من هەر رازیم بە هەر قەزایە

زۆرداریان کرد، پۆزیشیان لێدا — بەڵکو تەعوزیمان: وا لەو دنیایە

نەهامەتی هات: رۆژی تار کردم — پەنام بە خوا و بە مستەفایە

ئەمجا پاشا وتی:

"باری پەژارەمت گرانتر کـرد! بـەڵام ئـەی لاو.... ئـەو گۆڕیچە و قوللە و ئامۆزایـەت لـە کوێن؟"

لاوەکە وتی:

"لە قوللەیەکدا، لە گۆڕیچەکەیدا راکشاوە. سەر لە بەیانی هەموو رۆژێك ئامۆزاکەم دێت و جل و بەرگم دادەکـەنێت و بـە قامچی دەکەوێتـە لێدانم. ئیـدی منـیش توانـای بـەرگری کردنم لەخۆم نییە، کە لە پەل و پۆ کەوتم. ئەمجا خواردن و خواردنەوە دەبات و دەڕوات بۆ لای کۆیلە رەشەکە".

پاشایش وتی:

"پەیمان بێـت ئـەی لاو سبەینێ کارێکی پـێ بکەم. تـا ماویـت بیگێڕیتـەوە و مێـژوویش بینوسێت."

شەو تا درەنگ قسەیان پێکەوە کـرد و ئـەمجا نووسـتن کە رۆژ بـووەوە. پاشا جلـەکانی گۆڕی و شمشێری لە خۆی بەست و بەرەو قوللە بووەوە. ناو ژوورەکان گەڕا...... تاکو کۆیلـە رەشـەکەی دۆزیـەوە، بـە شمشـێرەکەی کوشـتی و ، لاشـەی بـرد و فڕێـی دایـە نـاو بـیری حەوشەکەوە. ئەمجا دوای ئەوەی بەرگی کۆیلەکەی پۆشی و لێی راکشا و شمشێرەکەشی بـە رووتی بە تەنیشت خۆیدا راکێشا. دوای سەعاتێك ساحری لەعنەتیەکە هات. جل و بـەرگی لەبەر داکەند و کەوتە لێدانی کوڕە مامی، لاوەکەش هاواری لێ هەستا و وتی:

"هێندەم بەس نییە دە....... بەزەییت پێمدا بێتەوە".

ژنەکەشی وتی:

"ئەی نەدەبوو، تۆیش بەزەییت بە مندا بهاتایەوە و دۆستەکەمت ئاوا لێنەکردایە؟"

هێندەی لێدا تا... خوێن لە نێو چاوانیەوە هاتە خـوارێ. ئـەمجا کـەو کەوڵەکـەی لەبـەر کرد و بەرگە جوانەکانیشی بە سەریدا لەبەر کرد. خواردن و خواردنەوەی بۆ کۆیلە رەشەکە برد و رۆیشت، کە گەیشتە ئەوێ، کەوتە لاوانەوە و لە خۆدان و وتی:

"گەورەم، قسەم بۆ بکە... بم دوێنە!"

ئەم هۆنراوەیەی وت:

سەرچاوەی ئەشكم وا چۆڕایەوە — كەچی بێ مەیلیت هەر نەبڕایەوە
دوورەپەرێزیت كە بە ئەنقەستە — بۆیە برینم نوێ كرایەوە

پاشایش كە لە شوێنی كۆیلە رەشەكە راكشا بوو، بە دەنگێكی لەرزۆك و بە شێوە زمانی رەش پێستان وتی:

"ئاخ..... ئاخ.... لا حول و لا قوه الا بالله العلی العظیم".

كە ژنە گوێی لە دەنگی بوو فیژمیەكی لە خۆشیدا كرد و بوورایەوە كە بە ئاگا هاتەوە وتی:

"گەورەم.... ئەوە قسەت لەگەڵ كردم؟"

پاشایش بە دەنگێكی لاواز وتی:

"مەلعون، هێندە بە سوكم دادەنێیت... قسەی چیت لەگەڵ بكەم؟"

ژنەكە وتی:

"لەبەرچی؟"

ئەویش وتی:

"مێردەكەت... هێندە ئەناڵێنێت و نزامان لێدەكات. ئیدی شەو تا رۆژ دەبێتەوە دێتە خەوم و ناهێڵێت بحەوێمەوە!... ئەگەر نا دەمێك بوو چاك بووبوومەوە. هەر بۆیەش جاران وەڵامم نەدەدایتەوە".

ئەمجا ژنەكە وتی:

"رێم بدە بچم و چاكی بكەمەوە."

پاشاش كە لە گۆڕیچەكەدا راكشابوو وتی:

"زووكە... رزگاری بكە... با ئێمەش بحەوێینەوە".

ژنە هەستا و بەرەو كۆشك بووەوە. كە گەیشتە لای ئامۆزای مێردی... قاپێك ئاوی هێنا و بە سەریدا خوێند.... ئاوەكە.... كەوتە..... بڵقە بڵق و كوڵا. ئەمجا.... ئاوەكەی پرژاند بە سەری مێردەكەیدا وتی:

"لەبەر خاتری ئەوەی خوێندم، گەر بە سیحر و مەكری من وات لێهاتووە، ئەوا بگەڕێیەوە، شێوەی رەسەنی خۆت!"

ئامۆزا.... خۆی راوەشاند و هەستایە سەر پێ و زۆر دڵخۆش بوو بە رزگار بوونی. ئەمجا پەلاماری ژنەكەی دا.... ئەویش نیڕاندی.... ئامۆزاكەی پێی وت:

"ون بە لەبەر چاوم..... جارێكی دی نەت بینمەوە! دەنا.... دەتكوژم".

ئەمجا ژنە سیحربازەكە گەڕایەوە ناو قوللەكە و چووە لای گۆڕیچەكە وتی:

"گەورەم..... ئیدی تۆیش لە گۆڕیچەكە وەرە دەرەوە، تاكو بە چاك بوونەوەت شاد ببم!"

ئەمجا بە هەمان شێوە پاشا وەڵامی دایەوە:

"(بەلاّ)م دا لێت مەلعون..... ئاخر ماسییەکانی چوار دوورگە... هەر کە نیوە شەویان لێ دێت سەر بڵند دەکەن و لە خوا دەپارێنەوە و نزای خراپمان لێ دەکەن پێم وایە، هەر ئەوەیشە ناهێڵێت زوو بە زوو چاك ببمەوە.... خێراکە، برۆ ئەوانیش رزگار بکە.... جا.... کە گەڕایتەوە دەستم دەدەمە دەستت و هەڵدەستمەوە و ئەم کارەت شیفام بۆ دێنێ!".

ژنە... کە هەر وای دەزانی، ئەوەی ناو گۆڕیچەکە.... کۆیلە رەشە، خۆشەویستەکەیەتی وتی بە ناوی خوا و هەستایە سەر پێ و وتی:

"هەر ئێستا... "

چوو، سیحرەکەی لە سەر لا بردن و هاولاّتیان... کەوتنەوە کار و شاخەکان بوونەوە بە دوورگەکان و بە پاشای وت:"دەستەکانت بێنە و هەستە!"

پاشا بە دەنگێکی نزم وتی:

"لێم نزیك ببەوە!".

کە ژنە سیحربازەکە خۆی نزیك کردەوە. شمشێرەکەی چەقاندە سنگی و لە پشتییەوە دەرچوو، ئەمجا هەستا و ژنەکەی کرد بە دوو بە شەقەوە و فڕێی دایە سەر زەوی. کە هاتە نێو حەوشە لاوەکەی مێردی بینی، کە بەرەو رووی هات و باوەشی پیا کرد و دەستی ماچ کرد و زۆر سوپاسی کرد. ئەمجا پاشا لە لاوەکەی پرسی:

"لە شارەکەی خۆت دەمێنیتەوە یان شوێنم دەکەویت و دێی بۆ ولاّتی من؟"

لاوەکە وتی:

"ئەی پاشا دەزانیت نێوان ئێرە و ولاّتی تۆ چەندە؟"

پاشا وتی:

"دوو رۆژ و نیومان پێ دەچێت!".

لاوەکە وتی:

"ئەو رێگایە هی کاتی شارە سیحر لێکراوەکە بوو. هۆشت وەبەر خۆت بێنەوە... ئێستا ئەو رێگایە بە ساڵێك دەبڕیت!"منیش بۆ ساتێك لێت دوور ناکەومەوە."

پاشایش زۆر دڵخۆش بوو وتی:

"سوپاس بۆ خوا کە بە تۆی گەیاندم چونکە من کوڕم نییە".

ئەمجا باوەشیان کرد بە یەکدا و بەرەو کۆشك بوونەوە، لاوەکە فەرمانی دا کاروانی سەفەر رێك بخەن. خواردن و پێداویستی ١٠ رۆژ رێ بار بکەن. بە رێکەوتن و خەیاڵیش لای شارە جوانەکەی بوو. ٥٠ بەندە و دیارییەکی زۆریان پێ بوو. ئیدی ساڵێکی رەبەق بەرێوە بوون. خوا پاراستنی تاکو گەیشتنەوە ولاّتی سوڵتان و نوێنەریان ناردە شار، هەواڵی گەیشتنیان بگەیەنێت.

وەزیر و لەشکر دوای ئەوەی دەستیان لە پاشا شت بوو. بە خۆشحاڵیەوە چوونە پێشوازیان ئیدی پاشا چووەوە سەر تەختی پاشایەتی و وەزیران و سەرانی دەربار بە

خێریان هێنایەوە و ئەویش بە سەرهاتی ئەم لاوەیشی بۆ گێڕانەوە. دواتر فەرمانی دا، ماسیگرەکەی بۆ بێنن. کە هێنایان هەواڵی پرسی و فەرمانی دا پاداشتی باشی بدەنەوە. راوچییە ماسیگرەکەی پێی وتن کە کوڕێك و دوو کچی هەن. فەرمانی دا ئەوانیش بێنن. ئەمجا کچێکیانی لە لاوەکە مارە کرد و ئەوی دی بۆ خۆی. ئەمجا سوڵتانی نارده وڵاتی لاوەکە کە دوورگەی رەش پێستان بوو. ماسیگرەش بووە یەکێك لە هەرە دەوڵەمەندەکانی شار. بەڵام ئەم بەسەرهاتە عەجایب تر نییە لە چیرۆکی حەماڵەکە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.................. بۆیە بێدەنگ بوو.

# شەوی ٩

## بەسەرهاتی حەماڵ و سێ کچەکە

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە، ئەی شا شەهریار، خاوەنی بڕیار:

پیاوێکی رەبەن هەبوو، یەکێك بوو لە حەماڵە "بارهەڵگر"ەکانی شاری بەغدا. رۆژێکیان لەبەر بێکاری شانی لەسەر زەمیلەکەی دادابوو. کاتێکی زانی ژنێك کە بەرگێکی ئاوریشیمن و دامێن هێڵێکی دوراوی موسڵی لەبەردابوو، بە زمانێکی شیرین بە حەماڵی وت:

"زەمیلەکەت بێنە و شوێنم بکەوە."

ئەمیش کە بڕوای بە خۆی نەبوو، خێرا شوێنی کەوت. لەبەر خۆشیەوە وتی:

"رۆژێکی شادمانیە. رۆژی سەرکەوتن."

تا گەیشتە بەر دەروازەیەك لە دەرگای دا. پیاوێکی نەسرانی کردیەوە و کچەکە دینارێکی دایە. بڕێ زەیتونی لێ وەرگرت و کردیە زەمیلەی حەماڵەکەوە ئەمجا وتی:

"هەڵیگرە و وەرە"

ئەمیش وتی:

"ئەمرۆ رۆژێکی پیرۆزە و پڕە لە بەختەوەری".

زەمیلەی هەڵگرت و شوێنی کەوت ئەمجا لەبەر دوکانی میوەفرۆشێکدا وەستا. سێو و بەهێی عوسمانی و قۆخی عومانی و لیمۆی میسری نارنجی سوڵتانی و هەندێك شتی تریش و کردیە زەمیلەی حەماڵەکە وتی:

"هەڵگرە!!".

هەڵیگرت و شوێنی کەوت. گەیشتنە لای قەساب و وتی:

"١٠ کیلۆ گۆشتم بۆ بکێشە".

ئەمجا گورزەیەك مۆزیشی کری. ئەمجا هەندێ ناوکە فستق و کاکڵە گوێزیشی کری، هەندێ لوقمە قازی، وتی:

"شوێنم بکەوە".

زەمیلەی حەماڵە زۆر قورس بووبوو. بۆیە بە کیژە نازدارە جوانەکەی وت:"

بمزانیبا..... هێندە شت دەکڕێت گوێرێژم دەهێنا."

کچەکە پێکەنی و دەستێکی بە سەر شانیدا دا و وتی:"خێراکە و کەم بڵێ. خوا یار بێت بە پارەی خۆت دەگەیت."

ئەمجا لای بۆن فرۆشێ وەستا و گولاو مسك و کلۆ کژنیژ و داری عود و عەنبەر، مۆمدانێکی ئەسکەندەرانی کڕی و کردیە زەمیلەکەوە و وتی:

"شوێنم بکەوە".

ڕۆیشتن تا گەیشتنە بەر کۆشکێکی جوان، بەردەم فراوان. دەرگای گەورەی دوو دەروازە. لە دار ئەبە نوسی ناوازە. کیژە جوانەکە پەچەی لەسەر روو لادا، ئەمجا لە دەروازەی دا. حەماڵیش سەرنجی ئەو نازەی دا ئەمجا دەروازە کرایەوە، کیژێکی بالا ناوەندی زۆر جوان دەرگاوان بوو ئەمجا وتی:

"دەی خوشکاشە: وەرە ژوورە و بارە گرانەکەی ئەو حەماڵە هەژارە، داگرە خوار!".

ئەمانیش ڕۆیشتن تا گەیشتنە هۆڵێکی پان و پۆڕ، بە پەنجەرەکانیەوە پەردەی شۆڕ، لە ناوەراستی دا گۆمێکی گەورەی مەلە و لە لێواریدا جۆلانەیەکی لە داری عەر عەر، نەخشاو بە سیمی زەردی وەك گەوهەر. بە سەریدا، پەردەیەکی تەنکی ئەتلەسی رەنگ سوور هاتبووە خوار! کیژۆڵەیەکی تێدا بوو، هێندە جوان بوو، وەك ئەستێرەی ئاسمان بوو. بزوێنەری هەستی شاعیران بوو.

کیژی سێیەم لەسەر جۆلانەیەك دانیشت. بەرەو دوو خوشکەکەی چوو. پێی وتن:

"بۆ ڕاوەستاون!؟ سەبەتەکە لە سەر ئەو حەماڵە داماوە دابگرن."

کیژەی کڕیار و دەرگاوان لە دواوە سەبەتەکەیان لە سەر سەرداگرت. شتەکانیان دەرهێنا. هەر یەکەیان خستە شوێنی خۆی.

٢ دیناریشیان دایە حەماڵەکە و پێیان وت:

"برۆ، بەلای کارتەوە".

ئەویش سەیری ئەم کیژە جوانانەی کرد و خواردن و خواردنەوە و بۆنیان، شیرینی. سەری سوڕما و جووڵەی نەکرد. کچێکیان پرسی:

"دەچیتە؟ بۆ ناڕۆیت ئەڵێی کرێکەت کەمە؟"

ئەمجا رووی کردە خوشکەکەی و وتی:

"دینارێکی دی بدەرێ".

حەماڵەکەش وتی:

"خانم، کرێیەکەم کەم نییە! من ژیانی ئێوەم پێ سەیرە! ئێوە هەر خۆتانن! و چۆن کەس نییە. دەمەتەقێی لەگەڵ بکەن؟ بۆ خۆتان دەزانن کە مێز لە سەر چوار کۆڵەکە نەبێت ناوەستێت! ئێوە کۆڵەکەی چوارەمتان نییە...! ئەوەتا شاعیرێك وتویەتی:

بۆ کەیف سەفا چوار شت دیارە — چەنگ و عوود، قانون زوڕنا لە بارە
بۆ شادی مرۆڤ تەنیا ئەم چوارە — (مەی) و (نەی) ناواز لەگەڵ دینارە

"ئێوەش سیانن، چوارەمتان دەبێت پیاوێکی ژیر و بیرتیژ و نهێنی پۆش بێت".
سێ کیژەکە ئەمەیان بیست سەریان سەڕما و تێر پێکەنین! وتیان:
"ئەو پیاوە کێ بێت کە ئێمە دەترسێن بە نهێنیمان بزانێت و ئاشکرای بکات. پێشینان وتوویانە:

ئەگەر نهێنیت کەوتە سەر زارێ — دەگاتە گوێچکەی دانیشتووی شارێ

کە حەماڵەکە ئەمەی لێ بیستن وتی:
"بە سەری ئێوە من پیاوێکی ژیر و جێی متمانەم، چەندین کتێبی زانستەکان و مێژووی پاشا و میرانم خوێندووە. شاعیرێك وتویەتی:

نهێنی پارێز خاوەن متمانە — هەڵ بژێرراوە و سرِی پەنهانە
ژووری نهێنی من داخراوە — شوێنی کلیلی کەس پێ نەزانە

کە ئەوەیان لێ بیست پێیان وت:
"ناهێڵین لامان بمێنیتەوە، مەگەر خاوەن رەوشتێکی رەسەن بیت و لە هیچ نەپرسیت! ئەگەر وا دەرنەچوویت، زۆر خراپ لێت دەدەین و دەریشت دەکەین!"
حەماڵەکە وتی:
"بە دڵمە و لە ئێستا بە دواوە زمان لە دەمما نییە".
خوشکاشە ناوقەدی خۆی بەست. مەی و میوە و سەوزە ریز کرابوون، بە لێواری حەوزەکەدا، هەر کە کەوتە سەما.... لە دڵان خەمێك نەما.... حەماڵیش، هاوشانی کوڕەکە نۆشی کرد. مەی گێڕیش پێکێکی دی دایە و وتی:

فەرموو پێکێکی تریش بنۆشە — تا: بە نەخۆشیش کە شیفا بەخشە

ئەویش بە سوپاسەوە وەری گرت و بە خوشکاشەی وت:

لەگەڵ یەکێکدا بنۆشی چاکە — کە بنەماڵەی رابردووی پاکە
هەر خوێنی بخۆیت بێشك حەرامە — ئەو ترێ نەبێ دەردێ لەم خاکە

ئەمجا پیاڵەی پڕ کردەوە و دایە دەستی خوشکە ناوەنجییەکەی، ئەویش بە سوپاسەوە وەری گرت: بۆ خوشکی سەر جۆلانەشی تێکردەوە، ئەمجا بۆ حەماڵەکەش کە نۆشی کرد وتی:

پێکێکی دیم بۆ بێنە — لەو مەیەی دەڵێی خوێنە
نۆشی ژیانم بەرێ و — لەم خەمە دەرم بێنە

ئەمجا حەماڵەکەش پیاڵەکەی پڕ کردەوە و دایە دەست کیژە خانەخوێ و وتی:

لەبەر دەروازەت کۆیلەی تۆی لێیە بۆ کڕنووشی تۆ سەری لای پێیە

کیژەش بە حەماڵەکەی وت:

"بەو خوایە، کەسێك پێش تۆ نەبوو ئاوا خەیاڵی خۆشی پێ بەخشی بم! و تەندروستی کردبم!!"

ئەمجا حەماڵەکە زیاتر لێ چووە پێش. کیژەیش هاتە نێو خۆشکەکانی و دەستیان کردە خواردنەوە و کات بە سەربردن و گۆرانی وتن. کە حەماڵەکەش خەیاڵی خۆش بوو، داوای لێ کردن کە بە خزمەتکار وەری بگرن!.... ئەوانیش وتیان:

"هەر کەسێك لێرە بێت دەچێتە ژێر رکێفی یاساکانی ئەم ماڵەوە. هەر چیەکی بینی، لە هۆیەکەی نابێت بپرسێت!".

حەماڵیش وتی:

"بە دڵمە!".

ئەمجا پێیان وت:

"هەستە نووسینی سەر ئەو دەرگایە بخوێنەوە."

کە بە ئاوی ئاڵتون نوسراوەکەی خوێندەوە، نوسرابوو :"

هەڵمەقورتێنە کاری خەڵکەوە..... با نەبیت بە قسەی زۆر بێ کەڵکەوە".

حەماڵەکە وتی:

"ئێوە بە شایەت بن، کە هەرگیز خۆم هەڵناقورتێنمە کارێکەوە، پەیوەندی بە خۆمەوە نەبێت!".

ئەمجا خوشکاشە هەستا و سفرە و خوانی ئامادە کرد و نانیان خوارد. مۆمیان داگیرسان و گوڵاویان پرژاند. مێز و مەی و پیاڵەیان دانایەوە و بۆ ماوەی سەعاتێك کۆڕیان بەست. لە دەرگا درا، کیژێکیان هەستا و دەرگای کردەوە وتی:

"کۆڕەکەمان ئەمشەو بێخەوش بوو".

وتیان:

"چۆن وا دەڵێیت؟"

وتی:

"٣ قولە رەش قەلەندەری سەروسمێڵ و برۆ تاشراو هاتن! کە هەر یەکەیان چاوی چەپی کوێرە موشەیە! کە دەگمەن شتی وا رێدەکەوێت! لەوە دەچێت لە رێی دوورەوە هاتبن. ئێستا گەیشتوونەتە بەغداد. شوێنیان دەست نەکەوتووە بۆیە لە دەرگای ئێمەیان داوە! کە رێیان بدەین لە تەویلەی خۆیشماندا بێت بنوون. ئەوانە نامۆن، کەس ناناسن تا بچنە ماڵیان، خوشکان هەر یەکەیان شێوەیەکی پێکەنین هێنیان هەیە!"

زۆر لە خوشکەکانی تری پاڕایەوە بۆیان... ئیدی ئەوانیش وتیان:

"با بێنه ژوورەوە، بەڵام پێیان بڵێ با "هەڵنەقورتێنە کاری خەڵکەوە.... با نەبن بە قسەی زۆر بێ کەڵکەوە!".

کچەکە زۆری پێ خۆش بوو، هەر سێ لار کوێرەی دایە پێش بەرەو کۆڕەکەیان. سڵاویان کرد و ئەوانیش بەخێریان هێنان و دایان نان. ئەوانیش سەرنجیان دایە ئەم شوێنە پاکە.... ئەم هەموو میوە و مەی و پیاڵە و خواردنە چاکە!.. ئا...ئەو ۳ کیژە جوان و بێ باکە...

قەلەندەر وتی:

"بەخوا چاکە".

سەرنجی حەماڵیان دا، وڕ و سەرخۆشە، هەندێ خەریکی بوون پرسیان:

"تۆیش وەکو ئێمە قەلەندەریت، نامۆ و بیابان نشینی؟".

کە حەماڵ ئەمەی لێ بیستن چاوی پێدا گێران و وتی:

"بێدەنگ دانیشن و لوت وەر مەدەنە کاری کەسەوە! وەکو میوانی ناوەختیشن: نووسراوی سەر دەرگاکەشتان نەخوێندووەتەوە؟ زمان درێژیش دەکەن".

ئەوانیش وتیان:

"تۆبە.... پەشیمانین، ئەی هەژار، سەرمان لەبەر دەستت دایە!".

کچان دەستیان کردە پێکەنین پێیان. ئەمجا قەلەندەر و حەماڵیان ئاشت کردەوە و خواردنیان بۆ هێنان، دواتر کیژەی دەرگاوان مەی و پیاڵە و شەرابی بۆ دانان ئەوانیش دەستیان کرد بە خواردنەوە. ئەمجا حەماڵ رووی تێکردن و پرسی:

"ئەرێ ئێوە چیرۆکێ یان بەسەرهاتێکی سەیرتان لا نییە بۆمان بگێڕنەوە؟".

ئەوانیش سەریان گەرم و خەیاڵ بوون داوای (دەف) و (عود) و (چەنگ)ی عەجەمیان کرد. قەلەندەر هەستا و سازەکانی نەسب کرد هەر یەکەیان ئامێرێکیان بە دەستەوە گرت. کەوتنە ژەندنی ئاواز. کیژەکان لە خۆشیدا دەیان قیژاند، هێندەی پێ نەچوو لە دەرگا درا.... دەرگاوان هەستا تا بزانێت، کێ لە دەرگا دەدات؟

شەهرەزاد وتی:

"ئەی پاشا... ئەو شەوە خەلیفە هارونەرەشید بە شاردا دەگەڕا، تا لە نزیکەوە لە هەواڵی ژیانی هاوڵاتیان بەئاگا بێت، خۆی و ئەبوجەعفەری وەزیری بوون لەگەڵ مەسروری شمشێرباز. کە کردبووی بە خوو هەندێ شەو خۆیان دەگۆڕی و دەگەڕان. ئەو شەوە لەو گوزەرەوە بوون کە گوێیان لەو ئاواز و گۆرانیەی ئەو کۆشکە بوو. خەلیفە بە جەعفەری وت:

"حەز دەکەم بچینە ئەم ماڵە و لە کۆڕی ئەو ئاواز و گۆرانیەدا بین".

جەعفەری وەزیر وتی:

"ئەی میری موسڵمانان، ئەوانە خەڵکانێکن سەرخۆش و بەدمەست، دەترسم زیانمان پێ بگەیەنن!"

خەلیفە وتی:

"هەر دەچینە ژوورەوە، جا.... فێڵێك بدۆزەوە".

جەعفەریش وتی:

"بەسەر چاوان".

چووە پێش و لە دەروازەی دا. کیژە دەرگاوانەکە..... دەرگاکەی کردەوە، جەعفەری دەستی پێکرد:

"خانم..... ئێمە چەند کەسێکی بازرگانی شاری (تەبەریە)ین. ئەوە ١٠ رۆژە لەم بەغدایەین، چی کاڵایەکمان هێنابوو، فرۆشتمان، ئێمە لە خانی بازرگانان مابووینەوە، ئەم ئێوارەیە بازرگانێك بانگهێشتی ماڵی خۆی کردین. تێری کردین، شەو هاتینە دەر و چونکە نامۆین بەم شارە رێی بەرەو خانەکەمان هەڵە کردووە و بە ئومێدی بەزەیی ئێوە لەم دەرگایەمان دا، بەڵکو ئەمشەو جێمان بکەنەوە. خوایش پاداشتان بداتەوە".

دەرگاوان، سەیری جل و بەرگی نایابی بازرگانانەی کردن، ئەمجا چووە ژوورەوە بۆ لای دوو خوشکەکەی قسەکەی جەعفەری بۆ گێڕانەوە. ئەوانیش زۆر بەداخ بوون بۆیان و وتیان:

"با بێنە ژوورەوە!"

خەلیفە و جەعفەر و مەسرور چوونە ژوورەوە کە کیژان بینیانن لەبەریان هەستان و بەخێریان هێنان، ئەمجا وتیان:

"میوان، وەبان چاوان.... تەنیا مەرجێکمان هەیە بۆتان".

ئەوانیش وتیان:

"مەرج هەر چۆن و چەندە، لامان پەسەندە!"

وتیان:

"خۆ هەڵمەقورتێنە کاری خەڵکەوە...... با نەبیت بە تووش قسەی بێ کەڵکەوە".

وتیان:

"بە سەر چاوان".

ئەمجا تێکەڵ بە کۆڕی مەستان بوون، خەلیفە کە سەرنجی ٣ قەلەندەریەکەی دا هەر سێکیان چاوی چەپیان کوێر بوو. زۆری لاعەجایب بوو! ئەمجا سەیری ئەو ٣ کیژە خوشکە شۆخ و شەنگەی کرد دیسان سەری سوڕما! فەرموویان لە خەلیفە کرد، بۆ مەی نۆشین! وتی:

"نیازمە، بچمە حەج".

ئەمجا دەرگاوان سفرەی رەنگاورەنگی خواردنی راخست. گۆزە ئاوی خستە سەر و بەفری تێکرد. خەلیفە سوپاسی کرد و بە خۆی وت:

"سبەینێ لە سەرا پاداشتی ئەم مەردایەتیەی دەدەمەوە!".

خانمی کە خزمەتیانی دەکرد، کە کاری نەما دەستی خوشکاشەی گرت و وتی:

"خوشکه با بچین قەرزەکانمان بدەینەوە!"دوو خوشکەکەی دی وتیان:
"بەڵێ باشە".
دەرگـاوان پێشـیان کـەوت و ڕۆیشـتن. دوای ئـەوەی سـفرە و دەورووبـەری لـە پاشمـاوەی توێکڵ و خواردن پاك کردەوە مۆم و بخوردی داگیرسان. قەلەندەریەی بردە بەرهەیوانێك و ئـەبو جەعفـەر و خەلیفـە و مەسروریشـی بـردە بـەر هـەیوانێکی دی. شـیراندی بـە سـەر حەماڵەکەدا و وتی:
"چەند بێبەزەیت ! خۆ تۆ... نامۆ نیت و خانەخوێی!"
حەماڵ هەستا و خۆی گورج کردەوە و وتی:
"چیت دەوێت؟"
کیژەش وتی:
"لە شوێن خۆت بوەستە!"
خوشکاشە لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا کورسییەکی دانا. ئەمجا لە حەماڵەکەی وت:
"یارمەتیم بدە!"
ئەویش دوو دەڵە سەگی ڕەشی زنجیر کراوی بینی: وتی:
"بیان گرە!"
ئەویش بۆی گرت. کیژەی خانەخوێ، قامچیەکی هێنا و وتی:
"سەگێکیان بێنە بەردەمم!".
کە سەگەکەی بردە بەردەمی سەگە دەگریا و سەری بۆ کیـژە دەلەرزانـد. ئیـدی کەوتـە قامچی لێدانی، تا هەموو سەروچاوی خوێناوی کرد. هێندەی لێدا تاکو مەچەکەکانی ماندوو بوون. ئەمجا کیژە قامچیەکەی فڕێدا و باوەشی بە سەگە ڕەشەکەدا کرد و بە سەریدا گریا و سەری ماچ کرد. ئەمجا بە حەماڵەکەی وت:
"ئەمەیان بگرە و ئەوی دی بێنە بۆم".
کە حەماڵەکە ئـەوی دی هێنایـە بەردەست، ئەویشی بـە هـەمان شـێوە ئەشکەنجە دا و ئەمجا بۆی گریا و سەری ماچ کرد. ئیدی خەلیفە ئارامی لەبەر هەڵگیرا و دەیویست، هەواڵی ئەم دوو سەگە بزانێت. بۆیە، چاوێکی لە جەعفەر داگرت. جەعفەریش بـە هێمایـەك تێـی گەیاند:
"کە بێدەنگ بێت..... مەرجەکەی لە بیر بێت".
ئەمجا کیژە، بە کچە دەرگاوانەکەی وت:
"هەستە چیت لە سەرە بیکە!"
ئەویش وتی:
"بە چاوان".

ئەمجا هەستا و چووە سەر چرپایەکە کە لە داری عەرعەر دروست کرابوو. نەخشی ئاڵتونی لێدرابوو. ئەمجا بە خوشکاشە و دەرگاوانی وت:

"چیتان هەیە بیهێنن".

دەرگاوان لە سەر کورسی و لای خۆیەوە دانیشت. خوشکاشەش خۆی کرد بە گەنجینەدا و توورەکەیەکی ئەتڵەسی هێنا: هێڵەکانی سەوز و گرێچنی ئاڵتون بوو. ئامێرێکی (عوود)ی دەرهێنا. ژێیەکانی نەسب کرد.... ئەمەی وت:

| | |
|---|---|
| خەو بۆ چاوانم بگێڕنەوە | ژیری هەڵاتووم بۆ بێننەوە |
| کە تاسەی ژیری و خەوی خۆمم کرد | وتیان: تۆراون بیان هێننەوە |

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو...... بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٠

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە، ئەی پاشای بەختیار.. خاوەن بڕیار:

کە کیژە جوانەی خانەخوێ ئەو گۆرانیەی بیست ٣ جاران وتی:

"ئاخ.... ئاخ...... ئاخ".

بەرگی لەبەر خۆیدا دادڕی و لە هۆش خۆی چوو. کە خەلیفە لەشی رووتی بینی.... جێگای قامچی پێوە دیار بوو. زۆر عەجایەبی لێهات! کیژە دەرگاوان، ئاوی بە دەم و چاودا پرژاند و بەرگی تری بۆ هێنا و گۆڕی. هەموویان خەریکی بوون و پەژارەیان بۆ خوارد. بێ ئەوەی چیرۆکی ئەم کیژە بزانن!

خەلیفە لە جەعفەری پرسی:

"تۆ چ گومانێك لەم کیژە و لەو شوێن قامچیانەی سەرپشتی دەکەیت؟ من ئارام ناگرم.... تا هەواڵی ئەمە و ئەو سەگە رەشانە نەبیستم!".

جەعفەر وەڵامی دایەوە:

"میرم، مەرجیان بۆ داناوین... کە هەڵنەقورتێنینە کاری خەڵکەوە.... با نەبین بە تووشی قسەی بێ کەڵکەوە!"

ئەمجا کیژۆڵە ئاسکەکە وتی:

"خوشکە گیان، دەست پێ بکە".

خوشکاشە وتی:

"بە سەرچاوان".

کە عودی خستە سەر سینە.... کەوتە ئەم تێچرینە:

گلەیی دووریت کە ئاوا دەکەین ئەدی پەنامان لە بۆ کوێ ببەین؟
بە تەتەرماندا سکالأمان نارد بلێی بە تاسەی دڵی خۆ بگەین؟
وشك بووینەوە بە خەمت کەچی نوقمی فرمێسکی سوێری دوو جۆگەین
ئەی نادیاری دوورە دەست ئەوا بۆ وێنەت دڵ و گیان دەڵێن جێگەین

کە گۆرانییەکە دووبارە بووەوە، کیژۆڵەکە هاواری کرد:

"بە خوا ..... خۆشە".

جارێکی دی کراسی بەری دادڕیەوە و بوورایەوە و کەوتە زەوی. دیسان خوشکاشە ئاوی بە دەم و چاویدا پرژاند. تاکو بە ئاگای هێنایەوە. کراسێکی دی لەبەر کردەوە. کیژە چووەوە جێی خۆی. ئەمجا جارێکی دی داوای لە خوشکەکەی کرد:

"دەی..... گۆرانیەکەم بۆ تەواو بکە..... چونکە هەر ئەمەم پێ دەبڕێت".

ئەویش عوودەکەی خستەوە سەر سنگ و بە هەمان ئاواز دەستی پێکردەوە:

سەرچاوەی ئەشکم: وا چۆڕایەوە کەچی بێ مەیلیت هەر نەبڕایەوە
دوورەپەرێزیت: کە بە ئەنقەستە بۆیە برینم: نوێ کرایەوە

کە ئەم هۆنراوەیەی بیست بۆ جاری سێیەم یەخەی خۆی دادڕیەوە و بوورایەوە و کەوتە سەر زەوی. قەلەندەر کە ئەمەی بینی وتی:

"خۆزگە هەر سەرمان بەم ماڵەدا نەکردایە و لە کەلاوەیەکدا بنوستینایە! ئەم دیمەنە جەرگ بڕەمان نەبینیایە!"

خەلیفە ئاوڕی لێدانەوە و پرسی:

"ئەمە بۆ وایە!؟"

ئەوانیش وەڵامیان دایەوە:

"ئێمەش سەرگەرمی ئەم نهێنییەین!"

خەلیفە وتی:

"ئەی.... ئێوە خەڵکی ئەم ماڵە نین؟"

قەلەندەرەکانیش وتیان:

"نە..... نەوەڵڵا، ئێمەش کەمێك پێش ئێوە هاتووینە ئەم ماڵەوە!" خەلیفە سەری سوڕما. وتی:

"بێگومان ئەم پیاوە، هەواڵیان دەزانێت!"

ئەوانیش چاویان لە حەماڵەکە داگرت، بۆیە لە وەڵامدا وتی:

"هەموومان بێ ئاگاین! من لە بەغدادا گەورە بووم، ئەمڕۆ. ئەم ماڵەم بینیوە!".

ئەوانیش وتیان:

"گەر لەگەڵ ئەوان بیت، خوا بتگرێت".

ئەمجا خەلیفە وتی:

"ئێمە حەوت پیاوین، ئەوان ۳ کچن. لە خۆیان بپرسن. وەڵامیان دایەوە ئەوە باشە! ئەگەر نا... بە زۆر لێیان دەردێنین!"

هەموو لە سەری ڕێکەوتن. جەعفەر وتی:

"من لەگەڵتان نیم، ئاخر ئێمە میوانی ئەوانین! وازیان لێ بێنن باشە. ئەوان مەرجیان بۆ ئێمە دانابوو، ئێمەش پەسەندمان بوو شەو هێندەی نەماوە، با هەر یەکەمان بە لایەکدا بڵاوەی لێ بکەین!"

ئەمجا چاوێکی لە خەلیفەش داگرت و پێی وت:

"سەعاتێکی شەو ماوە، دوانیوەڕۆی سبەینێ، بانگیان بکە بۆ سەرای حوکمڕان و چیرۆکەکەیان پێ بگێڕەوە!".

خەلیفە شیراندی بە سەریانا،"ئارامم لەبەر هەڵگیراوە، با قەلەندەر لێیان بپرسێ. جەعفەر وتی:

"ئەوە هەر قسە نییە!"

ئەمجا کەوتنە دان و ساند- بڕیاریان دا کە حەماڵەکە لێیان بپرسێ، کیژەی خانەخوێ لە کوڕەکەی پرسی:

"خەڵکینە ئەوە بۆچی سەرتان لێ تێکچووە؟". حەماڵەکە وتی:"خانمەکەم ئەمانە، دەیانەوێت، هەواڵی ئەو دوو سەگە ڕەشە بزانن و بەسەرهاتەکەیان ببیستن! بۆچی خوشکەکەت بە قامچی لێیان دەدات؟ و بڕۆ بەخێر هاتی".

کیژەی خانەخوێ پرسی:

"بەڕاستتانە؟"

جەعفەر نەبێت، هەموویان وتیان:

"بەڵێ".

ئەمجا پێیانی وت:

"بە ڕاستی میوانەکان، ئازارێکی زۆرتان بە من گەیاند! ئێمە مەرجی هاتنە ژوورەوەمان بۆ دانەنان؟ ئەمان وت: هەڵمەقورتێنە کاری خەڵکەوە... تا .... نەبیت بە تووشی قسەی بێ کەڵکەوە! ئەوەندە بەس بوو، بۆتان کە بە میوان ڕامان گرتن. نانی ئێمەتان خوارد و ئەمەکتان کردین! تاوانی ئێوە نییە تاوانی ئەوانەیە کە ئێوەیان بە ئێمە گەیاند".

ئەمجا مەچەکی ڕاوەشاند و ۳ جاران پێی بە زەویدا دا. وتی:

"خێرا بکەن"

دەرگایەکی بەردینی ئەستور کرایەوە و ۷ قوڵە ڕەشی دەست بە شمشێر هاتنە دەر. ئەمجا فەرمانی پێدان:

"ئەو چەنە بازانە، قۆڵبەست بکەن. دوو دوو بەیەکەوە".

کارەکەیان جێبەجێ کرد. ئەمجا وتیان:

"خانم ریمان بده سەریان بپەڕێنین".

کیژۆڵەی خانەخوێ وتی:

"سەعاتێك مۆڵەتیان دەدەین، با... خۆیان پێم بناسێنن. دواتر لە گەردنیان بدەن".

حەماڵەکە بانگی کرد:

"خوا سایە پۆشت بێت، خانم من کە هەڵەیەکم نەکرد و ئەوان پرسیاریان کردووە، ئیدی من بۆ بکوژرێم!؟ بەو خوایە ئەم قەلەندەرانە، نەبوونایە میوانمان ئەم شەوە خۆشمان لێ تێك نەدەچوو! ئەمانە بچنە هەر شارێکەوە کاولی دەکەن!"ئەمجا ئەم هۆنراوەیەی وت:

| | |
|---|---|
| لێ بوردن خۆشە: لە بێ دەسەڵات | تایبەت لە یەکێك کەس خەمی نەخوات |
| توو: ئەو پیرۆزییەی لە نێواندایە | (رفتان) دۆ و دۆشاو باتێکەڵ نەکات |

کە حەماڵ لە شیعرەکە بووەوە، کیژە دەستی کردە پێکەنین: ئەمجا هاتە لای کۆمەڵەکە و وتی:

"هەواڵی خۆتانم پێ بڵێن. یەك سەعاتتان لە ژیاندا ماوە! گەر ئێوە لە دەوڵەمەندان و سەرانی مەملەکەت نەبوونایە نەتان دەوێرا پرسیارتان بکردایە!"

خەلیفە بە جەعفەری وت:

"بەڵا لێت بدا، با زمانت شیرین بێت، ئەمجا پێی بڵێ من کێم! تا.... بە هەڵە نەیکوشتوین".

جەعفەر وەڵامی دایەوە:

"لێ گەڕێ هەر ئەوە دەهێنێت!!"

خەلیفە لێی توورە بوو وتی:

"ئاخر..... ئێستا کاتی سوعبەتە؟"

کیژەش چووە لای قەلەندەرەکان و پێی وتن:

"ئێوە بران؟"

وتیان:

"نەخێر..... ئێمە عەجەم و هەژارین".

ئەمجا لە یەکێکیانی پرسی:

"تۆ هەر بە لارکوێری لە دایك بوویت؟"

ئەویش وتی:

"نەخێر..... بەسەرهاتی لە دەست دانی ئەو چاوەم هێندە عە..یبە کە گوێ وایە.... بە ئاوی ئاڵتوون بنووسرێ و بنەخشێ.... تا سوود بە هەمووان ببەخشێ!؟"

یەکە.... یەکە لە دوانەکەی تری پرسی.... ئەوانیش بە هەمان شێوە وەڵامیان دایەوە. ئەمجا هەموویان تێیان گەیاند، کە هەر یەکەیان کوڕە پاشا و حاکمێکن و هەر یەکەشیان لە مەملەکەتێکەوە هاتوون".

ئەمجا پێی وتن:

"هەر یەکەتان، بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە، بۆچی گەیشتوونەتە ئێرە.... ئەمجا دەست بە سەریەوە، دەگرێت و دەڕوات بە ڕێی خۆیەوە". یەکەم کەس حەماڵەکە دەستی پێکرد:

"من حەماڵیم دەکرد. خوشکاشە دوای خۆی خستم و لە ماڵی (نباز) هێنامیە دەر و بەرەو دوکانی قەساب و لەوێوە بۆ دوکانی میوەفرۆش، ئەمجا بۆ لای چەرەس فرۆش و شیرینی فرۆش ئەمجا دوکانی بۆن فرۆش دواتر بۆ ئەم ماڵە! ئیدی ئەمەم بە سەرهات کە دەیبینی!! ئیتر خۆشیتان".

کیژۆڵەی خانەخوێ بە پێکەنینەوە وتی:

"دەست بخە سەرسەرت و برۆ بەرێی خۆتەوە".

حەماڵەکە وتی:

"بەخوا .... ناڕۆم تا بە سەرهاتی ئەوانی دی نەبیستم....!".

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.... بێدەنگ بوو.

## شەوی ١١

## چیرۆکی قەلەندەری یەکەم

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە، ئەی پاشای بەختیار.... خاوەنی بریار:

قەلەندەری یەکەم چووە پێشەوە و وتی:

"خانمەکەم باوکم و مامەم دوو پاشای، دوو شاری جیاواز بوون، وا ڕێکەوت کە دایکم و ئامۆژنم لە یەك ڕۆژدا... دوو کوڕیان بوو. ساڵان ڕۆیشت.... من و ئامۆزاکەم گەورە بووین.

ئیدی زوو زوو دەبوومە میوانی ئامۆزاکەم... ئەویش ڕێزی دەگرتم و مەڕی بۆ سەر دەبڕیم. جارێکیان کە هەر دووکمان دەمان خواردەوە و خەیاڵ بووین.... پێی وتم:

"ئامۆزا ..... پێویستییەکی زۆرم پێتە، بۆ ئەو کارەی دەمەوێت بیکەم".

منیش وتم:

"بەبان چاو".

ئەمجا قورئانی دام. کە لە سوێندە گەورەکانە."

هەستاو، ڕۆیشت. هێندەم زانی ژنێکی دوای خۆی خست بوو، گەڕایەوە لام کە هێندەی خشڵ پێوە بوو، بایی پارەیەکی زۆر بوو. ئەمجا ڕووی کردە من و وتی:

"ئەم ژنە ببە بۆ فلان گۆڕستان، بیخە گۆڕیچەیەکەوە و چاوەڕێم بکە... تا دێم!"

لەبەر ئەوەی سوێنی گەورەم خواردبوو. نەمتوانی ئەو کارە نەکەم و قسەی بشکێنم ژنەکەم لەگەڵ خۆم گەیاندە ئەو گۆڕستانەی ئەو بۆ وەسف کردبووم و پێکەوە لە گۆڕێکی هەڵکەندراودا دانیشتین. هێندەی پێنەچوو ئامۆزاکەشم پەیدا بوو، قاپێک ئاو و توورەکەیەك گەچ و پاچێکی لەگەڵ خۆی هێنابوو. چووە ناوەڕاستی گۆڕستانەکە. گۆڕێکی یەکالا کردەوە. بەردەکانی هێنایە لامان. ئەمجا کەوتە هەڵ کەندنی گۆڕە هەڵکەندراوەکەی کە ئێمەی تێدا بووین. دەرگایەکی ئاسنینی دۆزیەوە کە کردیەوە.... پەیژەیەکی پێوە بوو، ئەمجا ڕووی کردە ژنەکە و وتی:

"بە دەست خۆت نییە هەڵبژێریت".

ژنەکە بە پەیژەکەدا چووە خوارەوە. ئەمجا بە منیشی وت:

"ئامۆزا.... ئێستا منیش دەچمە خوارەوە، دوای من دەرگاکە دابخەرەوە گۆڕەکە دابپۆشەوە، ئەوە گەچم بۆ هێناویت. ئەوەش تەشتێك ئاوە گەچەکە بە ئاوەکە بگرەوە. چوار دەوری گۆڕەکە بەو بەردانە هەڵبچنەوە ئەوە ساڵێکە لێرەدا شەوانە کار دەکەم. ئەم هێشتووە کەس پێم بزانێت! کە ئەومت کرد. بگەڕێوە. ئەوە بوو ئیشەکەم بە تۆ...!!"

ئەمجا منیش چۆنی پێ وتم.... وام کرد. لە کاتێکدا وەکو بەد مەستێك وڕوکاس بووم گەڕامەوە کۆشکی مامم. مامیشم لە ڕاو و شکار بوو.... ئەو شەوە لێی نووستم کە ڕۆژ بووە کەوتمە بیر کردنەوە، لە ئامۆزاکەم. پەشیمان بوومەوە لە یارمەتی دانی. پێم وابوو، خەونم بینیوە. ئەمجا ڕۆیشتم و گۆڕستانەکەم دۆزیەوە گۆڕ بە گۆڕی گۆڕستانەکە گەڕام. ئەو گۆڕەم نەدۆزیەوە.. کە گەڕامەوە هیچم نەخوارد و هەر بیرم بە لای ئامۆزاکەمەوە بوو.

ئەو شەوەیش بە خەفەتەوە سەرم نایەوە. ٧ ڕۆژ من گۆڕستانەکان گەڕام.... بەلام بێ سوود بوو. کە بێ ئومێد بووم گەڕامەوە ماڵی خۆمان. کە گەیشتمە شارەکەی خۆم خێرا قۆڵبەستیان کردم. زۆرم پێ سەیر بوو. ئاخۆ.... چۆن دەبێت کە دەست و پێوەندەکانی باوکم من بگرن!!؟ هەر چەند پرسیم.... وەلامیان نەدامەوە، دواتر یەکێك لە خزمەتکارەکانم، لە پەناوە پێی وتم:

"زەمانە غەدری لە باوکت کرد و وەزیرەکەی ڕاپەڕینی دژی کرد و باوکتی کوشت و لە جێی دانیشتووە و پاشایە، فەرمانی بە ئێمەش داوە، کە تۆمان بینی بتگرین! ئێمەش بە شوێنت دا دەگەڕاین".

کە منیان برد لە هۆش خۆم چووبووم. لە کۆنەوە ڕقەبەرایەتیم لەگەڵ وەزیردا بوو! چونکە ئارەزووی ڕاو شکارم هەبوو. تیر و کەوانم هەبوو- جارو بارێك دەچوومە سەر بانی کۆشك و ڕاوی باڵندەم پێ دەکرد- ڕۆژێکیان کە لە سەربان بووم- باڵندەیەك بە سەر بانی

کۆشکی ئەم وەزیرەوە نیشتەوە، منیش تیرێکم تێ گرت. بەلام ئەم پێکا، قەزا و قەدەر وابوو.... چەقی بە چاوێکی وەزیردا و کوێری کرد.

| | |
|---|---|
| هەڵەیەکمان کرد لە سەرمان نووسرا | کە بە سەریشتدا رۆیی و تێپەڕا |
| مرۆڤ ئاواتی کام خاك و ئاو بوو | لەوێ مردووە و لە گۆڕیش نرا |

وەزیر نەیوێرا، تۆڵەم لێ بکاتەوە. چونکە باوکم پاشای شار بوو، بەلام ئەو دوژمنایەتیە هەر مایەوە. کە بە قۆڵبەستی منیان بردە بەردەمی یەکسەر فەرمانی دا لە ملم بدەن! منیش وتم:

"لەبەرچی دەمکوژی!؟"

وەزیریش لە وەلامدا دەستی برد بۆ چاوە کوێرەکەی وتی:

"لەمە تاوانتر، هەیە!!؟"

منیش وتم:

"ئەوە، هەڵەیە بوو، روویدا".

وەزیریش وتی:

"ئەگەر تۆ بە هەڵە ئاوات لێ کردم... من بە ئەنقەست وات لێدەکەمەوە".

ئەمجا وتی:

"بیهێننە پێشەوە".

کە نزیکیان کردمەوە، لە وەزیر پەنجەی درێژ کرد و کردی بە چاوی راستما... تاکو دەری نەهێنا.. کۆڵی نەدا...!! ئیدی لەو کاتەوە: لارکوێرم، وەکو دەم بینن...ئەمجا فەرمانی دا شمشێردار کە بمخاتە سندوقێکەوە و بۆ دەری شار و لەوێ لە سەرم بدات و لاشەکەم جێ بێڵێت بۆ باڵندەکان.... تاکو بمخۆن.

شمشێردار بەو شێوەیە متی گەیاندە دەرەوەی شار و چۆڵەوانی..... ئەمجا لە سندوقی دەرهێنام. چاوی بەستمەوە، تاکو لە ملم بدات و بمکوژێت. هێندە بە کوڵ گریام ئەویش دەستی کردە گریان. ئەمجا ئەم شیعرەم وت:

| | |
|---|---|
| بۆ بەرگری من ئێوە قەلا بوون | ئێستاش بۆ گیانم ئێوە بەلا بوون |
| نە لە نەیاران دەمان پارێزن | نە لە دوژمنان دەم بە هەلا بوو |
| ئێوە هەر وەکو تیری ئاراستە | تەنیا بۆ سنگی من بەرەلا بوون |

شمشێردار کە سەردەمی باوکیشم هەر شمشێرداری بوو، چاکەی زۆرم بە سەریەوە هەبوو، بۆیە وتی:

"با بەندەی فەرمان پێدراویش بم..... کاری وام بەرامبەر بە تۆ پێناکرێت!".

ئەمجا رووی تێکردم:

"پیاوی چاك بە، ئازادم کردی، سەری خۆت هەلگرە و ئەم شارە جێ بێڵە. منیش و خۆیشت لە مردن رزگار بکە".

وەکو ئەم شیعرە:

| | |
|---|---|
| کە تووش بوویت گیانی خۆت بکرەوە |ماڵی وێران بووت لە بیر بەرەوە |
| خانوو بەرەکەت هەر دەبێتەوە | خۆت تیا چوویت بوویت بە زەرەرەوە |
| شێر کە وا: ملی زۆر ئەستوور بووە | پاڵپشتی نەبوو، کەس لە دەرەوە |
| ولا تبعث رسولك خ مهم | فما للنفس نامحه خلاها |
| وما غلطلت رقاب الاسد حتی | بانفسها تولت ماعناها |

ئەمجا دەستم ماچ کرد و رزگار بوونم لە مل پەڕاندن خەمی لارکوێریەکەی ئاسان کردم. شارم جێ هێشت و بەرەو شاری مامم بوومەوە. ئەمجا باسی تیاچوونی باوکمم و کوێر بوونی چاوی راستم بۆ گێڕایەوە. مامەم گریانێکی بە کوڵ گریا پێی وتم:

"خەرمانێکی دیت، خستە سەر خەرمانی خەمم، ئاخر..... ئامۆزاکەت ون بووە و نازانم چی لێ بە سەر هاتووە. کەسێکیش هەواڵێکی ئەوی بۆ نەهێناوم".

هێندە گریا تاکو بوورایەوە، ئیدی منیش سەرەڕای خەمی خۆم، خەمێکی زۆریشم بۆ مامم خوارد. مامم ویستی چاوم تیمار بکات، بەڵام تێیان گەیاند کە تیمار کردن سوودی نییە. منیش ئیدی نەمتوانی بێدەنگ بم..... بۆیە بەسەرهاتی کوڕەکەیم بۆ گێڕایەوە. کە ئەم هەواڵەی بیست زۆری پێخۆش بوو، ئەمجا وتی:

"هەستە، ئەو گۆڕستانەم پێشان بدە".

منیش وتم:

"مامە گیان منیش بۆم نادۆزرێتەوە، چونکە چەندین جار بە تەنیا چووم — سوودی نەبووە".

ئەمجا پێکەوە چووین. سەیری ئەملا و ئەولام کرد. دۆزیمەوە زۆر دڵمان خۆش بوو. دەرگاکەمان دۆزیەوە و پەنجا پلەیەك بە پەیژەکەدا چوینە خوار. هەر دابەزین دوکەڵێك پەیدا بوو. مامم وتی:

"لا حول و لاقوت الا بالله العلی العظیم". رۆیشتین، رۆیشتین تاکو گەیشتینە هۆڵێك پڕ بوو لە ئارد و گەنم و خواردن و خواردنەوە، لە ناوەراستی هۆڵەکەدا (کلە)یەکمان بینی چرپایەکی لەسەر بوو، کە مامم سەیری چرپاکەی کرد کوڕەکەی و ئەو ژنەی بینی کە کاتی خۆی لەگەڵیدا بوو، بەڵام.....دەتوت، لە تەنوردا دانراون. بووبوون بە خەڵووز.... کە مامم ئەوەی دی تفێکی لە کوڕەکەی کرد وتی:

"هەر ئەمە دەهێنیت ئەمە سزای ئەم دنیاتە... سزای ئەو دنیات ماوە! کە لەمە توندترە!".

ئەمجا قەلەندەر وتی:

"مامم پێڵاوەکەی داکەند و کێشای بە کوڕەکەیدا"

منیش زۆرم پێ سەیر بوو....! وتم:

"مامە گیان، ئەو رقە لە دڵت دەریکە.... من خەریکە دڵم بتەقێت لە تاو ئامۆزاکەم و ئەم کیژە، کە ئاوا بوونەتە کۆی زووخاڵ. تۆی پێڵاویان پێدا دەکێشیت!".

ئەویش وتی:

"برازا ئەم کوڕەم هەر لە منالیەوە، ئالوودەی خوشکەکەی بوو. منیش رێگریم دەکرد. بە خۆشیم دەوت ئەمانە منالن مەترسی نییە!"

کە گەورە بوون، بە توندی لێم دا و بەرهەڵستم کرد و پێم وت:

"ئەم کارە، تێپەڕێنە، تاکو لە نێو پاشایاندا، بە نرم و ناوازە ناو نەبرێیت! تا دنیا دنیایە، ناوت لە ناوانا نەبێت! گەر واز نەهێنیت لە خوشکەکەت دەتکوژم. ئەمجا لە یەکم دوور خستنەوە. تۆمەز کچە خیانەتکارەکەشم ئەوی خۆش دەویت! ئیدی دیارە ئەویش ئەم شوێنەی بۆ خۆی و خوشکەکەی بە دزی منەوە دروست کردووە. هەموو پێداویستی بۆ بردووە و زەخیرەی خواردنی خستووە! هەلی چوونە راو و شکاری منی قۆستۆتەوە و خوشکەکەی هێناوەتە ئێرە... !! ئیدی حەقی خوای بە سەردا رژاوە و ئاو سووتاندوونی! سزای ئەو دنیای یەزدانیش لەم سزایە توند و تیژترە!!"

دەستی کردە گریانێکی بە کوڵ، منیش لەگەڵیدا زۆر گریام. ئەمجا سەیرێکی کردم و وتی:

"ئێستاش، تۆ کوڕی منیت و دەتخەمە شوێنی کوڕەکەم".

ئەمجا گۆڕە هەڵکەندراوەکەمان پڕ کردەوە، گەڕاینەوە. من هەر بیرم بەلای کوژرانی باوکم و لە دەست دانی کورسی دەسەڵات و جەرگ سوتانی مامەوە بوو!! کە گەیشتینەوە کۆشك هێشتا نەحەواینەوە کە گوێمان لە دەنگی تەپڵ و بۆقیە و گەڕەنایە، چاومان لە شمشێری هەڵکێشراو و رمێکی زۆری بێ کۆتایە، تەپ و تۆزێکە چۆن بڵێیت وایە!

ئەسپی سەرازە و سمکۆڵان دەکا. دەست و یەخەیە و واتا تاڵان دەکا! ئێمەش سەراسیمە بووین! نەمان دەزانی چی بکەین!؟ کە هەواڵم پرسی وتیان:

"سوپای وەزیرە کۆنەکەی باوکتە و هێندە زۆرن لە ژمارە نایەن. عارەبانەی جەنگی و پیادەیەکی زۆری هێناوەتە سەر شارەکەمان. هێزیش نییە رێگەیان پێ بگرێت! لە پڕدا داویانە بە سەر شارەکەدا و دانیشتوانیش بەرگریان لە خۆیان پێنەکراوە و شارەکەیان داوە بە دەستەوە...!!"

مامەم لە شاردا مایەوە، من لە ترساندا هەڵاتم بەرەو قەراخ شار بەخۆم وت:

"بەردەستی بکەوم دەمکوژێت".

ئیدی پەژارەکەم گرانتر بوو، تیا چوونی باوکم و ئامۆزاکەم و مامەم بیر کەوتەوە و زانیم گەر لە شاردا بمێنمەوە سەربازانی وەزیر، دەمناسنەوە و دەمگرن و تیا دەچم. بە بیرمدا هات: سەر و سمێڵم تاشی و جل و بەرگی هەژارانم لەبەر کرد و هاتمە ئەم شارە....

ئەمجا لە کەسێك دەپاڕێمەوە بمگەیەنێتە دیوەخانی میری موسڵمانان. بۆ ئەوەی چیم بە سەر هاتووە، بۆی بگێڕمەوە. ئەم شەو گەیشتمە ئەم شارە و ئەم کۆستەی ترم بینی و سڵاوم لێ کرد و وتم:

"من نامۆم"

ئەویش وتی:

"منیش!"

ئێمە لەم قسانەدا بووین کە ئەم کۆستەیەی دی سڵاوی لێ کردین و وتی:

"من نامۆم".

شەو تاریکتر بوو، ئێمەش بە رێدا دەهاتین. تاکو قەدەری خوا بەرەو ئێوەی هێناین ئەوا چاویان دەرهێنام و سەر و سمێڵم تاشرا....! کیژەی خانەخوێ وتی:

"دەست بخە سەر سەرت و برۆ بەرێی خۆتەوە!!"

ئەمیش وتی:

"بە خوا نارۆم ... تاکو بەسەرهاتی ئەوانی دی، نەبیستم!"

هەموویان سەرزیان لە قسەکانی سورمابوو. خەلیفەش بە جەعفەری وت:

"بەو خوایە، بە سەرهاتی وەکو ئەوەی ئەم کۆستەیەم نەبیستووە و نەبینیوە!"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو... بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٢

## چیرۆکی قەڵەندەری دووەم

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە، ئەی پاشای بەختیار.... خاوەنی بڕیار:

کۆستەی دووەم: هاتەپێش و کڕنوشی برد و وتی:

"خانم.... من بە لار کوێری لە دایك نەبووم! بەسەرهاتێکی سەیرم هەیە.. دەهێنێ بە ناوی ئاڵتون بنووسرێت من کوڕە پاشا بووم. قورئانم بە هەر ٧ ریوایەتەکەیەوە خوێند بوو. چەندین کتێبم خوێند بوون! زانستی ئەستێرەناسی، کۆششم لە هەموو زانستەکاندا کرد. تاکو: لە نێو زانایانی دەورووبەرمدا پێشینە بووم. دەست و خەتم لە هی هەموان نایاب تر بوو. شیعری شاعیرانم خوێند بوو. لە نێوەندی هەرێمەکاندا لەسەر زمانان بووم. ناوبانگم گەیشتە لای پاشای هیندستان، دیاری بۆ باوکم نارد و بانگهێشتی منی لێ کردبوو. باوکم ٦ پاپۆڕی بۆ ئامادە کردم و رەوانەی کردم. مانگێك بە سەر دەریاوە بووین. ئەمجا لە وشکانی کاروانمان ئامادە کرد. لە ئەسپ و باری ١٠ وشتر دیاریمان پێ بوو. ماوەیەك کاروان بەرێدا رۆیشت. هێندەمان زانی تەپ و تۆز بەری رۆژی گرت. دوای نزیکەی سەعاتێك تەپ و تۆز

رەوییەوە. ٥٠ سوار دەرکەوتن. مەچەك وەك ئاسن و زرێ پۆش. بۆمان دەرکەوت کە ئەمانە عەرەبی جەردە و رێگرن. رێبواران رووت دەکەنەوە. کە ئێمەیان بە ١٠ باری وشترەوە بینی و زانیان ژمارەمان کەمە پەلاماریان داین و تەورێکی دوودەمیان هاویشتە نێوانمانەوە، ئێمەش زمانیانمان نەدەزانی، بە ئیشارەت تێمان گەیاندن کە (ئەمانە دیاری پاشای هیندستانن- ئازارمان مەدەن! ئێمە نوێنەری ئەوین".

ئەوانیش وتیان:

"ئێمە لە زەوی ئەودا نین..... تاکو لە سایەی حوکمرانی ئەودا بین".

ئەمجا چەند خزمەتکارێکیان لێ کوشتین! من بە بریندار بوونێکی خستەوە لەگەڵ ئەوانی تردا هەڵاتم! ئەوان سەرقاڵی ئەو هەموو دیاریە بە نرخانە بوون و کۆڵیان لە ئێمەدا... بە سەنگینی و رێزەوە هاتم.... بە رسوایی و سەرشۆڕیەوە رۆیشتم و خۆیشم نەمدەزانی بۆ کوێ بچم!!؟ هەر رۆیشتم تا گەیشتمە سەر کێوێکی بڵند. ئیدی چوومە ئەشکەوتەکەوە. لێی نوستم تاکو بەیانی.

بەیانی دەستم بە رۆیشتن کردەوە، تاکو گەیشتمە شارێکی ئارامی پارێزراو بە دیوارێکی بڵند. چوار دەور گیراو. چوومە ناوشار ئاو و هەوا فێنك وەرز بەهار بوو دارو درەخت چرۆیان کرد و سەوز بوونەوە، دەشت و دەر بە گوڵ رازایەوە، رووبارەکان ئاویان فرە بوو، بولبولان ئاوازیان دەچری، هەر وەکو چۆن شاعیرێك دەڵێت :

| | |
|---|---|
| هەوار چی تیایە دیارییەکە بۆ | نیشتەنی ئاوی بە بێ گفتوگۆ |
| دەڵێی بەهەشتی رەنگینە ئێرە | هێندە پێی شادن: هەر مەپرسە تۆ ! |

کە زۆر ماندوو بووم، دڵخۆش بووم. خۆم کرد بە دوکانی بەرگدووریەکدا، و سڵاوم لێکرد، بەخێری هێنام و زۆر رێزی گرتم و هۆی نامۆ بوونی لێ پرسیم. منیش لە نووکەوە بۆم گێڕایەوە زۆری پەژارە بۆ خواردم ئەمجا ئامۆژگاری کردم:

"کوڕی لاو، هێندە بەسەرهاتی خۆت بۆ ئەم و ئەو مەگێڕەوە. چونکە پاشای ئەم شارە زۆر رقی لە باوکتە و تۆڵەی لای باوکتە".

شەو بردمیەوە و تێری کردم و دەمەتەقێمان کرد. ئەمجا جێگایەکی لە سووچێکی دوکانەکەیدا بۆ ساز کردم و ٣ شەو تێیدا مامەوە. ئەمجا لێی پرسیم:

"ئەرێ، هیچ پیشەیەك نازانیت؟"

پێم وت:

"فەقێ و زانام، خۆشنووس و ژمێریارم".

پێی وتم:

"پیشەکەت لای ئێمە بازاڕی نییە! خەڵکی ئەم شارە، هەر پارە پەیدا کردن دەزانن".

منیش وتم:

"دە..... بە خوا، لەوانە زیاتر هیچ پیشەیەك نازانم".

ئەویش وتی:

"کەواتە خۆت توند بکەرەوە و تەوراس و گوریسێك بەرە و برۆ بۆ شاخ. دار بکە تا خوا دەروویەکت لێ دەکاتەوە!! مەهێڵە کەس بتناسێت، با نەتکوژن!"

ئەمجا تەور و تەوراس و گوریسی بۆ کڕیم. ئەمجا دەستی دام بە دەست چەند دار فرۆشێکەوە ئامۆژگاری کردن، کە ئاگایان لێم بێت. ئەو رۆژە داری خۆم کرد و بە گوریس بەستم و دام بە کۆڵمدا و هێنامەوە شار و کۆڵە دارەکەم فرۆشت بە دینارێك نیوەیم خەرج کرد و نیوەیم هەڵگرت. ساڵێکی رەبەق ئەمە پیشەم بوو.

رۆژێکیان وەکو جاران چوومە دەشت، بۆ دار کردن. چاڵێکم بینی، کە دارێکی زۆری تێدا بوو، منیش پێیدا گەڕام بنەدارێکی ئەستوورم بینی. چوار لام دایەوە، تاکو هەڵی بکەنم. تەورەکەم لەهەلەفەیەکی مس گیرا...! گڵەکەم لە سەر لادا، دەرگا و دیوارێکی خشتم بینی دەرگاکەم کردەوە، پەیژەیەکم بینی، پێیدا چوومە خوارەوە ئەمجا دەرگایەکی تر ئەویشم کردەوە دەروانم کۆشکێکە لەسەر جوانترین شێوە دروست کراوە، کیژێکی تێدا بوو، زۆر ناسك و نازدار و جوان. کە سەرنجم دا سوبحان الله بۆ دروستکەری وت. کە منی بینی پرسی:

"تۆ مرۆڤیت، یان جنۆکە؟"

وتم:

"مرۆڤم".

پرسی:

"کێ تۆی گەیاندە ئێرە؟"

وتم:

"٢٥ ساڵە لێرەم و کەسێکم نەبینیوە!"

منیش بۆم گێڕایەوە چۆن چۆنی هاتوومەتە ئێرە ئەمەی منی بە لاوە گران بوو وتی:

"منیش چیرۆکی خۆمت بۆ دەگێڕمەوە".

ئەمجا دەستی پێکرد:

"ئەوە بزانە کچی ئەمیتاموس شام خاوەنی دوورگەی ئەبەنوس. باوکم لە ئامۆزای خۆمی مارە کردم. شەوی بووکێنی دێوێك کە (جەرجیس)ی کوڕی (رخمۆس)ی خاڵۆزای (شەیتان) بوو فڕاندمی...! گەیاندمیە ئێرە...! هەر چییەك پێویستی ژیان بێت بۆی دەستەبەر کردم. هەر ١٠ رۆژ جارێك سەرم لێ دەدات. چیم پێویست بێت بۆم دێنێت! و دواتر جێم دێڵێت. پەیمانیشی داوە پێم هەر کاتێك پێویستم پێی بوو دەست بهێنم بە ئەو دوو دێڕە نووسینەدا، کە بە سەر ئەو گومەزە بچووکەوەیە! هێشتا دەستم هەڵناگرم لە بەر دەممدا ئامادە دەبێت!! ئێستاش ٤ رۆژی رۆیشتووە و ٦ رۆژی تر پەیدا دەبێت!" ئەمجا دەستی گرتم و لە بەرامبەر دەرگایەکی کلۆلم دراو، لە سەر سەکۆیەك و لە تەنیشت خۆیەوە دایناما سفرەی رازاندەوە بە خواردن. سەعاتێك دوای نان خواردن دەمەتەقێمان کرد.

ئەمجا پێی وتم:

"٢٥ ساڵە، کەسێکم نەبینیوە تەنیا و تەنیام لەم ژێر زەوییەدا. بۆیە گفتوگۆ نازانم، تەنگە چیکەڵانەم. ئێستاش سوپاس بۆ خوا کە تۆی بۆ ناردم!".

پرسی:

"ئەرێ لەگەڵ خواردنەوەدا چۆنیت؟"

وتم:

"بەدڵی خۆتم".

چووە گەنجینەکە شەرابێکی کۆنی سەرمۆری هێنا. بەدەم خواردنەوە ئەمەی وت:

| | |
|---|---|
| گەر دەمانزانی بە ئێمە دۆستی | لێوانی خۆمان بۆ رادەخستی |
| لە نێو چاواندا هەڵمان دەگرتی | تاکو بزانیت ....چەند خۆشەویستی |

کە ئەمەی بە سەر مندا هەڵدا؛ سوپاسیم کرد ئیدی دەمەتەقێمان کرد و پەژارەی بیر بردمەوە. هێندەم خواردەوە تا بەدمەست بووم! بەم لا و ئەو لادا دەهاتم، بە کیژەکەم وت:

"هەستە بابەت بەمەوە سەر زەوی و لەم دێوە رزگارت بکەم!"

پێکەنی و وتی:

"سەیرە بێت بتوانیت!!"

منیش کە زۆر سەرخۆش بووم وتم:

"هەر ئێستا ئەم گومەزە دەشکێنم. تۆیش دێوەکە بانگ بکە،چونکە من فێرە دێو کوشتنم!"

کە ئەمەی بیست زەرد هەڵگەڕا پاڕایەوە :"شتی وا نەکەیت!"و ئەم شیعرەی وت:

| | |
|---|---|
| دەزانی فەلەك کە شەڕەنگێزە | بە قوربان خۆتی لە بپارێزە |
| ئارام بە: بەخوا غەدری زەمانە | پشتت تێ دەکا و دەبیە بێگانە |

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو....... بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٣

شەهرەزاد وتی:"ئەی پاشای بەختیار، خاوەنی بڕیار:

دوای شیعرەکە شەقێکم لە گومەزەکە هەڵدا، کاتێکم زانی زەوی لەرییەوە و دنیا تاریک بوو. بریسکە پەیدا بوو. سەرخۆشیەکەم رەویەوە.

پێم وت:

"ئەمە چییە؟"

وتی:

"دێوەکە گەیشتە سەرمان! منت تووشی کرد خێراکە بەکوێدا هاتوویت بگەڕێوە خۆت قوتار بکە".

منیش هێندە ترسام تەورەکە و تاکێك لە پێڵاوەکەم لێ بە جێما! دوو پلیکانەم بڕی لام کردەوە زەوی قڵیشایەوە و دێوێك هاتە دەرەوە.

وتی:"چی روویداوە..؟"

کیژەش وتی:

"هیچ رووی نەداوە. خۆم دڵم تەنگ بوو دەستم کردە خواردنەوە، سەرم قورس بوو کەوتم بە گومەزەکەدا".

دێوەکە وتی:

"خائین، ئەوە درۆم لەگەڵ دەکەیت؟".

ئەمجا کۆشك گەڕا، کە پێڵاو تەورەکەی منی بینی وتی:

"ئەمە هی مرۆڤە! کێ هێناویێتی؟"

کیژەش وتی:

"ئێستا دەی بینم، خۆت نەت هێناوە؟"

دێوەکە وتی:

"ئەوە هەر نابێت!"

ئەمجا کەوتە ئەشکەنجە دانی، تا قسەی لێ دەربێنێت! لە ترساندا گیانم کەوتە لەرزین بە پەلە سەر کەوتمەوە سەر زەوی و دەروازەکەم داخستەوە و خۆڵمدایەوە بە سەریدا. دڵم هەر لای هاوار و ناڵەی کیژەکە بوو- پەشیمان بووم لەوەی کردم. چۆن ئەم کیژە ٢٥ ساڵ لە ژێر زەویدا بەرگەی گرتووە؟ ئێستاش بە هۆی منەوە چی بەسەرهات. بیرم لە رەنجی ساڵێکی دارفرۆشی خۆم کردەوە. ئەمجا دەستم کرد بەگریان و وتم:

"خۆشی هەتا سەر بۆ کەس نامێنێ فەلەك گورزی خۆی هەر دەوەشێنێ."

ئەمجا بەرەو شار بوومەوە بۆ لای بەرگدوور. بینیم چاوەڕێمە! پێی وتم:

"دوێنێ شەو خەیاڵم لای تۆ بوو. سوپاس بۆ خوا بێوەی گەڕایتەوە".

منیش سوپاسیم کرد و چوومەوە شوێنەکەی خۆم لە دوکانەکەدا. کەوتمەوە بیر کرنەوە لەو کیژە جوانە و شەق هەڵدانم لەو گومەزە بچووکە. من لەو سێ و دووەدا بووم کە بەرگدوورەکە هاتە لام وتی:

"پیاوێکی عەجەمی بە تەور و تاکە پێڵاوێکەوەکەتەوە چاوەڕێتە. پرسیاری (تەور) و (تاکە پێڵاوەکە)ی کرد: کە هی کێیە؟"

دارفرۆشەکانیش ناردوویانەتە ئێرە! بڕۆ (تەور) و (پێڵاوە)کەی لێ وەربگرە و سوپاسیشی بکە".

ئەمەم بیست زەرد هەلگەڕام. هێندەی پێ نەچوو کە زەویەکە لە ژێر پێم دا لەرزی و دێوەکەی لێ هاتە دەر: تومەز دێوەکە کاتی خۆی تووڕە بووە و وتویەتی:

"دەبێت ئەو مرۆڤە پەیدا بکەم. ئەگەرنا من جەرجیسی کوڕی ئیبلیس نیم!!"

زۆر گەڕاوە تا چووەتە لای دارکەران و پێی وتون: کە لە نوێژی بەیانی بوومەتەوە ئەم (تەور) و تاکە (پێلاو)ەم دۆزیوەتەوە نازانم هی کێن؟ ئێوە خاوەنەکەیم پێ بلێن. ئەمجا مۆلەتی قسە کردنی نەدام. پەلاماری دام و لە دوکانی بردمە دەرەوە و وا بە خێرایی فڕی و کردمییە ناخی زەویدا، هۆشم بە خۆم نەمابوو. کە بە ئاگا هاتمەوە لای کچەکەدا بووم. کە سەیریم کرد بێ ئاگا کەوتووە و خوێنی لێ دەڕوات. چاوانم پڕ بوون لە فرمێسك. ئەمجا کچەی ڕاوەشاند تاکو بە ئاگا هاتەوە و لێی پرسی:

"ئەمە نەبوو. هاتووە بۆ ئێرە؟"

کچەش سەیرێکی کردم و وتی:

"ئێستا ئەمە دەبینم!"

دوای ئەو هەموو سزایەش هەر دانی پێدا نانێیت؟

کچەش وتی:

"گوناهە لە خۆمەوە تاوانباری بکەم".

ئەگەر نایناسیت ئەوە شمشێر و ملی ببەڕێنە. ئەوی شمشێرەکەی وەرگرت و هاتە ژوور سەرم. چاوم لێ داگرت، تێگەیشت، ئەویش وتی:

"ئەمە هەمووی بە هۆی تۆوە بوو".

شێوەیەك سەیرم کرد وەکو داوای لێبوردن بکەم، کە مانای وابوو:

چاوێکم داگرت خێرا تێگەیی      نهێنی دلْمی هەر زوو پێ گەیی

فرمێسك لە چاوا بە قەتیس ماوی      ڕوومەتیش ڕەنگی بوو بە پەمەیی

کە ئەم شیعرەم تەواو کرد شمشێرەکەی فڕێ دا. ئەمجا وتی:

"چۆن سەری کەسێك دەپەڕێنم کە خراپەی بۆم بووە و نەئەیناسم؟ بە هیچ ئاینێك ڕاست نییە".

دێوەکە وتی:

"نە دەستت تێی دەچێت و نە دانیشی پێدا دەنێیت کە ئەو بووە".

ئەمجا دێوەکە ڕووی کردە من و پرسی:

"ئەی مرۆڤ تۆ ئەم ناناسیت؟"

منیش وتم: "لە ژیانما ئەمەم نەدیوە. ئێستا نەبێت".

ئەمجا پێی وتم:

"کەواتە..... ئەوە شمشێرە تۆ سەری ئەو ببەڕێنە. تاکو منیش تۆ ئازاد بکەم".

منـيش شمشێرەکەم بڵنـد کـردەوە لـە کچـەکە، کچـەش وا سـەیری کـردم وەکـو ئـەوەی بڵێت:"من کەمتەرخەمیم نەکرد لەگەڵت، تۆیش ئاوا رووبەرووم دەبیتەوە؟"

منیش چاوم داگرت. وەکو ئەوەی بڵێم: بە قوربانت بم چونکە تـۆیش بـە قوربـانی من بوویت و ئەو هەموو ئەشکەنجەیەت بەخۆت گەیاند:

هەر چەند بێدەنگ بوویت چاوت درکانی    لە دڵدا هەرچی کردووە پەنهانی
بە برژانگ هەمووی بۆ نووسیمەوە    لە سەر ئاوێنەی هەر دوو چاوانی

فرمێسك لە چاوانم داوەری و شمشێرەم لە دەست کەوتە خوارەوە. وتم:

"ئەی دێوەی قارەمان، ئازای پاڵەوان. ئەگەر کچێکی کەم ژیری و بێ ئـایین، قایـل نـەبوو سەری من ببەرێنێت. چۆن من دەتوانم سەری ئەو ببەڕێنم. کە نەدیوومـە و نـە دەیناسـم؟ گەر شەرابی مەرگیشم پێ بنۆشیت، کاری وا ناکەم؟"

دێوەکە وتی:

"نەخێر ئێوە یەکترتان خۆش دەوێت".

ئـەمجا شمشـێرەکەی هەڵگرتـەوە و هـەر چـوار پـەلی کچـەکەی پەڕانـد. منـیش بێچارە وەستابووم کە وام دەزانی مردووم. ئەمجا کیژەکە چاوانی تێبڕیم، وەکو ئەوەی ماڵئاواییم لێ بکات. دێوەکە شمشێرێکی لە ملی کچەدا و پەڕاندی. ئەمجا رووی کردە من و وتی:

"ئەی مرۆڤ دەبێت تۆیش بکوژم. پێم بڵێ، چۆن چۆنی بتکوژم؟"

"من داوای هیچت لێ ناکەم!"

دواتر وتی:

"کەواتە بڵێ، بە سیحر بتکەم بەچی؟ بە سەگ یان مەیمون؟"

منیش کە چاوەڕێی ئەوەم دەکرد لێم خۆش بێت وتم:"بە خوا، گەر لـێم خـۆش ببیـت، خوا لە تۆیش خۆش دەبێت، بەوەی کە لە موسڵمانێك خۆش بوویت".

هەر زۆر پاڕامەوە. وتم:

"ئـەی دێـو، تـۆ بـە لێبووردەییـەوە جوانیـت، هـەر وەکـو چـۆن بـە چـاوەوە بـوو، لـە چاوپیسەکەی خۆش بوو".

دێوەکە پرسی:

"ئەو بەسەرهاتە چۆن بوو؟"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........ بێدەنگ بوو.

# شەوی ١٤

## چیرۆکی چاوپیس و بە چاوەوە بووەکەی

شەهرەزاد وتی:

لاوەکە وتی: "منیش کە چاوەڕێی لێبوردن بووم ئەی پاشای بەختیار..... خاوەنی بڕیار، وتم:

"ئەی دێو.... دەڵێن، دوو پیاو لە شارێکدا دەژیان. دیوارێك لەنێوان خانووەکانیاندا بوو. یەکێکیان هەمیشە غیرەیی بەوی دی دەبرد و ئەوی تریش خێرا، خێرا بە چاوی ئەمەوە دەبوو. ئازارێکی زۆری بە دەستەوە چەشت بوو. تا کار گەیشتە ئەوەی، لە خواردن و خەویش بوو. بۆیە بڕیاری دا سەری خۆی هەڵبگرێت و شارەکەی بۆ جێ بهێڵێت. چونکە لە دڵی خۆیدا وتبووی:

"بەو خوایە.... دنیای بۆ چۆڵ دەکەم! هەر واز لە دنیاش دەهێنم لە داخی دا".

بۆیە گواستیەوە بۆ شارێکی تر و پارچە زەویەکی کڕی. زەویەکە بیرێکی تێدا بوو کەرەسەی خانووی بۆ هێنا و سوچێکی ئاوەدان کردەوە و تێیدا کەوتە خواپەرستی و پشتی کردە خۆشیەکانی دنیا. کە خەڵکی بەم پیاوەیان زانی خواپەرستە و بەخشندەیە، هەزاران روویان تێکرد. ئەم پیاوە چاکە ناوبانگی دەرکرد. هەواڵەکە گەیشتە دراوسێ چاوپیسەکەی. ئەویش هەندێ لە پیاو ماقوڵانی کۆ کردەوە و لەگەڵ خۆی بەرەو شاری بە چاوەوە بوو چوون. کە گەیشتنە ماڵی بەخێری هێنان و زۆری ڕێز لێگرتن. ئەمجا چاوپیس وتی:

"دەمەوێت هەندێ قسەت بۆ بکەم و بۆ ئەوەش هاتووم. هەستە با بچینە گۆشەیەکەوە".

بە چاوەوە بوو هەستا و دەستی چاوپیسی گرت و چونە کونجێکەوە. چاوپیس وتی:

"بە هەزارەکانت بڵێ بچنەوە جێی خۆیان وە دەوروبەرمان چۆڵ بکەن".

بەغیلی پێ بڕاو پێی وتن بۆمان چۆڵ بکەن. کە لێیان دوور کەوتنەوە وردە وردە بردی تا گەیشتنە سەر بیرێك..... ئەمجا بەغیل هەڵی لێ وەرگرت و بەغیلی پێ بڕاوی خستە بیرەکەوە. ئیدی بە خۆی وت: دەنگ مەکە، کوشتوومە. تومەز بیرەکە، خێوی تیا بووە. ئەوانیش کردیانە باوەشیان ئەمجا خستیانە سەر بەردێك. بە یەکیان وت:

"ئەزانن ئەمە کێیە؟"

ئەوانیش وتیان:

"نە!"

یەکێکیان وتی:

"ئەمە بەغیلی پێ بڕاوە...! لە دەست بەغیلەکەی ڕای کرد و هاتۆتە شارەکەی ئێمەوە. لای ئێمە نیشتەجێ بوو. کە ئێمەش بە هۆی قورئان خوێندنی و چاکەکانیەوە

حەواوینەتەوە بەغیلەکەش لێرە دۆزیەوە بە فێڵ هێنایە ئێرە و خستیە خوارەوە. دەنگ و باس گەیشتووە لای سوڵتانی شارەکە، بۆیە ویستی لەبەر کچەکەی سەردانی بکات!"یەکێکیان وتی:

"کچەکەی چیەتی؟"

ئەوی تر وتی:

"شێت بووە. ئەگەر دەرمانەکەی بزانیایە، چاکی دەکردەوە".

ئەمجا وتی:

"ئەم خواپەرستە، پشیلەیەکی رەشی هەیە. پەڵەیەکی سپی بە هێندەی لیرەیەك بە کۆتایی کلکیەوە هەیە. ئەگەر ۷ تاڵ لەو مووە سپیە دەربهێنیت لای ئەو کچە شێتەدا بیسووتێنیت ئەوا.... جنۆکەکەی نێو لەشی دەردەچێت و جارێکی دی ناگەرێتەوە ..... ئیدی دەم و دەست چاك دەبێتەوە! ئەی دێو ئەوان دەمەتەقێ یان بوو بەغیلی پێ براویش گوێی گرتبوو. بۆ سبەینێ بەیانیدا هەزاران روویان کردەوە تەکێی پیاو چاك بینیان لە بیرەکە هاتۆتە دەرەوە هێندەی تر خوا پەرستیان لا مەزن بوو...! ئەمجا خوا پەرست پشیلەکەی خۆی گرت و ۷ تاڵ مووی لە پەڵە سپیەکەی کلکی کردەوە، هێندەی پێ نەچوو، سوڵتان و چەکدارانی و پیاوانی دەوڵەت هاتنە ماڵی. فەرمان بە سوپا درا لە دوور بوەستن. پاشا چووە تەکیەی خواپەرست. خانەخوێ بەخێری هێنا. ئەمجا بە پاشای وت:

"بۆت دەربخەم، کە بۆچی هاتوویتە لام؟"

پاشا وتی:

"بەڵێ"

ئەمیش وتی:

"بۆ ئەوە هاتوویت پرسیاری کچەکەتم لێ بکەیت!"

پاشا وتی:

"بەڵێ مەردی پیاو چاك".

ئەمیش وتی:

"بنێرە، با کچەکەت بهێنن. خوا یار بێت هەر ئێستا چاك دەبێتەوە."

پاشا زۆر دڵی خۆش بوو فەرمانی دا.... ئەوانیش بە پێوەند کراوی بۆیان هێنا. بەغیلی پێ براو، بەرامبەری خۆی داینا و ۷ تاڵە مووە سپیەکەی لە بەردەمدا سوتاند. ئەوەی لە لەشی دا بوو ناڵەیەکی کرد و دەرچوو. ئەمجا کچەکە بە ئاگا هاتەوە. سەری خۆی داپۆشی و وتی:

"ئەمە چییە؟..... کێ منی هێناوەتە ئێرە؟"

ئەوەندەی پاشا هەبوو هێندە دڵی خۆش نەبووبوو...! ناوچاوانی کچەکەی خۆی ماچ کرد و دەستی بەغیلی پێ براویشی ماچ کرد. ئەمجا سەیرێکی پیاوانی دەوڵەتی کرد و وتی:

"ئێوە دەڵێن چی؟ ئەوەی کچەکەمی چاك کردەوە، چی دەهێنێت بۆی بکەین؟"
ئەوانیش وتیان:
"گۆڕ وایە.... کچەکەتی لێ مارە بکەیت!".
پاشایش وتی:
"ڕاست دەکەن!".
دواتر کچەی خۆی لێ مارە کرد و بەغیلی پێ بڕاو بووە زاوای پاشا، هێندەی پێ نەچوو وەزیر مرد. پاشاش پیاوانی دەوڵەتی کۆ کردەوە و لێی پرسین:
"کێ دادەنێین بە وەزیر؟"
هەموو وتیان:
"قوربان.... زاواکەت."
ئەوە بوو بەغیلی پێ بڕاو کرایە وەزیر.
ڕۆژێك لە ڕۆژان کە وەزیری نوێ و دەست و پێوەن بە شاردا دەگەڕان بە چاوەوە بوو. (چاوپیس)ی بینی وتی:
"بڕۆن ئەو پیاوە بێنن و مەی ترسێنن!"
پیاوەکانی کەمێك ون بوون و دواتر دراوسێکەیان بۆ هێنا و ئەویش وتی:
"بڕۆن، لە گەنجینەکەم ١٠٠٠ مسقاڵ زێڕ و ٢٠ باری بازرگانی بدەنێ و پیاوانی من لە ڕێگای چوونەوەیدا ئێشکچی بن. تاکو دەیگەیەننەوە شارەکەی خۆی."
ئەمجا ئەملاولای ماچ کرد و بەڕێی کرد. بێ ئەوەی تۆڵەی لێ بکاتەوە. ئەمجا لاوەکە وتی:
"سەرنج بدە ئەی دێو... بەغیلی پێ بڕاو، چەندە لێبووردە بوو، بەرامبەر کابرای بەغیلی دراوسێی! ئەو بەغیلە ئازاریشی دابوو. خستبوویە بیریشەوە... ویستبووی... بیکوژێت! کەچی ئەم لێی خۆش بوو. ئەمجا دەستی کردە گریان. گریانێکی زۆر بە کوڵ وتی:

| | |
|---|---|
| گوناهبار چاوی هەر لە بەخشینە | بەخشندە بوونیش دیارە نگینە |
| گوناهی خەڵکت بە سەر کردەوە | چاوی لێ پۆشە و وازی لێ بێنە |
| ئەوەی چاوەڕێی بەخشینی خوایە | لێبوردە بە ڕووی کەسی پێینە |

دێوەکە وتی:
"لە سەری مەڕۆ، نە لە مردن بترسە و نە چاوەڕێی لێبووردن بە...!! چونکە سیحرت لێ دەکەم".
ئەمجا پەلاماری دام و فڕاندمی بەرەو ئاسمان، هێندەی بڵند کردمەوە. زەوی وەکو تەشتێکی لێهات، لە نێو دەریادا، ئەمجا داهاتەوە لەسەر لوتکەی شاخێك دایانم. تۆزێ خۆڵی هەلگرت و کەمێ پچەپچی بە سەردا کرد و پژاندی بە گیانمدا و وتی:

"لەم شێوەیەوە بگۆڕێ بۆ مەیمون."

لەو کاتە بەدواوە بوومە مەیمونێکی سەد ساڵە، کە خۆم بەو ناشیرینە بینی زۆر خەمم خوارد، زەمانە تا سەر بۆ کەس نییە. لە سەر لووتکەی شاخەکەوە، هاتمە خوار دوای ئەوەی مانگێك بەرێوە بووم گەیشتمە کەناری دەریایەکی سوێراو. دوای ئەوەی سەعاتێك حەوامەوە. پاپۆڕێکم بینی چاوەڕێم کرد. تا گەیشتە کەنار دەریا. بێدەنگ چوومە پاپۆڕەکەوە. یەکێکیان منی بینی وتی:

"ئەو شوومە دەر بکەن".

سەرۆکی کەشتی وانان وتی:

"دەی کوژین."

یەکێکی دی وتی:

"ئێستا بەم شمشێرە دەیکوژم."

دامێنی سەرۆکی پاپۆڕەکەم گرت و بە سەریدا گریام. بۆیە وتی:

"ئەی بازرگانان ئەم مەیمونە پەنای بۆ من هێناوە منیش پەنام داوە. ئێستا لە سایەی بەزەیی مندایە، کەس لێی تێك نەدات".

ئەمجا سەرۆك زۆر بۆم باش بوو هەر چیەکی پێ بووتمایە، تێی دەگەیشتم و بۆم جێبەجێ دەکرد. بۆیەش خۆشی ویستم.

با لەبار بوو ٥٠ رۆژ بە رێگاوە بووین. دواتر گەیشتینە شارێك زۆر گەورە بوو. خەڵکەکەی هێندە زۆر بوون، لە ژمارە نەدەهاتن. خەڵکێکی زۆرمان لێ کۆ بووەوە. پیاوانی پاشا هاتن و بەخێریان هێناین. ئەمجا وتیان:

"پاشامان لەو رۆژەوە وەزیرە خۆشنووسەکەی نەماوە: سوێندی خواردووە هەر کەسێك بخاتە شوێنی دەبێت: وەك ئەو خۆشنووس بێت. ئەمجا کاغەزێکی ١٠ باڵ درێژی پێدان و وتی:

"لە نێوان خۆتاندا بەشی بکەن و هەر یەکە و بە دەست و خەتێکی جوان شتێك بنووسێت. هەر یەکە و پارچەیەکی برد تاکو لە سەری بنووسێت."

منیش پارچەیەکم بۆ خۆم فڕاند. وایان زانی دەیدڕێنم. پەلاماریان دام منیش بە ئیشارەت تێم گەیاندن دەمەوێ بنووسم. ئەمجا سەرۆکی پاپۆڕ وتی:

"رێگەی بدەن، ئەگەر شقلی و بقلی نووسی، ئەوە دەری دەکەین ئەگەر خۆشنووس بوو ئەوا دەیکەم بە کوڕی خۆم! من مەیمونی ئاوا ژیرم نەبینیوە!"

ئووچم لێ وەرگرتن و بە مەرەکەبم دا کرد و لێی پاڵ کەوتم. ئەمەم بۆ نووسین:

کاری پیاو چاکان کە لە بەر چاوە<br>
کەچی چاکەی تۆ هەر نەنووسراوە<br>
ئەوەی تۆ دەیکەیت شاراوە نییە<br>
بۆ چاکە کردن تۆی دایە و باوە

به نووچی ڕێحان نووسیم:

نووکی خامەکەت دنیای گرتووە ... هەموو لە (بەر)ی تۆیان بردەوە
ناوچەیەك نەما، نوقمی تۆ نەبێ ... وەك نێرە هەر پێنج پەنجەی کردەوە

به نووچی (پلپ)یش نووسیم:

نووسەر دەمرێت و سەر دەنێتەوە ... بەڵام بەرهەمی دەمێنێتەوە
بە پەنجەکانت: جۆرێ بنووسە ... لەو دنیا دڵت پێی بکرێتەوە

بە خەتی نوسخەش نووسیم:

بیستمان هەواڵی ئەو دابڕانە ... وتمان ڕووداوی دەور و زەمانە
سکاڵای دووریت کەوتە سەرزمان ... چووە سەر کاغەز بەو نامە جوانە

بە پێنوسی تۆماریش نووسیم:

کورسی دەسەڵات بۆ کەس نامێنێ ... یەکەم خەلیفە: کێ بۆمان دێنێ؟
چاکەی خۆت بکە و بیدە بە ئاوا: ... چاکە دەمێنێ خۆیشت ماڵ ئاوا

بە پێنووسی موحەقیقیش نووسیم:

نووکی خامەکەت خێر داچۆڕێنێ ... بەخشندە بیت و خۆشی بهێنێ
بەهێز بوویت: باشی بەکار بهێنە ... با...... پێنووس تۆوی چاکە بچێنێ

ئەمجا کاغەزەکەم دایەوە پێیان. سەرۆکی پاپۆڕ لە نێو هەموویاندا دەست و خەتی منی بە دڵ بوو. کاغەزەکانیان ناردەوە بۆ لای پاشا. ئەویش دوای سەرنج دانی، لە نێویاندا دەست و خەتی منی بە دڵ بوو. بۆیە فەرمانی دا:

"بڕۆن خاوەنی ئەم خەتە جوانە، سواری ئەسپ بکەن و تیپی مۆسیقا ئاواز بژەنن. جل و بەرگی جوانی لەبەر بکەن. بۆم بهێنن!"

ئەوانیش کە ئەمەیان بیست، بزە گرتنی، پاشا لێیان تووڕە بوو وتی:

"ئەفرەتتان لێ بێت، ئەوە بە فەرمانەکەم پێ دەکەنن؟".

ئەوانیش وتیان:

"ئەی پاشا، پێکەنینمان بێ هۆ نییە!!"

ئەویش پرسی:

"هۆکە چییە؟"

وتیان:

"تۆ دەڵێیت خاوەن ئەم دەست و خەتەم بۆ بێنن. لە ڕاستی دا، ئەمە دەست و خەتی مەیمونێکە! هی مرۆڤ نییە وا مەیمونەکەش هی سەرۆکی پاپۆڕەکەیە."

ئەویش وتی:

"بەڕاستتانە؟"

ئەوانیش وتیان:

"ئەرێ... بە نمەکی ماڵتا!".

پاشا هەر زۆر سەری سوڕما و وتی:

"ئەمەوێت، ئەو مەیمونە لە سەرۆك بکرمەوە!"

فەرمانی دا:

"برۆن، چۆنم پێ وتن، ئەسپ و تیپی مۆسیقا و دەست و پێوەن بەرن و بە دەهۆڵ و زورناوە منیان بە شاردا هێنا و خەڵکێکی زۆر لێمان کۆ بوونەوە و سەریان سوڕما بوو. بردمیانە بەردەم پاشا. منیش ٣ جاران کڕنوشم بۆ برد ئەمجا فەرمانی دا پێم کە دانیشم منیش لە سەر چۆك دانیشتم. هەر هەموویان سەریان لە رێزگرتنەکەی من بۆ پاشا سوڕما و لە هەمووشیان پتر پاشا بوو !! پاشا فەرمانیدا دەوری چۆڵ بکەن. من و کۆیلە خەساوەکە و خزمەتکارێکی مێردمنداڵ لای پاشا ماینەوە. فەرمانی دا... خوان ئامادە بکەن.... هەر چیەك خۆش بێت یان نۆش بێت. لە گۆشتی کەو و سوێسکە یاخود گۆشتی ئاسك دای بنێن ئیشارەتی بۆ کردم. لەگەڵ ئەو بخۆم کڕنووشم بۆ برد.... بە قسەم کرد ئەمجا سفرە و خوان هەڵگیرا دەست و دەمم پاك کردەوە. خامەم بە دەستەوە گرتەوە:

| | |
|---|---|
| بۆ فروچاوێ چۆن دەبێت نەگریم؟ | بێ ئەم سفرەیە: ناتوانم بژیم |
| ئای لە خۆشی ئەو دوو جۆرەی ماسی | لەگەڵ ئەو نانەی لەو سفرەیە دیم |
| چێژی برژاوێك کە زۆر بەتام بوو | نوقمی رۆنێك بوو پێی هات سەبووریم |

ئەمجا هەستام و چووم. لە دوورەوە دانیشتم. پاشا سەیری ئەم نووسینەمی کرد و سەری سوڕما! ئەمجا وتی:

"سەیرە، مەیمونێك هێندە لە رێزماندا زانا بێت و دەست و خەتی هێندە خۆش بێت!! بەو خوایە.... ئەمە زۆر عەجایبە!"

ئەمجا شەرابێکی تایبەت بە پاشایانی بۆ هێنا. ئەویش پێشکەشی منی کرد. منیش کڕنووشم بۆ برد... ئەمجا نۆشم کرد. هەمیسان نووسیم.

| | |
|---|---|
| گڕم تێ بەردەن جا بم دوێنن | تا بە ئارامیم باوەڕ بهێنن |
| بۆیەش باسکیان بۆ رادەخستم | سفرەی شاهانیان بۆ دادەخستم |

پاشا کە شیعرەکەی خوێندەوە وتی:

"ئەم شیعر و ئەدەبیاتە، هی هەر کەسێك بوایە، یەکەمی دنیا دەبوو!"

ئەمجا پاشا تەختەی (شەترەنج)ی هێنا و پێی وتم:

"یاریم لەگەڵ دەکەیت؟"

منیش سەرم بۆ لەقاند دوو یاریمان کرد، هەر دوکیانم لێ بردەوە. پاشا حەپەسا بوو.....! منیش ئەمەم بۆ نووسی:

| | |
|---|---|
| جەنگی دوو سوپا زۆر دەخایەنێ | یەك بۆ ئەوەی تر شاتاوڵ دێنێ |
| تا تاریکی شەو دایان دەپۆشێ | دەینەوە میوان، تەنیا یەك کۆشێ! |

که پاشا.... ئەمەی خوێندەوە... دایە قاقای پێکەنین. زۆری پێ سەیر بوو! فەرمانی دا که :

"بچن کچەکەمم بۆ بانگ بکەن. بابێت ئەم مەیمونە عەجایبە ببینێت!"

خزمەتکار ماوەیەك ون بوو. که هاتەوە: کچەکەی لەگەڵ بوو. کچەکەی پاشا که سەیری کردم سەری داپۆشی وتی:

"چۆن دڵت دێنێ بانگم بکەیت تاکو پیاوان بم بینن؟"

پاشایش وتی:

"کیژی جوان، تەنیا خۆم و ئەم خزمەتکارە منالە و پیاوە خەساوەکەی لێیە، کە خۆی بە خێوی کردووی! ئیدی بۆ سەرت دادەپۆشیت؟"

شازادە وتی:

"ئەم مەیمونە شازادەیە و باوکی ناوی "ئەفتیماروس"ە کە خاوەنی دوورگەکانی (ئەبەنووس)ە..... ئەمە دێو (جەرجیس کوڕی ئیبلیس) سیحری لێ کردووە و ژنەکەشی: کە کچی (ئەفتاموس) بوو، کوشتویەتی! ئەمەیە کە تۆ بە مەیمونی دەزانی..... پیاوێکی ژیر و دانایە!!"

پاشا سەری لە کچەکەیشی سوڕما!! لە منی پرسی:

"ڕاست دەکات؟"

بە سەر لەقاندن وتم:

"بەڵێ!"

دەستم بە گریان کرد. ئەمجا لە کچەکەی پرسی:

"چۆن دەزانیت..... ئەمە سیحری لێ کراوە؟"

کچەش لە وەڵامدا وتی:

"کە منداڵ بووم پیرەژنێکی زۆرزانی ساحرم لابوو ئەو فێرە سیحری کردم! منیش هەر چی پێ وتوم لەبەرم کردووە. ١٧٠ بابەت لە سیحرم لەبەرە. ئاسانەکەیان.... دەتوانم، بەردی شارەکەت بگەیەنمە قوللەی قاف! دەتوانم ئەم شارە بکەمە، دەریایەك و دانیشتوانەکەی ببنە ماسی!"

پاشا وتی:

"دە.... کچەکەم ئەم مەیمونە بگێڕەوە بە مرۆڤ، با بیکەمە وەزیری خۆم!"

کچەکەی وتی:

"بە سەر چاوان".

ناردی چەقۆیەکیان بۆ هێناز بازنەیەکی کێشا.

شەهرەزاد وتی:

"چەند ناوێك و چەند تەلسمێکی تیا نووسی، ئەمجا سوێندێکی بە سەریاندا خوێند. هەندێ لە وشەکان، تێدەگەیشتین و لە هەندێکیشی نەدەگەیشتین! دوای سەعاتێك دنیا تاریك بوو، هێندەمان زانی دێوەکە پەیدا بوو، قاچەکانی هێندە درێژ بوون، دەتوت کۆڵەکەی پاپۆرە....! چاوانی دەتوت چراوگی ئاگرە! زۆری لێ ترساین! شازادە پێی وت:

"بەخێر نەیەیت!"

دێوەکە، بوو بە شێر ئەمجا بە شازادەی وت:

"خائینی، پەیمان شکێن! سوێندت نەخوارد کەسمان رێگە بەوی ترمان نەگرین!؟"

شازادە وتی:

"نەفرەتت لێ بێت، بۆچی تۆ متمانەت پێ دەکرێت؟"

شێر وتی:

"وا بۆت هاتم، خۆت بگرە"

هەڵمەتی بۆ برد. شازادەیش پچەپچێکی بە سەر چەند تاڵە موویەکی سەریدا کرد. هێندەمان زانی مووەکان بوونە شمشێرێك بە دەست کچە پاشاوە و ئەویش شمشێرێکی لێدا و ، شێرە بوو بە دوو کەرتەوە. کاتێکمان زانی سەری شێرەکە بوو بە دوپشکێك شازادەش خۆی کرد بە ئەژدیهایەك. جەنگێکی زۆریان کرد. ئەمجا دوپشکەکە بوو بە داڵ ! ئەژدیهاکەش بوو بە هەڵۆ! دایان لە شەقەی باڵ و دەرچوون بەرەو ئاسمان، سەعاتێکیان پێچوو. ئەمجا داڵەکە بوو بە پشیلەیەکی رەش و هەڵۆکەیش بە گورگێکی بەڵەك. نزیکەی سەعاتێك لە نێو کۆشکدا، بە گژ یەکدا چوون. پشیلە بۆی دەرکەوت هیچی بۆ ناکرێت.... خۆی کرد بە هەنارێکی سووری گەورە و خۆی فڕێ دایە، حەوزی کۆشکەوە گورگە، لە حەوزەکە دەری هێنا و بردیە ئاسمان و بەری دایەوە، هەنارە هەلا هەلا بوو. هەر دەنکێکی رووی کردە شوێن و کەلەبەرێکی کۆشکەکە. ئەمجا گورگە بەڵەك خۆی کردە کەلەشێر و هەموو دەنکەکانی بە دەنووك هەڵچنی و خواردی. ئەمجا باڵەکانی پێکدا دا و بە دەنوك ئیشارەتی دەدا. ئێمە تێی نەدەگەیشتین!

قیژەیەکی کرد وامان زانی کۆشکەکە بە سەرماندا رووخا! گەڕا.... گەڕا تومەز دەنکێك مابوو، نەیخوارد بوو...!! دەنوکی بۆ برد.... دەنکەکە خۆی هەڵدایە حەوزەکەوە و نقووم بوو، کەڵەشێرەش خۆی کردە حووتێك و خۆی فڕێ دایە حەوزەکەوە. زۆری پێچوو، ئەمجا گوێمان لە ناڵە و نرکەیەك بوو. هێندەمان زانی دێوەکە دەرپەڕیە دەرەوە و لە دەم و گوێ و چاویەوە ئاگر دەهاتە دەرەوە! ئەمجا باوشێك گڕ بە دوایدا هاتە دەر و ئاڵا بە دێوەکەدا

کۆشك بوو بە دووکەڵ! ئێمەش زۆر ترساین بسوتێین، ویستمان خۆمان فڕێ بدەینە حەوزەکەوە، پاشاش وتی:

"لا حول و لا قوت الا بالله العلی العظیم انا لله و انا الیه راجعون.... خۆزگە. هەر پێم نەوتایە..... ئەم مەیمونە رزگاریکە تاکو... ئاوا ئەم دێوە ماندووی نەکردایە! ئەم دێوە، دێوەکانی دنیا چاری ناکەن! نەفرەت لەو کاتەی ئەم مەیمونەم تیا بینی!... ئێمە ویستمان یارمەتی بدەین... بەم شێوەیە تووش بووین!"

بەلام من... زمانم بەسترابوو. نەمدەتوانی هیچی لەگەڵ بڵێم..... هێندەمان زانی دێوەکە نالەیەکی کرد و، لە هەیوانەکە لەبەر دەممان‌دا قوت بووەوە. لە دەمیەوە گڕی بەرەو رووومان فڕێ دا، کیژۆڵەکەش لێی پەیدا بوو. گڕی فڕێ دا بۆی. لە هەر دووکیانەوە، گڕمان بۆ هات. گڕی کیژۆڵە زیانی پێ نەگەیاندین. بەلام گڕی دێوەکە بەر دەم و چاوم کەوت بەو مەیمونیەمەوە، چاوێکیشم سوتا! گڕیش دەم و چاوی پاشای کەوت و هەڵی کڕوزاند. دەم و دەست ریشی سوتا! ریزە دانەکانی خوارەوەی دەمی کەوتن. گڕەکە بەر خەساو کەوت و کوشتی. دەستمان لە ژیانمان شت. هێندەی پێنەچوو گوێمان گرت یەکێك دەڵێت:

"الله اکبر....الله اکبر، سەرکەوتن هەر بۆ خوایە!"

کاتێکمان زانی شازادە پەیدا بوو، لەولایشەوە، دێوەکە سووتاو دامرکایەوە. ئەمجا بەرەو رووومان هات و وتی:

"ئادەی.... تەشتێك ئاوم بۆ بێنن."

بۆیان هێناو ئەویش هەندێ ورتە ورتی بەسەر ئاوەکەدا کرد. ئەمجا پێیدا پرژاندم و وتی:

"بۆ خاتری حەق، بۆ خاتری ناوە جوانەکانی الله بگەڕێوە دۆخە رەسەنەکەی خۆت".

خۆم راتەکاند و بینیم بوومەتەوە بە مرۆڤ! چاوە سووتاوەکەم هەر بە کوێری مایەوە..! شازادە هاواری کرد:

"ئاگرە.... ئاگر...!! رەنگە بمرم! ئیدی شەڕی جنۆکە و شەیتانم بۆ ناکرێت ئەگەر مرۆڤ بوایە.... هەر زوو کوشتبووم! هیچ کاتێك بەو هێندەیە ماندوو نەبووم. کە دەنکە هەنارەکانم دەچنیەوە! قەدەری خوا وابوو لە ژێر زەویشدا لەگەڵی بجەنگێم و لە ئاسمانیشدا. لە ناو دەریاشدا. من دەرگایەکم بۆ دەکردەوە و ئەویش دەرگایەکی بۆ دەکردمەوە.... تاکو دەرگای ئاگری بۆ کردمەوە. جا ... وتویانە کە من ئەو کەسانەی لەو دەرگایە رزگاریان دەبێت، قەزای خوا وابوو بە ئاگری من ئەو.. سوتا!!

خۆمن... گومانی تیا نییە دەمرم! خوا پەنامان بدات... ئەمجا دەستی کردە نرکە و ناڵە و هاوار... کاتێکمان زانی بڵێسەیەکی رەشی لە سنگیەوە دەرچوو، بەرەو دەم و چاوی چوو. ئەمجا شازادە وتی:"اشهد ان لااله الاالله و اشهد ان محمدا رسول الله."

ئێمەش سەیرمان دەکرد. تا کلۆکۆی دامرکایەوە و بووە شەپۆلکەیەکی خەڵوزین، بە تەنیشت تەپۆلکە خەڵوزینەکەی دێوەوە.

زۆرم خەفەت خوارد و خۆزگەم خواست من لە جێی بوومایە! هەرگیز حەزم بەوە نەدەکرد، یارمەتی دەرەکەم ببێتە خەڵووز، بەڵام کاری خوا گەڕانەوەی نییە. کە پاشا کچەکەی ئاوا بینی فرمێسکەکانی ریشی تەڕ کرد. بەرگی لەبەر خۆیدا دڕی.... زۆری بۆ گریایین!.... خزمەتکاران و کەنیزەکانی کۆشك هاتن و ئەو دیو تەپۆلکە خەلووزەیان بینی کردیانە شین و شەپۆڕ. حەوت رۆژ تەعزیەیان گێڕا. مۆم و بخورد داگیرسا. خێر و چاکە لە شاردا کرا.. خۆڵەمێشی دێوەیان دا بە هەوادا. پاشا مانگێك لە جێگادا بە نەخۆشی کەوت. دواتر کە چاك بووەوە ناردیە شوێنم. پێی وتم:

"ئەی لاو تاکو.... تۆمان نەناسی بوو، بێوەی بە بەختیاری دەژیاین. خۆزگە هەر نەمان ناسیبای! بەهۆی تۆوە کچێکم تێدا چوو کە ١٠٠ پیاوی دەهێنا. ئەوە خۆشیم ریزی خوارەوەی دانەکانم تیاچوو. خزمەتکارێکم لە دەست دا. خێرمان لە تۆ نەبینی. بەڵام هیچیش بە دەست من و تۆ نییە!

سوپاس بۆ خوا، خوا تۆی رزگار کرد و کچەکەم......لەبەر چاوم ون بە و لەم شارەدا مەمێنە! چاوم بەرایی نایەت بت بینم... جارێکی دی بتبینمەوە دەتکوژم."

ئەمجا نەڕاندی بە سەرمدا، منیش بە پەلە هاتمە دەرەوە. ئیدی منیش مانگێك بەڕێوە بووم نامۆ و نەشارەزا بووم. تاکو بەو بەرگدرووە گەیشتم، دواتر چوومە ژێر زەوی و ئەو کیژە جوانەم بینی. ئیدی بۆ خۆم و بۆ لە دەست دانی چاوم دەگریام. ئەمجا چوومە گەرماو... ئەمجا رەشم پۆشی و بەرەو حەج کردن بوومەوە.

هەموو رۆژێك خۆم بیر دەکەوتەوە تێر دەگریام ئەم گۆرانیەم دەوت:

سەرم لە کاری دەوران سوڕماوە — بێئاگا دەورم بە خەم گیراوە
کپ دەبم تاکو: سەبر بۆڕ دەدەم — پەنام بە سایەی (لافکان) داوە
لە ئۆقرە گرتن ناخۆشتر نییە — ئەو دەمەش رەنجت دەدرێ بە باوە
ئەوەی بە فەلەك پشتی دەبەستێ — هەردێ بە گورزێ پشتی شکاوە

ئیدی گەڕام و گەڕام هەرێم بە هەرێم، چوومە بەغدای ئاشتەوا، تاکو میری موسڵمانان ببینم و چیم بە سەرهاتووە بۆی بگێڕمەوە. ئەوە بووم ئەمشەو گەیشتمە بەغدا. ئەم پیاوەی یەکەمم بینی سەراسیمە بوو، پێم وت:

"سلاوی خوات لێ بێت، کەوتمە دەمەتەقێ لەگەڵیدا."

ئەوەندەی نەبرد، سێیەمیشمان بینی. سڵاوی لێ کردین، پێی وتین کە نامۆیە بەم شارە، ئێمەش وتمان:

"ئێمەش نامۆین، وەرە لای ئێمە ئەم شەوە پیرۆزە."

کەوتینە رێ بە ناو شەقام و کۆڵانەکاندا و کەسمان بە سەرهاتی ئەوانی دی نەدەزان.

قەدەری خوا وابوو، بووینە میوانی ئێوە، ئا ئەمە بوو، هۆی لاکوێریم و سەرو ریشم و سمێڵم تاشینم. کیژۆڵەی خانە خوێ وتی:

"بەسەرهاتەکەت..... سەرسوڕهێنەرە.... دەست بخە سەر سەرت و برۆ بەڕێی خۆتەوە."

ئەویش وتی:

"ناڕۆم...... تاکو بەسەرهاتی هاوڕێکانم نەبیستم!!."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.... بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٥

## بەسەرهاتی قەلەندەری سێیەم

شەهرەزاد وتی: "دەگێڕنەوە..... ئەی پاشای بەختیار..... خاوەنی بڕیار:

قەلەندەری سێیەم هاتە پێشەوە و وتی:

"خانمەکەم.... بە سەرهاتی من وەکو هی ئەوان نییە.... سەیر و عەجایب ترە!! هەر ئەوەش بووە هۆی ریش تاشین و لارکوێریم.... ئەوان بە قەزا و قەدەری خوا بوو، بەڵام من خۆم قەدەرم بۆ خۆم هێنا. رەوانم خەفەت بار کرد. ئەگەرنا من شازادە و کوڕە پاشا بووم. باوکم مرد و بوومە جێنشینی.. حوکمڕانیەکی دادپەروەرانەم کرد. شارەکەم لە سەر دەریا بوو..... منیش ئارەزوویەکی زۆرم لە سەفەری دەریا بوو.... ٥٠ پاپۆڕی بازرگانیم بوو. ٥٠ بەلەمی بچوکیش. ١٥٠ پارچە پاپۆڕی جەنگیم بوون بۆ کاتی جەنگ. ١٠ بەلەمم برد و رۆیشتین بە دەریادا. دەمویست دورگە بچووکەکان ببینم. خواردنی مانگێکمان برد. ٢٠ رۆژ بەرێوە بووین. شەوێکیان با هەڵی کرد. شەپۆلەکانی دەریا هێندەی دا بە کەشتیەکەماندا. ژیانی لێ بێزار کردین. دنیامان لەبەرچاو تاریك بوو. روومان کردە خوا و پاڕاینەوە. بەڵام شەپۆلەکان هەر بە سەر یەکدا دەشکانەوە و رەشەبا سەرومڕ بوو... تاکو رۆژ بووەوە.

دەریا هێور بووەوە.... رۆژ هەڵات، ئەمجا گەیشتینە دوورگەیەك و لامان دا نان و چێشت ئامادە کرا و خواردمان. دوو رۆژ حەواینەوە. دواتر ٢٠ رۆژی دی سەفەرمان کرد. سەرۆکی پاپۆڕ رێگای دەریای لێ تێکچوو. بە کابرای چاودێرمان وت:

"سەیری دەریا بکە."

کابرا سەر کەوتە کۆڵەکەی ناوەڕاستی پاپۆڕ و سەیری ئەملا و ئەولای کرد و هاواری بۆ کردین و وتی:

"ئەی سەرۆکی پاپۆڕ سەیری لای راستم کرد، ماسیم بینی بە سەر ئاوەوە. سەیری بەردەمم کرد رەشاییەکەم دوور دوور بینی، دەمێك رەشە.... دەمێکیش سپی."

کە سەرۆکیش ئەو دیمەنەی بینی کڵاوەکەی دا بە بەری پێی خۆیدا و وتی:

"مژده بێت، تاكمان لێ دەرناچێت!!"

دەستی كردە گریان... ئێمەش لەگەڵیدا بۆ خۆمان گریاین منیش بە گریانەوە وتم:

"سەرۆك گیان، پێمان بڵێ بە دووربینەكەت چی دیوە؟"

ئەویش وتی:

"گەورەم بزانە، ئەو باو بۆڕفتە كە ئەم بەیانیە نیشتووەتەوە..... ڕێی لێ هەڵە كردوین.... ئەوەتا لە دەریادا ون بووین... لەو شەوەوە...ئەوە ١١ شەوە، بەڕێوەین. بایەكەش پاڵی بەرەودوا نییە..... تاكو بگەڕێینەوە شوێنی خۆما. ئەم ئێوارەش دەگەینە! شاخی بەردە ڕەش! ئیدی بمانەوێ و نەمانەوێ دەكەوینە نێوان ئەو شاخانەوە..... بزمار بە پاپۆڕەكەوە نامێنێت و ئەو بەردانە ڕایان دەكێشێت و پاپۆڕ هەڵدەوەشێت. چونكە بەردەكان موگناتیسن. چەندین پاپۆڕیان هەڵوەشاندووە..... دوا بە دوای ئەو گومەزێكی لەمس دروست كراوە كە ١٠ كۆڵەكە ڕاگیری كردووە. بە سەر گومەزەكەوە سوارەیەكی ئەسپە مسینیە كە (ڕم)ێكی بە دەستەوە هەیە. لە سەر سنگی سوارەكە پارچەیەك قوڕقوشمە.... كە هەندێ ناوو، تەڵسەمی لێ هەڵكەندراوە."

ئەمجا پێی وتم:

"ئەو ئەسپ سوارە ڕێبوارانی لەناو بردووە! هیچ شتێك لە ناوی نابات... تەنیا ئەوە نەبێت... كە لە سەر ئەو ئەسپە بكەوێتە خوارەوە و بگلێت."

ئەمجا خاتوون گیان... ئەوەندە بە كوڵ گریا... وتی تیاچووین. ئێمەش دەستمان كردە گریان.

ماڵئاواییمان لە یەك كرد. چونكە ئومێدمان بڕی و زانیمان كە تیا دەچین. ئەو شەوە نەنووستین بۆ بەیانیدا پاپۆڕەكەمان بە كێشی چیاكان كرا. هەر ئاسن بوو هاژەی دەهات.... بەرەو شاخ..... بزمارێك چییە... بە پاپۆڕەكەوە نەما.. ئێمەش بە دەوری شاخدا دەسوڕاینەوە و پاپۆڕەكە لەبەر یەك هەڵوەشا.... هەر كەسە و بە لایەكدا... زۆربەمان خنكاین.... ئەوەی كە مایەوە... لە یەكتری ون بوو....!! منیش بە سەر پارچە تەختەیەكەوە مامەوە. بایەكە پێچی دامە قەراغ شاخەكە. پلیكانەیەكم بینی بەرەو سەر. (بسم الله)م كرد و پێیدا هەڵگەڕام. زۆر دڵخۆش بووم بە ڕزگار بوونم. گەیشتمە سەر گومەزەكە لەوێ دەستنوێژم هەلگرت و دوو ركاتم نوێژ كرد. ئیدی لە ژێر گومەزەكەدا لێی نوستم. لە خەودا گوێم لێبوو، یەكێك پێی دەوتم:

"ئەی كوڕی حەسیب كە هەستایت ژێر پێیەكانت هەڵكەنە، كەوانێك و ٣ تیر دەدۆزیەوە، كە سەرە نێزەكانیان لە قوڕقوشمە و تەڵسەمی لێ نووسراوە. كەوانەكە بەرەو تیر بگرە ئەو شۆڕە سوارە خەڵكی ڕزگار بكە لە دەستی! سوارەكە دەكەوێتە دەریاوە. تیرەكەش دەكەوێتەوە بەردەستت. بیبە لە شوێنی سوارەكە بیشارەوە. كە ئەوەت كرد ئاوی دەریاكە بڵند دەبێتەوە تا دەگاتەوە ئاسنتت، كەشتیەك سەر ئاو دەكەوێت سوارێكی مسینی تێدایە، سوارەكەی

پێشوو نییه... بەرەو رووت دێت و سەوڵێکی پێیه. تۆیش سواری بەلەمەکەی ببە و (بسم الله) مەکە، ١٠ رۆژ سەوڵ لێ دەدات و بە دەریادا دەڕوات. تاکو دەتگەیەنێتە دەریای ئاشتی. لەوێشەوە دەتبنەوە شاری خۆت، ئەمانەت بە سەر دێت گەر بسم الله نەکەیت".

لە خەو راپەڕیم. چیان لە خەودا پێ وتبووم جێبەجێم کرد، ئەسپ سوارە مسینەکەم فڕێ دایە دەریاوە، تیرەکە کەوتەوە بەردەستم، چووم و شاردمەوە. ئاوی دەریا بڵند بوو. نزیکەی سەعاتێك چاوەڕێم کرد. بەلەمەکە پەیدا بوو و کەسێکی مسینی تێدا بوو بە سەر سنگیەوە پارچەیەك قوڕقووشم بوو. کە سیحر و تەڵسەمی لێ نووسرابوو لەگەڵیدا سەرکەوتم بێ ئەوەی هیچ بڵێم. رۆژی یەکەم و دووەم و سێیەم سەوڵی لێدا و رێمان کرد. تاکو ١٠ رۆژ بەڕێوە بووین. کە دەڕوانم ئەوە دوورگەی ئاشتە وایە. هەر زۆر دڵم خۆش بوو. خوام بیر خۆم هێناوە- دەستم کردە الله اکبر و بسم الله.

هەر هێندەم زانی بەلەمەکە قڵپ بووەوە. رۆژێك من هەر مەلەم کرد. شان و قۆڵم ماندوو بوون. ئیتر شایەتمانم هێنا وتم:

"زیندوو نامێنم."

هێندەم زانی شەپۆلێکی بەهێز هەڵی دام. کاتێکم بەخۆم زانی لەسەر زەوی و کەناری دەریام...! کە بە ئاگا هاتمەوە روانیم تەڕم. ئەمجا جلەکانم وشی و بە دیاریانەوە خەوم لێکەوت. کە خەبەرم بووەوە سەیر دەکەم.. جلەکانم نەماوە. بە کەناری دەریادا دەگەڕام و نەمدەزانی بۆ کوێ بچم؟ بەلەمێکی بچکۆلەم لەو ناوەدا دۆزیەوە. سواری بووم بە دەوری دوورگەکەدا سوڕامەوە. بۆم دەرکەوت ئەم شوێنە دوورگەیەکی بچووکە. هەموو لایەکانی ئاوە. بە خۆم وت:

"لە بەڵایەك رزگار دەبم، بەڵایەکی لەو گەورەترم بۆ دەبێت!"

لە کاتێکدا من بیرم لە خۆم دەکردەوە سەیرم کرد لە دوورەوە پاپۆڕێك پڕە لە سەرنیشین و بەرەو لای من دێت..!

لە بەلەمەکە دابەزیم و رام کرد.... چوومە سەردارێك، پاپۆڕەکە گەیشت و لەنگەری خست. ١٠ کۆیلە دابەزین. هەر یەکە و فانۆسێکیان پێ بوو. رۆیشتن تاکو گەیشتنە ناوەڕاستی دوورگەکە چاڵێکیان لە زەویدا هەڵکەند. ئەمجا دەرگایەکیان دۆزیەوە. ئەمجا دەستیان کردە گواستنەوەی ئارد و نان و رۆن و هەنگوین مەڕ و ماڵات و ئەوەی ماڵ پێویستی بێت. کۆیلەکان هەر لە هات و چووندا بوون. تاکو هەر چیەك لە پاپۆڕەکەدا بوو، بردیانە ناو چاڵەکەوە. ئەمجا جل و بەرگی جوانتریان لەبەر کرد و پیرەمێردێك لە ناوەڕاستیاندا بوو. کە زەمانە ماندووی کردبوو. بایەکە دەی هێنا و دەی برد. هەر وەکو چۆن شاعیرێك وتوویەتی:

زەمانە زۆری توند راتەکاندووم زۆریش بەهێز بوو زۆر رای وەشاندووم
کە بێ ئاگا بووم رێگای پێ بڕیم ئێستا بە ئاگام ئەو دای چەقاندووم

دەستی هەرزەکارێك بە دەستی پیرەمێردەوە بوو. زۆر شۆخ. هەموویان خۆیان کرد بە دەروازەکەدا و بۆ چاڵەکە....! نزیکەی سەعاتێکیان پێچوو. هەر هەموویان هاتنەوە دەرەوە، هەرزەکارەکە نەبێت. دەروازەکەیان داخستەوە و بەرەو پاپۆڕ چوون و لە چاوم ون بوون. منیش لە درەختەکە هاتمە خوارەوە و بەرەو گڵە داپۆشراوەکە چووم. ئەمەندەم گل هەڵدایەوە تاکو ماندوو بووم. ئەمجا ژێر زەمینەکە دەرکەوت. کە سەیر دەکەم تەختەیەك بە هێندەی بەردی بەرداشی دەستکاری ئاشێك دەرکەوت . لام برد پلیکانەیەکی بەردین دەرکەوت. کە گەیشتمە خوارەوە خانویەکی پاك و خاوێنم بینی. کە فەرشێکی زۆری تیا راخرا بوو. بە قوماشی ئاوریشم رازا بووەوە. هەرزەکارەکە لە سەر سەکۆیەك شانی دادابوو. کە منی بینی رەنگی زەرد هەڵگەڕا. سڵاوم لێ کرد و وتم:

"مەترسە......وەکو تۆ ئادەمیم. قەدەر منی بە تۆ گەیاندووە... حەز دەکەم هۆگری یەکتری ببین و بێتاقەتیت دەردەکەم!"

کە زانی مرۆڤم.. رەنگی بووەوە بە گوڵ. لە خۆی نزیك کردمەوە، وتی:

"براکەم، بەسەرهاتی من سەرسوڕهێنەرە. باوکم زەرەنگەرە، بازرگانە.... کۆیلە وخزمەتکاری هەیە! کەشتی گەلێکی زۆری هەیە، کاڵا بازرگانیەکانی دەگەیەننە، ئەوپەڕی دنیا. سامانێکی بەربلاوی هەیە. بەڵام نەزۆکە و کوڕی نییە. لە خەویدا پێیان وتبوو کە کوڕێکت دەبێت، بەڵام تەمەنی کورت دەبێت، باوکم کە خەبەری بووبووەوە، زۆر گریا بوو. دایکم سکی بە من پڕ بوو. کە دواتر ژان گرتی و مامان هاتە لای: منی بوو. باوکم خواردنێکی زۆری بۆ خەڵك کرد. هەژارانی تێر کرد، لەبەر ئەوەی بە پیری خوا منداڵێکی پێ بەخشیوە! ئەویش فەلەکی و ئەستێرە ناسان، فاڵچیان کۆ کردەوە، کەوتنە کۆڵینەوە، لە ئەستێرەی و رۆژی لە دایك بوونم. ئەمجا بە باوکمیان وت:

"کوڕەکەت، تەنیا پانزەساڵ دەژی.کۆسپ و کێشە دێتە ڕێی. گەر توانی چارە سەریان بکات ئەوە زۆر زۆر دەژی! هۆی مردنی. دەریای تیاچوون و چیای موگناتیسە کە ئەسپ سوارێکی مسینی پێوەیە. کە پارچەیەك قورقوشم بە سەر سنگیەوەیە هەر کاتێك سوارەکە لە ئەسپەکەی کەوتە خوارەوە، ئەوا دوای ٥٠ رۆژ کوڕەکەت دەمرێت! بکوژی کوڕەکەت ناوی (عەجیبی کوڕی خەسیبە) و هەر ئەویش سوارە مسینەکەی خستووەتە خوارەوە. باوکم پەژارەیەکی زۆری خوارد. منی بە جوانی پەروەردە کرد. تاکو تەمەنم گەیشتە ١٥ ساڵ. ١٠ رۆژ لەمەوپێش باوکم هەواڵی بۆ هات کە سوارە مسینەکە کەوتووەتە دەریاوە. ئەوەشی خستویەتیە دەریاوە ناوی عەجیبی کوڕی خەسیبە! باوك خەمی ئەوەی بوو منیش بکوژێت. منی هێنایە ئێرە، ئەمە بەسەرهاتەکەمە و ئەمەیە هۆی تەنیا باڵیەکەم!"

زۆرم پێ سەیر بوو!! بە خۆم وت:

"ئەمانەی ئەم دەیڵێت، من هەموویم کردووە، بەو خوایە هەرگیز ئەم کوڕە ناکوژم!!"

ئەمجا وتم:

"گەورەم، خوا لە بەلا و نەهامەتی بە دوورت بکات. هەرگیز پەژارە نابینیت! من لێر پەزێراییت دەکەم و ناهێڵم بە تەنیا بیت. دواتر تۆیش بمدە دەست پیاوەکانت. تاکو لەگەڵیان بگەڕێمەوە بۆ شارەکەی خۆم!"

ئیدی دەمەتەقێمان کرد، تا شەو داهات. مۆمەکانم داگیرساند. چراکانم هەڵواسیەوە. خواردنم ئامادە کرد و خواردمان منیش دامپۆشی، دواتر نوستم. بەیانی هەندێك ئاوم گەرم کرد ئەمجا لەسەرخۆ بە ئاگام هێنا و ئاوە گەرمەکەم بۆ برد، دەست و دەم و چاوی شت وتی:

"خوا پاداشتت بداتەوە، ئەی لاو، بەو خوایە..... هەر کاتێك لەم بەلایەی ناوی عەجیبی کوڕی خەسیبە رزگارم بوو، کارێك دەکەم باوکم پاداشتت بداتەوە. مردیشم تۆ خۆش!"

منیش وتم:

"خوا یار بێت هیچ روو نادات مەرگم پێش مەرگت بکەوێت."

ئەمجا خواردنم هێنا و دواتر گوڵاوم رشت. دوای کەمێك (دامە)م هێنا و دەستمان کرد بە یاری کردن. ئەمجا هەندێك شیرینیم هێنا و خواردمان- دواتر دەستمان کردەوە بە یاری کردن. تاکو شەو داهات. شەویش تاکو درەنگانێ دەمەتەقێ دواتر نوست و منیش دامپۆشی، دواتر خۆیشم نوستم. خاتوون.... چەندی شەو و رۆژمان ئاوا بە سەر برد.... خۆشەویستی ئەو کوڕە چووە دڵمەوە. بە خۆیشم دەوت:

"ساحر و ئەستێرە ناسان، درۆ دەکەن. بەو خوایە نایکوژم."

٣٩ شەو خزمەتم کرد. شەوی ٤٠هەمین، کوڕەکە زۆر دڵخۆش بوو وتی:

"سوپاس بۆ خوا، لە مردن رزگارم بوو، ئەمەش پێ و قەدەمی پیرۆزی تۆ بوو! لە خوا دەپاڕێمەوە تۆیش بە شار و مەملەکەتی خۆت شاد بیتەوە بەلام، ئاوم بۆ گەرم بکە، با خۆم بشۆم."

منیش پێم وت:

"بە سەر چاوان".

ئاوێکی زۆرم بۆ گەرم کرد، پشتیم شت و جلەکانیم گۆڕی، نوێنەکانم بۆ گۆڕی لە سەری راکشا و نوست. کە هەستایەوە وتی:

"بەڵکو کاڵەکێکی شیرین بێنی بیخۆین."

منیش چووم کاڵەکێکم هێنا... ئەمجا پرسیم:

"گەورەم چەقۆت نییە؟"

ئەویش وتی:

"ئەوەتا لە سەر ئەو رەفەیەی سەر سەرمە".

منیش دەستم برد و بە پەلە کلکەکەیم گرت. پێم لە شتێك هەڵکەوت و کەوتم بە سەر کوڕەکەدا و چەقۆکەش هەر بە دەستمەوە بوو. چەقییە سەر سنگی کوڕەکە و مرد.

که زانیم مردووه کەوتمە هاوار کردن:

"ئەی موسڵمانان ئەم کوڕە: ئاخری بە دەستی مـن ڕۆژی تـەواو بـوو. خۆزگـە پێش ئەو بمردمایە. فریا نەکەوتم، کاڵەکەکە بشکێنم. خوا چی ویست هـەر ئەوەیـە!"ئـەمجا هاتمەوە سەر زەوی و تەختە خڕەکەم خستەوە سەر کونەکە و گڵەکەم بە سـەریدا دایـەوە..... دواتر رام کرد و بە درەختەکەدا هەڵزنام و سەیری دەریام کرد. دەڕوانم پاپۆڕێك بەرەو کـەنارمان دێت. لە دڵی خۆمدا وتم:

"هـەر ئێستا. دادەبەزنـە ژێـر زەمینەکە، هـەر کـە کوڕەکـە بـە کـوژراوی دەبینـن. بـۆم دەگەرێن.... دەمگرن و دەمکوژن!"ئەمجا چوومە سـەر دارێکـی بڵنـدتر و بـە گەڵاکەی خۆم داپۆشی! هەر هێندەم زانی پیرەمێردی باوکی کوڕە کوژراوەکـە و پیـاوانی دابـەزین و بـەرەو ژێر زەمینەکە چوون. گڵەکەیان هەڵدایەوە. کە چووبوونە خوارەوە و کوڕەیان بـینی لـە نـاو جێگادا راکشاوە و پاك و خاوێنە و بریسکە دەداتەوە. کە ورد بوونەوە چـەقۆیەك لـە سنگی چەقیوە! کەوتنە هاوار و گریان و لە خـۆدان پیرەمێـرد یـەك سـەعات بوورایـەوە. ئـەوانیش وتبوویـان، دوای کوڕەکـەی نـازی! کوڕەیـان پێچـایەوە و بـەرەو پاپۆڕەکـەیان بـرد. ئـەمجا پیرەمێردیان بەرەو پاپۆڕەکە برد، کە کوڕەکەی بینی راکشاوە، کەوتەوە هاوار و گریان خۆڵی بە سەر خۆیدا کرد. ئەمجا بوورایەوە. بە سەر درەختەکەوە کە ئەو دیمەنانەم دی خەمێکی زۆرم خوارد..... ئەم هۆنراوەیەم وت:

| | |
|---|---|
| بەرەحمە ساتێ بەندەی بێ ئاگا | خوا پشتی دەگرێ و خۆیشی تێ ناگا |
| بەیانی دڵی ناخۆشە و تەنگە و | ئێوارەش دڵخۆش لەگەڵ بەر بانگا |

خاتوون.... پیرەمێرد بە بووراوی مایەوە، پیاوانیش لە ژوور سەری... کە بە ئاگا هاتەوە سەیرێکی کوڕەی کرد: مردووە. کەوتە لە خۆدان ئاوا خۆی لاوانەوە:

| | |
|---|---|
| دڵ لە دووریتان وا کەوتە خوارێ | لە چاوانیشم فرمێسك دەبارێ |
| داخی بە جەرگم دوور کەوتیتەوە | دەستەوسانیشم: بەرداش بم هارێ! |
| بە خۆزگایی خوا.... هەر نەم بینی با | ئێستاش ناتوانم: بیدەم دەستبارێ |
| ئەو دەمە خۆش بوو هەموو پێکەوە | بەختیار بووین لە یەك ماڵ و جێگەوە |
| بۆ تیری چاوپیس: کە بووینە نیشان | بووە هۆی دووری و لە یەك دابڕان ! |
| ئای کە نزام کرد.... پاڕامەوە زۆر | منت جێ هێشت و هەوارت بۆ گۆڕ |
| ئێستاش دارایی و سامانم دەدەم: | تا بت بینمەوە: بەڵام پێت ناگەم ! |

شەهرەزاد هەستی کرد شەو دەرنگ بوو..... بۆیە بێدەنگ بوو.

# شەوی ١٦

شەهرەزاد وتی: "دەگێڕنەوە، پاشای بەختیار ........ خاوەنی بڕیار:

پیرەمێرد ناڵەیەکی بڵندی لێوە هات و دڵی وەستا و مرد. پیاوانی دەست و پێوەند سەرنشینانی پاپۆڕ.... کەوتنە شین و شەپۆڕ. ئیدی چارەیان نەما ئەویشیان بە تەنیشت کوڕەکەیەوە لەناو پاپۆڕەکە، راکێشا و گوریسی لەنگەرەکانیان کردەوە و کەوتنە رۆیشتن. کە لە چاوم ون بوون هاتمە خوارەوە چووم و گڵەکەم جارێکی دی هەڵدایەوە. کە چوومەوە خوار، چاوم بە شتەکان کەوت: ئەمەم وت:

| | |
|---|---|
| هەر چیت دەبینم زوو تاسەت دەکەم | بۆ تۆیە جارجار کە خۆم مەست دەکەم |
| لە کەسێ پرسە: تەنیا جێ مابێ.... | کە بڕوا ناکەم (ئەشك)ی پێ مابێ |

ئەمجا بە درێژایی مانگێك شەوانە لە ژێر زەمینەکەدا دەنووستم و رۆژانە دەچوومە ناو دوورگەکە و دەگەڕام...دەچوومە رۆژ ئاوای دروگەکە. ئاوەکەی گەڕابووەوە و شەپۆلەکانی کەم بووبوونەوە. زەویەکی لماوی بە جێ هێشتبوو.

ئەگەر وشترێکی پیا بڕۆشتایە دەست و قاچەکانی رۆ دەچوون. منیش ورەم دایە خۆم پێیدا رۆیشتم، ئاگرێکی بە کلێپەم لە دوورەوە بینی.... بەرەو رووی بوومەوە... ئێ.... بەڵکو خوا دەرووییەکم لێ بکاتەوە. ئەم شیعرەم وت:

| | |
|---|---|
| ئێ.... بەڵکو قەدەر جڵەو بگۆڕێ | بێنێتە ڕێمان: چاکەیە..... خێرێ! |
| بەڵکو بە دڵی خۆمم لەگەڵ کا | دنیا نارووخێ... خێرم بێتە ڕێ |

بەرەو رووناکییەکە چووم. روانیم ئەوە: کۆشکێکە. دەروازەیەکی (مس)ی هەیە. کە هەتاو لێی دەدات. دەبریسکێتەوە. زۆرم پێخۆش بوو. بەرامبەری دانیشتم.

زۆرم پێنەچوو.... ١٠ هەرزەکارم بینی!! جل و بەرگی جوانیان لەبەر دابوو. پیرەمێردێکیان لەگەڵدا بوو. سەیرەکە لەوەدا بوو هەر ١٠ کەسەکە (لارکوێر) بوون.

منیش سەیری ئەوەم لێهات، ئەم لارکوێرانە چۆن یەکیان گرتووە!!؟ کە منیان بینی سڵاویان لێکردم و هەواڵیان پرسیم. منیش چیم بە سەر هاتبوو، بۆم گێڕانەوە. هێندە بەسەرهاتەکەمیان پێ سەیر بوو، بردمیانە کۆشکەکەوە. روانیم، لە کۆشکدا ١٠ سەکۆ هەن لە سەریان ١٠ سەکۆلکەی بچوکتر هەیە و سەرتا پا شینن! هەر یەکەیان چوونە سەر سەکۆلکە بچوکەکەی خۆی و لە ناوەڕاستتا، سەکۆلکەیەك هەبوو، پیرەمێردەش چووە سەر ئەو سەکۆلکەیە. ئەمجا بە منی وت:

"ئەی لاو، لەم کۆشکەدا بۆ خۆت بمێنەوە، بەڵام نە لە لارکوێری نە لە بەسەرهاتمان مەپرسە!"

پیرەمێرد هەستا و خواردن و خواردنەوەی خستە بەردەممان. تاکو، نیوەشەو، پرسیاریان لێم کرد و بەسەرهاتی خۆمم بۆ گێڕانەوە. دواتر لاوێکیان وتی:

"پیرەمێرد، ئیدی کاتی مووچەکەمانە."

ئەویش وتی:

"بە سەر چاوان".

هەستا و چووە گەنجینەکە دوای کەمێك هاتەوە و ١٠ قاپی هێنا، هەر یەکەیان، بە قوماشێکی شین داپۆشرابوو، هەر یەکەیان و قاپێکی لەبەر دەمدا، دانا. ئەمجا ١٠ مۆمی داگیرساند و هەر قاپە و مۆمێکی داگیرساوی خستە سەر. کە سەری قاپەکانی لادا، خۆڵەمێش و خەڵووزی کوتراو و قەترانی قەدەری تیا بوو. ئەمجا هەموویان قۆڵیان لێ هەڵکرد و دەستیان بە شین و واوەیلا کرد و خۆڵەمێش و خەلووزەکەیان، بە سەر و چاوی خۆیاندا کرد. لە خۆیان دەدا و دەیان وت:

"بێخەم دەژیاین وەکو مەردان.... لێمان کەوتنە دەست تێوەردان!"

تاکو بەرەبەیان ئەمە کاریان بوو. ئەمجا پیرەمێرد ئاوی بۆ گەرم کردن، ئەوانیش سەر و دەم و چاویان شت و جل و بەرگی بۆ هێنان و خۆیان گۆڕی.

خانم...... کە ئەمەم بینی هۆشم لە سەردا نەما. هێندە سەراسیمە بووم! نەگبەتیەکەی خۆمم بیر چووەوە. بۆیە پرسیم:

"دوای ئەو دانیشتنەی کە هەموو پێی شاد بووین... ئەمە چی بوو؟"

ئەمجا وتم:

"ئاخر.... ئێوە کەسانێکی وریا و ژیرن..... ئەم کارەتان شێتانەیە. سوێندتان دەدەم: هۆی ئەم لارکوێرییەتان و لە خۆ دانەتان و خۆڵ بە سەر خۆ کردنانەتان چییە!؟ پێم بڵێن!!"

یەکێکیان وتی:

"ئەی لاو بە هەرزەکاریت فریو مەخۆ! کۆڵ بدە لە پرسیار کردن."

ئەمجا نانی نیوەڕۆ هات و نان خورا. کە شەو داهات بە هەمان شێوە، خۆم و چرایان داگیرساندەوە. سفرە و خوان دانرانەوە. تاکو نیوە شەو دەمەتەقێمان کرد. ئەمجا لاوێکیان، بە پیرەمێردەکەی وت:

"شەو درەنگە، مووچەکەمان بۆ بێنە."

دیسان وەکو شەوی پێشوو ڕێ و ڕەسمی شین و شەپۆڕەکەیان کردەوە. مانگێك بەم شێوەیە لەگەڵیان مامەوە! ئەمانیش هەموو شەوێك ئاوا لە سەر و سنگی خۆیان دەدا و دواتر خۆیان دەگۆڕی. ئەمجا پێم وتن:

"ئەی هەرزەکاران، گەر هۆی ئەم لە خۆدانەم پێ نەڵێن... ئەوا بە جێتان دێڵم."

ئەوانیش وتیان:

"پاراستنی نهێنی خۆمانمان بە لاوە باشترە."

منیش هەروا سەراسیمە مامەوە. مانم لە خواردن و خواردنەوە گرت! پێم وتن:

"دەبێت هەر پێم بڵێن.
"ئەوانیش وتیان:
"ئاخر... تۆیش بارت گران دەبێت و وەکو ئێمەت لێ دێت."
منیش وتم:
"هەر دەبێت پێم بڵێن، ئەگەرنا، جێتان دێڵم و دەڕۆمەوە کن کەسوکارم."
کە ڕۆژ بووەوە بەرانێکیان هێنا، سەریان بڕی، پێستیان کەند، ئەمجا پێیان وتم:
"ئەگەر بەسەرهاتەکەت بۆ بگێڕینەوە زۆری پێدەچێت. فەرموو، ئەم کێردە تیژە بگرە و لەم پێستی بەرانەدا پاڵ بکەوە. ئێمەش دەی درووینەوە. ئەمجا باڵندەیەك دێت، سیمرغی ناوە، ئەم پێستە هەڵدەگرێت و لە شەقەی باڵ دەدات، لەسەر لووتکەی شاخێك دەنیشێتەوە. ئەمجا بە کێردەکە پێستەکە بدڕێنە و وەرە دەرەوە، کە سیمرخ تۆی بینی دەترسێت و جێت دێڵێت. نیوە ڕۆژێك بەڕێدا بڕۆ تا دەگەیتە کۆشکێکی سەر سوڕهێنەر. بڕۆ ژوورەوە. لەوێدا بە مەبەستی خۆت دەگەیت! چونکە ئێمە لەوێدا تووشی ئەو چاوی ڕاست دەرهێنان و لە خۆدانە بووین."
زۆر دڵم خۆش بوو. ئەمجا چۆنیان وت..... وایان لێ کردم.
سیمرخ هات و منی هەڵگرت و دای لە شەقەی باڵ، کە نیشتەوە، پێستەکەم بە کێردەکە دڕی و ڕۆیشتم تا گەیشتمە ناو کۆشك. کە ڕوانیم ٤٠ کەنیزەکی تیایە هێندە جوانن.... دەڵێی مانگی تابانن! کە منیان بینی بەخێریان هێنام. لەسەر سەکۆیەکی بڵندا دایان نام، بۆ خواردن لەگەڵم دانیشتن. ٥ یان چوون حەسیرێکیان هێنا و ڕایان خست. چەند پیاڵە و چەند جۆر میوەیان لەسەر دانا. چەند کەنیزەك (عوود)یان ژەن. گۆرانی خۆشیان چڕی. کۆڕ هێندە خۆش بوو.... خەم و پەژارە فەرامۆش بوو! کە سەری ساڵ هاتەوە پێیان وتم:
"خۆزگە هەر نەمان ناسیبای ! گەر گوێیان لێ بگرتینایە بۆ خۆیان باش بوو"
دەستیان کرد بە گریان. پێم وتن:
"چیتان بیستووە؟"
وتیان:
"ئێمە هەمووومان شازادەین و چەند ساڵێکە لەم کۆشکەداین. هەر جارە و ٤٠ ڕۆژ ون دەبین. دواتر دێینەوە ئێرە و ساڵێك دەمێنینەوە! ڕێوڕەسمی خۆمان هەیە و دەترسین، کە ڕۆیشتین تۆ سەرپێچی بکەیت. کلیلەکانی ئەم کۆشکە دەدەینە دەستت و دەڕۆین... ئەم کۆشکە ٤٠ دەرگای تێدایە. بۆت هەیە ٣٩ دەرگایان بکەیتەوە. ئاگادار بە ٤٠هەمیان نەکەیتەوە. گەر کردتەوە ئەوە ئێمەت لە دەست دەچێت!"
منیش وتم:"
جا...... چیە، نایکەمەوە".

سالْ کۆتایی هات و ئەوان جێیان هێشتم. بە تەنیا لە کۆشکدا مامەوە. کە ئێوارە هات.... دەرگای یەکەمم کردەوە. ڕۆیشتم تا گەیشتمە خانوویەك کە دەتوت بەهەشتە.. ڕەز و باخێکی تیا بوو. سەوز و ڕازاوە..... میوەی ناسك و پاراو، جۆگەکانی و شەتاو... بە نێو ئەو درەختانەدا ڕۆیشتم... هەوا پڕ بۆنی گوڵان بوو...... ئاوازی بولبولان بوو. پڕ بە وەسفی شاعیران بوو:

| | |
|---|---|
| بەه.... بەه....!! لەو میوەی هەرمێیە | لە دنیادا بە نامێیە |
| چێژی زۆر خۆشە... مسکیشە بۆنی | ڕەنگێکی جوان و ڕووی وەکو گۆیە |

ئەمجا... قۆخم بینی، ئاوی چاوی دەبرد. دەتوت.... یاقووتە! دوایی گەڕامەوە دەرگاکەم لەسەر داخستەوە و لێی نووستم.

ڕۆژی دواتر دەرگای گەنجینەیەکی دیم کردەوە. چوومە ئەو دیو: دەڕوانم گۆڕەپانێکی گەورەیە و دارخورمایەکی فرە و جۆگەلەی ئاو و گوڵ و یاسەمین و مەردەقوش و نەسرین...نێرگز. بووەتە ڕاخەر، بەم بەر و ئەوەبەریدا..... شنەی شەماڵ بۆنی ئەو گوڵانەی بڵاو دەکردەوە کاتێکی خۆشم تێدا بە سەر برد. دەرنگانێك گەڕامەوە و دەرگاکەم داخستەوە.

ڕۆژی دواتر دەرگای گەنجینەی سێیەمم کردەوە. هۆڵێکی فراوانم بینی. کە پایەکانی و ناو ژوورەکان لەبەردی مەڕمەڕ دروست کرابوون. چەندین قەفەز و جۆرەکانی بولبول و کەناری و ڕیشۆڵە و قومری تێدا بوو. خەم و پەژارەی بیر بردمەوە، ئەو ڕۆژەم لەناو دار و باخەکەیدا بە سەر برد و شەویش مامەوە.

بۆ سبەینێ دەرگای چوارەمم کردەوە: کە دەڕوانم خانوویەکی گەورەی تێدایە: ٤٠ گەنجینەی تێدایە و دەرگایان کراوەیە. خۆم کرد بە گەنجینەیەکیدا. بینیم پڕە لە یاقووت و مرواری و مەرجان. هەر سەرم لێی سوڕما بە خۆم وت:

"ئەم هەموو شتە گرانبەهایانە لە گەنجینەی پاشایانیشدا نین!"

ئیدی زۆر دڵم خۆش بوو بە خۆم وت:

"ئێستا من پاشای سەر دەمم. ئەم سامانەش لە خواوەیە!"

ئیتر من ٣٩ ڕۆژ، بەو کۆشکانەدا دەگەڕام، هەموو گەنجینەکانم کردەوە.... تەنیا ئەو گەنجینە نەبێت، کە ئامۆژگاریان کردبووم... نەیکەمەوە! خاتوون گیان ..... بیر و هۆشم هەر لای ئەو گەنجینەیە بوو... کە ئەم دیبوو، پێیان وتبووم، نەکەی بیکەیتەوە. شەیتان چووە کەللەمەوە ئارامم لەبەر هەڵگیرا، ئەوا ڕۆژێکی تەنیایم ماوە. خۆم پێ نەگیرا و دەرگای گەنجینەی چل هەمم کردەوە. کە چوومە ژوورەوە، بۆنێکی هێندە خۆشی لێ دەهات. لە ژیانمدا هەڵم نەمژی بوو. لەو بیر کردنەوەیەدا بووم بورامەوە، سەعاتێکم پێچوو کە بە ئاگا هاتمەوە، وەرەم بە خۆم دا و چوومە ناوەوە. سەیر دەکەم، زەوی کۆشکەکە بە زەعفەران ڕاخراوە. کۆمەڵە فانۆسێکی زێڕین!! گوڵاودانانێك، بۆنی مسك و عەنبەری تیا

بوو بریسکەیان دەهات. خاتوون.... ئەسپێکی قەترانیم بینی دەتوت شەوی ئەنگوستە چاوە! ئاخورێکی لە بلوور بۆ دروست کرابوو. ئالیکی کونجی تیابوو. رەشمە کرابوو بە جوانی بەسترابووەوە.... زینەکەی لە زێڕ بوو کە ئەمەم بینی بە خۆم وت..... ئەمە وا راگیرابێت: دیارە کاری گەورەش دەکات! شەیتان فریوی دام و سواری بووم! لە جێی خۆی نەبزووت پاژنەم لە ژێر سکی دا نەبزووت...! ئەمجا قامچیەکەم لێ کردەوە و توند پێماکێشا.... هەر کە هەستی بە ئازار کرد حیلانی وەکو هەورە بروسکە! دوو باڵی لێ پەیدا بوو، فڕی و منی گەیاندە ئاسمان!

ئەمجا لە سەربانی کۆشکەکە، نیشتەوە و کلکێکی کێشا بە دەم و چاومدا، چاوی راستم دەرپەڕقی و لەگەڵ خوێندا بە روومەتمدا هاتە خوارەوە.....!! کە هاتمە خوارەوە ۱۰ لارکوێرەکەم بینیەوە پێیان وتم:

"بەخێر نەیەیتەوە."

منیش وتم:

"ئەوە منیش بووم بە یەکێك لە ئێوە! لەمەودوا قاپە و قوماشە شینەکە بدەن بە منیش، تێر لە خۆم بدەم، رێگەشم بدەن لای ئێوە بمێنمەوە."

وتیان:

"نەخێر....!"

بە دڵ شکاوی و پەژارەیەکی فرەوە... ملی رێگام گرت و بە خۆم وت:

"هەڵەکونیم کرد لە خۆمم تێکدا!"

ئیدی شارە و شار و دێ ودێ.... سەری خۆم هەلگرت! ئەم ئێوارە گەیشتمە بەغدا ئەم دوانەم بینی سڵاوم لێ کردن و وتم:

"نامۆم."

ئەوانیش وتیان:

"ئێمەش نامۆین بەم شارە!!"

ئیدی وارێککەوت ئەم ۳ کوڕە کەچەڵەیش وەك من چاوی راستیان کوێر بوو. خاتوون، ئەمە بوو هۆی لار کوێریم و کەچەڵە بوونم."

کیژۆڵەی خانەخوێ، پێی وت:

"هەر دوو بەری دەستت بخە سەر سەرت و برۆ بەرێی خۆتەوە."

ئەویش وتی:

"نارۆم... تاکو بەسەرهاتی ئەوانی دی نەبیستم."

ئەمجا کیژۆڵەی خانەخوێ رووی کردە خەلیفە و جەعفەر و مەسرور و وتی:

"ئێوەش بە سەرهاتی خۆتان بگێڕنەوە."

جەعفەر هاتە پێشەوە و چی بۆ دەرگاوانە گێرابووەوە، ئەوەیشی بۆ کیژۆڵەکە گێرایەوە. کیژۆڵە وتی:

"ئەوە ئێوەشم بەخشیەوە."

بە یەك ئەمجا هەموویان لەماڵ چوونە دەر و بە کۆڵانەکەدا رۆیشتن. خەلیفە چووە لای ۳ کورە کەچەڵە و پێی وتن:

"هێشتا رۆژ نەبووەتەوە، بۆ کوێ دەچن؟"

وتیان:

"بە خوا... قوربان خۆشمان نازانین بۆ کوێ دەچین!!"

ئەمجا خەلیفە وتی:

"وەرن ئەمشەو لە ماڵی ئێمە بن."

بە جەعفەری وت:

"لەگەڵ خۆت بیان بەرەوە. سبەینێش بیان هێنە بۆ لام. تاکو بەسەرهاتەکانیان بنووسینەوە."

جەعفەریش فەرمانەکەی جێبەجێ کرد. خەلیفەش چووەوە کۆشکی خۆی و ئەو شەوە: خەو نەچووە چاوی و تەپ و تلی بوو. سبەینێ لە سەر تەختی شاهانانە دانیشت. وەزیران و پیاوانی دەوڵەت کۆبوونەوە. رووی کردە جەعفەر و وتی:

"برۆ ۳ کیژە و دوو سەگەکە و کورە کەچەڵەکانم بۆ بێنە."

۳ کیژەکە خرانە پشتی پەردەوە: ئەمجا خەلیفە وتی:

"بێئەوەی بمان ناسن، میواندارییەکی باشتان کردین، ئێستا خۆمتان پێ دەناسێنم من پێنجەمینی عەباسیەکان و برای هارونەرەشیدم. بە سەرهاتی راستی خۆتان بگێرنەوە!"

کە ئەمەیان بیست، کیژە گەورەکەیان لە پشتی پەردە دەرچوو. هاتە بەردەم خەلیفە و وتی:

"میری موسڵمانان.... گۆڕ وایە: بەسەرهاتی من بە ئاوی زێڕ بنوسرێ".

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو....... بێدەنگ بوو.

## شەوی ۱۷

## بەسەرهاتی کچە گەورەکە و دوو سەگە رەشەکە

شەهرەزاد وتی: "دەگێرنەوە..... ئەی پاشای بەختیار.... خاوەنی بڕیار: خوشکی گەورە لە بەردەم خەلیفەدا وتی:

"گەورەم پێت سەیر نەبێت بڵێم: ئا... ئەم دوو سەگە رەشەی پێمە... هەر دووکیان خوشکی خۆمن!! ۳ دەستە خوشکی دایە و بابە بووین. بەڵام ئەم دوو کچەی بەردەمتان، کە یەکێکیان شوێنی ئەشکەنجە و لێدانی پێوە دیارە و ئەویتریان، ناوی خوشکاشەیە بەڵام لە دایکێکی تری خۆمە!! کە باوکمان مرد، میراتیمان بەش کرد دوای چەند رۆژێك دایکیشمان مرد. ئەویش ۳ هەزار دیناری لە دوا بەجێما! هەر کچە و ۱۰۰۰ دیناری بەرکەوت..... من بچوکترنیان بووم هەر دوکیان شویان کرد. ماوەیەکی پێچوو هەر زاوایەکیان کاروانی بازرگانی بەو ۱۰۰۰ دینارە رێکخست و سەفەریان کرد و منیش بە تەنیا مامەوە ٥ساڵێکیان پێچوو، تومەز..... دەستمایەکانیان لە دەست داوە، دوو خوشکەیان لەو غەریبایەتیە بەرەڵا کردووە و سەری خۆیان هەڵگرتووە.

خوشکە گەورەکەم... شارە و شار بەدەم سواڵکردنەوە، بە جل و بەرگێکی شڕەوە هاتوە بۆ لام! کە بینیم نەم ناسیەوە....! کە وتی خوشکتم سەرم سوڕما! کە پرسیم:

"بۆ وات لێ هاتووە؟"

وتی:

"قسە سوودی نییە... ئەمە لە چارەم نووسرابوو."

بردمەوە و گەرماوم بۆ داخست و بە بەرگی خۆم پۆشتەم کردەوە و پێم وت:

"خوشکە گیان، تۆ لە جێی دایك و باوکمی، ئەو میراتەی وەرم گرت کاسبیم پێوە کرد و خوا بەرەکەتی تێ خست و منیش زەکاتم لێ دەدا. سوپاس بۆ خوا حاڵم زۆر باشە.... لەمەودواش پێکەوە دەیخۆین."

بەو شێوەیە ساڵێك لای من دانیشت. دڵمان هەر لای خوشکەکەی ترمان بوو. هێندەمان زانی ئەویش پەیدا بوو، حاڵی لە حاڵی خوشکەگەورە خراپتر بوو- چیم لەگەڵ خوشکە گەورەم کرد لەگەڵ ئەمیش دا بە هەمان شێوە. دوای ماوەیەك پێیان وتم:

"بە بێ مێرد هەڵناکەین! دەمانەوێت شوو بکەینەوە!"

پێم وتن:

"شووتان کرد و زیانی بە دواوە بوو. شتی وا مەکەن."

نەیان بیست. بێ پرسی من ..... شویان کرد. ناچار بە پارەی خۆم... جیازیم بۆ کڕین و ئاهەنگم بۆ گێڕان و بەڕێم کردن.... دوای ماوەیەکی کەم پارە و پوولیان پێ نەهێشتن و تەڵاقیان دان!

دیسان هاتنەوە بەر دەرگاکەم و وتیان:

"تۆ.... لە ئێمە بچوکتریت..... بەڵام لە هەر دووکمان زیرەك وداناتری.... لێمان خۆش ببە...!! وەکو کەنیزەکی خۆت: جێمان بکەرەوە و بەخێومان بکە و ئێمەش جارێکی دی بیر لە شوو کردن ناکەینەوە."

منیش وتم:

"دەتانخەمە گلێنەی چاوانمەوە..... لە ئێوە ئازیزترم نییە."

ساڵێك بەو شێوەیە مانەوە، شتومەكی بازرگانیم ئامادە كرد و بەرەو بەسرە.... بە دو خوشكەم وت:

"پێتان خۆشە لەگەڵم سەفەری بەسرە بكەن. وەرن.... ئەگەریش نا... ئەوا لە ماڵدا بۆ خۆتان بمێننەوە".

وتیان:

"سەفەرت لەگەڵ دەكەین."

لەگەڵ خۆم بردمن! سامانەكەم كردە دوو بەشەوە.... بەشێكم هەڵگرت بۆ لێقەومان...... ئەویدیم خستە ئەو بازرگانیەوە. بە بیرما هات، گەر پاپۆڕەكەمان كارەساتێكی بە سەردا هات، كەلوپەلە بازرگانیەكەم تیاچوو، ئەم نیوە سامانەم بمێنێ، باشترە."

چەندین شەو چەندین رۆژ بە رێوە بووین. تومەز، پاپۆڕەكەمان رێی هەڵە كردووە و لە دەریایەكدا پاپۆڕ دەڕوات كە پێشتر پێیدا نەرۆیشت بوو. با... لە بار بوو، بێخەم بووین. پیاوی دووربین بە كۆڵەكەی نێوەندی پاپۆڕدا هەڵژنا..... كە سەرنجی دا.... هاواری كرد...... مژدە! شارێك دەبینم لە شێوەی كۆنتردایە. دوای سەعاتێك شارێكمان بینی. بە سەرۆكمان وت:

"ئەمە كام شارە؟"

ئەویش وتی:

"نازانم كوێیە و هەرگیز نەم دیوە! بە درێژی تەمەنیشم بەم دەریایەدا نەرۆیشتووم! بە هەر حاڵ بچنە شارەوە و شتومەكی خۆتان بۆ فرۆشرا.... ئەوا بیفرۆشن.... ئەگەر بۆتان.... نەفرۆشرا.... ئەوا ٢ رۆژ دەحەوێینەوە و دواتر، رێی دەریا دەگرینەوە بەر."

ئەمجا سەرۆك، رۆیشت و سەعاتێكی پێچوو.... كە گەڕایەوە وتی:

"دابەزن بچنە ناو شارەوە، با سەرتان لە كاری خوا سوڕ بمێنێ ! پەنا بدەنە خوا خۆی لە رق قینەی!"

كە گەیشتینە بەر دەروازەی شار، خەڵكمان بینی، كە لێیان نزیك بووینەوە، هەموویان ببوون بە بەرد. چووینە ناو شارەوە. ئەوێش بە هەمان شێوە، بەڵام كاڵا و سامان و زێڕ و كوتاڵیان وەكو خۆی مابووەوە! دڵمان بەو شتومەكانە خۆش بوو. بەڵام وتیشمان:

"بە خوا مەترسیەك هەر هەیە!"

بڵاوەمان لێكرد. یەكێك بۆ زێڕ دەگەڕا..... یەكێك بۆ پارە. ئەوی تر بۆ كوتاڵ. منیش خۆم كرد بە كۆشكی پاشایاندا....! سەیر دەكەم هەرچی پەرداخ و پیاڵە و قاپ و قاچاغە...... لە زێڕ دروست كراوە! ٥٠ خزمەتكارم بینی جل و بەرگیان ئاوریشم بوو.... شمشێریان هەڵكێشا بوو... پەردەی پەنجەرەكان ئاوریشم بوو. بە هێڵی زێرین چنرا بوو.

سەیر دەکەم شاژن نووستووە! ملوانکەی ملی مروارییە. تاجێکی بە سەرەوەیە. رازاوە بە نقێم. ملەگۆ و ملوانکەی ئالتون. وەکوخۆیان مابوون. شا ژن ببوو بە بەردی رەش! دەرگایەکی کراوەم بینی بە ٧ پلیکانە بۆی سەرکەوتم. دەروانم هەمووی بەردی مەڕ مەڕە! کۆمەڵە فەرشێك راخراوە، کە هەندێ لە تانوپۆکانی، لە ئاڵتوونە! چرپایەکی شوێنی نوستن، لە داری عەرعەر دروست کراوە. بە دوڕ و یاقوت نەخش کراوە، پەردە و کوللەیەکی پیا شۆڕ بووەتەوە..... بە مرواری نەخش کراوە لە دەمی پەردە و کوللەکەوە بریسکەیەکم بینی، کە چووم سەیرم کرد، ئەوە پارچەیەك مرواریە بە هێندەی هێلکە قازێك دەدرەوشێتەوە! چرپاکەیش، بە چەندین جۆری ئاوریشم داپۆشراوە ئەوەی بیبینێ سەری سوڕ دەمێنێ! چەند مۆمێکم بینی داگیرسا بوون. بە خۆم وت:

"بێگومان ئەمە مرۆڤ دایگرساندوون."

ئەمجا چوومە شوێنێکی دی و بەو شێوەیە دەگەڕام و دەحەپەسام! هێندە رۆیشتبووم و عەجایەبم لێ هاتبوو، ئێوارەم بە سەردا هات. ئەمجا ویستم بگەڕێمەوە شوێنی ئەو دەرگایەی کە لێوەی هاتبووم، بۆم نەدۆزرایەوە ناچار چوومەوە لای ئەو پەردە کوللەیەی مۆمەکانی لێ داگیرسا بوو. دوای ئەوەی هەندێك قورئانم خوێند چوومە سەر چرپایەکە و خۆم داپۆشی. ویستم بنووم، بەڵام دڵەراوکێ نەیهێشت! نیوەشەو گوێم لێبوو بە نرمی و دەنگێکی خۆش قورئان دەخوێندرا- دڵم کرایەوە و شوێنی دەنگەکە کەوتم تا گەیشتمە ژووری پشتەوە، سەیر دەکەم دەرگاکەی داخراوە.کردمەوە سەیری شوێنەکەم کرد. ئەمە مزگەوتە و میحراب و چرا دەسوتێ و دوو مۆم داگیرساوە..... فەرشی تیا راخراوە. گەنجێکی شۆخ و شەنگ و قورئانێك لە بەردەمیدا. سەرم لەو سوڕما چۆن ئەمیش وەکو ئەوانی تر نەبووە بە بەرد!؟ بۆیە: پرسیاری خەڵکی ئەم شارەم لێکرد. وتی:

"پەلەم لێ مەکە."

قورئانەکەی داخست و خستیە توورەکەیەکی ئەتڵەسەوە لە تەنیشت خۆیەوە دانام. سەرنجم دا هێندە جوانە.... دەڵێی مانگی تابانە زمانی شیرین و لە سەر خۆیە..... دەڵێی شەکری کلۆیە:

ئەستێرەناسان: بەختیان گرتەوە — پەنایان لە بۆ (بورج)ی بردەوە
(عەتارد) ژیریی کە پێ بەخشیوە — وەك مانگ ئەستێرە دەوری چنیوە
سەراسیمە بوو: چی بڵێ، فاڵچی؟ — مانگ هاتە زەوی: کەوتۆتە ماچی

ئەم وەسفەیشی دەهێنا:

سوێند بەو جوانیە و بەو راستگۆییەی — بەو رۆژی (بوون)ە و بەو شکۆییەی
بە هۆی ئەمەوە (مسك)یش ناسرابوو — دەنا: نرخێکی لای کەس نەمابوو

بۆیە سەرنجێکم دا..... هەزاران هەناسەی بە دواوە بوو.... ! دڵم پێوە بەند بوو. پێم وت:

"گەورەم وەڵامی پرسیارەکەم بدەرەوە!"

وتی:

"ئەم شارە هی باوکمە. ئەو پاشایەتی کە رەنگە ئەوت بینی بێت... چۆن لە سەر کورسییەکەی بووە بە بەردی رەش.... ئەو شاژنەش کە لە پەردە و کوللەکەدا بوو، دایکمە! خەڵکی شارەکەش ئاگر پەرستن!! پاشا نەبێت. هەموو سوێند بە ئاگر دەخۆن. سێبەر و گەرمای پرۆکێن بەو هەسارانەی دەرۆن و دێن. درەنگانێ خوا منی دا بە باوکم! پەروەردەی کردم پیرەژنێکمان لابوو، خواناس، بەسەرزارەکیش، وەکو کەس و کارم ئاگر پەرست بوو. باوکم متمانەیەکی زۆری پێ بوو! رێزی دەگرت و منی دایە دەستی و وتی:

"بیگرە خۆت، فێری ئاگر پەرستی بکە و پەزێرایی بکە."

بەڵام پیرەژنە فێری ئایینی ئیسلامی کردم. نوێـژ و رۆژووی فێـر کـردم. قورئانی پێ لەبەر کردم پێی دەوتم:

"خوا نەبێت شتێکی دی نەپەرستی."

کە گەورە بووم پێی وتم:

"نەهێڵیت دایك و باوکت بزانن موسڵمانیت!"

چەند رۆژێك ئاوا مامەوە..... پیرەژنە.... مرد! خەڵکی شارەکەش تا دەهات خراپەکاری و گوناهیـان زۆرتـر دەبـوو. هێنـدەمان زانـی دەنگێـك لـە ئاسمانـەوە هـات: دەتـوت هـەورە بروسکەیە دەناڵێت:

"ئەی خەڵکینە.... واز بێنن لە...... ئاگر و خۆری رووناك روو بکەنە خوای تاك".

خەڵکەکە سەریان سوڕما! باوکم کۆی کردنەوە و پێی وتن:

"مەترسن و بێخەم بن.... ئاگرپەرستی خۆتان بکەن و هەڵ مەگەڕێنەوە".

خەڵکەکەش فەرمانی باوکمیان جێبەجێ کرد. لە سەر خراپەکاری سەرومڕ بوون.

ساڵی دووەمیش لـە هەمان کاتـدا... دەنگەکە بیستـرایەوە. سـاڵی سێیەمیش بـە هەمان شێوە. ئیدی هێندمیان زانی کە بەڵای خوا لە ئاسمانەوە، بە سەریاندا باری. ئـاوا..... خۆیـان و هەر هەموو وشتر و ئاژەڵەکانیشیان بوون بە بەرد. منـیش بـە تـەنیا و بێکـەس مامـەوە و هەر خەریکی نوێـژ و قورئـان خوێنـدنم. کـەس نییـە دەمەتـەقێی لەگـەڵ بکـەم منـیش لە ناخەوە پێم وت:

"دە..... لەگەڵ من وەرە با بچین بۆ بەغداد. زانایـان و پیـاوانی ئـایین ببینیـت! ئـەوەش بزانە ئەم کەنیزەکەی بەردەمت شـاژنی خێڵـی خۆیـەتی! سـەرۆکی پیـاوان و خزمەتکارانـە. خاوەن پاپۆڕی بازرگانیـە قـەدەری خـوا، مـنی گەیانـدە ئێـرە. قـەدەری خـوا نەبوایـە... ئـەم کارەساتی شارەم نەدەبینی!"

ئیدی زۆرم رێز لێ گرت. زۆرم لەگەڵ وت... دوایی رازی بوو لەگەڵم بێت.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو...... بێدەنگ بوو.

# شەوی ۱۸

شەهرەزاد وتی: "دەگێڕنەوە ...... ئەی پاشای بەختیار:
کیژەکە هەوڵی زۆری لەگەڵدا ... تاکو وتی:
"باشە".

ئەو شەوە، لێی نوستم لە کاتێکدا لە خۆشیاندا بڕوام بە خۆم نەدەکرد....! کە رۆژ بووەوە، هێندەی بۆمان هەڵگیرا لەوانەی کێشیان سووکە و بەهایان گرانە، هێنامان و لە قەڵاکە هاتینە دەرەوە و چووینە ناو شارەوە. سەیر دەکەم سەرۆکی پاپۆڕ و کۆیلەکان بۆ من دەگەڕان. کە منیان بینی زۆریان پێ خۆش بوو. ئەوەی بینی بووم بۆم گێڕانەوە و بەسەرهاتی لاوەکەیشم پێ وتن. تێیشم گەیاند خەڵکی ئەم شارە بۆچی بوون بە بەرد؟ کە هەر دوو خوشکەکەم....واتە: ئەم دوو سەگە رەشە ئەم لاوەیان بینی کەوتنە بەغیلی پێ بردنم، دەریشیان نەدەبڕی. ئێمەش بە دڵی خۆشەوە سواری پاپۆڕەکە بووین. چاوەڕێی بای لە بار بوون. کە هەڵی کرد..... چارۆکەکانمان هەڵدا، کەوتینە رێ و هەر دوو خوشکەکەم لەگەڵمان بوو، کەوتینە دەمەتەقێ – لێیان پرسیم:

"خوشکێ چی لەم کوڕە قۆزە دەکەیت؟"

منیش وتم:

"مەبەستان ئەومیە بیکەم بە مێردی خۆم."

ئەمجا رووم کردە، کوڕەکە و وتم:

"شتێکت پێ دەڵێم.... بە قسەم بکە.... کە گەیشتینە بەغداد دەبمە خێزانت."

ئەویش وتی:

"بە چاوان"

ئەمجا بە خوشکەکانم وت:

"بە تەنیا ئەم لاوەم بەسە! ئیدی هەر چیەکمان پەیدا کرد بۆ ئەو."

وتیان:

"زۆر چاکە.... خوشکێ".

بەڵام لە دڵەوە رقیان لێم هەڵگرتبوو. ئەمجا لە دەریا ترس دەرچووین گەڕاینەوە دەریای ئارام. دوای چەند رۆژێکیش دیوارەکانی شاری (بەسرە)مان لێوە دەرکەوت! ئیدی ئێوارە داهات. شەو لێی نوستین. هەر ئەو شەوە خوشکەکانم بە نوێنەکانمانەوە فڕێیان داینە دەریاوە. لاوەکە چونکە مەلەوان نەبوو، خنکا منیش شەپۆلەکان بردمیان. تا لە کەناری دوورگەیەك، گیرسامەوە.

تاکو بەیانی بە کەناری دەریادا رۆیشتم کە رۆژ بووەوە، شوێن پێی مرۆڤێکم بینی بە سەر لە تەرەکەوە..... شوێن پێکەم هەڵگرت..... تاکو گەیشتمە زەوی دوورگەکە ئەمجا ....

جلەکانم هەڵخست. خۆیشم دەستم کرد بە خواردنی میوەی درەختەکان ئەمجا خۆم لەبەر کردەوە و کەوتمە ڕێ. ڕۆیشتم و ڕۆیشتم، تاکو نزیکەی دوو سەعاتە ڕێیەکم مابوو، بگەمە ناو شار. ڕوانیم وا ئەژدیهایەك کە بە هێندەی قەدی دراخورمایەك ئەستوور بوو، بەرەو ڕووم هات. کە گەیشتە بەر دەمم زمانی بستێ درێژ بووبوو. بە لای ڕاست و چەپدا دەکەوت. ماندوو شەکەت...... تومەز تووله مارێك ڕاوی ناوە و ئەمیش لە دەستی هەڵاتووە! منیش بەزەییم بەم ئەژدیهایەدا هاتەوە، بۆیە بەردێکم هەڵگرت و دام بە سەری تووله مارەکەدا و دەم و دەست مرد. ئەژدیهاکەیش دوو باڵی لێ پەیدا بوو، دای لە شەقەی باڵ و فڕی تا لە چاوم ون بوو. منیش کە زۆر ماندوو بووم خەوم لێکەوت، نزیکەی سەعاتێك نووستم. کە بە ئاگا هاتم دەڕوانم کەنیزەکێك بە هێواشی پێ بە پێمدا دەنێت و دوو سەگیشی پێیە. شەرمم لێ کرد و ... لە جێی خۆم دانیشتم و پرسیم:

"خوشکێ..... تۆ کێیت؟"

ئەویش وتی:

"چەند زوو منت بیر چووەوە! من ئەوەم تۆ ڕزگارت کردم. چاکەت لەگەڵ کردم و دوژمنەکەمت کوشت. من ئەو ئەژدیهایەم. لە تووله مارەکە ڕزگارمت کردم، من کچە جنۆکەم و ئەویش نێرە جنۆکە بوو، دوژمنم بوو، تۆ فریام نەکەوتیتایە، دەیکوشتم. ئەو کاتەش تۆ تووله مارەکەت کوشت ئەوە بوو.... لە شەقەی باڵم دا فریای ئەو پاپۆڕە کەوتم کە دوو خوشکەکەت خۆت و مێردەکەتیان تێدا فڕێ دایە دەریاوە!! ٢ خوشکەکەتم ڕزگار کرد. هەر دوکیانم بە سیحر کردووە بە ٢ سەگی ڕەش. چونکە ئاگام لە ئەو ناپاکیە بوو لەگەڵیان کردی. بەڵام بەداخەوە لاوەکە خنکا. ئەمجا خستمیە بن دەستی و فڕی لە سەر بانی ماڵی خۆمان نیشتەوە. کە ڕوانیم شتە و مەکەکانی ناو پاپۆڕەکە لەحەوشەکەدان.

ئەژدیهاکە وتی:

"توو حەزرەتی سولەیمان..... هەموو ڕۆژێك ٣٠٠ قامچی بدە لە ئەو دوو خوشکەت. ئەگینا دێمەوە.... سەرت و تۆیش وەکو ئەوان لێ دەکەم!"

منیش پەیمانم دایە و وتم:

"بە سەر چاوان".

لەو ڕۆژەوە..... ئەی ئەمیری موسڵمانان ئاوا لێیان دەدەم، خۆشیم بەزەییم پێیاندا دێتەوە! خۆیشیان دەزانن.... هیچم بە دەست نییە بە هەڵەی خۆیاندا ئەمە بەسەرهاتم بوو. شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.... بێدەنگ بوو.

# شەوی ١٩

## چیرۆکی کچی دووەمی لێدراو

شەهرەزاد وتی: خەلیفە بەسەرهاتەکەی بەلاوە زۆر سەیر بوو.....! ئەمجا بە کیژی دووەمی وت:

"ئەی تۆ... شوێنەواری ئەو قامچیانە چیە بە گیانتەوە؟"

کیژەش وتی:

"ئەی میری موسڵمانان.... باوکم مردو سامانێکی زۆری بۆ بەجێ هێشتم! هێندەی پێنەچوو، شووم کرد بە پیاوێکی بەختەوەری سەردەمی خۆی! نزیکەی ساڵێك لای بووم. ئەویش مرد! ٨٠٠٠٠ دیناری لە پاش بەجێما. کە ئەوە بەشی شەرعی خۆم بوو. ئیدی ناوبانگم بە دەوڵەمەندی بلاو بووەوە! ١٠ حللم دروست کرد هەر حلەیەکی بە ١٠٠٠ دینار. رۆژێ لە رۆژان بێخەم لێی دانیشتبووم. هێندەم زانی، پیرەژنێکی، خوار و خێچ، دەم و چاوێکی مر و مۆچ پڕ لە چرچ و لۆچ، دانەکانی کە لە فیچ! خۆی کرد بە ماڵمدا. کڕنووشی بۆ بردم، پێی وتم:

"ئێمە نامۆین بەم شارە و کچەتیوەیەکم هەیە، ئەمشەو ئاهەنگی شوو کردنێتی. بەڵام کەس ناناسین تاکو بێتە ئاهەنگەکەیەوە. ئەو خێرە لە دەست خۆت مەدە. گەر هاتیت ئەوا دەرودراوسێش کەزانیان بەشداریت ئەوا ئەوانیش بە خۆشی تۆوە دێن. کچەکەی منیش خۆشحاڵ دەکەیت. ئێمەش خوا و تۆ شك دەبەین."

ئەمجا پیرەژنە دەستی کردە گریان.... ئەم شیعرەی وت:

تەنیا هاتنتان بۆ ئێمە رێزە    دانی پیا دەنێین میوان ئازیزە
کە ون بوون جێتان ناگیرێتەوە    وەك ئێوە کەسی تر نابێتەوە

منیش بەزەییم پێیدا هاتەوە. پێم وت:

"لەبەر خاتری خوا و تۆ دێم."

پیرەژنە زۆری پێخۆش بوو. دامۆکایەوە بۆ پێڵاوەکانم و وتی:

"خوا پاداشتت بداتەوە و دڵنەوا بیت کە ئاوا ..... دڵنەوایی کچەتیوەکەم دەکەیت! ئێستا خۆت ماندوو مەکە، ئێوارە خۆم دێمەوە، بە شوێنت دا."

دەستی ماچ کردم و رۆیشت. ئیدی خۆم ئامادە کرد و ئێوارە پیرەژنە پەیدا بوو و وتی:

"خانمەکەم.... خانمانی شار، کە زانیان تەشریف دێنیت، هەموو لە ماڵی ئێمەن و چاوەڕێی تۆن...."

هەستام و کەنیزەکەکانم دوای خۆم خست و رۆیشتین. تا گەیشتینە کۆڵانێ: (قنکوی)ی ئاوڕشێن کراو، شنەیەکی خۆشی لێوە دەهات. چوینە بەردەرگایەکی سەر بە گومەز!

دیوارەکانی لە بەردی مەڕ مەڕ! لە ناوەوەدا کۆشکێکی بە قوڕ دروست کراو، سەری لە ئاسمانی ساو، لە سەر دەروازەی ئاوا نوسراو:

| | |
|---|---|
| هەواری شادمانیم | پڕ ئاواز و گۆرانیم |
| حەوز و فوارەم تیایە | من مایەی کامەرانیم |

پیرەژنە لە دەروازەی دا، چوینە دالأنێکەوە، بە دیوارەکانیدا مەشخەڵی داگیرساو فەرشی تیا راخراو و پەردەی ئاوریشم و ئالتون و زیوی پیا هەڵواسراو.... دوو ریز مۆمی داگیرساو.... لە بەرامبەردا، چرپایەکی دار عەرعەر، نەخشی ئالتون لەسەر، کەژاوەیەك لە قوماشی ئەتڵەس، کیژێکی ناسك و جوان، هەر وەك مانگی درەخشان لە کەژاوەوە – ئەی میری موسڵمانان – خۆی دا پێشان! ئەم شیعرەی خستە بیرمان:

| | |
|---|---|
| كان طرتها من فوق غرتها | ليلاالهموم على صيح المسرات |

کیژە لە کەژاوەکە هاتە خوارە و وتی:

"بەخێر بێیت، خوشکی ئازیز."ئەمجا ئەمەی وت:

| | |
|---|---|
| هەوار زانیبای میوانی کێیە | زوو ماچی دەکرد شوێنی ئەو پێیە |
| سینەی وەك دۆشەك بۆ رادەختی | دەیزانی شادیت بچییە هەر جێیە |

ئەمجا لام دانیشت و وتی:

"خوشکێ..... برایەکم هەیە، لە ئاهەنگ و بۆنەکاندا، تۆی بینیوە. حەزی لێ کردووی....! براکەم لە خۆم جوانتر و قۆزترە! بیستویەتی تۆ خانمی خێڵی خۆتیت، ئەویش گەورەی خێڵی خۆیەتی. دەیەوێت بت هێنێت! بە گوێرەی شەرع و سوننەت."

منیش چونکە بێوەژن و بێ کەس بووم بە باشم زانی...... کیژە زۆری پێخۆش بوو، چەپڵەیەکی لێدا.... دەرگایەك کرایەوە! کوڕێکی گەنجی ڕێکپۆش.... بالأ بەرز.... برۆ کەوانی. چاوانێك دڵ دەبوو حەیرانی

| | |
|---|---|
| رووی هەر وەکو مانگ دەبریسکێتەوە | مرواری تێیدا دەدرەوشێتەوە |
| پەنا بە خوا بۆ ئەو جوانییە | بێ ئەو کاری وا قەت ناکرێتەوە |
| لە نێوچاوانی: ئاوا نووسراوە | لەم شێوە دووبار قەت نابێتەوە |

کە بینیم، دڵم بۆی لێی دا، خۆشم ویست، نزیکەی سەعاتێك پێکەوە قسەمان کرد، کیژەکە چەپڵەیەکی دی لێدا.... دەرگای گەنجینەیەك کرایەوە و قازی و ٤ شایەت هاتنە دەر. سڵاویان کرد و دانیشتن. ئەمجا مارەیان لە لاوەکە بڕیم! ئەمجا کوڕەکە رووی کردە من:

"پیرۆز بێت."

ئەمجا وتی:

"خاتوون... تەنیا یەك مەرجم هەیە!"

منیش وتم:

"ئەو مەرجە چییە....بەڕێز؟"

هەستا و چوو قورئانێکی هێنا وتی:

"سوێند بخۆ، لە من زیاتر، دڵت بە لای کەسی دیدا نەچێت!"

منیش سوێندم خوارد. ئەویش دڵی زۆر خۆش بوو. ئەمجا سفرە و خوانیان رازاندەوە. تاکو توانیمان خواردمان. مانگێکمان بە خۆشی بردە سەر ڕۆژێکیان مۆڵەتم لێ وەرگرت، تاکو بچمە بازاڕ هەندێك قوماش بکرم. منیش پیرەژنە و کەنیزەکێکم لەگەڵ خۆم برد. چوومە دوکانی بازرگانێکی لاو، پیرەژنە هاتە لامەوە و وتی:

"ئەمە کوڕێکی منداڵکارە، باوکی دوای خۆی سامانێکی فرەی بۆ جێهێشتووە. دوکانێکی گەورەی کۆتاڵی هەیە."

ئەمجا بە لاوەکەی قوماشی جوان بخە بەردەستی ئەم کیژۆڵەیە.....

ئەویش وتی:

"بەسەر چاوان."

منیش وتم:

"پێویست ناکات هێندە پیادا هەڵبدەیت پێویستیەکانی خۆمان دەکڕین و دەگەڕێینەوەماڵەوە."

ئەوەی ویستمان خستیە بەر دەممان. کە پارەمان دایە.... وەری نەگرت! وتی:

"ئێوە، ئەمجارە میوانی منن!"

بە پیرەژنم وت:

"گەر پارەکەیمان لێ وەر نەگرێت، شتەکان نابەین."

کەچی وتی:

"ئەوانە دیاری منن! لە جیاتی پارە ماچێکم بدەرێ!"

منیش وتم:

"پەنا بە خوا.... لەو کارە!"

کە سڵ کردنەوەی منی بینی، پەلاماری دام و زللەیەکی لێدام و گازێکیشی لە لێوانم گرت کە دانەکانی چەقینە... لێوانمەوە. بوورامەوە و پیرەژنە، لە باوەشی کردم. کە بە ئاگا هاتمەوە دەڕوانم دوکانی خڕ..... داخستووە و ڕای کردووە! پیرەژنەش کە دەم و چاوی خوێناوی بینیم: زۆر خەمبار بوو وتی:

"هەستە با بڕۆینەوە.... خۆت بکە بە نەخۆش و جێ دانەکانت تیمار دەکەم."

وردە وردە ڕۆیشتینەوە. کە گەیشتینەوە..... خۆم نەخۆش خست و شەو مێردەکەم هات، کە منی بینی وتی:

"ئەوە چیتە؟"

وتم:

"نەخۆشم و سەرم ژان دەکات."

ئەویش مۆمێکی داگیرساوی، لە رووم نزیك کردەوە، کە برینەکەی بینی وتی:

"ئەی ئەو برینانە چییە؟"

وتم:

"کە رێت پێدام چووم لە بازاڕ قوماش بکرم، کۆڵەدار بە کۆڵێك دای بە لامدا و چیلکە و چەوێڵ لە پەچەکەم ئالاّ و چوو بە دەم و چاومدا و پەچەکەیشی دڕاندم."

مێردەکەم وتی:

"هەر سبەینێ دەچمە لای حاکم، فەرمانی پێ دەردەکەم هەر چی دارفرۆشێك لە شار دایە: بیکوژێت!"

منیش وتم:

"ئۆباڵی بێتاوانان مەخە، ئەستۆی خۆت... ئاخر منیش سواری کەرێك بووم و گلام...! ئەمجا چیلکە و چەوێڵەکە چوو بە دەم و چاومدا".

ئـــەویش وتـــی:"کەواتـــە..... ســـبەینێ دەچـــمە لای ئـــەبو جەعفـــەری بەرمـــەکی و بەسەرهاتەکەی بۆ دەگێڕمەوە، فەرمانی پێ دەردەکەم کە گوێدرێژەکانی شار بکوژرێن."

منیش پێم وت:

"بەم کارەت، خەڵك لـە خـۆت دەکـەیت. ئـەویش بـە هـۆی منـەوە، لـە کاتێکدا کـە ئـەم رووداوە قەزا و قەدەری خوا بووە."

ئیدی ئارامی لەبەر هەڵگیرا و وتی:

"دەبێت هەر وا بکەم."

بەراستی منـیش دەسـتم کـرد بـە بۆڵـە بـۆڵ بـە سـەریدا. هێنـدەم زانـی.... ئـەی مـیری موسڵمانان نەڕاندی.... منیشی تاوانبار کرد بەوەی.... "سوێندەکەم کەوتووە."دەرگایەك بەو نەڕەیـە... کرایـەوە.... ٧ کۆیلـەی رەش، هاتنـە دەرەوە. فـەرمانی پێـدان بەکێشیان کـردم و فڕێیان دامە ناوەڕاستی ماڵەکەوە. کۆیلەیەکیان هەر دوو شانی گرتم..... فەرمانی بە کۆیلەی دووەم و لەسەر هەر دوو ئەژنۆم دانیشت و قاچەکانی گرتم. کۆیلەی سێیەم بە شمشێرێکەوە هات وتی:

"گەورەم هەر ئێستا بیکەم بە دوو کەرتـەوە و فڕێـی بدەمـە دیجلـەوە. تـا سـزای سوێند کەوتنەکەی وەرگرێت."

ئەویش تووڕە بوو وتی:

لە دڵخوازمدا ببنە هاوڕێم
گەر نەیان کوژم: بۆ خۆم دەتەقێم:

نەفسم بە پاکی کە راهێناوە
عەشقێکم ناوێت... پێی لۆمە بکرێم

ئەمجا بە کۆیلەکەی وت:

"سەعد... تێی بسرەوێنە."

ئەویش چۆکی لەسەر سنگم دادا و وتی:
"ئیتر ژیانت کۆتایی پێ دێنم.... وەسیەت بکە و شایەتمان بێنە."
کە خۆم بەمجۆرە بینی و سەرنجی مێردەکەم دا ژیانی بەختەوەری و ئاسوودەیی خۆمم بیر کەوتەوە. ئێستاش چۆن سەرم لێ تێك چووە؟ چاوم هەڵبڕی و سەیرێکی مێردەکەم کرد کە ئاوا توورە بوو: دامە پرمەی گریان و وتم:

| | |
|---|---|
| بێخەوت کردم هەر بۆ نەگبەتی | پشت گوێت خستم و خۆیشت لێی خەوتی |
| بە بێدارانی شەوت ناساندم | نە وەکو هەر من: خۆیشت تێ کەوتی |
| پەیمانت دامێ کە بە وەفا بیت | کە دڵت بردم ئەمجا لالووتی |
| لە کێلی گۆڕم تووخوا بنووسن: | کە (ان زوجی سبب موتی) |

کە بە دەم گریانەوە، لە شیعرەکە بوومەوە و سەیری فرمێسکەکانی کردم هێندەی تر توند بوو ئەم شیعرەی وت:

| | |
|---|---|
| دڵدارەکەی خۆم وا بە جێ نەهێشت | ئەو تاوانی کرد منی تەرك کرد |
| ویستی یەکێ دی بخاتە بەینمان | منی مەجبوری رەفزی شیرك کرد |

کە لێ بووەوە لێی پاڕامەوە لە دڵی خۆیشمدا وتم:
"یا.... فریوی بدەم بەڵکو رزگاری بە دواوە بێت - با هەموو سامانەکەشم تیا بچێت گرنگ نییە!"
ئەمجا کەوتمە سکاڵا....! ئەم شیعرەم وت:

| | |
|---|---|
| سەر بەیان ملدا بەمۆڵەقەوە | بۆ دەم خەیتە ژێر خەمی عەشقەوە |
| رۆحم چی لێ بێت هی دووری تۆیە | شەیدای تۆ بووە و بە دوای شەوقەوە |

ئەویش کە شیعرەکەی بیست نەڕاندی بە سەر کۆیلەکەدا:
"خێری نەماوە دوایی پێ بێنە."
لە کاتێکدا ئێمە خەریکی ئەم شەڕە شیعرە بووین و من دەستم لە ژیان شت بوو. هێندەم زانی پیرەژن خۆیدا بە سەر دەست و پێی مێردەکەمدا و وتی:
"بۆ خاتری ئەو ماندوو بوونەم بە خێو کردنتەوە لەم ژنە خۆش ببە! بەو خوایە: بێ تاوانە. تۆیش جوانکەیت خوێنی ئەم ژنە مەکە ملی خۆت. رۆڵە گیان خوا دەستورێکی وای داناوە.... ئەوەی کە کوشتی.... ئەویش کوژراوە! هێندە دڵت رەق نەبێت!"
ئەمەندەی بە سەرا گریا.... تاکو رازی کرد و لێم خۆش بوو....وتی:
"ئەوا لێی خۆش بووم، بەڵام دەبێت، شوێنەوارێك بە سەر گیانیەوە، جێ بێڵم!"
فەرمانی دا لە سەر زەوی رایان کێشام و تووڵێکی دار بەهێیان هێنا.... کۆیلەیەك هێندەی لێدام.... تاکو لە هۆش خۆم چووم. ئەمجا فەرمانی دابوو، نیوەشەو... بردبوومیانەوە، خانووە کۆنەکەی خۆم.... فرێیان دابووم! دەمەوبەیان بە ئاگا هاتمەوە. کەوتمە چارسەری برینەکانی لەشم و هەنوونی بەر مەرهەم. زەرد و لاواز. ٤ مانگ لە

جێگادا بۆی کەوتم. کە هەستامەوە بەرەو ئەو کۆشکە چوومەوە کە تێیدا فەلاقە کرابووم. دەروانم بووەتە کەلاوە و وێران بووە.
ئیدی چار ناچار چوومە سەردانی ئەم خوشکەم کە دوو سەگە رەشەکەی هەیە ئاخر.... میری موسڵمانان، ئەمەیان لە باوکمەوە، خوشکمە! سڵاوم لێکرد و بەسەرهاتی خۆم بۆ گێرایەوە. ئەویش پێی وتم:
"کەس نییە، لە بەڵای خوا قوتار بووبێت! سوپاس بۆ خوا کە ماویت."
ئەم شیعرەی بۆ خوێندمەوە:
قۆرتی زەمانە هەر چەند گران بێ دەبێت ئارام بی و رووت لە یەزدان بێت
خوشکە داماوەکەیشم بەسەرهاتی خۆی و ٢ خوشکەکەی بۆ گێرامەوە. کە چیان بەسەر هاتووە. سەرمان نابەیەوە و بەبڕای بڕ...... جارێکی تر باسی شووکردنمان نەکرد و ئەم خوشکەشمان گرتە خۆمان، کە رۆژانە بچێتە ناو بازاڕ و شمەکمان بۆ بکڕێت. تا ئەوە بوو، رۆژێکیان بەو حەماڵەدا شتومەکی هێنا بووەوە کە بینیتان. هەر ئەو شەوە ٣ کوڕە کەچەڵەش هاتنە بەر دەرگامان، ئەوە بوو پەزێراییمان کردن. هەر ئەو شەوە هێندەی پێ نەچوو، ٣ بازرگانی رێزداری رێکپۆشی شاری موسل لە دەرگایان دا. بەسەرهاتی خۆیان بۆ گێڕاینەوە. ئەوە بوو ئێمەش مەرجمان بۆ دانان ئەمجا داڵدەمان دان. مەرجەکەیان شکاند بەڵام دوای ئەوەی هەر یەکەیان بەسەرهاتی خۆی گێڕایەوە ئازادمان کردن. ئێستاش پایەدار بیت. لە پەزێراییتداین.

شەهرەزاد وتی:"خەلیفە فەرمانی نووسینەوەی بەسەرهاتەکەی دا.... تاکو بخرێنە کتێبخانەی مەملەکەتەوە ئەمجا لە کیژی یەکەمی پرسی:
"ئەی هەواڵی دەڵە دێوەکە چی بوو.... کە سیحری لە هەر دوو خوشکەکەت کرد.... نازانیت!؟"
کیژە وتی:
"ئەی میری موسڵمانان چەند تاڵە موویەکی خۆی پێدام و پێی وتووم.... هەر کاتێك تاڵێك لەم موانە هەڵبکروزێنیت... ئەگەر لەو دیو کێوی قوڵلەی قافیشەوە بووم... دەم و دەست دەگەمە لات!!"
پاشا وتی:
"مووکە بێنە!"

خەلیفە موویەکی سوتاند! هێندەمان زانی کۆشك لەریەوە و نەعرەتەیەك.... دەڵە دێوێکی موسڵمان پەیدا بوو. وتی:

"سلاوت لێ بێت.... ئەی نوێنەری خوا لە سەر زەوی!"

میری موسڵمانانیش وتی:

"سلاو لە ئێوەش."

ئەمجا دەڵە دێو وتی:

"بزانن.... ئەم کیژە، چاکەیەکی لەگەڵ کردووم کە هەرگیز پاداشتیم بۆ نادرێتەوە لە مردن رزگاری کردووم! دوژمنەکەی کوشتووم! منیش کە بینیم ئەو دوو خوشکەی ئەو بەلایەیان بە سەر هێنا ئەو سیحرەم لێکردن کە دەی بینی. ویستم هەر دوکیان بکوژم... بەلام خەمی ئەوەم بوو ئەم کیژە لە خەفەتی ئەو دوو خوشکەیدا بمرێت! ئێستاش لەبەر خاتری تۆ و ، ئەم کیژە گەر دەتانەوێت، سیحرەکە بەتاڵ دەکەمەوە! چونکە منیش وەکو ئێوە موسڵمانم."

میری موسڵمانانیش وتی:

"ئەو دوو خوشکە رزگار بکە، دواتر دەگەڕێمەوە، سەر ئەم خوشکەی کە ئاوا لێیان داوە، گەر راست بکات، تۆڵەی ئەویش لە مێردەکەی دەکەمەوە و سامانەکەیش بۆ دەگێرمەوە."

دەڵە دێو وتی:

"هەر ئێستا ئەم دوانەت بۆ رزگار دەکەم و مێردی ئەوی تریشت دەخەمە بەردەست! کە ئەویش یەکێکە لە نزیك ترین پیاوانی دەوڵەت لە تۆوە!"

ئەمجا دەڵە دێو، قاپێك ئاوی هێنا و هەندێکی بە سەردا خوێند، کە ئێمە لێی تێنەگەیشتین. ئەمجا ئاوەکەی پرژاند بە رووی دوو سەگەکەدا. وتی:

"بە پەنای خوا، بگەڕێنەوە شێوەی یەکەمتان."

دوو سەگەکە بوونەوە بە دوو کیژە جوانەکە... ئەمجا دەڵە دێو رووی کردە پاشا و وتی:

"مێردی ئەم کیژە لێدراوەش، (ئەمین)ی برای (مەئمون)ی کوڕتە....! "ئەمین"کە جوانی و خانومانی، ئەم کیژە دەبینێ حەیران بوو! مارەی کرد. بەلام سوێندێکی لێ خواردبوو. دواتر لە هەڵەدا چووبوو پێی وابوو سوێندەکەی شکاندووە ویست بووی بیکوژێت! بەلام لەبەر خاتری خوا: نەی کوشتبوو. فەرمانی دابوو زۆریان لێدا.... تا.... ئاوای لێهات. دواتر فەرمانی دا بردیانەوە خانووە کۆنەکەی خۆی...."

خەلیفە زۆری پێ سەیر بوو.....!! ئەمجا وتی:

"سوبحان الله، کە خوا ئەمەی پێ بەخشیم، بتوانم ئەم دوو کیژە رزگار بکەم. هەروەها بە ناسینی ئەم کیژەی دی. بەو خوایە.... دەبێت کارێك بکەم.... دوای خۆم بنوسرێتەوە!"

ئەمجا فەرمانی دا "ئەمین"ی کوڕیان هێنایە بەردەستی. پرسیاری لەبارەی کیژی یەکەمەوە لێ پرسی.... ئەویش بێ پێچ و پەنا بۆی گێڕایەوە. ئەمجا فەرمانی دا قازی و

شایەتیان ئامادە کرد. هەروەها ٣ کوڕە کەچەڵە و کیژەی یەکەم و دوو خوشکە سیحر لێکراوەکەی! لە ٣ کوڕە کەچەڵەی مارە کردن. کە کاتی خۆی کوڕە پاشا بوون. لە سەری دەوڵەت دایمەزراندن چیان پێویست بوو پێی بەخشین و خانووی بۆ دابین کردن. کیژە لێدراوەکەشی گەڕاندەوە بۆ "ئەمین"ی کوری. سەر لە نوێ لەوێدا مارەی کردەوە لە کوڕەکەی. خۆیشی خوشکاشەی مارە کرد و ناردیە یەکێك لە کۆشکەکانیەوە و خزمەتکار و کەنیزەکی بۆ نارد. تاکو پەزێرایی بکەن. خەڵکەکەیش، سەریان لە پیاوەتی و چاکەی خەلیفە سوڕما!!

## بەسەرهاتی کچە کوژراوەکە

دنیازاد، بە شەهرەزادی خوشکی وت:

"بەخوا خوشکێ، چیرۆکێکی خۆش بوو، لە دنیادا وێنە نییە! بەڵام شەو بە بەریەوە ماوە! چیرۆکی دی نازانیت؟"

شەهرەزاد وتی:

"گەر پاشام ڕێگام بدات.... بەسەر چاوان!"

پاشاش وتی:

"خێراکە.... بۆمان بگێڕەوە!"

شەهرەزاد وتی:

"دەڵێن ..... شەوێکیان هارونە ڕەشید دەنێرێتە شوێن جەعفەری وەزیردا و پێی دەڵێت: "با ئەم شەو خۆمان بگۆڕین و بچینە ناو هاوڵاتیانەوە، گوێ هەڵبخەین، بزانین کام دەسەڵاتدار و لێپرسراو و پیاوی دەوڵەت خراپە و ئەوان لێی نارازین، دەریان بکەین..... کامیشیان لای هاوڵاتیان پەسەندن، پلە و پایەیان بڵندتر بکەین."جەعفەریش وتی: "بە سەر چاوان."

چوونە ناوشار، شەقام و کۆڵانان گەڕان.... پیرێکیان بینی گاڵۆکێکی بە دەستەوە تۆڕێکی ماسی بە سەر سەرەوە، ئەم شیعرەی دەوت لەبەرەوە:"

وتیان: وەك پۆڕوکەوی — سەرکانی و مانگە شەوی
وتم: جوانی بێ کەڵکە — بەهێز نەبم و قەوی
دەستم بە سەرا بگری — لام بێ خامە و دەفتەری
کارێ دەکەم بۆ هەژار — تۆش لەگەڵما بگری
هەژار بوویت چاکتر وایە — لە گۆڕستان جێ بگری

که خەلیفە هارونەرەشید، شیعرەکەی بیست، زۆر کاری تێکرد. بە جەعفەری وت:"
برۆ بزانە لەوە دەچێت زۆر هەژار و نەدارا بێت!"
خۆی بۆ نەگیرا و خۆی چووە لای و پرسی:
"چکارەیت؟"
پیرە وتی:
"راوە ماسی دەکەم و خێزانـدارم لـە نیـوەڕۆوە لـە مـاڵ هاتوومەتـە دەروە راو دەکـەم ماسییەکم نەگرتووە. تاکو ماڵ منداڵی پێ بژێنم...... خۆم لەبەر چاو کەوتووە. مەرگ بە ئاوات دەخوازم."
خەلیفە وتی:
"لەگەڵ مندا، بگەڕێوە سەر دەریـا...... تۆڕەکـەت لـە بـەختی مـن فڕێـدە دیجلەوە، هە چیەکی پێوە بوو، ئەوا من بە ١٠٠ دینار لێت دەکڕم!!"
پیرەکە ئەمەی بیست زۆری پێخۆش بوو وتی:
"هەر ئێستا لەگەڵت دەگەڕێمەوە."
ئـەمجا تـۆڕەی فـڕێ دایـە دیجلـەوە. دوای کـەمێك تـۆڕەی راکێشایەوە و کـۆی کـردەوە. سندوقێکی قورسـی تیـا بـوو. خەلیفـە ویسـتی هـەڵی بگرێـت. بـەڵام زۆر قـورس بـوو. ١٠٠ دینارەی دایە ماسیگر و ئەو رۆیشت.
مەسـرور و جەعفـەر سـندوقەیان هـەلگرت و گەڕانـەوە، بـۆ کۆشـك و دیسـان مۆمیـان داگیرساندەوە. جەعفـەر و مەسـرور سـندوقەیان شـکاند سـەیریان کـرد قفەیـەکی خـوص تێدایە! بەتاڵێك دەزووی سوور دوورابوو.
قفەکەیان قرتاند، فەرشێکییان دی فەرشەکەیان هەڵدایەوە، چەند قۆپچەیەکیان بـینی لاشەیەکی مردووی تیا بوو کە بە پارچە قوماشی زیوین داپۆشرابوو.
ئیدی خەلیفە پەژارەی بۆ خوارد و سەیرێکی جەعفەری کرد و وتی:
"ئەی: سەگی وەزیران. لە سەردەمی خەلیفایەتی منـدا خـەڵك دەکوژن و فڕێـی دەدەنـە دەریاوە!!؟ لە سەر منـیش دەنوسـرێت!..... مـەرج بێـت کوژەری ئـەم کیـژە بدۆزمـەوە و لـە ئەمەی خراپتر بەسەر بێنم."
بە جەعفەریشی وت:
"بە گۆڕی بەنی عەباسی باپیرەم، گەر کوژەری ئەم کچەم نەخەیتە بـەر دەسـت.... تـاکو تۆڵـەیان لـێ بکەمـەوە ئـەوا.... خـۆت و ٤٠ ئـامۆزا و پـورزات..... لەبـەر دەمـی کۆشـکد هەڵدەواستم."
جەعفەری وەزیریش وتی:
"تەنیا.... ٣ رۆژ مۆڵەتم بدە."
ئەمجا چووە ناوشار لە دڵی خۆیدا وتی:

"خوایه گیان... ئاخر چۆن بزانم ..... کێ ئەم کچەی کوشتووە. تاکو بیخەمە بەردەستی خەلیفە؟ گەر کەسێکی دی، بۆ بەرم... ئەوا خوێنی دەچێتە ملم، نازانم چی بکەم؟"

لە بێ دەسەلاتیدا ٣ ڕۆژ لە ماڵەوە لێی دانیشت. ڕۆژی چوارەم، خەلیفە ناردی بە شوێنیدا و لێی پرسی: "کوا ئەوەی کچەکەی کوشتووە؟" جەعفەریش وتی: "ئەی میری موسڵمانان، بۆ من غەیب زانم، تاکو بکوژەی بدۆزمەوە؟"

خەلیفە زۆر تووڕە بوو. فەرمانی دا لەبەر دەروازەی کۆشکدا... خۆی لە سێدارە بدەن... فەرمانیشی دا، جارچی جاڕ بدات بە شاردا، کە هەر کەسێك دەیەوێت لە سێدارەدانی جەعفەری بەرمەکی و ٤٠ کەس لە ئامۆزا و پورزاکانی ببینێ، با بێتە.... بەر دەروازەی کۆشکی خەلیفە.

زۆرێك لە دانیشتوانی شار، ئامادە بوون و نەشیان دەزانی بۆچی لە سێدارە دەدرێن؟ خەڵکەکە، دەگریان بۆ ئەبوجەعفەر و ئەو ٤٠ کەسەی.... وا داربەستی سێدارەیان بۆ هەڵخراوە.... ئەبو جەعفەر بەرمەکی و ئەو ٤٠ کەسە لە بەردەمیدا، بۆ لە سێدارەدان، ئامادە کراون! هێندەیان زانی لاوێك دڕی بە خەڵکەکەدا.... خۆی بەرەو لای جەعفەری بەرمەکی کوتا. کە گەیشت... بەوەزیری وت:

"خوا بت پارێزێت.... ئەی پەناگای هەژاران.... سەرۆکی هەمووان، ئەو کیژەی کە لە سندوقەکەدا بوو..... من کوشتوومە و تۆڵەی لە من بکەنەوە!"

کە جەعفەر ئەمەی بیست، دڵی بە خۆی خۆش بوو.... بەڵام خەفەتی بۆ ئەو لاوە خوارد، ئەوان لەم کەین و بەینەدا بوون. پیرەمێردێکیش دڕی بە خەڵکەکە دا و خۆی گەیاندە لای وەزیر و لاوەکە. سڵاوی لێ کردن وتی:

"گەورە بە توانا.... وەزیری دانا.... بڕوا بەم لاوە مەکە.... ئەم کیژە من کوشتوومە! گەر تۆڵەی لە من نەکەیتەوە.... لەو دنیا یەخەی تۆ دەگرم."

لاوەکە.... هەڵیدایە:

"ئەم پیرە ئاوەزی لە دەست داوە... خۆیشی نازانێت چی دەڵێت.... ئەو کیژە من کوشتوومە. تۆڵەکەی لە من بکەرەوە."

پیرەمێرد وتی:

"کوڕم تۆ منداڵیت، لەبەری دنیات نەخواردووە، من تەمەنێکی زۆرم بە سەر بردووە. تێرم لەدنیا خواردووە. بە قوربانی وەزیران و ئامۆزا و پورزایانی بم... خێرا بکەن من لە سێدارە بدەن. جەعفەر بە سەر سوڕمانەوە! هەر دووکیانی سەر خست بۆ لای خەلیفە و کڕنووشی بۆ برد و وتی:

"ئەی میری موسڵمانان...... ئەوە کوژەری کچەکەمان ئامادە کردووە."

کە خەلیفە وتی:

"کوا؟"

جەعفەر وتی:

"ئەم لاوە دەڵێت من کووشتوومە، ئەم پیرەمێردەش دەڵێت: من کوشتوومە. ئەوە هەر دووکیانن، خۆت پرسیاریان لێ بکە." خەلیفەش سەیرێکی هەر دووکیانی کرد و پرسی:

"کامتان.... ئەو کچەتان کوشتووە؟"

لاوەکە وتی:

"من."

پیرەش وتی:

"من نەبێت کەسی تر نەیکوشتووە!"

خەلیفە فەرمانی دا:

"هەر دووکیان لە سێدارە بدەن!!"

جەعفەر هەڵیدایە:

"ئەگەر یەکێکیان کوژەر بوو لە سێدارەدانی ئەوی دی ناڕەوایە!"

لاوەکە وتی:

"بەحەقی ئەوەی ئاسمانی بڵند ڕاگرتووە..... زەوی ڕاخستووە من ئەو کیژەم کوشتووە!"

ئەمەش ناونیشانی کوشتنەکەم.... دەستی کردە باسی سندوقەکە و شتەکانی ناوی! خەلیفە بۆی دەرکەوت کە ڕاست دەکات. زۆری بە لاوە عەجایب بوو. پرسی:

"بۆچی..... بە ناڕەوا ئەم کیژەت کوشت؟ بۆ بە بێ لێدان کوشتت؟ ئەی بۆچی ئێستا دان بە تاوانەکەتدا دەنێیت و دەڵێیت تۆڵەییم لێ بکەنەوە؟"

لاوەکە وتی:

"ئەو کیژە، میری موسڵمانان، ئامۆزایشم بوو.... ژنیشم بوو....! ئەو پیرەمێردەش کە لەبەردەمتایە، باوکی کوژراوەکەیە و مامی منە! بە کچی مارەم کرد و خوا ٣ کوڕی داینێ! زۆری خۆش دەویستم و پەزێرایی دەکردم. هیچ خراپەیەکم لێ نەدی. منیش زۆرم خۆش دەویست. تاکو سەرەتای ئەم مانگە..... زۆر نەخۆش بوو. پزیشکێکی زۆرم هێنایە سەر، تاکو بەرە بەرە چاك بووەوە. ڕۆژێك کە دەمویست بیبەمە گەرماوەکەوە.... بیشۆم! پێی وتم:

"حەزم لە شتێکە..... پێش ئەوەی خۆم بشۆم!!"

منیش وتم:

"بەسەر چاوان.... "

ئەویش وتی:

"سێوێك، با بۆنێکی بکەم و قەپاڵێکی لێ بگرم."

منیش چوومە ناوشار و زۆری بۆ گەڕام..... دەستم نەکەوت! ئەگەر سێوێك بە دینارێکیش بوایە.... دەمکڕی. کە ماندوو بووم گەڕامەوە. وتم:

"ئامۆزا.... بەوخوایە.... دەستم نەکەوت."

هەر ئەمەی بیست زەرد هەڵگەڕا دەستی کردە گریان.
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو..... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٠

## چیرۆکی سێ سێوەکە

شەهرەزاد وتی: پیاوەکە وتی.... کە رۆژ بووەوە لە ماڵ هاتمە دەرەوە و هەموو رەز و باخەکان گەڕام. بێسوود بوو. لە ڕێگا رەزوانێکم بینی. پرسیاری سێوم لێ کرد. لەوەڵامدا وتی:

"کوڕم لەم وەرزەدا. بوونی سێو دەگمەنە. تەنیا لە رەز و باخەکەی میری موسڵمانان کە لە شاری بەسرەیە....... هەیە. کە هەموو ساڵێك بۆ خەلیفە رەوانە دەکرێتە بەغدا. هێندە ژنەکەم خۆش دەویست گەڕامەوە ماڵ و خۆم ئامادەی سەفەر کرد و رۆیشتم. چوون و هاتنەوەم ١٥ رۆژی پێچوو. ٣ سێوم بۆ هێنایەوە، کە ٣ دینارم پێدابوو، کە گەڕامەوە و سێوەکانم پێدا: لەجێگادا کەوتبوو. نەخۆشی زەرد و لاوازی کردبوو.

بایەخی بە سێوەکان نەدا و هەر سێکیانی لەو لا خۆیەوە دانا. ١٠ رۆژی تر لە جێگادا کەوت، ئەمجا چاك بووەوە. ئیدی منیش چوومەوە سەر دوکان و کەوتمەوە کاسبی کردن. نیوەڕۆیەکیان لە دوکان دانیشتبووم. کۆیلەیەکی رەش هاتە بەر دوکانەکەم. سەرنج دەدەم یەکێك لەو سێوانەی پێیە. کە بۆ ژنەکەمم هێنابوو. یاری پێ دەکرد. منیش لێم پرسی:

"ئەی کۆیلەی رەش.... ئەم سێوەت لە کوێ کڕی. تاکو منیش بچم لێی بکڕم!!؟"

ئەویش بە پێکەنینەوە وتی:

"لە دۆستەکەمم وەرگرت. ماوەیەك لەمەوپێش لێرە نەبووم. دواتر چووم بۆ لای. لێم پرسی:

"ئەم ٣ سێوەت لە کوێ بوو؟"

وتی: "مێردەکەم بۆ ئەم سێوانە گەیشتووەتە بەسرە و ٣ دیناری پێداوە و بۆی هێناومەتەوە!"

کە ئەمەم بیست، دنیا لەبەر چاوم تاریك بوو. دوکانم داخست و بە پەلە بەرەو ماڵ بوومەوە. هێندە تووڕە بووم مێشکم لە سەردا نەمابوو، کە سەیرم کرد دوو سێوی ماونەتەوە.... کە لە ژنەکەمم پرسی:

"کوا سێوی سێیەم؟"

وتی:

"نازانم!"

قسەی کۆیلە ڕەشە ڕاست دەرچوو. چووم چەقۆیەکم هێنا و ژنەکەمم دایە زەویدا و چوومە سەر سنگی و کەوتمە چەقۆ لێدانی!! سەریم پەڕاند و خستمە (قفە)کەوە. بە قۆپچەکان دام پۆشی. پارچە فەرشێکم هێنا و تێم پێچا و دووریمەوە. سندوقێکم بۆ هێنا و تێم خست! بردم و بە دەستی خۆم فڕێم دایە رووباری دیجلەوە. بۆ خاتری خوا میری موسڵمانان..... پەلە بکە لە لەسێدارەدانم. زۆر لە لێ پێچینەوەی ئەو دنیا دەترسم! کە گەڕامەوە ماڵ سەیر دەکەم، کوڕە گەورەکەم دەگری بۆ دایکی لێم پرسی:

"بۆچی دەگریت؟"

لە وەڵامدا وتی:

"سێوێکی دایکمم هەڵگرت و بردمە کۆڵان. لەگەڵ منداڵاندا یاریم پێدەکرد. کاتێکم زانی کۆیلەیەکی ڕەشی درێژ پەیدا بوو کە سێوەکەی بینی لێی پرسیم:

"ئەمەت لە کوێ بوو؟"

منیش وتم:

"باوکم چووە لە شاری بەسرە بۆ دایکمی هێناوە! ٣ سێوی بە ٣ دینار کڕیوە.""کۆیلەکەش.... سێوەکەی لە سەندم. زۆریش گریام بە دوایدا کە نەیدامەوە. لە ترس دایکم خۆم شاردەوە. نەکو لێم بدات. کە ئێوارە هات لە ترسانا گەڕامەوە. تو خوا بابە گیان بۆ دایکم مەگێڕەوە! با هێندەی تر نەخۆش و بێهێز نەبێت."

کە ئەمەم بیست بۆم دەرکەوت، کە کۆیلە ڕەشەکە بۆختانی بۆ ژنەکەم کردووە، درۆی کردووە! لە خۆڕا.... ژنەکەی خۆمم کوشتووە..... زۆر زۆر گریام ئەم پیرەمێردەش کە باوکێتی، هات بۆ لام و بۆم گێڕایەوە. ئەویش لەگەڵ مندا دەستی کردە گریان. تا نیوەشەو گریاین. ٥ ڕۆژ تەعزیەمان بۆ گرت. تا ئەمڕۆش هەر بداخین. ئەوەیش بەهۆی ئەو کۆیلەیەوە، ڕووی دا. ئێستاش تۆ و گۆڕی باپیرانت بێ ئەو ژنە ژیانم نییە.... زووکە.... با بمکوژن!"

خەلیفە زۆری پێ سەیر بوو....!! وتی:

"ئەو کۆیلە ڕەشە نەبێت کەس لە سێدارە نادەم."

ڕووی کردە جەعفەر و فەرمانی پێدا:

"ئەو کۆیلە، لەعنەتیەم بۆ پەیدا بکە، کە ئەم کێشەیەی ناوەتەوە.... پەیدای نەکەیت تۆ دەخەمە جێگای ئەو."

جەعفەر بە سەری خۆیدا دا و چاوانی بە فرمێسك بوون..... وتی:

"ئەمەش مردنێکی دی منە... هەموو جارێکیش گۆزە بەساغی نایەتەوە! جا ئەوە چۆن دەبێت؟ ئەمانە دەستی دەستیم پێ دەکەن! مەرج بێت گەیشتمەوە ماڵ هەر ٣ ڕۆژەکە نەچمە دەرەوە..... چی دەبێت با ببێت!"

ڕۆژی چوارەم، خەلیفە ناردیە شوێنی و پێیان وت:

"خەلیفە زۆر توند بووە.... دەڵێت ناهێڵم ئەمڕۆ بگەیەنێتە ئێوارە و لە سێدارەی دەدەم!"

جەعفەر کە ئەمەی بیست دایە پرمەی گریان و ماڵ و منداڵ و دانیشتوانی کۆشك بە دوایدا.... ئەمجا باوەشی کردە کچە بچکۆلەکەیدا، کە لە هەموویانی خۆشتر دەویست. بە خۆیەوە نوساند هەستی کرد شتێکی خڕ لەگیرفانیدایە! لێی پرسی:

"ئەوە چییە لەگیرفانتا؟"

کچەکە وتی:

"بابە گیان.... ئەوە سێوێکە، ڕێحانی کۆیلەمان دای بە من بە ٢ دینار و ئەوە ٤ ڕۆژە پێمە!!"

جەعفەر بەمە دڵخۆش بوو سێوەکەی دەرهێنا و وتی:

"خوا..... هەر خۆت کارسازیت!"

ڕێحانی بانگ کرد و پرسی:

"ڕسوا.... ئەم سێوەت لە کوێ بوو؟"

کۆیلەکە وتی:

"بەو خوایە..... گەورەم.... درۆ باش نییە! ئەم دزیوە! ٥ ڕۆژ لەمەوپێش: کۆڵانە و کۆڵان دەگەڕام. کۆمەڵێ منالم بینی.... یاریان دەکرد. یەکێکیان ئەم سێوەی پێ بوو. منیش زللەیەکم لێدا و لێم سەند، ئەویش هاواری کرد:

"ئەوە هی دایکە نەخۆشەکەمە وحەزی لێ کردبوو. باوکم گەیشتووەتە بەسرە و ٣ سێوی بۆ کڕیوە بە ٣ دینار. منیش ئەم سێوەیانم لە دایکم دزیوە تاکو یاری پێ بکەم."

ئەمجا دەستی کردە گریان منیش گوێم نەدایە و هێنامەوە. ئەم کچە بچکۆلەیەی تۆیش لێی کڕیمەوە بە ٢ دینار، ئەمە بوو بەسەرهاتەکەی.

کە جەعفەر ئەمەی بیست سەری لەم گێرەشێوێنە سوڕما. خەمی بۆ ڕێحان خوارد و دڵخۆش بوو بە ڕزگار بوونی لە چنگی خەلیفە. ئەمەی وت:"

کێشمت نەبوونی: گەر خزمەتکار بێ ڕەنگە برینت زوو بەزوو چار بێ

بەڵام ڕۆحی تۆ یەك کەسی دەوێ بێئەو: کەس نییە بە دۆست و یار بێ

ئەمجا قۆڵی گرت..... بۆ لای خەلیفەی برد. بەسەرهاتەکەشی بۆ گێڕایەوە، خەلیفە هێندە پێکەنی و سەری سوڕما کە فەرمانی دا.... ئەمەش بۆ مێژوو بنووسنەوە.....!!

جەعفەر وەزیر وتی:

"جا ئەم بەسەرهاتە، ئەی میری موسڵمانان، کەی بە هێندەی چیرۆکی نورەدینی وەزیری "میسر" و شەمسەدینی برای سەر سوڕ هێنەرە....!!؟"

## شەوی ٢٠

# چیرۆکی شەمسەدین وەزیری میسر و نورەدین وەزیری بەسرە

خەلیفە وتی:

"بابێت.... ئەوەی، لەم چیرۆکە عەجایب ترە!"

جەعفەر وتی:

"نایگێڕمەوە، تا ئەم کۆیلەیەم لە کوشتن رزگار نەکەیت!"

خەلیفەش وتی:

"گەر لەم بەسەرهاتە عەجایب تر بوو ئەی دەمەوە بە خۆت، گەر نە... کۆیلەکەت دەکوژم."

جەعفەر وتی:

"ئەی میری موسڵمانان، لە سەردەمی کۆن، زەمانی جاران لە میسرا پەیدا بوو، یەك سوڵتان، دادوەر و لێزان، هاونشینی زانایان، پەنای هەژاران. یەك وەزیری بە تەگبیری... رۆشنبیری هەبوو. پیرەمێرد بوو، تەمەنی بڕی بوو... ٢کوڕی بوو. بێ وێنە بوون لە جوانیدا گەورەکەیان ناوی: "شەمسەدین محەمەد" و بچوکەکەیان "نورەدین عەلی". بچوکەکەیان زۆر شۆخ و ژیر بوو. زمان شیرین و بە تەگبیر بوو. لە وڵاتانە دەهاتنە لای و راوێژ کردنی! کە باوکیان مرد..... سوڵتان زۆی پێناخۆش بوو. هەر دووکیانی لەخۆی نزیك کردەوە. سامانێکی زۆری پێ بەخشین و وتی:

"من لە جێی باوکتانم. سەر لە خۆتان تێك مەدەن."

ئەوانیش کڕنووشی رەزامەندیان بۆ برد. مانگێك: تەعزییەیان بۆ باوکیان گرت. پاشایش هەر دوکیانی کردە وەزیر و لە جێی باوکیان دانان. کار گەیشتە ئەوەی کە سوڵتان سەفەری بکردایە.... یەکێکیانی لەگەڵ خۆی دەبرد. شەوێك هەر دوکیان پێکەوە بوون بۆ رۆژی دواتریش سوڵتان دەبوو، سەفەرێکی دوور بکات. ئەمانیش شەوێکیان گفتوگۆیان دەکرد. برا گەورە بەبرا بچووکی وت:

"حەز دەکەم، هەر دوکمان لە یەك رۆژدا.... ژن بێنین!"

برا بچووك لەوەڵامدا وتی:

"لە قسەت دەرناچم..... چۆن دەڵێیت با وا بێت."

برا گەورە، لە سەری رۆیشت:

"گەر خوا کردی و ژنەکانمان پێکەوە منداڵیان بوو.... ئەوەکەی تۆ کوڕی بوو هی منیش کچی بوو..... کە گەورە بوون لەیەکتریان مارە دەبڕین و ئەوانیش دەبنە ئامۆزای یەك!"

برا بچوك پرسی:

"باشه..... مارەیی کچەکە چەند دەبێت؟"

برا گەورە وتی:

"٣٠٠٠ دینار مارەیی ٣ رەز و باخ. ٣ رانە مەڕ وا نەبێت مارەی نابڕم!"

کە نورەدین ئەمەی بیست وتی:

"ئەمە چ مارەییەکە، دەیکەیتە مەرج بۆ کوڕەکەم؟ ئەی نازانیت ئێمە براین؟ سوپاس بۆ خوا هەر دوکمان وەزیرین! لە یەك پلە داین، پێویستە بێ مارەیی کچەکەت بدەیتە کوڕەکەم!"

ئەویش وتی:

"جا .... چیە؟"

برا بچوك وتی:

"لای کەس ئەمە ناگێڕمەوە.... ئەمە لەوە دەچێت کە وتویانە.... یەکێك دەچێتە لای هاوڕێیەکی بۆ داوا کردن، هاوڕێکەی دەڵێ: بە سەرچاو..... سبەینێ وەرەوە. کابراش ئەم شیعرە دەڵێت:

| | |
|---|---|
| کە بۆ شتێ چوویت وتیان سبەینێ | داواکار دەبێ ئیدی واز بێنێ |

برا گەورە وتی:

"لەوە دەچێت کوڕەکەی خۆت لە کچەکەم بە بەنرخ تر بزانیت...!! من بەزەییم پێتا هاتەوە. هێشتم تۆیش ببیتە وەزیر! ویستم دڵت نەشکێنم و یارمەتی دەریشم بیت! مادام ئەمە قسەتە کچەکەم نادەمە کوڕەکەت! ئەگەر کێشی خۆی زێڕیشم بدەیتێ!"

کە نورەدین ئەمەی لە براکەی بیست، وتی:

"منیش کچەکەت داوا ناکەم بۆ کوڕەکەم."

شەمسەدین زۆر تووڕە بوو وتی:

"منیش رازی نیم کوڕەکەت مێردی کچم بێت! گەر لە سەفەر نەبوومایە نەمدەهێشت بە سەرتا بڕوات.... با بگەڕێمەوە.... پیاوەتی خۆمت پیشان دەدەم."

هەر یەکەیان لە سووچێکی ژوورەکەدا لێی نووستن. رۆژ بۆوە سوڵتان سەفەری کرد و شەمسەدین بە دوایەوە! گەیشتنە (جیزە). دواتر بۆ هەرەمەکان. نورەدینیش بە تووڕەییەوە نوست. بۆ بەیانی دوای نوێژ کردن، قاسەکەی کردەوە.... کە پڕ بوو لەزێڕ. هەندێ..... پارەی لێ دەرهێنا. بیری کردەوەی برا گەورەکەی کەوتەوە.... ئەم هۆنراوەیەی وت:

| | |
|---|---|
| سەفەر دابڕان بیر دەباتەوە | یاداشت دەتژێنێ بە ئاواتەوە |
| نامۆ بوون چاکە: خەم دەڕەوێنێ | بڕۆ و خوو مەگرە: بە وڵاتەوە |
| گەر ئاو بوەستێ: زوو بۆ گەن دەکات | گەر رۆیشت پەندە بە حەیاتەوە |
| مانگ ئاوا دەبێت: کە تێی دەڕوانن | گەر وەستا: خۆی بیر خەڵکە باتەوە! |

که شیعرەکەی هەموو خوێندەوە فەرمانی دا ئەسپە زەردی بۆ بێنن و زینی بکەن. سەر زینە زێڕینەکەی پێدا بدەن. توورەکەی پێدا بکەن.... ئاوزەنگییە، زیوینەکەی پێدا شۆڕ بکەنەوە. ئەمجا خواردنێکی کەمی لەگەڵ خۆی برد و سوار بوو. بە خزمەتکارەکانی وت:

"کەمێك دڵم تەنگە و لە شار دەردەچم! کەس بە شوێنمدا نەگەڕێت."

لە میسر دەرچوو کەوتە دەشتایی بۆ نیوەڕۆ گەیشتە "بلبیس". ئالیکی بۆ ئەسپەکەی پەیدا کرد و خواردنیش بۆ خۆی. کەوتەوە ڕێ. پێش ئەوەی شەو دابێت گەیشتە شارێك ناوی "سعدیە"بوو. هەندێ لە خواردنەکەی خوارد. ئەمجا توورەکەکەی کردە سەرین و فەرشەکەی ڕاخست و بە تووڕەییەوە لێی نوست.

ئەو شەوە لەوێ مایەوە، بۆ سبەینێ بەیانی سواری ئەسپەکەی بوو، بە ڕێ کەوت تاکو گەیشتە "حەڵەب". ٣ ڕۆژ لە "خان"مایەوە. تاکو خۆی و ئەسپەکەی بحەوێنەوە. ئەمجا سوار بووە و وەڕێ کەوت بێ ئەوەی بزانێت بۆ کوێ دەچێت! هەر ڕۆیشت تاکو گەیشتە "بەسرە". بێئەوەی بزانێت ئەوێ کوێیە! ئەسپی دایە کەسانی خان، تاکو تاقەتی بکەن. خۆیشی پاشکۆکەی داگرت و فەرشی لێ ڕاخست. وارێکەوت، وەزیری بەسرە لە پەنجەرەی کۆشکەکەیەوە سەیری دەرەوەی دەکرد. ئەسپەکەی بینی ئەو فەرشە نایاب و شمەکە شاهانەیەی بینی سەری سوڕما، بە هەندێ لە پیاوانی خۆی وت:

"بچن... ئەو دەرگاوانەم بۆ بێنن."

که هێنایان کڕنووشی بۆ وەزیر برد. وەزیر لێی پرسی:

"خاوەنی ئەو ئەسپە کێیە؟"

وتی:

"لاوێکی ڕێکپۆشی خاوەن کەسێتییە. لە کوڕە بازرگان دەچێت."

دواتر خۆی چوو بۆ خانەکە و بەخێری هێنا. ئەمجا لێی پرسی:

"لە کوێوە هاتوویت؟ بۆچی هاتوویت؟"

نورەدین وتی:

"لەمیسرەوە هاتووم و کوڕە وەزیر بووم و باوکم مرد وەزیر بووم و باوکم مرد."

چی بەسەر هاتبوو بۆی گێڕایەوە. ئەمجا وتی:

"سوێندم خواردووە، سەری خۆم هەڵبگرم! شارە و شار و دێ بە دێ وڵاتان بگەڕێم."

که وەزیر ئەمەی بیست زۆر کاری تێکرد. بۆیە وتی:

"کوڕەکەم هێندە بەگوێی هەوا و نەفسی خۆت مەکە با.... ماندوت نەکات. وڵات وێرانەیە و زەمانە زاڵمە."

ئەمجا فەرش و شمەکی بەنورەدین کۆ کردەوە، بردیەوە بۆ ماڵی خۆیان. ڕێزی لێگرت و بۆی چاك بوو پێی وت:

"کوڕەکەم پیر بووم و خوا کوڕێکی پێ نەبەخشیم، تەنیا کچێکم هەیە. هێندەی تۆ جوان و شۆخ و شەنگە! داواکارێکی زۆرم بەڕێ کردووە و نەمداوەتێ! تۆیش بە دڵی منیت، وەرە کچەکەم پەسەند بکە و با کەنیزەکت بێت! با لێت مارە بکەم!"

ئەمجا پەیمانی دایە کە بیباتە لای خەلیفە و بڵێت برازایەتی... بیخاتە جێی خۆی و بیکاتە وەزیر، کە نوردەین ئەمەی بیست سەری داخست، دوایی وتی:

"پەسندمە."

وەزیری پیر، زۆر دڵخۆش بوو، فەرمانی دا هۆڵی بۆ برازێننەوە، تاکو ئاهەنگی کچەی تێدا بگێڕێ! بازرگانان و گەورە پیاوانی شاری بەسرەی بانگێشت کرد. ئەمجا پێی ڕاگەیاندن کە برایەکی هەیە لە وڵاتی میسر وەزیرە و دوو کوڕی هەبووە. بۆ خۆتان دەزانن منیش کچێکم هەیە. ئامۆژگاری کردبووم، کە کچەکەم بدەمە یەکێك لە کوڕەکانی منیش لە قسەی دەرنەچووم. ئێستاش ئەم کوڕەیانی بۆ ناردووم کە دەی بینن. لە بێگانەش لە پێشترە، منیش کچەکەمی لێ مارە دەبڕم و پیرۆزیان بێت.... دواتر، گەر ویستی لای خۆمان بێت با بمێنێتەوە گەر گەڕایشەوە وڵاتی خۆی با بگەڕێتەوە. میوانەکان وتیان:

"کارێکی چاکت کردووە."

ئیدی قازی و شایەتەکان هاتنە روو. بوخورد و داری عوود، دانرا شیرینی خورایەوە، گوڵاوپرژێن کرا. وەزیر فەرمانیدا نوردەین ببەنە گەرماو و لە جەرگەکانی خۆی پۆشتەی بکەنەوە. کە لە خۆ شتن بووەوە و هاتە دەر.... دەتوت مانگی چواردەیە...! بە سواری هێسترەکەیەوە بەرەوماڵی وەزیر چوو. کە گەیشتە وەزیر: دەستی ماچ کرد و ئەویش لای خۆیەوە داینا و پێی وت:

"سبەینێ: دەتبەمە لای سوڵتان، بەڵکو یارمەتیت بدات."

ئەمە هەواڵی نوردەین، هەواڵی براکەی نوردەدینیش: ماوەیەك لەگەڵ سوڵتاندا لە سەفەر بوون. کە گەڕانەوە نوردەدینی برای نەبینیەوە. لە خزمەتکارانی کۆشکی پرسی.... پێیان وت:

"کە تۆ سەفەرت کرد. ئەویش سواری هێسترەکەی بوو، هەندێ شمەکی لەگەڵ خۆی برد و وتی بەرە و "قەلیوبیە"دەبمەوە، رۆژێك یان دوانم، پێ دەچێت. کەمێك دڵم تەنگە! کەس بە دومدا نەگەڕێت! ئیدی لەو رۆژەوە دەرچووە، هەواڵی نییە!"

شەمسەدین زۆر پێی تێکچوو، پەژارەیەکی زۆری خوارد. بە خۆی وت:

"ئەمە بەهۆی سەرکۆنە کردنی بووە، لەلایەن منەوە...... پێویستە بنێرمە دووی!"

ئەمجا چووە لای سوڵتان و هەواڵی سەرهەڵگرتنی نورەدینی برای پێدا.... سوڵتانیش نامەی نارد بۆ لای نوێنەرانی لە شار و شارۆچکەکانی وڵاتەکەی، کە هەواڵی نوردەین بزانن. بەڵام سەفەری ٢٠ رۆژەی سوڵتان و شەمسەدین، هێندە زۆر بوو، کە نوردەین، رێیەکی زۆری

بڕیبوو، بۆیە زۆری بۆ گەڕان، بەڵام سودی نەبوو. کە شەمسەدین دەستی لە براکەی شت، بە خۆی وت:

"ئەمەندە زۆربڵێ بووم بەرامبەر ئەو ژن هێنان و شوو کردنە. دوای ماوەیەك، کچە بازرگانێکی مارە کرد."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو....... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢١

## چیرۆکی بەدرەدین حەسەنی نورەدین

شەهرەزاد وتی: دوای ماوەیەك ژنی شەمسەدین کچێکی بوو، جوانیەکەی کەم وێنە بوو! هەر لەو رۆژەیشدا ژنی نورەدین کوڕێکی جوانی بوو. هەر دەتوت ئەم شیعرەی بۆ وتراوە:

قژی بەروویدا پەخش و بڵاوە    شەوە زەنگێکی سەر رووی هەتاوە

ئەو خاڵە رەشەی لە سەر روومەتی    گوڵە ( شەقیق)ە و رەشی تێزاوە

ناوی نا.... "بەدرەدین."باپیرەی کە وەزیری "میسر"بوو ...... زۆری خۆش دەویست. لە شاردا.... لە هەر کوچە و کەناردا. سفرەخوان راخرا. وەزیری بەسرەش، نورەدینی بردە لای سوڵتان کڕنووشی بۆ برد و ئەم شیعرەی بە زووبانێکی پاراو.... شیرین و رەسا بۆ وت:

هەر پایەدار بێت.... خاوەنی سایە    بمێنیت تاکو: دنیا دنیایە

تا رەز و باخان بە بولبولان بن    بژیت بۆ ئێمە.... بە شادی خوایە

سوڵتان لەبەری هەستا و سوپاسی شیعرەکەی کرد و پرسی:

"ئەم لاوە کێیە؟"

وەزیر بە سەرهاتەکەی لە نووکەوە بۆ گێڕایەوە. وتی:

"ئەمە برازامە".

سوڵتان پرسی:

"ئەمە، کام برازایە، کە ئێمە هیچمان لە بارەیەوە نەبیستووە؟"

وەزیر وتی:

"گەورەمان، سوڵتان.... برایەکم لە وڵاتی میسر، وەزیر بوو مردووە، دوو کوڕی لە دوا بەجێما.... گەورەکەیان، خرایە شوێنی باوکی و بوو بە وەزیر.... ئەمەش کوڕە بچووکەکەیەتی و هاتووەتە لای من..! منیش سوێندم خواردووە کچەکەم بەم نەبێت، نەیدەم بە کەسی تر. ئێستاش زاوامە و هەرزەکارە! منیش پیر بووم. گوێم گران بووە و بیرم

بڵاوە. ئەم لاوەیش برازامە و مێردی کچمە..... خوازیارم بیخەیتە شوێنەکەم و بیکەیت بە وەزیری خۆت! ئەمیش پیاوێکی تا بڵێی زانا و بە تەگبیرە."

سوڵتان.... سەرنجی دا و بە لایەوە بیر و رایەکی باش بوو. دواتر بە وەزیرانی ناساند و لە جێی داینا و رێزی گرت. پاداشتێکی باشیشی کرد. هێسترێکی خۆی دایە و مووچە و (جوامك)ی بۆ بڕیەوە. نورەدین دەستی پاشای ماچ کرد. بە دڵێکی خۆشەوە گەڕانەوەماڵەوە و وتیان:

"ئەمە پێ و قەدەمی کوڕەکەیە."

بۆ سبەینێ بەیانی، چووە لای پاشا و کڕنووشی بۆ برد و وتی:

| | |
|---|---|
| رۆژان دێت: دڵم شاد دەبێتەوە | خەمی حەسودیش زیاد دەبێتەوە |
| داهاتووت روناك گەلێ رەنگینە | ناحەزیش رەنجی بەباد بێتەوە |

پاشاش فەرمانی دا، لە شوێنی وەزیری دابنیشێت. ئەویش کار و باری سەرشانی وەکو وەزیر جێبەجێ کرد. کاری وەزیر چۆن بوو، وای کرد. سوڵتانیش هەروا سەیری دەکرد و لە وریاییەکەی سەرسام دەبوو! رۆژ بە رۆژ پتر دەچووە دڵیەوە کە دەوام تەواو بوو، گەڕایەوە ماڵ و کاری ئەو رۆژەی بۆ مامەی گێڕایەوە. مامەی زۆری پێخۆش بوو. وای لێهات هەمیشە لای سوڵتان بوو. داهاتی دەوڵەت باشتر بوو. مووچەی سەربازان زۆرتر بوو. خۆیشی بووە خاوەنی موڵك و ماڵێکی زۆر و پاپۆڕی بازرگانی و کۆیلە و خزمەتکاران. تەمەنی بووە ٤ ساڵان کە باپیرەی مرد. "نورەدین"تەعزیەکی شایستەی بۆ گێڕا، دواتر کەوتە پەروەردە کردنی حەسەنی کوڕی. کە تەمەنی گەیشتە ٧ ساڵان فەقێی بۆ گرت کە فێر خوێندنی قورئانی بکات.

ماوەی ٦ ساڵ لە ماڵەوە فێرە خوێندن کرا.... حەسەنیش..... جوانتر و قۆز و شۆخ و شەنگ تر دەبوو. هەر دەتوت ئەم شیعرە بەودا هەڵدراوە:

| | |
|---|---|
| خۆرە وا هەڵدێ لەو دوو لێوانە | بە خۆشی تۆوە مانگ لە ئاسمانە |
| شاژنی جوانی: سەراسیمەیە! | بەرامبەر مەستی ئا..... ئەو چاوانە ! |

تا ئەو کاتە حەسەن لە کۆشکی ماڵ نەچوو بووە دەرەوە. بۆیە رۆژێکیان جل و بەرگی حەسەنیان گۆڕی و لەگەڵ باوکی رۆیشتە دەرەوە، بە سواری باشترین هێستری باوکی. باوکی بردیە دیوان، تاکو ببینێ سوڵتان. سوڵتان زۆری پێ موعجیب بوو. لە رێگا و بانیدا خەڵکی دەوستان تاکو تێر لە بینینی جوانی ئەم کوڕە بخۆن.

سوڵتان دەستی بە سەری بەدرەدین حەسەنی کوڕی نورەدینی وەزیردا هێنا و وتی:

"ناو بە ناو ئەم کوڕەش لەگەڵ خۆت بهێنە."

نورەدین وتی:

"فەرمایشتە."

ئیدی زۆر جاران، نورەدین لەگەڵ خۆی دەیبردە کۆشکی فەرمانڕەواییەتی. تاکو گەیشتە تەمەنی ١٥ ساڵان. باوکی بەرەو پیری و لاوازی دەچوو.

ڕۆژێکیان کوڕەکەی دانا و پێی وت:

"کوڕم، ئەم دنیایە دەڕوا.... ئەو دنیا دەمێنێتەوە، هەروا.... ئەمەوێ هەندێك ئامۆژگاریت بکەم. لێم تێبگە."

ئامۆژگاری: هەڵسوکەوتی جوانی: خەڵکی کرد. لەو کاتەدا براکەی بیر کەوتەوە، کە چۆن لە یەکتری دابڕان، دەستی کردە گریان ئەمەی وت:

| | |
|---|---|
| گلەیی دووریت کە ئاوا: دەکەین | ئەدی پەنامان لە بۆ کێ ببەین |
| بە تەتەرماندا سکاڵامان نارد | بەڵکو بە تاسەی دڵی خۆ بگەین |
| وشك بووینەوە، بە خەمەت کەچی | نوقمی فرمێسکی سوێری دوو جۆگەین! |
| ئەی نادریاری: دوورە دەست ئەوا | بۆ وێنەت: دڵ و گیان دەڵێن: (جێگەین) |

ئەمجا ڕووی کردە کوڕەکەی و وتی:

"ئاگادار بە.... مامت وەزیری وڵاتی میسرە! منیش لە فەرمانی ئەو دەرچووم و سەری خۆم هەڵگرتووە. زۆر مەبەستمە: کە ئەم هەواڵە لای خۆت بنووسیتەوە. بەدرەدینیش کاغەزی هێنا. باوکیشی ورد ورد بەسەرهاتەکەی دەگێڕایەوە و ئەویش دەینووسیەوە.

ڕۆژی ژن گواستنەوە و هاتنە بەسرەی نووسی، تەمەنیشی کە لە خوار ٤٠ ساڵانەوە بوو. ئەمجا کاغەزەکەی نوشتانەوە و مۆری کرد و وتی:

"کوڕەکەم، ئەم نووسینە، مێژووی تۆ و بنەماڵەکەتە. گەر تووشی نوشتی بوویت بگەڕێوە میسر و بگەڕێ بە شوێن ئەو مامەیەتدا. تێی بگەیەنە، کە من لەم نامۆییەدا بە تاسەی ئەوەوە مردووم. حەسەن بە دەم گریانەوە نامەکەی لە قوماش گرت و دووریەوە. ئەمجا باوکی وتی:

"٥ ئامۆژگاریت دەکەم. یەکەم: دوورە پەرێز بە و هێندە تێکەڵی خەڵك مەبە، تاکو بێوەی بیت: شیعرێکم لەبەرە دەڵێت:

| | |
|---|---|
| نییە سەرنجت بۆی رابکێشێ | هاوڕێیەك خەم و پەژارەت کێشێ |
| دوورەپەرێز بەو مەچۆ سایەی کەس | وا من پێم وتی: سەرت نەئێشێ |

دووەم: کوڕەکەم شوێن کەس مەکەوە: با زەمانە شوێنت نەکەوێت. چونکە زەمان ڕۆژێك بۆ تۆیە و لەگەڵتە. ڕۆژێکی دی بەرهەڵستتە! زەمانە دەستەوسانی وەفایە شاعرێك وتوویەتی:

| | |
|---|---|
| ئەوەی دەتەوێ پەلە مەبە لێی | بەزمییت هەبوو: ئیتر ناترسێی |
| دەستی خوا سەرووی گشت زۆردارانە | زۆردار: زۆردارێك هەر دێتە سەر ڕێی |

ئامۆژگاری سێیەم: "کەم دوو"بە. واز لە ناتەواوییەکانی خەڵك بێنە! خەریکی ناتەواوییەکانی خۆت ببە! وتویانە:"ئەوەی بێدەنگ بوو: لە کێشە رزگار بوو"شاعیرێك وتویەتی:

کەم دوویی زیوە و بێدەنگی زێرە　　کاتێکیش دەڵێی: قەت رامەبوێرە
لۆمەی بێدەنگی خۆت بکەیت: جارێ　　لۆمەی زۆر وتن بە بار بژمێرە

چوارەم: کوڕەکەم مەی مەخۆرەوە، ئەوەتا شاعیرێك وتویەتی:

پیاڵەم فرێدا.... هەر زوو مەیم رشت　　چونکە خستمیە بەر پلاری گشت
ئەو "مەی"یەی رێگای راستت ون بکات　　دەرگای ئاژاوەش بخاتە سەریشت

پێنجەم: پارە و سامانت بپارێزە.... ئەویش تۆ دەپارێزێت. بە فیرۆی مەدە.... تاکو پێویستت بە کەسانی سوك و خوێڕی نەبێت. ئەو درهەمە... مەرهەمە! شاعیرێك وتویەتی:

گەر سامانم بوو: هاوڕێم هەزارە　　بێ هاوڕێ دەبم: نەشم بوو پارە
بۆی خەرج بکەم لە دەورو بەرە　　سوودم بۆی نەما: پشت لە هەوارە

تا .... گیانی دەرچوو، ئامۆژگاری بەدرەدین حەسەنی کرد. دواتر سوڵتان رێ و رەسمی تەعزیەی گرتە خۆی. تاکو ٢ مانگ بەدرەدین حەسەن تازیەباری باوکی بوو. نەدەچووە سەرای حوکمڕان و نە بۆ لای سوڵتان! بۆیە سوڵتان لێی توورە بوو. فەرمانی بە پۆلیس دا دەستیان گرت بە سەر موڵك و سامانی دا. دیوانی وەزارەتەکەی مۆر کرا.

وەزیری جێگری فەرمانی بۆ دەرکرد. بەدرەدین بگرن و بیبەنە بەردەم سوڵتان لە نێوان سەربازەکاندا، کۆیلەیەکی باوکی هەبوو. کە بەمەی زانی سواری ئەسپەکەی بوو، بەرەو ماڵی بەدرەدین چوو. بینی لەبەر دەرگا دانیشتووە و خەفەتبار و سەری لە کۆشیدایە! دابەزی و دەستی ماچ کرد و وتی:

"گەورەی کوڕی گەورەم، خێراکە فریاکەوە درەنگە.... خۆت قوتارکە لەم مەرگە!"

حەسەن گیانی کەوتە لەرزین پرسی:

"هەواڵی چیت پێیە؟"

ئەویش وتی:

"سوڵتان رقی لێت هەڵگرتووە. خۆت رزگار بکە..... با دوای من هیچت بەسەر نەیەتا"

حەسەن وتی:

"دە...... با بچمە ژوورەوە، هەندێك پارە و پوول بۆ رێگای خۆم ببەم".

ئەویش وتی:

"گەورەم، فریا ناکەویت! هەر ئێستا ماڵ جێ بهێڵە."

ئەویش بەدەم خۆ ئامادە کردنەوە وتی:

خۆت رزگار بکە، بۆنی کێشەت کرد　　هەر کەسێ تیاچوو: یەکجارە کە مرد
شێر وەرەی بەرزە و ملی ئەستوورە　　بە هیچ رووداوێك ملی نابێ ورد

ئیتر بە دامێنی کراسەکەی دەم و چاوی شاردەوە و لە ماڵ دەرچوو. لە شاریش چووە دەرەوە. لە رێگا دەی بیست کە وەزیری نوێ هەڵی کوتاوەتە سەر ماڵی وەزیری کۆن تاکو دەست بە سەر کۆشکەکەیدا بگرێت. بەدرەدینی کوڕیشی بباتە بەردەم سوڵتان..... تاکو فەرمانی کوشتنی دەربکات. خەڵکەکەش زۆر بە داخ بوون بۆ پیاوچاکی و جوانیەکەی. ئیدی سەری خۆی هەڵگرت. تاکو قەدەری خوا.... گەیاندییە خاك و ئاوی باوکی.... لەوێ چووە ناو گۆڕستانێکەوە. کە ماندوویەتی دەرچوو. بینی لە کراسەکەی خۆی نووسرابوو:

| | |
|---|---|
| ئەی خاوەن روویەکی جوان | ئەستێران بۆت هاتنە دوان |
| هەمیشە بالاتری و | خاوەنی هەموو جیهان |

کە بە گۆڕستانەکەدا، سووڕایەوە، گۆڕەکەی باوکی دۆزیەوە..... روانی جولەکەیەك کە لە زێڕنگەر دەچوو. لە سەری بوو. چوو بۆ لای. توورەکەیەکی پێ بو بڕێك زێڕی تێدا بوو. لە حەسەنی بەسری پرسی:

"گەورەم...... ئەوە بۆ رەنگت تێکچووە؟"

ئەمیش لە وەڵامدا وتی:

"من لە خەوندا، باوکم گلەیی سەرنەدانیم لێدەکات. منیش بە خەمی ئەوەوە بووم شەو دابێت و نەگەمە سەر گۆڕی باوکم."

جوولەکەکە وتی:

"باوکت چەندین پاپۆڕی بۆ بازرگانی ناردووە هەندێکیان گەڕاونەتەوە. منیش ئەوە ١٠٠٠ دیناری زێڕت دەدەمێ لە حەقی یەکەم پاپۆڕ، کە دەستم پێیدا گەیشت. ئەمجا دەستی کردە توورەکەکەدا کە پڕ بوو لە زێڕ. ١٠٠٠ دیناری بۆ ژمارد و دایە دەست حەسەنی کوڕە وەزیر ئەمجا پێی وت:

"تۆیش کاغەزی بەڵگەی فرۆشتنەکەم بۆ مۆر بکە."

حەسەنیش لە وەرەقەیەکدا نووسی:

"من کە حەسەنی کوڕە وەزیرم، هەر پاپۆڕەی بگاتە کەناری ئاو، فرۆشتوومە بە ١٠٠٠ دینار و پارەی یەکێکیانم وەرگرتووە. جوولەکەکە لێی دا و رۆیشت، حەسەنیش بیری سەردەمی خۆشگوزەرانی خۆی بیر کەوتەوە. ئەو دەمەی لای باوکی بوو. ئەم شیعرەی وت:

| | |
|---|---|
| هەوارم بێ هاوارە بێ تۆ | دراوسێم نادیارە بێ تۆ |
| نە دڵم بە دۆست گەشاوە دەبێ | نەمانگی ئاسمان شەوقدارە بێ تۆ |
| وەك خۆری ئاسمان کە ئێوە نەمان | هەوار و هەرێم شەوگارە بێ تۆ |

سەری نا بە کێلی گۆڕەکەی باوکیەوە زۆر گریا. خەو بردیەوە. مانگە شەو بوو. ئەمیش ملی لار بووە و کەوتە سەر پشت بێئەوەی بەئاگا بێتەوە. گۆڕستانەکەش پڕ بوو لە جنۆکە موسڵمانەکان. جنۆکە مێیەك هاتە ژوور سەری. چونکە سەری لە جوانیەکەی سوڕما بوو...!! لە دڵی خۆیدا وتی:

"پەنا بە خوا.... ئەمە دەڵێی لاوانی بەهەشتە."

ئەمجا فڕی و بڵند بووەوە. لە ئاسمان دێوێکی بینی. لێی پرسی:

"لە کوێوە هاتوویت؟"

دێوە وتی:

"هەر لێرەم."

ئەمجا وتی:

"لەگەڵما دێیت.... تا ئەو لاوە نووستووەت پیشان بدەم؟"

دێوەکەش وتی:

"با بچین!"

ئەمجا شۆڕ بوونەوە، بۆ گۆڕستانەکە. کە گەیشتن جنۆکە مێیەکە پرسی:

"لە ژیانتا جوانی ئاوات بینیوە؟"

دێوەش وتی:

"پەنا بە خوایەی تاکە... لە وێنەی نییە! بەڵام خوشکێ گەر ڕێم بدەی چیم دیوە، بۆت دەگێڕمەوە."

جنۆکە مێ وتی:

"فەرموو."

دێوە وتی:

"ئا لەم لاوەم، لە وڵاتی "میسر"دیوە. ئەویش کچێکە تەمەنی دەوروبەری ٢٠ ساڵانە و کچی شەمسەدینی وەزیرە. کە سوڵتان جوانی و شۆخ و شەنگی ئەم کیژەی بیستووە ناردوویە دوای وەزیری باوکی کە هاتووە پێی وتووە: بیستوومە کیژێکی جوان و نایابت هەیە. بۆیە خوازبێنیت لێ دەکەم بۆ خۆم. وەزیریش وتی:

"گەورەم... سوڵتان.... لێم ببوورە بەزەییت پێمدا بێتەوە. خۆت دەزانیت نورەدینی برام نێرەی بەجێ هێشت و هاوبەشم بوو، لە وەزارەتدا. دواتر سەری خۆی هەڵگرت. کاتی خۆی باسی منداڵەکانمان و شووکردن و ژن هێنانیانمان کرد. ئەوە بووە هۆی تووڕە بوونی و سەرهەڵگرتنی. منیش هەر لەو ڕۆژەوە ئەم کچە لە دایک بووە، سوێندم خواردووە کە لە برازاکەمی مارە بکەم. کیژی زۆر هەن، سوڵتانی گەورەمان مارەی بکات. کە سوڵتان ئەمەی بیست زۆر تووڕە بوو، وتی:

"کەسێکی وەکو من داوای کچی تۆ بکات، ئا بەم بیانووە، پڕو پووچە دەست بەرووی دەنێیت؟ مەرج بێت دەبێت کچەکەت لە خوێڕی ترین خزمەتکار مارە بیڕم."

پاشا کۆیلەیەکی هەبوو لە پشت و لە پێشەوە (قەموور) بوو. فەرمانی دا، هێنایان و هەر بە زۆر کچی وەزیریان لێ مارە بڕی! بە دەم گاڵتە جاڕی و لاقرتێوە کۆیلەیان کردە گەرماوەوە...! لەولایشەوە کچە وەزیری بووك دەگریا. تەنانەت: نەیانهێشت باوکی بووکەش

ئاماده بێت!! قەمووری زاوایش هێنده ناشرین بوو له وێنەی نەبینرابوو.... جنۆکە مێ وتی:

"با ئەم لاوه هەڵبگرین و بیبەین بۆ لای ئەو کچه.... تا بزانین: کامیان جوانترە!؟"

دێوه وتی:

"زۆر باشه. هەر ئێستا ئەم کوڕه هەڵدەگرم و دەڕۆین."

فڕی و جنۆکەکه به دوایەوه که گەیشتنه میسر کوڕەی خسته سەر سەکۆیەك. که کوڕه خەبەری بووەوه سەیری دەوروبەری کرد. بۆی دەرکەوت ئەم شوێنه شاری بەسره نییه. ویستی هاوار بکات دێوه دەستی نا به دەمیدا و وتی:

"دەمەوێت کارێکت بۆ بکەم..... ئەم مۆمه داگیرساوه بگره و تێکەڵی خەڵکەکه ببه و بچۆ گەرماوەکەوه. لەگەڵیان بڕۆ.... تا دەگەیته هۆڵی بووك. بێ ترس بچۆ لای راستی زاوا قەمووره‌وه. هەر که گۆرانی بێژ ..... شاباشی کردی.... دەست بخه گیرفانت پڕه له زێڕ... بۆیان هەڵبده... مەترسه.. گیرفانت، پشت بەخوا، هەمیشه پڕ دەبێت له زێڕ."

که بەدرەدین حەسەن ئەمەی له دێوەکه بیست وتی:

"ئەم کێژه چیه!؟ هۆی ئەم چاکه کردنه چییه؟"

چوو مۆمێکی داگیرساند و خۆی کرد به گەرماودا.... قەمووری بینی سواری ئەسپ بووه. ئەمیش که چووه ناو خەڵکەکه، که ئەو جوانی و شۆخ و شەنگیەیان بینی ئەو بەرگه جوانەی لەبەردایه هەر که گۆرانی بێژ پێیدا هەڵدەدا، دەستی دەبرد.... زێڕی بۆ هەڵ دەدا. خەڵکەکه سەریان سوڕما. بەدەم ڕێگاوه ئاهەنگ بوو تاکو گەیشتنه بەردەم کۆشکی وەزیر.... دەرگاوانان نەیانهێشت، خەڵکەکه هەموویان بچنه ناو کۆشك. بۆیه ڕێگەیان نەدا بەدرەدین حەسەن بچێته ژووره‌وه. گۆرانی بێژان بێدەنگ بوون و وتیان:

"ئەم لاوه نەکەنه ژووره‌وه ئێمەش ناچینه ژوور. چونکه.... زێڕ و پارەیەکی زۆری شاباش کردووین."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بووه....... بێدەنگ بوو.

## شەوی ۲۲

شەهرەزاد وتی: چوونه هۆڵی ئاهەنگ و بەدرەدین حەسەن له بەرامبەر بووك و زاوا دانیشت. ژنان و کیژانی وەزیران و پیاوانی دەوڵەت به درێژی دوو ڕیز دانیشتبوون. هەر ئافرەتێك پەچەی به سەرەوه و مۆمێکی داگیرساوی به دەستەوه بوو. ڕیزەکانیان له بەردەم بووك و زاواوه تاکو ناوەڕاستی هۆڵ درێژ ببووەوه. گۆرانی بێژان: سەرەڕای جوانیەکەی بەدرەدین حەسەن ئەو بەخشندەییەیان لێ بینی. به کەنیزەکه مۆم بەدەستەکانیان وت:

"پەزێرایی ئەو لاوە بکەن. چونکە نوقمی زێڕ و پارەی کردووین نزای خراپیش بۆ زاوا بکەن."

ژنانیش بە قسەیان کرد. ئەمجا گۆرانی بێژان لە تەپڵ و دەفیان دا..... گۆرانیان چڕی. کچە وەزیریش بە رازاوەیی لە نێواندا بوو. ملوانکەی زێڕی لە گەردندا بوو. کراسێکی لەبەردا بوو. وێنەی شێر و پڵنگی زۆر جوان و باڵندەی بە ئاوی زێڕ لەسەر نەخش کرابوو. ملوانکەیەکی لە مل دابوو، یەمەنی و بە نقێم رازا بۆوە. کە بایی هەزاران دینار بوو..... قەیسەریش شتی وای نەبوو. بووك دەتوت مانگی چواردەیە ژنان، جۆرێك سەرنجیان دەدا... دەتوت سەیری ئەستێرە دەکەن. بەدرەدین حەسەنی بەسریش، سەرنجی خەڵکەکەی راکێشابوو. قەمبوورەی زاوایش، پشت گوێ خرابوو، دەتوت مەیمونە.... هەر چەند مۆمی بەردەمیان دابگیرساندایە، دەکوژایەوە.... بۆیە کەوتبووە تاریکیەوە. لەبەردەم بەدرەدین حەسەنیشدا مۆمێکی زۆر داگیرسابوو...... کە سەرنجی کچە مامی دا.... دڵی خۆش بوو. بووکەش کە بەدرەدین حەسەنی بینی ئەم نزایەی کرد:

"خوایە ئەو کوڕە بکەیتە مێردم.... نەك ئەم قەمبوورە!"

ئەمجا دیاری و تەدارەکییان دایە بووك. زاوای قەمبووریش لەولاوە بەتاکو بێ کەس. کە ئاهەنگ تەواو بوو هۆڵ و کۆشکیان چۆڵ کرد. تەنیا بەدرەدین و قەمبوورەی زاوا مانەوە بەربووك و پێخەسوو... بووکەیان بردە ژوورێکی دی بۆ ئەوەی بیگۆڕن.

قەمبووری زاوایش لە بەدرەدین حەسەن چووە پێش و پێی وت:

"بەخێر هاتیت، چاکە و پیاوەتیت دیارە ئیدی بۆت هەیە بڕۆیت."

ئەویش وتی:

"بسم الله."

هەستا و لە ماڵ چووە دەر. دێوەکە لەبەر دەرگا گرتی و پێی وت:

"بوەستە، بەدرەدین.... کە قەمبوور هاتە دەر لە کەژاوەی بووك و زاوا، تۆ بچۆ ژوورەوە.... کە بووکێ پرسی بڵێ من زاوام بەڵام پاشا لەبەر چاو و نفوس، ئەمەی کردووە. زاوایش سەرکاری خزمەتکارانە."

کە ئەمان سەرگەرمی گفتوگۆ بوون سەرکار هاتە دەر و بەرەو ژووری کەژاوە. دێوەکە خۆی کردە حەوزی ئاوەکەدا و لەشێوەی مشکێکدا هاتە دەر و وتی:

"زیك."

قەمبوور وتی:

"چیتە؟"

مشکە گەورە بوو بە هێندەی پشیلەیەك ئەمجا وتی:

"میاو....میاو..."

ئەمجا خۆی گەورەتر کرد بۆ هێندەی سەگێك! وتی:

"وەو.... وەو."

کە سەرکاری "قەموور"ترسا وتی:

"بێدەنگ بە.... نەگبەت".

سەگەکە خۆی گەورەتر کرد بە هێندەی جاشولکەیەك کەوتە "زەڕین."قەمووری گەورە سەرکار بێزار بوو. هاواری کرد:

"فریام بکەون....!!"

جاشوولکەکە خۆی گەورەتر کرد. تا بووە: "گامێش"ێك ! دانەکانی لێ جێر کردەوە. هەر وەکو خۆمان قسەی کرد و پێی وت:

"قوڕت بە سەر...!"

قەموور کەوتە لەرزین! ئەمجا پێی وت:

"گەڕایت.... گەڕایت... کەس نەما مارەی بکەیت، ئەم کیژە نەبێت...!؟"

قەمووره زمانی چووه کلیلە و بێدەنگ بوو. دێوەکە خوڕی بە سەریا.... "قسە بکە... یا... نەتخەمە ژێر گڵ."سەرکاری قەموور وتی:

"بە زۆر لێیان مارە بڕیوم! ئێستاش (تۆبە) بێت لای خوا و تۆ."

دێوەکە پێی وت:

"سوێند بێت، هەر لە ئێستاوە تاکو سبەینێ ڕۆژ هەڵدێت، لێرە بجوڵێیت و کەس تێ بگەیەنیت دەتکوژم! کە ڕۆژ بووەوە یەکسەر لەم کۆشکە دەچیتە دەرەوە و جارێکی دی ناگەڕێیتەوە. ئێستاش تاکو بەیانی: شەونخوونی دەکێشم بەدیارتەوە."

قەمووره لەترسانا وتی:

"بەسەر چاو."

ئەمە بوو بەسەرهاتی قەموور- بەسەرهاتی بەدرەدین حەسەنی بەسری. بووکە و پیرەژنی پێخەسوو خۆیان کرد بە کەژاوەدا. پیرەژنە لەبەر دەرگا مایەوە. دوای کەمێك بووکە هاتە دەر و وتی:

"ها.... ئەوەش پەڕۆی ڕووسووریم."

پیرەژنەش ڕۆیشت. ئەمە بەسەرهاتی بەدرەدین حەسەن و کیژەی ئامۆزای بوو. دێوەش کە بەدرەدین حەسەن کەوت و نووست. دێوە بە جنۆکە مێی وت:

"هەستە ئیدی بەرەبەیانە... با بەدرەدین ببەینەوە شوێنی خۆی."

جنۆکە مێ بەدرەدینی هەڵگرت و فڕی و دێوەش بە تەنیشتیەوە. فڕین، فڕین هێندەیان زانی..... بانگبێژان، (حی علی الصلاه) یان بوو. خوا ڕێی دا بە فریشتەکان بەردی گڕاوی بگرنە دێوەکە. دێوە سووتا و مرد. جنۆکە مێ بە بێ زیان قوتار بوو. قەدەری خوا وابوو، لە شام نیشتەوە. لەبەر دەرگای ماڵێك بەدرەدین حەسەنی دانا و لێی دا و فڕی. ڕۆژ بووەوە، خەڵکەکە لە ماڵ هاتنە دەر و هەر یەکە بۆ کاری خۆ، سەیریان کرد لاوێك بە

شـەرواڵ و جـل و بـەرگێکی جوانـەوە، پرخـەی دێـت...! چـونکە ئـەو شـەوە بـە هـۆی ئاهەنگەکەوە تێر خەو نەبووبوو...!

ئەوانەی بینیان وتیان:

"خۆزگە، پەلەی نەکردایە و جلەکانی بگۆڕیبا."

یەکێکی دی وتی:

"منالآنی خەڵك داماون. ئەمـە رەنگـە لـە مەیخانەکـەوە هاتبێتـەدەر، هێنـدە سـەرخۆش بووبێت: رێگەی مەیخانەکەی ون کردبێت و خەوی لێ کەوتبێت."

دەنگـە دەنـگ بـەدرەدینی بـە ئاگـا هێنایـەوە. کـە لـەو شـوێنەدا خـۆی بـینی بـە سـەر سورمانەوە پرسی:

"ئێرە.... کوێیە؟ ئەرێ: بۆچی لێم کۆ بوونەتەوە!؟"

ئەوانیش وتیان:

"ئێمە.... ئەم بەیانیە تۆمان لەبەر ئەم دەروازەی شارەدا بینی.... کە نوستبووی!"

ئەمجا پرسیان:

"ئەم شەو لە کوێ بوویت؟"

بەدرەدین حەسەن وتی:

"خەڵکینە ئەمشەو من لە میسر بووم!"

یەکێکیان پرسی:

"تۆ حەشیشە کێشیت!؟"

یەکێکی دی وتی:

"دیارە: شێتیت! ئەگەرنا چۆن ئەمشەو لە میسر بوویـت و بـۆ بەیانیەکەی لێرەیت کە دیمەشقە!؟"

بەدرەدینیش وتی:

"بەو خوا: دوێنێ لە بەسرە بووم. ئەمشەو لە میسر بووم."

یەکێکیان وتی:

"چاکە!"

یەکێکی دی وتی:

"ئەم لاوە شێت بووە!"

ئەمجا هەندێك چەپۆکیان پێدادا. کەوتنە مقۆ مقۆ! وتیان:

"توخوا.... گەنجیشە! گومانی تیا نییە تێك چووە!"

ئەمجا پێیان وت:

"ئاگات لە خۆت بێت، بیر بکەرەوە!"

بەدرەدین وتی:

"دوێنێ لە میسر لە ئاهەنگی بووکدا بووم!"
ئەوانیش پێیان وت:
"بابە گیان....رەنگە خەونت بینیبێت!".
بەدرەدین گومانی لە خۆی کرد وتی:
"نە ئەوە خەونە لە شەودا..... بینی بێتم...!!! لەگەڵیان بووم بووکیان دابەزاند! دوایی خۆم و (قەموور) و بووك ماینەوە. بە خوا خەون نەبوو ! ئەی باشە کوا کیسە زێڕ و جلەکانم!؟"
ئەمجا خۆی کرد بە شاری دیمەشقدا و کەوتە گەڕان..... خەڵکەکە سەیریان دەکرد. خۆی کرد بە چێشتخانەیەکدا، کە خاوەنەکەی کۆنە دز بوو، تۆبەی کردبوو. بەڵام تووڕە و هەڵەشە بوو، خەڵك لێی دەترسان! کە بینیان بەدرەدین چووە ناو دوکانەکەی هەموو دوور کەوتنەوە و ئەو ناوەیان چۆڵ کرد. کە خاوەن دوکان ئەو شۆخ و شەنگی و جوانیەی ئەم لاوەی بینی چووە دڵیەوە، پێی وت:
"لە کوێوە هاتوویت؟ بەسەرهاتی خۆتم بۆ بگێڕەوە. تۆ جێی خۆت لە دڵمدا کردووەتەوە!"
بەدرەدین لە نوکەوە بۆی گێڕایەوە. چێشت لێنەر وتی:
"ئەی بەدرەدینی بەڕێز، ئەمەی تۆ وتت.... عەجایبە! شتێکی نامۆیە! بەڵام کوڕم ئیدی باسی مەکە یا نهێنی بێت، تا خوا دەرووییەکت لێ دەکاتەوە. لێرە لای من بمێنەوە، من کوڕم نییە..... دەتکەمە کوڕی خۆم."
بەدرەدین وتی:
"چی دەڵێیت..... وا دەکەم."
چێشت لێنەر چووە بازاڕ و بەرگی جوانی بۆ کڕی و پۆشتەی کردەوە. ئەمجا بردیە لای (قازی) و شایەتی دا کە کوڕی خۆیەتی! ئیدی ڕۆژانە لە دوکانەکەدا پارەی وەردەگرت. بەم شێوەیە کاروباری باش بوو. لەولایشەوە شاجوانی ئامۆزای زۆر چاوەڕێی (بەدرەدین حەسەنی) کرد. هەر ئەگەڕایەوە!! کاتێکی زانی باوکی خۆی کرد بە ژووردا. پەژارە دایگرت بوو. ئەو خەمەی کە "سوڵتان"بۆی دروست کردبوو. کە چۆن: هەر بە زۆر کچەکەی لە کۆیلەیەکی قەموور مارە کردبوو!؟"بۆیە لە دڵی خۆیدا بڕیاری دابوو.... کچەکەی خۆی بکوژێت. تا لە دەست ئەو لەعنەتییە ڕزگاری بکات. ڕۆیشت: تا گەیشتە بەردەم ژووری بووکەکە. بانگی کردە کچەکەی. بووکە بە ڕوویەکی خۆشەوە هاتە دەر و کڕنووشی بۆ باوکی برد. باوکیشی کە ئەو ڕووەخۆشەی بینی بەتووڕەییەوە وتی:
"چییە مەلعوون.... دەڵێی بەو (قەموور)ە خۆشحاڵیت!؟"
بووکە بزەیەك گرت و وتی:

"تو خوا با ئیدی بەس بێت، دوێنێ هەر دوێنێ بوومە گاڵتەجاڕی ئەو خەڵکە. بەهۆی ئەو سەرکارە قەموورەوە، کە نینۆکێکی مێردەکەم ناهێنێت دە.... ئەو کوڕە، قەموورەم بیر مەخەرەوە. ئەو ١٠ دیناری کرێی خۆی وەرگرت و ڕۆیشت بەڕێی خۆیەوە! منیش چوومە پەردەوە، دەڕوانم مێردی خۆم دانیشتووە. ئەو لاوەی کە هێندەی شاباشی زێڕ بە سەر گۆرانی بێژاندا، هەڵدا بوو، هەزارانیشی دەوڵەمەند کردبوو."

باوکی کە ئەمەی بیست بەرچاوی تاریك بوو. هاواری کرد بە سەریدا :

"قەحبە.... ئەمە چیە دەیڵێیت!؟ بیر و هۆشت لای خۆتە؟"

کچەش وتی:

"بابە.... جگەرت بڕیم! هێندە خۆت بە گەورە مەزانە... بەم نزیکانە مێردەکەم دەگەڕێتەوە و دێتە خزمەتت...!! خۆت بچۆ بنج و بناوانی."

باوکە چووە، ناو کەژاوەی بووك و زاواوە. سەرکاری قەمووری بینی، لە ژوورەوە وتی:

"خۆ.... ئەوە هەر سەرکاری قەموورە...!!"

پێی وت:

"ئەی قەموور"

ئەویش وتی:

"تفوم.....تفوم"

چونکە وای زانی ئەوە هەر دێوەکەیە دەی دوێنێ! وەزیر شیراندی بە سەریدا:

"قسە بکە.... با بەم شمشێرە سەرت نەپەڕێنم!"

سەرکاری قەموور وتی:

"ئەی سەرکردەی دێوان... خۆت منت لێرە دانا.... منیش نەموێراوە، سەر هەڵبڕم! بەزمییت پێما بێتەوە."

کە وەزیر ئەمەی بیست وتی:

"ئەوە تۆ دەڵێی چی؟ من وەزیری باوکی کچەم دێو نیم!"

ئەویش وتی:

"بەسە.... بەس.... نیازتە گیانم بکێشیت!؟ بڕۆ بەڕێی خۆتەوە. پێش ئەوەی بێتەوە و بت بینێ و ئەوەی بە سەر منی هێناوە بە سەر تۆیشی بێنێ!!"خوا ئەوە بگرێت ئەم بووکەی لێ مارە کردم و خوا ئەوەش بگرێت دەستی لەم ئیشەدا بوو."

وەزیر کە ئەمەی بیست وتی:

"هەستە.... ئەم کۆشکە جێ بهێڵە...! دەی"

قەموور وتی:

"چۆن بوێرم بە بێ ڕێ پێدانی دێوەکە ئێرە جێ بهێڵم!؟ فەرمانی پێداوم کە خۆر هەڵهات بڕۆم.... بڕۆ بەڕێی خۆتەوە!"

وەزیر پرسی:
"کێ تۆی هێنایە ئەم شوێنە؟"
قەموور وتی:
"دوێنێ هاتمە ئێرە، بۆ میز کردن، مشکێك لەو ئاوە هاتە دەر و هاواری کرد. هەر گەورە بوو..... گەورەتر بوو، تا بە هێندەی گامێشێکی لێهات. هەندێ قسەی پێ وتم.... چوو بەگوێمدا. خوا رووی بووکە رەش بکات و ئەوەی لێی مارە کردم."
وەزیر قۆڵی گرت و بردیە دەرەوە، بڕوای بە خۆی نەبوو، خۆر کەوتووە...... رزگاری بووە.... بە راکردن خۆی گەیاندە سوڵتان و چی بەسەرهاتبوو..... بۆی گێڕایەوە...!!
وەزیری باوکی کچەش، چووە ژوور و سەراسیمە بوو لەم کارە....! وتی:
"کچەکەم هەواڵی خۆشم پێ بڵێ.... چوون بوو؟"
کچەش وتی:
"ئەو زاوایەی دوێنێ تۆ بۆ منت هەڵبژارد بوو...... لاوێکی شەنگ بوو. ئەگەر بڕواشم پێ ناکەیت ئەوە مێزەرەکەیەتی ئێستاکەش لە سەر کورسیەکەیە."
کە باوکی ئەمەی بیست.... چووە ژوور کە سەیری کرد، ئەوە هەر ئەو مێزەرەیە کە بەدرەدین حەسەنی برازای بە کاری دەبرد.... هەڵیگرت و ماچی کرد. وتی:
"ئەم مێزەرە وەزیرانەیە و لە موسڵ چنراوە."
سەیری ئەو مووروووەی کرد، بە کڵاو قووچەکەوەبوو. هەڵی بچڕی. نوشتەیەکی پێوە بوو کردیەوە.... سەیری کرد...... ۱۰۰۰ دیناری تیا بوو. نامەیەکیشی تیابوو. سەیری کرد پەیمان نامەی فرۆشتن بوو، بە ئیمزای بەدرەدین حەسەن کوڕی نورەدین عەلی میسری کە ۱۰۰۰ دینارەکەشی لەگەڵیدا بوو. کە (شەمسەدین) ئەمەی خوێندەوە..... زریرەکەیەکی کرد و بوورایەوە- ئاویان بە دەم و چاویدا پڕژان.... کە بە ئاگا هاتەوە، زۆری پێ سەیر بوو....وتی:
"خوای بێهاوتا...... توانای بە سەر هەموو شتێکدا هەیە."
ئەمجا وتی:
"دەزانیت..... کچەکەم.... شووت بە کێ کردووە؟"
کچەش وتی:
"نە".
شەمسەدین وتی:
"ئەو لاوە برازای منە و ئامۆزای تۆیە! پەنا بە خوا... ئەو ۱۰۰۰ دینارەش پێشەکی مارەییەکەتە! خۆزگە دەمزانی ئەم چیرۆکە چۆن دروست بووە؟"
کە نامەکەشی کردەوە.... دەست و خەتی براکەی ناسیەوە نووسرابوو:

زوو دەتوێمەوە و چاو بە گرینم!

کە شوێنەوارێك لێتان دەبینم

حەز دەکەم: جارێك بێیتە سەرینم

ئەی: ئەوەی تیری دووریت کوشتمی

ئەمجا رۆژی مارە برینی تێدایە، لەگەڵ مێژووی لە دایك بوونی "بەدرەدین حەسەن".
زۆر دڵخۆش بوو بەم زانیاریانە. بەراوردی کرد بە رۆژی ژن هێنانی خۆی و رۆی لە دایك بوونی کچەکەی. سەیری کرد هاو چەشنن! رۆژی لە دایك بوونی بەدرەدین و کچەکەی وەکو یەکن.

ئەو کاغەزەی لەگەڵ خۆی برد و چووە بەردەم سوڵتان و پیشانی دا..... بەسەرهاتەکەی بۆ گێرایەوە.... پاشا سەری سوڕما !! فەرمانی دا ئەم چیرۆکە لە مێژووی (شاهان)دا بنووسرێتەوە. وەزیر ئەو رۆژە تا ئێوارە چاوەڕوان بوو، برازاکەی بگەڕێتەوە ماڵ. دیار نەبوو رۆژی دووەم و سێیەم..... تاکو هەفتەیەك، بەڵام بێ سوود بوو. ئەمجا وەزیر وتی:

"دەبێت کارێك بکەم کەس نەی کردبێت!"

هێڵکێشی کۆشکی کرد. شوێنی شتومەکی ناو کۆشکی تیا دیاری کرد. شوێنی گەنجینە، پەردەی پەنجەرەکان لەوێدان... ژوورەکانی کۆشك و شتەکانی خستە کردە نەخشەی سەر کاغەز. پارچە قوماش و کڵاو قووچەی هەلگرت. دەروازەی کۆشکی کڵۆم دا و بە فەرمانی شاهانە مۆری کرد. تا برازاکەی دەگەڕێتەوە....

شەهرەزاد هەستی کرد شەو دەرنگ بوو..... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٣

## چیرۆکی (عەجیب)ی کوڕی بەدرەدین حەسەن

شەهرەزاد وتی: بەڵام کچە وەزیر مانگەکانی خۆی بردە سەر، کوڕێکی بوو دەتوت مانگە.....! لە جوانیدا چووبووە سەر باوکی. چاوانیان بە کل رشت و بۆنی خۆشیان لێدا و ناویان نا.... عەجیب! بە دایەنیان سپارد تاکو بەخێوی بکات. رۆژان رۆیشت و مانگان هات.... تاکو تەمەنی بووە ٧ ساڵان. ئەمجا فەقێیان بۆ گرت.... تاکو فێر خوێندنی بکات. ٤ ساڵان لەماڵەوە پێی خوێندرا...... ئەمجا عەجیب کەوتە بە شەڕ هاتن لەگەڵ هاوڕێیانی و دەیوت:

"من کوڕە وەزیری "میسر"م. کێ وەکو منە!؟"

هاوڕێکانیشی سکاڵایان بردە لای یاوەرەی چاودێری بوو..... لە دەست عەجیب. یاوەرەکەی پیلانی بۆ دانان: کە سبەینێ هاتە ناویانەوە: ئەوانیش بڵێن، هەر کەسێ ناوی دایك و باوکی خۆی نەڵێت: یاری لەگەڵ ناکەین...! چونکە ئەوانەی ناوی دایك و

باوکیان نەزانن... "زۆڵ"ن!! رۆژی دواتر عەجیب هاتە نێو منالآنەوە. ئەمجا یەکێکیان هاتە پێش و وتی:

"ناوم ماجدە، عولویە دایکمە و عێزەدین باوکمە."

یەك لە دوای یەك خۆیان ناساند. کە سەرە گەیشتە سەر عەجیب وتی:

"ناوم عەجیبە، دایکم شاجوانە، باوکم شەمسەدینی وەزیری میسرە."

منالآنیش پێیان وت:

"باوکت وەزیر نییە!"

عەجیب وتی:

"نەخێر وەزیر باوکی راستەقینەمە!"

منالآن پێی پێکەنین.... ئەمجا پێیان وت:

"لەبەر ئەوەی ناوی باوکت نازانیت، جێمان بهێڵە و یاریمان لەگەڵ مەکە!"

منالآن دەستیان کردە پێکەنین و بلاوەیان لێکرد. (عەجیب)یش دەستی کردە گریان و هەنسك هەڵدان. کە لە یاوەرەکی پرسی وتی:

"ئەوەی ئێمە دەیزانین، وەزیر باپیرەتە و باوکی دایکتە! نەکو باوکی تۆ!! نە تۆ دەزانیت باوکت کێیە، نە ئێمەش. چونکە کاتی خۆی دایکت درابوو بە سەرکارێکی قەموور. باوکی ناسراوت نییە و ئیدی قسەش بە منالآنی هاوڕێت مەڵێ! نابینیت کوڕی فرۆشیارەکە چۆن ناوی باوکی خۆی وت؟ تۆیش باپیرەت وەزیری میسرە، بەلآم باوکت ناناسین! تۆ بێباوکیت کەمێ بیر بکەرەوە."

کە ئەو گاڵتە پێ کردنەی لە منالآنی هاوڕێی و لە یاوەرەکەی بینی، گەڕایەوە چووە لای دایکی، بە گریانەوە بۆی گێڕایەوە. ئەمجا لە دایکی پرسی:

"کێ باوکمە؟"

دایکی وتی:

"باوکت وەزیری میسرە."

کوڕە بە دایکی وت:

"درۆم لەگەڵ مەکە.... وەزیری میسر باوکی تۆیە، نەك باوکی من..... باوکی من کێیە؟ گەر راستیشم پێ نەڵێیت، بەم خەنجەرە خۆم دەکوژم!!"

کە دایکی ئەمەی بیست ئامۆزای بیر کەوتەوە و دەستی کردە گریان..... بەم هۆنراوەیە کوڕەی لاوان:

خۆیان شیرین کرد و چوونە دڵەوە
بێئەوان هەوار چۆڵەوانییە
کە رۆیشتیش خۆشی و شادیان بردین

جەرگیان نووساندین بە سکڵەوە
ئێمەش بە گریەی زۆر بە کوڵەوە
خەومان لوولە بە هۆی تەپا و تلەوە

دایەوە پرمەی گریان..... کوڕەکەشی بە دوایدا.... وەزیر خۆی کرد بە ژوورەکەیدا.... کە بینی هەر دوکیان دەگرین، خەریك بوو.... دڵی بوەستێ پرسی:

"ئەوە بۆ دەگرین؟"

دایکەش، منالآن چیان بە کوڕەکەی وتبوو...... بۆی گێڕایەوە.... وەزیریش بەسەرهاتی خۆی و براکەی و ئەو دەمەقاڵەی بیر کەوتەوە. نەیدەزانی رۆژگار چی بۆ حەشار داوە.

## رەوی شەمسەدین و عەجیب بەرەو رۆژهەلات بۆ دۆزینەوەی بەدرەدینی برازای

هەر خێرا، وەزیـر هەسـتا و چـووە دیوەخـان پاشـای بـینی و هەواڵەکـەی پێـدا..... داوای لێکرد، رێی پێ بدات، سەفەر بکات بـەرەو بەسـرە و هـەواڵی برازاکـەی بپرسـێت. پێشی وت نامەی بۆ ئەو وڵاتانە بۆ بنوسێت. کە لە هەر وڵاتێك برازاکەی دۆزیەوە بیهێنێتەوە. ئـەمجا دەستی کردە گریان .... پاشا بەزەیی پێـدا هاتـەوە و داخوازیـەکانی بـۆ بـەجێ هێنـا. وەزیـر سوپاسـی پاشـای کـرد و چـووە بـازاڕ، پێویسـتیەکانی سـەفەری کـڕی، لەوانـەی کچـەکەی و کچەزاکەی پێویستێتی.

بـۆ سـبەینێ کەوتنـە رێ...... رۆژی یەکـەم و دووەم و سـێیەم بـەرێوە بـوون، ئـەمجا گەیشتنە دیمەشق- بینیان پڕە لە رووبار و رەز و باخ هەر دەڵێی ئەمەی بۆ وتراوە:

شەو و رۆژێکی خۆشم بردە سەر — دووباری ناکات: جاری دی..... قەدەر
خوێندنی مەلان.... هاژەی شەتاوان — گەواڵە هەور و سرووەی بای سەحەر
بێدەنگی شەوان...ئامێزی کردین — رۆژەکەی مەست و بێ ئاگا و خەبەر

وەزیر.... لە گۆڕەپانە چەولگەکەدا: بارو بارخانەی خست و بە پیاوەکانی وت:" رەشماڵ هەڵدەن... ٢ رۆژ لێرە دەمێنینەوە...تاکو بحەوێینەوە."

دوای تـەواو کردنـی کارەکانیـان پیـاوانی کـاروان چـوونە شـارەوە، بـۆ کـڕینی شتومەکی پێویستی خۆیان. یەکێ دەچووە گـەرماو یـەکێکی دی شـتی دەکـڕی. یـەکێ شـتی دەفرۆشت. هەنـدێکیان چوونە سـەیری مزگـەوتی (بـەنی ئومەیـە)... کـە لـە دنیـادا وێنـەی نـەبوو.... (عەجیب) و خزمەتکارەکەشی چوونە ناو شار بۆ سەیر کردن و گەڕان. عـەجیب دەڕۆیشت و خزمەتکار بە دوایەوە. خەڵکی شاری دیمەشقیش کە ئەو لاوە قۆز و جوانەیان وەك شنەی شەماڵ پێی دەحەوانەوە و دەگەشانەوە هەر بۆیە..... وەدووی کەوتبوون. هەندێك لە سەرە رێیدا وەستابوون. تاکو ببینن!! قەدەری خـوا وابـوو کۆیلەکە لەبـەردەم دوکـانی بـەدرەدین حەسـەنی باوکیـدا وەسـتا. لەبـەر ئـەوەی کـاتی خـۆی لـە دادگـا پـیرەی خـاوەن چێشـتخانە

کردبووی بە کوڕی خۆی. کە پیرە مرد: هەموو سامان و دوکانەکەی بۆ بەدرەدین حەسەن مابووەوە. کە بەدرەدین حەسەن ئەم لاوە قۆزەی بینی بە لایەوە سەیر بوو، خوێنی کوڕ و باوکایەتی قولْپی داو....چووە دڵیەوە! برنجی بە (رووبەهەنار) لێنابوو. فەرمووی لە عەجیب کرد:

"گەورەم، گەورەمان بکە و دڵمان مەشکێنە... کەمێك لە خواردنەکەمان بخۆ."

بێئەوەی پێبزانێت ... چاوانی بە فرمێسك بوون. بیری سەردەمی خۆی و خەمی ئێستای کەوتەوە. کە عەجیب ئەمەی بینی رەحمی بۆی جولا! سەیرێکی کۆیلەکەی کرد ئەمجا پێی وت:

"لەوە دەچێت ئەم خاوەن چێشتخانەیە، کوڕێکی لێ دابڕابێت!! با دڵی بدەینەوە و ببینە میوانی. بەڵکو خوا بەزەیی بە منیشدا بێتەوە، باوکم بدۆزمەوە!"

کۆیلەکە وتی:

"باشە: چۆن دەبێت کوڕە وەزیر چێشتی بازاڕ بخوات؟ ئاخر.... لە ڕێگا بەم دارە خەڵکم لێ دوور خستویتەوە ! ئێستا چۆن لەم دوکانە دڵنیا بم!؟"

کە بەدرەدین حەسەن ئەمەی لە کۆیلەکەی بیست سەری سوڕما! چاوانی پڕ بوون لە فرمێسك. عەجیب رووی کردە کۆیەلکە و وتی:

"دڵم وای دەوێت!"

کۆیلەکە وتی:

"واز لەم قسانە بێنە، مەچۆ دوکانەکە."

لەم کاتەدا باوکی عەجیب بە کۆیلەکەی وت:

"پیاوی باش بۆچی دڵم دەشکێنی و نایەنە ژوورەوە؟ ئەی قۆزاخەی لۆکەی دڵ سپی و بێ گەرد ئەی ئەو کەسەی ئەم شیعرەت بۆ وتراوە:! کۆیلەکە پێکەنی و وتی:

"چیم پێدا هەڵدراوە....!؟ بەدرەدین حەسەن ئەم شیعرەی وت:

گەر خوورەوشتی باشت نەبوایە کۆشکی شاهانت نەدبووە سایە
سەیرە: ئەم کوڕە خزمەتکارێکە فریشتەی ئاسمان بۆی بەنزایە

کۆیلە بە دڵی بوو، بۆیە لەگەڵ عەجیب چووە چێشتخانەکەوە. برنجی (رووبەهەنار)ەکە بە کەرەی مەشکە و لێنرابوو. گوێز و بادامی تێکرابوو. کە عەجیب و دەستیان بە خواردن کرد بەدرەدینیش زوو زوو دەیوت: عافیەتتان بێت. عەجیب بە باوکی وت:

"دانیشە و لەگەڵمان بخۆ. بەڵکو خوا شادمان بکات بەوەی کە دەمانەوێت."

بەدرەدینیش وتی:

"کوڕەکەم دەڵێی لە خۆشەویستت دابڕاویت!؟"

عەجیب وتی:

"بەڵێ.... مامە ئەو دابڕانە دڵی سووتاندووم من لە باوکم دابڕاوم... خۆم و باپیرەم بە شوێنیدا وێڵین!! شارانی بۆ دەگەڕێین. داخی بە جەرگم!! خۆزگە پێی شاد دەبوومەوە."

ئەمجا کەوتە گریان و هەنسك دان. ئەوانیش لەگەڵیدا گریان. هەموویان تێریان خوارد. ئەمجا هەر دوکیان لە چێشتخانەکە چوونە دەرەوە بەدرەدین وا هەستی دەکرد ڕەوانی لەگەڵیانا چووەتە دەرەوە!! بۆیە ئەمیش دوکانەکەی داخست و شوێنیان کەوت. پێش ئەوەی لە دەروازەی شار دەربچن بەدرەدین پێیان گەیشتەوە! کۆیلەی خەسێنراو لای کردەوە. خاوەن چێشتخانەی بینی لێی پرسی:

"چییە؟"

بەدرەدین پێی وت:

"کە چوونە دەرەوە هەستم کرد ڕۆحی منیش دەچێتە دەرەوە! بۆیە وتم منیش شتێکم لە دەرەوەی شارە، با بۆی بچم! جا ..... شوێن ئێوە کەوتم"

کۆیلەی خەساو تووڕە بوو وتی:

"ئا لەمە دەترسام ئەو چەند پاروە، بوو بە نەگبەتی بۆمان...ئەوەتا... هەنگاو بە هەنگاو شوێنمان کەوتووە."

عەجیب لای کردەوە، چێشت لێنەری لە دوای خۆیەوە بینی.... سور هەڵگەڕا، تووڕە بوو بە خزمەتکارەکەی وت:

"وازی لێ بێنە با بە ڕێی موسڵمانان دا بڕوات، کە گەیشتینە دەوارەکانمان و هەر بە شوێنمانەوە بوو، ئەوا دەری دەکەین."

سەری داخست و خزمەتکارە بە دوایەوە. بەدرەدین حەسەن شوێنیان کەوت.... تا گۆڕەپانە چەولگەکە. لە دەوارەکانەوە نزیك بوونەوە لایان کردەوە .... ڕوانیان هەر بە دوایانەوەیە! ئەمجا عەجیب تووڕە بوو ترسی ئەوەشی بوو، کۆیلەی خەساو.... چوونە ناو چێشتخانەکە بۆ باپیری بگێڕێتەوە. پێی ناخۆشە بڵێن چووەتە چێشتخانەوە و چێشت لێنەر شوێنی کەوتووە، لای کردەوە لووتی تەقی بە لووتیدا..!

چێشت لێنەر ڕۆحی تیانەما و ڕەنگی تێکچوو، عەجیب وای بینی ئەمە خائینە و ترسناك!! بەردێکی گرتە باوکی.... بەدرەدین کەوت و بوورایەوە خوێن بە ڕوخساریدا هاتە خوار.... ئەوانیش بەرەو ڕەشماڵ بوونەوە و جێیان هێشت. کە بە ئاگا هاتەوە لە دڵی خۆیدا وتی:

"تاوانی خۆم بوو..... نارەوایە شوێنیان کەوتووم! ئەوانیش بە دوژمنیانم دەزانن!!"

گەڕایەوە دوکانەکەی و کەوتەوە کار کردن. دایکی کەوتە بیر:

چاوەڕێی ویژدان مەکە لە فەلەك　　لۆمەشی مەلە و (عەدل)ی مەدە تەك

چێژ لە ڕۆژانی شادیت ببینە　　خەم پشتگوێ بخە و قەت: نەتبێ گەرەك

ئـەمجا کەوتـەوە فرۆشـتنی خواردنەکـەی. بـەڵام وەزیـری مـامی ٣ ڕۆژ لـە دیشـمەق دا مایەوە. ئەمجا بەرەو حومس بووەوە. لە هەر شوێنێك لای دەدا... دەی پرسی. هـەر ڕۆیشـت تا گەیشتە "دیاربەکر". ئەمجا "ماردین"..... دواتر .... موسـل.... هـەر ڕۆیشـت تـا گەیشتە بەسرە. ئەمجا چووە بینینی سوڵتان. ئەویش زۆری ڕێز لێنا. هۆی سـەفەرەکەی لـێ پرسـی. ئەویش چیرۆکی (نورەدین عەلی) وەزیری برای بـۆ گێڕایـەوە. سـوڵتان پێیـدا هاتـەوە بۆیـە پێی وت:

"هاورێ..... ئەو وەزیری من بـوو! زۆرم خـۆش دەویست. ١٥ سـاڵ دەبێـت کۆچـی دوایـی کردووە. کوڕێکی لە دوا بەجێماوە کوڕەش هـەر مانگێـك مایـەوە، ئیـدی ون بـوو....!! بـەڵام دایکی کوڕەکە.... لای خۆمانە! چونکە کچی وەزیری گەورەیە."

کە شەمسەدینی وەزیر ئەمەی بیست کـە براژنەکـەی مـاوە سـەلامەتە زۆر دڵـی خـۆش بوو. وتی:

"پاشا گیان.... دەمەوێت ئەو ژنە ببینم."

پاشـاش ڕێـی پێـدا و ئـەویش چـوو بـۆ مـاڵی براکـەی کـە سـەرنجی دا... .. براکـەی بیر کەوتەوە. کە لە نامۆییدا مردووە. بە گریانەوە لاوانیەوە:

| | |
|---|---|
| حاڵ و دەوروبەر خانووبەرەیە | داڵان و ژوور و باخ و حەوشەیە |
| خۆشەویستیمان بۆ هەوار نییە | بۆ ئەو کەسەیە تێیدا نیشتەیە |

ئەمجا لە دەرگاوە چووە سەر حەوشە بچکۆلەیەك. کە بە بەردە مەڕمەڕ داڕێژرابوو. بـە وردی چـاوی گێـڕا بـە دیوارەکانیـدا. نـاوی نـورەدینی پێـوە بـینی کـە بـە ئـاوی ئـاڵتوون نووسـرابوو. ناوەکـەی مـاچ کـرد و بـە سـەریدا گریـا و بـەو فرمێسـکە قـەتیس مـاوە..... لاواندیەوە بەم هۆنراوە:

| | |
|---|---|
| لە خۆر پرس و بریسکەش هەر دەپرسم | بۆ هەواڵت بە پرسیاری گشت کەسم |
| چاوم لێك نا: لوولی تاسەتم شەوان | بێ سەر و شوێن! بێ ئاگام و بێ ترسم |
| بە دابڕان: مەیل بڕان... مەحاڵە | ئەنێستاش تۆی ئومێد و فریاد ڕەسم |

ئەمجا ڕۆیشت تا گەیشتە ئەو هۆڵەی براژنەکەی لێبوو. دایکی بەدرەدینیش لەو کاتەوەی کوڕەکەی ون بووبوو.... کار و پیشەی هەر گریان بوو. لە سوێی کوڕەکەیدا گۆڕێکی لە مـاڵی خۆیدا بە بەردی مەڕ مەڕ بۆ هەڵبەست بـوو. لـە ناوەراسـتی ئـەو هۆڵـەدا ئـەمیش گەیشـتە پشتی دەرگاکە. گوێی لەم لاوانەوەیە بوو:

| | |
|---|---|
| قەشەنگی وجوانیت تووخوا ئەی گۆڕی | تەڕ و بڕیەکەی ئەویشت گۆڕی؟ |
| خۆ تۆ "فەلەك"نیت وا بە ئاسانی | لە ئامێزت گرت: مانگ وهەم خۆری |

لەو کاتەدا شەمسەدینی وەزیر خـۆی کـرد بـە لایـدا و سـڵاوی لێکـرد. پێـی وت کـە بـرای مێردەکەیـەتی. ئـەمجا هەواڵەکـەی بـۆ گێڕایـەوە. پێشـی وت، کـە بیسـت سـاڵ لەمـەوپێش، کچەکەم لـە بـەدرەدین مـارە بڕیـوە..... کچەکەی سکی لـە بـەدرەدین هەیـە. تـەنیا شـەوێ

چوونە پەردەوە پێکەوە بوون.... بۆ رۆژی دواتر بەدرەدین ون بووە. ئێستاش کوڕەکەی بەدرەدینی لەگەڵدایە.... ئەو کوڕەزاتە و لە کچی منە. براژنی کە ئەمەی بیست، هەستا و کڕنوشی بۆ شەمسەدینی وەزیر برد و وتی:"

| | |
|---|---|
| هێندە بە تاسە و بەچێژ و تامێ | مژدەی هاتنی ئێوەیان دامێ |
| مژدانەی خۆمم دەدا...ویست بای | کە بە منی دا: وەها ناکامێ |

وەزیریش یەکێکی نارد عەجیب بهێنێت. کە گەیشت براژن باوەشی پێدا کرد دەستی کردە گریان. وەزیر وتی:

"ئێستا کاتی گریان نییە..... کاتی ئەوەیە خۆت ئامادە بکەیت بۆ سەفەری میسر! بەڵکو ئەمە خوایە، لەوێ بە کوڕەکەت شاد ببیتەوە."

براژن وتی:

"زۆر چاکە."

هەستا و چی بەنرخی هەبوو کۆی کردەوە، کەنیزەك و خزمەتکارەکانیشی ئامادە کرد. شەمسەدینی وەزیر چووە لای سوڵتانی بەسرە و سوپاسی کرد و خواحافیزی لێکرد. ئەویش هەندێ دیاری دایە بیدات بە سوڵتانی میسر. ئەمجا کەوتنە رێ. کە گەیشتنە دیمەشق وەزیر دابەزی و دەوار و رەشماڵیان لێدا. ئەمجا بە کاروانەکەی وت:

"هەفتەیەك لێرە دەمێنینەوە تاکو هەندێ دیاری نەختینە بۆ سوڵتانی میسر بکڕین."

عەجیبیش بە کۆیلە خەساوەکەی وت:

"لایەق...... حەزم لە گەڕانە بە بازاڕدا. سەرێکیش لە چێشت لێنەرەکە دەدەین. چونکە خراپەمان بەرامبەری کرد."

لایەقیش وتی:

"بەسەر چاوان."

ئەمجا لە دەوارەکان هاتنە دەرەوە و خوێنی بۆ باوکی جوڵا.... چووە دیمەشقەوە..... گەڕان..... گەڕان تاکو گەیشتنە دوکانی چێشت لێنەرە. کات پاش نیوەڕۆ بوو. چێشت لێنەر لە دوکانەکەدا وەستا بوو. وا رێکەوتبووو کە ئەو رۆژەیش خواردنی برنج بە رووبە هەناری لێنابوو.

سەیری دەم و چاوی کرد. شوێنی بەردەکەی پێوە بوو. بەزەیی پیاهاتەوە پێی وت:

"سڵاوی خوات لێ بێت. ئەوە بزانە لای من شیرینیت!"

کە بەدرەدین سەرنجی دا هەستی بۆی بزوا. سەری داخست هەر چەندی کرد نەیتوانی قسە بکات. بۆیە سەری بڵند کرد و وتی:

| | |
|---|---|
| ئەوەی کە حەزم دەکرد بی بینم | کە بینیم: روانیم: بێ سەر و شوێنم |
| وەکو رێز سەرم بۆ ئەو کە داخست | دەرکەوت شەرمەکەی شوورەیی هێنم |

ئەمجا پێی وتن:

"دڵم بهێننەوە جێ..... بەوەی لە خواردنەکەم بخۆن. ئەی لاو ئەوە بزانە.... کە دەتبینم، لێدانی دڵم خێراتر دەبێت. بڕوا بکە بێ ئاگا شوێنت کەوتبووم!"

عەجیب وتی:

"تۆ لای ئێمە شیرین بوویت، بۆیە خواردنەکەتمان خوارد. تۆیش شوێنمان کەوتیت خەریك بوو رسوامان بکەیت! ئێستاش نمەکت ناکەین، تا سوێندمان بۆ نەخۆیت، کە دوایی شوێنمان ناکەویت. وا مەزانە کە ئیدی ناتبینمەوە! چونکە هەفتەیەك دەمێنمەوە، بۆ ئەوەی باپیرەم دیاری بکڕێت بۆ شا."

بەدرەدین وتی:

"بەسەرچاو."

ئەمجا چوونە ناو چێشتخانە و خاوەنەکەی برنجی رووبەهەناری بۆ دانان. عەجیب وتی:

"لەگەڵمان بخۆ، تاکو خوا دڵمان بکاتەوە."

بەدرەدین زۆری پێخۆش بوو، لەگەڵی خواردن. روو کراوە و دڵی پێیانەوە بەند بوو. عەجیب وتی:

"ئەی تۆ نەتوت پیاوێکی سەنگینم بۆچی هێندە سەیرم دەکەیت؟"

کە بەدرەدین ئەمەی لە کوڕەکەی بیست ئەمەی وت:

| | |
|---|---|
| لە دڵا جێی خۆت وا کردۆتەوە | گرەوی عەشقی خۆت بردۆتەوە |
| تۆ بەهەشتم بیت: نابێ بسوتێم | "کەوسەر"لێوانتە بە برۆتەوە |

سەعاتێك بەدرەدین، خەریکیان بوو، پارووی بۆ دەکردن، کە تێریان خوارد هەستان. حەسەنی بەسریش ئاوی کرد بە دەستیاندا. خاولی ئاوریشمی بۆ هێنان. دەستیان وشك کردەوە. ئەمجا گوڵاوی پیا پژاندن. هەر یەکە و پیاڵەیە شەرابی بە مسك تێکەڵی پێدان و ئەوانیش هەڵیان دا. ئەمجا بەرەو دەوارەکانیان بوونەوە. عەجیب باوەشی بە نەنکیدا کرد و ئەویش ماچی کرد. بەدرەدینی کوڕی بیر کەوتەوە. هەناسەیەکی هەڵکێشا و کەوتە لاواندنەوە:

| | |
|---|---|
| خۆزگە بە ئێوە شاد دەبوومەوە | دەست بە کەمەری ئارەزوومەوە |
| دڵ هەواداری تەنیا: ئێوە بوو | بە مێژووی ئێستا و عومری زوومەوە |

ئەمجا پرسی:

"لە کوێ بوویت کوڕەکەم؟"

عەجیب وتی:

"لە دیمەشق بووم."

نەنکی سفرەی راخست و برنجی بە رووبەهەناری بۆ دانان. بە خزمەتکارەکەی وت:

"دانیشه لەگەڵ عەجیب بخۆ."

خزمەتکارەکە وتی:

"بەخوا بۆمان ناخورێت!"

عەجیبیش هەر چەند لە چێشتخانەکە زۆری خوار بوو پاروویەك برنجی کرد و ئەمجا کردی بە رووبە هەنارەکەدا و خواردی. سەیری کرد زۆر شیرین نییە وتی:

"ئۆف لەم خواردنە ناخۆشە!!"

نەنکی وتی:

"کوڕەکەم، خۆم بۆم لێناوی چۆن خەوشی لێ دەدۆزیەوە؟ ئەم خواردنە تەنیا بەدرەدینی باوکت نەبێت کەسی دی نازانێت لێی بنێت!"

عەجیب وتی:

"نەنە، خواردنەکەت خراپە..... ئێمە ئێستا لە شار گەڕاینەوە، چێشتخانەیەکمان دۆزیەوەتەوە، لەم خواردنەشی لێنابوو، کە بۆنت دەکرد دڵت دەکرایەوە. ئەو برنجی بە رووبە هەنارەی ئەو هەر حەزت دەکرد بیخۆیت! ئەمەی تۆ هەر هیچ نییە لە بەرامبەریدا!!"

نەنە زۆر تووڕە بوو لە خزمەتکارەکە پێی وت:

"تۆ خووی کوڕەکەمت خراپ کردووە، هێندەی ئەم دوکان و ئەو دوکان دەگێڕیت!"

خزمەتکارە خەساوەکە وتی:

"نەچووینەتە دوکانەکانەوە. هەر سەیرمان کردووە."

عەجیب وتی:

"نەخێر چووینەتە ناو چێشتخانەکانەوە و خواردنەکانی لە هی نەنکم خۆشترن!"

نەنە چووە لای شوو براکەی و سکاڵای خۆی کرد. خزمەتکارەیان بردە لای وەزیر، ئەویش پرسی:

"نەچووینەتە ژوورەوە".

دیسان عەجیب وتی:

"چووینە ژوورەوە، برنج و رووبەهەنارمان خوارد تاکو تێر بووین چێشت لێنەر، شەرابێکی داینێ بە شەکر و بەفرەوە."

وەزیر هێندەی تر تووڕە بوو ئەمجا بە خزمەتکاری وت:

"گەر راست دەکەیت دانیشە نان بخۆ، لەبەرچاومان."

خزمەتکار لەسەر سفرە دانیشت، پارووەیەکی بۆ نەخورا!! ئەمجا وتی:

"گەورەم لە دوێنێوە تێرم!"

ئەمجا فەرمانی دا بە کۆیلەکانی دی وتی:

"پاڵی بخەن ئەمجا کەوتنە لێدانی..... ئەویش کەوتە هاوار هاوار. "

ئەمجا وتی:

"گەورەم لێم مەدەن.... با ڕاستییەکەیت بۆ بگێڕمەوە."

ئەمجا وازیان لێ هێنا و پاشا وتی:

"ڕاست بڵێ."

وتی:

"لە چێشتخانەیەکدا هەمان برنجی ڕووبەهەنارمان خوارد. گەورەم هێشتا..... خواردنی وا بە تام و چێژم نەخواردبوو....! ئەمەی ئێرە هەر هیچ نییە لە بەرامبەریدا.....!"

نەنە بە تووڕەییەوە وتی:

"کەوابوو دەبێت .... لەو چێشتخانەیە...... برنج بە ڕووبەهەنارمان بۆ بێنی.... با گەورەت بیخوات! تا بەراوردیان بکات."

ئەویش وتی:

"بە چاوان."

ئەمجا "کەرە"ی پێستەی پیا نارد و ڕەوانەی کرد. کە گەیشت بە چێشت لێنەری وت:

"پیاوی چاك بە... گرەومان لەسەر چێشتی برنج بە ڕووبەهەنارەکەت کردووە ئەمە نیو دینار ئەوەش "کەرە". جوان لێ بنێ. چونکە لەسەر ئەم خواردنەت لێدانم خواردووە. بەدرەدین حەسەن دەستی کردە پێکەنین و وتی:

"ئەم خواردنە.... خۆم و دایکم نەبێت .... کەسی دی نازانێت لێی بنێت! ئێستا ئەو لە دوورە وڵاتە."

ئەمجا کەرەی پێستەکەی جنی بە مسك و گوڵاو و تەڕی کرد. چێشتەکەی ئامادە کرد. خزمەتکارەش خێرا... خواردنەکەی بردەوە بۆ ڕەشماڵەکان. خستییە بەردەستی دایکی حەسەن. دایکی بەدرەدین کە بۆنی کرد و لێی خوارد لێنەرەکەی ناسییەوە!! هاوارێکی کرد و بوورایەوە. وەزیر ڕەنگی زەرد بوو ئاویان پژاند بە دەم و چاویدا دوای سەعاتێك کە بە ئاگا هاتەوە وتی:

"ئەم برنجی بە ڕووبە هەنارە، تەنیا بەدرەدینی کوڕم ئەزانێ لێی بنێ! گومانی تیا نییە ئەو لێی ناوە! چونکە هەر خۆم و خۆی دەزانین لێی بنێین، خۆم فێرم کردووە."

کە وەزیر ئەم قسەیەی بیست زۆر دڵخۆش بوو. وتی:

"ئای..... کە بە تاسەی بینینی برازاکەمەوەم! بڵێی پێك شاد بینەوە؟ لە خوا داواکارم."

ئەمجا فەرمانی دا: ٢٠ کەس بچن. ئەو خاوەن چێشتخانەیە بە چەفتەکەی خۆی قۆڵبەست بکەن و بیهێنن. دوای ئەوەی کە چێشتخانەکەی تێك دەدەن. بەڵام ئازاری خۆی مەدەن."وتیان:

"فەرمایشتە."

خۆیشی سوار بوو بەرەو دیمەشق چووە لای جێگری والی (دیمەشق) نووسراوەکەی سوڵتانی دایە...ئەویش ماچی کرد و خستەی سەر سەری. ئەمجا پرسی:

"ئەوەی مەبەستتە کێیە؟"

ئەویش وتی:

"چێشت لێنەرێکە."

جێگری والی فەرمانی دا کە بچن ئەو پیاوە چێشت لێنەرە بگرن و بیهێنن. پیاوانی چەکداری دەوڵەت چوون. بەڵام تا ئەوان گەیشتنە دوکانەکە.... تێك درابوو!! شتەکانی ناوی شکابوون. پیاوانی شەمسەدینی وەزیریش... بەدرەدین حەسەنیان بردبوو، چاوەڕێی هاتنەوەی وەزیر بوون. بەدرەدین حەسەنیش لە دڵی خۆیدا وتی:

"ئاخۆ..... چییان لەم برنجی رووبەهەنارەدا بینی بێت!؟ وا..... ئاوای بە سەر من هێنا!"

وەزیر گەڕایەوە و فەرمانی گرتنەکەی پێ بوو. چووە رەشماڵەکە و وتی:

"بۆم بێنن."

ئەوانی "بەدرەدین حەسەنیان"بە دەستی بەستە بردە لای. کە بەدرەدین حەسەن سەیری مامی کرد: دایە پرمەی گریان و پرسی:

"گەورەم تاوانم چییە!؟"

وەزیر وتی:

"برنجی بە رووبە هەنارت لێناوە!"

بەدرەدین حەسەن پرسی:

"بۆچی شتی خراپی تێکرابوو؟کە بە ئەو شێوەیە دوکانم بڕوخێنن و خۆم قۆڵبەست بکەن؟"

وەزیری مامی وتی:

"ئەوە کەمترین سزاتە!"

ئەویش وتی:

"تاوانەکەی خۆمم پێ بڵێ."

وەزیر وتی:

"هەر ئێستا."

وەزیر هاواری کرد:

"وشترەکان بێنن."

شتەکان ئامادە کرا بەدرەدین حەسەن، لە سندوقێك نرا ئەمجا بار و بارخانە پێچرایەوە، کاروان کەوتە ڕێ. تا ئێوارە بەڕێوە بوون. دواتر لایان دا. خواردنیان ئامادە کرد. بەدرەدینیشیان لە سندوق دەرهێنا و تێریان کرد و خستیانەوە سندوقەکە. بۆ ڕۆژی دواتر

کەوتنەوە ڕێ. تا گەیشتنە وڵاتی میسر.... بەدرەدین حەسەنیان لە سندوقەکە دەرهێنا.
وەزیر پێی وتەوە:
"تۆ برنجی بە رووبەهەنارت لێنابوو؟"
ئەویش وتی:
"بەڵێ گەورەم"
ئەمجا فەرمانیدا دارتاشێك بێنن. کە هێنایان فەرمانی پێدا لە تەختە دارییەکی مناڵانەی بۆ دروست بکات. بەدرەدین پرسی:
"چی لێ دەکەیت؟"
وەزیر وتی:
"لە سێدارەت دەدەم دوایی بە بزمار دارییە تەختەکەت پێدا دەکوتم! ئەمجا بە شاردا دەتگێڕم."
بەدرەدین وتی:
"ئاخر.... لەبەر چی وام لێ دەکەیت؟"
وەزیر وتی:
"برنجی بە رووبەهەنار، چۆن بە بێ بیبەر لێ دەنرێت؟ چێشتەکەت خراپ بوو."
ئەویش وتی:
"هەر لەبەر ئەوەی لە بیبەری کەم بوو... ئاوام لێ دەکەیت؟ گرتنەکەم بەس نەبوو؟ ڕۆژی یەك ژەم خواردنم دەدەنێ!"
وەزیر وتی:
"بیبەری کەم بوو. سزاکەی کوشتنە".
بەدرەدین: زۆری پێ سەیر بوو. بەزەیشی بە خۆیدا دەهاتەوە.وەزیر لێی پرسی:
"بیر لە چی دەکەیتەوە؟"
بەدرەدین وتی:"بیر لەوانە دەکەمەوە وەکو تۆ کاڵفامن! تۆ گەر تۆزێکت لە ژیری ببوایە، ئەم کارەت بە سەر من نەدەهێنا!"
وەزیر وتی:
"پێویستە ئەشکەنجەت بدەین... تاکو ئەو کارە دووبارە نەکەیتەوە".
بەدرەدین حەسەن وتی:
"ئەمەی بە منت کردووە، هەر سادەکەی ئەشکەنجەکەمە."
ئەویش وتی:
"پێویستە لە سێدارە بدرێیت!"
دارتاشەیش بە دەم کار کردنەوە سەیری دەکردن. شەویان بە سەردا هات. خستیانەوە سندوقەکە. مامی پێی وت:

"سبەینێ.... شتەکان روون دەبنەوە."

ئارامی گرت. تاکو زانی خەوی لێ کەوتووە....! ئەمجا ئەسپێکیان بۆ هێنا و سندوقەکەی خست بەردەمی و بەرەو شار بووە و لەوێشەوە بۆ ماڵی خۆیان. ئەمجا کچەکەی خۆی بانگ کرد و وتی:

"سوپاس بۆ خوا بە ئامۆزاکەی خۆت شاد بوویتەوە. هەستە کۆشك وەکو ئەو شەوەی کە تێیدا ئێرەی جێ هێشت. کچەش هەستا و بە خۆشیەوە مۆمەکانی داگیرسان و کاغەزی وەسیەتەکەی هەڵواسی و لەگەڵ باوکیدا شتەکانیان خستەوە شوێنی جاران. ئەو شەوی ئاهەنگە! گەر هەر میوانێکی ئەو شەوە، سەیری بکردایە، هەستی بە ئاڵوگۆڕ نەدەکرد!

ئەمجا وەزیر فەرمانی دا شاڵەکەی بخەنەوە جێگای جارانی، هەروەها خورجەکەی. ئەمجا بە کچەکەی وت:

"کە بەدرەدین هاتە ژوورەوە لێی بپرسە: لە گەڕانەوەدا زۆرت پێچوو!؟ تا بەیانی بیدوێنە، دواتر مێژووەکەی پیشان دەدەین."

ئەمجا وەزیر بەدرەدینی لە سندوقەکە دەرهێنا و دەست و پێی کردەوە، بەدرەدین هەر خەبەری نەبووەوە قەدەری خوا وابوو، تلێکی دا...... ئیدی بە ئاگا هاتەوە.... خۆی لە داڵانێکی رووناکدا بینییەوە! بە خۆی وت:

"دیارە، زیندەخەو، دەبینم!!"

هەندێك رۆیشت، دەرگای دووەمی بینی سەیری ناوەوەی کرد. بۆی دەرکەوت، ئەمە هەر ئەو کۆشکەیە.... کە کاتی خۆی لێی چووەتە دەرەوە. کورسی و پەردە و کوللەکەی بووکەکەی ناسیەوە. شاڵەکەی سەری و شتومەکەکانی خۆی بینییەوە. کە ئەمانەی بینی رەنگی تێکچوو. ئەمجا دەچووە پێش، دەهاتەوە دواوە...! لە خۆی دەپرسی:

"چییە بەخەبەرم.... یان نوستوم؟"

ئارەقی نێو چاوانی دەسڕیەوە و سەری سوڕما بوو! لە دڵی خۆیدا وتی:

"ئەمە شوێنی بووکەیە ئێستا من لە کوێم!؟... خۆ لە سندوقدا بووم!!"

لە کاتێکدا ئەم دەی بزرکاند کچی وەزیر وتی:

"تازە.... وەڕوور مەکەوە! تۆ زۆر درەنگ گەڕاویتەوە....!"

کە ئەمەی بینی و ئەوانەی بیست وتی:

"نەخێر.... زیندەخەو دەبینم!" هەناسەیەکی هەڵکێشا! کەوتە بیر کردنەوە لەوەی بە سەری هاتووە و سەری سوڕما! کە بینی ئەوە شاڵەکەیەتی و ئەوەش کیسەی ۱۰۰۰ دینارەکەیەتی. ئەمجا بە خۆی وت:

"خوا ..... دەزانێ..... من زیندەخەو دەبینم."

کچە وەزیر پرسی:

"ئەوە سەرت لە چی سوڕماوە!؟ سەر لە ئێوارە وا نەبوویت!"

بەدرەدین حەسەن پرسی:
"لە کەیەوە، لەتۆ دابڕاوم؟"
ئەویش وتی:
"خوا ئاگای لێت بێت..... ئەو شەوە بە ئیشێك چوویتە دەرەوە.... چییە دەڵێی شێت بوویت!؟"
بەدرەدین وتی:
"تۆ راست دەکەیت! کەواتە من لە خەونمدا ۲۰ساڵی رەبەق لە دیمەشق چێشتخانەم هەبوو!! هەر وەکو ئەوەی لاوێك هاتبێت بۆ لام! کە لە منداڵە دەوڵەمەند دەچوو."
بەدرەدین دەستی برد بۆ نێوچاوانی شکاوی شوێن بەردەکەی هەست پێکرد. ئەمجا وتی:
"خاتوون، دای بە نێو چاوانمدا..... ئەوە شوێنەکەیەتی هەر دەڵێی خەو نەبووە...... راستەقینە بوو.....!"
ئەمجا وتی:
"ئێستاش هەر دڵێی ئەو کاتەیە کە تۆم بە جێ هێشت و چووبوومە شاری دیمەشق. بە بێ کڵاو و شاڵەکە و لەوێ: بوو بوومە چێشت لێنەر! "
رەنگی هەڵبزرکابوو، دیسان وتی:
"هەر وەکو ئەوەی..... برنجی رووبەهەنارم لێ نابێت و بیبەری کەم بووبێت! لەوەش ناچێت، لە خەودا..... ئەمانەم کردبێت!"
دەستی کردە، گێڕانەوەی بۆ کچە وەزیر بۆیە پرسی:
"توخوا..... لەمانە پتر چی ترت دیوە؟"
دیسان بەدرەدین وتی:
"ئۆو..... خەبەرم نەبوایەتەوە، یاریە دارینەیەکیان بە سنگمدا بزمار رێژ دەکرد!!"
ژنەکەی پرسی:
"لەبەرچی؟"
ئەویش وتی:
"لەبەر ئەوەی برنجی رووبەهەنارەکەم، بیبەری کەم بوو...! دوکان و قاپ و قاچاخەکەمیان بەسەر یەکدا رووخاند و کاولیان کرد. منیشیان خستە سندوقێکەوە دارتاشیشیان هێنا. لە تەختە سێدارەم بۆ دروست بکات، تاکو پێیدا هەڵمواسن! سوپاس بۆ خوا، کە ئەوانە لە خەونمدا بوون. راستەقینە نەبوون."
ژنەکەی بە پێکەنینەوە وتی:
"ئەمانەی وتت، لە خەون ناچن!! لەوە دەچن راست بن!!"
شەهرەزاد هەستی کرد شەو دەرنگ بوو.... بێدەنگ بوو.

# شەوی ٢٤

## شـادبوونەوەی بـەدرەدین حەسـەن بـە دایکـی و مـامی و (عەجیب)ی کوڕی

شەهرەزاد وتی: ئەو شەوە بەدرەدین تاکو ڕۆژ بووەوە، سەراسیمە بوو دەمێك دەیوت:

"خەونم بینیوە!"

دواتر دەیوت:

"نە...... خەون نەبوو."

بۆ سبەینێ مامەی سڵاوی لێکرد. دوای وەڵام دانەوە.... لێی پرسی:

"تۆ نەبوویت قۆڵبەستت کردم و دوکانەکەت بە سەر شتومەکیدا ڕووخاند!؟"

ویستت خۆیشم بزمار ڕێژبکەیت! لەبەر ئەوەی "برنج بە ڕووبەهەنارەکەم بیێ بیبەر بوو!"

وەزیر وتی:

"ئێستا ڕاستییەکان: ئاشکرا بوون. شاراوەکان دەرکەوتن.... تۆ برازای منیت.... ئەمانەم بۆیە کرد تا بزانم بەڕاستی تۆ کچەکەی منت مارە کردووە؟ ئێستا بۆم دەرکەوت: کە تۆ شاڵ و کڵاو و توورەکە زێڕەکەی خۆتت ناسییەوە. نامەکەش بە دەست و خەتی خۆتە. کوڕم: ناڕەواییم بەرامبەرت نەکردووە. چونکە پێشتر تۆم نەبینی بوو. ئەوەش بزانە ..... لە بەسرەوە دایکتم بۆ هێناویت!!"

ئەمجا باوەشی پیا کرد و دەستی کردە گریان.. کە بەدرەدین حەسەن ئەمەی لە مامی بیست زۆر سەری سوڕما!! باوەشی کردەوە بە مامیدا..... لە خۆشیدا فرمێسك بە چاوانیدا هاتە خوار.

ئەمجا وەزیر وتی:

"هۆی ئەم هەموو ڕووداوانە، بەهۆی دەمەتەقێیەکی من و باوکتەوە بوو."

ئەمجا کەوتە گێڕانەوەی و سەفەر کردنی باوکی بەرەو "بەسرە". ئەمجا ..... عەجیبی بانگ کرد. بەدرەدین کە بینی وتی:

"ئەمە بوو، بەردەکەی دا بە نێوچاوانمدا!"

وەزیر وتی:

"ئەمە کوڕی خۆتە!"

ئەمجا بەدرەدین حەسەن باوەشی پێدا کرد و ئەمەی بە سەردا هەڵدا:

| | |
|---|---|
| بۆ دابڕانمان فرە داماوم..... | جۆگە ئاوێك بوو فرمێسکی چاوم |
| نەزرم کرد: هەر کە پێك شاد بووینەوە | لە بیری دەکەم خەم و زوخاوم |

شەپۆلی شادی وا دای بە سەرما          لە جێی پێکەنین ئەمن گریاوم

کە لە شیعرەکە بووەوە.... دایکی هاتە ژوورەوە و باوەشی پێدا کرد. دەستی کردە گریان. ئەمجا دوای ئەو چی بەسەرهاتبوو بۆی گێڕایەوە. چۆن ئەشکەنجەی کێشاوە. سوپاسی خوایشی کرد، کە هەموویانی بە یەك شاد کردۆتەوە. دوای دوو رۆژ شەمسەدینی وەزیر چووە دەرباری سوڵتان و کڕنووشی بۆ برد و سڵاوی شاهانەی لێکرد. سوڵتان بە روویدا پێکەنی و بانگی کردە لای خۆی و هەواڵی سەفەرەکەی لێ پرسی. وەزیریش، بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە.

ئەمجا سوڵتان پێی وت:

"سوپاس بۆ خوا.... گەیشتیت بەئاوات..... خێزانەکەت گەڕایەوە لات! حەز دەکەم حەسەنی بەسری برازات ببینم، سبەینێ خوا یار بێت لەگەڵ خۆت بۆم بێنە."

ئەمجا وەزیر بەرەو ماڵ بووەوە. کە برازاکەی بینی پێی وت:

"کە سوڵتان بە تاسەی بینینیەوەیە. "

حەسەن بەسری وتی:

"هەمیشە سوڵتان پێ لە ملی هاوڵاتیانە."

ئەوە بوو لەگەڵ مامیدا چوونە لای سوڵتان. جوانترین سڵاوی شاهانەی لە سوڵتان کرد. ئەویش بە پێکەنینەوە وتی:

"فەرموو.... دابنیشە. ئەمیش چووە لای مامی خۆی دانیشت. سوڵتان پرسی:

"ناوت چییە؟"

ئەمیش وتی:

"کۆیلەی دەم بە نزای پایەدار بوونتان، حەسەنی بەسری. سوڵتان زۆری پێ موعجیب بوو. ویستی لە ئەدەب و زانستیشدا تاقی بکاتەوە. پێی وت:

"هیچ دەربارەی (تفصیل الحسن) دەزانیت؟"

ئەویش وتی:"

بەڵێ...... بەرەبەیان لە روودا هەیە.... بریسکەش لە پێست دا..... جوانی لە لووتدا..... شیرینیش لە چاوان دا..... پاراویش لە وتاردایە. شۆخیش لە باڵا.....! بڕوانن چ وەسفێك کراوە:

بەو دەمی خونچە و رەشی دووچاوە          بەرێکی قەد و باڵا ناسراوە
وتیان ئەو دەم و لێوە تەنکە:          ئەگریجە و برۆ و ئەو زوڵفە خاوە
قەد و باڵاکەی وا رێك خستووە:          مرۆڤ لەئاستیا.... سەری سوڕماوە

سوڵتان بە وەڵامەکەی دڵخۆش بوو پرسی:

"مەبەست لەم پەندەی وتراوە- شەریح لە رێوی فێڵبازترە- چی بووە!؟"

ئەویش وتی:

"سوڵتان پایەدار بێت..... ساڵێکیان نەخۆشی "تاعون"بڵاو دەبێتەوە. شەریح ناوێك لە ترسی ئەو نەخۆشیە... سەری خۆی هەڵدەگرێ. لە شاری "نەجەف"دەگیرسێتەوە رێوییەك پێی فێر بووبوو. لە کاتی نوێژ کردنیدا دەهاتە بەرامبەری و لاسایی دەکردەوە..! شەریحیش خەیاڵی لای نوێژەکەی نەدەما...! ناچار دوو داری هێنا و راست و چەپی پێکردن و کراسێکی خۆی کردە بەر ئەو دوو دارە...! چەفتە و عەگالەکەشی کردە سەر داهۆڵەکە. لە شوێنی نوێژەکەی خۆی چەقاند. مام رێوی وەك جاران هاتەوە بەرامبەری. لەولاترە.... شەریح بێخەم نوێژەکەی خۆی دەکرد. ئەم بەسەرهاتە دەماودەم دەگێرایەوە...... تاکو بووە:"پەندی پێشینان."

ئەمجا وتی:

"برازاکەت زۆر بە رەوشتە و بێ عەیبە لە هەموو وڵاتی میسردا: هاوتای نییە!! حەسەنی بەسری هەستا و کرنووشی بۆ سوڵتان برد. چوو لە تەنیشتیەوە دانیشت. سوڵتانیش فەرمانی دا خەلاتێکی باشی بکەن. حەسەنی بەسری هەستایەوە و کرنووشێکی تری بۆ سوڵتان برد و داوای لێکرد رێ بە خۆی و مامی بدات تاکو برۆن. ئێوارە گەیشتنەوە ماڵ. سفرە راخرا. هەر چیەك خوا دابووی خورا. ئەمجا چووە ژووری خێزانەکەی و چی روویدابوو: بۆی گێرایەوە. ژنەکەی وتی:

"بێخەم بە سوڵتان دەتکاتە هاونشینی خۆی و دەوڵەمەندت دەکات. چونکە تۆیش پیاوێکی رۆشنبیریت و لە زەوی و دەریادا ناسراویت."

حەسەنیش کە ئەمەی بیست وتی:

"دەمەوێت شیعرێك بە سوڵتاندا هەڵدەم."

ژنەکەی وتی:

"کارێکی باشە. بیرۆکەکە با پاراو بێت. شیعرەکە ناسك، چاك دەزانم پەسەندی دەکات."

ئەمجا لە سووچێکی ژوورەکەدا بۆی دانیشت.... ئەمەی نووسی:

| | |
|---|---|
| شکۆمەندێکی..... وا بە لووتکەوە | ئازا و بەخشندە هەر دوو پێکەوە |
| دادوەرێ..... جۆرێ گشت گیر بووە | بە سەر زەویدا و ماڵ و موڵکەوە |
| دەمی بەیانە: بە نان بدەیی | جەنگی شەوتارە بە نووتەکەوە |
| ئەستۆمان بارە بە پیاوەتی ئەو | لەشمان بەکالاّ و جل و بەرگەوە |

کە لێ بووەوە، بە یەکێك لە خزمەتکارەکانی مامیدا ناردی بۆ سوڵتان. سوڵتانیش دایە..... یەکێك. لە نێو کۆڕەکەیدا خوێندرایەوە. هەموو پێیان جوان بوو. ئەمجا ناردی بە شوێنی بەدرەدین حەسەندا، کە بێتە دانیشتنەکانیەوە کە هات سوڵتان پێی وت:

"لێرە بەدوا تۆ هەم نشینی منیت. دام مەزراندوی لە دەوڵەت، بە مووچەی ۱۰۰۰ پەنجایی مانگانە. بێ لەو پاداشتانەی پێشوو."

حەسەنی بەسری هەستا و ٣ جاران، کڕنووشی بۆ سوڵتان برد. نـزای پایـەداری بـۆ کـرد. ئیدی حەسەنی بەسری ناوبانگی بڵاو بووەوە.... تا ئـەو کاتـەی مـرد بـە بـەختیاری لەگـەڵ ژنەکـەی و مـامی و کـەس و کـاری ژیـانی بـردە سـەر.... هارونەرشـیدیش بەسـەرهاتەکەی هێنـدە پـێ سـەیر و گـرنگ .... فـەرمانی دا بنووسـرێتەوە. ئـەمجا کۆیلەکـەی ئـازاد کـرد. فەرمانیشی دا مووچەی مانگانە بۆ کوڕەکەی دابین بکرێت. خۆ...ئەم بەسـەرهاتە عـەجایب تر نییە لە چیرۆکی بەرگدوور. قـەموور و جوولەکەکە و شایەتە نەسـرانیەکە، کـە چییان بەسەر هاتووە."

پاشا وتی:

"بەسەرهاتی ئەوان چۆن بووە؟"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.... بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٥

## چیرۆکی بەرگدروو و قەموور و جوولەکە و نەسرانییەکە

شەهرەزاد وتی: ئەی پاشای بەختیار..... خاوەنی بڕیار.... دەگێڕنەوە: لـە زەمـانی زوودا لە سەردەمی پێشوودا لە وڵاتی "چین"پیاوێکی پەنجە نـەرم و کـراوە هەبوو. ئـارەزووی لـە ئاواز و گۆرانی و یاری کردن بووە.... جار وبارە مـاڵ و منـاڵی دەبـردە بـاخی گشتی ناوشار. رۆژێکیان کە تاکو ئێوارە لە سەیران بوو درەنگانێ گەڕانەوە. لە سەرە رێگایاندا قـەموورێکی پشت کوڕیان بینی. کە هەر بە بینینی مرۆڤ پێکەنینی دەهات و خەمی لە دڵ دەڕەوانـدەوە. بەرگدروو ژنەکەی چوونە سەیری! ئـەمجا داوایـان لێکـرد ئەمشـەو میوانیـان بێـت. ئـەویش قسەی نەشکاندن و شوێنیان کەوت. ئێوارەیـەکی درەنـگ بـوو. بەرگـدروو چـووە بازاڕەکـە و ماسییەکی بـراژاو و نـان و لیمـۆی کـڕی. کـە گەیشـتنەوە مـاڵ ژنـی بەرگـدروو ماسـییەکەی خستە بەردەمیان و دەستیان کرد بە خواردنی. ژنی بەرگـدروو .... پارووپـەکی بـۆ قـەموور گرت و بە زۆر کردی بە دەمیدا و وتی:

"نابێت... بیجوویت و یەکسەر قووتی بدە. چونکە سوێندم خواردووە."

گۆشت ماسییەکە ئێسکی گەورەی تێدا بـوو، لـە قـوڕگی "قـەموور"گیرا و دەم و دەست بەلادا هات و کەوت. بەرگدروو کە ئەمەی بینی وتی:

"لاحـول و لاقـوە الا بـالله العلـی العظـیم...."دامـاوە دەبـوو لـە سەردەسـتی ئێمـەدا... بمرێت!!."

ژنەکەی وتی:

"جا..... ئەم کەمتەرخەمییەی بۆ چییە، ئەی ئەمەت نەبیستووە؟"

خەم و پەژارە گەر نەش دێتە رێم
لەسەر خۆڵەمێش کە دادەنیشم

نەگبەتم ورد ورد خۆم بۆی دەگەڕێم
دوای کەمێ بۆ خۆم گڕ بە دەبێ لێم!

مێردەکەی پێی وت:

"چی بکەم؟"

ژنەکەی وتی:

"هەستە و هەر دوو دەستت بخە ژێری و منیش ئەو کۆڵوانـەی ئاوریشمەی پێدا دەدەم، هەر بەم شەوە پێشت دەکەوم و تۆ بە دوامدا. کە پرسیان... بڵێ، ئـەوە کوڕەکەمـە ئـەویش دایکێتی، دەیبەینە لای پزیشك."

کە بەرگدروو ئەمەی بیست هەستا و دوو دەستی خستە ژێری قەموورەوە و ژنەکەی بـە دوایدا، بەدەم ڕێوە، ژنەکەی دەیوت:

"خوا بتپارێزی کوڕم.... کوێت دێشێت؟ ئەم ئاوڵەیە کۆڵی لێ نەدایت!"

هـەر کەسـی بـی بینیبایـە، وای دەبـینی کـە کوڕەکـەیان نەخۆشـە....! هـەر ڕۆیشـتن و پرسیاریان کرد. تاکو ماڵی پزیشکێکی جوولەکەیان پیشان دان. لە دەرگایان دا، کـەنیزەکێك، دەرگای کردەوە، پیاوێکی بینی منداڵێکی نەخۆشی پێیە، ژنەکەشی بە دوایـەوە. کەنیزەکەکە وتی:

"چیتان دەوێت؟"

ژنە بەرگدروو وتی:

"منداڵێکمان پێیە، دەمانەوێت پزیشك ببینێ ئـەوەش چارەکە دینارێـك بـۆ پزیشك. با بێتە خوارەوە و نەخۆشەکەم ببینێ."

کە کەنیزەکەکە بە پلیکانەدا سەرکەوت ژنە وتی:

"لاشەی قەموور دابنێ... با را بکەینە دەرەوە و رزگارمان بێت."

ئەویش قەمووری بە دیوارەدا هەڵپەسارد. تێیان تەقاند. کەنیزەکـەیش چـووە نهۆمی سەرەوە بە پزیشکی وت:

"ژن و مێردێـك لـە دەرگـادان.... منـاڵێکی لاوازیـان پێیـە، ئـەم چـارەکە دینارەیـان بـۆ ناردوویت، تا نەخۆشەکەیان ببینی و دەرمانییان بۆ دیاری بکەیت!"

جوولەکەیش کە پارەکەی وەرگرت، لە خۆشیدا خێرا هەستا و هاتـە خـوار، نەخۆشـەکە ببینێ. چونکە تاریك بوو کە هاتە خوار لە قەموور هەڵکەوت. سەیری کرد مردووە!!

ئەمجا وتی:

"بۆ خاتری .... عەزیز.. موسا و ١٠ وشەکە!! هاوار بۆ هارون و یوشەع کـوڕی نـون. لـەوە دەچێت بەوەی لیی هەڵکەوتم مردبێت!! ئاخر... من چۆن ئەم کـوژراوە لـە ماڵەکـەم ببەمـە دەرەوە!؟"

قەموورەی بردە سەرەوە پیشانی ژنەکەی دا..... ئەویش وتی:

"بۆ دەستەوسان دانیشتووی؟ خۆ .... رۆژمان لێ ببێتەوە هەموومان تیا دەچین!! ئێمەش دەچینە سەربان و فڕێی دەدەینە ماڵی دراوسێ موسڵمانەکەمانەوە!"

دراوسێکەیان پیاوێکی ناسراو بوو. چونکە چاودێری چێشتخانەی ماڵی سوڵتان بوو، لەبەر ئەوەی ناوە ناوە دووگ و چەوری دەهێنایەوە بۆ ماڵ. خانووەکەیان سەگ و پشیلەی زۆر بوو. کە ماڵەکە چۆڵ دەبوو، لە سەربانەوە..... سەگیش دەچووە حەوشەوە و لەو دووگ و رۆنەی دەخوارد. پزیشك و ژنەکەی دابەزینە حەوشەکەوە و چوار پەلی قەموورەیان گرتبوو لە بن دیواری حەوشەدا پاڵیان پێدایەوە و بە پەلە جێیان هێشت. هەر ئەو شەوە هێندەی پێنەچوو. شاهدی خاوەن ماڵ گەڕایەوە، دوای کەمێك مۆمێکی داگیرساند و سەرکەوت بۆ باڵەخانەکە.... رووانی ئەوە مرۆڤێکە پاڵی بە دیوارەکەوە داوە....! ئەویش وتی:

"ئۆو.... کەوابوو، ئەو شتانەی دیار نامێنن مرۆڤ دەیدزێت!!"

ئەمجا رووی کردە قەموورە و وتی:

"ئەو گۆشت و دووگانە، تۆ دەیبەیت! لە منیش دا وایە: سەگ و پشیلە دەی دزێت! منیش هەموو سەگ و پشیلەی گەڕەکم: کوشتووە!! تاوانیان لە ملی منە و تۆیش: ئاوا بێدەنگ دێیتە خوارەوە...!!"

دەستی دایە، کوتەکێك و دای بە سەر سنگی قەموورەدا و خستی. کە هەڵی گرتەوە..... مردبوو!! زۆر ترسا و وتی:

"لا حول و لاقوه الا بالله العلی العظیم."

بە خۆی وت:

"لەعنەت..... لە رۆن و دووگ! پەنا بە خوا.... ئەمە چۆن بە دەستی من کوژرا!؟"

کە بۆی دەرکەوت: ئەمە قەمووریشە! وتی:

"بە قەمووریەکەشت.... کۆڵت نەدا جەناب... دزیش دەکەیت!؟"دووگ و گۆشتیش دەدزیت!؟ پەنا بە خوایە!"

ئەمجا قەموورەی دا بە شانیدا بردی.... ئەو شەوە گێڕای... تا.... گەیشتە سەرەتای بازاڕی شار. ئەمجا بە لای دوکانێکدا هەڵی پەسارد و بۆی دەرچوو. نەسرانی یەکی دەلالی سوڵتان بە سەرخۆشی بەوێدا رۆیشت. دەگەڕا بۆ پەنایەك میزی لێ بکات. تا گەیشتە لای قەموور. دەستی کردە میز کردن بێ ئەوەی قەموور ببینێ. لایەکی کردەوە کەسێکی بینی پاڵی بە دیوارەکەوە داوە و سەیری ئەم دەکات! هێندە سەرخۆش بوو، ئاگای لەوە نەبوو..... هەر زووتر: یاسماخ و عەگالەکەی سەریان لێ دزی بوو....! وای زانی، قەموور دەیەوێت،

پاسماخەکەی سەری بفڕێنێت! بۆیە کەوتە سەر ئەژنۆکانی و کەوتە مشتەکۆڵە لێدانی.
پاسەوانی شەو هات و پرسی:
"ئەمە بۆ لێی دەدەیت؟"
نەسرانییەکە وتی:
"ئەمە دەیەوێت پاسماخەکەی سەرم لێ بفڕێنێت."
پاسەوانەکە وتی:
"وازی لێ بێنە!"
ئەمجا..... لێی چووە پێش: دەماری قەمبوورەکەی گرت تا بزانێت دڵی لێ دەدات! سەیری کرد: مردووە!
ئەمجا پاسەوانی شەو پرسی:
"وای لێهات نەسرانییەك موسڵمانێك بکوژێت؟"
نەسرانییەکەی.... قۆڵبەست کرد و بردیە لای والی. نەسرانیەکەش لەبەر خۆیەوە وتی:
"هاوار.... ئەی مەسیح! ئەی مەریەمی پاکیزە! چۆن ئەمەم بە یەك مشتەکۆڵە کوشت!!؟"
خەیاڵەکەی ڕۆیشت... ژیری بۆ گەڕایەوە! نەسرانی و قەمبووری کوژراو... تاکو بەیانی لە ماڵی والی مانەوە. بۆ سبەینێ فەرمانی دا: بانگدەری شار.... بانگ بکات کە نەسرانی لە سێدارە دەدرێت. سێدارە ئامادە کرا.... بانگدەر، بانگی لە سێدارەدانی بۆ خەڵکەکە وتەوە.... ئەمجا کوژەر، هەڵقەی پەتی خستە ملی نەسرانی! لەوە دابوو، کورسی ژێر پێی بکێشنەوە، بینەرێك کە ئەمەی بینی درِی بە خەڵکەکە دا و بەرەو سێدارەکە بووەوە! هاواری کرد:
"مەکەن! من ئەم قەمبوورەم کوشتووە!"
والی لێی پرسی:
"بۆ چی کوشتت؟"
ئەویش وتی:
"ئێوارە کە گەڕامەوە بە ماڵدا گەڕام.... سەیرم کرد، ئەم قەمبوورە... لە هەورەبانەکەمانەوە هاتووەتە ناو ماڵم. تاکو دزیم لێ بکات. منیش کوتەکێکم دا بە سەر سنگی دا و مرد. ئیدی لاشەکەیم دا بە شانمدا و .... کەوتمە ڕێ..... تاکو گەیاندمە بازاڕ و لە فلان شوێن دام نا. ئەمجا هاواری کرد: هێندەم بەسە کە ئەم موسڵمانەم کوشتووە... با خوێنی ئەم نەسرانییەش نەیەتە ملم!"
والی فەرمانی دا:
"ملی نەسرانییەکە لە هەڵقەی سێدارەکە دەربێنن و بیکەنە ملی ئەم."
ئەمجا لە ملی ئەمیان کرد، ویستیان بیخنکێنن پزیشکە جوولەکەکە درِی بە خەڵکەکە..... دا هاواری کرد:

"نەکەن!...... کەس نەی کوشتووە من نەبێت! ئێوارە لە ماڵی خۆم بووم: ژن و مێردێك هاتن و ئەم قەموورەیان پێ بوو. چارەکە دینارێکیان دابوو بە کەنیزەکەکەم. ئەویش پارەکەی بۆ من هێنا... تاکو هاتینە خوارەوە، ئەم قەموورەیان لە ژوورەکەدا.... هەڵسپاردبوو. شەو بوو، ماڵ تاریك بوو کە هاتمە ژوورەکەوە.... لێی هەڵکەوتم! قەموور کەوت و مرد! چار ناچار، خۆم و ژنەکەم هەڵمان گرت، ئەم بینەرەش ، دراوسێمانە..... کە ماڵەکەیمان بە چۆڵی بینی، بردمانە هەورە بانەکەیەوە، دامان نا.

دیارە، کە ئەمیش قەموورەی بینیوە: بە دزی تێگەیشتووە! بۆیە کوتەکێکی پیادا ماڵیوە! قەموورەش کەوتووە. دراوسێکەیشمان پێی وابوو کە ئەو کوشتوویەتی! ئاخۆ..... هێندەم پێ کەمە، کە ئەم قەموورەم کوشتووە...!؟ وا خەریکن خوێنی ئەم دراوسێشم دەکەنە مل!!؟"

کە والی ئەم دان پیانانەی بیست فەرمانی دا: ئەو بینەرە.... بەر بدەن و ئەم جوولەکە پزیشکە، لە بری ئەو لە سێدارە بدەن! هەر هێندەیان زانی، بەرگدروویەك درِی بە خەڵکەکە داو: بەرەو سێدارەکە بووەوە. ئەمجا بە دەنگ گەورەی بانگدەری وت:

"مەکەن...! بێ لە خۆم کەسی دی ئەو قەموورەی نەکوشتووە! ئەو رۆژە لەگەڵ خێزانمدا لە سەیران بووین. ئێوارە بە ناو بازارەکەدا گەڕاینەوە. شتم کڕی ئەم قەموورەمان بینی دەفێکی پێ بوو، بە سەرخۆشی گۆرانی دەوت. لەگەڵ خۆمان بردمانەوە بۆ ماڵ. ماسییەکی برژاوم کڕی بوو. دانیشتین و دەستمان کرد بە خواردنی. ژنەکەم بابۆڵەیەکی لە گۆشتی ماسییەکە بۆ قەموور کرد و دەرخواردی دا. ئێسکی ماسییەکە لە قورگی قەموورە گیرا.... دەم و دەست مرد!! ئەمجا.... چارناچار قەموورەم بە باوەشەوە گرت و ژنەکەم لە پێشمەوە رۆیشتین. تا گەیشتینە بەر دەرگای ماڵی ئەم پزیشکە جوولەکەیە..... لە دەرگامان دا. کەنیزەکەکەی بردینییە چاوەڕێمان نەکرد: تاکو ئەم پزیشکە بێت. کاکی جوولەکە، وانەبوو؟"

وتی:

"بەڵێ...... وابوو."

ئەمجا بە والی وت:

"کەوابوو، ئەو ئازادیکە. من لە سێدارە بدە!"

والی کە ئەمەی بیست کەمێ ڕاما. ئەمجا وتی:

"پێویستە ئەمە بۆ مێژوو بنووسرێتەوە!!"

ئەمجا فەرمانی دا بە کوژەری دەنگ گەورە:

"جولەکەکە ، ئازاد بکات و بەرگدوورەکە لە شوێنی ئەو، لەسێدارە بدەن، بە پشت بەستن بە دان پیانانی خۆی!"

کوژەر ئەوی ئازاد کرد و ئەمی خستە شوێن. تووڕە بوو وتی:

"ماندوویان کردین! ئەم بێنە و ئەو ئازاد بکە!! دواجاریش کەس لە سێدارە نەدراوە!"

ئـەمجا... پـەتی سـێدارەی کـردە ملـی بەرگدرووەکـە. ئەمـە حـاڵی ئـەمان بـوو. ئـەم قەموورەش، مایەی رابواردن و پێکەنینی سولْتان بـوو.... تـاکو مـابوو سولْتان هێنـدەی پێ موعجیب بوو، بێ ئەو هەڵی نەدەکرد! ئـەو رۆژە بەسەرخۆشـی سـولْتان بـەجێ دێڵێ. رۆژی یەکەم و دووەم و تاکو نیوەرۆی سێیەم.... دیار نابێت. هەواڵی دەپرسێت. پێی دەڵێن:

"قەموور کوژراوە و والی دانیشتوانی شاری بـانگ کـردووە. کـە کوژەرەکـەی لـە سێدارە دەدات. هێندەی پێناچێت یـەکێکی دی.... دێـت و دانـی پیـا دەنێـت کـە ئـەو کوشـتوویەتی. والیش ئەوەی پێشوو ئازاد دەکات و ئەم دەخاتە شوێنی بۆ لە سێدارەدان!"

کە سولْتان ئەمەی بیست توورە بوو..... ناردی بە شوێن والی دا. لەگەڵ ئەوانەی ئامادەی سێدارە کراون.... کە پۆلیسی دەرباری سولْتان گەیشتە شوێنی لە سێدارەدانەکە.... خـەریکی ئەوە بوون فەرمانەکە جێبـەجێ بکـەن. پۆلیسـەکانی دەربـار هاواریـان کـرد کـە "نەکەن". ئـەمجا قـەموورەیان بـە چـوار دەسـتە هـەڵگرت و بەرگـدروو و جوولەکەکـە و نەسـرانی و بینـەریان دایـە پـێش خۆیـان بـەرەو لای سـولْتان. کـە والـی گەیشـتە بەردەسـتی سـولْتان. کڕنووشی بۆ بـرد و بەسـەرهاتی هەموویـانی بـۆ گێڕایـەوە کـە سـولْتان ئـەم بەسـەرهاتانەی بیست زۆری پێ سەیر بوو فەرمانی دا کە بە ئاوی ئاڵتوون بنووسرێتەوە! بۆ مێژوو. ئـەمجا رووی کردە پیاوانی دەوڵەت و خەڵکەکە و پرسی:

"لە ژیانتاندا چیرۆکی ئاوا سەیرتان بیستووە!؟"

شەهرەزاد هەستی کرد شەوە درەنگ بوو...... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٦

## چیرۆکی کوڕە کۆڵەکە

شەهرەزاد وتی:"نەسرانییەکە چووە پێشەوە و وتی:

"ئەی پاشای زەمان... گەر رێم بدەیت: بەسەرهاتی خۆمت بۆ دەگێڕمەوە... کە زۆر سەر سوڕهێنەرترە لە: بەسەرهاتی ئەم قەموورە!"

پاشا وتی:

"فەرموو."

ئەویش وتی:

"کە هاتمە ئەم وڵاتە کاروانێك بار و شتومەکم پێ بوو، قەدەری خوا وابوو. کەوتمە بەر دەستتان ئەگەرنا من لە میسر لە دایـك بـووم و "قـبگ"یـم! هـەر لـەوێش پـەروەردە بووم. باوکم جامباز بوو!! کە گەورە بووم.... باوکم مـرد و منـیش کـاری دەڵاڵی و جامبازیەکەیم گرتـە دەسـت. رۆژێ لـە رۆژان لاوێکـی جوانم بـینی بـە سـواری کەرێکـەوە رێـی دەکـرد. کە

گەیشتە ئاستم سڵاوی کرد. منیش لەبەری هەستام. دەستە سرێکی دەرهێنا و هەندێك نموونەی کونجی تێدا بوو... لێی پرسیم:

"ئا..... لەمە "ربە"ی بە چەند دەکڕیت؟"

پێم وت:

"١٠٠ درهەم پەنجایی."

ئەمجا پێی وتم:

"پێوانە کەران لەگەڵ خۆت بێنە و وەرە بۆ دەروازەی "نەسر". لە خانی – جەوالی- چاوەڕێت دەکەم."

دەست سرەکەی کە نموونەکەی تیا بوو دایە دەستم و ڕۆیشت. ٤ کەسی تێکەر و پێوەرم برد و چوومە شوێنەکە. بینیم چاوەڕێمە هەستا و دەرگای مەخزەنی بۆ کردینەوە. ٤ کەسەکە کەوتنە پێوانەی .... ٥٠ "ربە"دەرچوو، کە بایی ٥٠٠٠ درهەم بوو. ئەمجا لاوەکە وتی:

"حەقی دەڵاڵیەکەت کە بۆم دەفرۆشیت: هەر "ربە"ی ١٠ درهەم وەربگرە.واتە ٤٥٠٠ درهەم بۆ من دابنێ. ئەوی تری بۆ خۆت کە هەموویت فرۆشت دێم و پارەکەت لێ وەردەگرم."

منیش وتم:

"بەڵێ.... باشە."

دەستیم ماچ کرد و ڕۆیشتم. ئەو ڕۆژە ١٥٠٠ درهەمم پەیدا کرد. مانگێك ون بوو. منیش لە دڵی خۆمدا وتم:

"ئەم لاوە، دەست و دڵی باشە."

دوای مانگەکە، بە سواری هێستر هات. لێی پرسیم:

"کوا درهەمەکانم؟"

منیش وەڵامی سڵاویم داوە و پرسیم:

"ئەی نابێت، نانمان لەگەڵ بخۆیت؟"

پەسەندی نەبوو..... جل و بەرگێکی جوان ونایابی لەبەردا بوو. دەتوت: مانگی چواردەیە. ئەوەی بی بینیایە، وای دەزانی: حەمامیە! لێوانی ئاڵ.... پێستی پەمەیی کاڵ، لەسەر گۆناشی خاڵ...! نزای خێرم بۆ کرد و وتم:

"درهەمەکانت بۆ بێنم؟"

ئەویش وتی:

"جا... بۆچی وا بە پەلە؟ کە کاروبارم تەواو بوو دێمەوە..... لێت وەردەگرم."

ڕۆیشت. منیش لە دڵی خۆمدا وتم:"

بەو خوایە.... ئەم جارە هاتەوە دەبێت: دەعوەتێکی بۆ بکەم."چونکە قازانجێکی زۆرم لە دەستی کردووە. کۆتایی ساڵ هاتەوە جل و بەرگێکی لەبەردا بوو. نایاب تر لەجاران. سوێندم لێ خوارد: کە دەبێت دەعوەتم بێت.

ئەویش وتی:

"بەو مەرجەی، چەندی تێچوو من بیدەم! لەو پارەیەی لای تۆیە. ناچار رازی بووم. ناردم و خواردنیان هێنایە دوکان بۆمان. ئەمجا فەرمووم لێ کرد و دەستمان کرد بە نان خواردن. ئەویش دەستی چەپی هێنا و دەستی پێ کرد. زۆر سەرم سوڕما! کە لێ بووینەوە، تەشت و ئاوم هێنا: ئەویش دەستی شت، ئەمجا دەستە سڕم دایە، دەستی پێ سڕی. دواتر هەندێك شیرینیمان خوارد. ئەمجا کەوتینە دەمەتەقێ. منیش لێم پرسی:

"گەورەم... خەم ڕەوێن. ئەوە بۆ بە دەستی چەپ نانەکەت خوارد؟ رەنگە دەستەکەی ترت ئازاری هەبێت."

کە ئەمەی بیست ئەمەی وت:

| | |
|---|---|
| هاورێ مەپرسە: ئەمە بۆ وایە | ژیان هەزاران دەردی تێدایە |
| کێ بێت:حەز بکات بە کەم ئەندامی؟ | دیارە: کە ئەمە قەدەری خوایە |

دەستی راستی لە مۆڵەکەی دەرهێنا. لە ئاستی مەچەکیدا ئەو دەستەی بڕا بوو. پێم سەیر بوو!! ئەویش وتی:

"بە لاتەوە سەیر نەبێت کە بە دەستەچەپم دەخۆم! دەستە راستم کە بڕاوە: هۆیەکی عەجایبی هەیە."

منیش پرسیم:

"بەهۆی چیەوە بوو؟"

وتی:

"منیش لە منداڵانی بەغدام و باوکم یەکێك بوو لە گەورە پیاوانی کە بوومە هەرزەکار، لە گەشتکاران و سەفەرکەران و بازرگانانم دەبیست کە وڵاتی میسر چۆنە و ئەوان چییان بینیوە. ئەمە لە مێشکمدا مایەوە..... تا ئەو کاتەی باوکم مرد. دواتر کاروانێکی بازرگانیم ئامادە کرد، لە کۆتاڵی بەغایی و موصلی. لە بەغداوە بەڕێ کەوتم. بە سەلامەتی گەیشتمە ئەم شارەی ئێوە."

ئەمجا دەستی کردە گریان. ئاوا خۆی لاواندەوە:

| | |
|---|---|
| چاڵێ چاوساغێ گەر بکەوێ تێی | دوای کەسێ: بێخەم دەرێتەوە لێی |
| نەزان وشەیە دەڵێ و رەت دەبێ | زانایەك بیکات: زوو دەکوژرێ پێی |
| رۆژی کافران..... زۆر مسۆگەرە | خواناسیش: یەکجار ماندوو دەبێ بۆی |

کە شیعرەکەی تەواو کرد وتی:

"که گەشتمە وڵاتی میسر بارە کۆتاڵەکانم لە خانی "مەسرور"خست. بارەکانم کردەوە، چەند درهەمێکیشم دایە خزمەتکارەکەم. تاکو هەندێك خواردنمان لە بازاڕ بۆ بکڕێت. خۆشیم سەرخەوێکم شکاند. ئەو شەوە لەو خانە مامەوە. بەیانی ڕۆژی دواتر بارێکم کوتاڵ کردەوە و پارچە قوماشێکم جیا کردەوە و بە خۆم وت:

"ئەمە بەبازاڕدا.... دەگێڕم تا پیشانی بدەم و خزمەتکاران تۆپە کوتاڵەکان بە دوامدا بێنن. ئەمجا شوێن خۆم خستن. تا گەیشتینە.... قەیسەری "جەرجیس". دەڵاڵەکان بەرەو ڕووم هاتن، چونکە بیستبوویان کوتاڵم هێناوە لێیان وەرگرتم. مەزادیان کرد، سەیر دەکەم، مایەکەی خۆی ناکات! پەژارە دایگرتم."

گەورەی دەڵاڵەکان پێی وتم:

"شتێك دەزانم، سوودی لێ وەردەگریت! بازرگانەکان چی دەکەن، تۆی وا بکە.... خۆت کوتاڵەکانت بفرۆشە، لەچەند مانگێکدا دوایی دێت، شایەت و دەغیلەداری بۆ بگرە. ئەو کاتە هەر درهەمێکی ئێستات: دەبێتە دوو درهەم. بۆ خۆیشت "میسر"و ڕووباری نیل دەبینیت."

منیش وتم:

"ئەمە..... بیر کردنەوەیەکی چاکە."

منیش دەڵاڵەکانم بردەوە بۆ خانەکە و بە وەرەقەی مۆرکراو، دام پێیان. ئەوانیش کوتاڵەکانیان بردەوە بۆ قەیسەریەکە و دواتر کەوتنە فرۆشتنی. منیش لە خانەکەدا مامەوە و خواردنم بۆ خۆم دەکرد. هەموو دووشەموان و پێنج شەموانێك دەچووم لەگەڵیان دادەنیشتم، ئەوانیش تاکو پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە پارەکانیان بۆ کۆ دەکردمەوە و دەم نووسین و وەرم دەگرت. بەیانییەك دوو شەمە نان و شۆربام خوارد دواتر چوومە گەرماو و خۆم شت. بۆ نیوەڕۆ مریشکم بۆ خۆم ئامادە کرد و خواردم. ئەمجا خۆم گۆڕی و بۆنم لە خۆم دا و بەرەو قەیسەریەکە بوومەوە. لە دوکانی بەدرەدینی بوستانی لێی دانیشتم. بەخێری هێنام و دەستمان کردە دەمەتەقێ دوای سەعاتێك بازاڕ قەرەباڵغ بوو. ژنێك بە لار و لەنجە پەیدا بوو. هەندێك بۆنی پێ بوو. سڵاوی لێ کردین و کەوتە گفتوگۆ لەگەڵ بەدرەدین. گوێم لێ بوو، لە بەدرەدینی پرسی:

"قوماشت هەیە، بە زێڕ چنرابێت؟"

ئەویش پارچەیەك قوماشی بۆ هێنا. لە کوتاڵەکەی من و پێی فرۆشت بە ۱۲۰۰ درهەم. ئەمجا وتی:

"قوماشەکە دەبەم، دوایی پارەکەیت بۆ دەنێرم؟"

بازرگانەکەش وتی:

"خاتوون، نابێت. چونکە ئا... ئەم پیاوە خاوەنەکەیەتی و هەفتانە دەبێت پارە بدەم پێی."

یاخوا.... بەزیاد نەبێت. من وا راهاتووم. پارچە کوتاڵەکان ببەم. دواتریش بە مشت پارەم بۆ ناردوویت. سوودیشم بۆت بووە. دوکاندار وتی راست دەکەیت. بەڵام هەر ئەمڕۆ پارەکەم دەوێت. کیژەش قوماشەکەی بە سنگی بازرگانەکەدا و وتی:

"ئێوە نرخی کەستان لا نییە."

کەوتە خۆ ڕنینەوە. منش نەمهێشت. پێم وت:

"وەرە کیژی جوان."

کە ئەمەی بیست بزەیەك گرتی و وتی:

"ئەوەیش لەبەر خاتری تۆ."

هاتەوە دوکانەکە و بەرامبەرم دانیشت. منیش لە بەدرەدینم پرسی:

"ئەم پارچە قوماشە چەند لە سەر خۆت کەوتووە؟"

وتی:

"١١٠٠ درهەم."

منیش وتم:

"١٠٠ درهەم خێرەکەیت دەدەمێ، کاغەزێك بێنە بۆت بنووسم."

ئەمجا پارچە قوماشەکەم دایە ژنەکە و پێم وت:

"گەر لاریت لێ نییە، با دیاری میوانداریەکەت بێت. ئەگەری نە پارەکە دوایی بنێرە."

ئەویش وتی:

"خوا پاداشتی بە خێرت بداتەوە، موڵك و ماڵم بە قوربانت بێت و خوا بتکاتە مێردم."

خوا نزاکەی قبوڵ کرد. پێم وت:

"قوماشەکە ببە، چی تریشت دەوێت ببیە."

ئەویش وتی:

"گەورەم، ئەمشەو تۆ میوانی منی."

لێیدا و رۆیشت. تاکو پاش نیوەڕۆ لە قەیسەریەکەدا مامەوە. ئەمجا پرسیاری ئەو ژنەم لە بازرگانەکە کرد. وتی:

"ئەمە دەوڵەمەندە، میرزادە بوو. باوکی مرد. سامانێکی زۆری بۆ جێهێشت. ماڵی لە گەڕەکی نەقیبە."

ئەمجا منیش بەرەو خانەکە بوومەوە. دواتر، سواری کەرێك بووم و بە خاوەنەکەیم وت:

"بم گەیەنە، جەبانیە".

رۆیشتین هەر زوو گەیشتینە سەر رێگایەك پێی دەوترا: رێی مەنقەری. پێم وت:

"برۆ پرسیاری هۆڵی نەقیب بکە."

دوای کەمێك هاتەوە و وتی:

"دابەزە."

منیش کە دابەزیم پێم وت:

"پێشم بکەوە، بۆ هۆڵەکە."

کە گەیشتین چارەکە دینارێکم دایە خاوەن کەر رۆیشت. لە درەگام دا خزمەتکارێك دەرگای لێ کردمەوە و بردمیە ژوورەوە. هۆڵێکی گەورە بوو. ٧ دەرگای لەسەر بوو. دەیروانی بە سەر رەز و باخێکدا کە چەندین جۆر بەری گرتبوو. جۆگەی ئاوی پێدا دەرۆیشت. بولبول و کەناری تێیدا دەیخوێند. سپی کاریەکی سوڵتانانە کرابوو، بنمیچەکەی بە نەخشی زێرین رازا بووەوە. زەویەکەشی: بەردە مەرمەڕ رێژ کرابوو. لە ناوەڕاستی دا حەوز و فوارە بوو. بە کەناری حەوزەکەشدا باڵندە و ٤ ماری زێرین هەبوو. کە ئاو لە دەمیانەوە دەڕژایە حەوزەکەوە. فەرشی تیا راخرابوو. منیش لەسەر فەرشەکە دانیشتم. بازرگانە لاوەکە بە نەسرانییەکەی وت:

"هێندەم زانی: کیژەکە هات. تاجێکی لەسەر نابوو. بە دوو گۆی زێڕ رازا بووەوە. بۆم پێ کەنی و بەخێری هێنام و لەگەڵم دانیشت....!!

دواتر سفرە راخرا و خۆشترین خواردن.... هەر لە مریشکی خنراوی برژاو، هەنگوینی شانەوە بیگرە کە تێرمان خوارد تاس و مەسینەیان هێنا و دەستمان شت. ئەمجا گوڵاو پژێنیان کردین. کەوتینە دەمەتەقێ. دواتر ئەمەی بۆ وتم:

| | |
|---|---|
| گەر دەمانزانی بە ئێمە دۆستی | لێوانی خۆمان بۆ رادەخستی |
| لە نێو چاواندا هەڵمان دەگرتی | تاکو بزانیت: چەند خۆشەویستی!! |

بۆ ئێوارە دیسان سفرە و خوان رازایەوە، تێر و پڕمان خوارد، ئەمجا ناردی بە شوێن شایەت و قازیدا. فەرمانی دا، لە منیان مارە برِی. شایەتەکان مۆری ئەوەیان کرد، کە مارەیی رۆژی ٥٠ دینار بێت، کە ئەم رێ و رەسمەیان تەواو کرد کرێی خۆیان وەرگرت و رۆیشتن. ئیدی زۆر بە خۆشی لەگەڵیدا ژیام. هەموو رۆژێك دەسرێکم دەدایە کە ٥٠ دیناری تێدا بوو. بەو شێوەیە مامەوە، تاکو سامانم هەموو لە دەستدا و دینارێك چییە؟ پێم نەما. ئەمجا بە خۆم وت: "ئەمەی من دەیکەم لە خۆبایی بوونە." ئاوا... خۆم لاواندەوە:

| | |
|---|---|
| دیار نەبوو.... هەواڵپرسی نامێنێ | دیاریش بوو: رەزا قورس و بەد دەبێ |
| لە بازاڕیش بوو: مات و بێدەنگە.... | بەشی پەژارە و خەم و دەرد دەبێ |

دەستم بە رۆیشتن کرد، روانیم شار قەرەباڵغە و رێ بەر رێبوار ناکەوێت! قەدەری خوا وابوو: سەربازێکم بینی و تەنگم پێ هەڵچنی! دەستم بە گیرفانێکی دا کرد کیسەی پارەکەیم دەرهێنا.... سەربازەکە هەستی کرد: گیرفانەکەی سووك بووە بە لای مندا ئاوڕی دایەوە. مشتەکۆڵەیەکی لە سەرم دا. کەوتم. خەڵکەکەش رەشمەی ئەسپی سەربازەکەیان گرت. لێمان کۆ بوونەوە. وتیان:

"هێندە قەرەباڵغە...... ئەم پیاوە کەوتە ژێر دەست و پێی ئەسپەکەتەوە!"

سەربازەکە شیراندی:

"ئەم لەعنەتییە: دزە... دزا"

کە بە ئاگا هاتمەوە گوێم لە خەڵکەکە بوو دەیان وت:

"ئەم لاوە قۆزە: هیچی نەدزیوە."

هەندێکی تریان دەیان وت:

"راست دەکات دزە."

بووە مقۆ مقۆ! خەڵکەکە ویستیان من لە دەست سەربازەکە بسەندنەوە. بەڵام قەدەری خوا وابوو پێشەنگی پۆلیس و والی پەیدا بوون.

لە کۆمەڵەکەیان پرسی: ئەمە چییە؟ سەربازەکە لە وەڵامدا وتی:

"بەو خوایە گەورەم ئەم پیاوە دزە! لەو قەرەباڵغیەدا، کیسەیەکی شین کە ٢٠ دیناری تێدا بوو، لێی دزیوم."

والی پرسی:

"کەست لەگەڵ نەبوو؟"

ئەمجا والی خوری بە سەر پێشەنگدا ئەویش منی گرت. والی فەرمانی رووتی بکەنەوە کە رووتیان کردەمەوە کیسە شینەکە لەجلەکانمدا بوو، بردیان بۆ والی، ئەویش کیسەکەی کردەوە و ژماردی. ئەمجا بەمنی وت:

"راست برۆ. تۆ ئەم کیسە پارەیەت دزیوە؟"

منیش سەرم نەوی کرد. بە خۆم وت:

"گەر بڵێم نەم دزیوە لە جلەکانی مندا بوو، بڵێم من دزیومە، ئەوە تووش بووم!"

سەرم بڵند کرد و وتم:

"بەڵێ من دزیومە!"

کە والی ئەمەی بیست، عەجایەبی لێ هات! دوو شایەتی بانگ کرد، گوێ لە دان پیانانەکەم بگرن. فەرمانی بە مەشاعلی "کوژەر"دا: دەستی راستیان بریم. سەربازەکە بەزەیی پیاما هاتەوە. والیش بە دەست براوی جێی هێشتم. خەڵکەکە لێك کۆ بوونەوە. شەریەتێکیان کرد بە گەرووما. سەربازەکەش کیسە پارەکەی دامەوە و وتی:

"تۆ لاوێکی شۆخی، نابێت دز بیت!".

ئیدی منیش کەوتمە لاوانەوەی خۆم:

| | |
|---|---|
| بەخوا دز نەبووم لێم رامەمێنە | هەژارییە وا: رسوایی هێنە |
| لە پڕ زەمانە شەقی تێهەڵدام | وا بە داماوی کەوتمە: ئەم شوێنە |
| من بێتاوان بووم تیری قەدەر بوو | کە ئاوا تاجی قەدر شکێنە |

منیش دەستە براوەکەم پێچا و کردمەوە بە قۆلچی جلەکەمدا. رەنگم زەرد هەڵگەڕا بوو. چوومەوە بۆ هۆڵەکە وخۆم فڕێدایە، سەر جێگەکەم. ژنەکەم پرسی:

"کوێت دێشێت...... دەبینم گۆڕاویت؟"

وتم:

"نەخۆشم و سەرم دێشێت!!"

ژنەکەم پەژارە دایگرت و پرسییەوە:

"دڵم تەقی، گیانەکەم. دانیشە و سەرت بڵند بکە. پێم بڵێ ئەمڕۆ چیت بەسەر هاتووە؟ من دەم و چاوت دەخوێنمەوە!"

وتم:

"کۆڵم لێ بدە!"

دەستی کردە گریان و وتی:

"وەکو ڕۆژانی پێشوو نەماوی"

بە دەم گریانەوە دەی پرسی و منیش وەڵامم نەدەدایەوە. ئێوارە هات و خواردنی دانا. منیش نەم خوارد لە ترسی ئەوەی کە بە دەست چەپ بخۆم – پێم دەزانێت! بۆیە وتم:

"ئێستا برسیم نییە!"

ئەمجا وتی:

"چی بووە؟ بۆم بگێڕەوە، ئەمڕۆ زۆر غەمباریت!"

وتم هەر ئێستا بە شێنەیی بۆت دەگێڕمەوە."جامێ شەرابی بۆ هێنام. وتی:

"ئەمە خەم ڕەوێنە. بیخۆرەوە. دواتر بۆم بگێڕەوە."

وتم:

"پێویستە قسەت بۆ بکەم."

وتی:

"بەڵێ."

وتم:

"گەر هەر دەبێت قسە بکەم: بیکە بە دەممەوە."جامەکەم هەڵدا.... دووەم جامم بە دەستە چەپ لێ وەرگرت. چاوانم پڕ بوون لە فرمێسك و ئاوا خۆم لاوانەوە:

بۆ پیاوی ئازا و توانا و دانا　　یەزدان گرفتی ئەگەر بۆ دانا

کەڕ و کوێر دەبێت: کاتی کێشەکە　　دواتر وەك جاران ژیر و بە توانا

بە دەستی چەپم جامە شەرابەکەم گرت و بەدەم گریانەوە... ئەویش زریکەیەکی کرد و وتی:

"دڵم سووتا، بۆ دەگریت؟ بۆ بە دەستی چەپ جامەکە دەگریت!؟"

وتم:

"دەستم برینی لێ هاتووە."

وتی:

"دەری بێنە، با بۆت تیمار بکەم."

وتم:

"کاتی تیمار کردنی نییە. دەستم دەر ناهێنم."

ئەمجا جامە شەرابەکەم خواردەوە. ئیدی پێکی بۆ پڕ دەکردمەوە... هێندە خەیاڵ بووم خەوم لێ کەوتبوو. ئەمجا قۆڵە بڕاوەکەی دەرهێنا بووم. کیسە پارەکەی دەرهێنابوو. تاکو بەیانی: نەنووست بوو. هەر خەفەتی خواردبوو بەیانی ٤ باڵندەی سور کردبووەوە، خواردنی بۆ دانام. تێرم خوارد ئەمجا.....جامێ شەرابی پێدام. دواتر منیش کیسە پارەکەم دانا.

هەستام بچمە دەرەوە، پرسی:

"بۆ کوێ دەچێت؟"

وتم:

"دەچمە دەرەوە."

وتی:

"دابنیشە.... مەچۆ دەرەوە."

کە دانیشتم پرسی:

"ئەوە، خۆشەویستیەکەت هێندە بە تینە، کە سامانەکەت تەواو بوو. دەستیشت لە پێناویدا....بەخشی؟ خوا شایەتی حاڵە.... تۆش ئاگادار بە. هەرگیز لێت جیا نابمەوە! راستی ئەم پەیمانەشم دەبینی."

ئەمجا دەستی چەپی گرتم، بەرەو قاسەکەی بە کێشی کردم. کە کردیەوە وتی:

"سەیری ناو ئەم سندوقە بکە".

کە سەیرم کرد پڕ بوو لە دەسڕی بەستراو. ئەمجا وتی:

"ئەمانە پارەی خۆتن و لێم وەرگرتووی. هەر رۆژە کە ٥٠ دینارەکەت دەدامێ، دەم خستە دەسڕێکەوە لەو دەسڕانە و لێرەم دادەنا. ئێستاش مافی خۆتە، پارەکانت ببەرەوە! تۆ بە هۆی منەوە ئاوا دەستت دۆڕاندووە. من رۆحی خۆمت بدەمێ، هێشتا ناتوانم پاداشتت بدەمەوە!"

ئەمجا دەسڕەکانی گواستنەوە لە سندوقەکەی خۆیەوە بۆ سندوقەکەی من. وتی:

"ئیدی سامانمان تێکەڵ دەکەین".

زۆر دڵم خۆش بوو زۆر سوپاسیم کرد. ئەمجا....بەوەوە..... ئەوەستا و کاغەزی هێنا و هەموو سامانەکەی خۆی پێ بەخشیم. بە شایەتی دوو کەس مۆری کرد و پەیمان نامەکەی دایە دەستم !! منیش بەسەرهاتی خۆم بۆ گێڕایەوە. دوای مانگێك هەستم کرد نەخۆشە ٥٠ رۆژێك بۆی کەوت. دواتر مرد!! منیش تەعزیەیەکی شایستەم بۆ گرت. (خەتمە) و (مەولود)م بۆ خوێند.... خێر و چاکەم بۆ کرد. دەڕوانم چەندین خانوو، موڵك و عەنباری هەیە. ئەو عەنبارە کونجییە و بە تۆم فرۆشت. یەکێك بوو، لەوانە. ئەوە کە ساڵێکم پێچوو،

ئەمجا گەڕامەوە لای تۆ، سەرقاڵی فرۆشتنی سامانەکان بووم. ئێستاش هەندێك ماوە نەمکەم کردویت. پێچەوانە بیر مەکەوە. ئەوا.... پارەی کونجیەکەم پێت بەخشی. ئەمە بووە هۆی بە دەستی چەپ، نان خواردنم!"

ئەویش وتی:

"چاکت کردووە و چاکەت بەرامبەرم کردووە."

ئەمجا وتم:

"بۆ لەگەڵم نایەیت بۆ وڵاتی میسر، بازاڕێکی بازرگانی میسر و ئەسکەندەرانیم لەوێ کڕیوە؟"

منیش وتم:

"زۆر باشە دێم. ژوانی سەری مانگم دایە، ئەوانەی مابوونەوە، فرۆشتم شوێنێکی بازرگانی دیم پێ کڕی. خۆم و ئەو لاوە، سەفەرمان کرد بۆ ئەو شوێنەی نیشتمانتانە. ئەویش شوێنی بازرگانییەکەی فرۆشت و بەرەو میسر کۆچمان کرد. ئەی پاشای زەمان ئەمە عەجایب تر نییە لە بەسەرهاتی "قەموور"ەکە؟

پاشا وتی:

"دەبێت هەمووتان لە سێدارە بدەم."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بووە..... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٧

## بەسەرهاتی لاوە بریانی کونجی خۆرەکە

شەهرەزاد وتی:"شایەتەکە بە پاشای چینی وت: "

ڕێم بدە بەسەرهاتی دوێنێی خۆمت بۆ بگێڕمەوە. کە ئەگەر لە بە سەرهاتی قەموورەکە عەجایب تر بوو: ئەوا دەبێت.... ئازادمان بکەیت."

پاشا وتی:

"بەڵێ.... باشە."

ئەویش وتی:

"ئەزانی، ئەمشەوی ڕابردوو، لە کۆڕی "خەتمە"یەك بووم. مەلا و فەقێیان بانگ کرابوون. تاکو زکر و تەلیلەمان کرد، کردمان کە خوێندنەکە کۆتا بوو سفرە ڕاخرا. یەکێك لە خواردنەکان بریانی کونجی بوو. دەستمان کرد بە خواردنی بریانیە کونجیەکە. یەکێکمان دەستی درێژ نەکرد بۆ خواردنەکە. لە ئێمە سوێند تا بخوات و لە ئەو سوێند کە نایخوات. زۆرمان بۆ هێنا. ئەویش وتی:

"پیاوی چاك بن: زۆرم لێ مەكەن! هێندەم بەسە... كە بە هۆی ئەم بریانی كونجیەوە بەسەرم هاتووە!"

ئەمجا كەوتە لاواندنەوەی خۆی. كە لێ بووەوە سوێندمان دا.... كە هۆی نەخواردنی ئەم بریانی كونجییەمان بۆ بگێڕێتەوە.

وتی:

"ئەگەر هەر دەبێت، لەم خواردنە بخۆم ، دەبێت ٤٠ جار بەسابون ٤٠ جار بە پوونگە، ٤٠ جاریش بە گیای "هاز"كە ١٢٠ جار دەم و دەست شتن دەكات بی شۆم!"

كە ئەمەیان بە خاوەن خەتمە وت، ئەویش فەرمانی بە خزمەتكاران دا ئەو شتانەیان بۆ ئامادە كردین، ئەمجا لاوەكە بە قێزەونیەوە، دەستی بۆ بریانییە كونجییەكە درێژ كرد. دەیخوارد و ڕەنگ و ڕووی تێكچوو بوو. ئێمەش زۆر سەرمان لێی سوڕما بوو....!! دەستی دەلەرزی! دەستی دەرهێنا سەری پەنجە كەڵەی پێوە نەمابوو بە ٤ پەنجە دەیخوارد. لێمان پرسی:

"بۆ خاتری خوا ئەمە هەر كە لەدایك بوویت.... ٤ پەنجەت هەبوو؟ یان چی بە سەر هاتووە؟"

ئەویش وتی:

"هەر ئەم دەستەم نییە، بەڵكو پەنجە كەڵەی دەستەكەی دی و هەر دوو پێمە!!"

ئەمجا دەستەكەی دی پیشان داین. ئەمجا هەر دوو قاچی پیشان داین. كە ئەمەمان بینی پتر عەجایەبمان لێهات! پێمان وت:

"لەمە زیاتر ناتوانین ئارام بین.... بۆمان بگێڕەوە: هۆی نەمانی ٤ پەنجە كەڵەت چییە و بۆچی ١٢٠ جار دەستت شت!؟"

ئەویش وتی:

"لە سەر دەمی هارون ڕەشیددا، باوكم یەكێك بوو، لە گەورە بازرگانانی بەغدا. بەڵام خوارده بوو، ئارەزووی زۆری لە مەی و مۆسیقا و مەلها بوو. كە مرد هیچی لە دوا بەجێ نەما. منیش بە جوانی كفن و دفنم كرد. خەتمە و خێرم بۆ كرد. كە دوكانەكەیم كردەوە.... شتێكی كەمی تیا مابوو. دەروانم... قەرزاریشە. دڵی خاوەن قەرزم دایەوە. ئیدی كەوتمە كار كردن لە هەینییەوە بۆ هەینی. دوای ماوەیەك هەموو قەرزەكانم دایەوە و بگرە سەرمایەكشم پتر بوو. ڕۆژێ لە ڕۆژان لە دوكان دانیشتبووم كیژێكی جوانم بینی بە سەر هێسترێكەوە، كۆیلەیەك ڕەشمەی ڕادەكێشا و كۆیلەیەكیش لە دواوە..... لە ژیانما كچی وا جوانم نەدیبوو. زێڕ و ئاڵتونی لە خۆ دابوو.... لە دەمی قەیسەریەكە وەستان و دابەزی. ئەمجا لەگەڵ كۆیلەدا هاتن. لەبەر ئەوەی دوكانەكانی دی نەكرابوونەوە هاتنە دوكانەكەم سڵاوی كرد و دانیشت. قسەكانی زۆر خۆش بوون. پرسی:

"كوڕی باش قوماشی شایستەت هەن؟"

وتم:

"خاتوون، کۆیلەت هەژارە.... چاوەڕێ بکە.... با دوکانەکان بکرێنەوە. چیت ویست، بۆت دێنم!"

دانیشت و کەوتینە دەمەتەقێ تا ئەو کاتەی دوکانەکان کرانەوە. دوکانی لەگەڵدا گەڕام کوتاڵەکانم بۆ جیا کردەوە. پارەکەی دا و خزمەتکارەکەی بردی. بایی ۵۰۰۰ پەنجایی بوو. تا.... لە قەیسەری چووە دەر شوێنیان کەوتم. سوار بوو ڕۆیشت. بێئەوەی ناونیشانی خۆیم بداتێ! منیش پێم شەرم بوو: لێی بپرسم! ئیدی بەرپرسی پارەکەم بووم. هەفتەیەکی پێچوو. ژنەکە دیار نەبوو. بازرگانەکان داوای پارەکەیان لێم کرد. منیش داوام لێ کردن. کە هەفتەیەکی دی، چاوەڕێ بن. بۆ هەینی، دەڕوانم، خۆی و دوو کۆیلە و خزمەتکارێك پەیدا بوون. سڵاوی لێ کردم و وتی:

"بەڕێز، دوایش کەوتم و پارەکەم درەنگ هێنا. با بڕۆین پارەکە بدەم."

کۆیلە خەساوەکە....پارەکەی دامێ.

ئەمجا کەوتینە دەمەتەقێ، تاکو دوکانەکان کرانەوە. ئەمجا وتی:

"ئەوە و ئەوەم لەم بازاڕە بۆ بکڕە."

چی ویست لە بازرگانەکانم بۆ کڕی. نەپرسی نرخەکەی کرد و نەهیچ. لێیدا و ڕۆیشت. ئیدی منیش گەلێ پەشیمان بووم. بایی ۱۰۰۰ دینارم بۆ کڕی بوو. لە خۆم پرسی:

"ئەمە چ خۆشەویستییەك بوو ۵۰۰۰ پەنجایی دا، بەڵام بایی ۱۰۰۰ دینار شتی بردەوە؟"

هەستم ئەم پارەیەم بۆ نادرێتەوە بە دوکاندارەکان! ئەمجا لە دڵی خۆمدا وتم:

" بازرگانەکان من دەناسن.... ئەم ژنەش دەستبڕ دیارە. منی بە جوانیەکەی فریو دا.... ! دیارە وتویەتی ئەمە منداڵە، با فریوی بدەم....منیش پرسیاری شوێنی ماڵەکەیم نەکرد."

ئیدی کەوتمە دڵەڕاوکێوە! چونکە ئەمجارە مانگێکی پێچوو، بازرگانەکان...داوای قەرزەکەیان لێ کردم و زۆریان بۆ هێنام. منیش دوکانەکەم هێنایە سەر فرۆشتن و لەوە بوو، ئیفلاس و مایەپووچ ببم، لە دوکانەکە دانیشتبووم هەر بیرم لەم تووش بوونەم دەکردەوە. هێندەم زانی، لە دەمی قەیسەریەکە ژنەکە دابەزیەوە و بەرەو دوکانەکەم هات...!! ئیدی لە خۆشیاندا هەموویم بیر چووەوە. کە دانیشت لام دەستی کردە قسەی خۆش، ئەمجا پرسی:

"ئەوە دەڵێی دەگریت!؟"

وتم:

"نەخێر دەبێت خوا یار بێت."

ئەمجا لەگەڵیدا ڕۆیشتم و پارەی بازرگانەکانمان دایەوە. ئەوان بە خێری خۆیان گەیشتن و منیش بە خەمی قەرز....! ماوەیەکی پێچوو.... ئەمجا خزمەتکارەکەی هات. منیش ڕێزم گرت و پرسیاریم کرد. وتی:

"نەخۆشە."
منیش وتم:
"بۆم باس بکە."
وتی:
"ئەم ژنە، خاتوو زبێدەی ژنی خەلیفە هارونە رەشید. پەروەردەی کردووە. لەلای خۆیان مایەوە. دواتر بووە گەورەی کەنیزەکانی کۆشك. سەر دەرە. ئێستاش بە خاتوو زبێدەی وتووە: دەیەوێت شوو بکات بە تۆ. ئەویش وتویەتی: تاکو لاوەکە..... نەبینم و نەزانم وەك خۆت شۆخ و شەنگە ناهێڵم! ئێستاش دەبێت بت بەین بۆ لای... تاکو پەسەندت بکات. ئەمجا لێت مارە بکات. لەناو کۆشکیشدا ببینرێیت: دەکوژرێیت....!! بۆیە دەبێت بەدزیەوە بتبەین. ئەڵێی چی؟"
منیش وتم:
"لەگەڵت دێم و ئارام دەبم! شان دەدەمە بەر ئەم ئەم مەترسییەش....!"
خزمەتکارەکە وتی:
"کەوابوو بچۆ ئەو مزگەوتەی کە خاتوو زبێدە دروستی کردووە، نوێژی خەوتنان بکە و لەوێ بمێنەوە. ئەو مزگەوتەش لەسەر روباری دیجلە دروست کراوە."
منیش وتم:
"بەچاوان."
ئێوارە چوومە شوێنی دیاری کراو. نوێژی خەوتنانم کرد و مامەوە. دوای نیوەشەو بەلەمێك هات. دوو خزمەتکاری تیا بوو. لەگەڵ چەند سندوقێکی خاڵی و کردیان بە مزگەوتەکەدا و جێیان هێشت، یەکێکیان دوا کەوت. کە وردتر سەرنجم دا ئەو خزمەتکارە بوو کە لەگەڵ کچەکدا دەهاتە دوکانەکەم. ئەمجا دەستی گرتم و خستمیە یەکێك لە سندوقەکانەوە و ئەوانی تریشی پڕ کرد لە شتومەك. ئەمجا سندوقەکانیان خستە ناو بەلەمەکەوە. سندوقەکانیان بەرەو ماڵی زبێدە برد.
لە ناو سندوقەکەدا بە خەیاڵمدا هات کە تیاچووم!! دەستم کردە گریان، لە خوا پاڕامەوە، رزگارم بکات، هەر رۆیشتن تاکو گەیاندمیانە بەردەم دەرگای کۆشك. لەگەڵ سندوقەکانی تردا بردمیانە ژوورەوە. دوای پرسیار و وەڵامێکی زۆری پاسەوانانی کۆشك گەیاندمیانە بەردەم گەورەی خزمەتکاران. لە خەویان هەستان. شیراندی:
"ئەم سندوقانە چیان تێدایە؟"
ئەمانیش وتیان:
"شتومەکی خاتوو زبێدەی تیایە."
ئەمجا وتی:

"زۆرتان پێنەچێت.... یەکە یەکە سەری سندوقەکان هەڵبدەنەوە. تاکو سەیری ناویان بکەم."

یەکەمجار سەری ئەو سندوقەیان هەڵدایەوە کە منی تیا بووم لە ترساندا خەریکبوو تێك بچم. هەموو گیانم: دەلەرزی، خزمەتکارەکە بە سەرۆك خزمەتکارانی وت:

"پێشەوا، ئەوە منیش و تۆیش تیا چووین. شتێکت زیان کرد کە بایی ١٠٠٠٠ دینارە! فەرموو..... ئەوە کۆمەڵە کوتاڵێکی تیایە لەگەڵ ٤ شووشە گوڵاو. ئەوە سەریان کراوەتەوە و بە کوتاڵەکاندا رژاون. هەر ئێستا رەنگی کوتاڵەکان تێك دەچن."

سەرۆکە خەساوەکە وتی:

"برۆ بە لەعنەت بیت ئەوە خۆت و سندوقەکانت. ملت بشکێنە."

ئەمجا خزمەتکارەکە سندوقەکەی منی برد و سندوقەکانی دی بە دوایدا. ئەمجا گوێم لە یەکێك بوو هاواری دەکرد:

"ئەی هاوار خەلیفە... خەلیفە!"

ئیتر نازانم چۆن لەسندوقەدا لە ترساندا نەمردم؟! هێندەم بیر مابووو گەر بڵێم:"لاحول و لاقوە..."باشە. ئەمجا وتم خۆم بەخۆم کرد. باوکەڕۆ تیاچووم! گوێم لە دەنگی خەلیفە بوو پرسی:

"ئەم سندوقانە چین؟"

گەورە خزمەتکار وتی:

"گەورەم جل و بەرگی زبێدە خانی تیایە!"

خەلیفە وتی:

"سەریان هەڵبدەوە"

کە ئەمم بیست، هەر وەختە بوو گیانم دەربچێت!! بە خۆمم وت:

"ئای زەمانە.... پێم بزانن: ئەوا... دوارۆژمە و لە ملم دەدرێت.... ئەگەر رزگاریش بووم ئەوا بێ سێ و دو کەنیزەکەکەم لێ مارە دەبڕن!"

گوێم لە خزمەتکارەکە بوو، بە خەلیفەی دەوت:

"ئەم سندوقانە، سپاردەن و بە من دراون. لەگەڵ هەندێ جل و بەرگی خاتوو زبێدە خۆی. کە نایەوێت کەس بیان بینێت.!"

خەلیفە لە وەڵامدا وتی:

"دەبێت هەر ئەم سندوقانەم بۆ بکەیتەوە، تاکو سەیری ناویان بکەم."

ئەمجا شیراندی بە سەر خزمەتکارەکەدا:

"دەی سندوقەکان بێنن."

ئیدی گومانم نەما کە تیا چووم..... بورامەوە. ئیدی سندوق دوای سندوق دەیان بردە بەردەستی و سەیری دەکردن. هەر کوتاڵ و جلە و شووشەی بۆن، تاکو ئەو سندوقە مایەوە

که منی تیابووم! ئاگام لێبوو، دەستیان دایە... بیکەنەوە... خزمەتکارەکە بە پەلە چووە لای خەلیفە و پێی وت:

"ئەوە.... ئەو سندوقە.... تایبەتەیە کە نهێنی خاتوو زبێدەی تیایە."

کە خەلیفە ئەمەی بیست فەرمانی دا کە .... با بیبرێتە ژوورەوە. ئەمجا خزمەتکارەکان، سندوقەکەمیان هەلگرت و لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا دایان نام. قورگم وشک بووبوو، خزمەتکارەکە لە سندوقەکە دەری هێنام و وتی:

"بێ خەم بە... ترست نەما، سنگت فراوان بکە، دڵی خۆت بدەوە. چاوەڕێ بکە تا.... خاتوو زبێدە، دێت. بەڵکو ئەو کەنیزەکەت، بە نسیب بێت!"

نزیکەی سەعاتێك بێدەنگ لێی دانیشتم، کاتێکم زانی ١٠ کەنیزەکی پاکیزە دەتوت مانگی چواردەمینن هاتن ئەمجا هەر دوانیان بەرامبەر بە یەك وەستان واتە دوو ڕیزی ٥ کەنیزەکی بەرامبەر بە یەك. دواتر ٢٠ کەنیزەکی پاکیزەی دی هاتن و خاتوو زبێدە لە نێوانیاندا بوو. هێندەی زنجیر و ملە گۆ و بازنگ و ملوانکەی زێڕ و مرواری پێوەبوو.... کە نەیدەتوانی بە باشی بەڕێدا بڕوات. کە هاتە لام کەنیزەکەکان بڵاوەیان لێ کرد. ئەمجا چوومە بەردەمی و کڕنووشم بۆ برد. ئاماژەی دامێ، منیش دانیشتم. ئەمجا کەوتە پرسیاری خۆم تیرە و هۆزەکەم.... منیش وەڵامەکانیم دەدایەوە. دڵی خۆش بوو وتی:

"پەروەردە کردنی کەنیزەکەکەمان بە فیڕۆ نەچووە. ئەم کەنیزەکە دەبێتە سپاردەی خوا لای تۆ. بیپارێزە وا تۆیشمان کردە کوڕی خۆمان."

منیش کڕنووشم بۆ بردەوە و ڕازی بووم بە مارەکردنی کەنیزەکەکە. ئەمجا فەرمانی پێم دا کە ١٠ ڕۆژ، لای خۆی بمێنمەوە. ئەو ماوەیە مامەوە، بێ ئەوەی کەنیزەکەکە ببینم. بەڵام هەندێك لەکەنیزەکانی دەربار دەهاتن بۆ لام لەو ماوەیەدا، خاتوو زبێدە، گفتوگۆی دەربارەی بە شوو دانی کەنیزەکەکە، لەگەڵ خەلیفەدا، کردبوو. خەلیفە، ڕێی پێدان. ١٠٠٠٠ هەزار دیناریشی خەڵات کردبوو.

ئەمجا خاتوو زبێدە ناردیە دووی قازی و شایەت، لێیان مارە کردم و شیرینیان بە گەڕەکەکاندا گێڕا و خواردنێکی زۆریان دروست کرد. ١٠ ڕۆژیش بەم شێوەیە مانەوە. دواتر بووکیان بردە گەرماو. دوای ئەوە سینییەکیان خواردن هێنا. لەگەڵنێکی پڕ لە بریانی کونجی شیرینی لە سەر بوو. کە بە گوڵاو و بۆنی مسك لێنرابوو. سنگی مریشکی سورەوەکراوی تیا بوو. هێندە بەتام بوو ژیری سەراسیمە دەکرد!! بەخوا، منیش بۆی چوومە سەر ئەژنۆ و تا توانیم لێم خوارد. بۆ نەگبەتی بیری ئەوەم نەبوو، دەستم بشۆم. لێی دانیشتم و چاوەڕێم کرد. تاکو دنیا تاریك بوو. مۆمێکی زۆر داگیرسێنرا و چەند کەنیزەکێکی گۆرانی بێژ بە خۆیان دەفەکانیانەوە، پەیدا بوون. بووکەی بە زێڕ و زیو ڕازاوەیان بە کۆشکدا گێڕا. دواتر، زێڕ و زیو و هەندێ لەبەرگیان لێ کردەوە ئەمجا هاتە لام، کەنیزەکەکان بڵاوەیان لێ کرد....

دوای ماوەیەك بۆنی بریانیەکەی کرد هاواری لێ هەستا....! لە هەموو لایەکەوە کەنیزەك هات. منیش گیانم کەوتە لەرزین.... بێئەوەی بزانم کێشەکە چییە؟ کەنیزەکەکان پرسیان:

"خوشکێ ئەوە چیتە؟"

ئەویش وتی:

"ئەم شێتەم لێ دوور بخەنەوە.... خۆ....من وام زانی پیاوێکی ژیرە!"

پرسیم:

"بە چیدا دەزانیت شێتم؟"

ئەویش وتی:

"شێتی بەرەڵلا.... بۆچی بریانی کونجیت خواردووە و دەست نەشتووە؟ بەو خوایە.... دەبێت تۆڵەی ئەوەت لێ بکەمەوە. هی وەکو تۆ لەگەڵ مندا نابێت بژی!"

ئەمجا قەمچیەکی وەك پرچ هۆنراوەی هەڵگرت.... کەوتە لێدانم. تاکو لە هۆش خۆم چووم. ئەمجا وتی:

"بیبەن بۆ لای جەلادی شار... تا ئەو دەستەی بریانیە کونجیەکەی پێ خواردووە و نەی شتووە: بیبڕنەوە."

منیش وتم:

"دەستێکم دەبڕنەوە، لەبەر ئەوەی بریانیم پێ خواردووە، دواتر نەم شتووە!!؟"

کەنیزەکەکان وتیان:

"خوشکێ ئەمجارە لێی مەگرە!"

کەمێ هێوەر بووەوە وتی:

"دەبێت نیشانەیەك لەسەر چوار پەلی دابنێم."

رۆیشت و تاکو ١٠ رۆژ نەمبینییەوە. کە بردمیانە لای پێی وتم:

"خەجاڵەت بیت من بۆ تۆ نابم.... چۆن دوای بریانی خواردن.... دەستت ناشۆیت!؟"

ئەمجا زریکانی بە سەرمدا. کەنیزەکەکان کۆ بوونەوە و قۆڵبەستیان کردم وداوای گوێزانێکی کرد. کە هێنایان... هەر دوو پەنجە کەڵەی پێی بریمەوە. دواتر دوو پەنجە کەڵەکەی دەستەکانم.... ئەوەتا بە چاوی خۆتان ببینن! ئیتر منیش بوورامەوە. ئەمجا خۆڵی والابێژیان، بە پەنجەکانمەوە کرد. خوێن لەبەر چوونەکەیان وەستان. ئەمجا وتم:

"ئەگەر مام و نەمردم ئیتر بریانی کونجی ناخۆم.... تاکو ٤٠ جاران بە سابون، ٤٠ جاریش بە گیای پونگە... ٤٠ جاری دی بە گیای هاز دەستەکانم نەشۆم."

ئەویش ئەم پەیمانەی لێ وەرگرتم. کە ئەم بریانییەتان خستە بەردەستم، ئەوە بوو رەنگم تێك چوو. چونکە کۆڵ بوونەکەمی بیر هێنامەوە. کە زۆریشتان لێ کردم، بەخۆم وت:

"دەبێت پەیمانەکەت جێبەجێ بکەیت."

دانیشتوان وتیان:
"دوای ئەوە چی روویدا؟"
وتم:
"کە سوێندم بۆ خوارد دڵی چاك بوو. هێوەر بووەوە. ماوەیەك لە کۆشك ماینەوە دواتر وتی:
"کۆشکی خەلافەت، بە کەڵکی ئێمە نایەت! کەسی دی، پێش تۆ تیا نەماوەتەوە. تۆیش بەهۆی خاتوو زبێدەوە لێرە ماویت."
ئەمجا وتی:
"بگرە... ئەوە ٥٠٠٠٠ دینار برۆ خانوویەکی خۆشی، پان پۆڕ بکڕە."
چووم و کڕیم . ئەمجا ... چی هەبوو چی پاشەکەوت کردبوو. لە سامان، کوتاڵ، شتی بە نرخی نەختینە هەمووی گواستەوە خانووە نوێیەکە. ئا... ئەوە بوو هۆی کۆڵ بوونم.ئیتر.... نانمان خوارد. قەموریش ئەوەی بەسەرهات... کە بەسەری هات!"
پاشا وتی:
"ئەمە لە بەسەرهاتی قەموو عەجایب تر نەبوو. دەبێت هەر لە سێدارەتان بدەم."
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو..... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٨

## چیرۆکی لاوە موسڵاویەکە

شەهرەزاد گێڕایەوە: کە.... جوولەکەکە هاتە پێش، کڕنووشی برد و وتی:
"ئەی پاشای وەخت. بەسەرهاتێکت بۆ دەگێڕمەوە، لە بەسەرهاتی قەموور سەیرتر."
پاشای چین ڕێی دا، ئەویش وتی:
"ئەو شتە سەیرەی... کە لە گەنجیم دا بە سەرم هات لە دیمەشقی وڵاتی شام بوو هەر لە ئەوێیش فێری پزیشکی بووم. ڕۆژێکیان لێی دانیشتبوم.... کوێلەی یەکێك لە پیاوانی دەرباری دەوڵەت هاتە لام وتی:
"خاوەنەکەم دەیەوێت بت بینێت."
لەگەڵیدا چووم. لەبەردەمی هەیوانەکەیاندا.... چرپایەکم بینی لە داری عەرعەر نەخشی زێڕینی بە سەرەوە بوو. گەنجێکی نەخۆشی لەسەر ڕاکشابوو. کە شۆخ و قۆزی وام لە ژیانمدا نەدیبوو....! هیوای چاك بوونەوەم بۆ خواست وتم:
"گەورەم.... دەستێکتم بدەرێ."
دەستی چەپی دایە دەستم. منیش عەجایەبم لێهات. بە خۆم وت:

"ئای عەجەب.... ئەمەش بوو بە ئەدەب؟ بە دەستی دام، دەستە چەپ؟ کەی ئەمە کارێکی جوانە.... خۆ.... ئەمە خانەدانە!؟"

ئەمجا لێدانی دڵێم ژمارە کرد و دەرمانم بۆ نووسی.. تاکو ١٠ ڕۆژ سەردانیم کرد. ئەمجا چاك بووەوە، چووە گەرماو و خۆش شت و هاتە دەر، ئەمجا خەڵاتێکی باشی کردم. لەلای خۆی لە تیمارستانی "خەستەخانە"ی دیمەشق دای مەزراندم. بەڵام لە گەرماوەکەدا کە خۆی دەگۆڕی، ویستم یارمەتی بدەم.... دەڕوانم: دەستی چەپی تازە بڕراوە شوێنی لێدانی، بە پشتییەوەیە و مەرهەمی لێداوە. چەندەم پێ سەیر بوو!! هێندەش خەمم خوارد ! سەرسوڕمانەکەم پێوە دیار بوو. بۆیە وتی:

"ئەی پزیشکی زانا، کە لێرە چووینە دەر بەسەرهاتی خۆمت بۆ دەگێڕمەوە. دەزانم ئەمەت پێ سەیرە!!"

که هاتینە دەرەوە، دانیشتین و خواردنیان دانا. تێرمان خوار ئەمجا لاوەکە وتی:

"با بچینە سەر ئەو بستووە، تەماشا بکەین!."

منیش وتم:

"بەڵێ باشە."

فەرمانی دایە کۆیلەکان ڕاخەرمان بۆ ببەنە سەرەوە. وتیشی بەرخێك سەر ببڕن بۆمان ببرژێنن دوایی کە شتەکان، هاتن خواردن ئامادە بوو، بە دەستی چەپی خواردی. منیش وتم:

"بەسەرهاتەکەتم بۆ بگێڕەوە."

وتی:

"کەوابوو گوێم لێ بگرە:

من منداڵی شاری "موسڵ"م. کە باپیرەم مرد ١٠ کوڕی لەدوا بەجێ مابوو، کە یەکێکیان باوکم بوو. منیش تاقانەی باوك بووم!! ٩ براکەی تری واتە ٩ مامەکەم وەجاخ کوێر بوون. ئیدی تاقانەی نەك هەر باوکم بووم.... بەڵکو هەر ٩ مامەکەیشم. کەگەورە بووم و بوومە پیاو ڕۆژێکی هەینی، لەگەڵ باوك و ٩ مامەکەمدا لەنوێژی هەینی بووین لە مزگەوتێکی موسڵ. نوێژکەران هەموویان چوونە دەرەوە. باوکم و مامەکانم نەبێت. منیش لایان مامەوە. گفتوگۆیان لە بارەی وڵاتی عەجایب.... شارانی سەرسوڕهێنەرەوە بوو. ئەمجا هاتن سەر باسی وڵاتی "میسر". مامێکم وتی:

"گەڕۆکەکان وتویانە..... لە وڵاتی میسر و ڕووباری "نیل"چاکتر، لە سەر زەویدا نییە!"

کە ئەمەم بیست شەیدای "میسر"بووم.

باوکم وتی:

"ئەوەی میسری نەدیبێت دنیای نەدیوە! خۆڵەکەیشی زێڕە! نیلی سەیرە! خانووەکانی هەموویان تەلارن. هەوای فێنکە .... بۆنی عوود و بخورد لە ئاستی دا ڕوو زەردە، ئافەرین بۆ ئەو کەسەی ئەم شیعرەی پیا هەڵداوە:

دەست لە نیعمەتی میسر بەر بدەم — جا....توخوا: ئیدی دڵ بە کوێ خۆش کەم
شوێنێکە هەردەم لە بەهەشت دەچێ — رەز و باخانی جوان و گوڵ بەدەم
گشت هاورێی چاکە و پیاوەتین بۆ یەك — کۆڕ و کۆمەڵیان: خەندان و هاودەم
بە وەفای پەیمان سەر راست و راستگۆن — پەیمانیان پێ دایت: بێخەم بە... بێخەم

باوکم وتی:

"گەر زەردەپەڕ.... رەز و باخەکانی دەبینن کە سێبەر دەخەن. سەرتان لێی سوڕ دەمێنێت! و مەستتان دەکات."

ئیدی هەر بە میسر و رووباری نیلیاندا وت. کە ئەمانەم لە بارەی میسر بیست، بوو بە خولیای سەرم. کە بڵاوەمان لێکرد و هەر یەکە و بەرەو ماڵی خۆی بووەوە، هێندە تامەزرۆی وڵاتی میسر ببووم ئەو شەوە، خەوم لێ نەکەوت. ئیدی خواردن و خەوم لێ تاڵ بوو. دوای چەند رۆژێکی کەم، مامەکانم باری بازرگانیان رێکخست بەرەو میسر. منیش هێندە لەباوکم پاڕامەوە کە لەگەڵیان سەفەر بکەم.... دڵی نەرم بوو، بار و بارخانەی بازرگانی بۆ رێك خستم و لەگەڵیان سەفەرم کرد. ئامۆژگاری براکانی کرد. کە هەر لە "دیمەشق"بارەکانم بفرۆشم و من بگەڕێمەوە و نەگەمە وڵاتی "میسر". خواحافیزیم لە باوکم کرد و لە "موسڵ"دەرچووین. تا گەیشتینە "دیمەشق". شاری درەخت بە هەزاران.... ئاو و جۆگە و رووباران.... میوەی زۆر و باڵداران. ئیدی لە چەند "خان"ێکدا "ئوتێل"ماینەوە. مامەکانم کەوتنە فرۆشتنی کوتاڵ و شتومەکی بارەکان، بەوانەی منیشەوە. هەر درهەمێك ٥ درهەمی قازانج کرد. زۆر دڵم بە قازانجەکە خۆش بوو. ئەمجا منیان جێ هێشت و بەرەو وڵاتی میسر بوونەوە. منیش لە هۆڵێکی خانەدا مامەوە. زۆر جوان... کە وەصف نەدەکرا... بە زمان.... کرێی مانگانەی ٢ دیناران، منیش پاڵم لێدایەوە تاکو پارەکانم خەرج کرد. رۆژێکیان دانیشتبووم دوو برادەرم کە پێشتر دەمناسین، هاتنە هۆڵەکەوە منیش بەخێرم هێنان. کەوتینە دەمەتەقێ. کاتی نان خواردن، خواردنم بۆ هێنان و تێرمان خوارد. ئەمجا دەستمان کردە: خواردنەوە و یاری کردن. درەنگانێك بەدەمەست بوون و بووە دەمەقاڵێ و شەڕیان. ناوبژیم کردن. ئاشتم کردنەوە و پێم وتن:

"کە دەبێت.... ئەمشەو لای من بمێننەوە. ئەو شەوە مانەوە.... بەیانی رۆژی دواتر ویستم بە ئاگایان بێنمەوە لە جێگاکەیدا شانی یەکێکیانم جوڵان تا هەستێ. روانیم سەری خل بووەوە و سەرینەکەی هەر خوێنە...! تومەز یەکێکیان، هەر دڵی لە ئەوی دی پاك نەبووەتەوە و لە شیرینی خەودا ئەوی دی سەر بڕیوە....!!

هاوارم کرد:

"خوایە..... پەنامان بدە!!."

ئیدی دنیا لەبەر چاوم تاریك بوو. گەڕام بۆ ئەوی دی. لە جێگادا نەمابوو.... منیش وتم:

"لاحول و لاقوه الا بالله العلی العظیم..... ئێستا من چی بکەم؟"

هەستام و چەند بەردە مەڕمەڕێکم هەڵکەند و چاڵێکم لێدا و کوژراوەکەم تێ فڕێدا، ئەمجا گڵەکەم بەسەردا کردەوە و بەردەکانم وەکو خۆی دانایەوە. دواتر دەستم شت و بەرگی پاك و خاوێنم لەبەر کرد. هەر چیەکم لە پارە و شتومەك بوو هەڵم گرت و هاتمە دەر و دەرگای ژوورەکەم داخست. کرێی ساڵێکم دایە خاوەن خان و وتم:

"ئەچم بۆ لای مامەکانم."

کە گەیشتمە ئەوێ، هەر چۆنێك بوو، مامەکانم دۆزینەوە، ئەوانیش کە منیان بینی زۆریان پێ خۆش بوو. پرسیان:

"چۆن هاتیت بۆ ئێرە؟"

منیش وتم:

"تاسەم کردن..."پێم نەوتن: چەندم پارە پێیە. ئیدی لەو پارەیەم خەرج کرد. تاکو، مامەکانم سەفەریان کرد. منیش لەوانیش: هەڵهاتم.... لەوێ بۆم گەڕابوون کە نەیان دۆزی بوومەوە.... وتبوویان دەچینەوە، "دیمەشق"..... چاوەڕێی دەکەین: هەر دێتەوە، بۆ "دیمەشق".

٣ ساڵ لە میسر مامەوە. هەموو ساڵێك کرێی ساڵانەی ژووری خانەکەم دەنارده دیمەشق. تاکو.... بێپارە بووم، نەم توانی ئیدی کرێی ژوورەکەم بنێرم. چونکە پارەی ساڵێکم پێمابوو. ئەمجا گەڕامەوە بۆ دیمەشق. چوومەوە ئەم خانەی کرێی ژوورەکەم دەدا. خاوەن خان پێخۆش حاڵ بوو. بە گەڕانەوەم. لە کاتێکدا خەریکی نوێنەکانی ژوورەکەم بووم، موستیلەیەکم لە ناو نوێنەکاندا دۆزیەوە کە خوێناوی بوو. پاکم کردەوە. دەڕوانم، ئاڵتوونە و نقێمی لە سەرە دوای دوو ڕۆژ چوومە گەرماوەکە و خۆم شت. گیرفانم سەیر کرد. پارەیەکی ئەوتۆم پێ نەماوە. بۆیە بۆ ڕۆژی سێیەم چوومە گوزەری زێڕینگەران و موستیلەکەم بردە دوکانێك پیشانم دا. ئەویش وتی:

"با دوکانەکان بکرێنەوە، دەیگێڕم."

ئیدی لای دانیشتم. دوای گەڕاندنی هاتەوە و وتی:

"زێڕینگەرێکیان ٢٠٠٠ دیناری داوە."

منیش وتم:

"برۆ.... پێی بفرۆشە....."

ڕۆیشت دوای کەمێك هاتەوە و وتی:

"وامان دەزانی موستیلەکەت زێڕی پاکە.... کەچی لە "مس"دروست کراوبووا! بۆیە دەڵێت... هەر ١٠٠٠ درهەمی پێ دەدەم."

منیش وتم:

"راست دەکەن ئەمە کاتی خۆی بۆ ژنێکمان دروست کردووە، هەر بۆ پێکەنین. دواتر کەوتۆتە لای ژنەکەم. ئێستاش دەمانەوێت بیفرۆشین، بیدەرێ و پارەکەیم بۆ بێنە."

ئیتر، دەڵاڵەکە گومانەکەی سەری گرت و موستیلەکەی بردە لای سەرۆکی زێڕنگەران و تێی گەیاند، ئەویش موستیلەکەی گەیاندە لای والی و تێی گەیاند کە گومانیان لە خاوەنەکەی هەیە. هێندەی نەبرد، چەکدارانی والی دەورەیان دام و بە قۆڵبەستراوی گەیاندمیانە لای والی. کە والی پرسیاری لێکردم. هەمان قسەی لای دەڵاڵەکەم کردەوە. ئەویش پێکەنی و وتی:

"ئەمە، راست نییە."

ئەمجا رووتیان کردمەوە و کەوتنە قامچی لێدانم، زۆرم ئازار هات، بۆیە وتم:

"دزیومە."

چونکە لە دڵی خۆمدا وتم:

"وا باشە بڵێم دزیومە.... گەر بڵێم، خاوەنەکەی لای من کوژراوە..... دەمکوژنەوە."

ئیدی بۆیان نوسیم کە دزیومە. ئەمجا دەستی راستیان بڕیم و مەچەکیان کردم بە رۆنی قرچاودا. منیش لە ئازاریدا، لە هۆش خۆم چووم. کە بە ئاگا هاتمەوە، شەرابیان دەرخوارد دەدام، بۆ ئەوەی لە ئازارەکەم کەم بکاتەوە. دەست و مەچەکە بڕاوەکەی خۆم هەڵگرت و بەرەو خانەکەم چوومەوە. خاوەن خان هات و پێی وتم:

"لێرە جێگەت نابێتەوە...! تۆ کاری حەرامت کردووە بگەرێ بۆ جێگەیەکی دی."

ئەمجا وتم:

"٣ رۆژ لە سەرم بوەستە، تاکو جێگایەك بۆ خۆم دەدۆزمەوە."

ئەویش پەسەندی کرد. ئەمجا لێی دانیشتم و دەستم کردە گریان.... بە خۆم وت:

"لەمەودا.... بەم قۆڵە بڕاوەوە، چۆن بچمەوە ناو کەس و کارم، لە کاتێکدا کە بێتاوانم!!؟ مەگەر خوا خۆی فریادڕەسم بێت."

دوو رۆژ هەر هۆشم بە خۆم نەبوو. سێیەم رۆژ بیرم لەوە دەکردەوە چی بکەم. هێندەم زانی خاوەن خان و چەند پۆلیسێك خۆیان کرد بە ژوورەکەمدا خێرا قۆڵبەستیان کردم و زنجیریان خستە ملم..... پرسیم:

"ئەمەیان بۆچی؟ "

وتیان:

"تۆ موستیلەی حاکمی دیمەشقت دزیوە! لە پەنجەی کوڕەکەیدا بووە. ئەوە ٣ ساڵە کوڕە بێ سەر و شوێنە."

منیش خەریك بوو دڵم بوەستێت. بۆیە بە خۆم وت:

"مەرج بێت... بێ سێ و دوو.... دانی پێدا بنێم کەچی روویداوە....یان رزگار دەبم.... یان دەمکوژن و دەبڕێتەوە کە گەیشتینە دەربار لە بەرامبەر حاکم رایان گرتم. ئەویش بە تیلەی چاو، سەیرێکی کردم. ئەمجا پرسی:

"بۆ دەستی ئەم پیاوە داماوەتان بڕیوە؟"

کە ئەمەم لێ بیست کەمێ ورەم بڵند بووەوە. ئەمجا وتم:

"بەو خوایە.... گەورەم..... دز نیم. ئەو تاوانە گەورەیان دایە پاڵم. لە ناوەڕاستی ئەو بازاڕەدا، بەر قەمچیان دام. خوریان بە سەرمدا دانی پیا بنێم! منیش لە ترسانا: درۆم لەگەڵ خۆم و ئەوان کرد و وتم:"دزیومە."

ئەمجا وتی:

"گوێ مەدەرێ."

ئەمجا فەرمانی دەرکرد:

"گەورە زێڕنگەری گوزەرەکە بگرن بە بڕێك پارە تۆڵەی .... دەستە بڕاوەکەی بۆ بکاتەوە. گەر نەیکرد، فەرمانی بۆ دەردەکەم، لە سێدارەی بدەن و دەست بە سەر سامانەکەشیدا بگیرێت."

فەرمانی دا: زنجیرەکەیان لە ملی منیش کردەوە و قۆڵیان کردمەوە. ئەمجا پێی وتم:

"کوڕەکەم: راست و رەوان پێم بڵێ: ئەم موستیلەیە چۆن گەیشتە دەستی تۆ؟"

ئەمجا ئەم شیعرەی وت:

| | |
|---|---|
| راست بڕۆ، دنیا ئەوە ناهێنێ | گەر گڕەکەیشی خۆت بسوتێنێ |

وتم:

"گەورەم، راست و دروستت پێ دەڵێم."

ئیدی چۆن بوو..... وەکو خۆی بۆم گێڕایەوە، کە ئەمەی بیست، دەستی بە دەستا دا... دەسرۆکەکەی بە دوو دەستی بە دەم و چاویدا دا.... دەستی کردە گریان و لاوانەوە:

| | |
|---|---|
| قۆرت و نەگبەتی رووی کردە کەسێ | تا مردن ژینی بە خەم دەتاسێ |
| کەی دوو خۆشەویست بێ دابڕان بوون | چونکە بێ رەحمە، کەسێ ناناسێ |

ئەمجا باوەشی پیا کردم و وتی:

"کوڕەکەم، ئەو لاوە کوڕم بوو... تۆ بزانە بەڵایەکەم چەند گەورەیە...بۆیە... هەر چیەکم پێوتی: جێبەجێی بکە. کچێکم هەیە..... لێت مارە دەکەم.... پێشەکیم لێت ناوێت. مووچەتان لای خۆمەوە بۆ دەبڕمەوە. لە شوێنی کوڕەکەم دات دەنێم."

منیش وتم:

"بەڵێ.... باشە بەڵام من ئەوە نیم!."

ئەمجا ناردی قازی و شایەت هاتن. کچەکەی خۆی لێ مارە کردم و سامانێکی زۆری لە سەرۆکی بازاڕەکە بۆ وەرگرتم! زۆریشی رێز گرتم. هەر ئەو ساڵە باوکیشم مرد.... تازیەی

ئەویشم بەرێکرد و چی موڵك وماڵی ئەویش بوو: بۆم گەڕایەوە ئێستا بەختیارم و ژیانم خۆشە. ئەمە بوو هۆی برانی دەستم. ئەم بەسەرهاتەم پێ سەیر بوو.

٣ رۆژ لەوێ مامەوە. پارەیەکی باشیشی پێدام، ئیتر ئەوێم جێ هێشت و هاتمە ئێرە. ژیان و گوزەرانم باشتر بوو. تا ئەو دەمەی ئەم قەمووره، پەیدا بوو.

پاشای چین وتی:

"ئەم بەسەرهاتە، هێندەی بەسەرهاتی ئەم قەمووره سەیر نەبوو! کەوابوو. کەوابوو.... دەبێت لە سێدارە بدرێن."

ئەمجا وتی:

"ئەی بەرگدروو هەر تۆ ماویت و تاوانباری یەکەمیشی. گەر بەسەرهاتێکی لەوەی قەموور سەیرترم بۆ بگێڕیتەوە .... هەموتان ئازاد دەکەم."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو..... بێدەنگ بوو.

## شەوی٢٩

## چیرۆکی لاوێك و سەرتاشێکی خۆ هەڵقورتێنەری بەغدایی

شەهرەزاد وتی:"ئەمجا بەرگدرووەکە هاتە پێش و وتی:

"شای زەمانە ، عەجایب ترین بەسەرهاتێ کە بە سەرم هاتبێ: دوێنێ بوو. بەرەبەیانی ئەو رۆژە پێش ئەوەی ئەم قەمووره ببینم لە دەعوەت بووم. هەروا ٢٠ کەسێك دەبووین. هەر لە دارتاشەوە، بیگرە، تا شووشەچی و بەرگدرووی. تیابوو. چێشتەنگاو سفرە و خوان داخرا. هێندەمان زانی خانەخوێ.... لاوێکی نامۆی هێنا، شۆخ و شەنگێکی غایی بوو، جل و بەرگێکی جوان و نایابی پۆشی بوو.... بەڵام شەل بوو. سڵاویان کرد و ئێمەش لە بەریان هەستاین. لاوەکە کە خەریك بوو دابنیشێت سەرتاشێکی لە نێوانماندا بینی. پەشیمان بووەوە و ویستی بڕواتە دەرەوە. خانەخوێ دەستی گرت و هەمووومان سوێندمان لێ خوارد، کە نابێت بڕوات. خانەخوێ پرسی:

"بۆچی هاتیتە ژوور و ، ئێستا دەتەوێ بچیتە دەرەوە؟"

ئەویش وتی:

"بۆ خاتری خوا.. بەرێز..... زۆرم لێ مەکە....با.... لە داخی ئەم سەرتاشە نەگبەتەی کە دانیشتووە بچمە دەرەوە!!"

کە خاوەن دەعوەتەکە، ئەمەی بیست زۆری پێ سەیر بوو!! وتی:

"چۆن، بەم لاوە سەرتاشە بەغایی یە، تێك دەچیت؟"

سەیرێکی یەکتریمان کرد، ئەمجا وتمان:

"کەوابوو.... هۆی رق بوونەوەت لەم سەرتاشەمان بۆ بگێڕەوە."

لاوەکە وتی:

"خەڵکینە..... لەم بەغدایەی کە: شاری خۆمە و لای ئەم سەرتاشە کێشەیەکم سەرهاتووە.... بووە هۆی شەل بوونم! بۆیە.... سوێندم خواردووە هەرگیز نە لەگەڵیدا... دابنیشم و نە لەو شارەیشدا بژیم کە ئەم سەرتاشەی لێیە! لەبەر ئەوە ئەمشەو نانووم و سەفەر دەکەم."

ئێمەش وتمان:

"بۆخاتری خوا.... بەسەرهاتەکەتمان بۆ بگێڕەوە. سەرتاشەش رەنگی زەرد هەڵگەڕا بوو. لاوەکە دانیشت وتی:"ئەوا باوکم لە گەورە بازرگانانی بەغایە. منیش تاقانەی ئەوم....!! کە گەورە بووم. باوکم خوا بردیەوە و مرد. خزمەتکار و کەسانی دەربار و سامانێکی فرەی بۆ بەجێ هێشتم. ئەمجا بەرگی نایاب و خۆراکی باش وخواردنەوەم دەنۆشی. خوا..... ژنانی لەبەر چاو خست بووم!!! رۆژێکیان بە کۆڵانێکی بەغادا، دەڕۆیشتم. کۆمەڵە ژنێکم لە سەرە رێدا بینی. منیش چوومە کۆڵانێکی دی، کە گەیشتمە ئەو سەری کۆڵانەکە ببینم دەرناچێت، سەکۆیەکی لێ بوو. لەسەری دانیشتم. دوای کەمێك گوێم لە گۆرانی بوو. کە هەرگیز دەنگی وا خۆشم نەبیستبوو!! زۆرم حەز لێی بوو. دڵم پێی کرایەوە. نزیکەی سەعاتێك لەوێدا مامەوە... حەزیشم دەکرد نزیك تر بوومایە، لەگۆرانی بێژەکەوە. کە گۆرانیەکە وەستا.... خەریك بوو دڵی منیش بوەستێت!! کە ڕوانیم: سوارەیەك پەیدا بوو، کۆیلەیەك لە پێشیەوە و خزمەتکار بە دوایەوە. گەیشتنە بەر ئەو دەرگایەی، دەنگی گۆرانیەکەی لێوە دەهات قازی دابەزی و خۆی کرد بە ژووردا. لە پیرەژنێکم پرسی: "

ئەو گۆرانی بێژە کێیە؟"

وتی:

"کوڕەکەم، ئەوە کچی قازی بەغایە. زۆری حەز لە گۆرانی وتنە... بەڵام باوکی بۆتە بەربەستی و ناهێڵێت! ئەو کاتانەی باوکی دەچێت بۆ نوێژی هەینی... ماڵ چۆڵ دەکات، ئەمیش دەست دەکات بە گۆرانی وتن. خۆ..... منیش زۆر جاران خۆم دەکەم بە ماڵیاندا ئەگەر حەز دەکەیت ببینی هەینی داهاتوو پێش نیوەڕۆ وەرە، ئەم شوێنە!! چەند درهەمێك دەدەمە دەرگاوانە و دەچینە ژوورەوە. لە شوێنێکت دادەنێم نەت بینێت و نە تۆیش ئەو ببینی، بۆ خۆت گوێ لە گۆرانیەکانی بگرە..... تاکو کۆتابوونی نوێژی هەینی."

کە ئەمەم بیست زۆرم پێ خۆش بوو. هەستام و ١٠٠ دینارم بەخشی بە پیرەژنەکە و رۆیشتم. هەینی داهاتوو.... بەرەو ئەو شوێنە بوومەوە. دوای کەمێك چاوەڕوانی پیرەژنە پەیدا بوو. دوای چاك و چۆنی وتی:

"هێشتا زووە. بۆ ناچیت سەرت بتاشیت!؟ دواتر بچۆ بۆ گەرماو و با پووختە بیت. لەوە دەچێت تازە لە نەخۆشی چاك بووبێتیتەوە! شوێنەواری نەخۆشی بە سەر و قژتەوە دیارە."

منیش وتم:

"زۆر راست دەکەیت. هەر ئێستا دەچم. رۆیشتم و چوومە گەرماوێکی ناو بازاڕ و منالێکم نارده شوێن سەرتاشێ. کەم دوو بێ و با.... سەرم نەئێشێ. ژیر و خۆ تێ هەلقورتێنەر نەبێت...!

رۆیشت و دواتر ئەم پیرە، نالەبارەی بۆ هێنام... کە لێرە دانیشتووە. سلاوی کرد و بەخێرهاتنم کرد. وتی:

"خوا... خەم پەژارە و کێشەت بڕەوێنێتەوە."

منیش وتم:

"خوا نزاکەت پەسەند بکات."

ئەمجا وتی:

"مژدە بێت، تۆ بەرەو چاك بوونەوە دەچیت.... بە کەڵەشاخ خوێنت بگرم. یان هەر سەرت بتاشم؟ لە دەمی کوڕی عەباسیەوە دەگێڕنەوە. خوایان لێ رازی بێت: وتویەتی:"ئەوەی رۆژانی هەینی سەری چاك بکات ٧٠ نەخۆشی دەپەڕێنێت!"هەر لە دەمی ئەوی دەگێڕنەوە "ئەوەی هەینیان، نەچێتە کار، بێوەی دەبێت، لە ڕێی چوونە "بەسرە"وە و نەخۆشییە زۆرەکانی."

منیش وتم:

"بی بڕەوە.... هەستە سەرم چاك بکە..... چونکە زۆر بێهێزی نەخۆشیم."

ئەمجا جانتای کردەوە. حەوت پارچەی سەرتاشینی تیابوو. چووە بەر رۆشنایی خۆر و تێی راما....! ئەمجا وتی

"ئەوە بزانە....ئا....ئەم رۆژە پیرۆزە، رۆژی هەینییەوە ١٠ی مانگی سەفەری سالی ٦٥٣ ی کۆچی پێغەمبەر (د.خ) دەکاتە (٧٣٢٠) بە مێژووەکەی ئەسکەندەر. بە گوێرەی ئەم حسابە (مەریخ) لە پلە ٨ دایە و ٦ دەقیقە دەمێنێتەوە. وا رێکەوتووە کە هاوشانی ئەستێرەی (عەتارود)ە. ئەمە دەری دەخات. سەر چاك کردن، چاکە، دیسان پێم دەڵێت تۆ دەچیت بۆ شوێنێك، دڵخۆش دەبیت، تێیدا. بەڵام دواتر، دەمەقاڵە دەبێت! پێت نالێم چی روو دەدات."

منیش وتم:

"مردووت نەمرێ.... بێزارت کردم، فالێکت بۆ گرتمەوە... دڵ خۆشی کردم. دواتر خۆشیەکەت ڕەواندەوە! هەستە سەرم چاك بکە و هێندە درێژەی مەدەرێ."

ئەویش وتی:

"گەر بمزانیایە رووداوە خراپەکە چییە... ئەمڕۆ کارم نەدەکرد. بەڵام ئامۆژگاریەکانم بگرە گوێ! ئەوەی وتم: حیسابی ئەستێرەی تۆیە."

وتم:

"ئەمە لە تۆ نەبێت، نەم بیستووە! سەرتاشێك بووبێت ئەستێرەناس و فاڵچی بێت. بەڵام ئەزانم فێڵت زۆرە....من تۆم بە سەرتاشین بانگ کردووە. نەکو بۆ ئەم قسە قۆڕانە."

ئەویش پرسی:

"حەز دەکەیت... زیاتر بزانیت!!؟ تۆ.... چیت دەوێت: خوا... سەرتاشێکی فاڵچی و کیمیاگەر، زمان و رێزمان زان.... ئەندازە... بیرکاری، مەلای شەرع و فەرموودە زان، شیکەرەوەی قورئانی بۆ رەخساندوویت! لەبەر ئەویە خۆ تێهەڵقورتێنەر نەبووم: باوکیشم زۆری خۆش دەویستم...! بە (کەم دوو)یی ناسراوم! هەر بۆیە دەبێت: ستایشی، خوا بکەیت. پێچەوانەی ئامۆژگاریەکانم نەکەیت. من بەزەییم پێتدا دێتەوە. رێم بدە: ساڵێك رێنماییت بکەم. پارەشم لێت ناوێت."

کە ئەمەم بیست وتم:

"ئەمڕۆ، من دەکوژیت."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.... بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٠

شەهرەزاد وتی:"دەلاکەکە وتی:

"قوربان لە نێو هەر ٥ براکەمدا، بە من دەڵێن کەم دوو. برا گەورەکەم ناوی (بەقبوق)ە دووەمیان (هەدار) و سێیەمیان (فەقیق) و چوارەمیان (کوزی ئەسوانی). پێنجەمیان (ئەسار)ە."

من خەریك بووم زراوم بتەقێت لەداخی ئەم سەرتاشە....! بە شاگردی گەرماوەکەم وت: "ئەو چارەکە دینارەی بدەرێ و با بڕوات.... بابەگیان.. سەر چا کردنم پێویست نییە!!"

سەرتاشەکە کە ئەمەی بیست وتی:

"ئەوە دەڵێی چی گەورەم؟ ئەگەر تۆ رێزی من ناگریت....من رێزی تۆ دەگرم.. ئەزانم کوڕی ج پیاوێکیت! ساڵێکیان هەر لەم وەرزەدا بوو، باوکت ناردیە دووم کە کەڵەشاخی لێ بگرم و خوێنی دەربێنم. کە سەیری ئەستێرەی بەختیم کرد پێم وت: قوربان ئەمڕۆ رۆژێکی خراپە بۆ خوێن لێگرتنت. بە قسەی کردم. منیش ئەم شیعرەم پیا هەڵدا:

وا هاتم گەورەم خوێنت لێ بگرم — لەشت پێم دەڵێ بەرگەی ناگرم
دانیشتم، شتی:سەیرم بۆ باس کرد — توانای خۆم بۆ وت، بووە گوێگرم

زۆری پیٚسەیر بوو، بۆیە پێی وتم: هەر زۆر زیرەکم لە زانست پڕم
وتم: تۆ نەبیت... پێچەوانەیە کەس گوێ ناگرێ لە عەقڵی وڕم
دیارە بەخشندە و نان بدە خۆتیت بۆیە: وا (ژیری)یت بە باڵا دەبڕم

باوکت دایە قاقای پێکەنین و فەرمانی دا بە خزماتکارەکەی ۱۰۳ دینارم بدەنێ.... ئەویش خەڵاتەکەی پێ بەخشیم. ئیدی چاوەڕێم کرد. تاکو سەعاتی بەختیاری باوکت لە ئەستێرەیدا دەرکەوت...ئەمجا کەڵەشاخم بۆ کرد و خوێنیم دەرهێنا....! دواتر خۆم پێ نەگیرا و پرسیم:

"قوربان بۆچی رێك ۱۰۳ دینارت خەڵات کردم!؟"

باوکت فەرمووی:

"۱ دینار بۆ ئەستێرە گرتنەوەت، ۱ دینار بۆ دەمەتەقێ خۆشەکەت! ۱ دیناریش بۆ کەڵەشاخ گرتنەکەت! ۱۰۰ دینار بۆ شیعرە پیاهەڵدانەکەت! منیش وتم:

"رەحمەتی خوا لەباوکیشم نەبێت.... چونکە تۆی ناسیوە!!"

سەرتاشەکە پێکەنی و وتی:

"لا اله الا الله محمد رسول الله — نەوازش بۆ ئەو کەسەی شتەکان دەگۆڕێت، بەڵام خۆی ناگۆڕێت! وام دەزانی ژیریت، وا دیارە نەخۆشی سەری لێ تێکداوی!! چونکە خوا فەرموویەتی:"ئەوانەی کینە دەخۆنەوە و لێبووردەن بۆ خەڵك..... خوا لێیان خۆش دەبێت! هەر چۆنێك بێت، تۆ نەخۆشیت لێت ناگیرێ! نازانم بۆچی هێندە لە پەلەیت؟ لە کاتێکدا باوك و باپیرانت، پرس و رایان بە من دەکرد! وتراوە: کەس بە پرس و رای دەوروبەری زیانی لێ نەکەوتووە!"یان "هەر کەسێ گەورەیەکی نەبێت، خۆیشی گەورە نییە!"شاعیرێك وتویەتی:

هەر کارێکت کرد، پرسی بۆ بکە بە گوێی خەڵکی کە و گفتوگۆ بکە

لە منت شارەزاتر دەست ناکەوێت. ئەوەتا، بە پێوە لەبەر دەمتام پەزێراییت دەکەم. لێت بێزار نابم. چونکە باوکت چاکەی زۆری بە سەرمەوە بوو."

پێم وت:

"کلکی کەر، زۆرت وت. منیش تەنیا، بۆ سەرتاشین بانگم کردیت."

ئەمجا سەری تەڕ کردم و پێی وتم:

"دەزانم لێم بێزار بوویت، بەڵام لێت ناگرم. چونکە منالیت! ئەودەمی تۆ ساوا بوویت، دەم خستیە سەر شانم، دەم گەیاندیتە نووسینگەکە."

منیش یەخەی خۆم دادڕی و وتم:

"بۆ خاتری خوا، براکەم، بێدەنگ بە، تا سەرم چاك دەکەیت و دەڕۆیت بە ڕێی خۆتەوە."

که بینی یەخەی خۆم دادڕی، ئەمجا کەوتە تیژ کردنی چەقۆکەی. کە خەریك بوو، گیانم دەربچێت، دواتر دەستی گرت بە سەرمەوە و هەندێکی لێ تاشی. ئەمجا وتی:

"گەورەم، شەیتان پەلەی کرد، چاوێکی خۆی کوێر کرد."ئەمجا ئەمەی وت:

شێنەیی باشە، لەوەی دەتەوێت بۆخەڵکی چاك بویت... خەڵکیش چاك دەبێت

باڵادەست... تەنیا خوا: خۆیەتی زۆردار بە زۆردار بە خاساك دەبێت

ئەمجا وتی:"گەورە نرخی من نازانیت!! ئاخر... من سەری شاهان.. میران (وەزیران)م چاك کردووە. شاعرێك وتویەتی:

پیشەکان هەموو بازنگی زێڕن سەرتاش ئەڵماسە، وا ئاشکرایە

سەری حیکمەتە و هاوشانی گەمە سەری شاهان لەبەر دەستایە

وتم:

"خۆ... هەڵمەقورتێنە کاری خەڵکەوە. من تەنگە چیقەلانەم..... تۆیش سەرقاڵت کردووم!"

وتی:

"پێدەچێت.. پەلەت نەبێت!؟"

وتم:

"بەڵێ.... بەڵێ."

وتی:

"ئارام بە پەلە کردن... پەشیمانی لە دوایە. پێغەمبەر (د.خ) فەرمویەتی:"باشترینی کارەکان ئەوانەن کە بە شێنەیی دەکرێن!."من زۆرت لێ دەترسم. حەز دەکەم لەمەبەستم بگەیت. دەترسم کارەکە بە دڵی خۆت نەبێت...!! ئەوە ٣ سەعاتی ماوە، بۆ نوێژ، ئەمجا وتی:

"دەمەوێت لەوە بێ گومان بم.... چونکە، گەر کارەکە ناپەسەند بوو... تەگەرە و بەربەستی لەغەیبەوە بۆ دروست دەبێت. خۆ ..... ناکرێت وەکو زۆرینەی تالع گرەوەکان لە خۆمەوە شت بڵێم. ئەمجا.... گوێزانەکەی خستە سەر جانتاکەی و چووەوە بەر خۆرەکە و ، ماوەیەکی پێچوو. وتی:"٣ سەعاتی ماوە بۆ نوێژ."

منیش وتم:

"بۆ خاتری خوا.... چی بوو؟ جەرگت بریم."

ئەمجا گوێزانەکەی هەڵگرتەوە و هەندێك لە سەری تاشیم. ئەمجا وتی:

"لەم پەلە... پەلەیەت دەترسم!! وا باشترە کە پێم بڵێیت بۆ کوێ دەچیت؟ خۆ.... باو و باپیرانت، بێ پرسی من هیچ کارێکیان نەدەکرد."

کە زانیم کۆڵ نادات، تاکو نەزانێت بە خۆم وت:

"کاتی نوێژ هاتووە، دەبێت پێش تەواو بوونی نوێژ بڕۆم، تا گوێ لە گۆرانی بگرم."

ئەمجا وتم:

"بەس خۆ هەڵقورتێنە. لای چەند هاوڕێیەکم دەعوەتم."

کە دەعوەتی بیست، وتی:

"ڕۆژەکەت ڕۆژێکی پیرۆزە.... حەیا چوو خۆم... دوێنێ سوێندم لە کۆمەڵێك لە هاوڕێیانی خۆم خوارد... بیرم چوو، گوێ بە شتێ بدەم تاك بیخۆن! ئێستا بیرم دەکەوێتەوە."

منیش بەلاقرتێوە....وتم:

"گوێ مەدەرێ: ماڵی من پڕە لەخواردن و خواردنەوە....هەمووی بۆ خۆت.... تەنیا زوو سەرم چاك بکە."

وتی:

"خوا پاداشتت بداتەوە ئادەی بزانم خوارنەکان چین؟"

وتم:

"٥ جۆرە خواردنم هەیە... دە مریشکی سورکراوە.... بەرخێکی برژاو."

ئەمجا وتی:

"دە.... بیان هێنە.... با بیان بینم."

کە هەموویم پیشان دا..... وتی:

"خواردنەوە هەیە؟"

وتم:

"ئەویشم هەیە".

وتی:

"دە.... ئەویشم پیشان بدە."

ئەمجا وتی:

"خوا یار و یاوەرت بێت چەند بەخشندەیت. ئێستا "بخورد"و "داری عوود"ماوە."ئەمجا چەکمەجەیەکم کردەوە: بایی ٥٠ دینار عوود و بخورد و مسك و زەعفەرانم.... خستە بەردەستی کات درەنگ بوو.... بۆیە بە پەستییەوە وتم:

"بیگرە.... توو پێغەمبەر (د.خ) زوو سەرم چاك بکە."

وتی:

"بەخوا.... نایگرم تا هەموویان نەبینم."هەندێکی دی سەری تاشیم وتی:

گیا لە سەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە          مناڵ جێی باوکی خۆی دەگرێتەوە

دوای شیعرەکە وتی:

"بەو خوایە: نازانم سوپاسی باوکت بکەم یان خۆت! چونکە خواردنی دەعوەتەکە خێر و چاکەی خۆتە. منیش توانام نییە تۆڵەت بۆ بکەمەوە. چەند کەسێکی ڕێزدارم لە دەورە وەکو: "زەنتوت"ی کۆترباز، کەچەڵی بێناز وەسیلەی بێهۆش... عەکروشەی میوەفرۆش....

حەمیدی زبڵ کێش... سەعید وشترکێش .. سویدی حەمال... ئەبو مەکارشی ناتر.... قسیمی حەسحەس.... کەریمی سەرکردە، ئا لەم هەمووەدا، نە سەنگین... نە مەی خۆری بێهۆش..... نە خۆ تێ هەڵقورتێن و نە نەگبەتی تیا نییە. هەر یەکەیان سەمایەکی تایبەتی خۆی و شیعری گۆرانی خۆی هەیە. لە هەمووی باشتر ئەوان، هەر وەکو خۆم: نە زۆربلێن و نەخۆ هەڵقورتێنن!! کۆتربازەکەیان: لە سەر ئاوازی تەپڵەکەی گۆرانیەکی سیحراوی دەڵێت و سەما دەکات و دەڵێت:

"دەچم گۆزە ئاو دێنم."

کەچەڵی بێنازیش، زۆر زانایانە دێتە پێش و دەڵێت:

"خاتوو، ئائحە، درێغیت نەکرد، کە سەر بە قوڕی پێ دێتە پێکەنین و لەوەیە دڵی دابکەوێت! زبڵ کێشیش، کە گۆرانی دەچڕێ و بە هەڵبەستێ.... باڵندە لە ئاسمان دەوەستێ! دەڵێت.... خێر و بێر ها..... بەلای ژنەکەمەوە. لە سندوقێکی ناوە و بە دەسندە دەری دێنێ. لە جوانی ئەو دایە..... وتومە:

به خۆڵڕێژەوە دڵی من بەندە	باڵا شمشادەی:دەم وەکو قەندە
شەوێك بەختم بوو کە بینیم پرسیم	ئەگەر تاسەت کەم: منت پەسەندە؟
وا... دڵی مت کردە ئاگردان	وەرە: تونچییە، لای کوورەی بەندە

هەر یەکەیان بە جۆرێك، فشقیات و گەمە و پێکەنین دەسازێنن!! کە دڵی هەمووان خۆش دەکەن. بینینیان لە پیا هەڵدانیان چاکترە. بۆت هەیە کە بانگیان بکەیت. ئەو سەردانی و دەعوەتە، لە بیر خۆت ببەوە. تۆ هێشتا نەخۆش کەوتنەکەت پێوە دیارە. رەنگە بچیتە کۆمەڵێکەوە، زۆربلێ و چەنەبازبن!! سەرت بئێشێنن. یان خۆ تێهەڵقورتێنی تیا بێت! تۆیش بێتاقەتی نەخۆشیەکەتیت."

منیش وتم:

"رۆژێکی ئاوا... هەر رێك دەخەین..."

لە داخدا پێکەنیم و وتم:"تۆ.... سەری من چاك بکە... با بڕۆم. تۆیش هاوڕێکانت چاوەڕێتن!."

وتی:

"گەورەم ئامانجی من تەنیا ئەوە بوو کە ئەو پیاوە ماقوڵانە بناسیت: کە بۆم وەسف کردیت و هیچی تر....! کە نە خۆ تێهەڵقورتێن و نە چەنەبازیان تیایە. لە ژیانمدا هاوڕێی کەسانێکی بەو شێوانەم نەکردووە. تەنیا تێکەڵی ئەو کەسانەم کردووە.. کە وەکو خۆم "کەم دوون."ئەگەر یەکجار تێکەڵیان بیت: هاوڕێیەتی کەسانی دی ناکەیت.

منیش وتم:

"خوا، ئەوانت بۆ بهێڵێت. پێویستە لەکاتێکی دیدا بیان بینم."

وتی:

"گەر هەر دەچیت بۆ لای هاورێکانت... ئەوا.... ڕێم بدە... ئەم خواردنـەیان بۆ ببەم و بەخشندەیی تۆیان بۆ بگێڕمەوە... کە گەڕامەوە...... لەگەڵت دێم بۆ ئـەو دەعوەتـە. شەرم لە یەك ناکەین.... بۆیە ئاسانە جێیان بهێڵم... زوویش دەگەڕێمەوە."

منیش وتم:

"لاحول و لا قوه الا بالله العلی العظیم... دەبڕۆ .... کاکە، با دڵت پێیان بکرێتەوە.. ڕێی منیش بدە، با بگەمە هاورێکانم.... ئاخر.... چاوەڕێم دەکەن."

سەرتاشە زۆربلێیەکە وتی:

"ناهێڵم.... هەر خۆت بڕۆیت!"

وتم:

"ئەو شوێنەی بۆی دەچم... شوێنێکە ... ڕێ بە هەموو کەسێك نادەن بچێتە ژوورەوە."

وتی:

"بۆ لای هاورێکانت دەچیت. ئەگەر نا منیشت دەبرد. جێی خۆیەتی بمبـەیت. من لێت دەترسـم. تووشی شتێك ببیـت. بـا..... یارمـەتی دەرت بم ئەمـە بەغایـە... لـەم ڕۆژانـەی دوایدا.... ژیان تێیدا، مەترسیدار بووە."

وتم:

"بەڵا لێت بدا... ئاخر: چی هەڵدەکرێنیت لەم قسانە؟"

وتی:

"خەمسارد دەمەوێت، خزمەتکار و یارمەتی دەرت بم."

هێندە وەڕس بووم، ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بووم..... کاتی بانگی نیوەڕۆ هـات. تـاکو لە سەرتاشین بوومەوە وتاری هەینی دەستی پێکرد.

ئەمجا وتم:

"دە..... بڕۆ: خواردنەکە بۆ هاورێکانت ببە... چاوەڕێت دەکەم...."ویستم فریـوی بـدەم و لێم دوور بکەوێتەوە.

سەرتاشەکە وتی:

"تۆ.... دەم خەڵەتێنی، هەر کە ڕۆیشتم، تـۆیش دەڕۆیـت و جێم دێڵیـت! خـۆت تـووش من...!! دەبێت هەر بزانم چیت بە سەر دێت. سوێند بـە خـوا.. نـاهێڵم بڕۆیت بـە بێ."

خواردنەکانی کۆ کردەوە، چوو حەماڵێکی بـۆ هێنـا و پێیـدا: ڕەوانـەی هاورێکانی کـرد. خۆیشی لەگەڵیدا، لـە کۆڵانەکانـدا ون بـوو. خـۆم پۆشـتە کـردەوە و بـە تـەنیا چوومە دەر-ڕۆیشتم. تاکو گەیشتمە شوێنەکەی جاری پێشوو. ڕوانـیم، پیرەژنـە چاوەڕێی منـە. بردیمە ناو کۆشك و ناو ژوورێك. خانـەخوێ خۆی کـردەوە بـە ماڵدا. چووە هۆڵەکە و دەرگاکەی

داخست. کە دەڕوانم کاکی سەرتاش لەبەر دەرگای ژوورەکەمدا چاوەڕێم دەکات... بە لەعنەت بێت! لە خۆم پرسی: ئەم شەیتانە... ئێرەی چۆن دۆزیوەتەوە؟ دیاربوو: ویستی خوا بوو.... رووی من هەڵبماڵرێت... چونکە نازانم چ شتێکی خراپی کردبوو. خانەخوێ زللەیەکی لێدا. ئەویش قیژاندی. خزمەتکارێك بە دەنگیەوە چوو. زللەیەکی لەویش دا. سەرتاشە، نەگبەتەکەیش پێی وابوو لە من دەدەن. بۆیە: کەوتە هاوار و پاڕانەوە و یەخەی خۆی دادڕی! دای بە سەری خۆیدا و هاواری کرد:

"باوکە ڕۆ.... گەورەکەیان، لەماڵی قازی دا کوشتم."

ئەمجا رای کرد بەرەو، دەرگای دەرەوە و بە سەریدا دەکێشا. بەرەو ماڵەکەم دەی قیژاند: کە گوایە منیان کوشتووە....! ئیتر هەر هەموو: کەنیزەك و خزمەتکارانی ماڵی قازی، دەیان قیژاند و هاواریان دەکرد..."بەداخەوە.... هەینی بۆ ئەو پیاوە"ئیدی سەرتاش لە پێشەنگ و ئەوان بە دوایدا... رایان دەکرد. لە رێگایش هەر خەڵك بوو، شوێنیان دەکەوتن! کە گەیشتنەوە بەر دەرگای کۆشکی قازی دەستیان بۆ ماڵەکە رادەکێشا و سەرتاش دەیوت و ئەوانیش بە دوایدا:

"کوشتیان.... کوشتیان..!!"

خاوەن ماڵ کە ئەم هەرا گەورەیەی بیست، بە خزمەتکارێکی وت:

"بڕۆ.... بزانە... ئەو هەرایە چییە!؟"

کە خزمەتکار گەڕایەوە وتی:

"گەورەم..لەبەر ماڵماندا پتر لە ١٠٠٠٠ کەس وەستاون.. دەقیژێنن:

"کوشتیان... کوشتیان...!"

کە قازی، ئەم هات و هاوارەمەزنەی بیست کێشەکەی هێندە دی لا گەورە بوو. رەنگی زەرد هەڵگەڕا و چوو، دەرگای لێ کردنەوە، پرسی:

"خزمان: چی روویداوە؟"

خزمەتکارەکان وتیان:

"مەلعونی سەگی بەراز: تۆ گەورەی ئێمەت کوشت!"

قازی پرسی:

"گەورەکەتان بۆچی چی کردبوو! تاکو بیکوژم؟ ماڵەکەم لەبەر دەستانایە."

سەرتاش وتی:

"تۆ بە کوتەك گەورەی ئێمەت کوشت!! من بۆ خۆم گوێم لە هاواری بوو."

دیسان قازی پرسیەوە:

"ئاخر.. ئەو سەرۆکەی ئێوە چ تاوانێکی کردبوو.... تاکو من بیکوژم؟ ئەمە: کێ هێنایە ماڵی من؟ لە کوێوە هاتبوو؟ بۆ کوێ دەچوو؟"

سەرتاش وتی:

"مەبە... بە پیری ئاخر شەڕ! من هەموو بەسەرهاتەکەم لایە!... تۆ کە زانیت هاتووەتە ماڵەکەت فەرمانت بە خزمەتکارەکانت داوە: لێی بدەن! لەبەر ئەوە: ئێمە و تۆ و بەردەمی خەلیفە! دەبرۆ گەورەی خۆمانمان بۆ بێنە تاکو بی بینین! با.... خۆم نەچمە ژوور و دەری بهێنم! تۆیش تەریق ببیتەوە! هەر چەند ئاست ئەو خەڵکەدا زمانی بەسترابوو. وتی:

"گەر راست دەکەیت: خۆت بچۆ بیهێنە دەرەوە!"

شەهرەزاد هەستی کرد درەنگ بوو..... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣١

شەهرزدا وتی:"سەرتاشە چووە ناو ماڵەکە. منیش کە بینیم هاتووەتە ژوور تەقەلای ڕێگایەکم دا: بچمە دەرەوە. بێ سود بوو. بەڵام سندوقێکی گەورەم بینی، سەریم هەڵدایەوە و چوومە ناوی و دام پۆشیەوە و هەناسەم لە خۆم بڕی. کە گەیشتە هۆڵەکە، بێ سێ و دوو، دەستی دایە ئەو سندوقەی منی تیا بووم. خستمیە سەر سەری. لە ترسانا، لە هۆش خۆم چووم! کە بە ئاگا هاتمەوە و هەستم کرد کۆڵ نادات و دەمبات سەری سندوقەکەم هەڵدایەوە و خۆم بەردایەوە. قاچێکم شکا- دەرگایان کردەوە، خەڵکێکی زۆرم بینی. ئاڵتونێکی زۆرم لابوو. هەڵمدایە ناو خەڵکەکە، تاکو بە کۆ کردنەوەیەوە سەرقاڵ ببن و کۆڵ لە من بدەن. ئیدی کەوتمە راکردن، بە کۆڵانەکانی بەغادا، بە راست و چەپیدا.

سەرتاشە لەعنەتیەکەش بە دوامەوەیە..... هاوار دەکات:

"خەریك بوو گەورەکەم بکوژن.... خوار رزگاری کرد. هەر بە قسەت نەکردم.....تاکو ئەم بەڵایەت بە سەر خۆت هێنا. گەر خوا، منی نەکردایە هاورێت لەم بەڵایە رزگار نەدەبوویت! چونکە کێشەیەکیان بۆ دروست دەکردیت کە زرگار بوونت نەدەبوو. بەڵام لێت ناگرم، چونکە بزۆز و کاڵفامیت."

منیش پێم وت:

"ئاخر... چیت بەسەر هاتووە. تاکو ئاوا رادەکەیت بە شوێنمدا!؟ ئا..... بەم شێوەیە قسەم لەگەڵ دەکەیت لە بازاڕەکەدا!؟"

لە داخیدا وەختەبوو.... بتەقم! لە ناوەڕاستی بازاڕدا خۆم کرد بە دوکانێکدا و رووم کردە دیوارەکەی. ئەمجا لێی دانیشتم و بە خۆم وت:

"ناتوانم کارێك بکەم دەستم لە دەستی ئەم سەرتاشە بێتەوە. توانای بینینی ئەوم نەماوە! شایەتم هێنا و "وەسیەت"م نووسی. ماڵ و دارایی خۆم: دابەش کرد بەسەر خزم و کەس و کاردا وەکیلم بۆ جێبەجێ کردنی گرت. هەر بۆ ئەوەی لەو سەرتاشە گەوادە رزگار ببم. سەفەرم کرد. ئەوە بوو: هاتمە شارەکەی ئێوە! ماوەیەکی زۆر لێرەم و دەعوەتتان کردم.

کەچی بۆ نەگبەتی من: ئەوەتا.... ئەم سەرتاشە: گەوادە لێرەیە! لای ئێوەیە ئاخر... چۆن دڵم پێتان بکرێتەوە!؟ کە ئەو کارەساتەی بەسەر هێنام و قاچیشم تیادا شکا!! دواتر لاوەکە، دانەنیشت. ئەمجا بە سەرتاشەکەمان وت:

"ئەم لاوە.... راست دەکات؟"

سەرتاشەکە وتی:

"بەڵێ.... بە هەموو عەقڵی خۆم و پیاوەتیم کردووە، من نەبوومایە تیا دەچوو. من رزگارم کرد....من!! سوپاس بۆ خوا... کە قاچی شکا و خۆی نەکوژرا! گەر زۆربڵێ بوومایە، ئەو چاکەیەم لەگەڵ نەدەکرد، هەر ئێستاش، بەسەرهاتێکی خۆمتان بۆ دەگێڕمەوە. تاکو...... بڕوا بکەن کە من کەسێکی فرەوێژ نیم. خۆ تێهەڵقورتێن نیم."لە سەردەمی حوکمڕانی "موستەنسیر باللە ی کوڕی موستەزی باللە"کە هەژارانی خۆشی دەویست و هاونشینی زانایان بوو. وارێکەوت رۆژێکیان، رقی لە ١٠ کەس هەستا. فەرمانی دا بە متەوەلی رۆژی جەژن بیان هێنێت. ئەو ١٠یە دز و جەردە و رێگر بوون. متوەلی رۆیشتە ناو شار و هەر دەیانی گرت و خستنیە ناو بەلەمێکەوە. کە سەیرم کرد، وتم:

"بەخوا... ئەمانە بانگهێشتی دەعوەت کراون....تا .... ئێوارە دەخۆن و دەخۆنەوە و چاکە... لەگەڵیان بڕۆم و ببمە هاوڕێیان."بە هەموو عەقڵێکمەوە چوومە بەلەمەکەیانەوە تێکەڵیان بووم. بەلەم کەوتە سەر ئاو بەرەو ئەوبەر، هەر کە گەیشتینە ئەوبەر، پۆلیس قۆڵبەستیان کردین و زنجیریان خستە ملمان.

منیش لە کەسیەتی بە توانا و ژیریمەوە، متەقم لە خۆم بڕی و قسەم نەکرد. بە زنجیرکراوی بردینیانە لای خەلیفە "مستنەسر باللە". ئەویش فەرمانی دا... لە ملی هەر ١٠ کەسەکەیان بدەن- کوژەر هات و یەك لە دوای یەك هەر ١٠ کەسەکەی مل پەڕاند، میری موسڵمانان سەیرێکی منی کرد و لە کوژەری شمشێر بە دەستی پرسی:

"ئەوە بۆ ملی ٩ کەست پەڕاندووە!؟"

دیسان وتی:

"پێم وایە، ٩ کەست کوشتوە و ئەوەش دەیەمینە."

کوژەر وتی:

"بەو خوایە ١٠ کەسم کوشتووە."

ئەمجا فەرمانی دا.... کوژراوەکان بژمێرن. دوای ژماردن: وتیان ١٠ کوژراوە. ئەمجا خەلیفە رووی تێکردم:

"ئەوە بۆچی زمانت چووەتە کلیلە!؟ هەی بە تەمەن گەورەی بە عەقڵ بچووك."

منیش وتم:

"میری موسڵمانان، بزانە کە پیرێکی کەم دووم، بەڵام خاوەن حیکمەت و زانیاری زۆرم، سەرتاشیشم!"

خەلیفە هێندە پێکەنی بە پشت دا کەوت! ئەمجا خەلیفە پێی وتم:
"بێدەنگ، هەر ٥ براکەیشت، وەکو تۆ زانا و دانا و خاوەن پیشە و کەم دوون."
منیش وتم:
"خوا....من لە ناو بەرێت، گەر وەکو من بن! بەڵام ئەی میری موسڵمانان، تۆ بەم پرسیارەت منت سووك کرد. چونکە لەبەر بێ ویژدانی و زۆربڵێی، هەر یەکە و بە جۆرێك کەم ئەندام بوون. یەکێکیان شەلە! یەکێکیان کوێرە، ئەویتر لووت و گوێی براوە! یەکێکی تریان هەر دوو لچیان بڕیوە!! ئەوی دی: قەموورە. وام تێ مەگە. ئەی میری موسڵمانان زۆربڵێم. من ویژدانم پاکە. هەر یەکێك لەوانە، بەسەرهاتێکی بەسەرهاتووە. بۆیە کەم ئەندام بووە!! ئامادەم چیرۆکەکانیانت.... بۆ بگێڕمەوە....

## چیرۆکی برای یەکەمی سەرتاشە زۆربڵێیەکە

یەکەم برا: قەموور بوو، دوکانێکی لە پیاوێکی دەوڵەمەندی بەغدا بەکرێ گرتبوو. دەوڵەمەندەکە ماڵی لەسەر خانەکە بوو. دوکانی براکەیشم لە ژێر خانەکەیدا بوو. بەرگدروو بوو. ڕۆژێکیان بەدەم کار کردنەوە، سەر بەرز دەکاتەوە. کیژێك لەبەر پەنجەرەی ماڵێکدا دەبینێت! سەیری خەڵکەکە دەکات. کە براکەم ئەمەی بینی ئیدی.... دەست لە کارەکەی هەڵدەگرێت و هەر خەریکی سەیر کردنی ئەو دەبێت... بەیانی ڕۆژی دواتر دوکانی کردەوە.... دەست بەکار بوو، هەر تەقەڵێکی لێدەدا و سەیرێکی بەرپەنجەرەکەی دەکرد. کیژەش کە ئەمەی بینی، تێگەیشت، کە ئەمە، بووە بە داوی دڵداریەوە، بۆی پێدەکەنێ. ئەمجا خۆی لێ ون کردبوو. دواتر بوخچەیەك قوماشی بە کەنیزەکەکەیدا بۆ ناردبوو. لە سادە و خەتدار.
کەنیزەکەکە چووە بەردوکانی براکەم و وتی:
"خاتوونم سڵاوت لێ دەکات دەڵێت: ئا لەم پارچە قوماشە خەتدارە بەڵکو کراسێکم بۆ بدورێت. جوان و ڕێك و پێك بێت."
براکەشم وتبووی:
"بەسەر چاوان."
هەر ئەو ڕۆژە قوماشەکەی بڕی و بۆی دروو. کەنیزەکەکە ئێوارە کراسەکە دەباتەوە سبەینێی ڕۆژی دواتر: کەنیزەکەکە هاتەوە بەردوکان و وتی:
"خاتوونم، سڵاوی هەیە بۆت."
پارچەیەك قوماشی ئەتڵەسی زەردباوی دەتاتە دەست و پێی دەڵێت: خاتوونم دەڵێت:
"٢ کەوای لێ ببڕێت و هەر ئەمڕۆ بۆم بدوورێت."

براکەشم دەڵێت:

"سڵاوێکی گەرمی منی پێ بگەیەنە و بە چاوان."

زۆر بـە وردی ٢ کەواکـە دەبڕێـت و دەیـان دوورێـت و سـەیرێکی پەنجەرەکـە دەکات و سڵاوێکی تێ دەگرێت. کیژەش بۆی پێدەکەنێت. براکەم دڵخۆش دەبێت. چونکە پێـی وابـوو رووی نادرێتێ! کەنیزەکە هاتەوە بەردەم دوکان و ٢ کەواکەی برد. ئەو شەوە برا داماوەکەم نانوێت و تا بەیانی تەپاوتلی بوو...! بۆ سبەینێ بەرەو دوکان بـووەوە. دیسان کەنیزەکەکە هاتەوە. پێی وت:

"خاتوونی گەورەم تۆی دەوێت!"

کە براکەم ئەمە دەبیستێت: دەترسێت! کەنیزەك ئەو ترسەی لـە روخساردا خوێنـدەوە، وتی:

"خەمت نەبێت، لە کاری چاك زیاتر.. کاری خراپی پێت نییە! خاتوون، کارێکی کردووە تۆ و پیاوی ماڵ... بوونەتە ناسیاوی یەکتر!"

بەرگدروو، هەر زۆر شادمان بوو، لەگەڵی رۆیشت. کە گەیشتە مـاڵ و مێـردی خـاتوونی بینی کرنوشی بۆ برد. ئەویش.... بەخێری هێنا. ئەمجا کۆمەڵێ قوماش و جلی دایە و پێـی وت:

"هەندێ کراسی بۆ لێ ببڕێت و بیدroوێت."

براکەم وتی:

"بەسەر چاوان."

کەوتە کراس بڕین، تاکو نوێژی خەوتنان ٢٠ کراسی بـڕی. بـەڵام ئـەو ئێـوارە دەمـی لـە خواردن نەدا! تاکو تەواوی کردن. ئەمجا کابرا پرسی:

"چەندت حەق دەست بدەمێ؟"

براکەم وتی:

"٢٠ درهەم."

ئەویش بانگی کەنیزەکەی کرد ٢٠ درهەم بێنە. ژنە: چاوێکی لە براکەم داگرت. براکەم بێدەنگ بوو. تاکو تێ بگات هیچی لێ وەرنەگرێت. ئەمجا براکەم وتی:

"بەخوا هیچت لێ وەرناگرم!."

مێردەکەشی:

"کراسەکانی وەرگرت و سوپاسی کرد."

لـە کاتێکـدا کـە براکـەم زۆر نـەبوو و برسـی بـوو. تـاکو ٣ رۆژیـش تێـر سـکی خـۆی نەخواردبوو. ژنە پیاوەکەی ئاگادار کـردەوە، لـە حـاڵی بەرگـدروو، براکەشـم ئاگـای لـە هـیچ نییە! ئیتر ژن و مێردەکـە، رێکـەوتن لەسـەر ئـەوەی درووومـانی زۆری پـێ بکـەن، بێئـەوەی پوولی بدەنێ و پێی رابوێرن. رۆژێکی دی کەنیزەکەکە هات و و تی:

"گەورەم دەیوت با ببینم."
براکەشم شوێنی کەوت مێردی ژنە پێی وت:
"دەمەوێت ٥ چاکەتم بۆ ببڕیت."
ئەویش جلەکانی برد... دواتر کە تەواوی کردن، بۆی بردنەوە، پیاوەکە دەست خۆشی لێکرد، بانگی کرد کیسەی پارەکەیان بۆ هێنا ئەمجا دەستی کردە پارەکەدا و پرسی:
"چەند دەکات؟"
ژنەش کە لە دوای پیاوەکەیەوە، وەستابوو ئیشارەتی دا کە هیچ وەرنەگرێت. بۆیە براکەشم وتی:
"گەورەم پەلەی چیتە!؟ ڕۆژانی تر زۆرن."
ئیتر وەکو کەر ملی شۆڕ کرد و بێ پارەی حەق دەست هاتە دەر. زۆر بە ڕوونی: بێ پارەیی و هەژاری و برسێتی و .... ڕووت و ڕەجاڵی- ماندوویەتی، بەڵام وزەی دەدایە خۆی. تاکو ڕوتانیانەوە، ماندوویان کرد. ئەمجا تەگبیریان بۆ کرد، کە کەنیزەکەکەی خۆیانی لێ مارە بکەن. ئەویش ڕازی بوو. ئەمجا شەوی چوونە کەژاوە، تەگبیریان بۆ کرد، کە لە ئاشەکەی لای خۆیان بخەوێت براکەم بە قسەی کردن. لە ژێرەوە، ئاشەوانیان هاندا کە شەو پەنێکی پێ بدا. ئاشەوانیش ئەو شەوە، ئاشەکەی وەستان. ئەمجا کەوتە هاوار و فیغان. براکەم لێی پرسی بوو:
"ئەوە چییە؟"
ئەویش وتی:
"گایەکی بەرداشەکە، ناتوانێت کار بکات و بەرداشەکە بە وانی تر ناخولێتەوە. ئاش وەستاوە و منیش باراشێکی زۆرم بەسەرا کەوتووە!."
ئەمجا ڕووی لە براکەم نا، براکەم چووە جێی "گا"یە نەخۆشەکە و ئاشەوان پەیت لە ملی براکەم خست. ئەمجا کەوتە قەمچی لێدانی و پێی وت بڕۆ: با گەنمەکە بهاڕێت و ببێتە ئارد. هەر چەند براکەم هاواری کرد و قیژاندی بەڵام کەسی لێ نەبوو بە هانایەوە بچێت. تا بەرەبەیان ئەمە حاڵی براکەم بوو. بۆ سبەینێ، کەنیزەکەکەی خاوەن ماڵ هات و براکەمی بینی بە تەختە نێڵەی ملەکەوە. هیچی بۆ نەوترا. ئەمجا کەنیزەکەکە هات. چووە ژوور سەری و وتی:
"زۆرم پێناخۆشە..... کە ئەمەت بە سەر هاتووە! من و خاتوون زۆرمان خەم بۆ خواردی."
براکەشم هێندەی لێ درابوو، هۆشی و گۆشی وەڵام دانەوەی نەمابوو.....! ئەمجا براکەم گەڕایەوە ماڵ. هێندەی زانی ئەو مەلایە پەیدا بوو کە نامەکەی بۆ نووسی بوو. سڵاوی لێ کرد و وتی:
"سڵاو لەو ڕووە ڕە، بەختیاریت سەروەر بێت."

براکەم وتی:

"نە سەرچاو، کام نازداریە؟ رەنگە تۆیش بۆ ئەوە هاتبیت کە بم خەیتە شوێنی گایەکەی تری ئاشەکە و تاکو بەیانی "بەرداش"م پێ بخولێنیتەوە!"

ئەویش پرسی:

"تووخوا چی بووە؟"

براکەشم بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە.

ئـەویش بـە لاقرتێـوە ئـەوە ئەسـتێرەتان جـووت بـووە....! گـەر حـەز دەکـەیت: بـۆت دەگۆڕم...! براکەم وتی:

"بشزانە: هیچ فروفێڵێك نەماوە؟ سەری شۆڕ کرد و بەرەو دوکان بـووەوە. تـا.... بـەڵکو کەسێك بەرگێکی پێ بدرووێت....تاکو پارەی ژەمێ خواردن پەیدا بکات. دوکانی کـردەوە و دانیشت هێندەی زانی کەنیزەکێك هات و وتی:

"ناردوومیان بە دوتدا: تاکو بێیت قسە لەگەڵ خاتوونم بکەیت."

براکەم پێی وت:

"برۆ... بەرێی خۆتەوە... هیچم نێوان نییە لەگەڵ خاتوونتدا."

کـە گەڕایـەوە و گێڕایـەوە. هێنـدەی پـێ نەچـوو، ژنەکـە چـووەوە: بـەر پەنجەرەکـە و هاواری کرد: لەبەرچی هیچمان ئاخر.... لەبەرچی هیچمان بە سەر یەکەوە نەماوە؟ براکـەم وەڵامی نەدایەوە. تاکو دواتر سوێندی بۆ براکەم خوارد، کە دەستی نەبووە. لە کارەساتی ناو ئاشەکەدا ئیدی براکەم دڵی ئاوی خـواردەوە و هیچـی تیـا نـەما. ئـیتر براکـەم، کەوتـەوە کـار کردن لە دوکانەکەیدا. رۆژێکیان کەنیزەکەکە هات و پێی وت:

"خاتوون، سڵاوی هەیە، دەڵێت با بێت بۆ ماڵ."مێردەکەشی دەڵێت:"دەبێت هەر بێت."

ژنە، وتبوی واز بێنن با کارێکی پێ بکەم، لە شاردا دەنگ بداتەوە. برا داماوەکەشم، بـێ ئاگایە لە فێڵی ژنان. کەنیزەکەکە، براکەمی لەگەڵ خۆی بردەوە ماڵ. کـە ژنەکـە، براکـەمی بینی وتی:

"بەرێز بیرت دەکەم."

بەرگدروویش وتی:

"منیش تاسەت دەکەم."

هێشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو کە مێردەکەی ئامادە بوو. لە براکەمی پرسی:

"ئەمە بۆچی، من لە مـاڵ نـیم و تـۆ ئـا بـەم شـێوەیە ژنەکـەم دەدوێـنی؟ بـەو خوایـە... دەبێت، دەستت بدەمە، دەستی پۆلیس."

هەر چەند براکەم پاڕایەوە، بێسوود بوو. لە پۆلیسخانە بە قامچی دەکەونە لێدانی برا کلۆڵەکەم. ئەمجا سواری وشترێکیان کرد و بە شاردا گێڕایان و خەڵکیان تێگەیاند: کـە ئەمـە شـەرواڵ پیسـە...! خەڵکەکـەش بـەردبارانیان کـرد، دواتـر شـار بـەدەریان کـرد. منـیش زۆر

ترسـام، شـوێنی کـەوتم و هێنامـەوە و لای خـۆم جێگـەم کـردەوە. ئێسـتاش لای خۆمـە.
خەلیفەش زۆر بە بەسەرهاتەکە پێکەنی:
"ئەی، کەم دووی بێ زمان! چاکت کردووە."
فەرمانی دا، خەلآت بکرێم و رێم بدەن برۆم، بەلآم من پێم وت:
"هیچت لێ وەر ناگرم، تاکو بەسەرهاتی براکانی تری خۆمت بۆ نەگێڕمەوە. حەزیش دەکەم وانەزانیت کە زۆربلێم!"

## چیرۆکی برای دووهەمی "هەڵەکون"

شەهرەزاد وتی: سەرتاشە گێڕایەوە کە برایەکی تری هەیە ناوی (فـەقیق)ە ئـەم برایـەی کوێرە! رۆژێکیان لە دەرگای ماڵێکی گەورە دەدات. تا....بەڵکو خێرێکی پێ بکەن. خاوەن ماڵ دەپرسێت:
"کێیە؟"
ئەمیش وەلآم ناداتەوە. کە دەرگا دەکاتەوە دەپرسێت:
"چیت دەوێت؟"
براکەشم دەڵێت:
"لەبەرخاتری خوا..... خێرێکیم بدەنێ!"
خانەخوێ دەپرسێت:
"تۆ کوێریت؟"براکەم دەڵێت:
"بەڵێ.... قوربان!"ئەویش دەڵێت:
"کە وابوو..... بێنە دەستت."
براکەشـم وا دەزانێـت شـتێکی دەداتـێ. دەسـتی دەداتـێ، ئـەویش لەگـەڵ خـۆی: بـە پلیکانەکەدا سەری دەخات. دەی گەیەنێتە سەربان. براکەشـم چاوەڕێی ئەوەیـە یـان تێـری بکەن.... یان شتێکی بدەنێ. ئەمجا خانەخوێ پرسییەوە:
"چیت دەوێت ئەی کوێر؟"
براکەشم دەڵێت:
"لەبەرخاتری خوا شتێکم بدەنێ."
ئەویش دەڵێت:
"خوا بت داتێ."براکەم پرسی:
"ئەی لە خوارەوە، لەبەر دەرگا. بۆ ئەمەت پێ نەوتم؟"ئەمجا وتیەوە:

"ئەتەوێ چیم لێ بکەیت!؟"

ئەویش دەڵێت:"هیچم نییە بتدەمێ."

براکەشم پێی وت:

"کەوابوو: دامگرەوە، خوارەوە."

ئەویش پێی دەڵێت:

"ڕێگەکە، لەبەردەمتایە. بۆخۆت دابەزە."

براکەم وردە وردە هاتە خوار، ٢٠ پلیکانەیەکی مابوو بۆ دەرگاکە. قاچی هەڵکەوت و تل بووەوە. تاکو دەم دەرگاکە! بەسەری شکاوەوە لەماڵەکە چووبووە دەرەوە!! بێئەوەی بزانێت.... بۆ کوێ دەڕوات. لە ڕێگا تووشی بووبوو بە تووشی هەندێ لە کوێرانی هاوڕێیەوە لێیان پرسی بوو:

"ئەوە، ئەمڕۆ چیت بەسەر هاتووە؟"

بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕابوونەوە! ئەمجا وتی:

"دەمەوێت چەند درهەمێك دەربێنم بۆ خۆم خەرج بکەم."

تومەز خاوەن ماڵەکە بە شوێنییەوەیە و گوێی لە قسەکانیەتی. براکەشم ئاگای لێی نییە. لە ماڵەکەیدا دانیشتبوو تاکو هاوڕێ کوێرەکانی هاتبوون... کە هاتنە ژوور پێی وتن:

"دەرگای دەرەوە دابخەن و ماڵەکە بپشکنن....!! نەکو کەسێکی بێگانە شوێنمان کەوتبێت."

کە کابرا گوێی لە تەگبیرەکە دەبێت: گوریسێك بە بن میچەکەوە دەبێت خۆی پێدا هەڵ دەواسێت. کوێرەکان هەموو ماڵیان پشکنی بوو کەسیان نەدۆزی بووەوە. ئەمجا لەولا براکەمەوە، سەر دەکەن بەیەکدا و دادەنیشن!! کەوتنە پارە ژماردن و پارەکەیان ١٢٠٠٠ درهەم دەبێت. ئیدی هەر یەکە و چەندی پێویست دەبێت لەپارەکەی هەڵدەگرێت و ئەوەی دەمێنێتەوە لە ژێر خۆڵدا دەی شارنەوە. ئەمجا خواردنیان هێناو پێکەوە خواردیان. یەکێکیان وتبووی:

"نەناسێکمان لەگەڵدایە."

خوا و ڕاسان دەست دەگێڕێت..... مەچەکی خاوەن ماڵ دەگرێت. بە هەموویان دەکەونە لێدانی. ئەمجا کەوتنە هاوار هاوار:

"خەڵکینە دز هاتۆتە سەرمان و دەیەوێت دزیمان لێ بکات!"

خەڵکێکی زۆریان لێ کۆ دەبێتەوە. کابرای لێدراویش خۆی دەکات بە کوێر و دەکەوێتە سکاڵا: لە کۆمەڵە کوێرەکە! دەڵێت:

"خەڵکینە.... بمان گەیەننە لای والی!"

خەڵکە کۆبووەکەش بردیاننە بەردەم ماڵی والی. والی هاتە دەر و پرسی:

"چی ڕوویداوە؟!"

کابرای چاوساغ و تی:

"قوربان... هەروا سەیر بکە...! لە منەوە دەست پێ بکە سزامان بدە."

ئەمجا دەستی راکێشا بۆ براکەم و وتی:

"ئەمەیان رێی بۆ دانام."

والی فەرمانی دا ٤٠ داریان لێدا...!! کە ئازاری چەشت. چاوێکیانی کردەوە. کە کەوتنەوە لێدانی چاوەکەی تری کردەوە! والی پرسی:

"لەعنەتی.... ئەمە چ کارێکە!؟"

ئەویش وتی:

"تۆ... مەهێڵە لێم بدەن... گەورەم ئێمە چوارمان چاو ساغین! خۆمان لە خەڵك دەگۆڕین و دەچینە ناو ماڵان... دەکەوینە زیان لێدانی خەڵك... پارەیەکی باشمان کۆ کردووەتەوە، کە ١٢٠٠٠ درهەمە. هەر هێندەم خۆش بوو داوای: ٣٠٠٠ درهەمی بەشی خۆمم کرد..... بۆم هەستان و تێر و پڕیان لێدام و پارەکەشمیان برد. ئێستاش خۆم دەخەمە پەنای خوا و تۆ....! بەشی رەوای خۆمم دەوێتەوە. حەزیش دەکەم راستی، قسەکەمت بۆ دەرکەوێت... لە هەر یەکەشیان بدە و لەوە زۆرتر بێت.. کە لە منیان داوە!!"

ئەمجا والی فەرمانی سزادانی، پێدان. ئەوانیش لە براکەی منەوە، دەستیان پێ کرد. بە پەیژمیەکیانەوە بەست. والی پێی وتن:

"رسواینە، گاڵتە بە نیعمەتی خوا دەکەن. وا پیشان دەدەن کە کوێرن!؟"

براکەم هاواری لێ هەستا و وتی:

"بەوخوایە.... "بینا"مان تێدا نییە!"

هێندەیان لێدا تا لە هۆش خۆی چوو. والی وتی:

"وازی لێ بێنن، تا بە ئاگا دێتەوە، ئەمجا لێی بدەنەوە."

ئەمجا هەر یەکە و زیاتر لە ٣٠ داری لێدرا. پیاوە "بینا"کەیش پێی دەوتن:

"چاوتان بکەنەوە... با.... لێدانەکەتان، بۆ دووبارە نەکەنەوە."

ئەمجا بە والی وت:

"گەورەم با لەگەڵم بێن، تاکو پارەکەت بۆ بێنن. ئەمانە چاو ناکەنەوە، لە ترسی خەڵك."

والی چەند کەسی خۆی لەگەڵ نارد و پارەکەیان هێنا و هەر لەوێدا ٣٠٠٠ درهەمەکەی ئەمیان دایە. ئەوەی مایەوە، بردی بۆ خۆی و تاوانبارانی لە شار دوور خستەوە. ئیتر ئەی میری موسڵمانان، چووم بە شوێن براکەمدا هێنامەوە لای خۆم. کە پرسیم: ئەمەی بۆ گێڕامەوە کە بۆم گێڕانەوە. ئیدی لە ماڵ شاردمەوە بە دزیەوە، بە خێوم دەکرد. خەلیفە زۆر بەم بەسەرهاتە پێکەنی. فەرمانی دا خەڵاتی بکەن و با...بڕوات"

منیش وتم:

"هەر چەندە: زۆربلێش نیم، بەڵام نارۆم تا بەسەرهاتی هەموویانت بۆ نەگێڕمەوە!!"
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٢

## بەسەرهاتی برای سێیەمی سەرتاشی هەڵەکون

شەهرەزاد وتی: برای سێیەمم..... پاشا گیان..... کە لارکوێرەکەمانە! قەساب بوو. لەم شاری "بەغدا"یە. لەبەر ئەوەی گۆشتەکەی هی رانە مەڕەکەی خۆی بوو. دەوڵەمەندانی شاری مشتەری ئەو بوون. پارەیەکی زۆر و خانووبەرمیەکی فرەی هەبوو....! رۆژێکیان کە لە دوکان خەریکی گۆشت فرۆشتن بوو، پیرێکی ریش سپی، چووە بەر دوکانەکەی، براکەشم، چەند درهەمێکی دایە. پیرەمێرد وتی:

"گۆشتم بدەرێ."

کە گۆشتەکەی وەرگرت لێیدا و رۆیشت کە پارەی گۆشتەکەی لێ وەرگرتبوو، سەرنجی دابوو: درهەمەکانی ئەم پیرەمێردە، زۆر جوان و بە بریسکەن! بۆیە بە جیا هەڵی گرت....! ماوەی ٥ مانگ ئەم پیرەمێردە هامشۆی دوکانەکەی دەکرد. براکەشم، سندوقێکی بۆ پارەکانی ئەو پیرەمێردە دانابوو. رۆژێکیان، براکەم دەیەوێت، بچێت چەند مەڕێك بکڕێت. بۆیە سەری سندوقەکەی ئەو پیرەمێردە هەڵدەداتەوە، دەڕوانێت لە چەند پارچە کاغەزێك زیاتر، هیچی دی تیا نییە!! دەکەوێتە، سنگ کوتان و هاوار کردن... خەڵکی لێ کۆ دەبێتەوە، ئەویش بەسەرهاتەکەیان بۆ دەگێڕێتەوە....خەڵکەکە سەریان سوڕ دەمێنێ...!! ئیدی وەکو جاران... بەرانێك سەر دەبڕێت و لاکەکەی، بە پێشی دوکانەکەیدا.... هەڵدەواسێت. ئەمجا لەبەرخۆیەوە دەڵێت:

"بەڵکو، ئەمە خوایە: پیرە نەگبەتەکە بێتەوە!"

سەعاتێکی پێ نەچوو پیرەمێردەکە بە پارە زیوەکەیەوە پەیدابوو. یەکسەر براکەم یەخەی دەگرێت و هاوار دەکات:

"موسڵمانان وەرن گوێ لەبەسەرهاتم بگرن. لەگەڵ ئەم بێناموسە."

پیرە پێی دەڵێت:

"کامیانت پێ باشە: بەرم بدەی، برۆم یان سووکت بکەم لە ناو خەڵکدا!؟"

براکەم دەڵێت:

"ئاخر.... بەچی حەیام دەبەیت!؟"

پیرە دەڵێت:

"بەوەی کە گوایە گۆشتی ئادەمیزاد دەفرۆشیت!! بە خەڵکەکە... بە گۆشتی مەڕ."

براکەم دەڵێت:
"مەلعون درۆ دەکەیت."
دیسان دەڵێت:
"ئەگەر ئەوەت بۆ کرا.... ئەوا سەرم و ماڵی خۆیشم دەدەم بە تۆ!"
پیرە هاواری کرد:
"موسڵمانینە، وەرن سەیری ناو دوکانەکەی بکەن!"
خەڵکەکەش هەڵمەتیان هێنا بۆ بینینی دوکانەکە، کە سەیریان کرد..... لاکی بەرانەکە بوون بە لاکی مرۆڤ! "کە خەڵکەکە ئەمەیان بینی: یەخەی براکەمیان گرت و هاواریان کرد:
"کافری بێ نامووس!!"
ئیتر کامەی خۆشەویستی بوو، پیا دەکێشا و دەیوت:
"ئەوە گۆشتی مرۆڤمان دەرخوارد دەدەیت؟"
پیرەمێردیش: مشتەکۆڵەیەکی کێشا بە چاویدا! چاوی تەقاند ئەمجا خەڵکەکە لاکە سەر براوەکانیان گەیاندە پۆلیسخانە. کە پیرە بانگ کرا بۆ شایەتی وتی:
"میرم ئەم قەسابە مرۆڤ سەر دەبڕێت و گۆشتەکەی وا دەفرۆشێت... کە گوایە هی مەڕە! داوا دەکەین یاسای خوا بەسەریدا جێبەجێ بکەیت."
هەر چەند براکەم هاواری کرد: بێسوود بوو. فەرمانی دا ٥٠٠ قامچی لێ بدەن. دەستیان بە سەر سامان و موڵکەکانیدا گیرا...! گەر دەوڵەمەند نەبووایە: هەر زوو دەیان کوشت. براکەشم دواتر سەری لووتی خۆی ڕەش کرد و سەری نایەوە. ڕۆیشت، تا گەیشتە شارێکی گەورە.... لەوێ کاری پینەچێتی، هەڵبژارد و دوکانێکی بچکۆلەی گرت و کەوتە پەیدا کردنی بژێوی خۆی. ڕۆژێکیان لە دوکان دەرچوو. دوای کەمێك گوێی، لە حیلەی ئەسپ بوو، پرسی:
"ئەوە چییە؟"
وتیان:
"پاشا دەچێتە ڕاو."
وەستا و کەوتە سەیر کردنی کاروانی پاشا، وا ڕێکەوت پاشایش براکەمی بینی. پاشا سەری داخست و لەبەرخۆیەوە وتی:
"پەنا بە تۆ دەگرم خوای مەزن لە شەڕ و بەڵای ئەمڕۆ."
ئەسپەکەی سڵەمیەوە و کاروانەکە وەستا. بۆیە پیاوانی دەرباری پاشا: پەلاماری براکەمیان دا لێدانێکی باش لێیان دا، کە خەریك بوو بە دەستیانەوە بمرێ، بێئەوەی بزانێت بۆچی لێی دەدەن؟ خۆی بە کێش کردەوە بۆ دوکانەکەی. دواتر، بەسەرهاتەکەی بۆ یەکێك لە پیاوانی پاشا گێڕایەوە. ئەویش پێی وت:

"براکەم، پاشا، حەز ناکات لارکوێر ببینێت! بە تایبەتی ئەوانەی چاوی راستیان کوێرە! ئیتر ئەوە بەرنادات تاکوت نەیکوژێت."

ئەمجا خۆیشی دایە قاقای پێکەنین..... کە براکەم ئەمەی بیست لە ترسانا ئەو شارەیشی جێ هێشت. چووە شارێك کەس نەیناسێت و ماوەیەکی زۆر لەوێ مایەوە. رۆژێکیان بیری لە خۆی کردەوە، دواتر وتی چی دەبێت، با ببێت! رۆیشتە پیاسە و گەڕان، گوێی لە حیلەی ئەسپ بوو، چونکە ترسابوو، بە خۆی وت: خوا ناردی! زۆر بە پەلە کەوتە تەقەلای خۆشاردنەوە، شوێنی دەست نەکەوت و خۆی دا بە دەرگای ماڵێکدا. دەرگا کرایەوە. چووە ژوور، سەیری کرد دالانێکی درێژە، هێندەی زانی: دوو کەس قۆڵیان گرتو وتیان:

"سوپاس بۆ خوا، کە تۆمان گرت....ئەی دوژمنی خوا... ئەوە ٣ شەوە، ناهێڵێت بنووین! مردنت پیشان داوین!"

براکەشم وتی:

"خزمینە چیتان لێم دەوێت؟"

وتیان:

"خۆت لێمان دەگۆڕیت، پیلان دادەنێیت بۆ کوشتنی، خاوەن ماڵەکە! بە هێندە کۆڵی لێ نادەیت: کە هەژار و بێ پارە و پوولتان کرد!؟ دەی وەکو شەوانی پێشوو چەقۆمان لێ دەربێنە!"

کە جلەکانیان پشکنی روانیان چەقۆیەکی پێیە! براکەم کەوتە خۆی و هاواری کرد:

"خەڵکینە: لە خوا بترسن! من خراپم بەسەر هاتووە. بەسەرهاتێکی سەیرم هەیە!"

ئەوانیش پرسیان :

"بەسەرهاتی چی!؟"

ئەمجا براکەم کەوتە گێڕانەوەی. ئێ...بەڵکو، بەرەڵڵای بکەن.

بەڵام ، بێسوود بوو، هێندەیان لێدا، جلەکانیان لەبەردا دڕی... جێگای لێدانیان، بە پشتیەوە بینی. بۆیە پێیان وت:

"مەلعون... ئەوە شوێنی لێدانت بە پشتەوەیە؟"

ئەمجا براکەمیان بردە لای والی. براکەم لە دڵی خۆیدا وتی:

"مەگەر خوا پەنام بدا.... ئەگەرنا، تاوانبار بووم و لێ بوومەوە."

والی لێی پرسی:

"خوێڕی... چی وای لێکردی بچیتە سەریان و هەوڵ بدەیت، بیان کوژیت؟"

براکەشم وتی:

"بۆ خاتری خوا..... مۆڵەتم بدە و گوێم لێ بگرە."

والیش وتی:

"گوێ لە کەسێك بگرم هەموو لەشی شوێنی قامچی لێدانە! و خەڵکی هەژار و بێسامان دەکات؟"

ئەمجا وتی:

"تاوانێکی گەورەت نەکردبێت، بەو شێوەیە، دارکاری ناکرێیت."

والیش فەرمانی دا:

"١٠٠ شووڵی لێ بدەن."

کە هۆشی هاتەوە سواری وشتریان کردبوو بە شاردا دەیان گێڕا.....بانگەوازیان بۆ دەکرد: خەڵکینە ئەوە سزای ئەو کەسانەیە، پەلاماری ماڵی خەڵکی دەدەن. ئەمجا فەرمانی بۆ دەرچوو شار بەدەر کرا. ناچار شوێن براکەم کەوتم و هەواڵیم پرسی. کە دەروانم بەرجنێو دراوە!! بە دزیوە هێنامەوە و بردمەوە ماڵی خۆمان. لێی دانیشت و کەوتمە بەخێو کردنی.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو...... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٣

## بەسەرهاتی برای چوارەمی سەرتاشی هەڵەکون

شەهرەزاد وتی:

باوکێکی پیرەمێردمان هەبوو..... برای چوارەمم هەر دوو گوێی برابوو. شەوانە سواڵی دەکرد. رۆژانەش هەمووی خەرج دەکرد. باوکە پیرەمان کە مرد ٧٠٠ درهەمی بۆ بەجێ هێشتین. لە نێوان خۆماندا بەشمان کرد. ئەم برایەم سەراسیمە بوو: کە چی لەم پارەیە بکات...! ئەوە بوو بە خەیاڵیدا هات و شووشەی جۆراوجۆری پێ کڕی. بردیە بازاڕ و بە لادیوارێکدا هەڵی پەسارد. ئەمجا کەوتە بیر کردنەوە و بە خۆی وت:

"سەرمایەکەم ١٧٥ درهەمە.... کە فرۆشتمەوە، دەبێتە ٢٠٠ درهەم. دواتر بایی ٢٠٠ درهەمەکە دەکڕم. کە ئەویشم فرۆشتەوە سەرمایەکەم دەبێتە ٤٠٠ درهەم. ئیتر ئەمەندە دەکڕم و دەفرۆشمەوە.....تاکو پارەیەکی زۆرم دەبێت.

ئەمجا لە هەموو شتەکان دەکڕم، کاسبی بە ئاڵتونیشەوە دەکەم، ئیتر هەر زۆر زۆر قازانج دەکەم. ئەمجا خانووبەرەیەکی گەورە دەکڕم. خزمەتکار دەکڕم. ئەسپی پشت بەزینی زێڕین دەکڕم. خواردن و خواردنەوەی چاك. گۆرانی بێژ نامێنێت، بانگی نەکەمە ماڵی خۆم، هەر ئیش دەکەم تاکو، خوا یار بێت سەرمایەکەم دەبێتە ١٠٠٠٠٠ دینار. ئەوا قەفەزی شووشەکەیش، بەرامبەرێتی ئەمجا لەبەر خۆیەوە وتیەوە: "ئەمجا......کە ١٠٠٠٠٠ دینارم بوو، دەلاڵ دەدۆزمەوە، تاکو ڕەوانەی ماڵە پاشا و وەزیرانییان بکەم بۆ خوازبێنی کچانیان...! هەر

کچە وەزیر داوا دەکەم. بیستوومە زۆر جوان و نازدارن! چی تیایە: ١٠٠٠ دینار مارەیی. گەر وەزیر پەسەندی بوو....ئەوا چاکە! گەرنا... هەر بە زۆر لێ دەسەنم! ئەمجا... ١٠ خزمەتکار دەکرم. جل و بەرگی پاشایانەش دەپۆشم...ها!! تەنانەت قەڵپووزی زینی ئەسپەکەم دەبێت لە زێڕ بێت! هەر کە سوار بووم خزمەتکاران هەندێکیان بە دوامەوە...هەندێکیان پێشم دەکەون! بە شاردا دەگەڕێم، خەڵکی دەم بینن و سڵاوم لێ دەکەن.....ئەمجا خۆم دەکەم بە لای وەزیری خەزوورم دا. لەبەرم هەڵدەستێت و لە شوێنی خۆی دام دەنێت...!! چونکە دەبێتە مامم. ئەمجا ٢ خزمەتکار بانگ دەکەم کە هەر یەکەیان کیسەیەك پارەیان پێیە و هەر یەکەیان ١٠٠٠ دینارە. ١٠٠٠ دینار مارەیی دەدەم بە خەزوورم... ئەمجا کیسە ١٠٠٠ یەکەی دی هەروا دەدەم پێیان: تاکو....تێیان بگەیەنم، پارەم لەلا بێنرخە و ، زۆری ترم هەیە! خۆ..... ئەگەر رووی دەمی کردە من و ١٠ وشەی قسە بۆ کردم ئەوا من: بە دوو وشە وەڵامی دەدەمەوە کە گەڕایشمەوە، ماڵی خۆم خزمەتکارانی، ماڵی ژنەکەم هاتن.... دەست بە دیاری بوون، ئەوا وەری ناگرم لێیان، خەڵاتیشیان دەکەم. تاکو تێیان بگەیەنم، نەفسم بەرزە و نرخی خۆم رادەگرم. پێش ئەوەی ژنەکەم بگوێزمەوە، خانووەکەم نۆژەن دەکەمەوە. لە کاتی زاوایەتی دا: کە لەسەر ئەو کورسییە دانیشتم ئەوەندە بە دەوروبەردا ناڕوانم.....تاکو دەری بخەم ژیرم و ژنەکەشم بە بەرگی ئاڵ و واڵا و زێڕەوە وەکو خەرمانی گوڵ لای خۆمەوە دەدرەوشێتەوە. منیش بە ئیعجابەوە لێی دەڕوانم....!

بێگومان ئاهەنگ لە دڵی خۆیاندا پێم دەڵێن: سەیر بکە.... چێژی لێ وەربگرە. دەستمان بە لایەکت. ژنێکی ئاوا جوان بووەتە کەنیزەکت!!"دواتر زۆرینەیان کڕنووشم بۆ دەبەن ئەمجا سەرم بڵند دەکەم و سەیرێکی بووکێ دەکەم و سەرم نەوی دەکەمەوە. ئیدی دەیبەن. جوانترین بەرگی پێ دەپۆشن. گەر جاری دووەم بووکەیان هێنایەوە: سەیری ناکەم. تاکو چەند جارێك نەپرسن... ئەمجا سەیری دەکەم و سەرم دادەخەمەوە. تاکو بووکە دەبەن. ئەمجا فەرمان دەدەم توورەکە پارەیەکی ٥٠٠ دیناری هەڵبدەن بۆ: ئەوانەی سەری بووك شانە دەکەن و دەیڕازێننەوە. دواتر بووکە دێننە لای دانیشتوان. کە هێناشیان سەیری ناکەم. دواتر دایکی بووکە دێت و سەرم ماچ دەکات. پێم دەڵێت:

"بەڕێز، ئاگات لەم کەنیزەکەت بێت."

منیش خوا نەکات وەڵامی بدەمەوە. کە ئەمە دەبینێت، ئەمجا پێیەکانم ماچ دەکات و دەڵێت:

"بەڕێز کچەکەم.....شەرمنە، گەر ئاوا رەفتار بکەیت، دڵی دەشکێت. رووی بدەرێ و بیدوێنە."

ئەمجا دەڕوات جامێ شەرابم بۆ دێنێ کچەکەی لێی وەردەگرێت. گەر بۆی هێنام، بە وەستاوی پشتگوێی دەخەم و شان دادەدەم و هێندە خۆم بەزل دەگرم. هەر سەیریشی ناکەم! تاکو باوەڕ دێنێ. کە من سوڵتانێکی مەزنم و پێم دەڵێت:

"بەرێز بۆ خاتری خوا.... جامە شەرابەکە، مەگێڕەوە و لە کەنیزەکی خۆتی وەربگرە."
هیچ نالێم....! ها...نە....ناوا..زللەیەکی لێ دەدەم و ناوا....شەقێکی تێهەڵدەدەم!! لەو خەیاڵەدا.... دەست و قاچی دەکێشێت بە قەفەزە شووشە هەڵپەسێردراوەکەدا و دەیخات. سندوقە شووشە هاڕە دەکات و هەمووی دەشکێت....! براکەیشم بە دەم هاوار و گریانەوە دەڵێت:
"ئەمەش ئەنجامی خۆ بەزل زانین...."

شەهرەزاد گێڕایەوە:
سەرتاشەکە وتی:
"براکەم جل و بەرگی لەبەرخۆیدا دڕی و کەوتە لەخۆدان.... خەڵکەکەش بەرەو مزگەوت و نوێژ کردن دەچوون. لێی کۆ بوونەوە هەندێکیان بەزەییان پێدا هاتەوە، دەستگیرۆییان کرد. هەندێکیش گوێیان نەدایە. براکەشم یەك سەعات گریا. هێندەی زانی ژنێکی جوان و خان و مان، بە سواری هێسترێکەوە پەیدا بوو. هەندێ خزمەتکاری لەگەڵ بوو. قەڵپووزی زینی هێسترەکەی زێڕ بوو بۆنی مسکی رۆژە رێیەك دەڕۆیشت. بۆ نوێژی جەماعەتی جومعە دەچوو. کە بەم شێوەیە براکەمی دی بەزیی پێدا هاتەوە. دڵی نەرم بوو و پرسی، تێیان گەیاند کە چۆن ئەم شووشە فرۆشە، شووشەکانی شکاوەو، ئەویش رۆژی لەسەر ئەم کارەیە. ژنەکەش، فەرمانی دا بە خزمەتکار، توورەکەیەك پارەی بدەنێ. توورەکەکە ٥٠٠ دیناری تێدا بوو. کە براکەم پارەکەی وەرگرت: لەخۆشیانا، خەریك بوو، تێك بچێت...! دەستی کردە، نزا کردن بۆ خێرەوەمەندەکە. بە دەوڵەمەندی گەڕایەوە بۆ ماڵ. لە ماڵەوەش لە کاتێکدا، بیری هەر بەلای پارەکەوە بوو لە دەرگا درا. چوو کردیەوە. پیرەژنێکی بینی کە نەیدەناسی، پێی وت:
"کوڕەکەم، کاتی نوێژ نزیك بووەتەوە، منیش دەستنوێژم نییە.... رێم دەدەیت، لێرە دەستنوێژ هەڵبگرم؟"
براکەشم وتی:
"فەرموو"
مەسینەیەکی پڕی دایە. خۆیشی دڵخۆش پارەکەی بوو، کە پیرەژنە، هاتە دەر بەرماڵی بردە لای ئەو شوێنەی، براکەمی لێبوو، دوو رکات نوێژی کرد. ئەمجا نزا و پاڕانەوەی

بەخێری بۆ براکەم کرد. براکەشم دەستی برد، لەو توورەکە پارەی ٢ دیناری دایە، پیرەژنەکە، لە دڵی خۆیدا وتی:

"ئەوەش خێری خۆم."

پیرەژنە وتی:

"پەنا بەخوا....تۆ بۆ دەمکەیتە سوالکەر: ئەوەش پارەکەت بیگرە! پێویستم پێی نییە. ئەگەر دەتەوێت، ئەو ژنە مارە بکەیت، کە ئەم پارەیەی پێ بەخشی بوویت، ئەوا کارەکەت بۆ دەکەم! چونکە هاورێمە. "

براکەم وتی:"جا..... ئەوە چۆن چۆنی دەیکەیت؟"

پیرەژنە وتی:

"کورەکەم.... ئەو ژنە، شوو بە پیاوی دەوڵەمەند دەکات..... تۆیش هەر چییەکت پارە هەیە، لەگەڵ خۆت بیهێنە و شوێنم بکەوە... کە چووینە ماڵی ژنە.... خۆ بەرەپێش مەبە مامە حەمەیی مەکە! ئیتر ژنەکە چەندت بە خەیاڵدا بێت لە پارە.... دەتداتێ!"

براکەم هەر چییەك پارە و زێری بوو، هەڵی گرت و شوێن پیرەژنە کەوت و لە خۆشیدا برِوای بە خۆی نەدەکرد. تا.... گەیشتە بەر دەروازەیەك و لە دەرگای دا. کەنیزەکێکی رۆمی لێی کردنەوە. پیرەژنە چووە ژوور و براکەم بە دوایدا. خانوویەکی گەورە، خەڵکێکی زۆر، کۆمەڵە فەرشێکی نایاب راخراوە. چەند پەردەیەکی جوان هەڵواسراوە. براکەم دانیشت و زێر و پارە لە کۆسیدا. چەفتە و جامانەی لەسەر رانی دانا. هێندەی کۆیلەیەکی رەشی قەبەی مەچەك ئەستوور.... بە شمشێرێکەوە هات و لێی پرسی:

"داماو... کێ تۆی هێنایە ئێرە!؟ چی دەکەیت!؟"

ئەمیش وا ترسا کە زمانی لاڵ بوو... هیچی بۆ نەوترا. کۆیلەش هەر گرتی و جل و بەرگی لەبەر داکەند! هێندەی بەلاپانی شمشێرەکە لێدا، تاکو لە هۆش خۆی چوو. کۆیلەی نەگبەت، وای زانی ئیتر مردووە. براکەم هێندەی گوێ لێبوو، کۆیلەکە وتی:

"خوێم بۆ بێنن!"

کەنیزەکێك پڕ بە سینییەك، خوێی بۆ هێنا. ئەویش کەوتە خوێ کردنە سەر برینەکانی. براکەم لە ترساندا نەدەجوولا. نەکو بزانێت کە نەمردووە. کەنیزەکەکە رۆیشت. ئەمجا پیرەژنەکە هات و هەر دوو قاچی براکەمی راکێشا بەرەو ژێرزەمینەکەیان. فرێی دایە، ناو کۆمەڵە کوژراوانێکی ترەوە....!

دوو رۆژ لەوێدا مایەوە. ئەو خوێیە بووە هۆی وەستاندنی خوێن بەربوونەکەی و نەمرد...! ئەمجا کەوتە خۆی، هەر چۆنێك بوو بە تاریکی شەو، لە ژێرزەمینەکە هاتە دەر و بە داڵانەکەدا خۆی گەیاندە .... دەروازەی دەرەوە. بەیانی پیرەژن، هات و دەرگای کردەوە بەرەو راو کردنی نێچیرێکی دی!! براکەشم شوێنی کەوت، بێ ئەوەی پێی بزانرێ. تا گەیشتەوە، ماڵی خۆیان. ئەمجا کەوتە تیمار کردنی خۆی. چاك بووەوە دواتر کەوتە:

چاودێری کردنی. پیرەژنەش، هەر خەڵکی دەبردەوە، بۆ ماڵەکە. براکەشم لێی بێدەنگ بوو. کە چاك بووەوە، توورەکەیەك وردە شووشەی لە کەمەری بەست. جۆرێك خۆی گۆڕی کە کەس نەی ناسێتەوە. هەر کە پیرەژنی بینی پێی وت:

"پیرەژن، نامۆم! ئەمڕۆ گەشتوومەتە ئێرە، کەس ناناسم شوێنێك شك نابەیت، ئەم ٩٠٠ دینارە زێڕەم بۆ بگۆڕێت!؟ شتێکیش بەخشیش دەدەمە خۆت."

پیرەژنەش وتی:

"کوڕێکی پارە گۆڕم هەیە... خێرا شوێنم بکەوە، نەکو بڕوات، با..... بۆت کێشانە بکات."

براکەشم وتی پێشم بکەوە. ڕۆیشتن تاکو گەیشتنە بەر: هەمان دەروازە، هەمان کەنیزەك درەگای لێ کردنەوە پیرەژن بە ڕوویدا پێکەنی، بە دزیەوە پێی وت:

"کاری ئەمڕۆمان چەورە!"

کەنیزەکەکە دەستی براکەمی گرت و بردیە ژوورەوە، لە هەمان شوێنی جاری پێشوو، دایناپەوە. دیسان سەعاتێك لای براکەم دانیشت. ئەمجا هەستا و بە براکەمی وت:

"نەڕۆیت، بەم لاولادا.... هەر ئێستا دێمەوە."

هێندەی پێ نەچوو کۆیلە ڕەشە لەعنەتییەکە: بە شمشێرێکەوە پەیدا بوو. بە براکەمی وت:

"هەستە مەلعوون براکەمی برد. خۆی لە پێشەوە و براکەم بەدوایدا. براکەم شمشێری ژێر جلەکانی لێ ڕاکێشا و کوشتی. قاچی ڕاکێشا بۆ ژێر زەمینەکە. ئەمجا بانگی کرد:

"خوێیەکە کوا؟"

کەنیزەکەکە بە خۆی و سینییەك خوێ، هات. کە براکەمی بینی، هەر سینی دانا و بە پەلە ڕایکردە دەرەوە. ئەمجا براکەم بانگی کرد:

"پیرەژن... لە کوێیت؟"

پیرەژنە چووە ژێرزەمینەکە گرتی و پێی وت:

"پیرەژنە سەر ئاسنینە، دەم ناسیەوە؟"

وەڵامی دایەوە:

"نە.... گەورەم."

ئەمجا براکەم وتی:

"خاوەن پارە زێڕەکانم. ئەوەی لە ماڵەکەمدا نوێژەکەت کرد.... دوایی منت هێنایە ئێرە!"

پیرەژنە وتی:

"لە خوا بترسە نیەتت بگۆڕە!"

براکەم بە شمشێرەکەی دەستی ئەویش پارچە پارچە کرد. ئەمجا گەڕا ..... تاکو کەنیزەکەکەی دۆزەیەوە. کەنیزەك هاواری کرد:

"بمپارێزە بۆ خوا!"

براکەم نەی کوشت. لێی پرسی:

"ئەی تۆ چی دەکەیت لێرە؟"

کەنیزەکەکە وتی:

"کوڕە کاکە، کارەکەری ماڵە بازرگانێك بووم. ئەم پیرەژنە جاروبار سەری لێ دەدام... تاکو هۆگری بووم. رۆژێکیان هات و پێی وتم:

"ئەمڕۆ ئاهەنگێکمان هەیە کە لە وێنەی نییە... وەرە با لەگەڵ خۆم بتبەم."

منیش چووزانم... وتم زۆر باشە. ئیتر خۆم رازاندەوە و ئاڵتوونم لە خۆم دا و ۱۰۰ دینارم خستە توورەکەیەکەوە و لەگەڵ خۆم بردم. ئەویش کردمی بەم ماڵەدا. هەر هێنـدەم زانی ئەو کۆیلە رەشە بردمی. ئەوە ۳ ساڵی رەبەقە لەم ماڵەدا، خزمەتم پێ دەکەن.

ئەمجا لێی پرسی:

"هیچ لەم ماڵەدا هەیە!؟"

کەنیزەکە وتی:

"ئەمانە زۆر دەوڵەمەندن! گەر دەتوانیت، پشت و پەنا بە خوا، شتەکانی ببە!"

کەنیزەکی لەگەڵ خۆی برد. سەری سندوقەکانیان هەڵدایەوە... پڕبووون لە توورەکە. براکەم سەری سوڕما. کەنیزەکەکە وتی:

"من لێرە دەبم... تۆیش بڕۆ. هەوڵی گواستنەوەیان بدە."

براکەم ۱۰ کەسی بە کرێ گرتبوو، کە هاتەوە ماڵەکە، بینی دەروازە والایە.... کە چوونە سەر سندوقەکان. بۆی دەرکەوت.... کەنیزەکەکە، تاکو توانیویەتی، لێی لێیان بردووە. براکەمی هەڵخەڵەتاندووە. ئەوەی مابووەوە، لەگەڵ قوماش و شتی ناوماڵ هەمووی برد. ماڵ هیچی تیا نەمایەوە. ئەو شەوەی بە دڵخۆشی بردە سەر.

بەیانی رۆژی دواتر.... کە دەرگای ماڵی کردەوە ۲۰ سەربازی بینی. گرتیان و پێیان وت:

"والی داوات دەکات."براکەشم: زۆر پاڕایەوە، کە چەند سەعاتێك مۆڵەتی بدەن. بێسوود بوو. بەرتیلی پێدان: وەریان نەگرت! قۆڵبەستیان کرد و بردیان. لە رێگا ناسیاوێکی بینی: زۆری لێ پاڕایەوە یارمەتی بدات. ئەویش لێی پرسین:

وتیان:

"والی داوای کردووە، ئێمەش بۆی دەبەین."

ئەمجا پێی وتن:

"۵۰۰ دینارتان دەدەمێ بەری بدەن و بگەڕێنەوە و بڵێن لە ماڵ نەبووە. تا بیگرین."

بەلام رازی نەبوون. بە کێشیان کرد، تا گەیاندیانە لای والی.

والی لێی پرسی:

"ئەو هەموو سامان و قوماشانەت لە کوێ بوو؟"

براکەم وتی:

"بمپارێزن!"

والیش دەستەسڕی پارێزراوی دایە! ئەمجا گێڕایەوە کە چۆن پیرەژنێك کردوویەتی بە ماڵێکدا، تاکو کۆتایی بەسەرهاتەکەی.

ئەمجا بە والی وت:

"چیم هێناوە، بیبە بۆ خۆت.... هێندەم بۆ جێ بێڵە پێی بژیم."

والیش هەموو شتەکانی براکەمی دەست بەسەرا گرت. ئەمجا لە ترسی ئەوەی سوڵتان پێی بزانێت، ناردیە شوێنی براکەم و فەرمانی دایە:

"گەر ئەم شارە بەجێ نەهێڵێت، لە سێدارەت دەدەم."

براکەم ناچارە شاری جێهێشت. لە رێگا جەردە رووتی دەکاتەوە و جلەکانی بەریشی لێ دەسەنن...! بە ئەوەیشەوە ناوەستن... هەر دوو گوێشی دەبڕن! دیسان کەوتمە گەڕان بە شوێنیدا. دۆزیمەوە پۆشتەم کردەوە. هێنامەوە لای خۆم. شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو...... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٤

## چیرۆکی برای پێنجەمی سەرتاشی زۆربڵێ

شەهرەزاد وتی:

سەرتاشەکە وتی:

"میری موسڵمانان، ئەم برایەیانم هەر دوو لێوی بڕاوە. زۆر هەژار و دەست کورت دەبێت. رۆژێکیان دەچێتە دەرەوە تاکو شتێك پەیدا بکات بیخوات! خانوویەکی خۆش دەبینێت. بەر دەرگاکەی پڕە لە خزمەتکار و دالانێکی گەورەی هەیە. لە خەڵکەکە دەپرسێ دەڵێن:

"ماڵە بەرمەرکییە..!"

ئەویش دەست لە دەرگاوانەکان پان دەکاتەوە بۆ سواڵ. ئەوانیش دەڵێن: بچۆ ژوورەوە، خاوەن ماڵ نائومێدت ناکات. چووە ژوورەوە. ماڵێکی زۆر خۆشی بینی لە ناوەراستیدا رەز و باخ بوو کە هەرگیز نەیدیبوو. زەوی ژوورەکان، لە بەردی مەرمەڕ بوون. پەردەکان شۆڕ ببوونەوە. براکەم سەراسیمە بوو، نەیدەزانی روو بکاتە کوێ؟ پیاوێکی سەر و ریش جوانی بینی! لەبەری هەستاو بەخێری هێنا. ئەمجا لە براکەمی پرسی!؟ براکەشم وتی:

"که هەژار و دەست کورتە...!"

پیرە کە ئەمەی بیست خەمێکی زۆری بۆ خوارد. یەخەی خۆی دادڕی و وتی:

"چۆن دەبێت من لەم شارەدا بم و هەژاری وەکو تۆی تیا بژێت!؟ نەخێر خۆم پێ ناگیرێت...!"

ئەمجا پەیمانی چاکی بە براکەم دا. پێی وت:

"دەبێت پەیوەندیمان پێکەوە هەبێت...!"

براکەم وتی:

"گەورەم، ئارامم لەبەر هەڵگیراوە. زۆرم برسییە."

ئەمجا هاواری کرد:

"ئادەی تەشت و مەسینە بێنن."

ئەمجا وتی:

"میوانی ئازیزم فەرموو دەستت بشۆ."

کەچوو، نە تەشتی بینی و نە مەسینە، هەروا گەڕایەوە، ئەمجا هاواری کرد، سفرە و خوان ئامادە بکەن. دوای کەمێك بە براکەمی وت:

"فەرموو، نان بخۆ!"

براکەم کەهیچی نەبینی بوو: دەستی درێژ کرد، کە گوایە نان دەخوات.... خانەخوێ پێی وت:

"سەیرە کوڕە خۆ شتێکی وات نەخوارد!"

ناچار دەستی بردەوە، هەر وەکو ئەوەی خواردن دانرابێت. ئەمجا خانەخوێ کەوتەوە قسە کردن:

"تۆ سەیری ئەو نانە سپییە جوانە."

براکەشم هیچی نەدەبینی. لە دڵی خۆیدا وتی:

"ئەم پیاوە حەز بە رابواردن دەکات بە خەڵك."

بۆیە پێی وت:

"گەورەم، هێشتا نانی وا سپی و بە تامم نەخواردووە!"

پیاوەکە پێی وت:

"ئەمە کەنیزەکێکم بۆی کردووم کە ٥٠٠ دینارم پێداوە."

ئەمجا هاواری کرد:

"ئادەی کوڕە.... شۆربای بۆ بێنن.... با، چەوریش بێت!"

دوای کەمێك وتی:

"توو... سەری من تێر بخۆ. بزانە، شۆربای وا بە تامت خواردووە!؟ شەرم مەکە."

ئەمجا بانگی کرد:

"ئادەی.... کوڕە گۆشتاوی (قەتێ) بێنە."

ئەمجا بە براکەمی وت:

"فەرموو بخۆ.... میوانی ئازیز، درێغی مەکە."

براکەشم هەر دەم دەجولێنێ و هیچ قووت نادات!! ئیدی کابرا هەر جۆری خواردن بانگ دەکات و هیچ نایەت و خێرا... خێرا بە براکەم دەڵێت:

"فەرموو، بخۆ."

ئەمجا وتی:

"دەی... خواردنی مەحشی بێنن، با.... ناوەکەی پڕ بادەم بێت!"

ئەمجا بە براکەمی وت:

"ئەمانە بە بادەم ئاخنراون...!! تکایە: هێندە بخۆ... کە هەرگیز نەتخواردبێت!"

خانەخوێ وەسفی ئەو خواردنانەی کە دەکرد، براکەم.... خۆی برسی بوو، هێندەی تر برسی دەبوو!! بۆیە بە نانێکی جۆ قایل بوو. ئەمجا بە براکەمی وت:

"خواردنی ئاوا... بە تامت خواردووە؟"

براکەم وتی:

"نەخێر گەورەم."

ئەویش وتی:

"درێغی لێ مەکە. نۆشی گیانت بێت! شەرم نەکەیت!"

برا داماوەکەشم وتی:

"تێرم خوارد!"

خانەخوێ فەرمانی دا:

"سفرەو خوان هەڵبگرن و وتی:

"ئەمجا شیرینی بێنن."

دواتر دەستی درێژ کرد و وتی:

"ئەمانە.. تازە لە دارەکانیان کراونەتەوە. ... فەرمو بخۆ."

براکەم کە زۆر پەست بوو"دەستی درێژ کرد."بە تەوسەوە پرسی:

"ئەم میوانە: لەوە دەچێت بۆنی مسکیان پێوە کرابێت!!"

خانەخوێ وتی:

"ئەوە... وا پێی راهاتووم ... هەموو جارێك مسقاڵێك بۆنی مسکی پێوە بکەن و نیو مسقاڵ عەنبەر!!"

لە کاتێکدا براکەم گوپەکانی هەڵدەئاوسانن و دەم و لێوی بادەدا!! کابرا پێی وت:

"لەم بادەمەیش بخۆ و شەرم مەکە."

براکەشم وتی:

"گەورەم، زۆرم خوارد و ئیتر ناتوانم."

ئەویش وتی:

"میوانی ئازیز، هەرچیم خستە بەردەمت، سەیریان مەکە، بخۆ و تووخوا برسی مەمێنە!!"

براکەشم وتی:

"گەورەم: هەر کەس لەو خواردنانەی تۆ بخوات چۆن برسی دەبێت!؟"

ئەمجا براکەم لە دڵی خۆیدا وتی:

"مەرج بێت کارێکت بەسەر بێنم ئەمەت پێ تەرك بدەم!!"

ئەمجا کابرا کۆڵی نەدا و فەرمانی دا:

"خواردنەوەمان بۆ بێنن."

دەستیان لە هەوادا بادا.... هەر وەکو ئەوەی خواردنەوە وەربگرن. ئەمجا پیاڵەیەکی دایە دەست براکەم و وتی:

"سوێندت دەدەم... ئەم پێکەم لێ وەربگرە... گەر بە دڵت بوو.... پێم بڵێ!"

براکەشم وتی:

"گەورەم، ئەم مەیە بۆنی خۆشە.... بەڵام من حەزم لە شەرابی کۆنی ٢٠ ساڵەیە!."

ئەویش وتی:

"تۆ ئەمە نۆش بکە.... لەمە بەتام ترت نەخواردۆتەوە!".

براکەم وەری گرت و سەر لێوی خست... هەر وەکو ئەوەی مەی تیابێت. کابرا پێی وت:

"نۆشت بێت."

ئەمجا خانەخوێ، دوو پیاڵەکەی پڕ کردەوە و دانەیەکی دایە براکەم وخۆیشی ملی بۆ درێژ کرد. وەکو ئەویە مەی تیا بێت...! هەڵی دا. براکەم وای نیشان دا، کە سەرخۆشە. ئەوی خلافاند و دەستی بڵند کرد و تا هێزی تێدا بوو، زللەیەکی لێدا، کە ناڵەی هات. ئەمجا بۆی نوێ کردەوە پیاوەکە وتی:

"ئەمە چی بوو.... هەی رسوا!؟"

براکەم وتی:

"گەورەم، بچووکی خۆت، هێنایە ماڵ و تێر و پڕت کردم! مەییت پێ نۆش کردم... سەرخۆش بووم! ئێستاش تۆ لەوە گەورەتریت: تا لێ پرسینەوەم لەگەڵ بکەیت!"

ئەویش کە ئەمەی بیست دایە قاقای پێکەنین و وتی:

"زمان درێژیەکەی منیش کەم وێنەیە!! ئاوا... حەزم بە گاڵتە کردنە بە خەڵك...! بەراستی کەسیان وەکو تۆ: ئارام و خۆڕاگر نەبوون! بۆیە... لێت خۆش بووم... ئێستاش هەر بە ڕاستی با ببینە هاوڕێ!"

ئـەمجا فـەرمانی دا سـفرەیان بـۆ راخـرا، هەنـدێك لـەو خواردنانـەی: کـە زووتـر بانگی کردبوو.... دانرا دواتر شەرابیان خواردەوە. کەنیزەکان.... گۆرانی بێژان.. بە سەما و گۆرانی کۆڕەکەیان خۆش کرد. کابرا براکەمی.. چووە دڵەوە و زۆری خـۆش ویسـت! ئـەو شـەوە لەماڵیان مایەوە! هاوڕێیەتیان زیاتر لە ٢٠ ساڵی خایانـد. ئـەمجا کـابرا مـرد و سوڵتان دەستی بەسـەر موڵك و سامانی دا گـرت وکەوتـە گیـانی براکەشـم مـاڵی ئەویشیان تـاڵان کـرد. کە براکەم هەژار و بێدەرتان بوو. سەری خۆی هەڵگرت و ڕۆیشت، لە ناوەڕاستی ڕێگادا چەند جەردەیەکی عەرەب گرتیان و کردیانە "کۆیلە"... هەر لێیان دەدا و پێیان دەوت:

"مردووت مری، پارە بێنە و ئازادی خۆت وەربگرەوە!"

براکەشم دەی وت:

"من هەژار و نەبوو.... چیم لێ دەکەن بیکەن!"

تاکو یەکێکیان چەقۆیەکی لێ دەرهێنا و هەر دوو لێوی بـڕی. کـە ئومێـدیان لـە براکەم بڕی: سواری وشـترێکیان کـرد و بردیـان لـەو شاخانە بـەرەڵایان کـرد. ئـیتر خەڵکەکە، بەو حاڵەوە کە بینی بوویان، تێریان کردبوو. دواتر هەواڵیان بە من دا. منیش چارناچار چووم، دۆزیمەوە، هێنامەوە ناوشار. ئێستاش وام لە خزمەتتـدا.... دەبێـت، هـەواڵی براکانم بدەمە ئێوە. ئەی ئەمیری موسڵمانان.... ئێستا خۆم ئەو ٥ برا ناتەواوانە بەخێو دەکەم. کە خەلیفە ئەمەی بیست، زۆر پێکەنی و وتی:

"بەڕاستی تۆ ، کەم دوویت! زۆربڵێ نیت! ئێستاش لەم شارە دەربچۆ... لـە شـوێنێکی دی نیشتەجێ ببە."

ئیتر خەلیفە "نەفی"کـردم و شـاربەدەر بـووم. نـەم وێـرا... بگەڕێمـەوە بـۆ شـار... تـاکو خەلیفـە مـرد و خەلیفەیـەکی دی، لـە شـوێنی دانـرا. ئـەمجا گەڕامـەوە. بـەڵام کـە کەوتمە سۆراخی براکانم هەموویان، مردبوون!! منیش کەوتمەوە کارکردن و سەرتاشـین.. تـاکو ئـەو ڕۆژەی یارمەتی ئەم کوڕە لاوەم دا.

شەهرەزاد گێڕایەوە: بەرگدرووەکە، بە پاشای چینی وت:

"کە چیرۆکی سەرتاشە زۆربڵێیەکەمان بیست و زانیمان چی بەسەر ئەو گەنجە هێناوە... گرتمـان و لـە بەندیخانـەمان تونـد کـرد. ئیـدی بێخـەم لێـی دانیشـتین و خواردمـان و خواردمانەوە تاکو دەمە و عەسر! ئەمجا ... هەستام و چوومەوە ماڵ. ژنەکەم لێم تووڕە بوو وتی:

"گەر نەمبەیتە دەرەوە بۆ گەڕان. دەتۆریم!"

ناچار بردم بۆ گەڕان. کاتێکی خۆشمان بردەسەر. دەمەو ئێوارە لە گەڕانەوەماندا ئەو "قەموور"ەمان بەسەرخۆشی بینی. کە ئەم گۆرانییەی دەوت:

مەی و پیاڵە توانەوە بووم بەخەمی ئەو دووانەوە

مەی بە پیاڵە و پیاڵەش بەمەی ئیدی بۆم: جیا نەکرانەوە..!

سوێندم لێخوارد، شەو بیبەمەوە و ماسییەکی برژاوم بۆ کری.. لە ماڵەوە دەستمان کردە خواردنی. ژنەکەم "بابۆڵە"یەکی لە ماسییەکە بۆ کرد و خستیە دەمی قەموورەوە و ئەویش لە قورگی گیرا و مرد. ژنەکەم کەوتە فڕوفێڵی خۆ رزگار کردن لەم کەتنە و ئەوە بوو، بردمە ماڵی ئەم پزیشکە "جوو"ەوە! پزیشکەیش فڕوفێڵی کرد و خستییە ماڵی ئەو شایەتەوە. شایەتیش فێڵی کرد و خستییە سەرەڕێی "دەلاڵ"ە نەسرانییەکەوە. ئەمە بەسەرهاتی دوێنێی من بوو. ئەمجا پرسی:

"تووخوا بەسەرهاتی لەمە سەیرتر.. هەیە!!"

کە پاشای چین ئەمەی بیست، پێکەنی سەری لەقاند... پەسەندی قسەکەی سەلماند. ئەمجا وتی:

"چیرۆکی سەرتاشە هەڵەکونەکە سەیرترە.... لە چیرۆکی قەموورەکە!"

ئەمجا فەرمانی دا: لەگەڵ بەرگدرووەکە برۆن. سەرتاشەکە لە بەندیخانە بێننە دەرەوە و ... قەموورەکە بنێژن و گۆڕەکەی هەڵبەستن. کە سەرتاشەیان بۆ پاشای چین هێنا سەرنجی دا رەشێکی تەمەن لە ٩٠ ساڵ زیاترە...! برۆ و ریش و سمێڵ سپی. گوێ سمراوی لووت درێژ بۆیە هەر کە بینی پێی پێکەنی. پێی وت:

"کاکی کەم دوو.... دەمەوێ هەندێ لە بەسەرهاتی خۆتم بۆ بگێڕیتەوە."

سەرتاشەکە وتی:

"ئەی پاشای زەمانە.... چیرۆکی ئەم نەسرانی و ئەم جووە و ، موسڵمانە چین!؟ ئەم قەموورەی نێونتان چییە؟ بۆچی کۆ بوونەتەوە؟"

سەرتاشەکە وتی:

"بۆیە... پرسیم: تاکو تێتان بگەیەنم کە هەڵەکون نیم! ئەم تاوانەی لەسەری بەندم لە منەوە دوورە! ناوەکەم خەسار نەکردووە و بە کەمدوو ناسراوم... هەر وەکو ئەم شاعیرە دەڵێت:

نازناو سیفاتی خاوەنی تیایە هەر بۆ ئەوەیشە هاتۆتە کایە

پاشا وتی:

"هەر چەند دووبارە کردنەوە بێخێرە، بەسەرهاتی ئەو ئێوارەیەی قەموورە و نەسرانی و جووە و شایەت و ، بەرگدروو بۆ ئەم سەرتاشە بگێڕنەوە." دوایی سەرتاشەکە سەرێکی بادا.... وتی:

"ئەم بەسەرهاتە.. سەیری سەیرانە!! ئەو قەمموورەم پێ نیشان بدەن."
سەری "قەمموور"ەی کە هێشتا نەنێژرابوو بۆ هەڵدایەوە، سەرتاش سەیری دەم و چاوی کرد دایە..... قاقای پێکەنین و وتی:
"هەندێ مردن هەیە: سەیرە! مردنی ئەم "قەمموور"ش دەهێنێت بنووسرێت... بە ئەو ئاوە زێڕە!"
خەڵکەکە سەریان لەم قسەیە سوڕما...! پاشایش وتی:
"چییە.... کەم دووە .... قسەمان بۆ بکە؟"
سەرتاش وتی:
"پاشا.... بە نمەکی ماڵت: ئەم قەمموورە.... درۆزنە: نەمردووە... زیندووە!"
توورەکەیەکی چەرمی دەرهێنا و کلچێوکێکی تیا دەرهێنا و ملی قەمموورەی پێ هەنوو.... چەوری کرد. دەمارەکانی ملی بۆ شێلا....دواتر.... گازێکی دەسك درێژی دەرهێنا.. خستییە قورگی قەمموورەوە!! پارووە ماسییەکەی لە قورگی دەرهێنایەوە. ئەمجا "قەمموور"ە پژمەیەکی کرد و دەستی برد دەم و چاوی سڕی و وتی:
"اشهد ان لا اله الا الله.. و اشهد و ان محمد رسول الله."
پاشای ژین زۆری پێ سەیر بوو....!! هێندە پێکەنی کە بوورایەوە!! ئەو خەڵکەش لە پێکەنیندا زۆربەیان لاڵ و پاڵ کەوتن....!!
ئەمجا پاشا وتی:
"بەو خوایە! ئەمەم هێندە پێ سەیرە! شتی وا سەیرم نەدیووە!؟"
ئەمجا پاشا رووی کردە چەکدارەکانی و خەڵکەکە پرسی:
"خەڵکینە: لە ژیانتاندا شتی وا سەیرتان دیوە... کەسێك بمرێت و زیندوو ببێتەوە!!؟ گەر خوا... ئەم سەرتاشەی بۆ نەناردایە... دەبوو بمرێت!!"
خەڵکەکەش لە نێو خۆیاندا دەیانوت:
"بەخوا....سەیرە!!"
ئەمجا پاشا فەرمانی دا: ئەم بەسەرهاتە لە گەنجینەی دەوڵەتدا .... بە نووسراوی هەڵبگرن.
ئەمجا خەڵاتی جووە و، نەسرانی و شایەتی کرد. ئەمجا رێی دا، خەڵکەکە بڵاوەیان لێکرد، دواتر خەڵاتی بەرگدرووەکەشی کرد وکردییە بەرگدرووی سوپا و مووچەی بۆ برایەوە. بووە هاوڕێی نزیکی پاشا. هەروەها سەرتاشیش دوای خەڵات کردنی بووە، سەرتاش و هاوڕێی پاشا. ئیتر بە خۆشی و بەختیاری ژیانیان بردە سەر.... تاکو: خوا بردینەوە بۆ خۆی. ئەمجا شەهرەزاد وتی:
"ئەی شا شەهریار، هێشتا.... ئەم چیرۆکە بە هێندەی بەسەرهاتی "ئەیس"و "جەلیس"سەرسوڕهێنەر نین.

دنیازادیش: له شەهرەزادی پرسی:
"خوشکێ.... ئەو بەسەرهاتە چۆن بووە؟"

## بەسەرهاتی: ئەنیس و جەلیسی وەزیر

شەهرەزاد وتی:"ئەی پاشای بەختیار.... دەڵێن: پاشایەك بووە لە پاشاکانی بەسرە... هەژاران و سوالکەرانی زۆر خۆش ویستووە.

شایەك کە جەنگی لەگەڵ سوپایە | لە ناویان دەبات... هێندە ئازایە!!
لە سەر سنگیان کە چۆکی دادا... | بە نێزەیەوە: سەریان بالآیە...!
شمشێر بازێکی زۆر بە هەڵمەتە | تیرەندازە و رم: هەر لە پۆلایە!
سوارچاك هەر وەکو: شەپۆلی دەریا | جەربەزەیی لە: بالآ و رووپدایە
بریسکەی رمی سوپای نێو کەشتی | تاکو دوور بیت لێی.... کۆتایی نییە
فەلەك سوێندی خوارد هی وەك تۆی بێ | سەری دای لەبەرد:وەك تۆی بۆ نایە!!

ئەم پاشایە "محەمەد سلێمان زێنی"پێدەوترا. دوو وەزیری بوو "مەعینی ساوی"، "فەزڵی خاقان". فەزڵی خاقان بەخشندەی سەردەمی خۆی بوو، خۆشەویستی خەڵك بوو. زۆر خۆشحاڵ بوون کە ئەو پیاوە: وەزیریان بوو، چاکە و کار و لابەری شەڕ و هەرا بوو. بەڵام مەعینی وەزیر.... بە پێچەوانەوە بوو. دەتوت: ئەم شیعرە بە سەر ئەودا هەڵدراوە:

ئەوەی بەخشندەش: جێگەی شانازین | چونکە ئەوانیش بەخشندە و چاکن
هی: پیاو خراپیش: دەگمەنە چاك بێ | هەمیشە: خوێڕی و پیس و ناپاکن!

خەڵکەکەش چەندیان "مەعین"خۆش دەویست، هێندەشیان رق لە "فەزڵ"دەبووەوە. قەدەری خوا وابوو، شا محەمەد کە لەسەر کورسی دەسەڵات دانیشتبوو، سەرانی حکومەتی لە دەوروپشت بووو. فەزڵی وەزیری بانگ کرد و وتی:

"کەنیزەکێکم بۆ بکڕە، ناسك و جوان، لە وێنەی کەم بێت! رەوشتی جوان بێت!"

یەکێك لە سەرانی دەوڵەت وتی:

"کەوابوو، ١٠٠٠ دیناری تێ دەچێت!"

سوڵتان فەرمانی دایە، رۆژانە بچێتە بازاڕی کەنیزەکان و دەلآلەکان: رابسپێرێت. کە نابێت: هیچ کەنیزەکێك بە ١٠٠٠ دینار زیاتر بفرۆشرێت و بە وەزیر نەوترێت- ئیتر هەر کەنیزەك پیشانی وەزیر دەدراو بە دڵی نەبوو. رۆژێکیان دەلآلێك بەرەو ماڵی وەزیر

دەبێتەوە کە دەگاتە ماڵیان، سەیر دەکات وەزیر بە سواری بۆ "سەرا"دەچێت. دەچێتە نزیکی و دەڵێت:

تا...تۆمان تیا بیت.... بەخشندە ماوە تەقەلات.... لە لای یەزدان نووسراوە

ناوبانگی پاشایش بە هۆی تۆومیە دیارە (بەختیاری)یش: خووی بە تۆ داوە

ئەمجا وتی:

"قوربان... لەوە دەچێت.... خوا بەویستی خۆتی کردبێت!"

وەزیر وتی:

"کوا .... بیهێنە!"

دەلاڵیش کەمێ ون بوو کە هاتەوە کەنیزەکێکی.... جوانی قەد باریکی.... "رێك پۆش"ی پێبوو. ناسك و رەوان. دەتوت...ئەم شیعرە بۆ ئەو وتراوە:

خوای عەرش شۆخی و باڵای پێداوە قسە و کردەوە و رەوشت پاراوە

ئاسمانی ژیریی: جەوت ئەستێرەیە چۆن وەسفی بکەیت.... ئاوا.. رەخساوە

وەزیر زۆر بە دڵی بوو.... بۆیە پرسی:

"بایی چەندە؟"

دەلاڵەکە وتی:

"بایی ١٠هەزار دینارە... هەر چەند بایی ئەو پارەیە، هەر خواردن و جل و بەرگی نایاب و کرێی مامۆستایانی بووە. ئێستا ئەم کەنیزەکە رێزمانی عەرەبی و شیکردنەوەی قورئان، بنەماکانی شەرع شارەزایە و خۆشنووس و موسیقا ژەنیشە."وەزیر وتی:

"خاوەنەکەیم بۆ بێنە."

هەر خاوەنەکەی هێنایە بەردەم کە کابرایەکی، دنیا دیدەی، تاڵ و سوێری چەشتوو بوو، کە دەتوت ئەم شیعرە بۆ ئەو وتراوە:

زەمانە زۆری راچڵەکاندووم بەرگەناگیرێ و پشتی شکاندووم

بە بێ ئاگایی رێگای خۆم دەبڕی ئێستا بە ئاگام... بۆیە:دانیشتووم

ئەمجا وەزیر بە خاوەنەکەی وت:

"١٠٠٠٠ دینارت پەسەندە.. بۆ نرخی ئەم کەنیزەکە. کە بیفرۆشیت بە: سوڵتان محەمەد سلێمان؟"

خاوەنەکەی وتی:

"مادام.... بۆ سوڵتانە، پارەشم نەداتێ.... هەر پەسەندمە!"

ئەمجا فەرمانی دا زێڕیان بۆ کێشانە کرد و پێی دا..... ئەمجا دەلاڵە هاتە پێش و وتی:

"ئەگەر گەورەم رێم بدات قسە بکەم."

وەزیر وتی:

"چیت هەیە... بیڵێ؟"

ئەویش وتی:

"لام وایە ئەمڕۆ ئەم کەنیزەکە نەبەیت بۆ سوڵتان باشترە. چونکە لە سەفەر گەڕاوەتەوە و ، ماندووە و کەمێك ناساغە! ١٠ ڕۆژێك ... با لای خۆت بێت. دواتر... لە گەرماو خۆی بشوات و جل و بەرگی جوان لەبەر بکات. ئەمجا بیبەیت.. بۆ تۆ باشترە."

وەزیر قسەی ئەم کابرایەی پەسەند کرد و بردیەوە بۆ ماڵی خۆیان. ژوورێکیان بۆ تەرخان کرد و هەموو پێداویستییەکیان بۆ دەستەبەر کرد... ماوەیەك بەم شێوەیە بوو "فەزڵ"ی خاقانی وەزیر، کوڕێکی زۆر شۆخ و شەنگی هەبوو. بەڵام تووڕە و تڕۆ بوو. ڕۆژێکیان ئەم کەنیزەکە، قسەی ڕەقی پێ دەڵێت، کوڕەش تووڕە دەبێت و مشتە کۆڵەیەکی لێ دەدات. ناوچاوانی کەنیزەك دەئاوسێ! خوێنی پیا دێتە خوار و دەبووڕێتەوە. کوڕە لە ترسانا ماڵ بەجێ دێڵێت. کەنیزەکانی تر دەیکەنە هاوار. خاتوونی دایکی کوڕە دەپرسێت:

"ئەرێ... ئەم هاوار هاوارە چییە!؟"

کە ئەنیسی جەلیس بینی، کەنیزەکەکان دەم و چاوی کەنیزەکەکە پاك دەکەنەوە. زۆر ترسا و خەمی بوو. کە ئەگەر نورەدین ئەمە بزانێت سەری دەبڕێت!! تا لەم کاتەدا وەزیر هاتە ژوورەوە هەواڵەکەی پرسی. ژنەکەی پێی وت:

"بڵێ بە خوا...... گوێم لێ دەگرێت!"

ئەویش وتی:

"بڵێ.... باشە."

هەواڵی کوڕەکەی پێدا! زۆری پێ ناخۆش بوو. یەخەی خۆی دادڕی و تفی لە ڕیشی خۆی کرد و وتی:

"ئیتر ناتوانین، بیبەین بۆ سوڵتان، چونکە دەم و چاوی تێك چووە."

ژنەکەی وتی:

"بێخەم بە.. خۆم ١٠٠٠٠ دیناری نرخەکەیت دەدەمەوە."

مێردەکەی وتی:

"نەگبەت، خەمی پارەکەیم نییە..... خەمی ئەوەمە سەروماڵم تیا بچێت!"

ژنەکەی وتی:

"ئەوە....چۆن ڕوو دەدات؟"

پیاوەکەی وتی:

"ئەی تۆ.... نازانیت، مەعینی وەزیر، بە دوامانەوەیە؟ هەر کە ئەمە ببیستێت دەڕواتە لای سوڵتان و پێی دەڵێت:"ئەی سوڵتان ئەوەش، وەزیرە خۆشەویستەکەت، ١٠٠٠٠ دینارت پێدا کەنیزەکت بۆ بکڕێ ئەوەتا... کڕیویەتی، بەڵام، هەڵی گرتووە، بۆ خۆی..! ئەوەتا کەنیزەکەکە لە ماڵیدایە.... دیارە سوڵتانیش دەڵێت:"درۆ دەکەیت."مەعینی وەزیریش دەڵێت:"ڕێگام بدە، با.... هێرش بکەمە سەر ماڵی و کەنیزەکەکەت بۆ بێنم. ئەوسا.... دێت

و کەنیزەك دەبات... ئەمجا....لای سولتان دەڵێت: گەورەم ، هەمیشە ئامۆژگاری چاکی بەرێزتان دەکەم. بەڵام بەختم نییە! دەمکەیتە گاڵتەجاڕی خەڵك و رۆحم دەردێنیت."

ژنەکەی دڵی دایەوە و وتی:

"خوا یار و یاوەر بێت.... کەس نازانێت."

وەزیریش بەم قسەیە، ئارام بووەوە....

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو...... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٥

## چیرۆکی نورەدین عەلی و ئەنیسی جەلیس

شەهرەزاد وتی:"ئێستاش وەزیر بەجێ دەهێڵین و دەچین بۆ لای نورەدین عەلی ئەویش لە ترسی باوکی رۆژانە، لە رەز و باخێکدا خۆی ون دەکرد..... شەوانەش بە دزی باوکیەوە، دەهاتەوە و لێی دەنووست. بەیانیانیش زوو ماڵی جێ دەهێشت! بۆ ناو رەزەکە..!! یەك مانگ خۆی پیشانی باوکی نەدا. رۆژێکیان دایکی بە باوکی وت:

"بەقوربان.... دەبێت لەبەر کەنیزەکێك کوڕەکەمان بکوژین!؟ گەر ون بوونی کوڕەکەمان درێژە بخایەنێت..... تەرە دەبێت!!"

باوکی کوڕە وتی:

"چارە چییە؟"

خۆت لە ماڵەکەدا بشارەوە هەر کە هاتەوە ماڵ...... بیگرە و ئاشتی بکەرەوە و کەنیزەکەکەی لێ مارە ببڕە.... مەرج بێت، پارەی کەنیزەکەکەت بدەمەوە."وەزیر چاوەڕاوی شەوی کرد. هەر کە نورەدین هاتەوە... گرتی و ویستی هەر سەری ببڕێ! دایکی فریای کەوت. لێی پرسی:

"ئەوە چی لێ دەکەیت؟"

ئەویش وتی:

"سەری دەبڕم."

نورەدین وتی:

"جا.... دەستت تێم دەچێت؟"

چاوانی باوکی پڕ فرمێسك بوون و وتی:

"کوڕەکەم.... چۆن خۆم و سامان و موڵکی منت هێندە بەلاە سووك بوو... ئەم کارەت کرد!؟"

مناڵە وتی:

"گوێ لەم شیعرە بگرە:

لێبوردن، کاری گەورە پیاوانە کە بەخشندە بوویت ڕەوشتت جوانە

دوژمن سەرشۆڕبێ.... چی پێ دەکرێ لێبووردە...ناوا باڵآ و لە بانە

وەزیر کە لە سەر سنگی چۆکی دادابوو، هەستایەوە و وتی:

"کوڕەکەم.... دە.... بڕۆ ئەوا لێت خۆش بووم."

کوڕەکەی دەستی باوکی ماچ کرد، ئەمجا باوکی وتی:

"کوڕم بمزانیایە... لەگەڵ ئەنیس جەلیس باش دەبیت، هەر زوو پێشکەشم دەکردی."

نورەدین وتی:

"بابە گیان.... ئاخر چۆن بۆی باش نابم؟"

باوکە وتی:

"ئەوە.... ڕێنماییت دەکەم..... نە..... لێی بدە... نە ژنی بە سەر بهێنە.... نە بیفرۆشە."

کوڕە وتی:

"سوێند دەخۆم.... نە ژنی بەسەر دێنم، نە دەیفرۆشمەوە."

خوا کارێکی کرد.... پاشا کڕینی کەنیزەکی بیر چووەوە، هەر چەند مەعینی وەزیر پێشی زانی بەڵام، دەیزانی خەلیفە ئەو وەزیرەی زۆر خۆش دەوێت.... نەیوێرا.. بە خەلیفە بڵێت.

ساڵێك بە سەر ئەم کارەدا ڕۆیشت...... ڕۆژێکیان فەزڵی وەزیر لە گەرماو دێتە دەرەوە.... ئارەق دەکاتەوە سەرمای دەبێت و لە جێگادا دەکەوێت. نەخۆش کەوتنەکەی درێژەی کێشا زەرد و لاواز بوو. نورەدینی کوڕی بانگ کرد و پێی وت:

"کوڕم ئەوە بزانە کە ڕۆژی و بژێوی لای خوایە... مردنیش بە بێ پێچ و پەنایە.... هەموومان دەمرین! ئاواش لاوانیەوە:

خوا نەبێت... دەبێت هەمووومان بمرین لە گۆڕستاندا.... جێگایەك بگرین

کوڕەکەم: وەسیەتم ئەوەیە.... خواپەرستی بکە. هەمیشە بیرت لای ئەنجامی کارەکانت بێت. پەزێرایی "ئەنیسی جەلیس"ی کەنیزەك بکە. نورەدینیش وتی:

"بابە گیان... خۆ من بە نزا و پاڕانەوەی مزگەوت و مێحراب ناسراوم! خێرکەرێکی باشم!"

باوکی وتی:

"خوا لێت وەربگرێت."

شایەتمانی هێنا و گیانی دەرچوو. ئیتر کۆشك پڕ بوو لە گریان و هاوارو فیغان. هەواڵ گەیشتە خەلیفە و ناوشار... لاوان.... پیران.... مناڵان بۆی گریان.... پیاوانی دەوڵەت....

ناسراوانی مەملەکەت، ئامادەی رێ و رەسمی ناشتنی بوون کە دارەمەیتیان هێنایە دەر... ئەم شیعرەی بۆ وترا:

| | |
|---|---|
| پێنج شەمە بوو، لە هاورێیان دابڕام | شۆردمیان و لەسەر تەختەیەك نرام |
| بەرگی پۆشتەی ئێرەیان داکەندم و | بە بەرگێکی سادەوە، وا لە گۆڕم |
| ژێر دارەمەیت کەوتن و منی تیا بووم | بەرەو مزگەوت: بە گریانەوە برام |
| هاورێیان و خۆشەویستنم هەموو | لە پێغەمبەر: سڵاواتیان بۆ دەدام |
| لە گۆڕستان، جۆرێك لە گۆڕ نرام | جارێکی دی کەسێك نەدا لە دەرگام |

کە ناشتیان، هەموو گەڕانەوە. نورەدین دڵی پڕ بوو دەستی کردە گریان و وتی:

| | |
|---|---|
| وا ئێوارەی پێنج شەمەیە | رۆشتی و خەمت بۆ ئێمەیە |
| نەمایت: خۆشی ئێمەیش نەما | دڵمان هەر جێی ئەو خەمەیە |
| گیانم وشك و ویرانەیە | رووم تێمەکە و نەخێر مەیە ! |
| چاوانم کەیلی فرمێسکن | گوێچکەم کەڕی ئەو بەزمەیە ! |

ماوەیەکی زۆر نورەدین خەفەت باری باوکی بوو.... رۆژێکیان لە درەگای ماڵیان دا. هەستا و چوو کردیەوە. بینی یەکێك لە هاورێیانی باوکی بوو. میوان دەستی ماچ کرد و وتی:

"گەورەم، ئەوەی کوڕی وەکو تۆی لە دوا جێ بمێنێ نامرێت...! دنیا بۆ پێغەمبەر "د.خ"نەما. بۆ خەم لە دڵی خۆت: دەرناکەیت؟"

ئیدی ئەمیش...... ژووری میوانی کردەوە، کەمێ ئاڵوگۆڕی تیا کرد. هاورێی و نزیکانی لێ کۆ بوونەوە. کوڕەش کەوتە خێر و چاکەکردن. رۆژێکیان راوێژکارەکەی پێی وت:

"گەورەم: نەت بیستووە، ئەو کەسەی پارە و سامانی تەخشان و پەخشان بکات: لە هەژار بوونەوە نزیك دەبێتەوە!؟ شاعیرێك وتویەتی:

| | |
|---|---|
| دەست بە سامانی خۆمەوە دەگرم | چەکە و بەرگری پێ دەکەم لەخۆم |
| چۆن دەبێت: ناحەز سامانم بخوات!؟ | بەختیاریم بڕوا و: نەگبەتی بێ بۆم!؟ |
| بە سامانی من... تێر و تەسەل بێت | رێنەدات: خۆیشم پوولێکی بخۆم |
| پارە و سامانم نادەمە...... کەسێك | سپڵە و بۆ تەماع: بکات هاتووچۆم |
| تا ٥ درهەمم پێ خەرج نەکات: | تەنیا درهەمێك خەرج ناکات بۆم! |
| ئای....لە رسوایی خەڵکی بێ پارە..! | "نەبوو"و "هەژاریم"سووك و دەستەخۆم |

ئەمجا وتی:

"ئەم خەرجی و بەخشیشەی تۆ، هەژاری دێنێ."

نورەدین وتی:

"ئامۆژگاریەکانت، نابیستم.... فەرموو... بزانە ئەم شاعیرە چی وتووە."

دەستم گرتەوە و بەخشندە نەبووم نە سەر ئەژنۆم چووم: نە دەست بڵند بووم
کێ بەرمزیلی گەورە و پیاوچاك بوو؟ بە بەخشندەیش کەسێك تیا نەچوو

ئەمجا وتی:

"گەر ڕێزی ئەمەکی منت بوو، خەمی خوانی ئێوارەی منت نەبێت."

راوێـژ لێیـدا و.... رۆیشت... نـورەدینیش درێغی نـەکرد. لـە خۆشیەکانی ژیـانی. هـەر میوانێکی بی وتایە:"ئـەم شـتەی ماڵت زۆر جوانـە."پێـی دەوت:"پـیرۆزت بێـت بیبـە!"یـان میوانێك بیوتایە:"فلان خانووتان خۆشە!"دەیوت:"وا بە دیاری پێم دایت."بەیانی و ئێواران ماڵی بـە میـوان پـڕ بـوو!! سـاڵێکی بـەم جـۆرە بـردە سـەر. رۆژێکیـان کەنیزەکـە:"ئـەنیش جەلیس"هات و ئەم شیعرەی بۆ خوێندەوە:

رۆژانی خۆشت کە بە سەر دەبرد نەترسای قەدەر، چیت بە سەر دێنێ
شەوانی خۆشی: وا... فریوی دایت پێت وابوو، هەرگیز لێت ناشێوێنێ!

کە لەم شیعرە بووەوە لە دەرگا درا، نورەدین پرسی:

"ها.. خێرە؟"

راوێژکار وتی:

"گەورەم ئەوەی کە دەمێکە لێی دەترسام روویدا...!"

ئەویش وتی:

"چۆن؟"

ئەمیش وتی:

"ئێسـتا بـایی ۱ درهـەم، سـامان لـە ژێـر دەسـتما نییـە!! ئەمـەش: دەفتـەرەکانی پـارە و موڵکەکانتە."

نورەدین، کە ئەمەی بیست سەری داخست و وتی:

"لاحول و لا قوەالا باللە."

یەکێك لەو میوانانەی کە لەگەڵیـدا دەرگای کـردەوە، گەڕایـەوە نـاو میوانـانی ژوورەوە و پێی وتن:

"نورەدین ئیفلاسی کردووە! ئێمە چی بکەین باشە؟"

کە نورەدین گەڕایەوە ناو میوانەکانی، رەنگی تێك چووبوو...!

یەکێك لە میوانەکانی هەستا و وتی:

"بەڕێز ڕێگەم بدە، من دەڕۆم."

نورەدین وتی:

"جا.... بۆچی: پەلەدەکەیت!؟"

ئەویش وتی:

"ژنەکەم منالی دەبێت! دەمەوێت، ئاگام لێی بێت."

خواحافیزی لێ کردن. ئەمجا میوانێکی تر هەستا و وتی:

"بە یارمەتیتان براکەم، کوڕەکەی بۆ گەرماو دەبات، دەبێت بڕۆم بۆ لای."

هەر یەکە و بە بیانوویەك ماڵیان چۆڵ کرد. هەر خۆی مایەوە. ئەنیسی جەلیسی بانگ کرد وتی:

"ژنەکە.... ئاگات لێیە.... چیم بەسەر هات!؟"

ئامۆژگاری راوێژکارەکەی خۆی: بۆ گێرایەوە و ژنەکەی پێی وت:

"چەند شەوێك لەمەوپێش: ویستم پێت بڵێم! بەڵام تۆ ئەم شیعرەت وت:

دنیا پێی بەخشیت سامان و پارە زوو بیبەخشەوە کوڕە: هاوارە!

بە دەست بڵاوی سامان کەم ناکات نەبوونیش دەڕوا و خەمی دواجارە

کە گوێم لەم شیعرە بوو: بێ دەنگ بووم."

نورەدین عەلی وتی:

"ئەنیس گیان خۆ... من ئەو سامانەم بۆ دۆست و هاوڕێیانم خەرج کردووە. ئەوان، منیان هەژار خست. بڕوا ناکەم پشتم لێ بکەن."

ژنەکەی وتی:

"بەخوا چاوەڕێی هیچیان لێ مەکە!"

نورەدینیش وتی:

"بەو خوایە.... دەبێت بچم لە دەرگایان بدەم: بەڵکو سەرمایەیەك پێکەو بنێم و بازرگانی پێبکەم و واز لە یاری و رابواردن بێنم."

١٠ هاوڕێی لە گەڕەکێکدا بوون. کە گەیشتە ئەو گەڕەکە، لە یەکەم دەرگای دا، کەنیزەکێك دەرگای لێ کردەوە و پرسی:

"کێیت؟"

ئەویش وتی:

"بڵێ.... نورەدین عەلییە. دەستەکانت ماچ دەکات و چاوەڕێی یارمەتی و پیاوەتیتە!"

کەنیزەکە چوو. ئەو قسەیەی گەیاند. هاوڕێکەی لەوەڵامدا پێی وت:

"بڕۆ.... بڵێ لە ماڵ نییە".

نورەدین بە خۆی وت:

"ڕەنگە ئەم هاوڕێیەم نەبوو، هەژار بێت.... با بچم بۆ لای ئەوانی تر، خۆ... دەوڵەمەندیان هەر تێدایە."

ئەمجا لە دەرگای دووەم هاوڕێی دا. ئەویش هەمان وەڵامی بوو. ئەمجا ..... ئەم شیعرەی لەبەرخۆیەوە وت:

لە دەرگای خەڵکی مەکە (دق الباب) گۆشتی خۆت بخۆ...! نە ....منەتی قەساب

ئەمجا بە خۆی وت:

"بەو خوایە.. دەبێت هەموویان تاقی بکەمەوە، رەنگە یەکێکیان، باش بێت و جێی هەموویان بگرێتەوە!"

لە دەرگای هەموو هاورێکانی دا. کەسیان دەرگایان لێ نەکردەوە و لەتێك نانی نەدایە...!

ئەویش بەم جۆرەی خۆی لاواندەوە:

| | |
|---|---|
| مرۆڤ هەر وەکو داری بەبەرە | تا بەری هەبێت، خەڵکی لە دەورە |
| کە بەری خورا: بێکەس دەمێنێ | بەلا لێی دەدا و نەخۆشی خۆرە |
| تف لە دۆستانی ئەم زەمانەیە | بۆ چاکی... لە (دە): یەکێکی زۆرە! |

ئەمجا بە پەژارەیەکی زۆرەوە گەڕایەوە، لای کەنیزەکەکەی. ئەویش پێی وت:

"بە قوربان...نەموت.. بێسوودن!؟"

نورەدین لە وەلامدا وتی:

"ئەرێ بەخوا....!!! یەکێکیان خۆی پیشانم نەدا...!"

ئەمجا ژنەکەی وتی:

"ئەزانی چی دەکەیت!؟ شتومەکی ماڵ بفرۆشە. تاکو: خوا دەروویەکمان لێ دەکاتەوە."

دوای ماوەیەك... شتومەکی ماڵیش کۆتایی پێهات. ئەمجا رووی لە کەنیزەکی ژنی کرد و پرسی:

"لەمەودوا چی بکەین!؟"

ئەویش وتی:

"وەرە... بمبە بازاڕ و بمفرۆشە. خۆت ئاگاداریت.... کاتی خۆی باوکت بە ١٠٠٠٠ دینار منی کڕیوە! گەر زەمانە رووی تێ کردیتەوە... ئەوا بە یەك دەگەینەوە."

نورەدین وتی:

"ئەنیس گیان..... ئاخر....یەك سەعات بێ تۆ هەڵناکەم!"

ئەنیسی جەلیس وتی:

"گوڵەکەم منیش هەر وەکو تۆم.... بەلام چارە نییە!"دواتر ئەم شیعرەی وت:

| | |
|---|---|
| ناچاری، کردەی وات پێ دەنوێنێ | سەرجەم ژیانت لێ دەبێزرێنێ |
| زەمانە دەورت وا: لێ دەگۆڕێ | خۆت سەرت لە خۆت پێ سوڕ دەمێنێ! |

ئەمجا نورەدین هەستایە سەر پێ.... فرمێسك لەچاوانی دەباری کەوتە خۆ لاواندنەوە:

| | |
|---|---|
| هەستە بت بینم، تا دانەبڕاوی | تۆ تاسەی دل و جەرگی بڕاوی |
| گەر ئەرکە بۆ تۆ.... رێم بدە گیانە | بکەومە بەر پێت بە سەر بڕوای |

ئەمجا بردییە... بازاڕی کۆیلە فرۆشان.... دایە دەست دەلاڵەکە و پێی وت:

"حاجی حەسەن.... رێزی ئەم کەنیزەکە بزانە!"

ئەویش وتی:

"گەورەم... رێ و رەسم پارێزراوە، خەمت نەبێت."

ئەمجا پرسی:

"ئەمە ئەنیسی جەلیس نییە...؟ کە کاتی خۆی باوکت بە ١٠٠٠٠ دینار لە منی کڕی؟"

نورەدین وتی:

"خۆیەتی."

ئـەمجا دەڵاڵەکـە، مەزادەکـەی دواخسـت تـاکو بازرگانـان و دەوڵەمەنـدان پەیـدا بـوون. بازاڕیش سیخناخ بوو، لە کەنیزەکانی: تورکی، چەرکەسی، حەبەشی، نۆبی، رۆمی، تەتـەری، جۆرجیایی. ئەمجا هەستا و دەستی پێکرد:

"ئـەی بازرگانـان.... دەوڵەمەنـدان! هـەمو "گـۆ"یـەك "گـوێز"نییـە!! هـەموو درێـژ کۆلەیەکیش مۆز نییە!! هەر سوورەیەکیش گۆشت نییـە! هـەموو سپی رەنگێکیش دووگ نییە! ئەم "مرواری"ییەم هەیە...... ئەوەڵ مەزاد."

بازرگانێك وتی:

"٤٠٠٠ دینار لە سەر من ."یەکێکی تر ٤٥٠٠ دینـار. مـەعینی ساوی وەزیـریش هاتبووە مەزادخانە. نورەدین عەلی بینی... بۆیە بەخۆی وت:

"بڵێی هاتبێت.. بۆ کەنیزەك کڕین!؟"

ئەمجا سەیری دەڵاڵەکەی کرد و لە دڵی خۆیدا وتی:

"ئێستا بۆم دەرکەوت.... ئەمە ئیفلاسی کردووە و، ئەنیسی جەلیسی دەفرۆشێت...!"

حەسەنی دەڵاڵی بانگ کرد، ئەویش هات و کڕنووشی بۆ برد. "مەعین"وتی:

"حەسەن ئەم کەنیزەکەم دەوێت!"ئەمجا پرسی نرخەکەی کرد."

وتی:

"مەزادی گەیشتووەتە ٤٥٠٠ دینار."

"مەعین"وتی:

"بە ئەو ٤٥٠٠ دینارە لە سەر من."

دەوڵەمەندان کە "مەعین"ی وەزیریان بینی نـەیان وێـرا... زەم بکـەن و زیـادی بکـەن. بڵاوەیان لێ کرد. بۆیە "مەعین"بەدەڵاڵەکەی وت:

"لەسەر چی وەستاوی؟ بڕۆ... پرسی خاوەنەکەی بکە ٥٠٠ دیناریش بۆ تۆ."

دەڵاڵ بە نورەدینی وت:

"گەورەم.... کەنیزەکەکەمان بە خۆڕا لە دەست چوو."

ئەویش پرسی:

"بۆ!؟"

دەڵاڵەکە پێی وت:

"ئەو مەعینی ساویە زاڵمە... بە بازارەکەدا، رەت بوو. بۆ نەگبەتی... کە کەنیزەکەکەی بینی، بە دڵی بوو... دەشزانێت خاوەنەکەی تۆی قوربان. ئەگەر هەر ئێستا کاش پارەکەی دا... ئەوا زۆر باشە. گەر کاغەزێکی دا.. تیا نووسرابوو ٤٥٠٠ دینار بدەنە هەڵگری ئەم کاغەزە ئەوا... هێندە دەچیتە لای، راوێژکارەکەی و دەڵێت: سبەینێ. هێندە دەت هێنێ و دەتبات، وەرس دەبیت و ئەمجا کاغەزەکەت لە دەمت دەر دێنێ و دەی درێنێ! بەو شێوەیە... کەنیزەکەکەت لە دەست دەردێنێ!."

نورەدین عەلیش لێی پرسی:

"ئەی چارە چییە؟"

دەڵاڵەکە وتی:

"ئامۆژگاریەکت دەکەم، بەجێی بێنە.... گەر بەختت بوو... ئەوا...رزگارت دەبێت."

ئەویش وتی:

"چۆن؟"

دەڵاڵەکە وتی:

"لەو کاتەدا... من بانگەواز دەکەم: ئەم کەنیزەکە بە ٤٥٠٠ دینار تۆ لێم وەرە پێش و زللەیەك لە کەنیزەکەکەت بدە.... ئەمجا بڵێ: ئەوە سوێندم لێت خواردبوو. کە بتخەمە... مەزاردەوە! بۆ ئەوەی سوێندەکەم نەکەوێت: تۆم هێنایە ئێرە...! قۆڵی بگرە و بە کێش بکە و لەگەڵ خۆت بیبە!"

ئەمجا چووەوە ناو خەڵکە و دەستی پێکردەوە. دواتر بە مەعینی وەزیری وت:

"گەورەم ئەوە خاوەنەکەی هات."

نورەدین، کەنیزەکەکەی لە دەست دەڵاڵەکە دەرهێنا و زللەیەکی لێدا و پێی وت:

"نەگبەت... ئەوەش بۆ ئەوەی سوێندەکەم نەکەوێت. تۆم خستە مەزادەوە! ئەگەر نا هەر شتومەکی ماڵ بفرۆشم چەند هێندەی تۆ پارە وەردەگرم. بۆ پارەی نرخی تۆ پەکم نەکەوتووە."

کە مەعین ئەمەی بیست وتی:

"داماو... بۆ هیچ لە ماڵەکەتدا ماوە تاکو بیفرۆشیت!؟"

مەعین ویستی نورەدین بشکێنێت و لە ناوی ببات. خەڵکەکە کە نورەدینیان بینی، چونکە خۆشیان دەویست لێی کۆ بوونەوە. نورەدین پێی وتن:

"خەڵکینە... ئەوە بە چاوی خۆتان زوڵم و زۆری ئەم وەزیرە دەبینن."

مەعینیش هەڵی دایە:

"بەو خوایە.... لەبەر ئێوە نەبووایە هەر ئێستا دەمکوشت."

خەڵکەکە ئیشارەتیان بۆ نورەدین کرد. کە لێی بدات. هەر بۆیە... بۆی چووە پێش. خۆیشی پیاوێکی بەهێز بوو. وەزیری لە سەر زینی هێسترەکەی راکێشایە خوار و دای بە

زەویدا. کەوتە ناو پێی خوێیەك قوڕی گیراوەوە! ئەمجا کەوتە مشتەکۆڵە لێدان. مشتێك پووشی کورتانی کردە دەمییەوە. خوێن بە ریشیدا هاتە خوارەوە. کاکی وەزیر ١٠ خزمەتکاریشی لەگەڵ بوو.... کە ئەمەیان بینی بە سەر وەزیر هاتووە. دەستیان برد بۆ شمشێرەکانیان ویستیان پەلاماری نورەدین بدەن. بەلام خەڵکەکە نەیان هێشت و بە خزمەتکارەکانیان وت:

"یەکێکیان وەزیرە... ئەوی تریش کوڕە وەزیرە! نەبادا.. دوایی ئەوان ئاشت ببنەوە، ئێوە: پیاوخراپ دەربچن! یان لێتان بکوژرێت... بۆیە وا چاکە... کڕ بن و هیچ مەکەن."

ئەمجا نورەدین دەستی کەنیزەکەکەی گرت و بەرەومالەوە. مەعینیش بەرگەکەی بەری سێ ڕەنگ بووبوو. سوور و قاوەیی خۆڵ و خۆڵەمێشی. کە ئەمەی بەخۆیەوە بینی یەکسەر بەرەو ماڵی خەلیفە بووەوە. کە گەیشتە بەر دەرگایان دەستی کردە هاوار و وتی:

"فریام بکەون، کوشتوومیان. دەرگاوان بردییە بەردەمی خەلیفە.... وەزیر بە گریانەوە.... ئاوا .... خۆی لاواندەوە:

| | |
|---|---|
| لێم دەن لە سایەی حوکمی بێخێوا | گورگ وا بەم خوا... لە سایەی شێرا |
| خەڵکی پاراوی کانی و ئاوت بن | منیش لە سایەت... لە تینووا کوێرا |

ئەمجا وتی:

"قوربان.. ئاوا دەبێت هەر کەسێك، پەزێراییت بکات، وەکو منی بەسەر بێنن!؟"

خەلیفەش وتی:

"خێراکە.. ڕێزی تۆ... ڕێزی منە پێم بڵێ.. کێ وای لێ کردوویت!؟"

مەعینی وەزیر وتی:

"ئەمڕۆ... چوومە بازاڕی کەنیزەکان... تاکو دانەیەکی چێشت لێنەر بکڕم. کەنیزەکێکم بینی. هێندە جوان بوو، لە وێنەیم نەدیبوو. ویستم بۆ بەڕێزتانی بکڕم...! لە دەلالەکەم پرسی: کە هی کێیە؟ وتی: عەلی فەزڵی خاقان خاوەنێتی. کە کاتی خۆی ١٠٠٠٠ دینارت دابوو، بەباوکی: تاکو کەنیزەکێکت بۆ بکڕێت. باوکیشی کە ئەم کەنیزەکەی کڕی بوو، زۆری لە لا جوان و نایاب بووبوو. بۆیە هەڵی گرتبوو بۆ خۆی! دابووی بەم کوڕەی. ئێستاش کوڕەکەی ئیفلاسی کردووە و شتومەکی ماڵی هەموو فرۆشتووە. ئەمڕۆ ئەو کەنیزەکەی هێنابووە مەزادخانە. تاکو بیفرۆشێت دەلال خستبوویە مەزادەوە. نرخی کەنیزەکەکە گەیشتە ٤٠٠٠ دینار منیش سێ و دوویەکی خۆم کرد و بە خۆم وت:"ئەم کەنیزەکە... بۆ گەورەی خۆم سوڵتان دەکڕم."دەلالەکەم بانگ کرد و پێم وت:

"لە سەر من بە ٤٥٠٠ دینار."

کەچی پێی وتم:

"پیری شووم... بە جوولەکە و نەسرانی دەفرۆشم و نایدەم بە تۆ...!"

منیش وتم:

"کاکە گیان.. بۆ خۆمم نییە منیش بۆ سوڵتانی بەرێزی دەکرم...!"

کە ئەمەیان بیست: لێم هاتنە پێش و لەسەر قەڵپۆزی زینەکەیان خستمە خوارەوە... ئا بەم ریشە سپییەوە. ئەمەندەیان مشتەکۆڵە لێدام... تاکو... ئاوایان بەسەرهێنام. ئەمجا خەلیفە تووڕە بوو..... هەستایە سەر پێ و نەڕاندی. چەکداران کوان؟ هەر خێرا ٤٠ کەسی شمشێر بەدەست ئامادە بوون. ئەمجا فەرمانی پێدان:

"بچن.... ماڵی عەلی فەزڵی خاقان...داگیر بکەن و خۆی و کەنیزەکەکەی.... هەتا ئێرە بە کێش بکەن."

ئەوانیش وتیان:

"فەرمایشتە."

ئەمجا بەرەو ماڵی نورەدین عەلی بوونەوە. لە نێو ئەو چەکدارانەی خەلیفەدا،"عەلەمەدینی سنجەر"هەبوو. ئەو پیاوە کاتی خۆی بەندەی باوکی نورەدین عەلی بوو. خۆی پێ نەگیرا و لە نێوان چەکدارەکاندا خۆی دزیەوە وبە سواری کەوتە غار کردن بەرەو ماڵی نورەدین عەلی. کە گەیشت نورەدین عەلی بەخێرهاتنی کرد. ئەویش وتی:

"کاتی چۆنی وچاکی نییە!"گوێ بگرە:

خۆت رزگار بکە ئەگەر ترست بوو — کەی ماڵ و سامان خەم و کۆستت بوو؟

لە جێی سامان و ماڵ دەبێتەوە — بەڵام یەك گیان و هەر نەفست بوو!

نورەدین وتی:

"عەلەمەدین، هەواڵ چییە؟"

ئەویش وتی:

"هەستە خۆت و کەنیزەکەکەت..... بڕۆن، ئێرە بەجێ بهێڵن.... چونکە مەعینی وەزیر ...... لە لای خەلیفە بۆی تێ چاندوون. خەلیفەش ٤٠ جەنگاوەری بۆ ناردوون: بتان گرن!"

ئەمجا دەستی کردە گرفانیدا. ٤٠ دیناری پێبوو. دایە دەستی نورەدین عەلی و وتی:

"هەر ئەمەندەم پارە پێیە.... بیگرە."

ئەویش خۆی کرد بە ژووردا و کەنیزەکەکەی کە تێگەیاند. زۆر ترسا. ئەمجا هەر دووکیان ماڵیان جێهیشت. بەرەو دەرەوەی شار. خوا پاراستنی. رۆیشتن تاکو گەیشتنە کەناری دەریا سەیری کرد کەشتییەك خەریکە دەڕوات. کەشتییەوانێك هاوار دەکات: هیچتان بیر نەچێت. ئەوانیش وتیان هیچمان نەماوە. نورەدین عەلی چووە پێش و وتی:

"سەرۆك گیان: بەرەو کوێ؟"

ئەویش وتی:

"بەرەو، خانەی ئاشتی: بەغدا."

به دڵخۆشییەکی فرەوە، کەنیزەکەی سەرخست، گوریشی لەنگەر، کۆ کرایەوە و چارۆکە هەڵدرا..... کەشتی کەوتە رێ. هەر وەك چۆن دەڵێن:

| | |
|---|---|
| کەشتی کەوتە رێ لەسەر ئەو ئاوە | جۆرێك خۆی دابوو، بە دەمی باوە |
| وەکو باڵندە، باڵی لێك دەدا | سنگی تیژ رەوی لەو ئاوە ئاوە |

کۆیلە چەکدارەکانیش، کە گەیشتنە ماڵی نورەدین عەلی، دەرگایان شکاند و ماڵەکە گەڕان. کە کەسیان بۆ نەگیرا، خانووەکەیان رووخاند ئەمجا گەڕانەوە. بۆ خەلیفە فەرمانی دەرکرد

"لە هەر کوێ بن بیان گرن."

دوای ئەوەیش.... مەعینی ساوی وەزیر خەلات کرا، خەلیفە پەیمانی دایە تۆڵەی بۆ بکاتەوە. ئەمجا جارچی بە شاردا گەڕا و هاواری لە نێو خەڵکدا کرد:

"هەر کەس نورەدینی عەلی بگرێت و بیبات بۆ سوڵتان خەلاتێکی باش دەکرێت: ۱۰۰۰ دینار، وەر دەگرێت. هەر کەسێکیش، نورەدین پەنا بدات، کە گیرا، سووکایەتی پێ دەکرێت و بە هێندەی تاوانبارەکە سزا دەدرێت!!"

نورەدین عەلیش ون بوو. نورەدین عەلی و ژنەکەی بە بێوەی، گەیشتنە شاری بەغدا. سەرۆکی کەشتییەکە پێی وتن:

"ئەوە، گەیشتنە بەغدا: زستانی رۆیشت، بەهارە. کاتی گوڵ و گوڵزارە. سەوزن درەخت و داران. لە دامێنی دا رووباران."

نورەدین ٥ دیناری کرێ دا، دەستی ژنەکەی گرت و رۆیشتن. زۆری پێنەچوو: گەیشتنە رەزوباخێك. سەیریان کرد: شوێنێك ئاورشێن کراوە. تەختەی درێژ بۆ دانیشتن دانراوە. چەند سەتڵە ئاو، هەڵواسراوە لەو سەریشیەوە، دەرگای داخراوی رەز و باخەکەیە. نورەدین بە کەنیزەکەکەی وت:

"بە خوا ئێرە خۆشە!!"

کەنیزەکەکەش وتی:

"کەوابوو با سەعاتێك لەسەر ئەو تەختە رایەڵانە دابنیشین تاکو کەمێك بحەوێینەوە."

ئەمجا دەم و چاویان شت و لەسەر تەختەکان لێی دانیشتن. هەوا فێنك بوو. نووستن! گەورەیی هەر کە هەرگیز نانەوێت! رەزەکە سەیرانگا بوو. کۆشکی مۆزەخانەی تیابوو. هارونەرەشید خاوەنی بوو. ئەو کۆشکە: ۸۰ پەنجەرەی هەبوو. لە ناوەڕاستی هۆڵەکەیدا "مۆم دان"ێکی زێڕین دانرابوو...! کە خەلیفە دڵی تەنگ دەبوو. دەهاتە ئەو کۆشکە. هەر ۸۰ پەنجەرەکە دەخرانە سەرپشت! فەرمان دەدرا "ئیسحاقی کوڕی برایم"ی هەمنیشینی و کەنیزەکان بۆ گۆرانی و سەما، ئیتر خەلیفە دڵی دەکرایەوە. ئەم رەز و باخە باخەوانێکی هەبوو، ناوی مام برایم بوو. جار و بارێك کە رەز و باخەکەی جێ دەهێشت و دەچووە شار.

خەلكی دەچوونە ناو باخ و دەستكاری شتەكانیان دەكرد. ئەویش زۆر توورە دەبوو. بۆیە كە خەلیفە هات، سكالای خۆی لای كرد. خەلیفەش فەرماین پێدا:

"هەر كەسێكت لە ناو رەز و باخەكەدا بینی.... چی لێ دەكەیت ... بیكە..".

شەهرەزاد هەستی كرد شەو درەنگ بوو......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٦

# چیرۆكی نورەدین عەلی و ئەنیسی جەلیس و مام برایمی باخەوان

شەهرەزاد وتی:"ئەی پاشای بەختیار.... دەبوو: مام برایم بۆ كارێكی خۆی بچوایە بۆ شار.... كە دەرگای رەز و باخەكەی كردەوە دوو كەس بینی لاڵ و پاڵ لێی نووستبوون. ئەمیش بە خۆی وت:

"ئای.... نەگبەتینە.... نازانن: فەرمانی شاهانەم پێیە.... هەر ئێستا بتانكوژم بەلام نە! ناتانكوژم و فەلاقەیەكی باشتان دەكەم! تاكو تەمێ ببن وجارێكی دی نەوێرن توخنی ئەم رەز وباخە بكەون.

دارێكی تەڕی لە لق وپۆپی دار خورمایەك كردەوە و چووە ژوور سەریان....دەستی بلند كرد، پێیاندا بكێشێت، كەچی پەشیمان بووە و بەخۆی وت:

"كوڕە... كێ دەلێت، نامۆ نین بە ئەم ناوچەیە! یان رێبوارێكی ماندوو و شەكەت نین!؟ با هەلیان بستێنم و لێیان بپرسم."

سەری یەكێكیانی راست كردەوە، بە خۆی وت:"ئەم ناسك و جوانە... دەست لێنادەم."

چووە سەر نورەدین عەلی، قاچەكانی راوەشاند كە نورەدین عەلی چاوی كردەوە، پیرێكی بە هەیبەتی بینی. شەرمی كرد. خێرا قاچەكانی هەلكێشایەوە. هەستایە سەرپێ. دەستی مام برایمی ماچ كرد. ئەویش پرسی:

"لە كوێوە هاتوون؟"

نورەدین عەلی وتی:

"نامۆین بە ئێرە!"

چاوانی پڕ فرمێسك بوو. مام برایم دلی دایەوە و وتی:

"پێغەمبەر "د.خ"ئامۆژگاری كردووین: بۆ نامۆیان چۆن بین. با بچینە ناو رەزەكە، بەلكو دلتان بكرێتەوە."

نورەدین عەلی پرسی:

"ئاخۆ.... ئەم رەز و باخە هی كێ بێت!؟"

مام برایم بۆ ئەوەی لەگەلی بێن و سلّ نەكەنەوە وتی:

"ئەم رەز و باخە لە باوو باپیرانمەوە بۆم ماوەتەوە."

ئەویش سوپاسی رەزەوانی کرد و کەنیزەکەکەی لە خەو هەستان. ئەمجا دوای مام برایم کەوتن و چوونە ناوەوە. باخ چ باخێك!!؟ دەرگاکەی دەتوت، دەروازەی کۆشکە. هەموو جۆرە مێوێکی تیابوو. سوور دەتوت یاقووتە! رەشی قەترانی. چوونە ژێر ساباتی کەپرێك، میووەی پێدا شۆڕ بووبووەوە. کەناری و قومری و بولبولان دەیان خوێند. ترێی کشمیشی و سپی و سەرقووڵە و خۆراسانی. قۆخی سوور هەڵگەڕاو، دەتوت: دەنووکی کەوە! بەلاڵوك، کە لە ژێر دانەکاندا دەتوایەوە ئەو هەنجیرە سوور و زەردە!! ئاودار و جوانە گوڵی بە بریسکە دەتوت مەرجانە. گوڵە وەنەوشە: ناسك وشەرمن...لە سایەی باخدا، وەك بووکێ خرپن، ئای و گوڵە پرژە.... شەقایق و خوزامی... زامدار بیدیایە سارێژ بوو.... زامی....!!

گوڵە نێرگز و گوڵە کەنیزە یان لیمۆ: دەتوت گۆیەکی زێڕە! بەهارە و زەوی تەڕ و پاراوە... چیمەن و گیایە و بە گوڵ رازاوە. قەڵبەزەی رووبار بە ئاوی خوڕی.... بولبول لە سایەی ئاوازی چڕی. ئەمجا مام برایم، بردنی بۆ هۆڵە و گۆڕەپانەکەی ناوەوە. ئەوانیش روانیان: هەر پەنجەرە و "مۆمدان"ێکی تیا دانراوە نورەدین عەلی کۆشك و دیوەخانی جارانی خۆی بیر کەوتەوە. ئەمجا وتی:

"بەخوا.... شوێنێکی خۆشە."

مام برایم سفرەی راخست و نانیان خوارد دواتر دەستیان شت. نورەدین چووە بەر پەنجەرەیەك و لەوێوە سەیری دار و درەختەکانی کرد.... ئەو هەموو میوەیەی بینی، کەنیزەکەکەی بانگ کرد. دواتر بە مام برایمی وت:

"ئەوە..... شەرابتان لانییە، دوای نان خواردن خواردنەوە خۆشە!؟"

ئەویش چوو ئاوێکی سازگاری بۆ هێنا. نورەدین عەلیش وتی:

"ئەم خواردنەوەمیە، ناڵێم!"

ئەویش وتی:"رەنگە مەبەستت مەی بێت!"

ئەویش وتی:

"بەڵێ."

ئەمجا پیرە وتی:

"خوایە..... تۆبە! ئەوە ١٣ ساڵە لێرەم بۆنیشم نەکردووە! پێغەمبەر "د.خ"دروستکەر و فرۆشیار و کڕیاریشی بە لەعنەت کردووە."

نورەدین وتی:

"گوێ بگرە."

ئەویش وتی:

"فەرموو".

وتی:

"ئەوە دینارێك سواری کەرەکەت ببە، برۆ نزیك "مەیخانە"یەکەوە و بە یەکێك بڵێ برۆ لە ژوورەوە بایی ئەم دینارە مەیم بۆ بکرە. ئەوە: خۆت نەتکڕی. بیخە سەر پشتی کەرە. ئەوە خۆت هەڵت نەگرت. بۆم بێنەوە. ئەوە نە لەعنەتت بەرکەوت و نەهیچ!"

مام برایم دەستی کردە پێکەنین و وتی:

"کەسی وەکو تۆ، سوعبەتچیم نەدیوە!"

ئەمجا پارەکەی لێ وەرگرت و چوو، بۆی کڕی. کە گەڕایەوە، نورەدین زۆر سوپاسی کرد. ئەمجا بردییە شوێنێك پیاڵە و جام و پێداویستیەکانی خواردنەوە کە هەموو لە زێڕ دروست کرابوون هەبوو... بە دڵی خۆی خواردییەوە. پیرەش چوو، میوەی بۆ ڕنین و چەپکێ گوڵی بۆ کردن و لەبەر دەمی نورەدین و کەنیزەکەکەدا داینا. خۆیشی لێیان دوور کەوتەوە. ئەوانیش...... هێندەیان خواردەوە، لێویان سوڕ هەڵگەڕا شادی دایگرتن. مام برایم، کە لە دوورەوە، دانیشتبوو، بە خۆی وت:

"هەموو، رۆژێك دوانی ئاوا لاو و شۆخ و شەنگ، لە لات نابن.... بۆچی لای ئەوان دانەنیشم!!؟"

بۆیە چووەوە لایان. نورەدین عەلی "پێك"ێکی بۆ کرد و وتی:

"شەمە بخۆرەوە، تاکو تامی بزانیت!"

مام برایم وتی:

"پەنا بە خوا دەگرم.... ١٣ ساڵە لێرەدام، دەمم لە مەی نەداوە!"

دوای کەمێك نورەدین، خۆی لە زەویدا دەرێژ کرد، وەکو ئەوەی لە سەر خۆشیدا بوورابێتەوە! ئەنیسی جەلیس بە مام برایمی وت:

"بنوارە، چیم پێ دەکات."

مام برایم پرسی:

"خاتوون..... ئەمە چییەتی؟"

ئەویش وتی:

"هەموو جارێك هێندە دەخواتەوە: تاکو بەدمەست دەبێت.... ئیتر لێی دەخەوێت. منیش بە تەنیا دەمێنمەوە.... کەس نابێت لەگەڵمدا، دابنیشێت و گۆرانی بۆ بڵێم."

مام برایمیش وتی:

"بە خوا... کارێکی باش ناکات."

ئەمجا ئەنیسی جەلیس پیاڵەیەکی پڕ کرد و وتی:

".... ئەم قوومە بخۆرەوە و دڵمە مەشکێنە."

مام برایمیش دڵی نەشکاند...! وەری گرت و هەڵیدا. دواتر دووەم و سێیەمیشی هەڵدا.... نورەدین هەستایەوە و لێی دانیشت. ئەمجا مام برایم وتی:

"کەنیزەکەکەت سوێندی دام.... بۆیە خواردمەوە!"

نورەدین عەلی.. دەستی کردە پێکەنین. دەستیان کردەوە بە خواردنەوە. کار گەیشتە ئەوەی مام برایم هاواری لێ هەستا:

"بۆچی مەی بۆ منیش تێناکەن!!؟"

ئەوانیش زۆر پێکەنین. نورەدین عەلی وتی:

"ڕێگەم بدە... با یەکێك لەم مۆمە گەورانە، دابگیرسێنم."

مام برایمیش وتی:

"برۆ..... دایگیرسێنە."

ئەویش چوو، بەو سەرخۆشیەوە ٨٠ دانەی داگیرساند. ئەو ناوەی کردە چراخان. مام برایم کە مەست بووبوو- وتی:

"بەڕاستی ئێوە.... لە من بە جەرگترن. کە دەوێرن... ئاوا دایان گیرسێنن."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو....... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٧

شەهرەزاد وتی: ئەمجا هەستا و هەموو پەنجەرەکانی کردەوە. دەستیان کردە، گۆرانی وتن و شیعر خوێندنەوە. ئەو خوایەی کە بۆ هەر رووداوە و هۆیەکی داناوە.. خەلیفە لە کۆشکەوە، لە ناو شار، دەڕوانێتە ئەم رمز و باخەی کە کەوتبووە سەر کەناری دیجلە. دەبینێت: چراخانە و ئەو رووناکیانە لە ئاوی دیجلەدا، بریسکەیان دێت، فەرمان دەدات:

"بچن ئەبو جەعفەری بەرمەکیم بۆ بانگ بکەن."

کە هێنایان میری موسڵمانان پێی وت:

"سەگی وەزیران....ئەوە "بەغدا"ت لێ داگیر کردووم... بێئەوەی بە خۆم بزانم!؟"

جەعفەریش وتی:

"ئەمە چ قسەیەکە؟"

خەلیفەش وتی:

"گەر بە تەمای گرتنی بەغدا نەبیت، کۆشکی پەیکەران، رووناك و ئاوەدان پەنجەرەکانی کراوە نابن! تۆ نەبیت کی دەوێرێ، ئەم کارە بکات؟"

ئەبو جەعفەر، چووە لای خەلیفەوە، سەیری کۆشکی پەیکەرانی کرد... ئەمجا وتی:

"ئا.. قوربان ئەوە بیرم کەوتەوە....ئەوە مام برایمی باخەوان پێی وتم:"فەرمانم لە خەلیفە، بۆ وەربگرە.... با ئەم هەینییە، منالەکانم ببەمە کۆشك و ئاهەنگ بگێڕن.... ئەوە چەندین ساڵە پەزێرایی ئەم کۆشکە دەکەم."

منیش ڕێم پێدان و وتم:

"خۆم فەرمانتان لە خەلیفە بۆ وەردەگرم، بۆ نەگبەتی بیرم چووەوە، پێت بڵێم."

خەلیفەش وتی:

"ئێستا، تاوانەکانت بوو بە دوو..... یەکێکیان منت ئاگادار نەکردۆتەوە، ئەوەی دی پارەت نەداوە بە مام برایم تا ئاهەنگەکەی پێ ساز بدات!"

ئەویش وتی:

"قوربان.... بیرم چوو!"

خەلیفە وتی:

"بە گۆڕی بابم... دەبێت: ئەمشەو لای ئەوان بەسەر بەرین! ئەو باخەوانە پیرێکی نورانی روو لە خوایە...! بەڵکو بەم کارەمان....نزایەکمان بۆ بکات و خوا گیرای بکات..... ببێتە مایە سوودی هەر دوو دنیامان. دڵی مام برایمیش خۆش دەکەین."

جەعفەریش وتی:

"گەورەم.. کات درەنگ بووە و ئاهەنگەکەیان لە کۆتا بوونایە."

خەلیفەش وتی:

"دەبێت هەر بچین."

وەزیریش سەری لێ تێك چوو. نەیدەزانی چی بکات.

## بەسەرهاتی نورەدین و ئەنیس و باخەوان و هارونەرەشید

خەلیفە هارونەرەشید هەستا و مەسروری خزمەتکار بە دوایدا و جەعفەر چوون: خۆیان گۆڕی بە جۆرێك نەناسرێنەوە. کۆڵانە و کۆڵان بە رێکەوتن بە جل و بەرگی بازرگانیەوە، گەیشتنە دەروازەی رەز و باخەکە... بینیان کراوەیە.

خەلیفە وتی:

"باشە... جەعفەر: چۆن مام برایم ئەم دەروازەیەی بە کراوەیی بە جێ هێشتووە؟"

ئەمجا چوونە ناو باخەکەوە.... بۆ بەردەم کۆشك ئەمجا خەلیفە وتی:

"ئەمەوێت، بەدزیەوە، سەیرێکیان بکەم بزانم خەریکی چین؟ خۆ....من نە گوێم لەدەنگە، نە ترای کەسێك."

ئەمجا سەیری ئەملا و ئەولای کرد و وتی:

"جەعفەر، ئەم دارگوێزە، لق و پۆپەکانی بە پەنجەرەکانەوەیە، با سەر بکەوم و سەیرێك بکەم."

ئەمجا خەلیفە لق بە لق بە دارەکەدا، هەڵ زنا. تا گەیشتە سەر لقێك بەرامبەر پەنجەرەیەك و لێی دانیشت، کە سەیری کرد کوڕ و کچێکی شۆخ و قەشەنگ لەوێن، پەنا بە خوا: لە جوانیان. مام برایمیش لەولاوە پیاڵەیەك مەی بە دەستیەوەیە و دەڵێت:

"خواردنەوە، بە بێ ئاواز و گۆرانی، خۆش نییە بۆ شاعیرێك وتویەتی:

لە دەستی مانگ وەری بگرن ئەو پێکە مەی بگێڕن لە بۆ گەورە و بچووکە

کە ئاو دەخواتەوە ئەسپ بەفیکە بە بێ ستران: هەڵی مەدەن... بیستوومە

خەلیفە کە ئەمەی بینی دابەزی و وتی:

"من پیاوچاکانم بەو شێوەیە نەدیوە...! ئادەی بۆ ئەوەی لەو "فەرە"بێبەش نەبیت، سەرکەوە، سەیرێکی مام برایم بکە."

ئەبو جەعفەر سەراسیمەبوو...!! بە دارەکەدا، هەڵزنا. نورەدین عەلی و کەنیزەکە ئەنیسی بینی دەخۆنەوە. مام برایمی باخەوانیش پیاڵەیەك مەی بە دەستەوەیە! "تێگەیشت تیاچووە. بێ دەنگ جەعفەر هاتە خوار... بە تەریق بوونەوەیەك لەبەر دەم خەلیفەدا وەستا. خەلیفە سەیرێکی کرد و پرسی:

"ئاخۆ... کێ ئەمانەی گەیاند بێتە ئێرە!؟"

ئەمجا پرسی:

"کێ.... ئەم دووانەی کردووەتە کۆشکی منەوە!"

هێشتا بە ٢ چاوی خۆم کیژ و کوڕە لاوی ئاوا شۆخ و شەنگ و جوانم نەدیوە!!"

جەعفەری وەزیر کە دەیویست، خەلیفە تووڕە نەبێت، وتی:

"فەرمایشتە، قوربان."

ئەمجا وتی:

"با هەر دوکمان سەر بکەوینەوە، سەر درەختەکە، تاکو سەیریان بکەین."

کە سەرکەوتن گوێیان لێبوو، مام برایم وتی:

"ئەم خەیاڵ و ئەندێشە سازە، پێویستی بە گۆرانی و ئاوازە."

کەنیزەکە ئەنیسی جەلیس وتی:

"مام برایم، ئەوە ئەگەر، ئامرازێکی مۆسیقا هەبووایە، کۆڕەکەمان خۆشتر دەبوو."

مام برایم هەستایە سەرپێ...! خەلیفە وتی:

"ئاخۆ..... چی بکات!؟"

جەعفەریش وتی:

"بەخوا.... نازانم!"

مام برایم کەمێك ون بوو، کە گەڕایەوە عوودێکی پێ بوو. خەلیفە وتی:

"ئەگەر دەنگی ناخۆش بێت، هەموویان لە سێدارە دەدەم! بە تۆیشەوە!"

جەعفەر وتی:

"خوا بکات دەنگی ناخۆش بێت!!"

خەلیفە وتی:

"بۆ!؟"

جەعفەر وتی:

"ئەگەر بە مردنیش بێت، با.... لەگەڵ ئەمانەدا، کۆ ببمەوە!"

ئەمجا کەنیزەکە ئەنیس عوودەکەی لێ وەرگرت و کەمێ سەیری کرد، ژێیەکانی ساز دانەوە، گۆرانیەکی چڕی ئاسنی دەتوانەوە.... هێڕانی هۆش خۆ.. دەهێنانەوە:

ئاگا بە عاشقی: بێدەرەتانا....! بە بەزەیی بە، بە هەژارانا

چیمان بۆ بکەن، بە فێرۆ ناچێت چونکە: لە ئێوە: ئێمە روومان نا !

خەلیفە وتی:

"بەخوا... هێشتا دەنگی ئاوا خۆشم نەبیستووە!"

ئەمجا وەزیر بەخەلیفەی وتی:

"رەنگە، خەلیفە توورەییەکەی رەوی بێتەوە!"

ئەویش وتی:

"ئا...ئا."

ئەمجا وتیەوە:

"ئارەزوومە بچمە لایان و لە نزیکەوە ئەو کەنیزەکە گۆرانیم بۆ بڵێ!"

وەزیریش کە حەزی نەدەکرد وتی:

"قوربان رەنگە لێیان تێك بدەین! ئەو مام برایمە پیرەش هەر لە ترسانا: دەمرێت!"

خەلیفەش وتی:

"کەواتە: فێڵێکم بۆ بدۆزەرەوە، بۆ چوونە ژوورەوە کە ئەوان نەم بینن!"

ئەمجا بەرەو دیواری باخەکەی کە بە سەر رووباری دیجلەدا دەڕوانێت.... چوون. ماسیگرێکیان بینی: بە سەر بەلەمەکەیەوە، لە ژێر پەنجەرەکانی کۆشکدا... راوە ماسی دەکات. کاتی خۆی... خەلیفە لەباخەوانی پرسی بوو: ئەو دەنگە دەنگەی ئێرە چییە؟"

باخەوان وتبووی:

"دەنگی ماسیگرەکانە!"

خەلیفەش فەرمانیدابوو: کە نابێت لەو دەورووبەرەدا راوە ماسی بکرێت. ئەم ماسیگرە کە کەریمی ناو بوو، بینی بووی دەروازەی رەز و باخ کراوەیە، وتبووی:

"کۆشك جەبجاڵە و کەس ئاگای لە من نییە... لێرەدا راو دەکەم."

لە پڕێکا خەلیفە کە دەیناسی، بانگی کرد:

"کەریم."

ماسیگرەش ئاوڕی دایەوە... کە بینی ئەوە خەلیفە خۆیەتی، کەوتە پاڕانەوە و وتی:

"گەورەم، وا مەزانە، فەرمانەکانی تۆم شکاندووە! بەخوا.. لە هەژاریدا هاتوومەتە ئەم شوێنە."

خەلیفە پێی وت:

"ئادەی، لە بەختی من، تۆڕەکەت فڕێ بدە ئاوەوە".

کە کەریم ئەمەی بیست زۆری پێخۆش بوو. جێگەی شیاوی دۆزیەوە و تۆڕەی هەوادا. دوای کەمێك بە کێشی کردەوە، رووانی چەندین ماسی جۆراوجۆری تیایە. خەلیفەش زۆری پێخۆش بوو. ئەمجا پێی وت:

"کەریم. جل و بەرگەکەی خۆتم بۆ دابکەنە."

کەوایەکی، بە شانەوە بوو لە پێستی مەڕ. سەدان پۆخڵەواتی پیا شۆڕ ببووەوە. چەفتەیەکی بە سەرەوە بوو، دەیان پینەی پێوە بوو. خەلیفەش کە بەرگەکەی بەری داکەند، جۆرێکی ئەسکەندەری و ئەوی دی. بە علەبەگی بوو. لەحەریر بوو. ئەمجا فەرمانی پێدا:

"برۆ... راوەماسی خۆت بکە."

کەریمیش دەستی ماچ کرد و رۆیشت. لەبەر خۆیەوە ئەمەی وت:

| | |
|---|---|
| لە ئاستی چاکەکانتا سەرم شۆڕما | نقوومم، لێم دەڕژێ.. لە زۆرما |
| هەتا، زیندووم... گۆرانی بۆ تۆ دەڵێم، | کە مردیشم، ئێسکەکانم لە گۆڕما |

کە خەلیفە، بەرگەکەی لەبەر کرد و کەواکەی بە سەردا... پرسی:

"ئەرێ ئەمە چییە.... پڕە لە کێچ و ئەسپێ!!"

ماسیگرەش وتی:

"گەورەم.... دوای هەفتەیەك لەگەڵی رادێیت...!"

خەلیفە دەستی کردە پێکەنین و وتی:

"نەگبەت، بۆچی دەتوانم هەفتەیەك ئەمە لەبەر بکەم!؟"

ئەمجا وتی:

"گەورەم... گەر ویستت فێرە راوماسی ببیت.... کە پیشەیەکی بە سوودە، ئەوا..... ئەم کەوایە بە کەڵکت دێت!"

ئەمجا خەلیفە گورزەیەك گیای کرد و چووە بەردەم جەعفەری وەزیر. ئەویش وایزانی، ماسیگرەکەیە وتی:

"ئەوە.... ملت لە چەقۆ دەسوویت!؟ برۆ.. لەم دەورووبەرە مەمێنە! خەلیفە بتبینێت، دەتکوژێت!"

خەلیفە دەستی کردە پێکەنین. ئەمجا جەعفەر بە سەرسوڕمانەوە پرسی:

"گەورەم ئەوە خۆتیت!!؟"

خەلیفە وتی:

"ئەی ئێمە پێکەوە نەهاتینە ئێرە؟ نام ناسیتەوە! جا .... مام برایمی سەرخۆش چۆن دەمانناسێتەوە!!؟ لێرە بمێنەوە، تا دەگەڕێمەوە."

چووە بەر دەرگا و لە سەرخۆ لێی دا..... نورەدین عەلی بانگی مام برایمی کرد:"لە دەرگایان... دا."

کە مام برایم پرسی کێیە؟ لە وەڵامدا وتی:

"منم، کەریمی ماسیگر.... ئەوە زانیم میوانت هەیە هەندێك ماسیم بۆ هێناویت."

کە نورەدین عەلی و کەنیزەکەکەی گوێیان، لە ناوی ماسی بوو، بانگیان کرد:

"مامە گیان... بۆمان بێنە!"

دەرگای بۆ کرایەوە، هات و سڵاوی لێ کردن.. مام برایم وتی:

"ئای بەخێر بێیت مام دز...! قومارچی! کوا.... بزانم ماسیەکانت باشن!؟"

کەنیزەکەکە وتی:

"ماسیەکان زۆر باشن... خۆزگە بە برژاوی دەبوو."

مام برایم وتی:

"ڕاست دەکەیت خاتوون."

ئەمجا ڕووی کردە خەلیفە و وتی:

"بۆچی بەبرژاوی نەت هێنا؟ هەستە، بۆمان ببرژێنە!"

خەلیفەش وتی:

"هەر ئێستا.. دەیبرژێنم."ئەمجا چووە دەرەوە بۆ لای جەعفەر و وتی:

"جەعفەر...!"

ئەویش پرسی:"ها.... چیبوو، ئەی میری موسڵمانان؟"

خەلیفە وتی:

"کوڕە.... فەرمانیان پێدام: ماسییەکان ببرژێنم!!"

جەعفەر وتی:

"بێنە.. با من بۆیان ببرژێنم."

خەلیفە وتی:

"بەگۆڕی باپیرانم.... هەر خۆم ئەوەشیان بۆ دەکەم!"

گەڕا، تا کۆختەی مام برایمی دۆزیەوە.... چووە ژوورەوە سەیری کرد، هەموو پێداویستیەکانی برژاندنی ماسی تیایە. هێنایە دەرەوە و دارو چیلەکەی کۆ کردەوە و ماسی بە شیشەوە کرد. ژێرەکەی گەڕدا. خوێ و زەعفەران و زەعتەری پێوە کرد. کە ماسیەکان برژان خستییە سەر گەڵا مۆز و هەر لەباخەکە لیمۆیشی بۆ کردنەوە. ئەمجا بردی و لەبەر دەمیاندا... داینا. ئەمجا کیژ و کوڕە لاوە، لەگەڵ مام برایم تا توانیان لێیان خوارد. کە دەستیان شت نورەدین وتی:

"ئەی ماسیگر، ئەمشەو کارێکی چاکت بۆ کردین."

ئـەمجا دەسـتی کـرد بـەگیرفانیاو، لـەو پارانـەی کـاتی خـۆی "سـەنجەر"پێـی دابووکـە سەفەری پێ بکات... ۳ دیناری دەرهێنا و دایە خەلیفە پێی وت:

"بەخوا گەر پێش ئەوەی ئاوام بەسەر بێت: دەت بینیم: نـەم دەهێشت تـاڵی.. نـەبوونی بچێژیت! بیگرە... بەڵکو: خوا... بەرەکەتی تێ بخات."

خەلیفـەش لێـی وەرگـرت و پارەکـەی مـاچ کـرد و خسـتییە گیرفـانی... بـەڵام خواسـتی خەلیفە، پارە نەبوو! بەڵکو گوێ گرتن لە گۆرانی بوو. بۆیە وتی:

"قسـەکانت بـەجێن! بـەڵام خواسـتی مـن گـوێگرتن بـوو لـە گـۆرانی! فـەرمان بـدە بـە کەنیزەکەکەت گۆرانیمان بۆ بڵێ."

نورەدین عەلی رووی کردە کەنیزەك و وتی:

"لەبەر خاتری ماسیگر هەندێ گۆرانیمان بۆ بڵێ."

کەنیزەکەکە: عوودەکەی بە دەستەوە گرت کەمێ سازی دا.... وتی:

ناسکۆڵەیەك پەنجە بۆ ژێیان دەبا      بە خورپەی دڵ، گیان وهەناوان دەبا

کەر و لاڵیش... لەخۆشیان دێتە سەما      خۆ ناگرێ و دەستی بۆ چاوان دەبا

جۆرێك ئەو عوودەی: دەژەنی.... بیرو هۆشی دانیشتوانی... دەتەنی...! دەستی پێکردەوە:

دڵی غەمباربە ئێوە چاك بووەوە      بە یەکجاری کە ماڵ: روناك بووەوە!!

دەبا... گوڵاو پرژێنی کەم ئەم دەورە      کە سینە و دڵ بە جارێ پاك بووەوە

خەلیفە زۆر خۆشحاڵ بوو، بەو گۆرانیە. هاواری کرد:

"زۆر باشە، زۆر باشە."

نورەدین عەلی لێی پرسی:

"ئەم کەنیزەکەت بە دڵە!!؟"

خەلیفە وتی:

"ئەرێ.. بەخوا."

ئەویش وتی:

"ئەوە دیاری بێت و پێشکەش بە تۆ..... دیـاری بەخشـندەیەك کـە پەشـیمان بوونـەوەی نەبێت."

ئەمجا بە ماسیگرەی وت:

"ئەوەش کەنیزەکەکە... هەستە ولەگەڵ خۆت بیبە."

کەنیزەکەکە رووی تێکرد و وتی:

"گـەورەم هـەر بـە بێخواحـافیزی.. جـێم دێڵیـت؟ ئەگـەر هـەر دەڕۆم... مۆڵەتم بـدە: خواحافیزیت لێ بکەم و هەستی خۆم دەر ببڕم."

لە قولابی چاوانتا جێم ببوایە....      یەکەم کەس بووم: دەبوو مەلەم کردایە

ئەی: کوڕی: خاقان خۆشەویستی تۆ — لە نێو دڵدایە.. هەرگیز: دەرنایە !
سەرت هەڵگرت و زێدی خۆت جێهێشت — منت هەڵبژارد: بۆت ببمە سایە
خوایە: دووری من بۆت نەبێتە خەم — دەبمە هی کەسێك: دەستی واڵایە
کە ئەمەی وت: نورەدینیش ئەمەی وت:
ڕۆژی دابڕان کە منی سپارد — بە گریە و خەم و بە هەناسەی سارد
پرسی: بە بێ من چی دەکەیت؟ وتم: — منیش بۆ لای خوا: هاواری خۆم نارد

خەلیفەش زۆر بە لایەوە سەخت بوو. ئەو دوانە لەیەك بكات. بۆیە پرسی:

"ئەم كەنیزەكە لە شیعرەكەیدا وتی: گوایە... تۆ بە گڕ سوڵتانەكاندا چوویتەوە لەبەر خەلیفە كە خەریك بووە بگیرێیت هەڵاتوویت. ڕاستە؟"تكایە: بەسەرهاتەكەم بۆ بگێڕەوە."

نورەدین وتی:

"ماسیگر بەسەرهاتی سەیر و سەمەرە بە سەر من و ئەم كەنیزەكە هاتووە...! كە دەبوو بە ئاوی زێڕ بنووسرایە.. تاكو خەڵكی پێ سوودمەند بوونایە."

خەلیفە وتیەوە:

"دە.... بۆمـان بگێـڕەوە...... بـەڵكو خـوا ڕزگـارت بكـات و دەروازەی ژیانـت بـۆ واڵا ببێتەوە."

خەلیفە وتی:

"پەخشان ڕیزبەندە – شیعر سەر و بەندە."ئەمجا نورەدین كەمێ سەری داخست و وتی:

هاوڕێ...... كە لانەم جێ هێشت هەڵاتم — تاسەم خرۆشا، لە بۆ وڵاتم
باوكی بە سۆزم جۆرێ لە دەست چوو — لە گۆڕستانا، تا سەر جێگیر بوو
دواتر زۆر كێشەی ترم هاتە ڕێ — بە خەمیان تەواو ڕۆحم زەنجیر بوو
كەنیزەكێكی بۆ كڕیم.... ناسك — زۆر بە سەلیقە ئاغر و ژیر بوو
لە یەكەم بانگدا.... دەڵاڵ نرخاندی — ئەوم لە دەست چوو، غەمم دەستگیر بوو
لەو مەزادەدا، كە زیادیان دەكرد — پیرە دەڵاڵیش وەك من زویر بوو
كە زۆر تووڕە بووم پەلامارم دا — ڕاكێشانەوەی گیژوم لە بیر بوو
ئەو بێ نامووسەش زوو ڕقی هەستا — نەیزانی: بە بان ملییەوە: شیر بوو!
مشتێكی توندم بە دوو دەست لێدا.... — خوێنی لێ دەتكا و ناودەمی سوێر بوو
ئیشارەتیان دام كە دوور بكەومەوە — پۆلیس ون بوونی منی تەدبیر بوو
كە هیچم نەما: ئاوا.... هەژار بووم! — بۆیە كەنیزەك: بە تۆوە پیر بوو
كە خۆشەویستی خۆمم پێ بەخشیت: — لەگەڵیا: دڵم لای تۆ ئەسیر بوو

شەهرەزاد هەستی كرد شەو دەرنگ بوو........ بۆیە بێدەنگ بوو.

# شەوی ۳۸

شەهرەزاد وتی: کە لە شیعرەکە بووەوە خەلیفە وتی:

"نورەدین گیان بە دوورودرێژی بەسەرهاتی خۆتم بۆ بگێڕەوە."

نورەدین عەلی لە سەرەتاوە تا کۆتایی بەسەرهاتەکەی خۆی بۆ گێڕایەوە کە خەلیفە ئەوەی بیست پێی وت:

"ئێستا دەتەوێت بۆ کوێ بچیت؟"

ئەویش وتی:

"سەرزەوی خوا، فراوانە."

خەلیفە وتی:

"نامەیەکت بۆ دەنووسم بۆ سوڵتان محەمەدی سلێمانی زەینی... کە خوێندیەوە ئیتر زیانت پێ ناگەیەنێت!"

نورەدین عەلیش وتی:

"جا..... تو خوا، لە دنیادا ئەمە بووە: ماسیگرێك نامە بۆ پاشایان بنووسێت؟ ئەمە هەر نابێت."

خەلیفە وتی:

"خۆ.... تۆ راست دەکەیت، بەڵام من هۆیەکەت پێ دەڵێم! ئەزانیێ چۆن...!؟خۆم و خۆی لە یەك حوجرەدا پێکەوە لای یەك مەلا دەمان خوێند! ئەو سوختەی بەردەستی من بوو....! دواتر ئەو خوا لای لێکردەوە و بووە: سوڵتان. خوا منیشی کردە ماسیگر. هەر داواکایەکیشم لێ کردبێت بۆی جێبەجێ کردووم. هەزاران کارم پێ کردووە".

کە نورەدین ئەمەی بیست، وتی:

"زۆر باشە... بینووسە، با.... بیبینم."

ئەمجا ئووج و مەرەکەبییان بۆ هێنا.دوای "بسم الله"نووسی:

"ئەم نامەیە لە هارونەرەشیدەوە بۆ بەڕێز سوڵتان محەمەد کوڕی سلێمانی زەینی: نوێنەرم، لە یەکێك لە هەرێمەکانی مەملەکەتەکەم. ئەم نامەیە بە هەڵگری: کە نورەدین عەلییە، کە کوڕە وەزیرە دەنێرم. کە گەیشت: دەم و دەست بیخەرە شوێن و پلە و پایەی خۆت و دەست لە کار کێشانەوەی خۆت رابگەیەنە. فەرمانەکەم جێبەجێ بکە و .... سڵاو."

ئەمجا نامەکەی دایە دەست نورەدین عەلی خاقان. ئەویش نامەکەی ماچ کرد و خستییە پێچی مێزەرەکەی سەری خۆی هەستا و خۆی ئامادەی سەفەر کرد، ئەمە حاڵی ئەم بوو. مام برایمیش سەیرێکی خەلیفەی کرد و وتی:

"خوێڕی..... ۲ ماسیت بۆ هێنان بایی ۲۰ فلس بوو ۲ دینارت لە حەقیدا وەرگرت، ئێستاش چاوت بڕیوەتە: کەنیزەکەکەیش!"

پەلاماری خەلیفەی دا. وەزیریش.... کە ناردبووی.... تا..... بە دزیەوە: بەرگی پاشایەتی..... بۆ خەلیفە بێنن! کە بەرگەکانیان هێنا. خەلیفە کابرای خەڵات کرد. ئەمجا لەبەری کردن. مام برایم لە سەر کورسییەك دانیشتبوو. خەلیفەش سەیری ئەملا و ئەولای خۆی دەکرد. مام برایم: خەلیفەی ناسییەوە... سەری سوڕما و حەپەسا!! پەنجەی خۆی دەکرۆشت ووتی:

"ئاخۆ.... ئەمەی دەیبینم خەوە یان راستەقینەیە!؟"

خەلیفە سەیرێکی کرد و لێی پرسی:

"ئەوە چییە: مام برایم.... چیتە؟"

مام برایم بەئاگا هاتەوە و خۆی دا بە زەویدا و ئەم شیعرەی وت:

| | |
|---|---|
| بە تاوانەوە، گیرام... بم بوورە | تۆڵە لەپیاوی وەکو تۆ دوورە |
| دانی پیادەنێم کە گوناهبارم | بەڵام بەخشینی تۆیش بێ سنوورە |

کە مام برایم شیعرەکەی تەواو کرد، خەلیفە فەرمانی دا کەنیزەکەکە بەرن بۆ کۆشك. لەوێ، خانوویەکی جیای بۆ تەرخان کرد. کارەکەر و خزمەتکاری پێدا و پێی وت:

"بزانە، خاوەنەکەتم ناردووە بۆ بەسرە وکردوومە بەوالی ئەوێ. خوا یار بێت.... لەتەك خەڵاتی خۆمدا کە دەیکەم، تۆش رەوانەی ئەو دەکەم."

ئەمە لێرە ئاوا بوو. نورەدین عەلی کوڕی خاقانیش، کە بەرەو بەسرە سەفەری کرد، گەیشتە ئەوێ.... خۆی کرد بە کۆشکی والی دا. کردیە هاوار..... هاوار کە والی گوێی لێبوو، وتی:

"با بێت!"

کە بردیان، کڕنووشی بۆ برد، دواتر نامەکەی خەلیفەی دایە دەستی! هەر کە ، نامەکەی بینی و تێگەیشت لە خەلیفەوەیە، هەستایە، سەر پێ و نامەکەی ماچ کرد و وتی:

"فەرمانەکانی خوا و میری میران: دەبێت جێبەجێ بێت."

ئەمجا فەرمانی دا ٤ قازی و میرەکانی بانگهێشت کرد. ویستی فەرمانەکە جێبەجێ بکات. لەو کاتەدا "مەعینی ساوی"وەزیری پەیدا بوو. "والی"نامەکەی خەلیفەی دایە دەست. ئەویش نامەکەی ورد...... ورد کردو خستیە دەمی وهەندێك جووی و دواتر تفی کردەوە. والی هاواری لێ هەستا و وتی:

"نەگبەت، چیت کرد!؟"

مەعین وتی:

"بە سەری تۆ، ئەم کابرایە: نە... خەلیفەی دیوە و ... نە وەزیرەکانی ئەمە فێڵبازە و ئەم نامەیەی بە مۆر و ئیمزای خەلیفە.... دەست کەوتووە! بە دڵی خۆی پڕی کردووەتەوە. خەلیفە، نەی ناردووە. تاکو پلە وپایەی والی لە تۆ وەربگرێتەوە. هەرگیز ئەمە لای

خەلیفەوە نەهاتووە. ئەگەر ئەم نامەیە راست بوایە: وەزیرێك، یان هەر هیچ نەبێت، چەکدارێکی مەملەکەتی لەتەکدا دەنارد."

والی پرسی:

"ئەی ئێستا چی بکەین؟"

مەعینی وەزیریش وتی:

"بیدە دەست من. لەگەڵ چەند چەکدارێکدا دەیبەمەوە شاری بەغدا لەوێ: دەیبەمە دەرباری خەلیفە. ئەگەر راست بوو، ئەوا فەرمانێکی ترم دەداتێ! ئەگەر.... راست نەبوو، خۆم دەزانم چۆن تۆڵەی لێ دەکەمەوە."

کە والی ئەمەی بیست وتی:

"دەی ئەوە ئەم پیاوە و ئەوە تۆ. دەستبەکار ببە."

مەعینی وەزیریش قۆڵی نورەدینی گرت و بردی. ئەمجا بەرەو ماڵی خۆیان بووەوە..... خزمەتکارەکانی ماڵی بانگ کرد. دایان بە زەویدا و هێندەیان لێدا.... تاکو لەهۆش خۆی چوو. ئەمجا پێوەندی کرد و بەرەو بەندیخانەی کردەوە. کە گەیشتە ئەوێ بەڕێوەبەری بەندیخانە کڕنووشی بۆ برد. مەعین پێی وت:

"پشیلە کوێر.... ئەمە بگرە و فڕێی بدە، نێو... قوڕ و لیتەی زیندانەکەتەوە. شەو و رۆژ لێی بدە."

ئەویش وتی:

"فەرمایشتە."

ئەمجا لە دەستیان گرت و فڕێیان دایە، زیندانەوە و دەرگایان لە سەر کڵۆم دا. کە رۆیشتن بەڕێوەبەری بەندیخانە، فەرمانی دا سەکۆیەك کە لە ژوورەکەی نورەدین عەلی دابوو بۆی پاك بکەنەوە و ئاوڕشێنی بکەن. پێوەنەکەی دەست و پێی بکەنەوە. ٤٠ رۆژ نورەدین عەلی لەو زیندانەدا مایەوە و چەند رۆژ جارێك مەعینی وەزیر، یەکێکی دەنارده لای بەڕێوەبەری زیندان و پێی دەوت.. دەبێت سزا بدرێت، رۆژی ٤١ هەمین سوڵتانی بەسرە دیاری و خەڵاتی لای خەلیفەوە بۆ هات. سوڵتان دیاریەکانی زۆر بە دڵ بوو. لەوەزیرەکانی پرسی هەندێکیان وتیان:

"رەنگە ئەم دیاریانە، بۆ والییە نوێیەکە هاتبێت!"

مەعینی ساوی وەزیریش وتی:

"باشتر وابوو، هەر زوو بمان کوشتایە."

والی هەڵیدایە:

"ئەوە بیرت خستمەوە، برۆ بیهێنە با لە ملی بدەین."

وەزیر وتی:

"بەسەر چاوان."

دیسان وەزیر وتی:

"ئا... مەبەستم ئەوە بوو بە شاردا بیگێڕن بانگەوازی بۆ بکەن، هەر کەس دەیەوێت لە سێدارەدانی نورەدین عەلی خاقانی ببینێت، با بێت بۆ بەردەم کۆشکی والی ئیتر خەڵکی دێن و رق وقینەی منیش دەڕوێتەوە."

خەلیفەش وتی:

"چی دەکەیت بیکە."

مەعینی ساوی وەزیر، بە دڵخۆشیەوە چووە دەر و فەرمانەکەی بە والی شار راگەیاند و فەرمانیدا نورەدین بە شاردا بگێڕن. کە هاوڵاتیان ئەو دەنگ و باسەیان بیست زۆر دلگران بوون. هەر زوو خەڵکێکی زۆر چوونە بەر کۆشك تا جێگایان بەرکەوێ! هەندێکیش چوونە بەر زیندانەکەی کە نورەدینی لێ بەند بوو. وەزیریش ١٠ کۆیلەی چەکداری برد و چوو بۆ زیندانەکە بەڕێوەبەری زیندان کە پرسی:

"فەرمانیان بە چییە؟"

وتی:

"برۆ ئەو نەگبەتەم بۆ بێنە."

بەڕێوەبەریش وتی:

"حاڵی زۆر خراپە هێندەی لێدراوە."

ئەمجا چووە لای نورەدینی عەلی گوێی لێبوو.... ئەم شیعرانەی دەوت:

کێ دەستم دەگرێ بۆ ئەم بەڵایە — نەخۆشیم قورسە ودەرمان دەست نایە

دووری لە چاوان خەوی تەرە کرد — لە جێی دۆست... دوژمن بۆم بۆتە سایە

خەڵکینە، دۆستی بە بەزە ماوە؟ — کە مێ بۆ حاڵی من گریا بایە!

مردن و گیان دان بە ئازارەوە — بۆم باشە و دەستم لەژێن بەردایە

رێبەری گەورە و توانا و بەزەبر — دەریای زانست و بەخشندە، خوایە

پەنام بەو لە خەم دەرم بهێنە — بەڵا و ماندوێتیم لە سەر شان لایە

ئەمجا بەڕێوەبەری زیندان، دەستێ بەرگی کۆنەی چڵکنی لەبەر کرد و بردیە لای وەزیر. نورەدین عەلی سەیری کرد، ئەوە دوژمنەکەیەتی، کە لە کوشتنی دەگەڕێت لەبەر ئەوە بە دەم گریانەوە پێی وت:

"لە شەقی زەمانە ناترسی؟ ئەم شیعرەت نەبیستووە؟"

دنیا بۆ کیسرا و ئازایان نەما — سامان و موڵکیان لە دوا بە جێ ما

ئەمجا وتی:

"ئەوە بزانە.... ئەی وەزیر: خوا چی هێنایە رێ هەر ئەوەیە!"

وەزیر وتی:

"ئەی عەلی، دەتەوێت بەم قسانە بم ترسێنی!؟ ئەمڕۆ با هاوڵاتیـانی هـەموو بەسـرەش، نیگەران بن بۆت، من هەر لە ملت دەدەم! ڕۆژ چۆن بێتە پێش وا دەکەم. ئیدی سەیری ئـەم لاولای خۆیشم ناکەم. گوێ بە ئامۆژگاری تۆ نادەم و لەم شیعرە دەروانم :

| | |
|---|---|
| ڕۆژگار چیم پێ بکات ئەوەم لە سەرە | ئاسوودەم چونکە قەزا و قەدەرە |

ئەم وتەیەش چەند جوانە:

| | |
|---|---|
| کە دوژمنت خست کوشتنت مەردانە | ڕۆژێکیش بژیت، ڕۆحت خەندانە |

وەزیـر فـەرمانی دا.... سواری هێسـترێکی بکـەن. پیـاوانی وەزیـر کـە دڵتـەنگی نـورەدین عەلیش بوون، وتیان:

"ڕێمان بدە... با ئێمە بەرد بارانی بکەین."

نورەدینیش وتی:

"کاری وا مەکەن... ئەی ئەمەتان نەبیستووە؟

| | |
|---|---|
| تەمەنم تاکو کاتی خۆی مابێ | هەر چیم لێ بکەن، هەر کۆتا نابێ |
| شێری جەنگەڵیش هەڵمەت بهێنێ | نامکوژێ، قەزای خوایە کە وابێ ! |

جارِیان لە شاردا بۆدا:

"ئەمە کەمترین سزایە. بۆ ئەو کەسانەی ساختە لە پاشای خۆیان دەکەن."

ئیدی، کۆڵانەکانی بەسرەیان گێڕا و جاڕیان بۆ دەدا. تا.... گەیاندیانەوە، بەر پەنجـەرەی کۆشك و شوێنی لە سێدارەدانی. کوژەری شمشێر بەدەست، چووە بەردەمی و وتی:

"من فەرمانبەری مەملەکەتم. فەرمانم جێبەجێ دەکـەم.... داوای چـی دەکـەیت... تـاکو بۆت جێبەجێ بکەم؟ هەر ئەمەندە تەمەنت ماوە، تاکو والی لەو پەنجەریەوە دەر دەکەوێت بیر بکەرەوە."

ئەویش سەیرێکی چواردەوری خۆی کرد.... ئەم شیعرەی وت:

| | |
|---|---|
| کوژەر و شمشێر، بۆ من ئامادەن | کە بۆ ڕسوایی و سووکیم ئامادەن |
| خاوەن بەزەیی و پاڵپشتێ نییە | بۆچی، بێ دەنگن وەڵامم نادەن ؟ |
| ژیانم کۆتا و مەرگم لە پێشە | کوا خاوەن بەزە و سۆزان ئامادەن ؟ |
| حاڵم ببینن، سەیری "بەڵا"م کەن | دە.... شەربە ئاوی بە دەروونما کەن |

خەڵکەکە دەستیان کردە گریان.... کوژەر چوو، شەربەیەك ئاوی بۆ هێنا. ئـەمجا شـەربە ئاوەکەی لێ وەرگرتەوە و فڕێی دایە لاوە چونکە فەرمانی پێدرا، کە پـەتی سێدارە لـە ملی بخـەن و هـەڵی بواسـن. ئـەمجا چـاوی نورەدینیـان بەسـتەوە. بـوو بـەژاوە ژاو و هـاوار بۆ وەزیرەکە. کە خەڵکەکە سەیریان کرد تـەپ و تـۆز لـەولاوە بڵنـد بـووەوە. والی ئـەو تـەپ و تۆزەی بینی وتی:

"پەلە مەکەن، بزانن ئەوە چییە؟"

تومەز ئەوە ئەبوجەعفەری بەرمەکی وەزیر و چەکدارەکانیەتی بۆ ماوەی ٣٠ ڕۆژ خەلیفە فەرمانەکەی نورەدینی بیر چووبووەوە. کەسیش بیری نەخستبووەوە. شەوێك لە شەوان، دەچێتە ژووری ئەنیس جەلیس، گوێ لە گۆرانیەکی دەگرێت... کە ئاوا.... دەلاوێنێتەوە

| | |
|---|---|
| لە ئەندێشەی مندا ئێوە | ناوتان لە سەر زار و لێوە |

لەو کاتەدا.... خەلیفە خۆ...... بە ژووردا دەکات. ئەنیس دەبینێت کە دەگری! کە ئەنیس خەلیفەی بینی. کڕنووشی بۆ برد. سنگی بە زەوییەوە نوساند. ٣ جار کەوشەکانی پێی خەلیفەی ماچ کرد. ئەمجا .... هاتە دواوە و هەستایەوە و ئەم گۆرانیەی بۆ وت:

| | |
|---|---|
| ڕەسەنیت... ڕۆژی بوونت پیرۆزە!! | لاسکی بالاّ و زەوییت بە پێزە |
| پەیمانەکەی خۆت... بیر دەخەمەوە: | پیاویت و قسەی خۆت لا پیرۆزە |

خەلیفە لێی پرسی:

"تۆ کێیت؟"

ئەویش وتی:

"من دیارییەکەی.... عەلی کوڕی خاقانم."داوات لێ دەکەم پەیمانەکەی خۆت جێبەجێ بکەیت. کە وتت بەڕێزەوە دەمنێریتەوە بۆ لای. ئێستاش ئەوە ٣٠ ڕۆژی ڕەبەقە خەو نەچووەتە چاوانم و چاوەڕێم!! کە ئەمەی بیست فەرمانی دا ئەبوجەعفەری بەرمەکیم بۆ ئامادە بکەن. کە هات پێی وت:

"جەعفەر ٣٠ ڕۆژە، هەواڵی عەلی خاقانیم نەبیستووە، ڕەنگە والی کوشتبێتی! بەلاّم بە گۆڕی باو و باپیرانم... شتێکی لێ هاتبێت، ئەوا ئەو کەسانەی دەستیان تێدا بووە، لە ناویان دەبەم بۆیە هەر ئێستا.... بە ڕێ بکەوە، بەرەو بەسرە بۆ لای والی محەمەد سولێمانی زەینی، هەواڵی ئەو و عەلی خاقانیم بۆ بێنەوە."

ئەمجا وتیەوە:

"زۆرشیت پێ بچێت و دوا بکەویت لە ملت دەدەم باسی نورەدین عەلی و نامەکەی بۆم نووسی کە خۆت ئاگاداریت بۆی دەکەیت. گەر زانیت، والی کاری بەنامەکەی نورەدین عەلی نەکردووە خۆی و مەعینی کوڕی ساویم بۆ بێنە. بەچ شێوەیەك پێت باش بوو بۆم بێنە."

جەعفەر وتی:

"بەچاوان."

ئیدی ئەبو جەعفەر و یاوەرانی لە جەنگاوەران، کە بەرەو بەسرە بوونەوە خەڵکەکەش... دەستیان کردە هەواڵ بردن بۆ والی محەمەدی سلێمانی زەینی، کە ئەبو جەعفەر و چەکدارانی بەرەو بەسرە دێن. کە گەیشتن، ئەو قەرەباڵغی و ژاوە ژاوەیان بینی.... جەعفەر وتی:

"ئەمە چییە؟"

پێیان وت:
"کە بە نیازن نورەدین عەلی لە سێدارە بدەن"
ئەویش فەرمانەکەی خەلیفەی بیر کەوتەوە.... کە وتبووی، هەر کەسێك ببێتە هۆی تیا چوونی نورەدین عەلی لە ملی دەدەم پەلەی کرد بۆ گەیشتن بە محەمەد سلێمانی زەینی... والی و فەرمانەکەی خەلیفەی پێ راگەیاند: کە هەر کەسێ نورەدین عەلی بکوژێت، لە سێدارەی دەدات. ئەمجا فەرمانی دا: والی و وەزیرەکەی کە مەعینی کوڕی ساوی بوو.... قۆڵبەست کران و گیران. فەرمانیشی دا کە نورەدین عەلی خاقانی ئازاد بکەن. ئەمجا فەرمانی خەلیفەی بەو خەڵکە راگەیاند، کە ئیدی نورەدین عەلی لە جێی والی: محەمەد سلێمان زەینییە. ٣ رۆژ بەمیوانی مانەوە. والی کۆن لە ئەبو جەعفەر پاڕایەوە کە بیباتە بەردەم خەلیفە. ئەبو جەعفەر پێی راگەیاند کە بەرەبەیانی رۆژی چوارەم لەگەڵ مەعینیشدا بەرەو بەغدا دەبنەوە. نورەدین عەلی خاقانیش لەتەکیاندا سوار بوو رۆیشتن تا گەیشتنە "دارالسلام"ئەمجا چوونە لای خەلیفە و بەسەرهاتەکەیان بۆ گێڕایەوە. کە چۆن لە ئان ساتدا بوو، هەڵی بواسن و لە سێدارەی بدەن!!
ئەمجا خەلیفە شمشێرەکەی خۆی دایە دەست نورەدین عەلی و فەرمانی دایە:
"ئەم شمشێرە بگرە و لە ملی دوژمنەکانت بدە."
ئەویش چووە بەردەم مەعینی ساوی وەزیر، ئەویش پاڕایەوە وتی:
"من کردم.... تۆ مەیکە!"
نورەدین عەلی شمشێرەکەی: لەو لایەوە دانا. سەیرێکی خەلیفەی کرد و وتی:
"ئەی میری موسڵمانان، خەڵەتاندمی."
ئەمجا ئەم شیعرەی وت:

وا فریوی دام بۆ من شەرم بێ    پیاوی چاك دەبێ دڵی نەرم بێ

ئیدی خەلیفە وتی:
"تۆ.... لێی دوور بکەوە...!"
ئەمجا فەرمانی دایە مەسرور. ئەویش لە ملی دا. دواتر بە نورەدین عەلی خاقانی وت:
"داوا بکە."
ئەویش وتی:
"گەورەم پێویستم بە سامان و ماڵی "بەسرە"نییە...! حەز دەکەم لێرە لە پەزێرایی بەرێزتانا بم."
بۆیە...... خەلیفەش فەرمانی دا، هەر لە بەغدا دا کۆشکێکی بدەنێ...! ناردیە شوێنی کەنیزەکەکەدا، خەڵاتی هەر دووکیانی کرد. نورەدین عەلی خاقانی کردە هامنشینی خۆی..... بۆیە تاکو خوا بردنیەوە بۆخۆی بە بەختیاری ژیانیان بردە سەر. بەڵام ئەم بەسەرهاتە... لە بەسەرهاتی "بازرگان ومناڵەکانی"خۆشتر نییە...!

شەهریار شا پرسی:
"ئەی ئەو بەسەرهاتە: چۆن بووە؟"
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٩

## بەسەرهاتی ئەیوبی بازرگان و (غانم) و (فتنە)ی کوڕ و کچی

شەهرەزاد وتی: ئەی پاشای بەختیار ..... خاوەنی بڕیار..... بیستوومە: زەمانی زوو، لە سەدەکانی رابردوو، بازرگانێکی دەوڵەمەند هەبوو، هێندە شۆخ جوان بوو... لە مانگی ١٤ دەچوو. ناوی (غانمی کوڕی ئەیوب) بوو. خوشکێکی بوو ناوی "فتنە"بوو. لە جوانیدا تاك بوو. باوکیان مرد و سامانێکی زۆری بۆ بەجێ هێشتن. ١٠٠ بار هەر ئاوریشم و شووشە بۆنی "مسك"بوو. کە ئامادەی ناردنە بەغدا کرابوون...! کە باوکیان مرد دواخرا دواتر کوڕەکەی، کاروانی ئەم بارانەی بەرەو بەغدا برد. سەردەم: سەردەمی خەلیفە هارونەرەشیدە. خواحافیزی لە کەس وکار و خزمان کرد و پشت بەخوا کاروانی خستە ڕێ. بە بێوەی گەیشتە بەغداد. چەند بازرگانێکی لەگەڵدا بوون. خانوویەکی رێکوپێکی گرت. راخەری بۆ برد و پەردەی جوانی پیا شۆڕ کردەوە. بار وبارخانەکەی لەوێ خست. چەند رۆژ تێیدا حەوایەوە. بازرگانان و ئاسراوانی بەغدا: سەردانیان کرد. ئەویش بوخچەیەکی پڕ کرد لەجۆرەکانی کوتاڵەکەی ١٠ جۆر قوماش بوو. پیشانی دان، ئەوانیش بردیانە لای گەورە بازرگانی گوزەرەکەیان. ئەمجا کەوتنە کوتاڵ لێ کڕین کوڕەش هەر دینارێکی سەرمایەی دوو دیناری قازانج کردبوو. غانم زۆری پێ خۆش بوو. بەو شێوەیە درێژەی دا بە فرۆشتن وساڵێکی پێچوو.

لە یەکەم رۆژی ساڵی دووەمدا، غانم بەرەو قەیسەریەکە چوو. سەیری کرد داخراوە...! پرسی. وتیان یەکێك لە دوکاندارە بازرگانەکان مردووە و ئەوانی دی چوونەتە گۆڕستان بۆ ناشتنی. تۆیش برۆ بۆ گۆڕستان و ئەو خێرە دەستگیری خۆت بکە... ئەویش وتی:

"زۆر چاکە."

ئیدی غانمیش شوێنیان کەوت، رۆیشتن تاکو لە شاری بەغدا دەرچوون، کە گەیشتنە ئەوێ کەس و کاری مردووەکە دەواریان هەڵدا. مۆمیان داگیرساند. مردوومیان ناشت و مەلاکان دەستیان کردە قورئان خوێندن. خەڵکەکە لە ژێر دەوارەکەدا دانیشتن و غانمیش لە نێوانیاندا بوو. زۆر شەرمن بوو. بەخۆی وت:

"ناتوانم بەمجۆرە جێیان بێڵم. کە بڵاوەیان لێکرد: ئەوکاتە دەڕۆم."

تاكو ئێواره قورئان خوێندرا، ئێوارەش.... خواردن و شیرینیان بۆ هێنان. که نان خواردن کۆتابوو... دەستیان شت و دانیشتنەوه. غانم کەوته بیر کردنەوه:

"دەمناسن كه دەوڵەمەند و پارەدارم. له دزان دەترسم!! خەمی ئەوەمه كه چیم هەیه و نییه لێم بدزن!"

هەستا و ئیزنی لێ وەرگرتن که گوایه دەچێته سەر ئاو. خۆی دزیەوه رێی بەرەو بەغدای گرتەبەر. نیوەشەو گەیشته دەروازەی شار دەروازەکان داخرابوون. تەنیا گوێی له سەگوەڕ بوو. كه زانی چۆڵ و هۆڵه له دڵی خۆیدا وتی:

"لا حول و لاقوه الا بالله...."له ترسی: سامان و بارەکانم تەعزیەکەم جێ هێشت....! کەچی ئێستا له خۆیشم دەترسم!"

ئەو ناوه گەڕا، بۆ شوێنێك تێیدا ئەو شەوه بنوێت! چوار دیوارێکی بینی که دارخورمایەکی تیابوو. دەرگایەکی کراوەی هەبوو. خۆی پێدا کرد و جێی چاك كرد و لێی راکشا. بەڵام چونکه ناوگۆڕستان بوو خەوی لێ نەکەوت. هەستایەوه سەر پێ دەرگایەکی کردەوه. رووناکی بینی که دوور بوو لەدەروازەی شارەوه. سەیری کرد رووناکییەکە بەرەولای ئەم دێت! زۆر ترسا و دەرگاکەی پێوەدا و خۆی بە دارخورماکەدا هەڵزنا وسەرکەوت.

رووناکیەکه که گەیشته بن دارخورماکه، غانم به وردی سەرنجی دا، سێ کۆیلەی بینی. دوانیان سندوقێکیان به سەرشانەوه بوو، ئەوی تریان تەورێکی به دەستەوەیه و فانۆسێك به دەستەکەی تریەوەیه. که له گله هەڵدراوەکەوه نزیك بوونەوه، یەکێك لەوانه که سندوقەکەی هەڵگرتبوو وتی:

"سەواب: ئەوه چیته!؟"

کۆیلەکەی دی وتی:

"کافور چییه؟"

ئەویش وتی:

"ئێواره که لێرەبووین، دەرگاکەمان به کراوەیی جێ نەهێشت؟"

ئەویش وتی:

"راست دەکەیت."

ئەمجا ئەویتر وتی:

"ئەوەتا داخراوە!!"

سێیەمیان که تەورەکەی پێبوو وتی:

"ئەی بێ عەقڵینه، نازانن که خاوەن رانه مەڕەکان لێره ئێوارەیان لێ به سەردێ له ترسی ئەوەی رەش پێستانی وەکو ئێمه نەیان دۆزنەوه و بیان بەنبیان خۆن لێره دەمێننەوه و دەرگاکه دادەخەن!؟"

هەر دوکیان وتیان:

"ڕاست دەکەیت.... کەسمان لە تۆ بێ عەقڵ تر نین."

ئەویش وتی:

"جا... ئێوە بڕوا ناکەن تا.... نەچینە ناو چاڵە خۆڵەکەوە، کەسێك نەدۆزینەوە."

بەڵام من دەڵێم:

"کە ڕووناکی چراکەی دەستی منی دیوە، ڕای کردووە و بە سەردار خورماکەوەیە!"

غانم کە لە سەر دار خورماکە بوو، لە دڵی خۆیدا وتی:

"خوا پشت و پەنات نەبێت کۆیلە..... بۆ ئەو زیرەکیەت!! لاحول و لاقوە الا باللە العلی العظیم. چۆن من لە دەست ئەمانە ڕزگار ببم!!؟"

دوانەکەی کە سندوقەکەیان پێ بوو. بە تەوربەدەستەکەیان وت:

"دەی بخیت سەر بکەوە. دەرگاکەمان بۆ بکەرەوە. ئەم سندوقە قورسە پشتی شکاندین. دواتر: لەوانەی لێرەدان: دانەیەکت بۆ دەگرین. سوور کردنەوە و برژاندنی لەسەر خۆمان.. تەنانەت ناهێڵین ڕۆنەکەشی بتکێتە سەر زەوی!"

ئەمجا وتی:

"سەیر.....سەیر چەند کاڵفامم!؟ با سندوقەکە بە سەر دیوارەکەدا فڕێ بدەینە ئەو دیو...!"

ئەوانیش:

"وتیان سندوقەکە دەشکێت!"

ئەویش وتی:

"خۆیشم خەمی ئەوەمە!"

ئەمجا وتی:

"ئەی ئەگەر لە ژوورەوە چەند دزێکی تیا بێت... شمەکە دزراوەکەیان بەش بکەین بە سەر خۆیاندا؟ چونکە دزان فێرن. دزیەکانیان دێننە ئەم جۆرە شوێنانە وبە سەر خۆیاندا.... ئەو پیاو کوژانە. دابەشی دەکەن...!"

ئەوانیش وتیان:

"کاڵفام، ئەوانە ناوێرن بێنە ئێرە."

ئەمجا بە دیواردا هەڵزنا ولەو دیوەوە دەرگای کردەوە و سندوقەیان بردە ژوورەوە.

ئەمجا یەکێکیان وتی:

"ئێستا دوای نیوە شەوە، چاڵمان بۆ هەڵناکەندرێ.... تا ئەم سندوقەی تێدا بشارینەوە. ٣ سەعاتێك دەحەوێینەوە. هەر یەکەمان هۆی دەم و چاو سوتانی خۆی بگێڕێتەوە، هەر لە نووکەوە تا کۆتایی! تاکو ڕۆژ دەکەینەوە."

یەکەمیان کە تەور و فانۆسەکەی پێ بوو، ناوی بخیت بوو وتی
"من بەسەرهاتی خۆمتان بۆ دەگێڕمەوە."
وتیان:
"فەرموو."
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٠

## چیرۆکی "بخیت"ی کۆیلە

شەهرەزاد وتی:
کۆیلەکە وتی:
"براکانم، ئەوە بزانن، ئەوساکە ، تەمەنم ٨ ساڵان بوو، ساڵی درۆیەکم بۆ دەکردن. ئیدی ئەوان بە یەکیاندا دەدا..! ئەوانەی کە منیان هێنا، کەوتنە دڵەڕاوکێ.... یەکێکیان دەستی لە دەست دەڵاڵەکە کردەوە و بە دەڵاڵەکەی وت:
"بانگ بکە..... ئەم کۆیلە خەوش دارە: دەفرۆشین."
کڕیارانیش پرسیان:
"خەوشەکەی چییە!؟"
دەڵاڵەش پێی وتن:
"ساڵی یەك درۆ دەکات."
یەکێك لە بازرگانان چووە پێشەوە و پرسی:
"بەو خەوشەوە بایی چەندە؟"
وتیان:
"٦٠٠ درهەم."
بازرگانیش وتی:
"ئەوە نرخی کۆیلەکە و ئەوە ٢٠ درهەمیش بۆ دەڵاڵەکە."
دەڵاڵیش منی گەیاندە ماڵی بازرگانەکە. دەڵاڵـەی خـۆی وەرگـرت و لێـی دا و ڕۆیشت. ئیدی خاوەنەکەم پۆشتەی کردمەوە، ئەو ساڵە منیش پەزێراییم کردن..... تـاکو سـاڵی نوێ هاتەوە. ساڵی پیت و بەرەکەتی کشتوکاڵ بوو. بەجۆرێك خەڵکەکە خێر ومـەولویان دەکرد. خاوەنەکەم لە باخەکەی کەنار شاریدا:"مەولوو"ی کرد میوانەکانی بردە باخەکە و هەموو پێداویستییەکی نان خواردن ئامادە کرا. تاکو درەنگانێ مانەوە!
خاوەنەکەم شتێکی دەویست کە لە ماڵەوە: لە شار بیری چووبوو. بانگی کردم و وتی:

"برۆ سوار ببه بەرەومالّ و ئەو شتەم لە ژنەکەم وەربگرە و... خێرا بگەڕێوە."
منیش خێرا.... سوار بووم، بەرەو شار. کە گەیشتمە بەر دەرگا.. دابەزیم و خۆمدا بە زەویدا و هاوارم کرد... خەڵکی گەڕەك لێم کۆ بوونەوە. ژنی خاوەنەکەم و کچەکانی هاتنە دەرەوە، کە پرسیان... وتم:
"چۆن ناگریم.... خاوەنەکەم و هاوڕێکانی لە بن دیوارێکی بڵندا دانیشتبوون. دیوارەکە بە سەریاندا ڕما....!! ئیدی منیش بە پەلە هاتمەوە.... تاکو هەواڵەکەتان پێ ڕابگەیەنم."
کە ژن و کچەکانی ئەمەیان بیست کەوتنە هاوار و قیژە و لە خۆدان و یەخە دادڕین. ژنە دراوسێکان لێیان کۆ بوونەوە. ژنی ئاغام ..... کەوتە خۆ..... بە دیوارا کێشان و شووشەی پەنجەرە شکاندن و شتی ناومالّ فڕێدان. ئەمجا بانگی کردم، وتی: دەی... ئەو دۆلاب وسندوقانەم لەگەڵ بشکێنە.... ئەم قاپ و قاچاخانەش. ئیدی پێکەوە شتەکانی سەر ڕەفەکانمان داگرت و چیمان دەست کەوت شکاندمان. هاوارم کرد:
"ئاخ بۆ ئاغام!"
ئەمجا ژنی ئاغام بە سەری ڕووت و پێی پەتی خۆی و کچەکانی.... شوێنم کەوتن، کە بیان بەم بۆ لای دیوارە ڕووخاوەکەی کە ئاغامی لە ژێردا مردووە...! تاکو بیخەینە ناو تابوتێکەوە و بی هێنینەوە....! بۆ ئەوەی بە ڕێو ڕەسمی شیاو..... بینێژین. پێشیان کەوتم و دەم قیژاند:
"هاوار بۆ ئاغام."
ئەوانیش بە دوامەوە، بە سەری ڕووت و پێی پەتی دەمیان قیژاند:
"ئۆف ... ئۆف بۆ ئەو پیاوە."
چی لە گەڕەکدا بوو، لە ژن و پیاو و پیرەمێرد و پیرەژن و منالان، هەموویان شوێنم کەوتبوون. دەمیان قیژاند و لەخۆیان دەدا. منیش بە ناوەڕاستی شاردا... تێم پەڕاندن. هەر خەڵك بوو، دەی پرسی:.... ئەمانیش چیم بۆ گێڕابوونەوە بۆ خەڵکەکەیان دەگێڕایەوە....!
ئەوانیش دەیان وت:
"لاحول ولاقوە الا بالله."
هەندێك لە خەڵکەکە وتیان:
"دیارە ئەمە پیاوێکی ناسراوو بە ناوبانگ بووە. بۆیە وا چاکە بچین والی تێ بگەیەنین."
والیان تێگەیاند ئەویش فەرمانی دا... گۆڕ هەڵکەندانیان هێنا و چەند دەست و پێوەن، شوێن والی کەوتن و بە دوای: ئاپوورەی خەڵکەکەوە بوون. پێشیان کەوتبووم و خۆڵم بە سەر خۆمدا دەکرد. بە لە خۆدان و قیژە و هاوار گەیشتنە بەر باخەکە. کە ئاغام ئەمەی بینی ڕەنگی زەرد بوو! منیش دەستم پێکرد:

"ئـاخ.... بـۆ ئاغـا ژنم! ئـيتر: كـێ بـەزەيى پێما بێتـەوە...!؟ خۆزگـە مـن لـەجێی ئـەو بوومايە!"

كە ئاغام بەو شێوەيە منی بينی پرسی:

"بخيت: چی روويداوە!؟".

منيش وتم:

"كـە منـت نـاردەوە بـۆ ماڵـەوە، دەڕوانم ديـواری ژوورێـك رمـاوە بـە سـەر خـاتوون و كچەكانيدا...!!"

پرسی:

"خاتوون، رزگاری نەبووە؟"

منيش وتم:

"نەخێر... گەورەم، خاتوون يەكەم كەس بووە تياچووە و ئەمجا كچەكانت!!"

ئەمجا پرسی:

"كچە بچكۆلەكەشم؟"

وتم:

"بەڵێ... ئەويش."

ئەمجا پرسيەوە:

"ئاخۆ.. هێسترەكەی ژێر خۆم... هيچی بە سەر نەهاتووە؟"

وتم:

"كە ديواری هۆڵەكە كەوتووە.... ديوارەكانی تريشی خستووە: لەبەر ئەوە، هيچ شتێكی ماڵەكە.... دەرنەچووە!! تەنانەت مەڕە دابەستە و قاز و مريشكەكانيش.... سەگ و پشيلە كەوتۆتە خواردنی لاشەكانيان."

ئەمجا پرسی:

"ئاغايشت رزگاری نەبوو؟"

منيش وتم:

"نەخێر... كەس رزگاری نەبوو. خانووەكەش تەپی....!! مەڕ و قاز و مريشكەش سەگ و پشيلە خواردنی."

كە ئاغام ئەمەی بيست دنيـا لـە بەرچاوی تاريك بـوو. خـۆی بـە پێـوە بـۆ رانـەگيرا.... يەخـەی خـۆی دادڕی... هێنـدە گريـا... ريشـی تـەڕ بـوو. بەخۆيـدا كێشـا و خـوێن بـە رووومەتەكانيدا دەهاتە خوارەوە. هاواری كرد:

"ئای هاوار بۆ ژن و مناڵەكانم! كەس وەكو منی بەسەر نەهاتووە"

ميوانە بازرگانەكانيش بە دەم گريانـەوە، يەخـەی خۆيـان دادڕی. ئاغـام بـە دەم لە خۆ دانەوە، لە باخەكە هاتە دەرەوە. سەيری كرد لە دوورەوە تەپ و تۆز هەستا...... كە وردتر

سـەرنجی دا... بـۆی دەرکـەوت، کـە والـی شـار و یاوەرانیـەتی.. خـەڵکێکی زۆریشـیان بـە دواوەیە.... هاوار و ڤیژەیانە و دەگرین...! کە گەیشتن.... ئاغام و ژن و کچەکانی لووتیان بە یەکدا تـەقی...!! هـەر کـە بینـینی، رەنگـی کرایـەوە و دەسـتی کـردە پێکـەنین. ئـەمجا لێـی پرسین:

"چۆنن... چیتان؟ بەسەرهات؟ لەماڵەوە؟"

ژن و کچەکانی وتیان:

"لە خوا بە زیاد بێت، کە هیچت بەسەر نەهاتووە."

ئەمجا بە دەم گریانەوە ئاغامیان لە ئامێز گرت. ژنەکەی وتی:

"سوپاس بۆ خوا سەلامەتی."

پرسی:

"چۆن...ئاوا بە بێوەی خۆت و میوانەکانت رزگارتان بوو؟"

ئاغاشم پرسی:

"ئەی ئێوە چۆن لە خانووە تەپیوەکەدا رزگارتان بوو؟"

ژن و کچانی وتیان:

"کوا... ئێمە هیچمان بە سەر نەهاتووە!؟ خانوویش لە جێی خۆیەتی! بە سەری رووتی و پێی پەتی.. کە "بخیت"ی کۆیلە هاتەوە هاواری دەکرد:

"ئەی هاوار بۆ ئاغام!"

کە لێمان پرسی؟ وتی:

"دیوارێکی باخەکە... رما بە سەر ئاغا و میوانەکانیدا! هەر هەموویان ... مردن...!!"

ئەمجا ئاغاشم، بە وانی وت:

"جا.... خۆ... بە هەڵە داوان و بە سەری رووتی و پێی پەتی هات بۆ لام و وتی:

"خـاتوون و کچـەکانت بـوون بـە ژێـر خانووەکـەوە.... ئـەی داخ بـۆ خـاتوونم... داخ بـۆ کچانی!! هەموویان مردن!"

ئـەمجا ئـاوڕی دایـەوە.... مـنی بـینی کـە چـەفتەکەی سـەرم دڕاوە و خوڵاویـە! بـە سەرمەوە... ڤیژاندی: وەرە کە چوومە بەردەمی وتی:

"ئەی کۆیلەی شووم... نەفرەتت لێ بێت... ئەمە چی بوو دروستت کرد؟ هەر ئێستا.... پێستت دەکەنم، گۆشتت لەنێسك دەکەمەوە."

منیش پێم وت:

"ناتوانیت کاری وام لەگەڵ بکەیت..... چونکە تۆ بەم خەوش و ناتەواویەوە منت کڕی!! شایەتم هەیە ، خۆیشت دەزانیت، کە من ساڵی یەك درۆ دەکەم. ئەمەش نیوە درۆیەك بوو. تا ساڵەکە کۆتا دەبێت.... نیوە درۆیەکی دی دەکەم...! ئەمجا دەبێتە: درۆیەك!!"

ئەویش شیڕاندی بە سەرما:

"سەگی..... سەگباب، ئەمە هەمووی نیوە درۆ بووا!؟ خۆ...من درۆی وا گەورەم نەدیبوو.... برۆ: لە ڕێی خوادا... ئازاد بە!!"

منیش وتم:

"تۆ منت ئازاد کرد.... بەڵام من بوومایە ئازادم نەدەکردی تا نیوە درۆکەی ترم نە کردایە دواتر.. بت بردمایە مەزادخانەی کۆیلەیان و بت فرۆشتمایە... ئەزانی بۆ؟ چونکە، هیچ کارێکی تر نازانم تاکو خۆمی پێ بژێنم!! بەڵام بەم کۆیلەتییە خەڵك بەخێوم دەکات. ئەمەش شەرع ڕێگای پێداوە... لە بەشی ئازاد کردندا هاتووە!"

کە ئێمە ئەم گفتوگۆیەمان دەکرد، خەڵکەکە و دەر و دراوسێکانمان هاتن بۆ سەرەخۆشی. والی و دەست دایەرەکەی هاتن. ئاغام بە خێری هێنان و ئەم نیوە درۆیەی منی بۆ گێڕانەوە! کە ئەمەیان بیست: ئەم نیوە درۆیەیان زۆر پێ گەورە بوو. سەریان سوڕما..!! دەستیان کردە جنێودان پێم!

منیش بە پێکەنینەوە وتم:

"چۆن ئاغام دەمکوژێت؟ خۆی بەم عەیبەمەوە کڕیومی!"

کە ئاغام گەڕایەوە ماڵ. سەیری کرد ماڵ وێران بووە. تێیان گەیاند خۆم و ژنەکەی هەموو شتەکانی ناوماڵمان شکاندووە. ژنەکەی وتی:

"هەمووی ئەم بختیە شکاندوونی و ماڵی کاول کردووە!"

ئاغام هێندەی دی تووڕە بوو. دەستی بە دەستدا کێشا وتی:

"لە ژیانمدا... کۆیلەی وام نەدیوە! دەشڵێت: ئەمە نیوە درۆ بوو. جا ..... ئەگەر درۆی تەواو بوایە یەك دوو شار وێران دەبوو!! دەستی گرتم و بۆ لای والی.

ئەویش:

"بنێشت"ێکی پێدام و وتی بیخە دەمت و بیجوو."

بنێشتەم جوو... بورامەوە. کاتێك بە ئاگا هاتمەوە... دەم و چاومیان ئاوا: بە ئاسنی گەرم داخ کردبوو...! ئەمجا ئاغام بردمی و فرۆشتمی. منیش...... درێغیم نەکرد لە درۆ کردن و فیتنەیی! ئیتر.... ئەم دەست و ئەو دەستم کرد و فرۆشرام لەم ئاغاوە... بۆ ئەو ئاغ..... تاکو: گەیشتمە کۆشکی میری موسڵمانان. ٢ کۆیلەکەی دی کە ئەم بەسەرهاتەیان بیست، وتیان:

"ئای کە درۆیەکی گەورەت بۆ کردین."

ئەمجا دایانە قاقای پێکەنین. بخیت وتی:

"دەی، کافور، تۆش بەسەرهاتی خۆت بگێڕەوە."

ئەویش وتی:

"ئامۆزا... بەسەرهاتی من دوور و درێژە و وا بەرەبەیانە.... رەنگە، خۆر هەڵبێت و ئەم سندوقەیان پێ ببینین، بمان کوژن! دەرگاکەی بکەنەوە، کە دواتر گەڕاینەوە کۆشك، چیرۆکی خۆمتان بۆ دەگێڕمەوە."

ئەمجا بە سەر دیوارەکەدا سەرکەوت و دەرگاکەی کردەوە کە بردیانە ژوورەوە چەند مۆمێکیان داگیرساند، چاڵێکیان بە هێندەی سندوقەکە هەڵکەند. کە پانیەکەی هێندەی گۆڕ بوو. کافور هەڵی دەکەند و "صواب"گڵەکەی دەگواستەوە. تاکو بە هێندەی ناوقەدی خۆی چاڵ کرد. ئەمجا سندوقەیان خستە ناوی و گڵەکەیان بە سەردا دایەوە. ئەمجا رۆیشتن. تاکو، لەبەرچاوی غانمی کوڕی ئەیوب ون بوون. کە شوێن چۆڵ بوو غانم زانی هەر خۆیەتی. خولیای سندوقە کەوتە سەری و بە خۆی وت:

"ئاخۆ... ئەو سندوقە چی تێدا بێت!؟"

خۆی گرت، تاکو رۆژ بووەوە. ئەمجا لە دار خورماکە هاتە خوارەوە و کەوتە لابردنی گڵی سەر سندوقەکە بەردێکی هێنا و قفڵی سندوقەکەی پێ شکاند. کە سەری هەڵدایەوە سەیری کرد کیژێکی بەنج کراوی بێ هۆشی تیایە...!! نەمردووە و دڵی لێ دەدا....! زۆر ناسك و جوان، خشڵ و زێڕێکی زۆری پێوەیە.....! کە مەگەر بە پارەی سوڵتانەکان بکڕایە!! لە سندوقەکەی دەرهێنا و لە سەر پشت لەولا چاڵەکەوە رای کێشا. کیژەش.... هەوای پاکی هەڵمژی و دواتر پژمەیەکی کرد. کلۆ "بەنج"ێك لە دەمیەوە دەرپەڕی. کە ئەگەر لە دەمی "فیل"یشدا بوایە دەبووورایەوە. شەو و رۆژێکی پێچوو.... ئەمجا چاوانی گێڕا. بە زمانێکی شیرین پرسی:

"بای.....شووم: ئاوی تینووت پێ نییە!؟"کەسێکی ئاودێریش نییە، گوڵی باخ لە کوێیە؟"

کەس وەڵامی نەدایەوە. بۆیە ئاوڕێکی دایەوە و وتی:

"ئـــەی بەرەبـــەیان..... دای زێـــڕین و گەوهـــەر.... رێ پیشـــاندەر. ئەســـتێرەی بەربەیان....شەهوە، نزهە، حلوە زەریفە... قسە بکەن."

کەس وەڵامی نەدایەوە. چاوێکی دی گێرا و وتی:

"هاوار بە ماڵم، گۆڕ بە گۆڕم دەکەیت!؟ ئەی ئەو کەسەی ئاگاداری دڵانیت پاداشت دەرەوەی، رۆژی زیندوو بوونەوە. کێ منی لە ناو ئەو هەمووە بەربەستانەدا دەرهێناوە بە زۆر..... وا خستومیە نێوان چوار گۆڕ؟"

غانمیش لە ژوور سەری بوو. بۆیە پێی وت:

"خانم.... نە حەشارگە و نە کۆشك ونە گۆڕ ئەمەی بەرامبەرت وەستاوە: غانمی کوڕی ئەیوبی داماوە کە بۆی ناردووی، دەلیلی داماو.... ! تا رزگار ببێت، ئەی لێقەوماو، تا بگەیتەوە بە ئاواتی چاوەڕوانکراو."

ئیدی بێدەنگ بوو. کە بە وردی سەرنجی دا وتی:

"دانی پیا دەنێم یەك خوا هەیە و محەمەد نێردراوی خوایە."

ئەمجا بەری دەستی خستە سەر دەم و چاوی و رووی لە غانم کرد:

"ئەی لاوی پیرۆز، وا بە ئاگا هاتمەوە: کێ منی هێنایە ئێرە؟"

ئەویش وتی:

"ئەم سندوقەی تۆی تیا بووی: ٣ کۆیلە هێنایان!"

دەستی بە گێڕانەوەی رووداوەکە کرد. ئەمجا غانمیش، پرسیاری لە بەسەرهاتی کیژەکە کرد. کیژەش وتی:

"ئەی لاو، سوپاس بۆ خوا، کە منی گەیاندە لای کەسێکی وەکو تۆ. ئێستاش هەستە بمخەوە ناو سندوقەکە و بچۆ، هێسترێك یان حەماڵێکم بۆ بێنە... با...بم گەیەنێتە ماڵتان..." غانمیش ئەمەی زۆر پێ خۆش بوو. لە دڵی خۆیدا وتی:

"زێڕ و خشڵێکی زۆری پێوەیە. بۆ خۆم. دواتر وەکو کەنیزەك دەی فرۆشم."

ئەمجا کیژە وتی:

"ئەگەر لەماڵتاندا مامەوە، دەبمە خێر و بەرەکەت!! ئەوکات، بەهێوری بەسەرهاتی خۆمت بۆ دەگێڕمەوە. تۆیش خێر دەبیت لە لای منەوە."

کە خۆر گزنگی دا.... لە دار و درەخت و ئاورنگی دا چووە دەرەوە و لە سەرێدا، هێستر و زەلامێکی هێنا و سندوقەکەی کچەکەی تیا بوو..... بار کرد. زۆر دڵخۆش بوو. چونکە سەرەڕای ئەوە زێڕانەی پێوەی بوو بە نیاز بوو وەك کەنیزەك بیفرۆشێت بە ١٠٠٠٠ دینار. کە گەیشتە ماڵ سندوقەکەی هەڵپچڕی...... کچەکەی دەرهێنا. ئەویش سەرنجی ماڵەی دا.... پاك و ئاوەدان. بە فەرشی جوان...! چەندین تۆپ کۆتاڵی تیابوو. بۆی دەرکەوت ئەم لاوە بازرگانە!! ئەمجا پێی وت:

"بەرێز شتێك بێنە بیخۆین."

غانم خێرا وتی:

"بە سەرچاو...!"

چووە بازاڕ...بەرخێکی برژاو و سینیەك پاقلاوە و مەیی و چەند مۆم و مۆمدان و شووشە بۆنی کڕی. شتەکانی گەڕاندەوە ماڵ تاکو توانیان خواردیان، هەر یەکە و لە شوێنی خۆی: لێی نووست، تاکو رۆژ بووەوە. ئەمجا چووەوە ناوبازاڕ.... ماڵ چی پێویست بوو لە خواردن و خواردنەوە، هێنایەوە ماڵ. دوای نان خواردن مەی و جامیان دانا.....! دوای ئەوەی، رێك وپێکی و رەوشتی کچەکەی سەرنج دا.... داوای لێکرد: کە شووی پێ بکات. کیژەش وتی:

"ئەوە هەر نابێت."

ئەویش پرسی:

"لەبەر چی؟"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............... بێدەنگ بوو.

# شەوی ٤١

## چیرۆکی غانمی کوڕی ئەیوب و خۆراکی دڵان

شەهرەزاد وتی: "کیژەکە بە غانمی وت:

"ئەوە بزانە، من نازدار و لەبەر دڵانی میری موسڵمانان بووم. لە کۆشکی ئەودا، پەروەردە بووم. یەزدانیش جوانی پێ بەخشیم. زیاد لە پێویست خۆشی دەویستم. لە بەشی تایبەتی کۆشکدا نیشتەجێی کردم. فەرمانی دابوو: ١٠ کەنیزەك پەزێرایی منیان دەکرد!! ئەمجا ئەو هەموو خشڵ و زێڕەی پێ داوم! کە دەی بینی. ڕۆژێك لە ڕۆژان پاشا، کۆچ دەکات بەرەو یەکێك لە وڵاتەکان. خاتو زبێدە، هاتە لای کەنیزەکێکم و پێی وت:

"کە خاتوون نووست، واتە من، ئەم کلۆ بەنجە، بئاخنە، لووتیەوە. یان بۆی بکەرە، ئاوەوە و بیدەری! چەند دەڵێیت پارەت دەدەمێ!"

کەنیزەکەکەش کە پێشتر کەنیزەکی خۆی بوو! لە خۆشی پارەکە: لێی وەردەگرێت.....! تومەز، بۆی کردبوومەوە، گۆزە ئاوەکەی ژوورەکەمەوە!! کە شەو تینووم بووبوو خواردبوومەوە. ئیدی لە سەر چرپایەکە کەوتبوومە خوارەوە و سەر و دەستم ون کردبوو!! کە فێڵەکەی سەری گرتبوو. لەو سندوقەی خستبووم .... پارەی بەو کۆیلانە و دەرگاوانەکەش دابوو. هەر بەو شەوەی کە تۆ لەسەر دارخورماکە بووی..... منی گەیاندبووە ئەوێ! ئیتر ئەوەیان بەسەر هێنام! کە خۆت بینیت! ئەوە بوو: تۆیش ڕزگارت کردم. ئەمە بوو بەسەرهاتی من! ئێستا خەلیفە نازانێت.... لە کوێم! تۆیش: ڕێزم بگرە و سوکایەتیم پێ مەکە!"

کە غانم ئەمەی بیست و بۆی دەرکەوت: دەسکە گوڵی خەلیفەیە ونازدارێتی بێدەنگی لێ کرد و کەوتە خۆ خواردنەوە. دڵنەوایی خۆی دەکرد. سەری سوڕمابوو!! دواتر هەر وەکو جاران، بەرەو بازاڕ بووەوە. کە گەڕایەوە هەندێ پێویستیماڵی لەگەڵ خۆی هێنایەوە. کە چووە ژوورەوە: سەیری کرد.... خۆراکی دڵان دەگری...! کە غانمی بینی.... بە ڕوویدا پێکەنی و وتی:

"بیرم کردی."

ئەمجا دەستیان کردە، نان خواردن پێکەوە.

ئەمە حاڵی غانمی کوڕی ئەیوب بوو. خاتوو "زبێدە"ش سەری سوڕما بوو لە خۆی دەپرسی:

"باشە کە خەلیفە هاتەوە و پرسیاری: کەنیزەکەکەی کرد چی پێ بڵێم!؟ وەڵامم چی بێت باشە!؟"

پیرەژنێکی لە کۆشکدا هەبوو بانگی کرد و نهێنییەکەی بۆ گێڕایەوە و لێی پرسی:

"تازە.... ئەم کارە ناهەموارەم کردووە! چی بکەم باشە!!؟"دوای ئەوەی پیرەژنە.... لە کێشەکە تێگەیشت ڕێی بۆ دانا و وتی:

"بنێرە.... بە شوێن دارتاشێکدا، با پەیکەرێکی تەختەی بۆ بتاشێت! خۆیشمان گۆڕێکی بۆ لێ دەدەین و دەی نێژین. گۆڕەکە هەڵ ببەستە وگومەزێکی بە سەرەوە بکە و مۆم و بخووردی تێ بکە. فەرمان بدە کەنیزەك و دانیشتونی کۆشك هەموو ڕەش بپۆشن کە کەنیزەك و خزمەتکاران زانیان خەلیفە هاتەوە... کا بکەن بەدالانی کۆشکەوە.... هەموو سەرەخۆشی لێبکەن و پێی بڵێن: کە خۆراکی دڵان مردووە! هەر لەبەر خۆشەویستی تۆ: خاتوو زبێدە لە کۆشکدا.... ناشتوویەتی.....! ئیتر ئەویش "مەولوو"و چاکە و خێری بۆ دەکات. ئەمجا پیرەژن وتی:

"ئەگەر خەلیفە گریمانی ئەوە دابنێ، کە تۆ "غیرە"ت لە کەنیزەکەکە کردووە و لە ناوت داوە. ئەوا فەرمان دەدات: کە گۆڕەکە هەڵبدەنەوە. نەکەی بترسیت! چونە کە بەردی گۆڕیچەکەیان لادا..... کفنە، شاهانەکە دەبینێت..... یەکسەر بڕوا دەکات و فەرمان دەدات ڕیزە بەردەکە بخەنەوە سەر گۆڕیچەکە..... گریمان.... خەلیفە دڵی ناوی نەخواردەوە و ویستی کفنەکە لا ببات....! ئەوسا خۆت و خزمەتکارەکان... بیکەن بە هەللا و بڵێن: شتی وا نابێت! چونکە مردوەکە: ژنە و حەرامە! ئەوکاتە: ڕازی دەبێت وکۆڵ دەدات و بڕوا دەکات. سوپاسیشت دەکات. کە بە ڕێك و پێکی ناشتووتە."

ئەمجا پیرەژن وتی:

"خوا یار بێت: لەو کێشەیەش ڕزگار دەبیت."

کە زبێدە خاتوون، بیری لەم قسانە کردەوە... پەسەندی کرد و خەڵاتێکی زۆر باشی پیرەژنەی کرد. ئەمجا بڕێك پارەی دایە کە ئەو ڕێ و ڕەسمە بەجێ بێنێ. هەر خێرا.... پیرەژن فەرمانی دا..... دارتاش پەیکەری مرۆڤێکی بۆ بتاشێت. ئەمجا گۆڕی لە باخی کۆشکدا بۆ هەڵکەند و "زبێدە"کفن و دفنی کرد. گۆڕەی هەڵبەست و گومەزی بە سەرەوە کرد و مۆم و بخووردی تیا داگیرساند. ڕاخەری نایابی لە دەوروبەری گۆڕەکە ڕاخست. فەرمانی دا: دانیشتوانی کۆشك هەموویان ڕەشیان پۆشی..!! کارەکەیان لە ناو کۆشکدا: دەنگی دایەوە....! کە کەنیزەکە "خۆراکی دڵان"مردووە. دوای ماوەیەك خەلیفە، لە سەردانەکەی گەڕایەوە بۆ ماڵ. سەیری کرد: دانیشتوانی کۆشك هەموویان ڕەشیان پۆشیوە! لە یەکێکیانی پرسی: ئەویش هەواڵی مردنی کەنیزەکە "خۆراکی دڵان"ی دایە. خەلیفە لە هۆش خۆی چوو، بوورایەوە! کە بە ئاگا هاتەوە..... پرسیاری شوێنی گۆڕەکەی کرد؟ زبێدە خاتوونیش لە وەڵامدا وتی:

"ئەی میری موسڵمانان.... لەبەر ئەەی دەسکە گوڵ و هەڵبژاردەی خۆت و زۆر نازداری خۆت بوو: زۆرم ڕێز لێگرت و هەر لە نێو ئەم کۆشکەدا ناشتم."

هەر بە جل و بەرگی سەفەر کردنەکەوەی، چووە سەر گۆڕەکە...... سەیری کرد ڕاخەری نایابی تیا ڕاخراوە! مۆم و بخووردی تیا داگیرساوە، سوپاسی خاتوو زبێدەی کرد، کە ئاوا بایەخی بە گۆڕەکە داوە. لە دڵی خۆشیدا لە دڵە ڕاوکێدابوو. لە نێوان بڕوا بوون و بێ بڕواییدا!! بەڵام دڵەڕاوکێکەی زۆرتر بوو. دوای حەوانەوەی...... فەرمانی دا: گۆڕەکە هەڵبدەنەوە و دەری بێنن. کە کفنەکەی بینی..... ترسی خوای بیر کەوتەوە. پیرەژنە وتی:

"گۆڕەکە، وەکو خۆی لێ بکەنەوە."

ئەمجا خەلیفە فەرمانی دا فەقێ و قورئان خوێنان بێنن. کە ئامادەبوون دەستیان کرد بە "خەتمە"کردن. خەلیفە .... کە گوێی لە قورئانەکە بوو: دیسان ..... بورایەوە. ١ مانگی ڕەبەق، ئەمە کردەوەی خەلیفە بوو. ڕۆژێك لە ڕۆژان، خەلیفە لەماڵەوە لێی نووستبوو، کەنیزەکێك لای قاچەکانیەوە و ئەوی دی لای سەریەوە بوو. باوەشێنیان دەکرد. گوێی لێبوو، ئەوەی لای سەریەوە: بەوەی لای پێیەکانی وت:

"ئای... "خەیزەرانی"نەگبەت"

ئەوەی لای پێیەکانی هەڵی دایە:

"ئای... تووخوا..! ئەی "قەزیبی بان"گیان."

ئەوی دی وتی:

"ئاغامان بێ ئاگایەو ....... هەر ناشزانێت. چی ڕووی داوە!! هەژارە: شەونخوونی بەلای گۆڕێکەوە دەکێشێت. پەیکەرێکی تەختەی تیایە کە دارتاش دروستی کردووە!"

ئەوی پێیی وتی:

"ئەی خۆراکی دڵان چی بەسەر هات؟"

ئەویش وتی:

"خاتوو.... زبێدە کلۆیەك بەنجی دایە کەنیزەکێك.... کە "خۆراکی دڵان"ی پێ بێهۆش بکات! کە بێهۆشی کرد..... خستیانە سندوقێکەوە و بە "صواب"و "بخیت"ی کۆیلەدا ڕەوانەیان کرد. فەرمانی پێدان، بیخەنە چاڵەوە و دایپۆشن!"

"خەیزەران"وتی:

"ئای .... قوڕش بەسەرەم! کەوابوو....نەمردووە!!؟"

ئەوی تر وتی:

"نەخێر...! گەنجە ..... خوا بیپارێزێت.... بەڵام بیستوومە، ئەوە ٤ مانگە... "خۆراکی دڵان"لای بازرگانێکە...... ناوی غانمی کوڕی ئەیوبە. ئاغاشمان بە سەر گۆڕێکدا دەگری و دەی لاوێنێتەوە کە مردووی تیا نییە...!!"

ئەوان قسەی خۆیان دەکرد و پێیان وابوو، خەلیفە نووستووە! خەلیفەش گوێی بۆ شل کردبوون. کە لە قسە بوونەوە و خەلیفە بۆی دەرکەوت... گۆڕی ماڵەکەی درۆیینە!! کەنیزەکە: خۆراکی دڵان.... ٤ مانگە لە ماڵی غانمی کوڕی ئەیوبی بازرگانە. زۆر توورە بوو.

هەستا و ڕۆیشت بۆ دیوانی حوکمڕان وەزیران کۆ بوونەوە. ئەبوجەعفەری بەرمەکی خۆی کرد بە ژووردا هەر کە خەلیفە ئەوی بینی.... فەرمانی پێدا... :

"چەند چەکدارێك ببە و بگەڕێ بە شوێن... مالّی.... "غانم"ی کوڕی "ئەیوب"ی بازرگان دا..... کە دۆزیتەوە، چوار دەوری مالّەکەی بگەر و بچۆ لە ژوورەوە، خۆی و "خۆراکی دلّان"ی کەنیزەك بهێنە. پێویستە ئەو بازرگانە سزا بدەم."

وەزیریش وتی:

"هەر ئێستا قوربان."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........................ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٢

شەهرەزاد وتی: ئەبو جەعفەر و والی بەغدا و چەکداران و هاولاّتیان بەرەو مالّی غانم بوونەوە. کە گەیشتن سپێنەی چاو...... چۆن دەورەی بیلبیلەی چاوی داوە ئاوا.... دەوری مالّی غانمیان دا... ! کەنیزەکەکە هەستا.. بچێت.. قاپێك گۆشتی سوورکراوە بهێنێتە سەر سفرەی نان خواردنی نیوەڕۆ ئاوڕێکی دایەوە. ئەو هەموو چەکدارەی بینی شمشێری رووتیان بە دەستەوەیە!! تێگەیشت... کە لە مەترسی دان! رەنگی زەرد هەلّگەڕا..... بۆیە ...... رووی کردە غانم و وتی:

"هەستە..... برۆ... خۆت رزگار بکە و خۆت بشارەوە.....!"

غانم کە چەکدارانی بینی وتی:

"بۆ کوێ رابکەم!؟ ئاخر.... هەموو سامانەکەم لێرەیە؟"

کەنیزەکەکە وتی:

"لێرە مەبە... با.... سامان و مالّت لە دەست نەچێت!"

بازرگانەش وتی:"ئاخر.... چۆن هەلّ بێم!؟ چواردەوری مالّ گیراوە....!!"

کەنیزەکەکە وتی:

"مەترسە."

ئەمجا قاپی گۆشتە برژاوەکە وسفرەکە و چەند پارچە نانێکی دایە کە بیخاتە سەر سەری و لە دەرگاوە دەربچێت. پێشی وت:

"خەمی منت نەبێت. خۆم دەزانم، خەلیفە چۆن لەگەلّمدا دەجوولێتەوە."

غانم کە ئەمەی بیست بە قسەی کرد و نانە بەرەو سفرە و قاپەکەی خستە سەر سەری و خوا بەزەیی پیادا هاتەوە چووە دەرەوە و رزگاری بوو."هەر کە خەلیفە گەیشت، دابەزی و

خۆی کرد بە ژووردا. "خۆراکی دڵان"یش زێڕ وخشڵەکانی لە سندوقێکی بچوك نابوو. لەبەر وەزیر هەستا و کڕنووشی بۆ برد و وتی:

"خوا..... ئەمەی لە چارە نووسی بووم."

جەعفەر وتی:

"خانم.... من تەنیا فەرمانی گرتنی "غانم"م پێیە."

ئەویش وتی:

"گەورەم، بازرگانە و باروبارخانەی بەرەو دیمەشق بردووە. ئیدی من لێی بێئاگام. ئێستاش ئەم سندوقەم لای خۆت بۆ هەلگرە. تا..... دەگەینەوە کۆشك، بۆ ئەوەی بیدەمەوە بە میری موسڵمانان"

جەعفەریش وتی:

"بە چاوان."

ئەمجا لێی وەرگرت و کەنیزەکەی لەگەڵ خۆی برد و گەڕانەوە بۆ کۆشك لەولایشەوە، ماڵی غانمیان تاڵان کرد. ئەمجا گەڕانەوە بۆ لای خەلیفە. جەعفەری وەزیر... چی کردبوو، بۆی گێڕایەوە. خەلیفەش شوێنێکی بۆ کەنیزەکە "خۆراکی دڵان"دیاری کرد و تێیدا نیشتەجێی کرد و پیرەژنێکی بۆ تەرخان کرد. کە بەردەستی بکات. نووسراوێکی شاهانەشی بۆ میر محەممەدی کوڕی سلێمان زەینی نارد. کە جێگری خەلیفە بوو، لە دیمەشق. بۆی نووسی بوو:

"ئەگەر کەسێك ویستی تاڵانی ببات!! بابچێت بۆ ماڵی غانمی کوڕی ئەیوب!."

کە چوون بۆ ماڵی غانم.... سەیریان کرد دایکی غانم و خوشکەکەی بەسەر گۆڕێکدا دەگرین و دەیلاوێننەوە! کە لە ناوەڕاستی حەوشەکەیان دایە....! هەر دوکیان گرتن و ماڵەکەشیان تاڵان کردەوە. هەر نەشیان زانی هەواڵ چییە!! کە بردیاننە بەردەم خەلیفە، هەواڵی غانمی لێیان پرسی. وتیان: ساڵێك دەبێت، هەواڵی نازانین!!."خەلیفەش فەرمانی دا بردیاننەوە شوێنی خۆیان. با بچینەوە بۆ لای غانمی کوڕی ئەیوب. ئەویش کە ئەو بەڵایەی بەسەر هات و ماڵی لێ تێك چوو لە پڕێکدا هەموو سامانەکەی لە دەست دا. هێندەی خەفەت خوارد وەختە بوو دڵی بتەقێت...! سەری خۆی هەلگرت و لە شار چووە دەرەوە و بە درێژی ئەو ڕۆژە، بەڕێوە بوو. تاکو برسێتی زۆری بۆ هێنا. گەیشتە شاروچکەیەك. خۆی کرد بە مزگەوتێکدا. دەم و چاوی شت و پاڵی دا بە دیوارەکەیەوە. بەو برسێتی و ماندوویەتی... خەوی لێکەوت. تا.... ڕۆژ بووەوە، لەوێ مایەوە. کە خەڵکی شارۆچکەکە هاتن بۆ نوێژی بەیانی ئەمیان بینی، کە چەندە ماندووە و برسییە، جل و بەرگێکی خوا پێداویی و دەوڵەمەندانەشی لەبەر دایە!! هەندێ بەرگی تریان دایە، لەبەری بکات، تاکو سەرمای نەبێت. ئەمجا پرسیان:

"کابرای نامۆ، لە کوێوە هاتوویت و بۆ هێندە، بێ هێز و ماندوویت؟"

چاوانی کردەوە و سەیرێکی کردن و دەستی کردە گریان وبێدەنگ بوو. یەکێکیان گەڕایەوە بۆ ماڵ و قاپێك هەنگوین و ٢ نانی بۆ هێنا. لای دانیشتن تاکو دنیا رووناك بووەوە. ئەمجا هەر یەکە و بەرەوماڵ و لەوێوە بۆ سەر کارەکەیان چوون. مانگێك لەناویاندا مایەوە. لاواز و نەخۆش ! بۆیە خەڵکەکە لە نێوان خۆیاندا بڕیاریان دا بیبەنە خەستەخانەی بەغدا، کە ئەمان خەریکی ئەمە بوون، دوو ژنی سواڵکەر خۆیان کرد بە لایاندا. تومەز.... ئەمانە دایك و خوشکی خۆی بوون! هەندێك نان لە ژوور سەری غانم دا بوو دایان بە ٢ ژنەکە. ئەوانیش شەو لەوێ مانەوە. بێئەوەی هیچ بزانن!! رۆژی دواتر وشتر و کاروان چیان ئامادە کرد و پێیان وت:

"ئەم نەخۆشە ببە..... بیگەیەنە بەردەم دەرگای خەستەخانەی بەغدا. خوا بە خێرێکی گەورەش بۆت دەنووسێت.... لەوێش خەڵکانێك دەیبەنە خەستەخانەکەوە، بۆ چارەسەر کردنی."

کاروانچیش وتی:

"بە چاوان."

ئەمجا غانمیان بردە دەرەوە لە مزگەوتەکەدا و جلەکەی ژێریان لە ناو کەژاوەی سەر وشترەکەدا بۆ راخست. دایك و خوشکی لەگەڵ خەڵکەکەدا سەیری ئەم نەخۆشەیان کرد بەڵام نەیان ناسییەوە . دواتر چوونە پێشترەوە و بەوردی سەیریان کرد.

دایکی وتی:

"ئەمە زۆر لە غانمی کوڕم دەچێت! تۆ بڵێی ئەم لاوازە داسك و دەرزییە ئەو بێت؟"

خەڵکەکە بە گوریس غانمیان بەسەر پشتی وشترەکەوە بەست. ئەویش بە ئاگا هاتەوە و گریا...! خەڵکەکە سەیریان کرد ئەو ٢ ژنە بە سەریدا دەگرین ئەو دووانەشیان لەگەڵ نارد....!! بە رێ کەوتن بەرەو شاری بەغدا. لەوێش کاروانچی گەیاندیە بەردەم خەستەخانەکە و نەخۆشەکەی داگرت و جێی هێشت بە سەر دایك و خوشکیدا. تاکو رۆژ بووەوە، لەوێدا مانەوە. بەیانی: خەڵکەکە لێیان کۆ بوونەوە....! پیاوێکی ناسراوی بازاڕەکە دری بە خەڵکەکە دا و وتی:

"من.... بە چاك کردنەوەی ئەم نەخۆشە، بەهەشت مسۆگەر دەکەم. ئەمە ببرێتە ئەم خەستەخانەیەوە، لە ژێر دەستیاندا دەمرێت!"

ئەمجا حەماڵی بۆ گرت و ناردییەوە بۆ ماڵی خۆی. ئەمجا جێگە وسەرینی خۆی بۆ دانا.... بە ژنەکەشی وت:

"تۆ.... هەر چاودێری بکە و هیچی تر."

ژنەش وتی:

"بەسەر سەرم."

ئەمجا ئاوی بۆ گەرم کرد و دەست و قاچ و لەشی بۆ شت. جل و بەرگی نوێی لەبەر کرد و گوڵاو پرژێنی کرد. نەخۆش بە ئاگا هاتەوە و دەستی کردە: ناڵەناڵ و گریان.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٣

شەهرەزاد وتی:"ئەی پاشای بەختیار..... غانم بەو نەخۆشییەوە: بەجێ دێڵین و بە سەر و کاری کەنیزەکە "خۆراکی دڵان". خەلیفە لێی تووڕە بوو لە ژوورێکی تاریکدا بەندی کرد....!

٨٠ رۆژی، پێچوو وارێکەوت..... رۆژێکیان خەلیفە نزیکی ژوورەکەی "خۆراکی دڵان"بوو، گوێی لێ بوو: خۆی دەلاوانەوە و شیعری دەوت: ئەمجا دەیوت:

"ئای..... غانم، چەند کەسێکی چاك بوویت؟ چەند نەفست پاك بوو! چەند پاك بوویت لەگەڵ ئەوانەدا: کە خراپەیان لەگەڵ دەکردیت؟ رێزی ئەوانەت دەگرت... کە سووکایەتیان پێ دەکردیت! تۆ خێزانی کەسێکت دەپاراست، کە جنێوی بە کەس و کارت دەدا...! رۆژێك دیت، تۆ و خەلیفە لە بەرامبەر دادوەرێکی بە دادا، بوەستن!! رۆژی دادێ، خوای مەزن داوەر بێت. فریشتەکان شایەت بن."

کە خەلیفە ئەمەی بیست لە سکاڵاکەی گەیشت و بۆی دەرکەوت زوڵمی لێکراوە. چووەوە کۆشك و مەسروری خزمەتکاری نارده شوێنی. کە "خۆراکی دڵان"گەیشتە بەردەم خەلیفە بە چاوانی پڕ فرمێسکەوە دەگریا. خەلیفە پێی وت:

"خۆراکی دڵان..... ئەوەی جۆرێك دەتلاوانەوە: کە .... گوایە زوڵمم لە کەسێك کردووە! کە ئەوە کەسە: زووتر بۆ من زۆر چاك بووە! ئەو کەسە کێیە؟ کە بۆ خێزانی من چاك بووە و پاراستوویەتی. بەڵام من بۆ ئەو خراپ بووم؟ "

کەنیزەکەکە وتی:

"گەورەم.... ئەوە غانمی کوڕی ئەیوبە: کە.... بە نەمەکی ماڵت: هەرگیز دەستی بۆ نەبردووم."

خەلیفە وتی:

"لاحول و لاقوە الابالله.... ئێستا بخوازە و بۆت جێبەجێ بکەم."

خۆراکی دڵانیش وتی:

"خوازیاری غانمی کوڕی ئەیوبم."

خەلیفەش وتی:

"بە چاوان."

ئەمجا وتیەوە:

"هەر هێناتان، دەبێت پێشکەشی منی بکەیت."
ئەویش وتی:
"دیاری بەخشندە: گەڕانەوەی نییە!"
ئەمجا خۆراکی دڵان وتی:
"ئاغام.... ڕێگەم بدە خۆیشم بۆی بگەڕێم.... نێ..... بەڵکو"
خەلیفە وتی:
"ئارەزووی خۆت..."
زۆر دڵخۆش بوو. ١٠٠٠ دیناریشی وەرگرت. ئەمجا چووە دەرەوە...... چووە بازاڕ و ١٠٠٠ دینارە زێڕەکەی بردە گوزەری زێڕنگەران و ١٠٠٠ دیناری دایە یەکێکیان و وتی:
"ئەم پارەیەم بۆ بکە بەخێر و بیدە بە کەسانی نامۆ و بێ دەرەتانان. پیرەی سەرگەورەی زێڕنگەران کە ئەمەی دی وتی:
"خاتوون... دەکرێت: بگەیتە ناو ماڵی ئێمە، ئەو لاوە نامۆ شەنگە.... ڕێك و پێکە ببینی!؟"
گەنجەکەش غانمی کوڕی ئەیوب بوو. بەڵام سەرگەورە، لە بەسەرهاتەکە بێ ئاگا بوو. ئەو وای دەزانی ئەو لاوە پیاوێکە ماڵ و سامانی تالان کرابێت و قەرزدار بێت. خۆراکی دڵان کە ئەوەی بیست، لێدانی دڵی خێرا بوو.....! کەوتە دڵەڕاوکێ! بۆیە .... وتی:
"یەکێکم لەگەڵ بنێرە، بۆ ماڵتان."
ئەویش منداڵێکی لە تەکدا ناردەوە. تاکو ماڵی خۆیانی پیشان بدات. کە گەیشتن.... سڵاوی لە ژنی سەرگەورە کرد. ژنە کڕنووشی بۆ برد. چونکە ناسیەوە: خۆراکی دڵان پرسی:
"کوا کوڕە لاوازەکەی ماڵتان؟"
ژنەکە بە گریانەوە وتی:
"ئا.... ئەوەتا...! ئێستاش پێوەی دیارە کە کاتی خۆی خانەدان بووە و ئێستا لێی قەوماوە."
کە ئاوڕی دایەوە و بینی، وەکو ئەوە وابوو... خۆی بێت...! زەرد...... لاواز....! سەری لێ تێکچوو. بەزەیی پیا هاتەوە و دەستی کردە گریان و وتی:
"نامۆیان..... با میری وڵاتی خۆیشیان بن! هەر گوناهن."
نەشی دەزانی ئەمە غانمە. یەك سەعات مایەوە و دەرمانی پێدا، ئەمجا ماڵئاوایی کرد. ئەمجا کەوتەوە گەڕان بۆ غانم.
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو....ر......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٤

# بەسەرهاتی غانمی کوڕی ئەیوب و خوشکی و خۆراکی دڵان

شەهرەزاد وتی: سەرۆکی دەرگاوانی: خۆراکی دڵان دایکە و فتنەی خوشکی غانمیان هێنا.... سەرۆکی دەرگاوانان وتی: "خانم..... ئەمڕۆ ژنێك و کچەکەی هاتوونەتە شارەوە! بە... دەم و چاویان دا دیارە خانەدان بوومن...! بەڵام جل و بەرگیان هەژارانەیە و هەر یەکەیان ملوانکەیەکی لە ملدایە. دڵ تەنگ و چاو بە فرمێسکن...! ئەومتا بۆم هێناویت. تاکو بیان پارێزیت و نەهێڵیت سواڵ بکەن...! ئەوانە هی سواڵ نین! کە خوا یاربێت، بە هۆی یارمەتی دانی ئەمانەوە هەموو دەچینە بەهەشت."

خۆراکی دڵان وتی:

"بەرێز، بینینی ئەوانت لە لا شیرین کردم.... لە کوێن؟"

ڕێ دراو.... هینایاننە.... ژوورەوە.... کە خۆراکی دڵان هەر دوکیانی بینی.... دەستی کردە گریان و وتی:

"ئەمانە بە ناز و نیعمەت گەورە بوون! پێوەیان دیارە."

ژنە سەرۆکی دەرگاوانان وتی:

"خانم... ئێمە لەبەر خوا و پاداشتی: هەژارانمان خۆش دەوێت. ئەمانە ڕەنگە لە ناز و نیعمەت دا بووبن و زۆردار لێی تێکدا بن."

ئەمجا هەر دوکیان دەستیان کردە گریان. بیریان هاتەوە کە لە چ ناز و نیعمەتێکدا بوون...!؟ چۆن لێیان تێکچوو!!؟ غانمیشیان بیر کەوتەوە خۆراکی دڵانیش لەگەڵیاندا، دەستی کردە گریان. ئەوانیش وتیان:

"لە خوا دەپاڕێینەوە.... بە غانمی کوڕی ئەیوب شاد بینەوە."

کە خۆراکی دڵان ئەمەی بیست.... هێندە گریا.... بوورایەوە. کە بە ئاگا هاتەوە وتی:

"خەمتان نەبێت ئەمڕۆ دوارۆژی خەمتانە و یەکەم ڕۆژی بەختیاریتانە!"

ئەمجا فەرمانی دا کە بیان گەیەننە، ماڵی خۆیان. پارەیەکی زۆریش پێدان. فەرمانیشی دا لە گەرماودا باش بشۆردرێن، پۆشتە بکرێنەوە، ڕۆژی دواتر، چووەوە بۆ ماڵی سەرۆکی دەرگاوان...... بینی کە فەرمانەکەی جێبەجێ کراوە گوێی لێیان بوو، باسی: "خۆراکی دڵان"یان دەکرد. غانم لەڕ و لاواز بووبوو، کە ئەوی بینی هاواری کرد:

"ئەی خۆراکی دڵان!"

ئیدی بۆی دەرکەوت خۆیەتی، ئەمیش وەڵامی دایەوە: "گیان"

غانم وتی:

"وەرە نزیکمەوە!"

خۆراکی دڵان وتی:

"رەنگە غانمی کوڕی ئەیوب بێت!"

ئەویش وتی:

"بەڵێ.... ئەوم!!"

جارێکی دی خۆراکی دڵان بوورایەوە: کە دایك و فیتنەی خوشکی ئەمەیان بیست هاواریان کرد:

"ئۆخەی لەم خۆشییە!"

ئەوانیش بوورانەوە.

کە خۆراکی دڵان بە ئاگا هاتەوە.... وتی:

"سوپاس بۆ خوا.... کە منی بە خۆت و خوشك و دایکت شاد کردەوە!"

ئەویش بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕانەوە. کە چۆن گەیشتووەتەوە دەست خەلیفە....! بە غانمی وت:

"ڕاستگۆیانە: باسی تۆم بۆ خەلیفە کرد. ئەویش بڕوای کرد. ئێستاش مژدە بێت: خەلیفە منت لێ مارە دەکات!! غانمیش دڵخۆش بوو بەم هەواڵە.

ئەمجا پێی وت:

"نەچن بە هیچ لایەکدا... تا دەگەڕێمەوە."

چووەوە ماڵ و سندوقی زێڕەکانی هێنا و هاتەوە. هەندێکی دا بە سەرۆکی دەرگاوانان و وتی:

"هەر یەکێکی ئەم خێزانە، ٤ دەست جلی بۆ دەدرێت، ٢٠ دەستەسڕیش بکرە.... چیان پێویستە بۆیان بکرە."

ئەمجا فەرمانی دا بیان بەنە گەرماو و بە ناوی "خولنجان"و "ناوی سێو"بیان شۆن. جل و بەرگی جوانیان لەبەر بکەن. ئەمجا بردنیەوە، ماڵی خۆیان ٣ ڕۆژ لە خواردنی باشی وەکو گۆشتی مریشك و میوەی گرتن. دواتر کە کەمێك بە خۆیاندا هاتنەوە گەرماوێکی دیشی پێکردن. ئەمجا جل و بەرگی پێگۆڕین دواتر بەرەو ماڵی سەرۆکی دەرگاوانی کردنەوە. خۆیشی بەرەو کۆشکی خەلیفە بووەوە. چووە ژوور بۆ لای خەلیفە کڕنووشی بۆ برد. ئەمجا چیرۆکەکەی بۆ گێڕانەوە و تێی گەیاند، کە غانم و دایکی و خوشکی لێرەن! کە خەلیفە ئەمەی بیست بە پاسەوانێکی فەرمان دا"... غانمم بۆ بێنن."جەعفەری وەزیر چوو غانم ئامادە بکات. خۆراکی دڵانیش پێشی کەوت و گەڕایەوە. پێی ڕاگەیاند کە خەلیفە دەیەوێت غانم ببینێت. ئامۆژگاری کرد وەرەی بڵند بێت. زمانی شیرین بێت. لای خەلیفە....! جل و بەرگێکی جوانی لەبەر کرد و پارەی دایە و پێی وت:

"پێش چوونە لای خەلیفە خەڵاتی دەست و پێوەنەکانی، بکە و دیاریان بدەرێ."

دواتر.... ئەبوجەعفەری وەزیری بە سواری هێسترەکەیەوە... بینی. کڕنووشی بۆ برد. ئەستێرەی بەختی غانم کەوتە ڕووناکی و وەزیر لەگەڵ خۆی بردی تاکو بەردەم خەلیفە.

لەوێ کە سەیری کرد هەموو وەزیـران و پیـاو مـاقوڵانی مەملەکەت کۆ بوونەتـەوە. غـانم سەری بۆ خەلیفە نەوی کرد... بە زمانێکی شیرین.... ئەمەی وت:

| | |
|---|---|
| سڵاو لە پاشا.... سەرگەورەی هەمووان | خاوەنی چاکە و پاداشت و ئیحسان |
| پێشەنگی شاهان لە کردەوەدا...... | لە ئاشتەوادا..... سەر دەستەی پیاوان |
| هەر کە بینییان.. ئەم شایە: هەموو | یەکسەر بۆی دەبەن کڕنووشی شاهان |
| هەر لە خۆت جوانە ئەو پلە و پایە | پێی بڵند بەوە: گەورەم ئەی سوڵتان |
| زەوی و مەیدانی سوپای تۆ ناگرێ | بارگەی خۆت هەڵدە: لە شاخ و کێوان |
| دادوەریت.. زەوی وا داپۆشیوە | داد و دانیشتوان هەر وەکو بران |

کە لە هۆنراوەکە بووەوە، خەلیفە پێی وت خوشحاڵ بوو، سەری لێی سوڕما....! فەرمانی پێدا.. سەرت بێنە پێشەوە. ئەمجا چرپانی بە گوێیدا:

"بەسەرهاتی خۆتم بۆ بگێڕەوە."

ئـەویش لایـەوە دانیشـت و دەسـتی کـردە گێڕانـەوەی کـە خەلیفـە ... بـۆی دەرکـەوت بەسەرهاتەکەی راستە... خەڵاتێکی باشی کرد.

پێی وت:

"ئەوا من لێت خۆش بووم."

غانمیش وتی:

"گەورەم کۆیلە و سامان و دارایی هی ئاغایەتی."

خەلیفە دڵی بـە قسەکەی کرایـەوە. بۆیـە فـەرمانی دا کۆشکێکی بـدەنێ. مووچـەیەکی باشی بۆ ببڕنەوەز ئەمجا ئەویش دایك و خوشکی لەو کۆشکەدا نیشتەجێ کرد. خەلیفـە کـە خوشکەکەی بینی بوو، چەند جوان و ناسك و خانومانە، داوای لە غانم کـرد تـاکو بیـداتێ و لە خۆی مارە کرد. چونکە غانم لە وەڵامدا وتبووی:

"خوشکم کەنیزەکتە و خۆم کۆیلەت."

ئەمجا ۱۰۰۰ دیناریشـی دایـە غـانم و قـازی و دوو شـایەتی ئامـادە کـرد. هـەر لـەو رۆژەدا خوشکی غانمی مارە کرد و خۆراکی دڵانیشی لە غانم مارە کرد. دواتر فـەرمانی دا چیرۆکی غـانمی کـوڕی ئـەیوبیش، لـە مێـژوودا، بنوسـرێتەوە. لەکتێبخانـە دا هـەڵبگیرێت. تـاکو پشتاوپشـت بخوێنرێتـەوە. تـاکو بـزانن کـە قـەزا و قـەدەر.... چۆن رۆڵ دەبـینی لـە ژیـنی بەشەر...

شەهرەزاد وتی: پاشـام خـۆ.... ئـەم بەسـەرهاتە عـەجایب تـر نییـە لـە..... چیرۆکی شا عومەر کوڕی نوعمان و "شرکان"و "زەوئولـەکان"ی کوڕی. کە ئەمانـە بەسـەرهاتێکی زۆر عەجایبیان بە سەر هاتووە...! شا شەهریار پرسی: چیرۆکی چۆن بووە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٥

# بەسەرهاتی شا عومەری کوڕی نوعمان و دوو کوڕەکەی

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە... ئەی شا شەهریار... پادشای بەختیار.... پێش خەلافەتی عبدالملك کوڕی مەروان: پاشایەك هەبووە... لە بەغداد ناوی عومەری کوڕی نوعمان بووە.... مەزن و بە توانا بووە. لە جەنگەکانی قەیسەر و کیسرادا براوەبووە. هێندە سوپاکەی بەهێز بووە هیچ سوپایەکی دەوڵەتانی دەورووبەری: شانیان نەداوە لە شانی!! بۆیە ناوچەیەکی زۆری حوکم کردوە. سوپای دەگەیشتە ئەوپەڕی مەملەکەت. شەرق و غەربی لە ژێر دەستا بوو. هند و چین و سەندیش....! هەروەها مجاز و یەمەن و جەزائریش لەگەڵ "دیاربەکر" و "سەیحون" و "جەیحون" و رووباری "نیل" و "فورات". تەتەرەکانی بە هەموو لادا بڵاو بووبوونەوە.... هەواڵگیریان بۆ مەملەکەت دەکرد. هەواڵی دادپەروەری و بەکەماڵ بوونی، هێمنی مەملەکەت و ئاسایشیان بۆ سوڵتان عومەری کوڕی نوعمان دەهێنایەوە. ئەی پاشای زەمان: سوڵتان نوعمان هێندە ناسراو بوو، کە دیاری لە شتی نەختینە و دێرینی بۆ دەهات. ئەم سوڵتانە کوڕێکی بوو ناوی شرکان بوو. کە زۆر لەخۆی دەچوو. نەخۆشیەك لەمەملەکەتدا بڵاو بووەوە. کە پاڵەوانانیش لە ئاستی دا داماو بوون. سوڵتانیش هەر ئەو کوڕەی هەبوو. دەبوو جێنشینی بێت، زۆریشی خۆش دەویست. تەمەنی بە ٢٠ساڵان گەیشتبوو. هێز و توانای وای هەبوو کە هاوڵاتیان نەیان دەتوانی سەر پێچی بکەن. سوڵتان نوعمانیش چوار ژنی شەرعی هێنابوون. کە لەو ٤ ژنە تەنیا شرکانی هەبوو. چەندین کەنیزەکیشی بوون!! ئەم کوڕەی ناوبانگی دەرکردبوو. بۆیە باوکی زۆر دڵی پێی خۆش بوو. یەکێك لە کەنیزەکەکانی سکی پڕ بوو. سوڵتان زۆر دڵ خۆش بوو. وتی:

"بەڵکو ئەمە خوایە... ئەم سکەش کوڕ بێت و نەوەم زۆرتر بێت!!"

سوڵتان زۆر پەزێرایی دەکرد. شرکان کە بەم کارەی باوکی زانی پێی ناخۆش بوو. بە خۆی وت:

"ئەوا... برا بەشم بۆ بوو، لە حوکمڕانیدا!!"

بۆیە لە دڵی خۆیدا بڕیاری دا:

"ئەگەر ئەو کەنیزەکە کوڕی بوو، بیکوژێت!!"

ئەمە حاڵی شرکان بوو. کەنیزەکەکە "ڕۆم"ی بوو دیاری شای ڕۆمی قیساریە بوو، بۆ سوڵتان لەگەڵ چەند ئاسەواری دێرینی مێژوویی بۆ سوڵتانی ناردبوو. ناوی "صفیە"بوو. جوانترین کەنیزەکی سوڵتان و پاکیزە ترینیان بوو. هەموو جارێك بە سوڵتانی دەوت:

"خوازیارم کوڕێکم لە تۆ هەبێت! تاکو بە جوانترین شێوە پەروەردەی بکەم بۆت."

کە سوڵتان زۆر دڵی بەو قسەیە خۆش دەبوو. ئیدی لە سەر خوار پەرستی و سەروەر بوو. نزا و پاڕانەوەی هەر ئەم ئاواتە بوو... تاکو یەزدان نزاکەی پەسەند کرد.

پاشایش خزمەتکارێکی راسپاردبوو کە منالەکەی بوو.... هەر زوو هەوالی بۆ بێنێت. کاتێك کەنیزەکەکە بووی.... مامانەکان رووانیان: کچێکی قەشەنگی جوانە. دەورووبەر زانی هەوالْ گەیشتەوە بە پاشا.... هەر وەها بە شرکانیش کە دەورووبەر چۆلْ بوو. صفیە بە مامانەکانی وت:

"کەمێك چاوڕێ بن هەست دەکەم: رەحمم ساوای تری تیاماوە! ژانی تری بۆ هات. خوا یارمەتی دا و یەکێکی دی بوو. مامانەکانی سەرنجیان دا... کوڕێکی ناسك وجوانە! ئەوانەی دەورووبەری کە ئەمەیان زانی کەوتنە.... هەلهەلە کێشان. شادی کەوتە کۆشکەوە. کەنیزەکەکانی دی بەخێلیان پێ برد. کە خەلیفە عومەری کوڕی نوعمان، بەمەی زانی چووە ژوورسەری و ناوچاوانی ماچ کرد و سەرنجی کوڕەکەی دا. کەنیزەکان کەوتنە دەف لێدان و گۆرانی وتن و ئاهەنگ گێران. خەلیفەش فەرمانی دا کوڕە ناو بنێن "زەوئولەکان"خوشکەکەیشی "نزهە الزمان". ئەمجا فەرمانی دا دایەن و بەخێوکەر و شوێنی تایبەت و شیر و خزمەتکارییان بۆ دانرا و مووچەیان بۆ برایەوە کە هەوالەکە بە شاردا بلاو بووەوە شاریان رازاندەوەو شیرینیان گێرا. وەزیران و پیاوانی دەولەت و پیاوماقولان چوونە پیرۆزبایی خەلیفە. ئەویش کەوتە... خەلات کردن و بەخشیش دان. بەم شێوەیە ٤ سالْ تێپەڕی... کە زوو زوو خەلیفە لە صفیە و منالەکانی دەپرسیەوە و سەرپەرشتی دەکردن. لەگەلْ ئەم کەین و بەینەدا.... هێشتا شرکانی کوڕی نەیزانی بوو کە ئەم کوڕە بووە...! چونکە پێی وابوو کە تەنیا کچێکیان بووە. ئەوانیش چەندین سالْ تێپەڕی و ئەو هەوالەیان لێ شاردەوە. رۆژێکیان نوعمان کە لێی دانیشتبوو راوێژکارەکەی هاتە لای و کڕنووشی بۆ برد و وتی:

"ئەی پاشای مەزن... پەیامبەری پاشای رۆم و خاوەنی قوستەنتەنیە هاتووە. دەیانەوێت بت بینن، گەر دەفەرموویت با بێنە ژوورەوە."

پاشاش فەرمانی دا با بێن کە هاتنە ژوورەوە، رووی پێدان و هەوالی پرسین و پرسیاری هۆی هاتنیانی کرد. ئەوانیش کڕنووشیان بۆ برد و وتیان:

"ئەی پاشای دانا... گەورەی بە توانا... ئێمە شا "ئەفرەیدون"، پاشای یونان خاوەنی سوپای نەسرانیان کە لە قوستەنتەنیەیە، ناردوویەتی! کە ئەمڕۆ لە جەنگدایە، لەگەلْ سوپای شای "قیسارییە."بەهۆی ئەوەوە کاتی خۆی هەندێ لە پاشایانی عەرەب لە داگیر کردنەکانیاندا گەنجینەی گەورەی ئەسکەندەریان دۆزیوەتەوە و نەختینە بەنرخەکانیان راگواستووە و هێندەیان شت لێ بردووە.. کە لە ژماردن نەهاتووە! ٣ گۆی خڕی بە هێندەی هێلکەی "نەعامە"یەکی تیا بووە! کە زێڕی سپی دروست کراوە. لە دنیادا لە وێنەی نەبووە! هەر یەکەیان بە پێنوسی "یونان"ی چەند نهێنییەکیان لەسەر..... نەخش کراوە. کە چەندین سیفاتی تایبەت بەخۆی بووە. یەکێك لەوانە گەر هەر منالێك لە ملی بکات هەرگیز تووشی کێشە نابێت و نەخۆش ناکەوێت و ئازار ناچێژێت.! ئەویش کە ئەمەی زانی

چەندین دیاری بۆ شا ئەفرەیدوون نارد لە نێو ئەوانەدا ئەو ٣ گۆیە بوو. ٢ پۆڕی ئامادە کرد. یەکێکیان دیاری و شت و مەکەکانیان تیا بار کرد. ئەوی تریش پیاوانی چەکداری بۆ پاراستنی شت و مەکەکان... پاشای عەرەب بەناوبانگ بوو، پاپۆڕەکانی لە دوورەوە دەناسران و کەس بوێ نەبوو دەست بێنێتە رێیان. ئیتر لەسەر رێگایشدا.... دەست و پێوەندانی شا ئەفرەیدونی لێبوو.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٦

شەهرەزاد وتی:"کە ٢ پاپۆڕەکە ئامادە کران بە رێ کران. کە لە وڵاتمانەوە نزیك بوونەوە، چەند رێگرێك پەیدا بوون. کە سەر بە قیسارییەی یونان بوون دەستیان بەسەر دیاریەکاندا گرت و هەموو چەکدارانی پاپۆڕەکەی دیان کوشتن. کە ئەفرەیدون شا ئەم هەواڵەی پێگەیشت سوپایەکی نارده سەر یونانیەکان بەڵام لە جەنگەکەدا بە شکاوی گەڕانەوە. جاری دووەم سوپای کردنەوە سەر و لەگەڵیاندا جەنگان. بەڵام دیسان راونران و بە شکاوی گەڕانەوە... ئێستاش: شا ئەفرەیدون سوێندی خواردووە، کە دەبێت بە سەرکردایەتی خۆی هێرش بەرێتە سەر یونانیەکان و وڵاتەکەیان خاپوور بکات. ئەمجا دیاریەکانیان لێ بسەنێتەوە کە ئەو ٣ گۆیەشی تیایە. بۆیە ئێمەشی ناردووە، داوای یارمەتی ئێوە دەکات. کە سوپای خۆتانی بۆ بنێرن. هەروەها شا ئەفرەیدون برێك دیاریشی بۆ ناردوون."ئەمجا جارێکی دی کڕنوشیان بۆ شا عومەر برد کە دیاریەکانیان گواستەوە کۆشکی شا عومەر. ٥٠ کەنیزەکی رۆمی تایبەت و ٥٠ خزمەتکار کە سنگ و گەردنیان بە ملوانکەی زێڕ رازابووەوە. هەر خزمەتکار و کەنیزەکێك، گوارەکەی گوێی گۆیەکی تیابوو، کە بایی ١٠٠٠ میسقال زێڕی پێوە بوو. بەرگەکانی بەریشیان قوماشی گرانبەها بوو. کە شا عومەر ئەمانەی بینی زۆر خۆشحاڵ بوو. فەرمانی دا .... پەزێرایی باشی نوێنەرانی میوان بکرێن. خۆیشی لەگەل وەزیرەکان بۆ پرس و رایان.

وەزیرێکی پیریان هەستا و کڕنووشی بۆ شا برد و وتی:

"پێویستە...... سوپایەکی زۆری تۆکمە بە سەرکردایەتی شرکانی کورشی بنێرێت بۆ یارمەتی دانیان. ئێمەش بەندەی بەردەستی تۆین. ئەم کارەش لەبەر ٢ هۆ: یەکەمیان چونکە پاشای رۆم هانای بۆ تۆ هێناوە و تۆش دیارییەکانی ئەوت پەسەند کردووە، دووەمیان: دوژمن شەڕی لەگەڵ سوپای تۆ بۆ ناکرێت. کە سوپای تۆش بەرگری لە رۆم کرد و سوپای دوژمن شکا... ئەوا سەرکەوتنەکە بە ناوی تۆوە دەبێت و لە وڵاتانی دەورووبەردا بڵاو دەبێتەوە. ئیدی ئەو دەوڵەتانە، دەکەونە ناردنی دیاری و خەڵات بۆ تۆ."

که شا ئەمەی لە "دندان"ی وەزیری بیست زۆری بە دڵ بوو، خەڵاتیشی کرد. ئەمجا پێی وت:

"هەموو دەم پێویستە پاشایان، بیر و رای تۆ وەربگرن. تۆش دەکەمە پێشەنگی ئەو سوپا مەزنە لەگەڵ شرکانی کوڕمدا."

ئەمجا ناردی بە شوێن شرکانی کوڕیدا و بیر و ڕای "دندان"ی وەزیری بۆ گێڕایەوە و فەرمانی پێدا کە ۱۰۰۰۰ جەنگاوەری شۆڕەسوار، هەڵبژێرێت و پڕچەکیان بکات و ئامادەیان بکات.

دواتر کە جەنگاوەرانی ئامادە کرد و بەخشیشی پێدان، باوکی ئامادە کرد تا ئەو سوپایە ببینێت. ئەمجا بە سوپاکەی راگەیاند سێ رۆژ مۆڵەتیان هەیە. دواتر هێرش دەبەن. ئەوانیش ئامادەیی خۆیان پیشان دا. دواتر، شا عومەر ۷ گەنجینە سامانی پێشکەش بە شرکانی کوڕی کرد و ئامۆژگاری وەزیریشی کرد کە چاودێری شرکانی کوڕی بکات. ئەمە لە دەرەوەی شار رووی دا. چونکە سەربازگە و رەشماڵ لە دەرەوەی شار بۆ سەربازەکان لێدرابوو. ئەمجا فەرمان درا بە سەر لەشکرەکان کە لەشکرەکانیان بپشکننەوە. ئەمجا خواحافیزی لە پاشا کرا و تەپڵی شەڕ لێدرا و سوپاکە، بەڕێکەوت. ئەو رۆژە تاکو شەو بەڕێوە بوون. بەیانی رۆژی دووەم سوپاکە کەوتەوە رۆیشتن. سەربازە کۆمەڵێك جەنگاوەر پێش دەکەوتن و رێگایان دەپشکنی و دەگەڕانەوە. ۲۰ رۆژ بەڕێوە بوون.

رۆژی دواتر گەیشتنە دۆڵێکی فراوانی پڕ دار و درەخت وسەوزایی. ئێوارە بوو. "شرکان"فەرمانی دا... باروبنە... بخەن. سێ رۆژ لێرە دەمێنینەوە. سوپا لای دا.. دەوارێکی زۆر لێدرا. سەربازان بە راست وچەپدا بڵاو بوونەوە. "دندان"ی وەزیر و نوێنەرانی شا ئەفرەیدون... پاشای "قوستەنتەنیە"کەوتنە گەڕان بەودۆڵەدا، بەڵام "شرکان"چاوەڕێی کرد. تاکو سەربازەکان، دەواریان هەڵدا و جێگیر بوون. ئەمجا لەسەر ئامۆژگاری شای باوکی ئاوزەنگی لە ئەسپەکە دا، کەوتە پشکنینی ئەو دۆڵە و بووە چاودێری سوپاکەی. چونکە چووبوونە زەوی وڵاتی رۆمەوە کە زەوی دوژمنەکەیان بوو. دەست و پێوەن و پیاوانی دەوروبەری ناردبووە لای "دندان"ی وەزیر و هەر خۆی بوو بەتەنیا. بە هێندەی چواریەکی شەو لە سوپاکەیەوە دوور کەوتبووەوە ماندووی رێگاش بوو. بۆیە بەسەر پشتی ئەسپەکەیەوە... خەوی لێ کەوتبوو.

بۆ نیوەشەو بوو ئەسپەکە هەر رۆیشت، تاکو گەیشتە دارستانێك و چووە ناوەوە. شرکانیش بە ئاگا نەهاتەوە، تاکو ئەو کاتەی ئەسپەکەی ژێری کەوتە سمکۆڵان. کە شرکان بە ئاگا هاتەوە خۆی لە ناو دارستانێکدا بینیەوە! تریفەی مانگەشەو لە نێوان درەختەکانەوە ئەو ناوەی رووناك کردووەتەوە. شرکان سەری سوڕما و لەبەرخۆیەوە وتی:

"لاحول و لاقوە الا بالله العلی العظیم."

دوای کەمێك گوێی لە دەنگێکی ناسکی خۆش بوو. بۆیە دابەزی و ئەسپەکەی بە دارێکەوە بەستەوە و بەرەو دەنگەکە چوو. ڕۆیشت... ڕۆیشت، تاکو گەیشتە کەنار جۆگەلە ئاوێك... ئەمبەر وئەوبەری گوڵ و لالەزار بوو. دار و درەخت و گوڵی بەهار بوو. دیمەنی ئەو ئاوە بە شەپۆلیەوە... گوڵزار بە بولبولیەوە. گوێی لە ژنێك بوو دەیوت:

"بە گیانی مەسیح، ئەمەی ئێوە کارێکی باش نییە! هەر کەس قسە بکات قۆڵبەستی دەکەم!"

ئا لەم دیمەنە دڵرفێنە خۆشەدا کە دەتوت ئەم شیعرە بۆ ئەم شوێنە وتراوە:

| | |
|---|---|
| چاکی زەوی و زار بە گوڵزارەوە | لە سەردا ئاوی بێتە خوارەوە |
| دەستکرد،خوایە، کە وا توانستە | ئەوبەرە زۆرەی وا بە دارەوە |

شرکان سەیرێکی دەورووبەری خۆی کرد. کڵیسەیەکی کۆنی بینی. لە ناو کڵێسەکەیشەوە قەڵایەکی بڵندی بینی، لە هەوادا کە لەبەر تیشکی مانگەشەوەکە، دەبریسکایەوە. لە ناوەڕاستیدا ڕووبارێك هەبوو، کەبە ناو ڕەز و باخەکەیدا دەڕۆیشت. ژنێکی بینی کە ١٠ کەنیزەك بە دەوریەوە بوون. دەتوت مانگی چواردەن. سەرتاپایان زێڕ و خشڵ بوو. ڕوانین لە کچانە، مایەی سەرسوڕمان بوو. شرکان گوێی لە ژنەکە بوو، پێی وتن:

"وەرنە پێش با زۆران بگرین."

یەکێکیان لێی چووە پێش. ئەویش هەر زوو پەلاماری دا و بە کەمەندەکەی خۆی قۆڵبەستی کرد، ئیدی لەو ناوەدا زۆرانبازی کرا. تاکو هەر هەموویانی قۆڵبەست کرد. ئەمجا کەنیزەکێکی پیر، ڕووی تێکرد پێی وت:

"دڵت بە خۆت خۆشە کە هەموویانت قۆڵبەست کرد. من بەم پیریەوە ٤٠ جاران قۆڵبەستم کردون. ناشێ بە خۆت بنازیت!!؟ گەر خۆت بە بەهێز دەزانیت، لەگەڵمدا دابەزە با.... سەرت بخەمە نێوان هەر دوو قاچت."

ژنەش بزەیەکی سەرزارەکی هاتە سەر لێوان، لە ناخیشەوە، تووڕە و توند ببوو. پرسی:

"ئەرێ فێلاوی هەر بە ڕاستتە، زۆرانبازیم لەگەڵ دەکەیت! یان سوعبەت دەکەیت!؟"

کەنیزەکە پیرەکە وتی:

"زۆر بەڕاستمە!"

ئەمجا ژنەکە وتی:

"دەی هەستە ئەگەر هێزت تیایە!"

کەنیزەکە پیرە، هێندە توند بوو کە مووەکانی سەری وەکو پەڕی ژیشك ڕاست بوونەوە. هەڵمەتی برد، دەتوت ئەژدیهایە، ڕاست بووەتەوە. ژنەش هەڵمەتی بۆ برد. شرکانیش ئەوا سەیریان دەکات و بە پیرەژنەش پێدەکەنێ. کاتێ باوەشیان بەیەکدا کردبوو شرکانی سەری بڵند کردەوە و لە خوا پاڕایەوە. ژنەکە سەر بخات بە سەر کەنیزەکە پیرەکەدا. لە کاتێکدا پیرەژن ویستی لە دەستی ژنە خۆی ڕزگار بکات، لەسەر پشت کەوت، شرکان شمشێرەکەی

هەڵکێشا هەڵی کوتایە سەری. کە سەیری ئەم لا و ئەولای خۆی کرد لە پیرەژنە زیاتر کەسی دی نەبینی. ئەمجا لە پیرەژنە تووڕە بوو وتی:

"لەخۆڕا، ناویان نەناویت فێڵاوی، تۆ هێز و توانای ژنەکەت بینی بوو، ئەمەت بۆ کرد!؟"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٧

# چیرۆکی شرکان و شا ئیبریزە

شەهرەزاد وتی: ئەمجا لە هەر دوکیان نزیك بووەوە بۆ ئەوەی گوێی لە قسەکانیان بێت. کەنیزەکەکە هاتە بەردەم پیرە کەنیزەك و وتی:

"ببوورە ویستم: بتدەم بە زەویدا... کەچی لە دەستم ترازایت!! سوپاس بۆ خوا، سەلامەت بوویت."

ئەویش بێدەنگ بوو. بە تەریقییەوە لێی دوور کەوتەوە.... تا لە چاوان ون بوو. ئەوانی تر بە دەست بەستراوی: کەوتبوون! خۆیشی بە دیاریانەوە وەستابوو. "شرکان"لە دڵی خۆیدا وتی:

"ڕۆژییش بەبێ هۆ نابێت! خەو کە چووە چاوانم ئەسپەکەش بۆ ئێرەی هێنام! ئەمەش لە بەختی خۆم بوو. کێ دەڵێت، ئەم کەنیزەکە و ئەوانی دیش بە نسیبی من نەبوون!!؟"

ئەمجا ئاوزەنگی لێدا، ئەسپ هەر وەکو تیر لە کەوان دەرچوو. شمشێرەکەش بە رووتی بە دەستیەوەبوو. هاواری کرد:"الله اکبر."

کەنیزەکەیش کە ئەمەی گوێ لێبوو تەکانی دایە خۆی و بازێکی دایە ئەوبەر جۆگەکەوە بە هەموو توانای هاواری کرد:

"تۆ کێی، کە لێت تێکداین بە شمشێرێکی رووتەوە، دەڵێی پەلاماری سەربازگە دەدەیت.؟ چیت دەوێت و لە کوێوە هاتوویت!؟ راست برۆ، درۆ مەکە، چونکە درۆ کاری پیاو خراپانە. گومانی نییە: رێگەت هەڵە کردووە. بەم شەوە! بەختت باش دەبێت، گەر بە سەلامەت رزگارت ببێت!! چونکە لە شوێنێکدایت هەر ئێستا نەعرەتە لێ بدەم سوپایەکی ٤٠٠٠ کەسی دادەبارن بە سەرتا. پێمان بڵێ چیت دەوێت؟ گەر رێگات هەڵە کردووە بت خەینەوە سەر رێگا."

شرکان کە ئەمەی بیست پێی وت:

"من کابرایەکی موسڵمانم...... لەشوێن دەستکەوتێك ..... نێچیرێك دەگەڕام. رێگام هەڵە کرد. ئێستاش ئەم کەنیزەکانەم دەست کەوتووە، دەیان بەم و دەگەڕێمەوە ناو هاورێکانم."

کیژەکە وتی:

"ئەوە بزانە دەستت بەو کچانە ناگاتا لەبەر ئەوە... بە دەستکەوتی خۆتی مەزانە! ئەی پێم نەوتویت: درۆ کردن باش نییە؟"

شرکانی لە وەڵامدا وتی:

"ژێر ئەو کەسەیە پەند لە کردەوەی خەڵك وەر دەگرێتا"

کیژەکە وتی:

"بە گیانی مەسیح لە ترسی ئەوە نەبێت کە خوێنت دەچێتە ملم، ئێستا نەعرەتەیەکم لێ دەدا، هەموو ئەم دەورووبەرەم پڕ دەکرد، لە سوارەی چەکدار. بەڵام بەزەییم بە نامۆیاندا دێتەوە! ئەگەر هەر نێچیر و دەستکەوتت دەوێت: سوێند بخۆ بە ئاینی خۆت، دەست بۆ چەك نەبەیت.....من ئامادەم زۆرانت لەگەڵدا، بگرم!! گەر تۆ زاڵ بوویت و پشتت لە زەوی دام... ئەوا لەبەر دەمی خۆتدا سوارم بکە و بمبەمە بۆ خۆت. کەنیزەکەکانیشت بە دواوە! خۆ... گەر من زاڵ بووم و پشتی تۆم لە زەوی دا! ئەوا... چارەنووست دەکەوێتە دەست من. ئەو سوێندەم بۆ بخۆ... چونکە بیستوومە زۆرداران متمانەیان پێ ناکرێت."

شرکان کە ئەمەی بیست بەخۆی وت:

"ئەم کەنیزەکە: نازانێت: من پاڵەوانم."

چاویشی بڕی بووە خۆی...! بۆیە پێی وت:

"تۆیش سوێندم بۆ بخۆ: کە ئەو مەرجانە جێبەجێ دەکەیت. منیش سوێندت بۆ دەخۆم تاکو خۆت نەڵێت: ئامادەم نزیکت ناکەومەوە. گەر منت بە زەویدا دا، ئەوا هێندەم سامان هەیە، خۆمت لێ بکڕمەوە. گەر منیش بردمەوە ئەوا... خۆت: گەورەترین دەستکەوتی بۆ من."

کەنیزەکەکە لە وەڵامدا وتی:

"لاریم نییە!"

شرکان، کەمێك راما، دواتر بڕیاری دا:

"بە پێغەمبەر "د.خ"منیش لاریم لێ نییە!"

ئەمجا کەنیزەکە وتی:

"سوێند بخۆ بەوەی کە گیانی کردووە بە بەر لاشەکاندا. ڕێنمایی مرۆڤی سەرزەوی کردووە. کە لە زۆران زیاتر، هیچ کارێکی تر لەم زۆرانبازییە زیاترت لەگەڵدا ناکەم.... گەر بە پێچەوانەوە، رەفتارم کرد، لە ئایینی ئیسلام بێ بەری بم."

شرکان وتی:

"بەو خوایە، قازی، حوکمی بە سەردا بدامایە، نەیدەزانی بەم شێوەیە سوێندم بداتا"

ئەمجا..... بەو شێوەیەی داوای لێ کرابوو، سوێندی خوارد. ئەمجا دابەزی و ئەسپەکەی بە دارێکەوە، بەستەوە.... لە کاتێکدا بیری هەر بە لای ئەم زۆرانبازیەوە بوو، ئەمجا خۆی گورج کردەوە و کە ئامادەی زۆران بوو، بانگی کەنیزەکەکەی کرد:

"دەی، وەرەوە، ئەم بەر جۆگە ئاوەکە."

کەنیزەکەکە وتی:

"نەخێر، تۆ بپەڕەوە بۆ لای من."

شرکان وتی:

"من ناتوانم، لەم جۆگە ئاوە بدەم. تا بپەڕمەوە."

کەنیزەکەکە وتی:

"دەی ئەی لاوە من دێم بۆ لات."

ئەمجا بە بازێك هاتە ئەمبەر ئەمجا پەلاماری شرکانی دا، بڵندی کردەوە ئاسمان و دای بە زەویدا و پێی وت:

"ئەی موسڵمانان، ئێوە هەمیشە دەستتان کراوەیە لە کوشتنی کافران دەڵێی چی بتکوژم!؟"

ئەویش وتی:

"خانم... کوشتنی من حەرامە، چونکە پێغەمبەرمان "محەممەد د.خ"کوشتن بە دەستی ژنانی حەرام کردووە!! هەروەها منالان و پیران و قەشەیانیش."

ئەمجا کچە وتی:

"گەر "محەممەد"تان فەرمانی ئاوای دابێت... پێویستە سوپاس بکرێت! دەبڕۆ.. ئەوا منیش ئازادم کردیت. چونکە چاکە لای ئێوە ون نابێت!"

ئەمجا شرکان هەستایەوە سەرپێ... خۆی تەکاند. ئەویش بازی دایەوە ئەوبەر جۆگەکە و بە پێکەنینەوە بە شرکانی وت:

"ئاغام، هەرچەند، پێم ناخۆشە لێم دابڕێیت بڕۆرەوە بۆ لای هاوڕێکانت، تاکو هێزەکانی "بەتاریقە"نەهاتوون. چونکە بەردەستیان بکەویت، دەتکەنە سەرە ڕەمەکانیانەوە. تۆیش بە ناشوکری نەبێت دەرەقەتی ژنان نایەیت!! ئیدی چۆن شەڕی شۆڕە سوارانت بۆ دەکرێت!؟"

شرکان سەری لە خۆی سوڕما...! کە کەنیزەکەکە پشتی تێکرد و بەرەو کڵێسەکە بووەوە، شرکان پێی وت:

"خانم.... جا چۆن دەبێت من لە ناوچەی وڵاتی تۆدام. نەمەکت نەکەم و تێرم نەکەیت!؟ کە ئێستا من یەکێکم لە خزمەتکارانت."

کەنیزەکەکەش وتی:

"کوا رەزیل بەخشندەیە؟ فەرموو ناوی خوای لێ بێنە، بەسەرچاوان. سوار بەو، بەوبەری رووباردا لە تەکم بە."

رۆیشتن پێکەوە، تا گەیشتنە پردێکی لە دار دروستکراوی بە چەند چەرخێکی: زنجیری پۆلایین دروستکراوی بە قفڵ کلۆم دراوی پێوەبوو.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو...................... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٨

شەهرەزاد وتی: شرکان سەیرێکی ئەو پردەی کرد بینی ئەو کەنیزەکانەی کە لە زۆرانبازیەکەدا لەگەڵی بوون لە سەر پردەکە چاوەڕێی دەکەن. کە ئەمانیان بینی یەکێکیان بە زوبانی رۆمی فەرمانی دا:

"برۆن... یەکێکتان جڵەوی ئەسپەکەی بگرن و بیپەڕێننەوە، بۆ کڵێسەکە."

ئیدی کەنیزەکە لە پێشەوە و شرکان بە دوایدا، تا گەیشتە کڵێسەکە. شرکان کە ئەمەی بینی بەلایەوە زۆر سەیر بوو!! ئەمجا شرکان وتی:

"ئێستا دوو جاران بە سەر تۆوەم هەیە. جارێکیان بوومە هاوڕێت، جاری دووەم بوومە میوانت و ئێستا لە ژێر سایەی تۆدام. خۆزگە تۆش، ئاوا دەبوویتە هاوڕێم و وڵاتی موسڵمانانت دەبینی! شێرانی سوارچاکی ئێمەت دەبینی تا لەوێیش منت بناسیایە."

کە کەنیزەکە ئەمەی بیست، تووڕە بوو وتی:

"بە گیانی مەسیح تۆم بە کەسێکی ژیر دانابوو، بەڵام بۆم دەرکەوت، کە چەندە کاڵفام و دڵ خراپیت! کە ئەڵێیت: شێرانی موسڵمانت بدایە! بە رۆحی مەسیح راست ناکەیت چونکە ئەم ۲ رۆژە... کە لەسەر زەوی ئێمە هەڵتان داوە.. سوپاکەتانم بینی! هیچ رێکخستنێکی شاهانەم نەبینی!! بەڵکو کۆمەڵێکی: تایەفەگەریانەم بینی! ئەوەش کە وتت: منت بناسی بایە. من لەبەر پلە و پایە و ناوبانگت ئەمەت لەگەڵ ناکەم! بەڵکو لەبەر خۆ نازینم چاکەت لەگەڵ دەکەم. کەسی وەکو تۆ، نابێت ئاوا بە کەسی وەکو من بڵێت. ئەگەر شرکانی کوڕی شا عومەری کوڕی نوعمان ئەم سەردەمەیش بیت!"

شرکانیش پرسی:

"بۆچی تۆ شرکان دەناسیت!؟"

ئەویش وتی:

"بەڵێ... بیستوومە لەگەڵ ئەم سوپایە هاتووە، کە ۱۰۰۰۰ چەکدارن. کە هاتوون بە هانای شای قوستەنتەنیەوە....."

شرکان وتی:

"خاتوون، سوێندت دەدەم بەوەی بڕوات پێیەتی، هۆیەکەم پێ بڵێ."

کەنیزەکەکە وتی:

"بەدینت ... گەر ناوبانگم بە کچە ڕۆحی بڵاو نەبوایەتەوە شەڕم لەگەڵ هەر ۱۰۰۰۰ سەربازەکەتان دەکرد و "ددان"ی پێشەنگ و وەزیرم لە پێشەوە دەکوشت. ئەمجا شرکانی شۆڕەسوارەکەتان . بەڵام هەندێکم لە ڕەوشتی "عەرەب"لە کتێباندا خوێندووەتەوە، بۆیە خۆم هەڵناکێشم، لەگەڵ ئەوەشدا کە بە چاوی خۆت، ئازایەتی منت بینی، خۆ.... ئەمشەو شرکانیش لێرە بوایە، نەیدەتوانی وەکو من بە بازێك لەم جۆگەلەیە بپەڕێتەوە. ئاخ.... خۆزگە شرکانم دەست دەکەوت.... بەجۆرێك دیلم دەکرد، لە پیاوەتیم دەخست! کۆت و زنجیرم دەکرد."

کە شرکان ئەمەی بیست، غیرەتی جووڵا... ! ویستی خۆی دەربخات و تێی بگەیەنێ کە خۆی شرکانە. بەڵام لە ترسی ئەوەی غەدری لێ بکات بێدەنگ بوو. دیسان کەوتنەوە ڕێ. تاکو گەیشتنە پردێك، کە لە مەرمەڕ دروست کرابوو. ئەمجا پەڕینەوە و کەنیزەکێك دەروازەی بۆ کردنەوە و چوونە ژوورەوە و ناو دالانێکی گەورە. هەر شوێنە و مۆمێکی لە سەر داگیرسابوو. کۆمەڵێك کەنیزەك لە پێشیانەوە، شرکان بە دواوەیانەوە، تاکو چوونە کڵێسەکەوە کە ڕوانی پەردەکان بە گوڵی زێڕین نەخشابوون. قەرەوێڵە، بەرامبەر یەك ڕازا بوونەوە. زەوی کڵێسە، یەك پارچە مەرمەڕ بوو. حەوزێکی مەزن لە ناوەڕاستیدا بوو کە ۲٤ پلووسکی بە سەرەوە بوو. لە لایەکی دیەوە.. چرپایەکی لێ بوو سەرچەفەکەی سەری ئاوریشمی تورکی شاهانە بوو. کچەکە بە شرکانی وت:

"بڕۆ... لە سەر ئەو چرپایە: دابنیشە."

ئەویش بە قسەی کرد. جێی هێشت و نزیکەی سەعاتێك ون بوو. بۆیە: لە کەنیزەکەکانی پرسی:

"ئاخۆ.... بۆ کوێ چووە؟"

وتیان چووەتە سەر گۆڕەکەی تا ئەو دێتەوە ئێمە لە خزمەتداین! چەندین جۆری خواردنیان خستە بەردەم. شرکانیش تاکو تێر بوو، خواردی و خواردیەوە. ئەمجا تەشتێکی زێڕین و حەوجۆشێکی زێوینیان بۆ هێنا..... دەستی تێدا شوشت. بیریشی بە لای سوپاکەیەوە بوو. چونکە بێئاگا بوو، لێیان. ئامۆژگاریەکانی باوکیشی بیر کەوتەوە. کە چۆن بە جێی نەهێنا. پەشیمان بوو، لەو کارەی. کە ڕۆژ هەڵهات و دنیا ڕووناك بووەوە هەستی بە دنیایەك کامەرانی کرد. کە بینی کەنیزەکەکەی شەوی ۲۰ کەنیزەکی بە دواوە بوو. هاتن و هەر وەکو مانگی چواردە بوون بەرگی شاهانەیان پۆشی بوو. پشتوێنی نەخشی زێڕین لە پشتیان دا، کەنیزەکەی خانەخوێ لێی نزیك بووەوە و سەرنجێکی قووڵی دا. دواتر وتی:

"کۆشکت ئاوەدان کردەوە، ئەی "شرکان"کە ئێمەت لەلا نەبووین.... ئەمشەوت چۆن بردە سەر!؟"

ئەمجا هەڵدایەوە :

"درۆ کردن لە لای شاهان عەیبە!! بە تایبەتی لای گەورە شاهان! ئەوەتا تۆ شرکانی کوڕی شا عومەری کوڕی نوعمانیت! خۆتمان لێ مەشارەوە. ڕاستگۆ بە چونکە درۆ کردن ڕق و کینە دروست دەکات. هەر کەسێ پێکای تیری قەزایە، دیارە ڕەزایە."

کە شرکان ئەمەی بیست نکولی بۆ نەکرا....! وتی:

"بەڵێ من شرکانی کوڕی شا عومەری نوعمانم. بەرکەوتووی شەقی زەمانم. کە ئاوا.... لەبەردەستانم. نا پارێمەوە و چاوەڕێی سزاتانم.!"

کەنیزەکەکە ماوەیەکی زۆر سەری نەوی کرد. ئەمجا ڕووی کردە شرکان و وتی:

"بێخەم بە... تۆ میوانی منی. نان و نمەك لە نێوانماندایە!! تۆ ئێستا لە سایە و دیوەخانی مندایت. پارێزراویت. بە گیانی مەسیح: هەموو سەر زەوی، شاڵاو بێنن.... ناتوانن ئازارت بدەن! گیانی خۆمت لە پێناودا دەدەم. تۆ لە سایەی حەزرەتی مەسیح و منداییت."

ئەو لەم قسانەدا بوو کە ژاوە ژاوی بیست. چەکدارانێکی زۆر بە شمشێرەوە هاتبوون دەیان وت:

"کەوتیتە، بەر دەستمان ئەی شرکان... ژیانت کۆتایی هات."

شرکانیش کە ئەمەی بیست.... بە خۆی وت:

"بەو خوایە.... ئەم کەنیزەکە بەم قسانە.. منی فریو دا....! دوای خستم... تاکو ئەم چەکدارنەی گەیاندە سەرم."

سەیرێکی کەنیزەکەکەی کرد ویستی سەرزەنشتی بکات. بەڵام کە بینیی: ڕەنگی هەڵبزرکاوە! هەستایە سەر پێ و پرسی:

"ئێوە کێن!؟"

بە تریقی پێشەنگیان وتی:

"ئەی پاشای بەخشندە مرواری تاقانە، ئاخۆ... نازانیت: ئەوەی لای خۆت کێیە!؟"

ئەویش وتی:

"نای ناسم.... کێیە؟"

پێشەنگ لە وەڵامدا وتی:

"ئەوە، شاران کاولکەرە! سەر دەستەی شۆڕەسوارانە شرکانە! کوڕی شا عومەری شا نوعمانە! ئەوە ڕەوێنەری بەربەستی قەڵایانە بە هۆی پیرەژنە مەکربازەوە، ئەم هەواڵە، گەیشتووەتە: لای "شا حەردوب"ی باوکت. باوکیشت، دەیەوێت خۆی... بە دوایدا بچێت. تۆیش بوویتە سەردەستەی پاڵەوانانی ڕۆم. چونکە ئێستا تۆ... ئەو شێرەت لە ژێر دەست دایە...!

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

# شەوی ٤٩

شەهرەزاد وتی: کە قسەکانی "بەتریق"ی بیست لێی پرسی:

"ناوت چییە؟"

ئەویش لە وەڵامدا وتی:

"ناوم "ماسوورەی کوڕی موسورە"کە کوڕی کاشردەی بەندەتم. سەرۆکی بەتریقەکان."

ئەمجا پرسی:

"چۆن بە بێئەوەی رێت پێ بدەم ، هاتیە ئێرە!؟"

ئەویش وتی:

"خانمەکەم: کە گەیشتمە بەر دەرگا..... کەس لێی نەگرتم رێگا! هەر وەکو جاران مەگەر کەسانێکی نامۆ بێن.... لە بەردەرگا راگیرێن....! ئێستا کاتی، خۆ دواخستن نییە چونکە پاشامان چاوەڕێیە بگەڕێینەوە و ئەم شایە لەگەڵ خۆمان ببەینەوە، کە درکێکی سوپای ئیسلامە! تاکو بیکوژێت و دواتر، بێ ماندوو بوون، سوپا بنێرین بۆ جەنگیان."

کە کەنیزەکەکە ئەمەی بیست پێی وت:

"ئەمە قسەیەکی باش نییە! چونکە پیرەژنە فێڵاوی درۆی لەگەڵ کردوون. ئەمەی لای من پیاوێك داوای میوانداریێتی لێ کردووم و پەسەندم کردووە. ئێستاش لە سایەی مندایە. بە گیانی حەزرەتی مەسیح شرکان نییە، دیلیش نییە لای من و میوانە. لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکەین. گەر دەرکەوت کە شرکانە.... جوان نییە و ویژدانم رێگەم نادات: رێ بدەم، لە ناوی بەرن.... خیانەتی ئەم میوانەم پێ مەکەن و شوورەییم بە سەردا مەهێنن لە نێو خەڵکیدا. بگەڕێوە لای باوکم کڕنووشی بۆ ببەو، پێی بڵێ... ئەو پیاوە "شرکان"نییە. پیرەژنە فێڵاوی درۆی کردووە."

بەتریق"ماسوورە"وتی:

"خاتوو ئیبریزە: ناتوانم بە بێ ئەم نێچیرە بگەڕێمەوە!"

ئیبریزە تووڕە بوو وتی:

"دەڵێم.. بڕۆ ئەو وەڵامەی منی بۆ ببەوە! کەسیش لۆمەی تۆ ناکات!"

ماسوورەش وتی:

"بە بێ ئەو پیاوە ناگەڕێمەوە."

ئیبریزە رەنگی تێکچوو وتی:

"زۆرمەڵێ و وڕینە مەکە. ئەم پیاوە ورەی بڵندە و جەنگی ١٠٠ چەکداری پێ دەکرێت. ئێستا بانگی بکەم و لێی بپرسم: ئاخۆ... تۆ شرکانی کوڕی شا عومەری نوعمانی: یەکسەر دەڵێ: بەڵێ! گەر جەنگی بکەن کەستان لە دەستی قوتار نابن و هەر چیەك لێرەدایە، دەیکوژێت. هەر ئێستاش بە خۆی و شمشێرەکەی دەستیەوە، دەی هێنمە بەرامبەرتان."

بەتریق ماسووره وتی:

"گەر له تووڕه بوونی تۆ رزگارم ببێت له باوکت رزگارم نابێت. گەر ئەو پیاوەم بینی فەرمان به بەتریقەکان دەدەم دیلی دەکەن.... به رسوایی دەیبەمە بەردەم پاشا."

ئەمجا ئیبریزە وتی:

"هەرگیز ئەوە رەوا نییە! ئێوە سەد چەکدار و ئەو یەکێك، گەر ئازان.. یەکە یەکە لەگەڵی بجەنگن!"

ماسورەش وتی:

"به گیانی حەزرەتی مەسیح بۆ خۆم یەکەم کەس دەبم دەچمە جەنگی."

ئەمجا ئیبریزە وتی:

"چاوەڕێ به با بچم ئەمەی تێ بگەیەنم. بزانم ئەو دەڵێت: چی؟ گەر پەسەندی نەکرد ئەوا، ناهێڵم دەستتان پێی بگات. خۆم و ئەم کەنیزەکانە دەبینە قوربانی ئەو."

ئەمجا چووە لای شرکان و تێی گەیاند ئەویش بزەیەك گرتی و بۆی دەرکەوت، کە پێی نەوتوون "شرکانە". بەڵام له دەمی ئەمەوە بووە به قاو و ، دەورووبەر زانیویانە. ئەمجا بە ماسوورەی وت:

"باشە بەڵام غەدریان لێ ناکەین.... با یەکە یەکە نەیەنە جەنگم! بەڵکو هەر جارە و ١٠ جەنگاوەر بێتە جەنگم."

له دڵی خۆیدا وتی:

"چیم کرد به خۆم ئاوا، هاتمە زەوی وڵاتی رۆمەوە!"

ئەمجا راست بووە و شمشێر و پێویستیەکانی جەنگی هەلگرت و چووە بەرامبەریان کە بەتریق شرکانی بینی یەکسەر پەلاماری دا. شرکانیش هەر وەکو شێر بۆی چوو. شمشێرێکی بە ورگیدا کرد. لە پشتیەوە دەرچوو. جۆرێك کوشتی ئیبریزە... سەری سوڕما!!

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٥٠

شەهرەزاد وتی: ئیبریزە..... چووە ناو چەکداران و وتی:

"دەی.... تۆڵەی هاوڕێکەتان بکەنەوە"

بـرای بەتریقـە کوژراوەکـە هاتەپێشـەوە. دوای کـەمێك: ئەویشـی کوشـت! دیسان کەنیزەکەکە چووە لایان و وتی:

"ئەی بەندەکانی مەسیح: تۆڵەی هاوڕێکانتانی لێ بکەنەوە."

ئـەمجا هـەر جـەنگاوەرێك پـەلاماری دەدا دەكـوژرا، بۆیـە چـاریان نـەما و هـەموویان پەلاماریان دا، دوای جەنگێكی بێ وێنە، هەموویی لال و پاڵ خست. ئەمجا ئیبریز وتی:

"شانازی بە كەسانی وەكو تۆوە دەكرێت ئەی شركان."

ئەمجا بە دەم پاكردنەوەی شمشێرەكەیەوە ئەم شیعرەی وت:

چەند گەلە كۆمەكەت لە جەنگا

| | |
|---|---|
| چەندین كۆمەڵەت پەرش و بلاو كرد | كەللە سەریانت، لە بۆ شێران برد |
| لە جەنگی دەستە و یەخە بپرسن | لە شالاوەدا خەلكی چۆن دەمرد |
| پلنگە پیاویان چۆن تێدەشكان | چۆن دەبەزین و ملیان دەبوو ورد |

كە شركان لە جەنگ بووەوە، شا ئیبریـز، پیرۆزبـایی سـەركەوتنی لێكـرد و بریـدەوە نـاو كۆشك. بەشێكی كەم لە بەتریقەكان مابوونەوە. ئەویش رۆیشت. كە هاتەوە زرێ پۆشـێك و تەورێكی برندەی هیندی بە دەستەوە بوو وتی:

"پەیمان بێـت گـەر بوومەتـە... گاڵتـەجاڕی رۆمـەكان، رەزیلیـت لـێ ناكەم و هیچت لـێ ناپێچمەوە."

شركان لێی پرسی:

"ئەوە.. ئەو زرێ پۆشەت بۆ پۆشیوە و ئەم تەورەت پێیە؟"

ئەویش وتی:

"بۆ پاراستنی تۆ لەو ناپاكانە."

ئەمجا دەرگاوانەكانی كۆشكی بانگ كرد و لێی پرسین:

"چۆن هێشتووتانە پیاوانی پاشا... بێ ئەوەی رێیان پێ بدەم.. بێنە ناو كۆشك؟"

ئەوانیش وتیان:

"شا خاتوون.... وا راهاتووین، كە بێ رێ پێدانی ئێوە، بیـان كەینـە ژوورەوە! بەتایبـەتی بەتریقی گەورە."

ئەویش وتی:

"پێم وابێ هەر ویستوتانە.... بە كوشتنی میوانەكەم.... ئەتكم بكەن!"

ئەمجا فەرمانی دا بە شركان لە ملی هـەموویان بـدات، وتیشی لـەوە زیـاتر دەهێـنن...!!

ئەمجا رووی كردە شركان و وتی: "ئێستا بۆت دەركەوت كە كچی شا "حـەردووب"ی رۆمـم!؟ ناوم ئیبریزمیە!؟ پیرەژنە فێلاویەكەش نەنكمە: دایكی باوكمە. ئەو هەواڵی تـۆی گەیانـدووە بە باوكم. دەیەوێت بە فێڵێك من لە ناو بەرێت! بە تایبەتی كە ئێستا بەتریقەكانی بـاوكمم كوشتووە. خەڵكەكەشی تێگەیاندووە كە مـن پشتگیری لـە موسلمانان دەكەم. لەبـەر ئـەوە: باشتر وایە... ئێرە جێ بهێلم. ئەوەندەم لە تۆ دەوێـت..... چۆن لەگـەڵ تـۆدا: هەڵسوكەوتم كرد تۆیش وابیت. ئەوەتا لە پێناوی تۆدا... دوژمنایەتی كەوتە نێوان خۆم و باوكم. شـركان بە ڕوویەكی كراوەوە وتی:

"تا من زیندوو بم، دەستی کەست پێدا ناگاتا بەڵام ئاخۆ.... دان بە خۆتا... دەگریت، گەر لە دایك و باوکت دوور بکەوێتەوە!؟"

ئەویش وتی:

"بەڵێ."

شرکانیش سوێندی دا پەیمانیشی لێ وەرگرت. ئەمجا ئیبریزە وتی:

"ئێستا دڵم ئاوی خواردەوە. بەڵام دەبێ مەرجێکی ترم بۆ جێبەجێ بکەیت."

ئەویش پرسی:

"ئەو مەرجە چییە؟"

ئیبریزەش وتی:

"دەبێت.... سوپاکەت بگێڕیتە دواوە! بەرەو وڵاتی خۆت."

شرکان وتی:

"خاتوون شا عومەری کوڕی نوعمانی باوکم منی ناردووە، جەنگی سوپاکەی باوکت بکەم، لە پێناوی ئەو پارە و سامانای کە دەستی بەسەردا گرتووە. کە لە ناویاندا ٣ گۆ هەیە، کە نگینێکی گەورەیان هەیە."

ئیبریزە وتی:

"بێخەم بە.... ئێستا ئەوەشت بۆ دەگێڕمەوە."

ئیبریزە وتی:

"هۆیەکی تری دوژمنایەتمان لەگەڵ شای قوستەنتەنیە: ئەوەیە جەژنێکمان هەیە: ناوی جەژنی کڵێسەیە! کە هەموو ساڵێك تێیدا، پاشایان کۆ دەبنەوە. هەروەها کچە پیاوماقوڵان و دەوڵەمەندانیش و ژنەکانیان. ٧ رۆژ پێکەوە دەبن. منیش یەکێکم لەوان کە باوکم رقی لێم هەستا...... ٧ ساڵ نەیهێشت لەو جەژنەدا بەشداری بکەم. لەو رێ و رەسمەدا....! وا رێکەوت ساڵێکیان کیژە دەوڵەمەندان لە هەموو لایەکەوە هاتبوون بۆ ئەم کڵێسەیە. لەو جەژنەدا، یەکێك لەو ئامادە بووانە: کیژی پاشای قوستەنتەنیە بوو. کە ناوی "سەفیە"بوو. ٦ رۆژ لە کڵێسەدا مایەوە..... رۆژی حەوتەم کە دەورووبەر چۆڵ بوو وتی:

"دەبێت بە رێگای دەریادا بگەڕێمەوە قوستەنتەنیە."

بۆیە پاپۆڕێکیان بۆ ئامادە کرد. خۆی و دەست و پێوەندی سوار بوون. دوای ئەوەی پاپۆڕ دەریای بڕی بایەکی بە تین هەڵی کرد و پاپۆڕەکەی لە رێگادا لادا، قەدەری خوا وابوو، پاپۆڕێکی "نەسارا"کانیش لە دوورگەی کافورەوە هاتبوون. کە ٥٠٠ چەکداری فەرەنگی تیا بوو، کە ماوەیەك بووە بە سەر ئاوەوە بوون. کە پاپۆڕەکەی خاتوو سەفیەیان بینی پەلاماریان دا، لە ماوەی سەعاتێکدا، دەستیان بە سەرا گرت و بەرەو دوورگەکەی خۆیان راپێچیان کردبوون. بەڵام هێندەی نەبرد گردە لوولەکە بەرەو ئێمەیان راپێچ کردنەوە. چارۆکەکانی پاپۆڕەکەیان تێك شکاندبوو. ئێمەش تەفر و تونامان کردن! هەموو سامان و

زێڕ و زیومان بەتاڵان بردن! لە نێوانیاندا ٤٠ کەنیزەك هەبوون بە ناو "سەفیە"یەشەوە کە کچی شا ئەفرمیدون بوو شای قوستەنتەنیە! هەموویانمان دەستگیر کرد و دامانە باوکم. نەمان دەزانی لە نێوانیاندا سەفیەی کچی پاشای قوستەنتەنیەی تیایە. باوکم ١٠ کەنیزەکی بۆ خۆی گل دایەوە کە کچی شای قوستەنتەنیەشی تیابوو. ئەوانی تریشی دابەش کرد بە سەر پیاوانی دەست و پێوەندی خۆیدا. لەو دەیەش: ٥ کەنیزەکی جیا کردەوە و کچی شای قوستەنتەنیەی تیابوو بە دیاری ناردنی بۆ باوکت.... شا عومەری کوری نوعمان لەگەڵ هەندێ قوماشی ئاوریشمی رۆمانیدا. باوکیشت دوای ئەوەی دیاریەکەی پەسەند کرد لە نێو ئەو ٥ کەنیزەکە "سەفیە"ی شا ئەفرمیدونی بۆ خۆی دانا. لە سەرەتای ساڵدا باوکی کچە نووسراوێکی بۆ باوکم نارد و هەندێ جنێوی تیا نووسی بوو.... کە جوان نییە، بوترێتەوە و هەڕەشەی کردبوو. تیایدا نووسی بووی:

"دوو ساڵ لەمەوپێش ئێوە پاپۆڕێکی ئێمەتان زەوت کرد. کە کەوتبووە دەستی دزانی ئەفرەنجیەکانەوە، کە "سەفیە"ی کچی منی تیا بوو، لەگەڵ نزیەکەی ٦٠ کەنیزەك. هیچ هەواڵێکتان بە من نەدابوو، منیش لە ترسی زڕاندنی ناوبانگم نەم وێراوە، هەواڵتان بدەمێ کە کچەکەم لای ئێوەیە. بۆیە..... کۆمەڵە دزێکم کۆ کردنەوە و پرسیارم لێ کردن. وتیان: بڕوا ناکەین کچەکەت لە وڵات چووبێتە دەرەوە! بەڵام بیستوومانە هەندێك لە دزەکانی وڵاتی شا"حەردووب"دەستیان بە سەردا گرتووە. ئەوان بەسەر هاتەکەیان بۆ گێڕاومەتەوە هەروەها لەو نامەیەدا کە بۆ باوکمی ناردبوو، نووسی بووی: گەر ئێوە بە نیازی سوکایەتی کردن نین بە من و کچەکەم ئەتك ناکەن، هەر کە ئەم نامەیەی منتان پێ گەیشت کچەکەمم بۆ بنێرنەوە. ئەگەریش..... نە! ئەوا دەبێت سزای ئەو کردەوەیەتان بدرێتەوە.... کە ئەم نامەیە گەیشتە دەستی باوکم زۆر پەشیمان بوو کە نەیزانیوە کچەکەی شا ئەفرمیدونیشی لەلایە. تاکو: هەر زوو بیناردایەوە. سەراسیمە بوو، نەیدەزانی چی بکات! کە دوای ساڵانێکی هێندە زۆر زانیویەتی و ئێستا ژنی شا و چەند منداڵی لێی هەیە. کە بە وردی سەرنجمان دا تێگەیشتین کە تووشی چ کێشەیەك بووین! بۆیە..... باوکم نامەیەکی بۆ "شا ئەفرمیدون"ناردەوە و داوای لێبوردنی لێکرد و سوێنی بۆ خوارد: کە نەیزانیوە..... کچی ئەو لە نێو کەنیزەکانی ناو پاپۆڕەکەدا بووە! بۆیشی روون کردبووەوە کە هەر بە بێ ئاگایی: بەخشیویەتی بە شا عومەری کوڕی نوعمان و ئێستا ژنی ئەوە و منداڵی لێی هەیە! کە شا ئەفرمیدون نامەکەی خوێندبووەوە: زۆر تووڕە ببوو، پرسی بووی، چۆن شا عومەر توانیویەتی کچەکەم بکاتە.... کەنیزەك و لە خۆی حەلاڵ بکات!!؟ بڕیاری دابوو، بێدەنگ نەبێت!! تاکو تۆڵەی خۆی نەکاتەوە و ئەو حەیاچوونەی نەشواتەوە! وتبووی دەبێت کارێکیان پێ بکەم دەماو دەم بگێڕدرێتەوە!! دانی بە خۆیدا گرت، تاکو هەلی دەست کەوت و پیلانی بۆ دانا. ئەمجا نوێنەری ناردە لای شا عومەری کوڕی شا نوعمانی باوکت. ئەوەی تیا نووسی بوو. کە خۆت بیستووتە! ئەوەتا.... باوکت ئەو سوپایەی خستۆتە ژێر دەستی تۆوە،

بۆ ئەو کارە. ئیدی ۳ گۆی نگین داری چی!! ئەوە لە راستییەوە دوورە. ئەوە بە لای "سەفیە"ی کچێتیەوەیە!

کە باوکم کەنیزەکەکانی گرتە لای خۆی.... گۆیەکانی لێ سەند بوو، بە دیاری پێشکەشی منی کردووە... لای منە....! ئێستاش.... بڕۆ، بە لای سوپاکەتەوە. تاکو درەنگ نەبووە و زیاتر نەچوونەتە، خاکی وڵاتی رۆم و فەرەنگەکانەوە چونکە گەر زیاتر بێنە ناوەوە.... چوار دەوریان دەتەنرێت و تاکو رۆژی قیامەت چاوت پێیان ناکەوێتەوە. ئاگادارم کە سوپاکەت لە شوێنی خۆی نەجووڵاوە، چونکە تۆیان ون کردووە. ئیتر هەر لە شوێنی خۆیانن. کە شرکان ئەمەی بیست سەراسیمە بوو. دوای بیر کردنەوەیەکی قووڵ وتی:

"سوپاس بۆ خوا... کە وەکو فریشتە، فریام کەوتی. بەڵام حەز ناکەم لێت دوور بکەومەوە. نازانم دوای من چیت بە سەر دێت!؟"

کچەش وتی:

"هەر ئێستا.. بگەرە سوپاکەت و گەر، نوێنەرانی وڵاتی رۆم لەوێ بوون: دەم و دەست.... بە دیل بیان گرە. ئەمجا بگەرێنەوە، وڵاتی خۆتان.... دوای ۳ رۆژی تر، منیش خۆمتان دەگەیەنمێ و ناهێڵم خۆتان بکەنەوە بە شاری بەغدادا. بە بێ من!!"

ئەمجا هەستا و ماڵ ئاوایی لێکرد. شرکان جێی هێشت و لە کڵێسە هاتە دەرەوە. ئەسپێکیان دایە و بەرەو پردەکە بووەوە، بە سەریدا بە غار کردن تێپەڕی بەرەو قوڵایی دارستانەکە. بکە لەوسەری دارستانەکەوە دەرچوو سێ سوارەی بینی. شمشێرەکەی هەڵکێشا و لە رێیەکە لایدا و چووە پارێزیان! وردتر سەرنجی دان: بۆی دەرکەوت یەکێکیان "دندان"گەورە و وەزیریانە و ۲ سەرکردەی سوپای خۆیانە! ئەوانیش ئەمیان ناسیەوە. دابەزین و سڵاویان لێ کرد. ئەمجا پرسیان: کە لە کوێ بووە؟! ئیتر چی بەسەر هاتبوو... لەگەڵ شازادە ئیبریزدا بۆی گێڕانەوە. سوپاسی خوای کرد، ئەمجا شرکان وتی:

"خێرا بکەن.... با هەرچی زووترە، بگەرێینەوە دواوە. بە تایبەتی کە نوێنەریان ئێوەشی جێ هێشتووە. ئەوە، زانیاری دروست لەبارەی سوپاکەمانەوە. دەگەیەنن. بە پاشای رۆم رەنگە، پەلە بکەن... لە دەست گرتن بە سەرماندا."

ئەمجا شرکان فەرمانی دا بارکردن و رۆیشتن. بەرێکەوتن، تاکو گەیشتنە سەرچەم. نوێنەرانی شای رۆم هەواڵی گەیشتنی شرکانیان گەیاندبوو. ئەوانیش سوپایان ئامادە کردبوو. بۆ بە سەردا دانی سوپای شرکان و گرتنیان. ئەمە حاڵی نوێنەران و پاشای رۆم بوو. شرکانیش هاواری کردە سوپاکەی. بە رێکەون، با بڕۆین بار بکەین. ئەوانیش هەر زوو باریان کرد. ۵ رۆژ سەروەر بە رێگاوە بوون. تاکو گەیشتنە دۆڵێکی بە جەنگەڵ و دارستان. بەرێوە بوون. ئەمجا گەیشتنەوە سنووری وڵاتی خۆیان ئەمجا ترسیان لە دەروندا رەویەوە و باروبنەیان خست بۆ حەوانەوە. دوای حەوانەوەی سوپاکە، کەوتنەوە رێ ۲۵ رۆژی دی باروبنەیان خست تاکو بحەوێنەوە. خەڵکی ئەو ناوچەیە، بەرەوپیریان چوون و مەڕ و

بزنێکی زۆریان بۆ سەر بڕین. دوو ڕۆژیش مانەوە. ئەمجا بە ڕێ کەوتنەوە بەرەو وڵات. شرکان داوای کرد لە "دندان"ی وەزیر: کە ١٠٠ سوارەی چەکداری بخاتە دوو. دوای ڕۆژێك ڕێ کردن. شرکان بە خۆی و ١٠٠ چەکدارەکەوە جیا بوونەوە. دوو فرسەخ ڕۆیشتن، تاکو گەیشتنە دەربەندێکی تەنگی نێو دوو شاخ. سەیریان کرد تەپوتۆز لە دوورەوە بڵند بووەوە، کە تەپوتۆزەکە ڕەویەوە ١٠٠ سوارە دەرکەوتن کە بە قەڵغان و چەك و زرێپۆش داپۆشـرابون و لە شێر و پڵنیگ دارستان دەچوون. کە نزیك چەکدارانی شرکان بوونەوە نەعرەتەیان لێدا و وتیان:

"ئێمە هێندە شوێنتان کەوتین، وەڕس بووین. جا.... بۆ ئەوەی گیانی خۆتان بدەینەوە، ئەسپ و چەکەکانتان بدەنە ئێمە."

شرکان کە ئەمەی بیست چاوی پەڕیە پشتی سەری، سوور هەڵگەڕا... وتی:

"سەگینە، چۆن وێراوتانە: پێ بننە..... خاکی وڵاتەکەمانەوە؟ بەوەشەوە ناوەستن... پرکێشی ئەوەش دەکەن. کە لەگەڵمان بجەنگن!؟"بۆچی پێتان وایە هەروا بە ئاسانی دەگەڕێنەوە! وڵاتی خۆتان؟"

ئەمجا هاواری کردە چەکدارەکانی خۆی:

"ئادەی..... بتان بینم.... چی بەسەر ئەم سەگانە دێنن....!! ئاخر.... ئێوەش بە هێندەی ئەوانن!"

ئەمجا هەڵی کێشایە شمشێر و چەکدارەکانی بە دوایدا. شاڵاویان بردە سەریان فەرەنگییەکانیش بە دڵێکی بەردینەوە، هێرشیان هێنا. بووە جەنگی دەستەویەخە. بووە ناڵە و زرمە و لرخە.... کەوتنە لە یەکدان، پەلامار و زۆران. ناڵە و ئاخ و گریان...! جەنگ بووە جەنگی شێر و پڵنگ... درێژەی کێشا. تاکو درەنگ... دنیا بووە شەوەزەنگ... لە یەخەی یەکدی: بەریان دا چنگ...! کە شرکان جەنگاوەرانی سەرژمێر کردەوە، بۆی دەرکەوت کەسیان لێ نەکوژراوە. بەڵام چواریان بریندار کراوە ئەمجا ڕووی تێکردن و وتی:

"زۆر دەمێکە مـن، دەجەنگم... هێشتاجەنگاوەرانی وەکو ئەمانەم ئازا و خۆڕاگر، نەبینیوە!"

ئەوانیش پێیان وت:

"ئەوە بزانە.... پاڵەوانێکیان تێدایە، سوارچاکێکی فەرەنگە! کە سەرکردەی هەموویانە.... زۆر ئازایە و شمشێر وەشێنێکی کەم وێنەیە! کەچی.... بەرەنگاری هەر کامێکمان دەبێتەوە... بە ئەنقەست نامان کوژێت!! ئەگەر بیویستایە بمان کوژێت ئێستا هەمووومان بە دەستی ئەو پاڵەوانە کوژرابووین!!"

شرکان لەم کارە سەری سوڕما... بڕیاری دا سبەینێ... داوا بکات: کە زۆرانبازی بکرێت و شەڕی تەن بە تەنی نێوان دوو پاڵەوان. ئەوەتا... ئەوان ١٠٠ جەنگاوەرن و ئێمەش ١٠٠ جەنگاوەرین. ئێمە داوای یارمەتی لە یەزدانی ئاسمان دەکەین.

ئەو شەوە حەوانەوە، سەر لە بەیانی رۆژی دواتر.... ١٠٠ سوارەی جەنگاوەری سوپای شرکان... خۆیان پڕ چەك کرد و شرکان پێی راگەیاندن ..... "رۆژێکە و ئەمڕۆ چاوەڕێی دەست و بازووتانم"داوای رووبەرووبوونەوە بکەن لەگەڵ پاڵەوانی فەرەنگەکاندا. ئەمجا بەرەو گۆڕەپانی جەنگ بوونەوە. روانیان سوپای فەرەنگ ریز بوون و ئامادەن. دوای کەمێك پاڵەوانێکی شرکان هاتە نێوەندی گۆڕەپانی جەنگ و هاواری کرد:

"ئەوەتا... لە گۆڕەپانم.... کێ شان دەدا لە شانم! با.. خۆی بدا پێشانم...!!"

هێندەی پێنەچوو.... پاڵەوانێکی فەرنگیان بۆی چووە گۆڕەپان. دوای کەمێ شەڕ و پێکدادان... پاڵەوانی موسڵمانی شرکانی بەزاند... بە دیلی بردیەوە بۆ لای خۆیان...! ئەمجا جەنگاوەرێکی تری فەرەنگی هاتە گۆڕەپان. پاڵەوانێکی دی لە سوپای شرکان بۆی هات. هەر زوو پاڵەوانی فەرەنگی... رمی خستە سەر سنگی! گرتی و بردی! بەرەو لەشکری خۆیان. زۆرانبازی سەرومڕ بوو. تاکو دوا جەنگاوەری لەشکری شرکان! بە دەستیانەوە گیرا و وڕبوو...... گۆڕەپان بێدەنگ و کڕ بوو....! ئیدی شەو بە سەردا هات. کە شرکان و دوو سەرکردە و دندانی وەزیر گەڕانەوە.... بۆ حەوانەوە، شرکان رووی تێکردن و وتی:

"ئەرێ.... ئەمە چی بوو: بەسەرمان هات!!؟ بەیانی خۆم دەچمە گۆڕەپان....بانگ دەکەم لە سەرکردەکەیان.... تاکو بێت و شانم بدا لە شان داوا دەکەم، لە خاکمان بچنە دەرەوە، ئێمەش جەنگیان ناکەین. گەر، بە قسەیان نەکردین، لەگەڵیان بە شەڕ دێین! ئەگەریش، بە گوێیان کردین لەگەڵیان پێك دێین."

ئەو شەوە، تا.... خوا رۆژی کردەوە، حەوانەوە. بەیانی هەر دوولا چوونەوە گۆڕەپان. هێندەیان زانی نیوەی جەنگاوەرە سوارەکانی سوپای فەرەنگیان پیادە بوون بەرەو نێوەندی گۆڕەپان بوونەوە و سوارەیەکی جەنگاوەر بە دوایانەوە....! شرکان بۆی دەرکەوت، کە ئەوە پێشەنگەکەیانە کە وردتر سەرنجی دا، پێشەنگ رەنگ و روو جوانێکە دەڵێی مانگی چواردەیە...! عەبایەکی شینی بە خۆیدا داوە...! کڵاوخودێکی جێ چاوان تەنگی لە سەر دایە. شمشێرێکی هیندی بە دەستەوەیە. سواری ئەسپێکی ناوچاوان مارۆ بووە. ئەم جەنگاوەرە، هێشتا مووی لێ نەڕواوە!! ئاوزەنگی لە ئەسپەکەی ژێری دا و هاتە گۆڕەپان... رووی کردە موسڵمانان.. بە زوبانێکی عەرەبی رەوان، بانگی کرد:

"ئەی شرکان کوڕی شا عومەری نوعمان، خاوەن قەڵا و شارانی وێران، کۆتایی بکە شەڕ و پێکدادان. خۆت وەرە پێشەوە.... بجەنگە و دەستم لێ مەکێشەوە من و تۆ سەرۆك هۆزین.... خاوەنی توانا و هێزین. هەر کەسێکمان شەڕی بردەوە.... سوپای دۆڕاوی بۆ خۆی بردەوە....!

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو..............بۆیە بێدەنگ بوو.

# شەوی ٥١

شەهرەزاد وتی: هێشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو..... کە شرکان: بۆی چووە گۆڕەپان..!
کەوتە غار و لێی دا... لە ئاوزەنگی.... تا نزیك بووەوە، لە ئەفرەنگی هەڵمەتی بۆ برد.....
هەر وەك پڵنگی ئەویش بۆ ئەم شاڵاوی هێنا...! زرمەی شمشێر بوو...... قەڵغان بە شوێنا...!
هەر وەکو ٢ کێو بدات... یاخود ٢ دەریا شەپۆل تێکەڵ کات. ئەوەندەی پێنەچوو: ئەو بگرە و بەردە... شەو بە سەریا هات: ئا ئەو نەبەردە.. ناچار هەر یەکەیان.. گەڕایەوە، ناو کۆمەڵەکەی خۆی. دوای حەوانەوە "شرکان" رووی کردە هاوڕێکانی و وتی:

"جەنگاوەری، وەکو ئەم شۆڕە سوارەم نەبینیوە! شتێکی هێندە سەیرم لێ بینیوە: ئەم جەنگاوەرە کاتێك هەلی بۆ هەڵدەکەوێت، رمێکم تێ بگرێت، تێم ناگرێت! نازانم چی لە مندا بینیوە!!؟ ئاواتە خوازم لە سوپاکەمدا جەنگاوەرێکی..... ئاوا بە توانا و پاڵەوان هەبێت."

هەر کە رۆژ بووە..... جەنگاوەرە..... فەرەنگییەکە لە گۆڕەپان.... کەوتە غاردان. تا وەکو بۆی چوو: شرکان. دەستیان بە جەنگین کردەوە. ئەو رۆژەش یەکتریان هێنا و برد. تاکو رۆژیان بە سەر برد. شەو هەر یەکە و گەڕایەوە ناو کۆمەڵەکەی خۆی.

هەر پاڵەوانە و باسی ئەو زۆرانبازییەی بۆ هاوڕێیانی گێڕایەوە، جەنگاوەری فەرەنگی بە کۆمەڵەکەی خۆی وت:

"سبەینێ، دوا رۆژ جەنگینمانە!"

ئەو شەوە لێی نووستن، تاکو سبەی بەیانی. رۆژی دواتر دیسان کەوتنەوە پێکدادان..... رمبازێن و شمشێر لێدان، تاکو نیوەڕۆ ئەمجا فەرەنگی فێڵێکی کرد و شمشێرێکی بە هێواشی لە ئەسپی شرکانەوە ژەند، شرکانیش هەلەکەی قۆستەوە و رەشمەی ئەسپی فەرەنگی راکێشا و خستیە خوارەوە! شمشێری لێ بڵند کردەوە، کە بیکوژێت فەرەنگی هاواری کرد:

"ئەی شرکان.... ئەوە، پیشەی شۆڕە سوار نییە."

کە شرکان گوێی لەم قسەیە بوو، سەیری جەنگاوەرەی کرد و ورد لێی روانی: بۆی دەرکەوت، ئەم جەنگاوەرە: شازادە ئیبریزەیە!! ئەمجا شمشێرەکەی فڕێ دا و باوەشی پێدا کرد و وتی:

"ئەرێ... تۆ ئەم کارەت بۆ لەگەڵ من کرد!؟"

ئەویش وتی:

"ویستم لە گۆڕەپانی جەنگدا تاقیت بکەمەوە! بت بینم بەقەڵغان و شمشێر و قەمەوە!"

درێژەی دایە:

"ئەو جەنگاوەرانەم هەموو: کچانی سەر بە مۆرن! ئاوا سوپاکەی تۆیان پێچایەوە...! ئەگەر ئەسپەکەم هەڵنەنووتایە، ئازایەتی ئەمەت دەبینی کە لەبەر دەستتایە....! "

ئەویش وتی:

"سوپاس بۆ خوا.... کە بە بێوەی رزگارت بوو. بە یەکتر شاد بووینەوە. شازادە گیان!"

ئیبریـزە هەسـتایەوە و خـۆی تەکانـد....! ئـەمجا فەرمانیـدا کـە دیلـەکان ئـازاد بکـەن کەنیزەکە جـەنگاوەرەکان.... فەرمانەکـەیان جێبـەجێ کـرد. ئـەمجا کڕنووشـیان بـۆ: هـەر دووکیان برد. شرکانیش رووی تێکردن و پێی وتن:

"بەراستی، ئێوە پاڵەوانانی رۆژی تەنگانەی پاشایانن."

ئەمجا ئەویش فەرمانی دا، چەکدارانی کڕنوش بۆ شازادە ئیبریـزە بـەرن. ئـەوانیش لـە ئەسـپەکانیان دابـەزین و فەرمانەکـەیان بـەجێ هێنـا. ئـەمجا فـەرمان درا، ئـەو ٢٠٠ سـوارە خۆیان ئامادەی سەفەر کـرد. دواتـر بەڕێکـەوتن و شـەش شـەو و شـەش رۆژ بـەڕێوە بـوون. ئەمجا گەیشتنەوە ماڵ. ئەمجا فەرمانی دا کە جل و بەرگی جەنگ دابکەنن و بەرگی جوانی رۆمی لەبەر بکەن. کەنیزەکەکانیش فەرمانەکەیان بەجێ هێنا. ئەمجا تەتەری نارد، بـۆ لای شـا عومـەری شـا نوعمـانی بـاوکی، تـاکو: هـەواڵی گەیشـتنی سـوپاکەی بگەیـەنێت و رای بگەیەنێت، کە شازادە ئیبریزەی کچی شا حەردوبی، شای رۆمیشی میوانە. ئەمجا باروبنەیان خست و ئەو شەوە لـەوێ حەوانـەوە. بـۆ بـەیانی رۆژی دواتـر، فـەرمان درا سـوار بـن بـەرەو کۆشك. کە روانیان، "داندان"ی وەزیر بە خۆی و هەزار جەنگاوەرەوە هاتوون بە پیریانـەوە. ئەمەش بە فـەرمانی شـا عومـەر بـووە. ئـەمجا دنـدان و سـەرانی مەملەکەت کڕنوشیان بـۆ "شرکان"و "ئیبریزە"برد و لـە خزمەتیانـدا بـوون. تـاکو گەیشـتنەوە، کۆشـکی شاهانە. کـە چوونە ژوورەوە شا عومەر، باوەشی بە شـرکاندا کـرد و ئـەملاولای یـەکتریان مـاچ کـرد. کە باوکی پرسیاری لێکرد، بەسەرهاتی خۆی و شازادە ئیبریزی بۆ گێڕایەوە. ئەمجا تێی گەیاند، کە شازادە ئیبریزە، لەبەر خاتری ئەم، خاك و نیشتمانی خۆی بەجێ هێشتووە!! لەگەڵ ئـەم هاتووە! ئەمجا بە باوکی وت:

"پاشای قوستەنتەنیە ویستی فێڵمان لێ بکـات، لـە پێنـاوی "سـەفیە"ی کچیدا. چونکە پاشای رۆم هەواڵی "سەفیە"ی کچی: کە چۆن کـاتی خـۆی بـە دیـاری بـۆ تـۆی نـاردووە پـێ راگەیانـدبوو، تێشـی گەیانـدبوو کـە نـەیزانیوە، "سـەفیە"کچـی شـا ئەفرمیـدونی پاشـای قوستەنتەنیەیە! خۆ.... گەر بیزانیایە، کە سەفیە کچی ئەوە، بە دیاری نەی دەنـارد بـۆ تـۆ! دەیناردەوە بۆ باوکی!"

ئەمجا بە باوکی وت:

"بڕوا بکە ئازایەتی خاتوو ئیبریزە نەبوایە، هەرگیز رزگارمان نەدەبوو....! لەم خاتوونە، ئازاتریشی نەدیوە!"

شەڕە شمشێری نێوگۆڕەپانی ئەو کیژەی بۆ باوکی گێڕایەوە. ئیدی هێنـدەی تـر شـازادە ئیبریزە لای باوکی مەزن تر بوو. ئەمجا شا عومەر.... ناردی بە شوێن شازادە ئیبریزەدا.

شرکان چوو بۆ لای ئیبریزە و پێی وت:

"پاشا ناردوویەتیە، شوێنی."

ئەویش وتی:

"بەچاوان."

هەر کە گەیشتن شا عومەر لە سەر کورسییەکەی دانیشتبوو فەرمانی دا.... پیاوانی مەملەکەت دەورووبەریان چۆڵ کرد. هەر خۆی و دەرگاوان مابوونەوە. شازادە ئیبریزە چووە ژوورەوە. کڕنووشی بۆ شاعومەری شا نوعمان برد. بە زمانی شیرین سوپاسی کرد. شایش فەرمانی دایە: کە دابنیشێت. ئەویش دانیشت. ئەمجا شا سوپاسی ئیبریزەی کرد بۆ ئەو بەهاناوە چوونەی بۆ کوڕەکەی. ئەمجا فەرمانی دا کۆشکێکی بدەنێ و مووچەی بۆ خۆی و کەنیزەکەکانی بڕیەوە. ئەمجا لە بارەی ئەو ٣ گۆیەوە لێی پرسێ. شازادە ئیبریزەش لە وەڵام دا وتی:

"ئەی پاشای زەمان، هەر سێکیانم پێیە."

ئەمجا سندوقە زێڕینەکەی هێنا و هەر سێ گۆیەکەی دایە دەست شاعومەر و هۆڵەکەی بە جێ هێشت. دواتر شا عومەر ناردیە شوێن..... شرکانی کوڕی و گۆیەکی دایە... شرکانیش پرسیاری: هەر دوو گۆیەکەی دی کرد. شا وتی:

"کوڕم یەکێکیانم داوە بە "زەوئولەکان"ی برات و ئەوی دی بە "نزهەتول زەمانی"خوشکت."

کە شرکان بیستی برایەکی تری هەیە بە ناوی "زەوئولەکان"ەوە لە باوکی پرسی:

"بۆ لە من زیاتر، کوڕی ترت هەیە!؟"

ئەویش وتی:

"بەڵێ! ئێستا شەش ساڵانە!"

شرکان گۆیەکەی فڕێ دایە ئەولاوە باوکی پێی وت:

"دەبینم ڕەنگت تێکچوو!! سووریش دەزانیت دوای مردنم مەملەکەتەکە هی خۆتە! سوپایەکم بۆ پێکەوە ناویت، یەکێك لەو سێ گۆیەشم پێداویت!"

شرکان سەری داخست و پێی شەرم بوو. دەمە دەمێ لەگەڵ باوکی بکات. ئەمجا گۆیەکەی هەڵگرت و ماچی کرد و چووە دەرەوە. هێندەش تووڕە بوو، نەیدەزانی چی بکات؟ ملی ڕێگای گرت... تاکو گەیشتە کۆشکی شازادە ئیبریزە. کە شازادە، بە هاتنی زانی چووە پێشوازی، دوای بەخێرهێنانی سوپاسی پێزانینەکەی کرد. دانیشت پێی زانی کە تووڕەیە. بۆیە، هۆی تووڕە بوونەکەی پرسی. ئەویش لە وەڵامدا وتی:

"باوکم کوڕ و کچێکی لە سەفیەی کەنیزەکی هەیە! کوڕەکەی ناوی "زەوئولەکانە"کچەکەیش "نوزهەتول زەمان". ٢ گۆیشی بە ئەوان داوە...! گۆیەکیشی بە من داوە. منیش لە داخدا.... فڕێمدایە: گیرفانمەوە! ئا..... لەم کاتەدا.... زانیومە: برایەکی شەش ساڵانەم هەیە!!."

شازاده لای خۆی دایانیشان.... دواتر پێی وت:
"ئەگەر گۆیەکەی کە باوکت پێی بەخشیت ببیەخشیتە من، زۆر سوپاست دەکەم."
شرکانیش وتی:
"بەسەر چاوان.... فەرموو"
ئەمجا خاتوو ئیبریزە وتی:
"گوێی مەدەرێ و بێخەم بە!"
سەعاتێك پێکەوە دانیشتن. دواتر شازادە ئیبریزە، وتی:
"خەمی ئەوەمە.. باوکم بزانێت کە من لای ئێوەم..... چونکە لەگەڵ پاشای باوکی سەفیە ڕێدەکەوێت و سوپای دوو مەملەکەت، یەك دەگرن. هەڵدەکوتنە سەر مەملەکەتەکەتان. ئاژاوەیەکی گەورەتان بۆ دەنێتەوە."
کە شرکان ئەمەی بیست وتی:
"گەر بۆ خۆت لاریت نییە لە مانەوەت و پێمان ڕازیت.... خەمی ئێمەت نەبێت: چونکە لەشکری هەموو سەر زەوی بێنە سەرمان، بێ باکین!"
شازادەش وتی:
"ئەوە بە دەست ئێوەیە، گەر لەگەڵمادا باش بن، ئەوا دەمێنمەوە. ئەگەر مامەڵەتان لەگەڵ من خراپ بوو... ئەوا جێتان دێڵم."
ئەمجا فەرمانی دا، کەنیزەکەکانی سفرەیان ڕازاندەوە. شرکان خواردنێکی کەمی خوارد، دواتر ماڵئاوایی کرد و بە دڵی تەنگەوە گەڕایەوە. لەو لایشەوە شا عومەری کوڕی نوعمان، دوای ئەوەی شرکانی کوڕی جێی هێشت، چووە لای سەفیەی ژنی و هەر دوو گۆیەکەی تری پێ بوو، ژنەکەی لەبەری هەستا، هەر دوو منداڵەکەشی:"زەوئولمەکان"و "نوزهەتولزەمان"بەخێریان هێنا. پاشا ناوچەوانی هەر دوکیانی ماچ کرد و هەر یەکە و گۆیەکی کردە ملیان. ئەوانیش پێی دڵخۆش بوون و دەستیان ماچ کرد کە پیشانی دایکیان دا...ئەویش نزای تەمەنی درێژی بۆ کردن. ئەمجا پاشا رووی کردە ژنەکەی و پرسی:
"باشە... ئەی تۆ... بۆ هەر زوو.... نەت وتووە.... کە من: کچی شائەفرەیدونی شای قوستەنتەنیەم؟تاکو ڕێزی زیاترت بگرم و پلە و پایەت بڵندتر بکەم!؟"
سەفیەش وتی:
"پاشا گیان.... لەم ڕێز و بەهایە زیاترم بۆ چییە!؟ کە من لە سەرمەوە تا پێینم، پۆشراوی چاکەکانی تۆیە! خوا... کوڕ و کچێکی جوانکیلەشی لە تۆ پێ بەخشیوم ."
شا عومەر: سەری لەو وتە جوانانەی سوڕما و زۆری پێخۆش بوو. ئەی بۆ نا؟ شا کۆشکێکی نایابی پێ بەخشی بوو...! خزمەتکار و زانایان و پزیشکانی بۆ دابین کردبوو. شا عومەر خواحافیزی کرد و ڕووە و کۆشکی حوکمڕان چوو... لە کاتێکدا... شازادە ئیبریزەشی زۆر بە دڵ بوو.... کە مارەی کرد. تاکو ساڵانێکی زۆر بە بەختیاری ژیانیان بردە سەر

دواتر... شازاده ئیبریزه: تاسەی ماڵە باوان و نیشتمانی خۆی کرد. دەستی بە گریان کرد. هێندەی خەم بۆ خواردن تا زەرد و لاواز بوو. بۆیە فەرمانی بە خزمەتکار و کەنیزەکەکانی دا کە ڕێ نەدەن.... کەس بێتە سەردانی و بیبینێ ئەوە بوو... ئەم هەواڵە گەیشتەوەی لای شا عومەر و پزیشك و داو و دەرمانی بۆ نارد. لە ئەنجامدا مەیلی بەرامبەری سارد بوو. نەدچووە لای. ئەوا سکیشی لە شا پڕ بوو. دنیای لا تەنگ بووبووەوە. ڕۆژێك بە کەنیزەکەکەی خۆی وت:

"ئەمان غەدریان لێ نەکردووم، خۆم دایك و باوك و نیشتمانم جێ هێشتووە. بۆیە زەرد و لاواز بووم و گوڕ و تینم نەماوە. جاران ئەو هەموو غار غارێنەم بە سواری دەکرد. ئێستا ئەوەشم پێ ناکرێت. جا... باشە بە چ ڕوویەکەوە، بگەڕێمەوە، ماڵە باوانم!؟ بوومە گاڵتەجاڕ....!" چەند جوانیان وتوە:

بێکەس و بێ دەر بە بێلانە خۆم　　دوور لە هاوڕێیان ئای: بێگانە خۆم

مەرجانەی کەنیزەکی وتی:

"فەرمان فەرمانی خۆتە.... من سەرم لە ڕێتە!"

شازادە ئیبریزەش وتی:

"دەمەوێ بە نهێنی بەرەو وڵاتی خۆم بڕۆمەوە و لە تۆ زیاتر کەس دی نەزانێت! ماڵەباوان: ڕۆوگەیە! خوایش چی لە چارە نووسی بم: هەر ئەوەیە."

کەنیزەکەکە وتی:

"هەر ئەوە چاکە.. بیکە."

دواتر شتومەکی پێچاوە و خۆی ئامادە کرد و چەند ڕۆژێك ئارامی گرت... تا پاشا چوو بۆ ڕاو و شکار. شرکانیش کاروباری مەملەکەتی گرتە دەست. ئەمجا شازادە ئیبریزە بە کەنیزەکەکەی وت:

"ئەمەوێ، هەر ئەمشەو بۆی دەربچم، جا.... نازانم چی بکەم!؟"

یەك سەعات بیری لێ کردەوە و ئەمجا وتی:

"پیاوێکم بۆ پەیدا بکە، هەر دووکمان بەرێت و لە ڕێگا بمان پارێزێت: چونکە من توانای چەك هەڵگرتنیشم نەماوە!"

مەرجانە وتی:

"بەو خوایە... شازادە، هەر یەك کۆیلە دەناسم، کە شا بۆ ئەوە ڕایگرتووە تەنیا: پەزێراییمان بکات. ئیتر ئێمەش چاکەی زۆرمان لەگەڵدا کردووە. هەر ئێستا دەچمە لای و داوای یارمەتی لێ دەکەم و پەیمانی پارەشی دەدەمێ. چەند ڕۆژێك لەمەوبەر: باسی خۆی دەکرد کەکاتی خۆی ڕێگر و جەردە بووە! بە خوا... گەر بە قسەمان بکات ئەوا.... بە ئاسانی: دەمان گەیەنێتە.... خاك وئاوی خۆمان..."

شازادەش وتی:

"برۆ.... بۆم بانگ بکە خۆم قسەی لەگەڵ دەکەم."
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............. بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٥٢

## بەسەرهاتی: ئیبریزە و "غەزبان"ی کۆیلە

شەهرەزاد وتی: "مەرجانە چووە دەرەوە و بانگی کرد. کە هات پێی وت:
"غەزبان... ئەزانی خوا... شاد و بەختیارت دەکات گەر بە گوێی خاتوونەکەم بکەیت!؟"
دەستی گرت وبردییە لای. ئەویش کڕنووشی بۆ برد. کە شازادە، ئەم "غەزبان"ەی بینی سڵەمییەوە بەڵام... چاریشی نەبوو. هەر چەند دڵیشی ئەم پیاوەی نەدەخوازی بەڵام کەوتە گفتوگۆ لەگەڵیدا:
"غەزبان..... ئامادەییت تیایە یارمەتیم بدەیت لەم بەڵایەی زەمانە بە سەری هێناوم؟؟ دەتوانیت نهێنیم بپارێزیت!؟"
هەر چەند خۆیشی پێ نەدەگیرا بەڵام وتی:
"خاتوونەکەم... فەرمانت بەجێیە!"
ئەمجا شازادە وتی:
"کەواتە ٢ ئەسپم لە ئەسپەکانی پاشا ئامادە بکە. ٢ توورەکە خورجیش تاکو پڕیان بکەم لە زێڕ و پارە. ئەمجا بە دزیەوە: خۆم و کەنیزەکەکەم، لە شار بەرە دەرەو بەرەو وڵاتی خۆم سەفەر دەکەین. هەر کە گەیشتینە ئەوێ، بۆت هەیە لای من بمێنیتەوە.... منیش ژیانێکی خۆشت بۆ مسۆگەر دەکەم... خۆ ئەگەر حەزیشت کرد بگەڕێیتەوە... بۆ ئێرە.... ئەوا پارەیەکی زۆر باشت، دەدەمێ."
غەزبان کە ئەمەی بیست زۆر دڵی خۆش بوو وتی:
"خاتوونەکەم... لە بان چاوم داتان دەنێم ولە پەزێراییتان دا، دەبم. لەگەڵتان دێم."
کە ڕۆیشت... لەبەر خۆیەوە وتی:
"ئەم.... ئەوەیە بۆی دەگەڕام... گەر لە ڕێگاش لێم هەڵگەڕانەوە، ئەوا.. هەر دوکیان دەکوژم و پارەکەیان دەبەم."
ئەمجا بە خۆی و ٣ ئەسپەوە گەڕایەوە و خۆی سواری یەکێکیان بوو. دوانەکەی تری دایە خاتوو ئیبریزە. خۆی سواری یەکێك بوو کەنیزەکە مەرجانەشی سوار ئەویتر کرد. مەرجانە تووشی سەر ئێشە ببوو، کەوتنە ڕێ، دۆڵ وشاخی سەختیان بڕی. شەو و ڕۆژێکیان پێچوو، کە شازادە ئیبریزە..... ژان گرتی و بانگی غەزبانی کرد کە لە ئەسپەکەی دای بەزێنێ.

ئەمجا هاواری کردە مەرجانە:

"دابەزە.... مامانیەکەم بکە... ژانم بۆ هاتووە!."

غەزبان دایبەزاند و رەشمەی هەر ٢ ئەسپەکەی گرت و بە دارێکەوە... بەستنییەوە. ئەمجا شمشێری لە شازادە هەڵکێشا و وتی:

"دەبێت: لەگەڵمدا بە دڵی من جووت بیت."

شازادە ئەمەی بیست وتی:

"موبارەك نەبێت.... کەس نەمابوو.... تۆ نەبێت!؟ ئەوە بزانە: کاتی خۆی بە پاشایانیش.... رازی نەدەبووم!"

ئەمجا شیراندی بە سەریدا و وتی:

"پێم خۆش نییە جارێکی تر لەم قسانە ببیستم! هەرگیز کاری ئاوا... پەسەند ناکەم، ئەگەر بشمکوژیت...! لەسەرم بووەستە... با منداڵەکە، رێك بخەمەوە و خۆم کۆ بکەمەوە. ئەوسا... ئەگەر زاڵ بوویت بە سەرم دا ئەوا.... ناهێڵم دەستت بمگاتێ و خۆم دەکوژم."

ئەمجا ئەم شیعرەی وت:

| | |
|---|---|
| هێندە بێخەم نیم واز بێنە غەزبان | بۆ خۆم کەوتوومە بەرشەقی زەمان! |
| فەرمانی بە دووربوونی: خراپە | دراوە و شوێنمان دۆزەخی یەزدان |
| قەت: هەواداری خراپە نەبووم! | کۆڵم لێ بدە و بە بێ چاوەڕوان |
| کاری ناشیرین، لە من بە دوور کە | مەیکە دوژمنت گشت بەرەی "باوان"..! |
| گەلەکۆمەکەت با لێ نەکەن و | لێت کۆ نەبنەوە... لە ئاغا.... تا شوان! |

گەر بەشمشێری "یەمەن"بم بڕی‌لە من نابینی گوناه و تاوان

| | |
|---|---|
| "نا"م بۆ ئازاردان... پیاوماقوڵان کرد | ئەی کۆیلەی رەش لەتیرەی "زەوان" |

شازادە ئیبریزە زۆر گریا وتی:

"بەڵا لێت دات .... غەزبان: من هێندە رسوام تاکو بەم شێوەیە بمدوێنیت!؟ بەد رەوشت، پێت وایە مرۆڤ هەموویان چون یەکن!!؟"

کە "غەزبان"ئەمەی بیست زۆر تووڕە بوو. رەنگی تێکچوو... بەد فەساڵ. شمشێری بۆ داهێنایەوە و کوشتی...! هەموو پارە و زێڕی برد، لە نێو شاخەکاندا خۆی ون کرد. لەم لایشەوە مەرجانە شازادە ئیبریزەی بینی کوژراوە کەوتە لە خۆدان وقوڕپێوان! کوڕە ساواکەی لەبەر هەڵگرتەوە. کەوتەوە شین شەپۆڕ. هێندە دەم و چاوی خۆی ڕنیەوە.... تا خوێن لە کوڵمەکانیەوە هاتە خوار... بە دەم یەخە دادڕینەوە... قیژاندی:

"ئەی هاوار.... بۆ خاتوونەکەم! بۆ ئەم کلۆڵیەی! کە بەو هەموو سوارچاکی.... ئازایەتیەوە بەو هەموو چاکیەتەوە ئاوا... بەدەستی کۆیلەیەکی رەشی رسوا کوژرایت!!."

هێندەی زانی تەپ و تۆزێکی زۆر بڵند بووەوە. کە تەپ و تۆز رەویەوە لەشکرێکی بینی. تومەز لەشکری شا حەردوبە، باوکی شازادە ئیبریزە هەر کە بیستبووی کچەکەی و

کـەنیزەکێك، هـەڵاتوون، لـە شـا عومـەری کـوڕی نوعمـان لەشـکرێکی زۆری شـوێن خـۆی خستبوو، کەوتبووە پرسیار کە ئاخۆ.... راستە خاتوو "ئیبریزە"لای شا عومەره!؟ ئـەو رۆژە هەر لـە بەیانیـەوە تـاکو ئێـوارە، بـەرێوە بـوون. لـە دوورەوە ٣ سوارەی بـینی بـوو شـوێنیان دەکەوێت تاکو پرسیاری کچەکەی خۆی لێیان بکات... بێئەوەی بزانێت یەکێك لەو سوارانە کچەکەی خۆیـەتی و دوانەکەی دی کەنیزەکەی و غـەزبانی کۆیلەیـە. کـە گەیشتە سـەریان بینی ئەوە کچەکەیەتی کوژراوە و ئەویتر کەنیزەکەیەتی، بە سەریدا دەگری. لە ئەسپەکەی دابەزی و گەیشتە سەری بووراییەوە و کەوت. ئیدی ئەوانەی لە تەکیدا بوون.. لە وەزیـران و پێشەنگان و پیاوماقوڵان، پیادە بـوون. دەواریـان هەڵدا و باروبنـەیان خست و دەوارێکیـان تایبەت بە شا "حەردوب"رازاندەوە. کـە مەرجانـە شـای بـینی ناسیەوە کە بـاوکی شازادەی کـوژراوە!! هێنـدەی تـر بـە کـوڵ گریـا. کـە شـا حـەردوب، بـە ئاگـا هاتـەوە.. ناردیـە دووی کەنیزەکەکە و هەواڵەکەی لێ پرسی؟ ئەویش بە سەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە. ئەمجا وتی:

"ئەو کەسەی کچەکەیشی کوشـتیت، کۆیلەیـەکی رەش بـوو، لـە کۆیلـەکانی شا عومـەری کوڕی نوعمان."

شا حەردوب دنیای لـە بەرچاو تاریـك بـوو. فـەرمانی دا تـەرمی کچـەکەی بگەیەننـەوە "قسارییە".

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٥٣

## چیرۆکی راوێژکردنی شا حەردوب و دایکە فێڵاوییەکەی

شەهرەزاد وتی: رۆژێکیان شا "حەردوب"چووە لای دایکە فێڵبازەکەی و پێی وت:

"جا... دەبێ موسـڵمانان... ئـاوا: بـە مـن بکـەن!؟ ئـاوا کچـەکەمیان .... سـزادا و تاڵاویـان پێنۆشی!؟ دواجاریش بە دەستی کۆیلەیەکی: رەشی رسوا کوشتیان! بە گیانی مەسیح دەبێت نەهێڵم بە سەریانەوە بچێت! دەبێت بە دەستی خۆم ... تۆڵەی کچەکەمیان لـێ بسێنمەوە! گەر: ئەم تۆڵەیەم بۆ نەسەندرایەوە: ئەوا: بە دەستی خۆم..... خۆم دەکوژم!"

ئەمجا بە کوڵ گریا. دایکە فێڵاویەکەی وتی:

"کەس کچەکەتی نەکوشتووە: مەرجانە نەبێت، چونکە لە دڵەوە قیین لێی بوو."

ئەمجا وتی:

"بێخەم بە... من تۆڵەیت بۆ دەکەمەوە. لای شا عومەری نوعمان ناگەڕێمەوە. تاکو خۆی و کوڕەکانی نەکوژم. دەبێت کارێکیان پێ بکەم کە پاڵەوانانیش بۆیان نـەکرابێت...! کارێکی

هێنده مەزن، کە لە نێو شاران و وڵاتاندا بڵاو ببێتـەوە. بـەڵام دەبێت: چیم وت، بـە قسـەم بکەیت."

ئەویش بە تووڕەییەوە وتی:

"لە قسەت دەرناچم."

پیرەژنە مەکربازە کەمێ سەری داخست. ئەمجا ڕووی کردە شا حەردوب و وتی:

"هەندێ لە پیاو ماقوڵان و فەیلەسوفان... لەگەڵ چەند کەنیزەکێکی سەربەحۆرم بـۆ ئامادە بکە.... یا..... ئەو پیاوانـە.... ئـەو کچانە فێـری ڕێ و ڕەسمـی هەڵسوکەوتی پاشایان بکەن. پەند و شیعریان فێر بکەن. یـا زانایـان عـەرەب بـن... تـاکو مێـژووی عـەرەبیان فێـر بکەن و بەسەرهاتی خەلیفەکان یان پاشا و سـەرکردەکانیان بـۆ بگێڕنـەوە...! ئەگـەر ٤ سـاڵ ئەم کارەمان درێژەی کێشا.... ئـەوا بـە مەبەست و ئاواتمـان دەگـەین. بۆیـە دەبێـت دان بـە خۆتدا بگریت. ئارام بە. عەرەبان وتویانە:"بۆ تۆڵە سـەندنەوە ٤٠ سـاڵیش هـەر کەمـە! گـەر ئێمە کەنیزەکەکانمان ڕاهێنان و فێرمان کـردن بـە ئـاواتی خۆمـان دەگـەین. کـە کارەکـەمان کۆتابوو، لەگەڵ خۆم دەیان بەم."کە حـەردوب شـا ئەمـەی لـە دایکی مـەکربازی بیست لـە خۆشیدا سەری ماچ کرد. ئەمجا فەرمانی دەرکرد، بگەڕێن بە شوێن زانایان و فەیلەسوفاندا. بیـانهێنن بـۆ دەربـاری شـا. کۆبـووەوە لەگەڵیانـدا و ڕێزێکـی زۆری لێگـرتن، خـەڵاتی کـردن. ئەمجا پەیمانی پێدان، گەر ئـەو کەنیزەکانـەیان، بـە باشـی فێـر کـردن، خـەڵاتی بـێ وێنـە و شایستە بکرێن....!

لەولایشەوە:کە شا عومەری کوڕی نوعمان لـە ڕاو و شـکار گەڕایـەوە.... دوای حەوانـەوە ناردیە شوێن شا ئیبریزە، پێیان ڕاگەیاند کە لە کۆشکدا نەماوە. زۆری پـێ گـران بـوو. بۆیـە پرسی:

"چـۆن دەبێـت لـە کۆشـك بچـێتە دەرەوە و کـەس پێـی نـەزانی بێـت. ئەگـەر مەملەکەتەکەشم وەکو کۆشکەکەم بـەڕێوە ببرێـت..... ئـەوا.... بـۆم کـۆنترۆڵ ناکرێـت و لـە دەستم دەڕوات. دەبێت جێگرەکانم بکەمە: دەرگاوان!"

ئەمجا کەوتە خەمی شا ئیبریزە. لەم کەین و بەیندەدا بوو: شـرکانی کـوڕی: لـە سـەفەر گەڕایەوە. باوکی ئەم هەواڵە ناخۆشەی پێدا.... کە شا ئیبریزە هـەڵاتووە! شـرکانیش پـەژارە دایگرت. ئیدی زوو زوو شا عومەر کوڕەکانی بە سەر دەکردەوە. کۆمـەڵێك مامۆسـتا و زانـای بۆیـان گرتبـوو، تـاکو منداڵـەکانی فێـری خوێنـدەواری و زانست بکـات. مووچـەی باشـی بـۆ بڕیبوونەوە. کە شرکان سەرنجی ئەم کـارەی بـاوکی دەدا، خەفـەتی پـێ دەخـوارد و بـەغیلی پێیان دەبرد. کە کارەکە وا کەوتەوە، ئەم خەفەتە، شرکانی نەخۆش خست. ڕۆژێکیان باوکی لێی پرسی:

"بۆچی هەر لەڕ و لاواز دەبیت و ڕەنگت زەرد هەڵدەگەڕێت؟"

شرکانیش وەڵامی دایەوە:

"بابە گیان..... کە دەبینم هێندە بە لاولوی خوشك و براکانم دا دێت و خۆتیان پێوە ماندوو دەکەیت، بەغیلیان پێ دەبەم. لەوە دەترسم لە بەغیلیاندا بیان کوژم! دواتر بە هۆی ئەوانەوە تۆیش من بکوژیتەوە. بەهۆی ئەمەوەیە ئاوا زەرد هەلگەڕاو و لاوازم. خۆزگە قەلایەکت پێ دەبەخشیم، تاکو پاشماوەی تەمەنم تێیدا بەسەر بردایە. لەم بارەیەوە چاکیان وتوە:"دوور کەوتنەوە، لە خۆشەویست باشترە، کەوا چاوان نایان بینن، تاکو دڵان بە خەم بن."

ئیدی سەری نەوی کرد. کە شا عومەری کوڕی نوعمان ئەمەی لێ بیست، دڵنەواییەکی فرەی کرد و وتی:

"..... بێ دڵیت ناکەم، لە قەلای "دیمەشق"گەورەتر و باشترم نییە، پێشکەشت بێت."

دواتر شرکان گواستیەوە بۆ شاری دیمەشق. کە دانیشتوان بە هاتنیان زانی شاریان ڕازاندەوە و چوونە پێشوازی و بەخێریان هێنا. سوارانی سوپا ریزێك لای شانی ڕاستیەوە... ریزێکی دی لای شانی چەپیەوە ریزێکیش پێشەنگ و ریزێك لە دوایەوە، خۆیان کرد بە شاردا.

لەولایشەوە، زانایان و فەیلەسوفان، چوونە دیدەنی شا عومەر و پێیان ڕاگەیاند کە ڕاهێنان و فێر کردنیان بەکەنیزەکەکان کۆتا هێناوە و پێیان وت:

"ئاغامان.... زانست و ئەدەب و ڕەوشت، فێری منداڵەکانت کرا."

ئیدی شا عومەر زۆر خۆشحال بوو. فەرمانی دا خەلاتی شاهانە پێشکەش بکرێت بەو فەیلەسوف و زانایانە. چونکە شا عومەر قورئان خوێن و بۆ خوا ڕەخساو بوو هاوڵاتیان خۆشیان دەویست. ئەوە بوو بەغدای جێ هێشت و چووە "حەج". "زەوئولەکان"بەرەو ڕووی باوکی چوو.... پێی وت:

"بۆ ئەوە هاتووم.... ڕێم پێ بدەی منیش بچمە حەج."

باوکی پێی وت:

"پەلە مەکە! ساڵێکی دی خۆشیم لەگەڵت دێم: بۆ حەج کردن.

## بەسەرهاتی شاعومەر و "شرکان"و "زەوئولەکان"ی کوڕی

شەهرەزاد وتی: کە "زەوئولەکان"بۆی دەرکەوت، کە باوکی ڕێی پێ نادات، خۆی کرد بە ژووری خوشکەکەیدا، ڕووانی لەسەر بەرماڵە و نوێژ دەکات چاوەڕێی کرد. کە سلاوی دایەوە، پێی وت:

"خەریکە شێت ببم، بۆ حەج کردن وشادبوون بەبینی گۆڕی پێغەمبەر "د.خ"مەبەستم پەیداکردنی بڕێك پارەیە. تاکو بە دزی باوکمەوە سەفەری حەج بکەم."

خوشکەکەشی لێی پاڕایەوە، کە لەگەڵ خۆی بیبات.

ئەمیش پێی وت:

"کە دنیا تاریك بوو، بە دزیەوە، ئێرە جێ بێڵە، مەهێڵە کەس پێت بزانێت."

نیوەشەو خوشکی پارەی لەگەڵ خۆی هێنا و جلی پیاوانەی لەبەر کرد و بەرەو دەروازەی کۆشك بووەوە. سەیری کرد "زەوئولەکان"دوو وشتری ئامادە کردووە. خوشکەکەی سوار کرد و خۆشی سواری ئەویتریان بوو، خوا یاوەریان بوو...... بێخەم خۆیان کرد بە شاری "مەکە"دا و چوونە "عەرەفات". ڕێ و ڕەسمی حەجیان بە جێ هێنا. ئەمجا ویستیان لەگەڵ حاجیاتی عێراقدا بگەڕێنەوە. زەوئولەکان بە خوشکەکەی وت:

"حەز دەکەم سەردانی قودس بکەن تاکو بچمە سەر گۆڕی حەزرەتی ئیبراهیم."

سڵاوی خوای لەسەر بێت. خوشکەکەی وتی:

"منیش."

ئەمجا خۆیان ئامادە کرد، لەگەڵ کارواندا بەرەو قودس بوونەوە. لە ڕێگا خوشکەکەی لەرز دایگرت، دواتر چاك بووەوە. براکەی زۆری پەزێرایی کرد. کاروان بەڕێوە بوو، تاکو گەیشتن ئەمجا زەوئولەکان نەخۆشیەکی گرانی گرت، زەرد و لاوازی کرد. لە خانێك "ئوتێل"لایان دا. بەرە بەرە نەخۆشی لاوازی کرد و تووشی بوورانەوەی کرد. خوشکەکەی پەژارەیەکی زۆر دایگرت و بە خۆی وت: "لاحول و لاقوە الا بالله العلی العظیم، ئەمە بەڵای خوایە."

ئیدی لەو خانەدا مانەوە. خوشکە هەر چیەکی پارەپێما بوو خەرجی کرد بۆ خۆی و برا نەخۆشەکەی. تەنانەت هەندێ لە جل و بەرگەکەی خۆیشی فرۆشت....! حەسیرە شرێکی ژێر خۆیان نەبێت..... هیچیان نەما!! ئیدی بە دەم گریانەوە وتی:

"خۆمان داوەتە دەست خوا....!"

زەوئولەکان وتی:

"خوشکێ... دان بە خۆتا بگرە.. وا بەرەو چاکبوونەوە دەچم... زۆریشم حەزە لە گۆشتی برژاوە!"

ئەویش وتی: ·

"برا شیرینەکەم... بەخوا... سواڵم پێ ناکرێت...بەڵام سبەینێ.. دەگەڕێم بەڵکو ببمە کارەکەری ماڵە دەوڵەمەندێك، بەڵکو بە پارەکەی بژین...!"

ئەمجا بە براکەی وت:

"هەر چەند پێم خۆش نییە بەجێت بێڵم. بەڵام چارم نییە."

براکەی پێی وت:

"دوای ئەو هەمو نازو نیعمەتەی تیا بوویت ئاوا رسوا دەبیت!!؟ لاحەول و لا قوە الا باللە.."

دەستی کردە گریان، خوشکەکەشی لەگەڵیدا. خوشکە وتی:

"براکەم.... ئێمە دوو نامۆین بەم وڵاتە، ئەوە ساڵێکە لێرەین... کەس لە دەرگای نەداوین.. ئاخۆ... بمرین لەبرسانا!!؟ تەنیا چارە هەر ئەوەیە: دەبێت کارەکەری ماڵان بکەم تاکو مەمرە و مەژی بەسەری بەرین تا.... ئەو کاتەی چاك دەبیتەوە. ئەمجا دەگەڕێینەوە وڵاتی خۆمان."

سەعاتێك یەکتریان لاواندەوە و گریان. ئەمجا قوماشە کۆنێکی پەیدا کرد و دای بەسەریدا. ناوچەوانی بارکەی ماچ کرد و چووە دەرەوە. تاکو کار بدۆزێتەوە. چووە دەرەوە بێ ئەوەی خۆیشی بزانێت بۆ کوێ دەچێت!! ئێوارە هات نوزهەتولزەمان نەگەڕایەوە. ئەو شەوە براکەی تاکو بەیانی چاوەڕوانی کرد. دوو ڕۆژ چاوەڕێی کرد. ئیدی ئارامی لەبەر هەڵگیرا. ئەمجا هاواری برد بۆ خاوەن خانەکە.... لێی پاڕایەوە... تا بیبات لە ناو بازاڕەکەدا دای بنێت. ئەویش بە قسەی کرد. خەڵکی بازاڕەکە کە بەو حاڵەوە بینیان بەزەییان پیاهاتەوەو چەند درهەمێکیان بۆ کۆ کردەوە. زەوئولەکان بە ئیشارەت تێی گەیاندن کە برسییەتی...! ئەمجا تێریان کرد. ڕاخەرە شڕێکیان لەبەر دوکانێکدا بۆ ڕاخست و مەسینەیەکی پڕ ئاویان لە ژوور سەریەوە بۆ دانا. شەو بە سەریداهات. بازاڕ چۆڵ بوو. خوشکەکەی بیر کەوتە و هێندەی تر خەمبار و بێهێز بوو. تا دەهات خواردن و خواردنەوەی کەم دەبووەوە. ئەمجا خەڵکەکە ۳۰ درهەمیان بۆ کۆ کردەوە وشترەوانێکیان بۆ بە کرێ گرتو پارەکەیان پێدا و وتیان: ئەم نەخۆشە بگەیەنە دیمەشق، لەبەر دەم خەستەخانەکەیدا... دای بنێ.... لەوێش خێرخوایەك هەر پەیدا دەبێت: بیخاتە خەستەخانەکەوە. بەڵکو.... چاك ببێتەوە. وشترەوان.... باری کرد و ڕۆیشت. لە کەناری شار گەرماوێکدا فڕێ دا و جێی هێشت.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو................ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٥٤

## بەسەرهاتی زەوئولەکان و تونچییەکە

شەهرەزاد وتی: بەیانی توونچی ڕۆیشت توونی گەرماو گڕ بدات. یەکێکی بینی ڕاکشابوو. وتی:

"ئاخۆ بۆچی.... ئەم مردوویان لێرە فڕێ داوە...!؟"

به نووکی پێی: پاڵێکی بەلاشەکەوە .... نا. سەیری کرد: دەجووڵێتەوە...! ئەمجا وتی:
"هەر کەسێك "حەشیشە"دەکێشێت، دێتە ئێرە و لێی دەنوێت...! "
ئەمجا سەیرێکی دەم و چاوی کرد. هێشتا: مووی... لێ نەڕواوە و لاوێکی جوان و قۆزە! بۆی دەرکەوت کە نەخۆشە و نامۆیە بە ئێرە لەبەر خۆیەوە وتی:
"لا حول و لاقوه الابالله. تازە، پێویستە بۆ ئەوەی گوناهبار نەبم، یارمەتی بدەم. چونکە پێغەمبەر "د.خ"ئامۆژگاری کردووین رێز لە نامۆیان بگرین، نەخوازەڵا.... ئەمە نەخۆشیشە."
بردیەوە ماڵی خۆی و بەژنەکەی وت:
"کە جێیەکی بۆ رابخات و پەزێرایی بکات."
ئەویش ئاوی بۆ گەرم کرد و دەست و قاچی بۆ شت و سەرینێکی خستە ژوور سەری. ئەمجا گەڕایەوە ناو بازاڕ. بڕێك گوڵاو و ئاوی نەعنا و شیرینەی بۆ هێنایەوە و دەرخواردی دا. کراسێکی پاکیان لەبەر کرد. ئیدی بەرەو چاکبوونەوە چوو. وای لێهات شانی لەسەر سەرینەکە دادەدا. توونچیەکە زۆری پێخۆش بوو ئەم نزایەی کرد:
"سوپاس بۆ خوا... کە چاك بوونەوەی ئەم هەرزەکارە لەسەر دەستی ئێمەدا بوو. سێ رۆژان بەرەو باشتر دەڕوات"
لێی پرسی:
"ئێستا چۆنی کوڕی خۆم؟"
ئەویش وتی:
"سوپاس بۆ خوا، زۆر باشم."
ئەمجا توونچی بەرەو بازاڕ بووەوە و ١٠ فرۆجی کڕی و هێنایەوە. بە ژنەکەی وت:
"رۆژی ٢ فرۆجی بۆ سەر دەبڕیت، یەکێکیان بەیانیان، ئەوی دی ئێواران دەرخواردی بدە."
ئیدی ژنە گۆشتاوی مریشکەکەی دەرخوارد دەدا. بەیانیان لەسەر جێگەکەی رادەکشا و ژنە جاجمێکی پیا دەدا، دوای دەست شتن.... لێی دەنووستەوە. رۆژێکیان توونچی خۆی کردەوە بە ماڵدا رووانی ژنەکەی خواردن دەرخواردی کوڕەکە دەدا. لێی پرسی:
"ئێستا چۆنی؟"
نەخۆشەکە وتی:
"سوپاس بۆ خوا زۆر باشم. خوا پاداشتی ئێوەش بداتەوە."
توونچی زۆر خۆشحاڵ بوو. توونچی کە رۆژانەکەی ٥ درهەم بوو. ئاوی "بەفسەج و نەعنا"ی بۆ هێنایەوە. رۆژی درهەمێکی بۆ دەدا... بە دەرمان. درهەمێکی دی دەدا بە "فرۆج". بەم شێوەیە ١ مانگ پەزێراییان کرد. لاوە چاك بووەوە. ئەمجا توونچی پێی وت:
"کوڕم دەتوانیت....کارم لەگەڵ بکەیت!؟"

ئەویش وتی:

"بەڵێ!"

توونچی: کەرێکی بۆ بە کرێ گرت و بە سواری بردی. پێداویستی.... خۆ شتنی بۆ کڕی. کردی بە گەرماوەکەدا. پێی وت:

"دەی ناوی خوای لێ بێنە: با بتشۆم."

ئەمجا کەوتە شتنی "زەوئولەکان."دوای کەمێك خاوەن گەرما و ناترێکی نارد و وتی:

"ئەمەی تۆ دەیکەی، ئەرکی ئێمەیە."

توونچی وتی:

"ئەمانە.. چاکە و پیاوەتی تۆن."

ئەمجا ناترەکە سەری نەخۆشەکەیش هەر لەوێدا.. تاشی ئەمجا شتی.

کە توونچی... بردیەوە ماڵەوە، کراسێکی تەنك و دەستێ جلی جوانی خۆی و یاشماخێکی، پێپۆشی و قایشێکی باریکش بۆ پشتی. ژنە توونچیش دوو فەروجی مریشکی بۆ لێنابوو. کە لە سەر جێگاکەی خۆی دانا. هەستا و شەکرۆکەی لە ئاوە دەرماندا بۆ توانەوە و پێی نۆشی. کە خوان راخرا، بە دەستی خۆی گۆشتی مریشکە ناسکەکەی دەکرد بە دەمەوە، فەروجاوەکەی دەدایە. کە تێر بوون دەستی نەخۆشەکەیان شت. ئەمجا "زەوئولەکان"وتی:

"خوا.... تۆی بۆ من کردە فریشتە و لەسەر دەستی تۆدا چاك بوومەوە."

توونچی وتی:

"واز لەم قسانە بهێنە پێم بڵێ لە پێناوی چیدا، گەیشتوویتە ئەم شارە؟ خەڵکی کوێیت؟ چونکە دیارە تۆ، کاتی خۆی بووە بوویت؟"

ئەویش وتی:

"تۆیش پێم بڵێ، چۆن منت دۆزیوەتەوە؟ تاکومنیش بۆت بگێڕمەوە"

توونچی وتی:

"تۆم لەو سەر سەلوێنکەی بەردەم توونی گەرماوەکەدا، دۆزیەوە. ئیتر نەمزانی کێ فڕێی داویت؟ ئەوە بوو تۆم هێنایەوە ماڵ."

زەوئولەکانیش وتی:

"پەنا بەو خوایەی ئێسقانە فڕێ دراوەکان زیندوو دەکاتەوە. رەنجەکەت، بە فیڕۆ نەچووە، پاداشتت هەر دەدەمەوە."

ئەمجا پرسی:

"ئێرە کوێیە؟"

توونچی وتی:

"ئێرە شاری قودسە."

ئەمجا زەوئولەكان، نامۆیی خۆی و ونی بوونی خوشکەکەی بیر کەوتەوە. بەسەرهاتی خۆی بۆ توونچی گێڕایەوە وتی:

بەهۆی ئەوان بوو، پرزەم لێ بڕا
خۆم بینییەوە: لە کلپەی گڕا
کەچی ئەو کەسەی من بۆی سوتاوم
چەندە دڵڕەق بوو...... وا دڵی گۆڕا
لام لێ کەنەوە و پشتی گوێم مەخەن
دەرم بێننەوە لە گڕی سوورا
لە دڵدا، زۆرێك لە ئێوەم پرسی:
دڵیش ناسکە... هاکا وا تۆراوە....!

زۆر گریا. توونچی وتی:

"مەگری و ستایشی خوا بکە! کە سەلامەتیت..!"

زەوئولەکان وتی:

"دیمەشق، لێرەوە چەند دوورە؟"

ئەویش وتی:

"٦ رۆژ ڕێیە."

ئەمجا وتی:

"دەتوانیت بمخەیتە سەر ڕێگاکەی؟"

توونچی وتی:

"گەورەم، ناهێڵم، بە تەنیا بڕۆیت... تۆ گەنجێکی نامۆ و نەشارەزای، خۆم هاوڕێت دەبم.... بە ژنەکەشم دەڵێم...ئەگەر ویستی ئەویش لەگەڵ خۆم دێنم حەز ناکەم هەر خۆت سەفەر بکەیت."

ئەمجا لە ژنەکەی پرسی:

"ئاخۆ...... تۆیش لەگەڵم دێیت؟ چونکە ئەم میوانە نیازی چوونە دیمەشقی هەیە. ئەگەر لێرەش دەمێنیتەوە.... ئەوا، دواتر دەگەڕێمەوە ماڵەوە چونکە دەترسم جەردە و ڕێگران رووتی بکەنەوە."

ژنەکەش بڕیاری دا، لەگەڵیان بڕوات. ئەمجا توونچی، شتومەکی خۆی و ژنەکەی و ماڵەکەی هەراج کرد و فرۆشتی. وشترێك و کەرێکی لێ کڕی. هەر سێکیان سوار بوون، هەر رۆیشتن ٦ رۆژ بەرێوە بوون. ئەمجا خۆیان کرد بە شاری "دیمەشق"دا ئەمجا توونچی چووە بازاڕ و هەندێ خواردنی کڕی. ٥ رۆژ مانەوە. چونکە ژنی توونچی چەند رۆژێك نەخۆش کەوت و دواتر مرد. مەرگی ئەو ژنە زۆر کاری کردە سەر "زەوئولەکان". چونکە هەمیشە پەرێزایی دەکرد و پێوەی ماندووو دەبوو. کە توونچی بینی زۆر بە خەم بوو بۆ ژنەکەی وتی:

"خوا پاداشتت بداتەوە.... مردن چارەنووسی هەمووانە."

توونچیش وتی:

"خوا پاداشتی تۆیش بداتەوە سا..... بەڵکو خوا.... ئەم خەمەمان بە خێر بگێڕێت. کوڕەکەم، خۆت ساز بدە، با کەمێك، بچینە ناو شارەکە و تۆزێك دڵمان بکرێتەوە."

ئەویش وتی:

"چۆنت پێ باشە وا دەکەین."

دەستی بە دەستی زەوئولەکانەوە بوو قەرەباڵغی بینی. وشتر و باری بینی، بە فەرش و تۆپە کوتاڵ و زین و سەرزین و چەندین کۆیلە و خزمەتکارییان بینی. زەوئولەکان لە دڵی خۆیدا وتی:

"ئاخۆ... ئەم بارە وشترانە و ئەم هەموو فەرش و کوتاڵ و کۆیلانە هی کێ بن؟"

لە خزمەتکارێکی پرسی؟ لە وەڵامدا وتی:

"ئەمە دیاری و داهاتی والی "دیمەشق"ە رەوانەی شا عومەری کوڕی دەکرێت. زەوئولەکان چاوی پڕ فرمێسك بوو! ئەم شیعرەی وت:

ئەی ئەوانەی کەوا: ونن لە چاوان ... لەنێو دڵدان... ئازیزن وەك میوان
بە دووریتان: ژیانم... خەیلێ تاڵە ... لە تاسەی ئێوە بوو دڵ دایە کێوان
کە خوا کردی و بە ئێوە شاد بوومەوە ... لە ئامێزت دەگرم.... بەیانی تاکو شێوان

کە گریا... توونچی پێی وت:

"کوڕەکەم.... ئێمە هێشتا بڕوا ناکەین: تۆ چاك بوویتەوە! بێخەم بە.... دڵی خۆت بدەوە. من خەمی ئەوەم بوو: تێك بچیت!"

ئەمجا کەوتە دڵدانەوەی و هاندانی... زەوئولەکانیش هەر هەناسەی هەڵدەکێشا و لە داڵغەی خوشکیدا بوو.... بیری بە لای نیشتمانەکەیەوە بوو. بە دەم فرمێسکەوە ڕاننەوە ئەم شیعرەی وت:

تویشوو، هەڵگرە، کوا تۆ جێ گیریت!؟ ... گومانی نییە، ڕۆژێ دێ بمریت
خۆشی ئەم دنیا، لە خشتەت دەبا....! ... دوایی کفنێك و چەند بست خاك دەگریت
تۆ.... ڕێبوارێکیت: ئێوار لات دا... ... سبەی جێی دێڵیت! ملی ڕێ دەگریت

دیسان زەوئولەکان دایەوە... پڕمەی گریان. توونچیش بە دوایدا و ئەمیان بۆ لە دەستدانی ژنەکەی. ئیدی تاکو ڕۆژ بوومەوە، هەر دڵی زەوئولەکانی داوە. کە ڕۆژ بوومەوە توونچی لێی پرسی:

"دەڵێی بیری نیشتمانت دەکەیت!؟"

ئەویش وتی:

"ئەرێ بە خوا... ئیدی ماڵئاواییت لێ دەکەم و لەگەڵ ئەم کاروانە، وشترەدا دەڕۆمەوە."

توونچی وتی:

"منیش ناتوانم لێت دوور بم.... چاکەیەکم لەگەڵ کردوویت: خۆ..... دەبێت بیگەیەنمە ئەنجام."

زەوئولەکان زۆر سوپاسی پیاوەتی ئەوی کرد. ئەمجا چووە گۆڕەپانی ئاژەڵان وشترەکەی فرۆشت و بە برێکی پارەکەی، کەرێکی دی کڕی بۆ زەوئولەکان. کە گەڕایەوە وتی:

"سواری ئەم کەرە... ببە: هەر کە ماندوو بوویت... دابەزە و پیادە ببە."

زەوئولەکان وتی:

"خوا.... پاداشتت بداتەوە و هێندەم دەسەڵات بداتێ، تۆڵەی ئەم چاکانەت بۆ بکەمەوە! چونکە ئەوەی تۆ بۆ منت کردووە: برا بۆ برای ناکات."

کە شەو داهات، زەخیرەی خواردنیان بار کرد و شوێن کاروانەکە کەوتن. لەولایشەوە.... کاتێك خوشکەکەی لە خانەکە لە شاری "قودس"عەبای بە سەریدادا... بچێت بۆ کار بگەڕێت.... تاکو گۆشت بۆ براکەی بکڕێت و بۆی ببرژێنێت.... بە ڕێگاوە دەگریا و نەیدەزانی روو لە کوێ بکات؟ سوێی دوورە وڵاتی و نامۆیی....... چووبووە دڵیەوە. نزای دەکرد و لە خوا دەپاڕایەوە: دەیوت:"

| | |
|---|---|
| شەو هاتەوە بۆ زاری من | بۆ تاسە و بۆ ئازاری من |
| دووریت جەرگی بڕیوم | بی بیستە هاواری من |
| هێندە دوورە وەستن شێوا | بە جارێ بازاڕی من |
| گرت خستە گیانەوە و | دڵی برینداری من |
| تانەم لێ مەدەن تو خوا | بۆ بەختی سواری من |
| سوێندم بە سۆزی پاکت | تەنیا تۆی خەمخواری من |
| ئەستێرەکان شایەت بن: | بۆ شەوی بێداری من |

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو................ بێدەنگ بوو.

# شەوی ٥٥

# بەسەرهاتی "نوزهەتول زەمان"و کابرای دەشتەکی

شەهرەزاد وتی: نوزهەتولزەمان بەدەم گریانەوە دەڕۆیشت و بەم لاو ئەولای خۆیدا دەیڕوانی: پیرەمێردێکی دەشتەکی و ٥ لاوی عەرەبی بینی. پیرەکە "نوزهەتولزەمان"ی بەو عەبا شڕەوە بینی، زۆری بە لاوە جوان و ناسك بوو بە خۆی وت:

"ئەم کیژە جوانە... هەر چەند هەژارە بەڵام دڵ دەباتا! خەڵکی ئەم شارە بێ یان نا، پەسەندمە!"

ماوەیەك شوێنی کەوت، دواتر لێی پرسی:

"کچەکە، تۆ ئازادیت، یان کەنیزەکی؟"

کیژەکە ئەمەی بیست وتی:

"برینم مەکولێنەوە."

پیرەش وتی:

"٦ کچم بوون... ٥ یان مردن، بچکۆلەکەیانم بۆ ماوەتەوە. ئێستاش دەمەوێت بزانم خەڵکی ئەم شارەیت یا ..... نامۆیت؟ بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆم بتبەمەوە بتکەمە: دەست خوشکی تاقانەکەم و دڵی پێت بکرێتەوە. ئەگەر "بێکەس"یشیت ئەوا دەتکەمە کچی خۆم."

نوزهەتولزەمان کە ئەمەی بیست لە دڵی خۆیدا وتی:

"رەنگە، لای ئەم پیرە خۆم بۆ بپارێزرێت."

ئەمجا بە پیرەی وت:

"مامەکە من کیژە عەرەبێکی نامۆم... برایەکی نەخۆشی لاوازم هەیە، رێزدار و بەناوبانگی وڵاتی خۆم بووم. گەر رێم دەدەیت رۆژانە لای کیژەکەت بم... شەوانەش بگەرێمەوە لای براکەم. ئەوا لەگەڵت دێمەوە. تاکو براکەیشم شوێنەکەم بزانێت. ئێمە خەڵکی حجازین."

پیرەش وتی:

"نامۆیان.... ئازیزی ئێمەن. چۆنت پێ باشە: وابکە. حەز دەکەیت براکەیشت بێنەماڵی من."

پیرە.... زۆر بە رێز و بە نەرمییەوە قسەی بۆ دەکرد. تاکو رازی کرد. شوێنی کەوت. لەولایشەوە چاوی لە ٥ هاورێکەی داگرت. وشتر و کەژاوەیان بۆ هێنا. خواردن و خواردنەوەیان.... خستە بەردەمی. تومەز..... پیرەی دەشتەکی و هاورێکانی جەردە و رێگرن. نە منالی هەیە و نە هیچ. رێبوارێك بوون، قەدەری خوا وابوو: ئەم کیژە لە رێ ببینن. پیرەش، بەدەم قسە کردنەوە، کیژەی گەیاندە کەناری شار. ٥ لاوە عەرەبەکانیش، وشتر و کەژاوەیان ئامادەی سەفەر کردووە. پیرە سواری وشترێك بوو، نوزهەتولزەمانی خستە پاشکۆی خۆی. ئیدی نوزهەتولزەمان بۆی دەرکەوت فێڵی لێکراوە. پیرە دەشتەکییەکە فریوی داوە، بە درێژی ئەو شەوە بە دەم رێوە، هاواری کرد و گریا. ئەوانیش خۆیان گەیاندە کێوەکان. تاکو کەس نەیان بینێ. بەرەبەیان پیرە دابەزی و رووی کردە کیژە و وتی:

"ئەم شین و شەپۆرە چییە؟ کیژە شلەشاری ناسکۆڵە گەر نەیبرێتەوە... تا بتوانم: لێت دەدەم!!"

کیژەکە ئەمەی بیست ژیانی لەبەر چاو تاڵ بوو، وتی:

"پیری نەگبەت... من خۆم دایە، سایەی تۆ... بۆ غەدرم لێ دەکەیت!؟ دەتەوێت سزایشم بدەیت؟"

پیرە لە وەڵامیدا وتی:

"ئەوە زمانیشت هەیە.... ئاوا..... وەڵامم دەدەیتەوە!؟"
هەر قەمچییەکەی هەڵگرت و پێیدا کێشاو پێی وت:
"بێدەنگ نەبیت.... دەتکوژم."
کیژە سەعاتێك بێدەنگ بوو، بیری بە لای براکەیەوە بوو. ڕۆژی دووەم بە پیرەی وت:
"چۆن، دەستی منت بڕی و منت هێنایە ئەم شاخ و کێوە! ئێستاش چیت لە من دەوێت؟"
پیرەی دەشتەکی هێندەی دی دڵی ڕەق بوو وتی:
"ئەوە زمانیشت هەیە! وەڵامی پێ بدەیتەوە. نەگبەت؟"
هێندە قامچی بە پشتیدا، کێشا کە خەریك بوو ببورێتەوە. کەوت بە سەر پێڵاوەکانیدا و ماچی کردن. ئەمجا وازی لە لێدانی هێنا. بەدەم جنێو دانەوە پێی وت:
"بەم شووڵە تەڕە: گوێم لە گریانت بێت زمانت دەبڕم"
ئەویش لە ترسا بێدەنگ بوو. لەبەر ئازار چوارمەشقی لێی دانیشت و سەری خستە کۆشیەوە. بیری لەئەم ڕسواییەی ئێستا و ناز و نیعمەتی جارانی خۆی کردەوە. خەمی برا نامۆ نەخۆشەکەیشی خوارد.. بە دەم هەنسکەوە.... وتی:

وەفای زەمانە: کوا... تاکو: سەرە — کێ ڕزگار دەبێت: لەو بێنە و بەرە؟
دنیاکە: بۆ خۆی هەر کۆتا دەبێت — ئێمەش مردن و گۆڕمان لەبەرە
داخی ئەم هەموو خەم و پەژارەش — بۆ ژینم بۆتە: کۆسپ و تەگەرە
سەد ساڵیش بژیت بێسوودە ئەگەر — تێیدا سەرشۆڕ بووی: بویتە سەمەرە
پرزەم لێ بڕاو، بێ ئومێد ماوم — نامۆیی بردمیە: ڕیزی ئەو کەرە!
گەر ڕێتان کەوتە شار و هەوارم — بڵێن فرمێسکی گریەی بە خوڕە

شیعرەکە زۆر کاری کردە پیرە دەشتەکیە و دڵنەوایی دایەوە و فرمێسکەکانی بۆ سڕی. کولێرەیەکی جۆی دایە و وتی:
"ڕقم لەو کەسانەیە، لە کاتی تووڕە بوونمدا وەڵامم دەدەنەوە. دەتفرۆشم بە دەوڵەمەندێك وەکو خۆم باش بێت... چاکەکار بێت."
کیژە وتی:
"خێرت بنووسێت."
شەوگار درێژ بوو. برسێتی زۆری بۆ هێنا. بۆیە هەندێ لە کولێرە جۆیەکەی خوارد. شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو......... بێدەنگ بوو.

# شەوی ٥٦

شەهرەزاد گێڕایەوە: پیرەی دەشتەکی فەرمانی دا، سوار بن خۆیشی کیژەی خستەوە پاشکۆی و سێ ڕۆژ بەڕێوە بوون. ئەمجا خۆیان کرد بە شاری دیمەشق دا. لە خانی "ئوتێل"ی سوڵتان، لایان دا. کەنزیك ماڵی جێگری شار بوو. نوزهەتولزەمان بە هۆی ماندوویی ڕێگاوە، ڕەنگی هەڵبزرکابوو. بۆیە دەستی کردە گریان...! پیرەی دەشتەکی تووڕە بوو. سوێندی لێ خوارد"بەحەقی شووڵە تەڕەکەم: ئەم گریانە واز لێ نەهێنیت... دەتفرۆشم بەجوولەکەیەك."

دواتر دەستی گرت و لەگەڵ خۆیدا بردییە مەزادخانەی کۆیلە فرۆشان بەم شێوەیە، پێیدا هەڵدا:

"یاالله ئەم کەنیزەکەم هەیە..... براکەی نەخۆش کەوتووە، ناردوومە بۆ شاری قودس. تاکو خزمانم چارەسەری بکەن. ئیدی ئەم کیژە هەمیشە بۆ براکەی دەگری. بۆیە دەمەوێت بیفرۆشم هەر کەسێك لێم بکڕێت کە براکەی چاك بووەوە، ئەویشی بۆ دەهێنم و بە نرخێکی هەرزان پێی دەفرۆشم. با هەر دووکیان پێکەوە بن."

بازرگانێك پرسی:

"ئەم کیژە تەمەنی چەندە؟"

پیرە وتی:

"ئەمە هێشتا کچە. زۆر بە ڕەوشت و زیرەك وجوانە...! ئەم زەرد و لاوازییەشی هی خەمی براکەیەتی!"

بازرگان، دەستی پیرەی گرت و بردییە لاوە و پێی وت:

"ئەم کەنیزەکەت لێ دەکڕم و پارەیەکی باشیشت دەدەمێ. بەلام مەرجیم هەیە!! گەر پەسەندی دەکەیت ئەوا... دەمەوێت."

دەشتەکی وتی:

"حەز دەکەیت: بیبە بۆ سوڵتان! چۆن مەرج دادەنێیت.. دای بنێ! گەر دەتوانیت بیگەیەنە ...... لای شرکانی کوڕی شا عومەری کوڕی نوعمان...! خاوەنی شاری بەغدا و خۆراسان. ڕەنگە بە دڵی بێت و نرخێکت بداتێ.... قازانجێکی زۆریشی لێ بکەیت!"

بازرگانەکە وتی:

"من کارێکیشم پێیەتی... دەمەوێت فەرمانێکی شاهانەم بۆ دەر بکات. کە باجی گومرگ نەدەم....!! نامەیەکیش بۆ تۆ بنوسێت، کە چاوێکی لە تۆیشەوە بێت. پەیمان بێت بە هێندەی خۆی زێڕت بدەمێ...!"

پیرەی دەشتەکیش وتی:

"پەسەندمە."

ئـەمجا هـەر دووکیـان چـوونەوە نزیـك"نوزهـەتولزەمان"دەشـتەكییەكە....نـاوی نـابوو "ناجیە."بۆیە بانگی کرد ناجیە. کیژەش کە گوێی لەو نـاوە بـوو... دەسـتی کـردە گریـان و وەڵامی نەدایەوە. ئەمجا پیرە ڕووی کردە بازرگانە و پێی وت:

"هەر وەکو ئامۆژگاریم کردی، بی لاوێنە وئاگات لێی بێت."

ئـەمجا بازرگـان لێـی چـووە پـێش و بـە زمـانێکی شـیرین کەوتـە دوانـدنی... نوزهەتولزەمانیش کە بە زمانی عەرەبی قسەی دەکرد وەڵامی دەدایەوە. بازرگان بـە خـۆی وت: ئەگـەر ئەمـە ئـەوە بێـت کـە پـیرەی دەشـتەکی دەیڵێـت، ئـەوا بـە ئـاواتی خـۆم دەگەم."بازرگان سڵاوی لێکرد و هەواڵی پرسی، کە نوزهەتولزەمان سەیری بازرگانەکەی کرد لە دڵی خۆیدا وتی:

"لەوە دەچێت ... ئەمە کڕیارەکەم بێت!"

ئەمجا وتی:

"ئەگەر نەهێڵم بە ئەمەم بفرۆشێت... دەبێت، هەر لای ئەو پیرە زاڵمە بمێنمەوە هێندەم لێ دەدات دەمکوژێت. ئەم پیاوە، بەروخساریدا دیارە کە .... کەسێکی باشە! بۆیە دەبێت بە زمانێکی شیرین وەڵامی بدەمەوە."

ئەمجا وتی:

"سڵاو لە ئێوەش، بە گوێرەی فەرمانی پێغەمبەر "د.خ"کە هەواڵیشم دەپرسیت یاخوا.... دوژمنەکەت بە حاڵم بێت!"ئیدی بێدەنگ بوو.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ٥٧

شەهرەزاد وتی: کە بازرگان ئەمەی لە نوزهەتولزەمان بیست: کۆڵێ دڵی خۆش بوو ڕووی کردە دەشتەکی و وتی:"ئەمە کەنیزەکێکی چاك و زۆر بەڕێزە: هەر بۆیە لێت دەکڕم."

پیرە وتی:

"ئـەوا ... ئـەوا لێـت تێکـدام! بۆچـی پیـا هـەڵ دەدەیـت!؟ ئـاخر.. ئەمـە گەنـدترینی کەنیزەکەکانە! ئەمە کچە شوانێکە...!"

بازرگان بۆی دەرکەوت: ئەم پیرە: زۆر هەرزە و کاڵفامە!! بۆیە پێی وت:

"لەسـەرخۆ بـە... مـن بـەو هـەموو خـەوش و ناتەواوییـەوە..... کـە پێـت وتم: هـەر پەسەندمە!"

دەشتەکی پرسی:

"چەندم دەدەیتێ؟"

بازرگان وتی:

"نرخ لای خۆته!! بڵێ!"

دەشتەکەی وتی:

"تۆ قسە بکە."

بازرگان لە دڵی خۆیدا وتی:

"ئەم دەشتەکییە زۆر گێلە. منیش ئەو زمان پاراوی و جوانییەی ئەم کەنیزەکەم بەدڵدا چووە خۆ..... گەر خوێنـدەواریش بوایـە، ئـەوا ... هـەر زۆر گـرنگ تـر دەبـوو. دیـارە ئـەم دەشتەکییە نرخی نازانێت!"

ئەمجا رووی کردە دەشتەکی و پێی وت:

"کاکی برا...... ۲۰۰ دینارت دەدەمێ و نە حەقی سوڵتانت هەبێت و نە هیچ."

پیرە توورە بوو وتی:

"هەستە دەی.... لاچۆ...! بەو خوایە.... ۲۰۰ دینارم لە بری ئەو عەبایەی کە بە سەریدا داوە: نات دەمێ! نا... کاکە... نە...! نایفرۆشم و وشتری پێ دەلەوەڕێنم و نانی پێ دەکەم!"

ئەمجا بانگی کردە نوزهەتولزەمان:

"وەرە بۆ گەن...! هەر ناتفرۆشم...!!"

بە بازرگانەشی وت:

"وام دەزانـی پیـاوێکی ژیریـت...!! بـە حـەقی ئـەم شـووڵە گـەر دوور نەکەوێـتەوە لێم....قسەی خراپیشت پێ دەڵێم."

بازرگان لە دڵی خۆیدا وتی:

"ئەم پیاوە، شێتە.... نرخی ئەم کەنیزەکەش نازانێت ئەگەر شێت نەبێت بۆچی سوێند بە شووڵەکەی دەستی دەخوات!!؟ بە خوا.. ئەم کەنیزەکە سامانی کیسرا دێنێت!! خۆ من هێندەشم پارە نییە... بەڵام بەو خوایە.... داوای هەموو ماڵ و سامانیشم بکات، دەیدەمێ!"

ئەمجا بە پیرەی دەشتەکی وت:

"گـەورەی عارەبـان... کـەمێك دڵـت گـەورە بێـت لەگەڵمـدا... ئـاخر عەباکـەی شـڕە! کوا بەرگی گرانبەهای لەبەر دایە؟"

پیرەش وتی:

"ئەو عەبایەشی پێ زیادە!"

بازرگان لە کەنیزەکەکەی پرسی:

"ناوت چییە؟"

ئەویش لە وەڵامدا وتی:

"ناوی ئەمرۆم......... یان رۆژانی پێشووم؟"

بازرگان پرسی:

"چۆن تۆ ئەمرۆ ناوێکت هەیە و رۆژانی پێشوو ناوێکی دی؟"
کیژە وتی:
"بەڵێ: جاران ناوم نوزهەتولزەمان بوو...... ئەمرۆش شکاوەی زەمانەم."
کە بازرگان ئەمەی بیست... چاوانی پڕ فرمێسك بوون. ئەمجا پرسی:"ئەی راست دەکات برای نەخۆشت هەیە؟"ئەویش وتی:
"ئەرێ بە خوا... گەورەم... وا زەمانەش لە یەکی دابڕیوین! ئێستا ئەو لە "بیت المقدس"ە و نەخۆشە!"
دەنگ و شێوەی قسە کردین بە دڵی بازرگان بوو. لە دڵی خۆیدا وتی:
"دەشتەکی راست دەکات ئەمە بەنرخە!"
کیژەش لەولاوە: دورەوڵاتی و برا نەخۆش و ماڵە باوانی بیر کەوتەوە... کەوتەوە گریان........ ئەم شیعرانەی هاتە سەر زمان:

| | |
|---|---|
| بۆ هەر کوێیەك رۆیشت بیت | لە نێو بیر و هۆشی منداییت |
| لە کوێ بیت: خوا ئاگای لێتەو | پارێزراوی قەزا و بەڵایت |
| بەدووریت: بۆ دیدەکانم | بوویتە فرمێسك و نەرژاییت! |
| خۆزگە: سەد خۆزگە دەمزانی | لە کام شوێنی سەر زەویدایت؟! |
| تا لە ئاوی "خدری زیندە" | لە دەیدەم دا: ئاوم بدایت ! |
| لە نێو دڵی خوشکی خۆتا | بە جوانی: نازم دەکێشایت |
| قۆرتی نەگبەتیم: بەلایەك | بە تەنیا گەر توّم بۆ بمایت |

کە بازرگان ئەمەی بیست لەگەڵیدا گریا. دەستی درێژ کرد کە فرمێسکەکانی بسڕێت.
کیژە رووی وەرگێڕا وتی:
"بمبەخشن گەورەم."
ئەوا...... پیرە دەشتەکیش هەر سەیریان دەکات. دەشتەکی پێی وابوو، لە بازرگان هەڵگەڕاوەتەوە. بۆیە بە خۆی و شووڵەکەی دەستییەوە.... هەڵی کوتایە سەر نوزهەتولزەمان و کێشای بە پشتیدا و بە دەما خستی. پارچە بەردێك هەڵ چەقییە نێو چاوانی و هەڵی دڕی و خوێن جۆگەلەی بەست. قیژاندی لە هۆش خۆی چوو........!
بازرگان دەستی کردە گریان بە سەریدا و لە دڵی خۆیدا وتی:
"ئەگر بە هێندەی کێشی خۆی داوای زێڕی کردووە، ئەم کەنیزەکەی لێ دەکڕم و لەم زاڵمەی رزگار دەکەم."
ئەمجا دەستی کردە جنێودان بە دەشتەکیەکە. کە کیژە بەئاگا هاتەوە بە پارچە پەڕۆیەك ناوچەوانی خوێناوی بەست و چاوانی بەرەو ئاسمان بڵند کردەوە و ئەم شیعرەی وت:

| | |
|---|---|
| کوا بەزەییت بە کەسی پاکا | کە بەڵا ئاوای رسوا کا؟ |

فرمێسکیش بە خوێن تێکەڵ کا               هەر دەبێ بگری و داوا کا ؟

نوزهەتولزەمان رووی کردە بازرگان بە دزی دەشتەکیەوە لێی پاڕایەوە و تی:

"تووخوا لە دەست ئەم خوا نەناسە زاڵمە رزگارم بکە. خوا... لە ئاگری دۆزەخ رزگارت بکات. ئەوە بزانە گەر ئەمشەو لای ئەم کابرا دەشتەکییە بمێنمەوە خۆم دەکوژم."

بازرگانە بە عەرەبە دەشتەکیەکەی وت:

"دیارە...... تۆ بەو نیازە لەم کیژەت نەدا کە ئاوای بەسەر بێت! وەرە..... با..... لێت بکڕم"

پیرەی دەشتەکی وتی:

"نرخی خۆیم بدەرێ وپیرۆزت بێت. ئەگەرنا، لەگەڵ خۆم......... دەیبەم و دەیکەمە وشتڕەوان."

بازرگان وتی:

"ئەوە ٥٠٠٠ دینار. ئەوە"

ئەویش وتی:

"نایدەم! "

ئەویش ٧٠٠٠٠ دیناری دایە. پیرە وتی:

"نیادەم....... چونکە من بایی ٧٠٠٠٠ دینار کولێرەی جۆم دەرخوارد داوە! ئەو مایەکەی خۆیشی نییە!!"

بازرگان زۆر تووڕە بوو. وەختە بوو لە پێستی خۆی بچێتە دەرەوە. بۆیە وتی:

"بە خۆت و تیرە و هۆزەکەت بایی ئەو پارەیە کولێرەی جۆتان نەخواردووە......!! وا من یەك نرخت دەدەمێ..... پەسەندت کرد زۆر باشە..... ئەگەرنا.... چاوێك لە والی دیمەشق دادەگرم. کە هەر بە زۆر لێت بسەنێت و پوولێکیشت نەداتێ."

پیرەی دەشتەکی وتی:

"بلێ...... بزانم!"

بازرگانەکە وتی:

"١٠٠٠٠٠ دینارت دەدەمێ."

پیرەی دەشتەکی وتی:

"ئەوا ....... پێم فرۆشتیت وماڵی خۆتە. منیش وا دەزانم: لای برای خۆم دەبێت!!"

بازرگان گەڕایەوە ماڵ پارەکەی بۆ هێنا. نوزهەتولزەمانی برد و بە دەم ڕێوە بڕیاری دا کە بچێتە قودس، براکەشی بدۆزێتەوە و دوایی بیفرۆشێتەوە. دوایی خۆی گەیاندە "قودس" . دوای گەڕانێکی زۆر خانەکەی دۆزیەوە. بەڵام براکەی لەوێ نەبوو!

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........... بێدەنگ بوو.

# شەوی ٥٨

## بەسەرهاتی نوزهەتولزەمان و بازرگان

شەهرەزاد گێڕایەوە: بازرگانەکە، نوزهەتولزەمانی بردەماڵەوە و جوانترین جل و بەرگی بۆ کڕی، تا بی پۆشێت! ئەمجا هەندێك زێڕی بۆ کڕی و پێی بەخشی. وتی:

"ئەم هەموو شتومەکەم بۆ کڕیویت، لەبەر خاتری خۆت. ئەومندەم لە تۆ دەوێت، کە تۆم بردە لای جێگری دیمەشق، تۆم لێ بکڕێت. هەر چەندە هەر چەندێك پارەم بداتێ نرخی نینۆکەکانت نییە. ئەومندەم لێت دەوێت چۆن رزگارم کردویت و چۆن لەگەڵتا بە رەوشت بووم و بۆت چاك بووم هەمووی بۆ بگێڕیتەوە. ئەمجا داوای لێ بکە..... کە فەرمانێکی شاهانەم بۆ دەربکات کە بەخشراوبم لەباج و گومرگ دانی شتومەك و کوتاڵ لە کاتی بازرگانی کردنمدا لێرە و لەشاری بەغدا و لای شا عومەری کوڕی نوعمان."

ئیتر زۆر دڵیشی پێی خۆش بوو. لە دڵی خۆیدا وتی:

"خوا یار بێت بە ئاواتی خۆم دەگەم."

ئەمجا پرسی:

"کاتی خۆی: تۆی بینیوە؟"

نوزهەتولزەمانیش وتی:

"نەخێر....... بەڵام لەگەڵ کچەکەی خۆیدا.... منی پەروەردە کردووە! لەبەر ئەوە منیشی زۆر خۆش دەوێ ئەگەر مەبەستت، ئەوەیە شا عومەری کوڕی نوعمان چیت دەوێت بۆت بکات برۆ....... قەڵەم و کاغەزم بۆ بێنە..... نامەیەکت بۆ دەنووسم بە دەستی خۆت بیدە، بە شا عومەری کوڕی نوعمان پێی بڵێ: کەنیزەکەکەت ئەم دەست و ئەو دەستی زۆر کردووە و فرۆشراوە کە پرسی ئێستا لە کوێم؟ پێی بڵێ:"کە ئێستا لەلای جێگری والی دیمەشقە!"

بازرگانەکە هێندەی تر سەری سوڕما! کە چەند زمان پاراو و عەرەبی زانە. ئەمجا وتی:

"پێم وابێت ئەو خەڵکانە سوکایەتیان بە ژیری و وریاییت کردووە!! کە تۆیان فرۆشتووە! ئاخۆ..... قورئانت لەبەرە!؟"

کیژە وتی:"بەڵێ...... لەزانستی پزیشکیش دەزانم."سەرەتای هەموو زانستەکان بەندەکانی "بقراط"ی "گالیلۆس".... هەندێکی بۆ باس کرد. "تەزکرە"م خوێندووە. هەندێکی لە "بورهان"بۆ وت"مفردات ابن بیطار"یشم خوێندووەتەوە. قسەیشم لەسەر "قانوون"ی "ئیبن سینا"کردووە. نهێنییەکانیم، پەی پێ بردووە. هەروەها لە بارەی "ئەندازەوە"زانیاری دەربارەی لەشی مرۆڤ. کتێبەکانی "شافعی"م خوێندووە. "رێزمانی عەرەبی و فەرموودەکان"م خوێندووە. کتێبیشم هەیە لە "علم المنطق"دا لە "بیرکاری"دا.

له بارەی "ڕەوان"ەوە و ئەستێرەگەری دەزانم. بڕۆ قەڵەم وکاغەزم بۆ بێنـە. بـۆت بنووسـم، تاکو له ڕێگەی وڵاتان سوودی لێ ببینیت."

که بازرگان ئەمەی بیست قیژاندنی:

"بەهـ...بەهـ......سەعد!! بڕوانه کێ له کۆشکت دایه!!؟"

کاغەز و قەڵەمێکی مسینی هێناو کڕنووشی بۆ بـرد. کیـژەش لێـی وەرگـرت. خستییه بەردەستی. پێش ئەوەی بنووسێت... ئاوا........ خۆی لاوانەوە:

لەو ساوە... دەستم له تۆ بەرداوە | خەو و خۆراکم لێ هەڵگیراوە
ئەو دڵەم بۆ تۆ جۆر دەسووتێ | پێم سەیرە! عاشق چۆن وا ژیاوە؟
ڕۆژانی شادیم جۆرێ: تێپەڕین | که تاسەم له ژین قەت: نەشکاوە
خۆم بە قوربان شنەی شماڵ بم | کەوا: هەواڵی تۆی بۆم هێناوە
تاسەی تۆ هێندەی فرمێسك پێ ڕشتووم | تا...... بەردی ڕەقیش بۆ من تواوە!

ئەمجا ئاوا... دەستی کرد بە نووسین:

"له کەسێکەوە....... که خەیال و بیر کردنەوە پووکانوویەتیەوە.....! شەونخوونی زەرد و لەڕ و لاوازی..... کردووە. که ژیانی تاریکی..... ڕوناکی نەدیوە. نه شەوی شـەوە و نـه ڕۆژی ڕۆژ! هەر ئەم دیو و ئەو دیوی سەر جێگا دەکات. ئەستێرە دەژمێرێت کەسێك که فرمێسك دەڕێژێ....... ئەم شیعرە دەبێژێ:

که له نێو باخدا: دەخوێنێ بولبول | بەگەڵ مندایە..... دەیکات دەردەدڵ
ئەو کاتەی دەنگخۆش گۆرانی دەچڕی | لەگەڵیا دڵم دێتە کەف و کوڵ
سکاڵام بۆ برد.... تاکو تێ بگات: | تاسەم وەك هی ڕۆح وایە بۆ کۆتەل

ئەمجا فرمێسکی چاوانی سڕی..... ئەمەی وت:

خەڵکی له شیرین خەودان | من ئیشکچی و بێدارم
ساڵانێك بوو نازدار بووم | ئێستاش نامۆ و نەدارم

چاوانی پڕ له فرمێسك بوون. ئەمجا له دامێنی نامەکەوە نووسی:

"دووركەوتـەی ناسـیا و خزمـان..... پـەرەوازە لەنیشـتمان.... دڵ پـڕ خـەم و ژان..... نوزهەتولزەمان."

ئەمجا نامەکەی پێچایەوە و دایە دەستی بازرگانەکە. ئـەویش وەری گـرت و ماچـی کـرد. ئەمجا له خۆشیان پێی وت:

"پەنا بە خوا لەو شۆخ و شەنگیەت!"

ئـەمجا دڵنـەوایی کـرد، دەمـەو ئێـوارە چـووە بـازاڕ و خـواردنی باشـی کـڕی و پیرەژنـە ناترێکی هێنایەوە گەرماوی بۆ دابخات و فەرمانی دایـە..... جوان جـوان لـه گـەرماو سـەری بشوات و جل و بەرگی واڵای لەبەر بکات. ئەمجا فەرمانی دا سفرەیان ڕازاندەوە، که ئەوان له خۆ شتن بوونەوە، چوونە سەر سفرە و ناردیانە شوێنی بازرگان دواتـر میوەیـان خـوارد، بـۆ

بـەیانی رۆژی دواتـردا بازرگـان کـە لـە ژوورێکـی دی نوسـتوو، هەسـتا و چـوون ژوورەکـەی نوزهەتولزەمان و هەڵی ساند. کراسێکی ناسکی بۆ کڕی بـوو. بـۆی هێنـا. سەرپۆشـێکی ۱۰۰۰ دیناری و ملوانکەیەکی تورکی کە ناو ناوە زێڕی تێدا بوو، ملوانکەیەك ۱۰ هەڵمفـە و ۹ گۆی تێهەڵ کێشرابوو زێڕ بوون ، ۲ گوارەی زێڕ کە بـایی ۳۰۰۰ دینـار بـوو، ئـەمجا خـۆی گـۆڕی و نوزهەتولزەمان"بە دوایدا و رۆیشتن. کە لە رێگا خەڵکەکە دەی بینن، سـەریان لـە جـوانی و نازداری کەنیزەکەکە سوڕ دەما! بە یەکتریان دەوت:

"پەنا... بە خوا.... لەو جوانییە!"

گەیشتنە لای سوڵتان شرکان.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٥٩

## بەسەرهاتی شرکان و نوزهەتولزەمان

شەهرەزاد گێڕایەوە: کە بازرگان چووە لای پاشا، کڕنووشی بۆ برد و وتی:

"پاشای بەختیار.... کەنیزەکێکی بەهرەدارم بۆ هێناویت. لە وێنەی نییە و زۆر ناسك و نازدارە!"

پاشا وتی:

"کوا ....... پیشانم بدە؟"

بازرگان چووە بەر دەرگاکە وهێنایە ژوورەوە کە شا بینی خوێنی خزمایەتی جوڵا! شا بە منـداڵی نوزهـەتولزەمانی دیبـوو.... دەرەنگانێـك بیسـتبووی کـە خوشـکەکەی نـاوی نوزهەتولزەمانە. برایەکەشی نـاوی زەوئولەمانـە. رقـی لێیـان دەبـووەوە لەبـەر جـێ نشـینی حوکمدارێتی دەوڵەت. ئەمجا بازرگان هەڵیدایە:

"پاشای زەمان ئەم کەنیزەکە سەرەڕای جوانی و نازداریەکەی، هـەموو زانسـتە ئـایینی و زانستە دنیاییەکان، لەوانە سیاسەت و بیرکاری........ هتد شارەزایە."

شا وتی:

"بە چەندت کڕیوە، با پارەکەیت بدەمەوە و جێی بێڵە."

بازرگان وتی:

"بەسەرچـاوان...... بـەڵام فـەرمانێکی شاهەنەیشـم بـدەرێ...... بـا لەمـەودوا بـاجی "دەیەك"نەدەم، بۆ ئەو کاڵانەی کە دەیان هێنم. یان دەیان بەمە دەرەوە."

شا وتی:

"یەکەمجارە ئەو فەرمانە دەردەکەم، بەڵام پێت نەوتم: نرخەی چەندە؟"

بازرگان وتی:

"خۆی بایی ۱۰۰۰۰۰ دیناره و جل و بەرگ و خشڵ و زێڕەکانیشی بایی ۱۰۰۰۰۰ دیناره."

شا کە ئەمەی بیست وتی:

"لەو پارەیەش پترت دەدەمێ."

ئەمجا خەزێنەداری بانگ کرد و فەرمانی پێدا:

"۳۲۰۰۰۰"دیناری بداتێ.... با "۱۲۰۰۰۰"دینار قازانجەکەی بێت."

سوڵتان شرکان چوار قازی و چەند شایەتی ئامادە کرد. ئەمجا پارەی دایە. رووی کردە قازییەکان و وتی:

"ئەوە بە شایەتی ئێوە...... وا من ئەم کەنیزەکەم ئازاد کرد........ بۆ ئەوەی مارەی بکەم."

قازییەکان فەرمانی شاهانەی ئازاد کردنەکەیان بۆ مۆر کرد. لە هەمان کاتدا...... لە سوڵتان "شرکان"یشیان مارە کرد. دواتر سوڵتان "بووك"ەی زێڕ باران کرد. دەست و پێوەندان کەوتنە کۆ کردنەوە زێڕ. خەڵکەکە بڵاوەیان لێ کرد و قازییان و بازرگان مانەوە. ئەمجا شا وتی:

"دەمەوێت ئێوەش لەگەڵ مندا: گوێ بگرن لەم کەنیزەکە. تاکو بزانین بازرگان راست دەکات، کە شارەزای زانستەکان و ئەدەبە!؟"

ئەوانیش وتیان:

"ئامادەین."

پەردەیان لە دیوەخانەی سوڵتاندا بۆ نوزهەتولزەمان و ژنانی دیوەخان گێرا. پیاوانی دەوروبەر پیرۆزباییان کرد و دەستیان ماچ کرد و خۆیان لێ نزیك کردەوە. ئەمجا ژنە وەزیرەکانیش..... بیستیان کە پاشا کەنیزەکێکی هەیە زۆر ناسك و نازدارە. شارەزای ئەدەب و هونەرە و شارەزای هەموو زانستەکانە. نرخیشی گەشتووەتە ۳۲۰۰۰۰ دینار.

پاشا ئازادی کردووە، ئەمجا لە خۆی مارە کردووە. بیستوویانە کە شرکان شا زانایان و قازییانی لا میوانە و دەیانەوێت پرسیاری زانستەکانیان لێ بکەن و کەنیزەکەکە تاقی دەکەنەوە. بۆیە داوایان لە مێردە وەزیرەکانیان کردووە تاکو بیان بەنە ماڵی پاشا و لە نزیکەوە جوانی ئەو کەنیزەکە ببینن و گوێشیان لە وەڵامەکانی بێت. کە چوونە لای نوزهەتولزەمان...... بینیان لەبەریان هەستا.... چەندین کەنیزەك لە پشتیەوە بوون. نوزهەتولزەمان بە روویەکی بە زەردەخەنەوە، پێشوازی لێ کردن: کە هەمیشە رێزیان لێ بگرێت.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........ بێدەنگ بوو.

# شەوی ٦٠

شەهرزاد گێڕایەوە: کە سەریان لە شۆخ و شەنگی و شێوازی گفتوگۆی سوڕما...!
ئەوانیش بە دەوریەوە دانیشتن و کەوتنە پیاهەڵدان و ڕێز گرتنی وتیان:

"شارت پێ ئاوەدان بوو........ وڵاتت پێ خەندان بوو...... مەملەکەت هی خۆتە..... کۆشك کۆشکی خۆتە! ئێمە کەنیزەکی تۆین! تووخوا... ڕێمان بدە بەو جوانی و شۆخ و شەنگیەتدا هەڵبڕوانین."

ئەویش زۆر سوپاسی کردن. ئەمە لە کاتێکدا پەردە لە نێوان نوزهەتولزەمان و ژنانی میوانی و لە نێوان پاشا و چوار قازی و بازرگاندا دادرابووەوە...! ئەمجا شا شرکان بانگی نوزهەتولزەمانی کرد:

"شابانوو....... ئەم بازرگانە: بەوە وەسفی کردوویت کە لە زانست و ئەدەبدا زۆر شارەزایت. تەنانەت زانستی ئەستێرەناسیش دەزانیت. هەندێك لەوانەی بۆ بازرگانت وتووە، بۆ ئێمەشی بڵێ!"

نوزهەتولزەمان وتی:

"بە چاوان...... هەنگاوی یەکەم، بە ڕامیاری و شێوازی مامەڵەی شاهانە دەست پێ دەکەم: کە ئاخۆ...... پێشەنگەکانی ئایینی و شەرعیەکان دەبێت چۆن بن؟ ڕەوشتیان چۆن بێت؟"

ئەمجا وتی:

"پاشای بەڕێز...... ئەوە بزانە: باشترین ڕەوشت: لە "ئایین"و "ژیانی کۆمەڵایەتیدا"کۆ بووەتەوە. بە هۆی ژیانی ئەم دنیاوە نەبێت...... کەس بە ئایینی پاك ناگات. کەوابوو: دنیا چاکترین ڕێگایە بۆ گەیشتن بە ڕۆژی زیندووبوونەوە. کاروباری دنیا بە مرۆڤەکانی ڕێك دەخرێت. کاروباری خەڵکەکەش ٤ لایەنە: یەکەم: بەڕێوەبردن: دووەم: بازرگانی کردن: سێیەم:"کشتوکاڵ: چوارەم پیشەسازی."بەڕێوەبردنی سیاسەتێکی تۆکمە و کۆمەڵناسیەکی ڕاستگۆیانەی دەوێت. چونکە بەڕێوە بردن، واتای ئاوەدانکردنەوە و بنیات نان دەگەیەنێت و مسۆگەر کردنی ڕۆژی دوایی. چونکە خوا........ دنیای داناوە بۆ تۆیش و بۆ کەسانی بە خوا گەیشتوو. بۆیە پێویستە کەسەکان هێندە لە دنیا سوودمەند بن، کە بیان گەیەنێتە خوا....! نابێت شوێن حەز و ئارەزووەکانی خۆی بکەوێت، گەر مرۆڤەکان دادپەروەر بوون، ڕق و کینەبەرایەتی نامێنێت. بەڵام مرۆڤەکان بە زوڵم و ستەم، حەز و ئارەزووەکانیان دەستەبەر دەکەن. لێرەوە، پێویستیان بە سوڵتانەکان دەبێت. تاکو نێوانی مرۆڤەکان ڕێك بخەنەوە! کە سوڵتانەکان و پاشایان خەڵکەکە چاوترسێن نەکەن ئەوا: بەهێزەکانیان لاوازەکانیان دەخەنە ژێر و بە سەریاندازاڵ دەبن.

ئەردەشێر وتویەتی:

"ئایین و پاشایەتی دوانەن. ئایین گەنجینەیەکە و پاشایان چاودێریانن."

شەریعەتەکانی ژیری دەڵێن:

"پێویستە مرۆڤەکان گەورەیەکیان هەبێت. تاکو بەرگری لە ستەم لێکراوەکان بکات. لە بەرامبەر زۆرداراندا. دادپەروەری بخاتە نێوان لاواز و بەهێزەکانەوە. سنورێك بۆ ملهوڕان دابنێت:"

ئەوەش بزانە ئەی پاشا: زەمانە لە سەر دەستی رەوشتی سوڵتانەکاندا دەگۆڕدرێت. پێغەمبەر "د.خ"لەسەر بێت فەرموویەتی:

"٢ شتی نێوان خەڵك چاك بوو. ژیانی خەڵکەکەی چاك دەبێت. گەر ئەو دوو شتەش خراپ بوون ئەوا نێوانی مرۆڤەکان خراپ دەبێت. ئەو دوانەش، سوڵتانەکان و زانایانە."

هەندێك لە ژیران وتویانە:

"پاشایان و سوڵتانان ٣ جۆرن:"پاشایانی ئایین پارێز- پاشایانی رەوشت پارێز- پاشایانی شوێن چێژەکانی ژیان کەوتوو.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٦١

شەهرەزاد وتی: نوزهەتولزەمان وتی:

"پاشای ئایین پەروەر......ئایین دەسەپێنێت بەسەر هاوڵاتیاندا. پێویستە: خۆیشی لە هەموویان ئایین پەروەر بێت. چونکە هاوڵاتیان لاسایی پاشایان دەکەنەوە و چاوی لێ دەکەن. پاشا... پارێزەری نەرێتی ئایین و کلتووری کۆمەڵایەتییە! پارێزگاری دین و دنیا دەکات. فەرمانی دەدا: کە شەرع جێبەجێ بکرێت و خاوەن ویژدانیش بن. ئەو جۆرە پاشایانە قەڵەم و شمشێر پێکەوە کۆ دەکەنەوە...!! ئەوەی کە بەرچاوی لێڵ بوو، لە رێگەی راست خلیسکا و لە شەریعەتی قەڵەم و نووسین دەرچوو، ئەوا بە هێزی شمشێر راستی دەکەنەوە. دادپەروەری لە وڵاتدا سەقامگیر دەبێت."

"بەڵام پاشای شوێن حەز و ئارەزوو کەوتوو نە ئایینی هەیە و نەهیچ. شوێن ئارەزووەکانی دنیا کەوتووە. خەمی داگیرکردن و دەست بە سەرا گرتنی دەورووبەری خۆی نییە!! وڵات بەرەو هەڵدێر و کاولکاری دەبات. تاکو سەری خۆی دەخوات.....!! زانایان وتویانە:

"هاوڵاتیان بە هەموویان پێویستیان بە یەك کەس هەیە سەرۆك و رێنەمایان بێت. بەڵام پاشا پێویستی بە هەموو دانیشتوان و هاوڵاتیانە بۆ ئەوەی بتوانێت مەملەکەت بەرێوە

بەرێت. بۆیە: دەبێت لە ڕەوشت و هەڵسوکەوتیان شارەزا بێت. تاکو بتوانێت دووبەرەکیان تێدا نەهێڵێت. و برایەتیان تێدا بچەسپێنێت. ئەمجا بۆیان باش بێت."

ئەمجا وتی:

"ئەی پاشا..... ئەوەش بزانە کە ئەردەشێر یەکەمین کەسی ساسانیان بوو، لە چینی سێیەمی پاشایانی فارس: کە هەموو هەرێمەکانی داگیر کردووە، ئەمجا کردنی بە چوار بەشەوە. بۆ هەر بەشێك مۆرێکی دانا کە بریتی بوو، لە مۆری "دەریا"و "پۆلیس"و پارێزەران"... دووەمیان مۆری "داهات"و "باج"ی دەرامەت. ناوی لێنان "ئاوەدان کردنەوە". سێیەمیان مۆری ژیاری و لەسەری نووسرابوو بژێوی. چوارەمیان مۆری دادوەری، ناوی نابوو "داد". کە ئەو یاسایە، تاکو سەرهەڵدانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام کاریان پێ دەکرا....! "کیسرا بۆ کوڕەکەی نووسی، کە سەرکردەی سوپا بوو. سوپاکەت با.... زۆر و بۆر نەبێت و مەدە بە دەمیانەوە. با.....پشتت تێ نەکەن. هێندەش مەیان هێنەوە یەك و فشاریان مەخە سەر.... تاکو: لێت بێزار ببن. دەشتەکییەك بە خەلیفە ئەبو جەعفەری مەنسووری وت:

"سەگەکەت برسی بکە با شوێنت بکەوێت.....!"

خەلیفە لەم قسەیەی زۆر تووڕە بوو.

ئەبو عەباسی تووسیش وتی:

"ڕەنگە یەکێکی دی لەتە نانێك پیشانی سەگە برسییەکەت بدات ئیتر شوێن ئەو دەکەوێت و پشت لە تۆ دەکات."

خەلیفەش خاو بووەوە.... خەڵاتی عەرەبە دەشتیەکەی کرد.

ئەمجا نوزهەتولزەمان وتی:

"ئەی پاشا: "عبدالملك"کوڕی "مەروان"نامەیەکی بۆ براکەی نووسی کە لە میسر بوو. بەم شێوەیە "هەمیشە کاتبەکانی دەورووبەرت بخە ژێر چاودێری خۆتەوە چونکە بە هۆی ئەوانەوە...... ئاگات لە کێشەکانی دەورووبەرت دەبێت!! بەرەنگار بوونەوەت لەگەڵ دەوڵەتانی دوژمنتدا. توانای سوپاکەت دەردەخات. خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب "خوای لێ ڕازی بێت"گەر کارێکی بە کەسێك بسپێرایە، چوار مەرجی بۆ دادەنا: نابێت سواری بارگیر ببێت. نابێت بەرگی تەنك بپۆشێت. شرەخۆر نەبێت! نوێژەکانیش لەکاتی خۆیدا بکات. ئەمجا وتی:

"وتراوە: هیچ سامانێك بە هێندەی ژیری نییە. ژیری بە تەکبیر ناگات. بە سووربوون لە سەری هیچ سوور بوونێك بە هێندەی خوا پەرستی نییە. هیچ شتێك بە هێندەی ڕەوشت ئێمە تینووی نین! هیچ تەرازوویەکیش: وەك تەرازووی ئەدەب نییە. هیچ شتێك بە هێندەی سەرکەوتن خۆش نییە. هیچ بازرگانیەکیش بە کاری چاکەدا ناگات! هیچ قازانج و سوودمەندیەکیش بە پاداشتی خوادا ناگات.... هیچ خۆ پاراستنێك بە هێندەی سنووری سوننەتەکانی ئیسلام نییە. هیچ ڕەوشتێك هێندەی بێ فیزی جوان نییە....! هیچ شەرمەنێك

هێندەی شەرەفمەندی زانست نییە. سەرت پارێزراوە؛ بە ئەو راستییانەی کە لە خۆی دەگریت. گەدەت: بپارێزە، لەو شتانەی تێی دەکەیت. "بەلا"و"مردن"ت بیر نەچێت.

حەزرەتی عەلی فەرموویەتی:

"لە ژنانی شەرەنگیز بترسن و خۆتانی لێ بپارێزن. پرسیان پێ مەکەن. چاکەیان لەگەڵ بکەن. وتراوە، هەر کەس پشت لەئابووری بکات؛ سەری لێ تێك دەچێت. ئەمەش رێ و شوێنی خۆی هەیە....! باسی دەکەین."

حەزرەتی عومەر فەرموویەتی:

"ژنان سێ جۆرن؛ ژنان لەخوا ترسی بە بەزەییی... لەکاتی تەنگانەدا، پشتی مێردەکەی دەگرێت. ژنانێك هەن خیانەتکارن و دەبنە تەوق و دەچنە ملی مێردەکانیان. پیاوانیش سێ جۆرن. پیاوی ژیر: راوێژی پێ دەکرێت. پیاوی ژیرتر ئەو کەسەیە، کە تووشی کێشەیەك بوو..... راوێژ بە دەورووبەری دەکات. دواتر بە قسەیان دەکات. جۆرێکی تر پیاو هەیە: نەخۆی رێ بە دێی خۆی دەکات و ، نە گوێ لە ئامۆژگاری کەسیش دەگرێت."پێویستە دادوەری لە هەموو شتێکدا هەبێت. تەنانەت: کەنیزەکانیش پێویستیانە. بەسەرهاتێکی جەردە و رێگران هەیە ئەوانەی زوڵم لە هاوڵاتیان دەکەن پێویستە.... ئەوانیش دادوەربن لەدابەش کردنی دەستکەوتەکانیاندا....! ئەگەرنا.... یاساکانیان تێك دەچێت! کارەکانیان هەڵدەوەشێتەوە....! بە کورتی:

"سەبر"و "لێبووردن"کە شەخسییەتە "رەوشت"یش کاری پیاوانی راستگۆ

"پەنا"بۆ سامان ببرێ بۆ: چاکە خەڵکی شاد بکات: خێرا و راستەوخۆ

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو......... بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٦٢

شەهرەزاد گێڕایەوە: نوزهەتولزەمان، کەوتە وتن: لە بارەی سیاسەتی پاشایانەوە، خەڵکەکە وتیان تا ئێستا کەسمان نەدیوە، بەم شێوە جوانە بتوانێت هێندە لە بارەی سیاسەتەوە بدوێت...! خۆزگە.... باسەکەی دەگۆڕی. نوزهەتولزەمان گوێی لێبوو. ئەمجا بابەتەکەی گۆڕی و وتی:

"دەربارەی ئەدەب، گۆڕەپانێکی بەربڵاوە... چونکە هەموو ژیان لەخۆ دەگرێت... دەڵێن جارێکیان یەکێك لە هاوڕێیانی معاویە.. دەبێتە میوانی. هەر زوو دەست دەکات بە هەڵدان، بە زیرەکی و لێهاتوویی خەڵکی "بەغدا". "مەسون"ی دایکی "یەزید"کە ژنی معاویە بوو گوێی لێ دەبێت. کە میوانەکە دەڕوات بە معاویە دەڵێت:

"ئەیٚ میری موسڵمانان رێگە بدە بە عێراقیەکان بێنە لات و گفتوگۆت لەگەڵ بکەن. گوێیان لێ بگرە."

معاویە پرسی:

"کێ لە بەردەرگایە؟"

وتیان:

"بەنوتەمیم".

وتی:"با بێتە ژوور.... "

کە هاتە ژوورەوە: ئەحمەدی کوری قەیسیان لەگەڵ بوو.

معاویە وتی:

"ئادەی.... لێم نزیك ببەوە."

ئەمجا پەردەیان لە نێواندا دادانەوە. بە شێوەیەك گوێی لە هەر دووکیان بوو.

ئەمجا پرسی:

"ئەی باوکی دەریا، منت چۆن دێتە بەرچاو؟"

ئەویش وتی:

"قژبڕ.... سمێڵ تاشراو...! نینۆك کراو، بن باخەڵ بۆگەن.... سیواك بە کارهێنان ۷۲ سوودی هەیە. خۆ شتنی رۆژانی هەینی پاك بوونەوەیە".

ئەمجا معاویە بە ئەحنەف کوڕی قەیسی وت:

"ئەی لە خۆت چۆت تێگەیشتوویت!؟"

ئەویش وتی:

"کە هەنگاو دەنێم زۆر بە هێواشی: پێ هەڵدێنم بە چاویش چاودێری دەکەم."

ئەمجا لێی پرسیەوە:

"ئەی ئەگەر چوویت بە سەر کەسێکدا سادە بوو، لە رەمەکی خەڵکەکە؟"

ئەمیش وتی:"سەری شەرم دادەنەوێنم سڵاوی لێ دەکەم. قسە زۆر ناکەم. هەر شتێك پەیوەندی بە منەوە نەبوو. قسەی تیا ناکەم. "

معاویە پرسی:

"ئەی ئەگەر لووتت تەقی بە لووتی ئەوانەدا: وەك خۆتن؟"

ئەویش وتی:

"گەر قسەیان کرد گوێیان لێ دەگرم. گەر "لاقرتێ"یان پێ کردم .... بێدەنگ دەبم. "

معاویە پرسییەوە:

"ئەی ئەگەر لەگەڵ سەرۆکەکەتدا رووبەڕوو بوویتەوە؟ سڵاوی لێ دەکەم: بێ دەست بادان! گوێ دەگرم بۆ وەڵامیان! گەر لە خۆیان نزیك کردمەوە.... ئەوا: لێیان دەچمە پێش!! گەر پێیان خۆش نەبوو: لێیان دوور دەکەومەو."

ئەمجا معاویە وتی:

"بە راستی وەڵامەکانت باش بوون. ئێستا چی دەخوازیت؟"

ئەویش وتی:

"خوازیارم لە هەڵس و کەوتت دا لەگەڵ هاوڵاتیان.... هەمیشە خوات لە بیر بێت. تا مامەڵەت: یەك جۆر بێت و بە یەك چاو سەیریان بکەیت..!"

ئەمجا هەستا و کۆرەکەی جێ هێشت... دوایی "مەسوون"ی خێزانی وتی:

"گەر عێراقی نەبووایە بەوەندە رازی نەدەبوو."

ئەمجا نوزهەتولزەمان وتی: ئەمە: مشتێك بوو........ لە خەرمانی ئەدەب.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٦٣

شەهرەزاد وتی: ئەی پاشای بەختیار.... نوزهەتولزەمان دەستی پێکردەوە و وتی:

""موعەیقیب"خەزێنەداری، "بیت المال"بوو. لە سەردەمی خەلافەتی عومەری کوڕی خەتاب دا. رۆژێکیان کوری خەلیفە عومەر هاتە لام. منیش دەستم برد "درهەم"ێکم لە "بیت المال": "خەزێنەی دەوڵەت"دایە.... دواتر بەرەو ماڵ بوومەوە. کاتێ لە ماڵەوە لێی دانیشت بووم هێندەم زانی خەلیفە عومەر یەکێکی بە شوێنمدا نارد.....! زۆر ترسام کە گەیشتم روانیم درهەمەکەی بە دەستەوە بوو. پێی وتم:

"بەڵا لێت بدات.... موعەیقیب ئەوە خۆت بە شت دەزانیت!؟"

وتم:

"خۆم بە چی دەزانم؟"

وتی:"ئا... بەم درهەمەی بەخشیوتە بە کوڕەکەم.... دوژمنایەتی لەگەڵ موسڵمانان دەکەیت!"

دوای کەمێ بێدەنگی:"نوزهەتولزەمان"دەستی پێ کردەوە و وتی:

"خەلیفە عومەر بۆ "ابوالموصل الاشعری"نووسی:

"حەقی خەڵکەکە بدە و هەر چییەکیان لێ مایەوە بۆم بنێرە. کە خەلیفە عوسمان هات ئەویش بە هەمان شێوە بۆی نووسی. ئەویش، ئەو فەرمانەی جێبەجێ کرد. ئەمجارە زیادی کوڕی خۆی لەتەکدا بوو. کە داهاتەکەی لەبەردەم خەلیفە عوسماندا دانا. کوڕی خەلیفە هات و درهەمێکی لێ هەڵگرت "زیاد"ی کوڕی ئەمیش گریا: خەلیفە عوسمان پرسی:

"ئەوە بۆچی دەگری؟"

ئەویش وتی:

"کاتی خۆی..... ئەم داهاتەم بۆ خەلیفە عومەر برد بە هەمان شێوە: کوڕەکەی درهەمێکی لێ هەلگرت... خەلیفەش لێی تووڕە بوو.

درهەمەکەی لێ سەندەوە، داینایەوە. کەچی کوڕەکەی تۆ..... درهەمێکی لێ برد و نەخۆت و نە دەورووبەرەکەت لێیان نەسەندەوە!! خەلیفە عوسمانیش وتی:

"جارێکی دی لە جۆری خەلیفە عومەر نابێتەوە."

دوای کەمێك بێدەنگی وتیەوە: لە زەیدی کوڕی ئەسلەم دەگێڕنەوە، کە باوکی بۆی گێراوەتەوە: "

شەوێك لەگەڵ خەلیفە عومەردا چووینە دەرەوە. چووینە سەر ئاگرێکی کراوە. پێی وتم: "ئەسلەم"یا.... بڕۆینە لای ئەو ئاگرە کراوەیە. کە گەیشتین........ بینیمان: ژنێك، مەنجەڵێکی لەسەر ئاگرەکە داناوە. چەند منداڵێکی برسیشی لە دەورە.

عومەر پێی وت:

"سڵاو لە خاوەن رووناکی."

پێی باش نەبوو بڵێت: خاوەن ئاگر....! دواتر پرسی:

"چی دەکەن؟"

ژنە وتی:

"ئەوە.... سەرما و تاریکی زۆری بۆ هێناوین!"

ئەویش وتی:

"ئەی ئەم منداڵانە بۆ نرکە و بۆڵەیان دێت؟

ژنە وتی:

"لە برسیدا.... وا دەکەن."

ئەمجا پرسی:

"ئەی ئەم مەنجەڵە چییە؟"

ژنە وتی:

"بەو مەنجەڵە بێدەنگیان دەکەم! خوا لەو دنیا موحاسەبەی عومەر بکات لەسەر ئەو منداڵانەم"

ئەویش وتی:

"جا.... عومەر کوا ئاگای لە حاڵی ئەمانەیە؟"

ژنەش پرسی:

"ئەی چۆن کاروباری ئەو خەڵکانە دەگرێتە دەست و ئاگایشی لێیان نییە!؟"

ئەمجا بە پەلە گەڕاینەوە و خۆمان کرد بە گەنجینەی داهاتدا. کۆڵێکمان ئامادە کرد، لە ئارد رۆن. ئەمجا خەلیفە عومەر وتی:

"بیدە بە کۆڵمدا...!"

منیش وتم:

"نه.... تۆ بیده به کۆڵی مندا و خۆم هەڵی دەگرم."

خەلیفە وتی:

"باشە لەو دنیا تۆ شان دەدەیتە بەر گوناهی، ئەو ژن و منداڵانە یان من؟"

ئەسلەم وتی:

"ناچار دام بە کۆڵیدا. هەر بە لۆقە کردن گەڕاینەوە. لای ژنەکە، خەلیفە عومەر کۆڵەکەی دانا و بە دەستی خۆی ئاردی بۆ دەرهێنا و ژنە کردییە قابلەمەکەوە. دوو لویچ رۆنیشی بۆ دەرهێنا و ژنە تێی کرد. خەلیفە عومەر ریشێکی جوانی هەبوو. لە کاتی فوو کردنیدا لە ئاگری ژێر مەنجەڵەکە...... دووکەڵ بە ناو ریشی دا بڵاوەی دەکرد. خەلیفە بە ژنەکەی وت:

"تۆ بۆیان تێ بکە. منیش بۆیان سارد دەکەمەوە و دەرخواردی مناڵەکانی دەدەم. "

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٦٤

شەهرەزاد وتی: بەم جۆرە مانەوە، تاکو مناڵەکانیان تێر کرد. کۆڵەکەی بۆ بەجێ هێشتن. ئەمجا رووی کردە "ئەسلەم"و وتی:

"ئەسلەم، برسێتی: مناڵەکانی گریان. بەڵام ویستم هۆی رووناکییەکە بزانم؟"

خەڵکەکە بێدەنگ بوون. ئەمجا وتیەوە: دەڵێن..... جارێکیان خەلیفە عومەر بەلای کۆیلەیەکی جوتیاردا تێپەڕی. ویستی مەڕێکی لێ بکڕێت. جوتیارە وتی:

"هی خۆم نییە!"

خەلیفەش وتی:

"منیش دەمویست.... وا بڵێت."

بۆیە کۆیلەکەی لە خاوەنەکەی کڕییەوە و ئازادی کرد. ئەمجا کۆیلەکە رووی کردە ئاسمان و وتی:

"خوایە.... وا لە کۆیلەیەتی ئەم دنیا ئازادت کردم....! هەر خۆیشت... لە ئەو دنیا ئازادم بکە...! "

دەڵێن:

"خەلیفە عومەر، شیرە ساغەکەی بەخشیوە، بە خزمەتکارەکانی و خۆیشیان شیرە بزڕکاوە... کلۆکلۆکەیان خواردووەتەوە!! لەقوماشی نەرم و ناسك و جوان: جل و بەرگی بۆ خزمەتکارانی کردووە و خۆیشی بەرگی زۆر هەرزانی لەبەر کردووە....! بەزیادەوە مافی

هاوڵاتیانی داوه...! کەرەتێکیان لە سەروو ٤٠٠٠ دینارەکەیەوه، هەزار دیناری تری بۆ خستۆته سەر. لێیان پرسیوه، ئەی بۆ کوڕەکەی خۆیشت زیاد دەکەیت؟ وتویەتی.... ئەمیان کوڕی خۆمه.

حەسەن وتویەتی:

"خەلیفە عومەر سامانێکی زۆری بۆ هاتبوو. "حەپسە"ی ژنی هاته لای و وتی:

"حەقی خزمایەتیم بدەرێ لەو سامانه."

ئەویش وتویەتی:

"حەپسه، خوا حەقی تۆی به سەر مندا سەپاندووه... نەکو به سەر سامانی موسڵمانان. ئەوه بزانه که بەشت نەدەم، تەنیا باوکتم لێ زیز دەبێت. بەڵام ئێستا:موسڵمانانم لێ رازی دەبێت."

ناچار حەپسەی ژنی به دەستی خاڵی چووه دەرەوه....!

"کوڕی عومەر وتی:

"زۆر پاڕامەوه و نزام کرد...... که له خەونم دا..... باوکم ببینم...! ساڵێکیان هاته خەونم. سەیر دەکەم: ئارەقەی نێوچاوانی دەسڕێ. منیش لێم پرسی:

"چۆنیت...!؟"

ئەویش پێی وتم:

"ئەگەر بەزەیی خوا نەبوایه.... باوکتیان ماندوو دەکرد و تیا دەچوو."

ئەمجا نوزهەتولزەمان وتی:

"ئەی پاشای بەختیار.... گوێ له بەشی "یەکەم"بگره.... له هەواڵی شوێن کەوتووان: "التابعین"ی پیاو چاکان. حەسەنی بەسری وتویەتی:

"رۆح له جەستە دەرناچێت.... تاکو ئەو کەسە بۆ ٣ شت به داخەوه نەبێت:

١-بۆ ئەو پاره و سامانەی که کۆی کردووەتەوه و فریا نەکەوت چێژیان لێ وەربگرێت. ٢- نەگەیشتن به هەموو ئاواتەکانی....! ٣- تێر نەخواردنی ئەویش به هۆی ئەوەوه که... دڵی نەهاتووه! "

سوفیان پرسی:

"دەگونجێت کەسێکی دەوڵەمەند خۆی بگرێتەوه له چێژەکانی ژیان...واته "زاهد"بێت!؟"

پێیان وت:

"بەڵێ.... لەو کاتەدا .... که تووشی کێشەیەکی گەوره بوو ئارام بێت! هەر چییەکی پێدا.... سوپاس گوزار بێت!"

دەگێڕنەوه: که "عبدالله"ی کوڕی "شداد"که له سەره مەرگدا بوو کەوتە گیانەلا...... محەمەدی کوڕی بانگ کرده لای خۆی و بەم شێوەیه ئامۆژگاری کردی:

"کورِم... وا گیان کێش لێم هاتووەتە پێش!! تۆیش بە ئاشکرا و بە نهێنی... لە خوا بترسە! پێویستە کە سوپاس گوزاری نیعمەتەکانی خوا بیت... لە خوا ترسان باشترین توێشووی ئەو دنیایە! وتویانە:

سامان بەختیاری مسۆگەر ناکات — خوا ناسی بۆ تۆی دەستەبەر دەکات
باشترین توێشوو: تەقوایە... تەقوا — بەرگی ئارامیت کە لەبەر دەکات

شەهرەزاد هەستی کرد شەو دەرنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٦٥

شەهرەزاد گێڕایەوە: کە نوزهەتولزەمان دواتر وتی:
"با پاشا گوێ لەم نوکتەیەی بەشی دووەمی، دەروازەی یەکەم بگرێت."
پێیان وت:
"ئەو چییە؟"
وتی:
"کە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بوو بە خەلیفە..... خزم و ناسیاوانی: دەست بە "دیاری"یەوە هاتنە پیرۆزبایی. کە ئەوان رۆیشتن. دیاریەکانیانی خستە ناو "بيت المال"ەوە. "بەنی ئومەیە"کان ترسیان لێ نیشت. چوون بۆ فاتیمەی کچی مەروانیان گێڕایەوە. فاتیمەش هەواڵی بۆ نارد، کە دەبێت هەر بت بینم. عومەری کوڕی عەبدولعەزیزیش شەو گەیشتە لای. لەسەر وشترەکەی هێنایە خوارەوە. کە لە ژوورەوە دانیشتن پرسی:
"پوورە گیان.... بڵێ چیت دەوێت؟ "
فاتیمە وتی:
"ئارەزوومە تۆ دەست پێ بکەیت..... !"
عومەری کوڕی عەبدولعەزیز وتی:
"خوای گەورە، محەمەدی "د.خ"کردە پێغەمبەر بوو بە بەزەیی و سوود بۆ هەندێك لە هۆزەکان. بووە خەم و ناخۆشیش بۆ هەندەکەی تریان....!! ئەو کەمەی هی خۆی بوو دەستی بە سەرا گرت. رووبارێکیشی بۆ هەمووان هێشتەوە. لێیان خواردەوە. ئەمجا ئەبوبەکر بووە جێگری و ئەویش بە هەمان شێوە. رووبارەکەی بە خەڵکەکە دا و خوای لەخۆی رازی کرد. ئەمجا حەزرەتی عومەر چووە شوێنی. کاری وای کرد و جۆرێك خۆی ماندوو کرد. کە بە کەسی تر، نەدەکرا. کە عوسمان بووە خەلیفە: لەو رووبارەوە..... روبارێکی دی هەڵگرت. بەڵام کە معاویە بوو بە خەلیفە: چەندین رووباری لەو رووبارەوە هەڵگرت. دوای ئەویش "یەزید"و کوڕانی مەروان: وەکو "عەبدولمەلیك"و "وەلید"و

"سولەیمان"تاکو رووبارەکەیان وشك کرد. ئێستا: ئەو کارە خراپە.... گەیشتووەتە لای من! منیش ویستم: رووبارەکە ببوژێنمەوە! تاکو وەکو جاران.... ئاوی پێدا بڕوات!!

فاتمە وتی:

"بۆ ئەم مەبەستە بوو، ویستم قسەت لەگەڵ بکەم. بەڵام کە ئەمە بیر و لێکدانەوەکەت بێت.... هیچ ناڵێم..!! "

دواتر فاتمە چووە ناو ... خزمانی "بەنی ئومەیە"پێی وتن:

"مارەیی بە شوو دانی من لە ئەو پیاوە، وەربگرنەوە...! پیرۆزتان بێت: ئەمە کاری خۆ کردتانە!!"

وتراوە:"کە ئەم عومەری کوڕی عەبدولعەزیزە، لەسەرە مەرگدا بوو، منداڵەکانی لێی کۆ بووبوونەوە. "موسلێمەی کوڕی عەبدولەلیك، پێی وتبوو:

"ئەی میری موسڵمانان، تۆیەك کە پەروەردەکەری ئەم منالانەی چۆن دڵت هێنای بە هەژاری بەجێیان دێڵیت!؟ کەس رێگرت نەبوو گەر بە پارەی بیت المال دەوڵەمەندت بکردنایە!! ئەوە باشترە نەبوو. لەئەمەی ئێستا: بۆ خەلیفەی دوای خۆتی..... بەجێ دێڵیت!؟ "

عومەر وتی:

"منالانی من یەکێك لەم ۲ جۆرە دەردەچن: یا لە خوا ترس دەبن..... کە خوا.. لە ژیانیاندا هەموو کارئاسانیەکیان بۆ دەکات و پێویستیان بەسامانی باوکیان نابێت. یان ملهوڕ و لە خوا نەترس. بۆ ئەم جۆرەیان تا لە ژیاندا بووم، پشتگیریم نەکردن! ئێستاش نایکەم."

ئەمجا وتی:

"ئەی موسلەیلەمە من و باوکت بە دیار کەسێکی بەنی ئومەیەوە بووین کە لە گۆڕستان ناشتیان. شەوێ خەونم پێوە بینی: نهێنییەکی پێ وتم...... زۆر ترسام!! پەیمانم لەگەڵ خوای خۆم بەست کە ئەگەر بوومە خەلیفە! من وەکو ئەو نەکەم. بە درێژایی تەمەنم پەیمانەکەم نەشکاند. بەڵکو.... خوا بم بەخشێت."

دواتر: ئەو "موسەیلەمە"یە گێڕایەوە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز وەفاتی کرد و منیش لە تەك خەڵکەکەدا ئامادەی ناشتنی بووم. بۆ شەوێ بە بەرگێکی سپییەوە هاتە: خەونم لە نێو رەز و باخێکی رازاوەدا بوو کە جۆگەیەکی پێدا دەڕۆیشت بەرەو رووم هات و پێی وتم:

"موسەیلەمە"گیان، با موسڵمانان وەکو من بژین.... تاکو لە ئەم شوێنەیان بەر بکەوێت."یەکێك لە "بێری"کان گێڕایەوە:"لە سەردەمی خەلافەتی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز دا، مەڕم دەدۆشی. لە شوانەکە نزیك بوومەوە چەند گورگێکم بینی. چونکە پێشووتر، گورگم نەدیبوو.... وام زانی سەگن!! بۆیە لەشوانەکەم پرسی:

"ئەم سەگانەت بۆ چییە؟"

وتی: "
ئەوانە سەگ نین... گورگن!!"
منیش وتم:
"شتی ئاوا چۆن دەبێت!؟ گورگ لە نێو مەڕدا بێت و زیان دەبێت!؟"
ئەویش وتی:
"گەر بیرکردنەوە: پاك بوو... لەشیش پاك و بێگەرد دەبێ...!!"
عومەری کوڕی عەبدولعەزیز لەسەر سەکۆیەکی گڵین وتاری دەدا. سوپاس گوزاری خوای کرد. ئەمجا سێ ئامۆژگاری وت:
"خەڵکینە.... نهێنیتان پاك رابگرن تاکو کارە ئاشکراکانتان بۆ برایانتان خاوێن بێت. بەرچاو تێری ژیانتان بن. ئەوە بزانن ، هەر لە تەمەنی باوکە ئادەمەوە..... تاکو ئێستا، یەك کەس بە زیندوویی نەماوەتەوە و ژیانی بە جێ هێشتووە! عبدولەلیك لە پێش منەوە.... مردووە. دواتر عومەریش و ئەوانی دوای ئەویش دەمرن."
موسەیلەمە پێی وت:
"ئەی عومەر با..... پشتییەك بخەینە ژێر شانت!!"
عومەر وتی:
"دەترسم، لە حەقیدا گوناهێکم بۆ بنووسرێت!"
ئەمجا هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و بووڕایەوە. فاتیمە هاواری کرد:
"مریەم..... موزاحیم فلان و فیسار وەرن سەیری ئەم پیاوە بکەن."
ئەمجا فاتیمە ئاوی پرژاندە دەم وچاوی عومەر، تاکو... بە ئاگا هاتەوە. کە فاتمەی بینی دەگریا وتی:
"ئەوە... بۆچی دەگریت!؟"
ئەویش وەڵامی دایەوە:
"ئەی میری موسڵمانان، گیانەڵای تۆم، لە بەردەستماندا بینی! بێئاگابوویت و ئەم دنیات جێ هێشت و گەڕایتەوە لای خوا.... بۆیە گریام."
ئەمجا ویستی هەستێت نەیتوانی و کەوتەوە. ئەمجا فاتیمە وتی: "
ئیتر ناتوانین بتدوێنین...!"
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........... بێدەنگ بوو.

# شەوی ٦٦

شەهرەزاد دەستی کردەوە بە گێڕانەوەی: بەشی دووەم لە دەرگای یەکەم: بۆ ٤ قازییەکە و شا "شرکان" بێئەوەی بیناسێتەوە و بزانێت، کە برای خۆیەتی!!

ڕێکەوت وابوو، عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بۆ خەڵکی "موسڵ"ی نووسی:

"شایەتی دەدەم لە "شهرالحرام"و "شاری حەرام"دا و ڕۆژی "حەجی گەورەدا"... لە ستەم و دوژمنایەتیتان خۆم بە دوور دەگرم. گەر پەلاماریان دان بە فەرمانی من نییە. نە هەواڵیشم لە ئێوەوە هەیە.... خوازیاری بەخشینم. ئەوەش بزانن هەرگیز ڕێ نادەم بە زوڵم کردن لە کەس، من لە بەرامبەر زوڵم لێکراواندا بەرپرسم ! هەر کەسێك کاری بە "سوننەت"و "شەریعەت"و "قورئان"نەکرد: مەچنە.... ژێر ڕکێفییەوە...! تا ئەو دەمەی دەگەڕێتەوە سەر ڕێی ڕاست! حەز ناکەم مردنم لە لا ئاسان بکرێت... ڕاستگۆیان وتویانە: لە کاتی خەلافەتی عومەری کوڕی عەبدولعەزیزدا...... چووینە سەردانی.... ١٢ درهەممان پێ بینی!! فەرمانی دا... ئەو ١٢ درهەمە بخرێتە "خەزێنەی سامان — بیت المال"ەوە. منیش پێم وت: میری موسڵمانان، تۆ منداڵەکانی خۆت ڕووت و برسی دەکەیت..... جا... با شتێکت بەوان و هەژارانی ماڵەکەت بدایە....! خەلیفە وتی:

"سەرت بێنە پێشەوە کە سەرم بردە پێشەوە...."

پێی وتم:

"کە دەڵێیت... بەخێوکەری منداڵەکانت و هەژارانی ماڵت ببە، ئەوە ڕاست نییە. چونکە خوا بەخێوکەری منداڵەکانم و هەژارانی ماڵمە. ئەوان ئەمانەیان لێ دەردەچێت: یا لە خوا ترس دەبن، کە خوا خۆی پشت و پەنایان دەبێت... یان ملهوڕێکی لە خوا عاسی.... کە من لە ژیانمدا پشت و پەنای کەسی ملهوڕ نەبووم."

ئەمجا ناردیە شوێن منداڵەکانی کە ١٢ کوڕ بوون کە هاتنە لای و سەیری هەموویانی کرد، چاوانی پڕ فرمێسك بوون. پێی وتن:

"باوکتان لە دوو ڕێیاندایە. یا....ئەوەتا..... ئێوە دەوڵەمەند بکات و خۆی ئاگری دۆزەخ مسۆگەر بکات.... یان ئەم هەژاریەکەتان پەسەند بێت و هەڵی بژێرن و باوکتان بەهەشت مسۆگەر بکات. باوکتان حەز بە چوونە بەهەشتی پێخۆشە.... تاکو ئێوە دەوڵەمەند بکات. هەستن خوا پشت و پەناتان بێت....

خالد کوڕی سەفوان وتی:

"یوسفی کوڕی عومەر بردمی بۆ لای هیشامی کوڕی عەبدولەلیك. کە منی پێ ناساند، دەست و پێوەندەکانی خۆی بە دەورەوە بوو. لە دەشتێکدا ڕەشماڵیان هەڵدا. کە کۆڕیان بەست...... منیش لەسەر فەرشەکەی دانیشتبووم سەیرم دەکرد..... هەر کە سەیری منی کرد پێم وت:

"خوا.... نیعمەتەکانی بە سەرتا برژێنێت ئەی میری موسڵمانان. ئەویە ئەم پلە و پایەیەی پێت بەخشی.... ژیریشت پێ ببەخشێ. ساتە بە خۆشیەکانت، ئازاری تێکەل نەبێت. هیچ ئامۆژگاریەکم بە چاکتر نەزانی لەو ئامۆژگاریانەی پاشایانی پێ کراوە."

خەلیفە هیشام کە شانی دادابوو، قنج بووەوە و وتی:

"دەی کوڕی سەفوان، چێت پێیە هەڵیڕێژە. "

وتم:

"میری موسڵمانان ساڵێك پێش ئەو ساڵەی خەلافەتی تۆ: پاشایەك هەر لەم شوێنەدا رووی کردە دانیشتوان و پرسی:

"لەمەوپێش کەسی ترتان وەکو من دیوە!؟ کەس بە وێنەی من بەخشندە بووە!؟ هیچ کەسێك بە هێندەی من .... زانایان و راستگۆیانی لە دەورووبەر بووە!؟"

ئەوانیش وتیان:

"ئەی پاشا.... تۆ پرسیارێکی گرانت کرد."

یەکێکیان وتی: "رێم دەدەی...... وەڵامت بدەمەوە؟"

پاشایش رێی دا: ئەویش پرسی:

"تۆ پێت وایە...... ئەمەی باسی دەکەیت تا سەرە!؟ یان ئەمیش کۆتا.... دەبێت!؟"

پاشا وتی:

"ئەمەیش بەرەو نەمان دەڕوات."

ئەمجا کابرا وتی:

"کەواتە بۆچی بۆ شتێکی کورت وکەم... هێندە زۆرو بۆر دەپرسیت!؟"

ئەویش پرسی:

"کە چار نییە... چی بکەین باشە؟"

ئەویش وتی:

"باش ئەوەیە لەخوا بترسین. خوا پەرستی بکەین تاکو دەمرین..! بەرەبەیان چاوەڕێم بکە.....

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٦٧

شەهرەزاد گێڕایەوە: خالدی کوڕی سەفوان وتی:

"پیاوەکە بەرەبەیان لە دەرگاکەی دا. کە چووە ژوور سەیری کرد پاشا تاجەکەیشی لەسەر کردووە و ئامادەی سەفەرە. هێنّدەی ئامۆژگاریەکە بە هەند وەرگرتبوو هیشامی

کوڕی عەبدولەك هێندە گریا تاکو فرمێسك بە ریشی دا هاتە خوارەوە، ئەمجا فەرمانی دا جل و بەرگەکەی لەبەر داکەند و لە کۆشکدا مایەوە. دواتر خزمەتکارانی کۆشك چوون بۆ لای خالدی کوڕی سەفوان پێیان وت:

"چۆن ڕێگات بە خۆت دا، خەلیفە ئاوا لێ بکەیت...!؟ چێژی ژیانت لەبیر بردووەتەوە و ژیانت تاریك کرد!؟"

ئەمجا نوزهەتولزەمان لە شرکانی پرسی:

"ئەم دەروازەیەی بۆم گێڕایەوە چەند ئامۆژگاری تیا بوو؟ من لەم کۆڕەی تۆدا، پێ ڕاناگەم... هەموو: پەند و ئامۆژگاریەکانت... هەروا بە ئاسانی لەم کۆڕەدا، بۆ بگێڕمەوە. چونکە ڕۆژانێکی دوور و درێژی دەوێت."

قازیەکان وتیان:

"ئەی پاشا، ئەم کەنیزەکە: سەرسوڕهێنەری سەردەمی خۆیەتی! لە وێنەی نییە!! لە هیچ سەدەیەکدا، لەم جۆرەمان نەبیستووە...! "

ئەمجا نزای باشیان بۆ پاشا کرد و کۆڕیان چۆڵ کرد.

شرکان رووی کردە خزمەتکارەکانی و وتی:

"ئیدی، بووکە ڕێك بخەن و سفرە و خواردن برازێننەوە!"

فەرمانی بە ژنانی وەزیران دا کە چۆڵی مەکەن و لەسەر خوانی ئەو بن... دواتر سفرە راخرا... گۆشتی سورەوەکراوی "قەل"و "مریشك"ی لەسەر دانرا. سەرەڕای میوانی سەرانی.... گۆرانی بێژان و سەماکەران ئامادە کرابوون. کەنیزەکانی مۆسیقا زانانی کۆشکیش لەگەڵیاندا ئاهەنگیان گێڕا.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٦٨

کە تاریك داهات. هەر لە قەڵاوە، تاکو بەردەرگای کۆشك، بەڕاست و چەپدا مۆم داگیرسا... میران و وەزیران ئاهەنگیان جێ هێشت و چوونە بەردەم شرکان. پیرۆزباییان لێکرد. کە ماڵ چۆڵ بوو. شرکان چووە گەرماوەوە پاك و خاوێن خۆی شت. کەنیزەکان و گۆرانی بێژان و ژنان دەستی نوزهەتولزەمانیان گرت.... تا بیبەن بیرازێننەوە. سەرنجیان دا، هێندە شۆخ و شەنگ بوو، پێویستی بە رازاندنەوەی فرە نەبوو! ئەمجا شرکان ٧ خەڵاتی پێشکەش بە بووکەخان کرد.

کە ڕۆژ بووەوە شرکان لە سەر تەختی شاهانە دانیشت. پیاوانی دەوڵەت و دۆستانی زاوا هاتنە پیرۆزبایی. ئەمجا شرکان نووسەری دەرباری بانگ کرد نامەیەکی بۆ بنووسێت و

ڕەوانەی لای خەلیفە عومەری کوڕی نوعمانی باوکی بکات. تیایدا باسی کڕینی کەنیزەکەکە بکات و تیایدا بنووسێت کە زۆر زانایە و هونەرمەندە و لە هەموو زانستەکاندا شارەزایە. وە مارەی کردووە و سکی لێی هەیە. هەر دەبێت سەردانتان بکات و زەوئولمەکانی برای و نوزهەتولزەمانی خوشکی ببینن. سڵاوی هەیە بۆ خوشك و براکانی و .... بۆ دندانی وەزیر. بۆ هەموو میران و سەرانی دەوڵەت. ئەمجا بەمۆری شاهانەی خۆی مۆری کرد و ڕەوانەیان کرد. نامەکە مانگێکی پێچوو. ئەمجا وەڵامی نامەکە هاتەوە. دایانە دەستی شا و خوێندیەوە لە نامەکەدا، دوای بسم الله نووسرابوو:

"لە کەسێکی دوو منداڵ ون بووەوە لە خەلیفەی عومەری کوڕی نوعمانەوە بۆ شرکانی کوڕی: ئەوە بزانە دوای ڕۆیشتنی تۆ، دنیام لێ بوو بە چەرمی چۆلەکە! ئارامم لەبەر هەڵگیرا... نەم توانی ئەم نهێنیە، پەنهان بکەم. ئەویش بە هۆی چوونە ڕاو و شکارمەوە بوو. مانگێك ماڵم جێ هێشت. کە گەڕامەوە، بۆم دەرکەوت، کە برا و خوشکەکەت هەندێ پارەیان بردووە و لەگەڵ حاجیاندا... بە دزی منەوە چوون بۆ حەج. منیش پەژارەیەکی زۆرم خوارد و ناچار چاوەڕێی حاجیانم کرد. بەڵکو ئەوانیان لەگەڵدا بن. کە هاتنەوە پرسیارم کرد نەیان بینی بوون. ئیتر بێ ئومێد بووم و ڕەشم پۆشی! بادەی خەمم نۆشی. ئەمەم نووسی:

| | |
|---|---|
| خەیاڵیان ساتێ لە دڵ دەرناچێ...... | لە سینە و مێشکما... گرتوویانە: جێ! |
| هیوای بینینی ئەوان: نەیکوشتووم | دەنا... بووبوومە: خۆڵی ژێری پێ ! |

دەزانم چاوپۆشی ناکرێت لەم کارەساتە و شوورەیی هێنەرە! بەڵام هیچم بۆ ناکرێت!!"

شرکان خەمێکی زۆری بۆ باوکی خوارد. بەڵام پێی خۆش بوو، خوشك و براکەی ون بوون....!! نامەکەی هەڵگرت وبردی بۆ لای نوزهەتولزەمان. بێ ئەوەی بزانێت کە خوشکی خۆیەتی. نوزهەتولزەمان ۹ مانگ و نۆ ڕۆژی تەواو بوو، خوا کچێکی دایە ئەمجا ناردی بە شوێن شرکاندا. کە هات پێی وت:

"ئەمە کچی خۆتە و خۆت ناوی بنێ."

ئەویش وتی:

"وا باوە، کە دەبێت منداڵ حەوتەی بچێت ئەمجا ناو دەنرێت."

بە سەر کچەکەیدا نووشتایەوە و ماچی کرد. کە ڕوانی ملە گۆیەکی لە ملدایە، لەو ۳ گۆیە بوو، کە شازادە ئیبریزە لە وڵاتی ڕۆمەوە هێنابووی. کە سەیری مەلگۆکەی ملی کچەکەی کرد. ژیری لە سەردا نەما. چاوانی بە گێژەوە چوون. زۆر تووڕە بوو چونکە جوان جوان ملەگۆیەکەی ناسیەوە. ئەمجا سەیرێکی نوزهەتولزەمانی کرد و پرسی:

"ئەم ملەگۆیەت لە کوێ بوو؟" ئەی کەنیزەکەکە؟"

ئەویش وتی:

"من خاتوونی تۆ و ، هەموو دانیشتوانی کۆشکم، شەرم ناکەیت پێم دەڵێت: کەنیزەك!!؟
لە کاتێکدا من کچە پاشام ئێستا هەموو شتەکان کەوتوونە روو..... من نوزهەتولزەمانی کچی شاعومەری کوڕی نوعمانم."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٦٩

## یەکتر ناسینەوەی شرکان و نوزهەتولزەمانی خوشکی

شەهرەزاد وتی: کە شرکان بەمەی زانی، جەستەی کەوتە لەرزین و سەری داخست و دواتر بوورایەوە...! کە بە ئاگا هاتەوە زۆر سەری لەم کارە سوڕما...!! بەڵام نەیهێشت بزانێت.... کە برایەتی...پرسی:

"خانم تۆ کچی شا عومەری کوڕی نوعمانی!؟"

ئەویش وتی:

"بەڵێ".

ئەمجا وتی:

"ئێستا باسی دابڕانی خۆت و کەنیزەکەکەتم بۆ بگێڕەوە."

ئەمجا نوزهەتولزەمان.... لە نووکەوە تا کۆتایی بۆی گێڕایەوە. پێی وت:

"کە براکەی لە شاری قودس جێ هێشتووە. چۆن دەشتەکییەك هەڵی گرتووە!؟ دواتر فرۆشتوویەتی بەو بازرگانە!؟"

ئیتر شرکان بۆی روون بووەوە کە: ئەمە خوشکی خۆیەتی بەڵام لە باوکییەوە. لە دڵی خۆیدا وتی:

"جا... چۆن دەبێت خوشکی خۆم مارە بکەم!!؟ چارەی هەر ئەوەیە: لە کۆیلەیەکی خۆمی مارە بکەم! گەر شتێك دەرکەوت ئەوا.... دەڵێم. تەڵاقم داوە و دواتر لە یەکێك لە کۆیلەکانی خۆم مارە کردووەتەوە."

ئەمجا زۆر بە داخ و خەفەتەوە سەری بڵند کردەوە و وتی:

"نوزهەتولزەمان تۆ خوشکی راستەقینەی منی!! پەنا بە خوا لەم گوناهەی کە بێ ئاگایانە تێی کەوتین.... منیش شرکانی کوڕی شا عومەری کوڕی نوعمانم!!!"

خوشکە کە ئەمەی بیست کەوتە لە خۆ دان و قژ رنینەوە، ئەمجا بوورایەوە. کە بە ئاگا هاتەوە وتی:

"لاحول و لاقوە الا بالله. گوناهێکی گەورەمان کردووە.... چارەمان چییە؟ چی بە دایك و باوکم بڵێم...!؟"

شركان وتی:

"پێم باشە لە پیاوێكی خۆمت مارە بكەمەوە. منداڵەكەم لای ئەو بەخێو بكە. بە شێوەیەك كەس نەزانێت تۆ خوشكی منی... قەدەری خوا وابووە. ئەمەش تەنیا چارەمانە!"

ئەمجا سەری ماچ كرد و كەوتە لاوانەوەی. نوزهەتولزەمان لێی پرسی:

"كچەكەت ناو دەنێیت چی؟"

ئەویش وتی:

"ڕێكەوت."

شەهرەزاد هەستی كرد شەو درەنگ بووە.............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ٧٠

شەهرەزاد وتی: خوشكەكەی لە دەرگاوانی خۆی مارە كرد و لەگەڵ ڕێكەوتی كچیدا ناردیەوە ماڵی دەرگاوان.... ئەمجا كەنیزەكەكانیش كەوتنە بەخێو كردنی ئەو كچە ساوایە. ئەمیان ئەمە حاڵی بوو. زەونولەكانیش هەر لە لای "توونچی"یەكە بوو..... لە شاری دیمەشق. ڕۆژێكیان شركان نامەیەكی بۆ هات لە لایەن باوكیەوە كە دوای "بسم الله الرحمن الرحیم"تیا نووسرابوو:

"كوڕم لە تاسەی ناڵەكانم دا، خووم بە خەم داوە.... خەو لە چاوانم تۆراوە كە ئەم نامەیەت پێگەیشت. داهاتی ساڵانەی شاری خۆت بنێرە و لەگەڵیدا، ئەو كەنیزەكەی كە مارەت كردووە و وەصفی ژیری و شارەزاییت لە نامەكەدا بۆ كردبووم بۆم بنێرە زۆر حەز دەكەم بیبینم و قسەم بۆ بكات. منیش لە وڵاتی ڕۆمەوە پیرەژنێكی هەر زۆر چاك و زیرەكم بۆ هاتووە... كە ٥ كەنیزەكی لەگەڵدایە.... هەموویان شارەزای ئەدەب و فەلسەفە و زانستن. بەراستی زمان لە وەسفیاندا لاڵە...! كە ویستم پیرەژنە و ٥ كەنیزەكەكە بكڕم خاوەنی داوای داهاتی شاری دیمەشقیان .... لێم كردووە!! جا.... بە پەلە داهاتی ئەمساڵی دیمەشق بنێرە.... با بیان كڕم...! تۆیش كەنیزەكەكەی خۆت لەگەڵ داهاتەكەدا بنێرە با پێشبڕكێیان پێ بكەم. حەز دەكەم بۆ خۆم بن. چونكە هیچ پاشایەكی تر.... لەم جۆرە كەسانەیان نییە!! بۆیەش بە هەرزانم زانی و كڕیمن. ڕەنگە هەر كەنیزەكێكیان بایی داهاتی دیمەشق بێت. پەلە بكە لە ناردنی داهاتی دیمەشقدا، تاكو بیدەمە پیرەژن و ئەویش بڕوات ٥ كەنیزەكەكەم بۆ بهێنێت و ببنە هی خۆم.... ژنە كەنیزەكەیشت بنێرە.. با لەگەڵ پیرەژندا ڕووبەڕووی بكەمەوە. ئەگەر كەنیزەكەكەی لای تۆ لە مانەی لای منی بردەوە.... ئەوا هەموویانت بە دیاری دەدەمێ. داهاتی بەغدایشت بۆ دەنێرم."

كە شركان ئەمەی خوێندەوە ناردییە شوێنی دەرگاوانەكەی و وتی:

"ژنەکەتم بدەرەوە."

کە خوشکەکەی بۆ گەڕایەوە، نامەکەی باوکی پیشان دا و پرسی:

"تۆ دەڵێیت چی!؟"

خوشکەکەی وتی:

"بڕیار بە دەست تۆیە. بەڵام منیش بیری نیشتمانی خۆم دەکەم و بیری کەس و کارم دەکەم تۆ.... دەرگاوانی مێردیشم لەگەڵم بنێرە. با منیش باسی خۆمیان بۆ بکەم. باسی فڕاندنی خۆمی بۆ بکەم، کە ئەو دەشتەکییە بردمی و فرۆشتمیەوە بە تۆ. تۆیش دوای ئازاد کردنم مارەت بڕیم لە دەرگاوانەکەت."

شرکانی برای وتی:

"چۆنت پێ باشە وا بکە."

ئەمجا شرکان رێکەوتی کچی دایە دەست "دایەن"و خزمەتکاران، تاکو بەخێوی بکەن بۆی. ئەمجا داهاتی ساڵانەی شاری دیمەشقی ئامادە کرد و باروبارخانەی لەگەڵ نوزهەتولزەماندا رەوانەی بەغدا کرد. ۲ کەژاوە، ئامادە کران یەکێکیان بۆ کەنیزەکەکە و ئەویتر بۆ دەرگاوانی مێردی بە جیا. گۆیەکەشی لە دایکی سەند و کردیە ملی کچۆڵەکەی، دوای ئەوەی زنجێری زێڕی بۆ کرد.

## شەوی ۷۱

## چیرۆکی سەفەری زەوئولمەکان و توونچی بۆ بەغداد

شەهرەزاد وتی: هەر ئەو شەوە کاروان کەوتە رێ. لەولایشەوە زەوئولمەکان و توونچی لە تارمەکەوە سەیری خوارەوەیان دەکرد. کاروانی وشتر و هێستریان بینی. فانووس و چرایان بینی. زەوئولمەکان پرسیاری ئەو کاروانەی کرد.

پێیان وت:

"ئەوە داهاتی دیمەشقە بۆ شا عومەری کوڕی نوعمان خاوەن بەغدای دەبەن."

ئەمجا پرسی:

"سەر قافڵەچی کێیە؟"

وتیان:

"گەورە دەرگاوانی مێردی کەنیزەکە زاناکەیە."

کە ئەمەی بیست ئەمیش دایك و باوك و وڵاتی خۆی بیر کەوتەوە و بە گریانەوە بە توونچی وت:

"توانای مانەوەم لێرە نەماوە..... لەگەڵ ئەم کاروانە ..... وردە وردە رێ تا دەگەمەوە وڵاتی خۆم."

توونچی وتی:

"من چاوم بەرایی نەدەهات بە تەنیا رەوانەی قودست بکەم و بۆ دیمەشق چۆن بێخەم بەم؟ لە چوونت بەرەو بەغدا؟ بۆیە تاکو بەغدایش لەگەڵت دێم."

زەوئولەکان وتی:

"سەرچاوم دێیت!"

ئەمجا توونچی شتومەکی کۆ کردەوە و گوێرێژی بۆ ئامادە کرد. هۆڕی پڕ لە خواردن کرد و خستییە سەر پشتی کەرەکە. چاوەڕێیان کرد تا دەرگاوان سواری هێسترەکەی بوو، خزمەتکاران بە دەوریدا، ئیدی زەوئولەکان سوار بوو، وتی:

"تۆش لە پاشکۆمەوە سوار بە."

ئەویش وتی:

"لە پەزێراییتدا دەبم، بەڵام سوار نابم.!"

ئەمجا وتی:

"کە ماندوو بووم، سوار دەبم."

زەوئولەکان وتی:

"با بگەمەوە نیشتمانی خۆم... ئەوسا بۆت دەردەکەوێت چۆن پاداشتت دەدەمەوە؟"

کەوتنە رێ تاکو رۆژ بووەوە. ئیدی کاتی حەوانەوەی کاروانیەکان و دەرگاوان هات. فەرمانی حەوانەوەی دا. دوای ئاودانی وشترەکان و حەوانەوە دیسان فەرمانی بار کردن و رۆیشتنی دا. ٥ رۆژ بەرێوە بوون ئەمجا گەیشتنە شاری "حەما". لەوێش بۆ ٣ رۆژ لایان دا و حەوانەوە. ئەمجا کەوتنەوە رێ و گەیشتە شاری دیاربەکەر. ئەمجا شنەبای بەغدا لێی دان. زەوئولەکان خوشکەکەی بیر کەوتەوە. کەوتەوە گریان و ناڵان. ئەم شیعرەی هاتە سەر زمان:

چ ئارامم گرت و هەر چاوەڕێ بووم
تاسەی هەواڵ و هی خەبەرێ بووم
ماوەی یەك بینین: کە ئەستەم دەبوو
خۆزگە، دابڕان عومری کەم دەبوو
وەرن تەماشای لەش و لارم کەن
زەرد و لاوازی و گیان بە بارم کەن

توونچی وتی:

"واز لەم گریانە بێنە..... چونکە لە دەواری دەرگاوانەوە نزیکین!"

زەوئولەکانیش وتی:

"پێویستە، شیعر بڵێم تاکو گڕی سینەم دامرکێنمەوە."

توونچی وتی:

"تووخوا.... كوڕی خۆم واز له خەم و پەژاره بێنه.... تاكو دەگەڕێیتەوه وڵاتی خۆت... ئەوەتا.... منیشت لەگەڵم."

ئەویش وتی:

"بەخوا.... به دەست خۆم نییه!"

به لای شاری بەغدادا لای كردەوه .... بینی مانگەشەوه. لەولایشەوه نوزهەتولزەمانیش خەوی لێ نەدەكەوت..! بیری براكەی دەكرد و دەگریا. كاتێكی زانی هەمان دەنگ ئەم شیعرەی وت:

به رقی یەمەنی بریسكایەوه — تاسەی تۆی بیر هێنایەوه
ئەی هاوڕێكەی كه پێكەوه — "مەی"یت بۆ من هێنایەوه
ئەی بریسكەی بروسكه — جارانمان بێنه كایەوه
گلەییم هەرگیز لێ مەكه — بووم به تووش ئەم بەڵایەوه
كه ئاوا... خۆشەویستەكەم — ڕۆیشت و سەری نایەوه
تەمەنم ئاوا... بەسەرچوو — بەختیاریم بۆ.... نەمایەوه
شەرابی خەمی پێدام و — ڕێژنەی فرمێسك به دوایەوه
هاوڕێ.... كارێكت پێ كردووم — وەك پووشم به دەم بایەوه
زەمانه پشتم تێ مەكه — به تۆ.... دڵم بووژایەوه
خۆشی... خۆشی كه گونجام — بێخەم: فرێمی دایەوه
من كه هەژار و داماوم — كەسم نایه... ژێر سایەوه
ئێستاش له خەمدا: تاكم و — دەرگای خۆشیم نەكرایەوه
كاتێ ژینی ئێمه تاڵ بوو — زۆڵەكان هاتنه كایەوه

شەهرەزاد هەستی كرد شەو درەنگ بوو........ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٧٢

شەهرەزاد گێڕایەوه: كه زەوئولمەكان له شیعرەكەی بووه.... هاوارێكی كرد و بووڕایەوه. نوزهەتولزەمانیش ئەو شەوه خەوی لێ نەكەوت. چونكه براكەی بیر كەوتبووەوه كه گوێی لەو شیعرەش بوو، دڵی ئارام بووه و حەوایەوه بۆیه خزمەتكارێكی بانگ كرد. خزمەتكار پرسی:

"چیت دەوێت؟"

ئەویش وتی:

"برۆ ئەوەم بۆ بێنه كه شیعرەكەی خوێندەوه."

ئەویش وتی:
"نە گوێم لە شیعربووە و نە بۆم دەدۆزرێتـەوە. کی خوێندوویەتیـەوە!! ئێستا هـەموو نووستوون."
نوزهەتولزەمان وتی:
"هەر کەسێك بە خەبەر بوو ئەوە ئەو بووە."
خزمەتکار چووە دەرەوە دوای گەڕان، توونچی بـینی کـە بەخەبـەر بـوو، زەوئولـەکانیش بوورابووەوە. کە توونچییەکە خزمەتکاری بـە سـەر سـەریەوە بـینی لێـی ترسـا. ئـەمجا لێی پرسی:
"تۆ ئەو شیعرەت خوێندەوە، کە خاتوونەکەم گوێی لێبوو؟"
توونچی وتی:
"نە بەخوا..."
خزمەتکار پرسییەوە:
"ئەی کێ خوێندیەوە پیشانم بدە؟ چونکە تۆ نەنووست بوویت"
توونچی خەمی زەوئولەکانی بوو. لە دڵی خۆیدا وتی:
"دەترسم شتێك بەسەر زەوئولەکان بێنن!؟"
بۆیە وتی:
"نازانم!"
خزمەتکار وتی:
"بەو خوایە... درۆ دەکەیت. چونکە تەنیا تۆ نەنووست بوویت."
توونچی وتی:
"بەو خوایە، بە راستمە. ئەوەی شیعرەکەی خوێندەوە، رێبوارێك بوو. منیشی نارەحەت کرد! خوا تۆڵەی لێ بکاتەوە."
خزمـەتکارەش وتـی:"ئەگـەر دەزانیـت کێیـە، پیشـانم بـدە بـا بیبـەم بـۆ خاتوونەکـەم. ئەگەریش نا... ئەوە خۆت بیگرە و بۆمان بێنە."
توونچی وتی:
"بە چاوان."
ئەمجا گەڕایەوە لای خاتوونەکەی و پێی وت:
"دەڵێن... رەوتەنی بووە و رۆیشتووە."
ئیدی خاتوون بێدەنگ بوو.
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

# شەوی ٧٣

شەهرەزاد گێڕایەوە: زەوئولەکان، کە بە ئاگا هاتەوە، سەیری کرد مانگ بە ئاسمانەوەیە. شنەبای بەیانە. دیسان سۆزی کردەوە، قوڕگی پاك کردەوە.. ویستی شیعرێك بڵێت. توونچی هاواری لێ هەستا:

"ئەوە چی دەکەیت؟"

زەوئولەکان وتی:

"دەمەوێ بە خوێندنەوەی شیعر دڵنەوایی خۆم بکەم."

توونچی وتی:

"تۆ دەزانیت لەسەر شیعر: خەریك بوو: چیمان بەسەر بێت! بە هەزار حاڵ و ناڵی عەلی تاکو خزمەتکاری دەرگاوانم رازی کردووە........ کە وازمان لێ بێنێت!"

زەوئولەکان وتی:

"ئادەی پێم بڵێ چی بووە؟"

ئەویش وتی:

"هەر کە تۆ بێهۆش کەوتبوویت، بە تووڵێکی دار هەنارەوە هاتە سەرم دوای ئەوەی بە دارەکەوە بە سەر ئەو خەوتوانەدا گەڕابوو. هات و لێی پرسیم: کێ ئەو شیعرانەی خوێندووەتەوە؟"

چونکە من بەخەبەر بووم لە منی پرسی:

"منیش وتم:

"رێبوارێ بو بەم ناوەدا رۆیشت."

ئەمجا پێی وتم:

"ئەگەر ئەمجارە تووشی بوویتەوە، بۆمان بێنە."

کە زەوئولەکان ئەمەی بیست بە دەم گریانەوە وتی:

"کەس ناتوانێت... رێم لێ بگرێت من شیعری خۆم دەخوێنمەوە، چی دەبێت با ببێت."

توونچیش وتی:

"تۆ.... لە خۆڕا.. خۆت بە کوشت دەدەیت!"

ئەویش وتی:

"هەر شیعر دەخوێنمەوە!".

توونچی وتی:

"کەوابوو..... لە یەکتر جیا دەبینەوە. من دەمویست بە دایك و باوکت شادت بکەمەوە ئەوە ساڵ و نیوێکە تۆ لای منیت. تۆم پاراستووە ! ئاخر ئەو خەڵکە ماندوون و پێویستە بخەون."

زەوئولەکانیش وتی:

"لە قسەی خۆم پەشیمان نیم."

کەوتەوە خۆ لاواندنەوە:

برۆ هەواریان: بانگیان بکە.. بانگ ... بەلکو.... ئەمە خوا... ئەویش بێتە دەنگ

"بزوتك"ێ .... خێرا دابگیرسێنە ... چونکە: ئەو دنیای بۆتە: شەوەزەنگ

تاسەی ئەو هێندە عەجایب نییە ... دووری بۆ ئێمە: جەفەنگە... جەفەنگ

ئەی ئەو بەهەشتەی لێ دوور خراوم ... بۆ تۆیە کەوا: دڵم تەنگە.... تەنگ !

ئەمەیشی وت:

بە دڵی خۆمان سوورِا زەمانە ... کۆی کردینەوە ئەو نیشتمانە

ئەو شوێنەی زەوئولەکانی لێ بوو ... جێی خۆشی باش نوزهەی زەمانە

کە شیعرەکەی تەواو کرد ٣ جاران ناڵاندی و بێهۆش کەوت. توونچی جاجمێکی بە سەردا دا. کە نوزهەتولزەمان ئەم دێڕەی دوایی بیست باوك و دایك و براکەی بیر کەوتەوە. بەڵام کە بەیتی دووەمی بیست و ناوی خۆی و براکەی تیا بوو بە دەم گریانەوە بانگی کردە خزمەتکارەکەی:

"بەڵا لێت بدات... ئەوەی جاری یەکەم شیعرەکانی وت..... وا هەر ئەو ئێستا لە نزیکمانەوە شیعر دەڵێت: بەو خوایە..... هەر ئێستا بۆم نەهێنیت..... بە دەرگاوان دەڵێم تێرت تێ هەڵبدات دەرت بکات. ها...ئەم ١٠٠ دینارەی بدەرێ. بە روویەکی خۆشەوە... بی هێنە... ئەگەر هەر نەهات...توورەکەکە ١٠٠٠ دیناری تیایە هەمووی بدەرێ. ئەگەر هەر نەهات ... ئەوا ناوەکەی و خەڵکی کوێیە؟ چ کارەیە؟ ئەم زانیاریانەم بۆ بێنەوە. خێراکە.. زوو بگەرِێوە."

ئەمجا هەرِەشەی لێکرد:

"نەکەی بە دەستی خاڵی بگەرِێیتەوە."

ئەویش بە تووڵە دارهەنارەکەی دەستیەوە کەوتە گیانی نووستوانی نێو دەوارە و ئەوانەی دەرەوە کە هەموو نووستبوون تا گەیشتە لای توونچی، کە هەر ئەو بە خەبەر بوو. پرسی:

"تۆ بووی.. ئەو شیعرانەت خوێندەوە؟"

ئەویش وتی:

"نە بە خوا.... گەورەی هۆز... من نەبووم."

خزمەتکار توورِە بوو وتی:

"لە دەستم دەرناچی دەبێ هەر پێم بڵێی کێیە؟ چونکە منیش ناوێرم..... بە دەستی بەتاڵ بگەرِێمەوە..."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........... بێدەنگ بوو.

# شەوی ٧٤

شەهرەزاد وتی: توونچی زۆر لە زەوئولەکان ترسا. بۆیە بە کوڵ گریا. ئەمجا بە خزمەتکارەی وت:

"بەو خوایە... خۆم بووم و نە ئەو کەسەم بینیوە! بەڵام کابرایەکی رەوتەنیم بینی. من تووش مەکە، چونکە لە قودسەوە هاتووم."

کابرا فەرمانی دایە کە هەر ئێستا لەگەڵی بچێتە لای خاتوونەکەی و خۆی بۆی بگێڕیتەوە. چونکە هەر تۆ دەبینم.... بە خەبەر بیت!"

ئەویش وتی:

"تۆ برۆ... خەمت نەبێت: ئەمجارە هەر کەسێکم بینی شیعری خوێندەوە...... بۆت دەهێنم!"

ئیتر زۆری لێ پاڕایەوە و سەری ماچ کرد و دووری خستەوە. کەچی دیسان گەڕایەوە و خۆی لە پەنا درەختێکدا شاردەوە. چونکە نەی وێرا بە دەستی بەتاڵ بگەڕێتەوە. ئەمجا توونچی زەوئولەکانی بەخەبەر هێنایەوە و وتی:

"هەستە، تاکو چی روویداوە بۆت بگێڕمەوە!"

کە هەستا توونچی بەزمی خزمەتکارەکەی بۆ گێڕایەوە. ئەویش وتی:

"لەبەر ئەوەی لەنیشتمانەکەمەوە، نزیکم خەمی هیچم نییە!"

توونچی وتی:

"لەبەرچی وا شەیتان چووەتە کەللەتەوە.؟ ئاوا .... لە کەس ناترسیت!؟ کەچی من لە تۆ و لە خۆیشم دەترسم!! بۆ خوا .... ئیدی شیعر مەخوێنەوە تا دەگەیتەوە وڵاتی خۆت. ئاخر ژنی دەرگاوان وا دیارە سەری بە شیعرەکەت........دەئێشێ...! رەنگە نەخۆشی بووبێت، یان خەوی زڕابێت. بۆیە بۆ دووەم جار ناردیەوە بەشوێنت دا."

زەوئولەکان هەر وەکو ئەوەی هیچی نەبیست بێت، دەستی بە خوێندنەوە کردەوە:

| | |
|---|---|
| هەر کەس هەڵدەستێ بە جۆرێ | گلەیی دەکا و لێمان دەتۆرێ |
| بەهانەی چییە؟ بۆمان دەگەڕی | گەر: سەری نەخورێ: لە شەڕ و شۆڕێ |
| ئاژاوەگێڕان: هەر کە پرسیان: | وتم: بۆ خاکە کە دێمە گۆڕێ |
| وتیان: کامەیان: خۆشترینیانە؟ | وتم: ئەو کەسەی کە: دڵ نەگۆڕێ |
| وتیان: هیچ کاتێك پێی مەزن نەبووی | وتم: خۆ پێشی نەبووم سەر شۆڕێ |
| وتم: هەر نابێت کە لێی دابڕێم | مەگەر ئەو دەمەی دەمخەنە گۆڕێ |
| گوێ بەو کەسەش نادەم: | هەوڵ بات.. عەشقم داچۆڕێ |

خزمەتکار کە خۆی لێیان شاردبووەوە گەیشتە سەریان.... کە توونچی خزمەتکارەکەی بینی هەڵات...! لە دوورەوە چاودێری زەوئولەکانی کرد. خزمەتکارەکەی وتی:

"السلام عليكم."

ئەميش وتى:

"سلاو و لە ئێوەش"

ئەمجا خزمەتكار وتى:

"گەورەم ئەمە جارى سێيەمە، پێمە لاتان: خاتوونەكەم، داواى بينينى ئێوە دەكات."

ئەويش وتى:

"ئەمە كێيە، دەيەوێت بم بينێت!؟ لەعنەت لەخۆى و مێردەكەى."

ئەمجا كەوتە جنێو دان بە خزمەتكارەكەيش، ئەويش ئامۆژگارى كرابوو، كە دەبێت بە زمانى شيرين لەگەڵيا رەفتار بكات. بەڵكو بە قسەى بكات. كە نەهات ١٠٠ دينارى بداتێ. بۆيە خزمەتكار بە نەرمى لەگەڵيدا جووڵايەوە و پارەكەى پێ بەخشى. ئەمجا وتى:

"گەورەم فەرموو........ تا بچينە لاى خاتوونەكەم. هەندێك پرسيارت لێ دەكات.... دواتر دێيتە دەرەوە! خەڵاتێكى باشيشت دەكات."

ئەويش شوێنى كەوت و "توونچى"بە دوايانەوە! لە دڵى خۆيشيدا ... دەيوت:

"داخى گرانم بۆ گەنجييەكەى! چونكە سبەينێ دەيكوژن...!"

كە برديانە دەوارەكەوە توونچى لەدڵى خۆيدا وتى:

"تۆ بڵێى.... هێنده نەمەك بە حەرام بێت: بڵێت.... توونچييەكە: شيعرەكەى خوێندووتەوە!؟"

ئەمجا خزمەتكار چووە لاى خاتوونەكەى و وتى:

"خانم... ئەوەى داوات دەكرد، ئامادەم كردووە! گەنجێكى شۆخ و شەنگە و لەبەگزادە دەچێ!!"

كە نوزهەتولزەمان ئەمەى بيست، كەوتە دڵە كوتە وتى:

"پێى بڵێ هەندێ لەو شيعرانە لە نزيكەوە بخوێنێتەوە. باگوێم لێ بێت.... دواتر ناوى دەپرسم و دەپرسم خەڵكى كوێيە؟"

خزمەتكار لە پەردەوە هاتە دەر و وتى:

"هەندێ شيعر بڵێ... خانمەكەم لەو ديو پەردە گوێى گرتووە.... دواتر ناوى خۆت و ولاتەكەت بڵێ."

زەوئولەكان وتى:

"بە چاوان بەلام بەسەرهاتەكەم سەرەتا و كۆتايى نييە!! تاكو باس بكرێت. خۆيشم وەكو سەرخۆش وام... ئاگام لەخۆم نييە... تاكو بيگێڕمەوە.

شەهرەزاد هەستى كرد شەو درەنگ بوو........... بێدەنگ بوو.

# شەوی ٧٥

## بەسەرهاتی پێك شاد بوونەوەی زەوئولەکان و نوزهەتولزەمان

شەهرەزاد وتی: کە نوزهەتولزەمان ئەمەی بیست، دایە پرمەی گریان و بە خزمەتکارەکەی وت:

"لێی پرسە، ئاخۆ.. لە دایك و باوکی خۆشەویستی دابڕاوە؟"

خزمەتکار ئەوەی لێ پرسی و ئەویش لەوەڵامدا وتی

"بەڵێ...! لەو خۆشەویستانە و ...... بە تایبەتی خوشکەکەم!"

نوزهەتولزەمان بێ دەنگ بوو.... دواتر وتی؟:

"پێك شاد بوونەوەتان... ویستی خوا بێت."

ئەمجا وتی:

"کەوابوو.... چەند شیعرێك لە تاسە و سۆزی کەس و کار و نشتمانەکت بخوێنەوە."

ئەمجا بە دەم هەناسە هەڵکێشانەوە....... بەم جۆرەی لاوانەوە:

دەڵێی "هیند"یانی پیادا چووە: دۆڵ — وا گرتوویەتی: بۆنی "میسك"خۆڵ

سڵاو لە دڵدار، لەو رەز و باخەی — تێیدا: عاشقان خەمیان کردە کۆڵ

وەرە لە دڵی من پرسیار بکە.... — تا سۆزی دەرخات: بە بێ گرێ و گۆڵ

خوا.... هەوری رەشی: بە چەخماخەوە — نارده گیان: نوزهەتەلزەمانی کلۆڵ

نوزهەتولزەمان ئەمەی بیست خۆی پێ نەگیرا و دامێنی پەردەکەی هەڵدایەوە! تاکو ئەو لاە ببینێ! وردتر سەرنجی دا. ئەمجا هاواری کرد:

"زەوئولەکان برام!!."

کە ئەویش خوشکەکەی بینی. ناسییەوە هاواری کرد:

"نوزهەتولزەمانی خوشکم!!"

هەر دوکیان باوەشیان بە یەکدا کرد و بە سەریەکدا بوورانەوە. کە خزمەتکارەکە ئەمەی بینی، سەری سوڕما. چوو، جاجمێکی هێنا و دای بەسەریاندا. چاوەڕێی کردن... تا... بە ئاگا هاتنەوە. ئەمجا جارێکی دی، باوەشیان بە یەکدا کرد و سوپاسی خوایان کرد.

ئەمجارەیان نوزهەتولزەمان.... ئەمەی هاتە سەر زمان:

زەمانە: باکی لەکوشتن نییە — هەر بۆیە: حەقی لێبووردن نییە!!

کە برام پشت و یارمەتی دەربێ — ترسم، لەخۆم و لە مردن نییە

کە زونولەکان ئەمەی بیست.... خوشکەکەی بە سنگەوە گرت....ئەم شێعرەی وت:

بۆ دڵی تەنگ و پەژارە یەکین — تۆ ورەت بەرزە و ئێمەش بێ چەکین

تۆ له هەڕەشەی مێملّ دەترسی منیش یەکپارچە، دەبمە گڕ و ڤین
لەدەرگای محفەکەدا سەعاتێك دانیشتن ئەمجا نوزهەتولزەمان وتی:
"وەرە با بچینە ناو کەژاوەی دەوارەکەوە. چیت بە سەرهاتووە: بۆم بگێڕەوە....منیش بە سەرهاتی خۆمت بۆ دەگێڕمەوە."
کە چوونە ژوورەوە، زەوئولەکان وتی:
"یەکەمجار تۆ بەسەرهاتی خۆت بگێڕەوە."
خوشکەکەی هەر لەو کاتەوە، لە خانەکەوە "ئوتێل"چووە دەرەوە دواتر دەشتەکی فڕاندی ئەمجا بازرگان لێی کڕیەوە، دواتر بازرگانیش بردی بۆ لای "شرکان"ی برای و پێی فرۆشتەوە، چۆن شرکان هەر کە کڕیەوە ئازادی کرد. دواتر مارەی کرد. ئەمجا باوکی هەواڵەکەی بیستەوە. ناردیە شوێنی ئەمجا وتی:
"سوپاس بۆ خوا... بە یەکی شاد کردینەوە..... چۆن پێکەوە لە ماڵ دەرچووین... هەروایش پێکەوە دەگەڕێینەوە ماڵ."
ئەمجا وتی:
"شرکان بۆ ئەوەی ئەم دەرگاوانە من بگەیەنێتە ماڵی باوکم... لێی مارە کردم.... ئەمە هەواڵی من.... ئەی بەسەرهاتی تۆ چۆن بووە؟"
ئەویش بەسەرهاتی خۆی گێڕایەوە. کە چۆن نەخۆش کەوت و توونچی بردیەوە ماڵی خۆی و پارەیەکی زۆری تیا خەرج کرد. ئەمجا شوێنی کەوت: تا ئێرە. وتی:
"خوشکێ.... توونچی کارێکی وای.... لەگەڵ کردووم... برا لەگەڵ برای ناکات! لەدەمی خۆی دەگرتەوە.... دەیدا بە من .... خۆی بە پێ دەڕۆیشت و منی بە سواری دەبرد." ،
ئەمجا نوزهەتولزەمان خزمەتکارەکەی بانگ کرد و پێی وت:
"ها.... ئەوە مژدانەکەت... چونکە لە سەر دەستی تۆدا... بە براکەم گەیشتمەوە. توورەکە پارەکە، هەمووی بۆ خۆت دە.... بڕۆ، ئاغات بانگ بکە."
ئەویش بە شادیەوە، ڕۆیشت و هێنای. کە چووە ژوورەکەی نوزهەتولزەمان سەیری کرد براکەی لایەتی.... بەخێرهاتنی کرد. کەپرسیاری لێکرد، بەسەرهاتی خۆی بۆ ئەویش گێڕایەوە...ئەمجا نوزهەتولزەمان رووی لە دەرگاوان کرد و وتی:
"ئەوەش بزانە.... کەنیزەکەت مارە نەکردووە کچی شا عومەری کوڕی نوعمانت مارە کردووە. ئەمەیش زەوئولەکانی برامە."
کە دەرگاوان ئەو دیمەنەی بینی، دڵی یەکلایی بووەوە، کە زاوای شا عومەری کوڕی نوعمانە. لە دڵی خۆیدا وتی:
"لەمەودوا، چاوەڕێی ئەوەم، پاشا منیش بکاتە: میری هەرێمێك لە وڵاتدا."

ئەمجا زەونولەکانی ماچ کرد، سوپاسی خوای کرد کە سەلامەت بووە و بە خوشکەکەی شاد بووەتەوە. فەرمانیشی دا کە دەوارێکی تایبەتیان بۆ هەڵبدەن و ئەسپێکی شایستەی پێشکەش بکەن.

خوشکەکەی هەڵیدایە:

"نا....نا... من حەز دەکەم، لە دەواری خۆمدا بێت و با... تێر لە یەك بخۆین، دەزانی دەمێکە ئەم برایەی خۆم نەدیووە!؟ ئێستاش لە وڵاتی خۆمانەوە نزیکین."

دەرگاوان وتی:

"فەرمان....فەرمانی خۆتانە."

کە چووە دەرەوە شیرینی و ٣ بوخچە بەرگی بۆ زەونولەکان نارد. ئەمجا بەرەو تەختەرەوانەکە چوو. خوشکەکەی پێی وت:

"خزمەتکارەکە بانگ بکە، بینێرە با... توونچییەکە، بهێنێت و ئەسپێکیش بداتێ با سفرەیشی بۆ برازێننەوە. پێشی بڵێن با لێمان دوور نەکەوێتەوە."

ئەمجا ئەویش فەرمانی دایە... خزمەتکار وتی:

"بە چاوان......."

پاسەوانانی لە تەك خۆیدا برد و بە شوێنیدا گەڕان تاکو دۆزیانەوە. کە سەیر دەکەن: قامچی لە کەرەکەی ژێری دەدات. بۆ ئەوەی غار بکات و دوور بکەوێتەوە!! چاوانیشی بە فرمێسك بوون. لە ترسی خۆی دوور کەوتنەوەی لە "زەونولەکان". لەبەر خۆیشیەوە دەیوت:

"ئای... چەندم ئامۆژگاری کرد!!؟ هەر بە قسەی نەکردم!!؟ ئاخۆ... ئێستا چی بەسەر هاتبێت."

لە پڕ پاسەوان چوار دەوریان گرت...!

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٧٦

شەهرەزاد وتی:"کە توونچی....... خزمەتکارەی بینی و ئەو هەموو شمشێر بە دەست چوار دەوریان گرتووە رەنگی زەرد هەڵگەڕا و وتی:

"دیارە... بە چاکەکانی زانیوم بۆیە منیشی کردۆتە هاوبەشی تاوانەکەی!!"

خزمەتکار، شیڕاندی بە سەریدا:

"کێ بوو، بەو شیعرانە.. دەیلاواندەوە.... درۆزن!؟ چۆن وێرات بڵێی من ئاگام لەو شیعرانە نییە و هاورێکەشت بوو، دەیخوێندەوە!؟ لەبەر ئەوە... تاکو بەغدا دەبێت لەگەڵمان بیت. چیمان لە هاورێکەت کرد... وایش لەتۆ دەکرێت!! "

کە ئەمەی بیست ترسەکەی زۆرتر بوو. هاواری کرد:

"ئەمە.... ئەو رۆژەیە.... کە لێی دەترسام!"

لەبەر خۆیەوە ئەم شیعرەی وت:

خۆم بە خۆمم کرد تیربارانم کەن    وێڵ و ئاوارەی ناو شارانم کەن

ئەمجا خزمەتکار بە پاسەوانانی وت:

"لەسەر پشتی کەرەکەی بهێنە خوارەوە!"لە ژێرەوەش رایسپاردن، کە نابێت: موویەك لەسەری بێتەوە..! دەبێت رێزی بگرن. کە توونچی ئەو هەموو خەڵکەی بە دەوریەوە بینی رووی کردە خزمەتکارە و وتی:

"ئەی سەرۆك نە من برای ئەوم و نە خزمیشمە!! من کابرایەکی توونچیم. ئەوم لەسەر سەلوێنك و بە نەخۆشی دۆزیەوە."

لەگەڵ خۆیان بردیان، ئەویش هەزاران جۆر بیری لێ کردەوە! لەو لایشەوە: هەر خزمەتکار بوو: جار و بار پێیان دەوت:"

ئەوە رۆحی خۆت لێ زیاد بوو..... ئاوا بە شیعر خوێندنەوە، خۆت و ئەو لاوەت تووش کرد!!؟"

بە دزیشەوە پێی پێ دەکەنین. هەر کە گەیشتە لای دەوارەکە........ سفرەیان بۆ رازاندەوە و خواردنیان بۆ دانا. ئەمجا خزمەتکار و توونچی پێکەوە نانیان خوارد. سەرۆك داوای شەربەتی کرد، دوای خۆیشی دەرخواردی توونچی دا. بەڵام ئەمانە، ترسی توونچیان نەڕەواندەوە. سەرۆك پاسەوانان پێیەکی لای زەوئولەکان بوو، پێیەکەی تری لای توونچی بوو. خوشك و برایش، دەردە دڵیان بۆ یەك دەکرد. کاروان بە رێوە بوو. نزیکەی سێ رۆژیان مابوو بگەنە وڵاتی خۆیان. ئێوارە دەرگاوان خستی بۆ حەوانەوە. کە رۆژ بووەوە، کەوتنەوە بارکردن وخۆ پێچانەوە. ئەمان لەمەدابوون سەیریان کرد تەپ و تۆز بڵند بووەوە. دنیا تاریك بوو. دەرگاوان کە سەرقافڵەچی بوو.... بانگی کرد. بار مەکەن.... بووەستن!! خۆی و پیاوانی سوار بوون و کەوتنە غاردان، بەرە و تەپ و تۆزەکە. کە نزیك بووەوە سەری سوڕما! سوپایەکی فرە! ئاڵا و بەیداخ و کەڕەنا لێدان! کە سوپاکە ئەمانیان بینی ٥٠٠ شمشێر بەدەست هاتن و چوار دەوری ئەمانیان دا.....! بە شێوەیەك هەر سوارێکی دەرگاوان ٥ سوارەی ئەو سوپایەی بە دەورەوە بوو. دەرگاوان پرسی:

"هەواڵ چییە؟ ئەمانەی.. کە ئاوامان بە سەر دێنن.... لە کوێوە هاتوون؟"

ئەوانیش لێیان پرسی:

"تۆ کێیت؟ لە کوێوە هاتوویت؟ بۆ کوێ دەچیت؟"

ئەویش وتی:
"من خەزنەداری شا شرکانی کوڕی شا عومەری نوعمانم. "داهات"ی ساڵانەی شاری "دیمەشق"م پێیە و دەیگەیەنمە بەغدا."
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........... بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٧٧

### بەسەرهاتی "دندان"ی وەزیر و مردنی شا عومەر

شەهرەزاد وتی: کە ئەمەیان بیست.... بە دەستەسرِ دەم و چاویان داپۆشی و بەگریانەوە وتیان:
"شا عومەری کوڕی نوعمان ژەهرخواردوو کرا و مرد...! تۆیش: فەرموو بێخەم بە.... بچۆ بۆ لای "دندان"ی سەرۆك وەزیران..."
کە خەزنەدار ئەمەی بیست زۆر گریا... وتی:
"رەنج بە خەسار خۆمان بۆ ئەم سەفەرەی کردمان."
بە دەم گریانەوە تێکەڵی سووپا گەورەکە بوون. ئەمجا فەرمانیان لە سەرۆك وەزیران وەرگرت بۆ بارخستن و دەوار هەڵدان و حەوانەوە. دوارێکیان بۆ وەزیر هەڵدا. ئەویش سەکۆیەکی لە ناوەڕاستی دا رازاندەوە. کە لە سەر سەکۆکە دانیشت. هەواڵەکەیان پێدا. جارێکی دی بە بیستنی ناوی شا عومەری نوعمان دەستی کردەوە گریان. دانیشتوانیش لە سەر جێ نشینی تەختی پاشایەتی رێك نەدەکەوتن و شەڕی ناوخۆ لە گەشەدا بوو. ئەوەی بووە هۆی بێدەنگ بوونەوەی رەمەکی خەڵکەکە وتاری ٤ قازییەکە بوو. دانیشتوانی وڵات و چوار قازی و پیاوماقوڵان، لەسەر ئەوە رێك کەوتبوون کە خۆیان بگەیەننە شرکان و بەرەو شاری بەغدای ببەنەوە. تاکو ببێتە جێنشینی باوکی. هەندێکیان داوای کوڕەکەی تریان دەکرد. کە ئەویش: زەوئولەکان بوو، بەڵام کەس هەواڵیانی نەدەزانی. کە خەزنەدار ئەمەی بیست بڕوای بە چیرۆکی ژنەکەی کرد. ئەمجا ئەویش خەفەتێکی گەورە دایگرت. لە لایەکی ترەوە دڵی بەوە خۆش بو: کە زەوئولەکانیان لەگەڵە و دەبێتە پاشای بەغدا. ئەمجا خەزنەدار رووی کردە دندان و وتی:
"بەسەرهاتی ئێوە فرە سەیر و سەرسوڕهێنەرە!! بەڵام خوا ماندوو بوونی ئەو سەفەرەی لە سەر شان سووك کردن. چونکە "زەئولەکان"و "نوزهەتولزەمان"هەر دوکیان... لەگەڵ کاروانەکەی ئێمەن!!"
کە "دندان"ی سەرۆك وەزیر ئەمەی بیست زۆر دڵی خۆش بوو..... دواتر رووی کردە:"خەزێنەدار"و وتی:

"چیرۆکی ئەو دوانەم بۆ بگێڕەوە، چیان بە سەرهات و ئاوا لێمان دابڕان!"

ئەویش چیرۆکی نوزهەتولزەمانی بۆ گێڕایەوە و تێی گەیاند کە ئێستا ژنیەتی! ئەمجا هەر لە نووکەوە، تا کۆتایی بەسەرهاتی "زەوئولەکان"یشی بۆ گێڕایەوە. دندان سەرۆك وەزیران ناردییە شوێنی وەزیرانی شاری بەغدا و کۆ بوونەوەی پێ کردن. بە جوانی بەسەرهاتی: "زەوئولەکان"و خوشکەکەی بۆ گێڕانەوە....! ئەوانیش زۆر خوشحال بوون بە گەڕانەوەی و سەریان لە قەزا و قەدەری خوا.. سوڕما...!! خەزنەداریان بە خێر هێنا. ئیتر دندانی سەرۆك وەزیران و خەزنەدار لە دیوەخان کۆڕیان بەست.. میران و پیاو ماقوڵان و ناسراوانی دەوڵەت ئامادە بووبوون. گوڵاویان بەسەردا پژێنرا.. ئەمجا .... کەوتنە لێکۆڵینەوە و بیر و را گۆڕینەوە. سەربازان... بە ئاڵای جەنگەوە لە ریزی رێك و پێکدا وەستابوون. کە کۆڕەکە کۆتابوو. ئەمجا سوپاکە بەرەو سەربازگەکەیان بوونەوە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٧٨

## بەسەرهاتی دەسەڵات وەرگرتنی زەوئولەکان

شەهرەزاد وتی: خەزنەدار چووە لای "دندان"ی گەورە وەزیر و پێی وت:

"وام پێ باشە...... لە پێش ئێوەوە بچمە لای. جێگای سوڵتان ئامادە بکەم و تێی بگەیەنم، کە تۆیان لە جیاتی شرکان هەڵبژاردووە. بۆ جێ نشینی خەلیفایەتی."

دندانیش وتی:

"قسەکەت لە جێی خۆیەتی."

خەزنەدار هەستا و "دندان"ی گەورە وەزیر هەستا بۆ رێز گرتنی. ئەمجا هەموو وەزیرەکان هەستان و دندان.... فەرمووی لێکردن و پێشیان بکەوێت. تاکو ..... ئەمانیش دوابەدوای ئەو برۆن. ئەمجا دندان وتی:

"قسەی باشمان لای سوڵتان بۆ بکە: کە پلە و پایەمان نەهێنێتە خوارەوە و لامان نەبات."

ئەمجا فەرمانی دا.... کە دەوار لە کەناری شاری بەغدا بۆ هەڵبدەن. خۆیشی یەکەم کەس بوو سوار بوو بۆ سەفەر کردن. لە دڵی خۆیدا وتی:

"سەفەرێکی پیرۆزە."

رۆژە رێیەکی مابوو بگەنە بەغداد. ئەمجا فەرمان درا بە لادان و دەوار لێدان. چاك کردنی شوێنی.... سوڵتان "زەوئولەکان"کوری شا عومەری کوری نوعمان. ئەمجا بە خزمەتکارانی بەردەواری "نوزهەتولزەمان"و زەوئولەکانی برای وت... بە خاتوون بڵێن، کە

خەزنەدار، دەیەوێت بێتە ژوورەوە. کە چووە ژوورەوە، هەر دوکیانی تێ گەیاند کە باوکیان مردووە. وەزیران و سەرکردەیانی سوپا و پیاوماقوڵانی شار "زەوئولەکان"یان بە جێ نشینی خەلیفە، هەڵبژاردووە. ئەوانیش بۆ باوکیان زۆر گریان. کە پرسیان ئاخۆ .. باوکیان مردووە یان کوشتویانە!؟ ئەویش وتی:

"وەڵامی ئەو پرسیارە لای "دندان"ی گەورە وەزیرە... سبەینێ ئەوان دێن تۆ هێندەت لە سەرە، فەرمانەکەی ئەوان جێبەجێ بکەیت. چونکە ئەوانە هەموویان لەسەر، بە سوڵتان کردنی تۆ رێکەوتوون. گەر بە قسەیان نەکەیت، کەسێکی دی هەڵدەبژێرن. تۆیش بێخەم نابیت. لەو کەسەی تر، کە دەبێتە سوڵتان. رەنگە ئاژاوەیەکتان بۆ بنێتەوە...! سەرت تیا بچێت، ئەمجا خەلافەتتان لە دەست دەربێنن."

ماوەیەکی زۆر زەوئولەکان سەری داخست و ئەمجا وتی:

"باشە پەسەندی دەکەم."

بۆیشی دەرکەوت، کە قسەکانی خەزنەدار.... دروستن...!

ئەمجا لە خەزنەداری پرسی:

"مامە..... ئەی لەگەڵ شرکان چی بکەم باشە!؟"

خەزنەدار وتی:

"کورم تۆ سوڵتانی بەغدا دەبیت.... شرکانیش سوڵتانی دیمەشقە. تۆیش بڕوات بە خۆت هەبێت."

زەوئولەکان قسەکانی ئەوی بە دڵ بوو. شمشێری شاهانەی لە خۆی بەست. خەزنەدار ئەسپی زین کراوی بۆ رەخساند. ئەمجا کەوتە رێ و دەست و پێوەندانی بە دواوە. تا گەیشتە شوێنی بۆ دیاری کراوی خۆی و خەزنەدار لە پەزێراییدا وەستا. پیاوانی بە شمشێری رووتەوە لە دەرگای دەواردا وەستان. ئەمجا سەرکردە سەربازیەکان داوای چوونە ژوورەوەیان کرد، بۆ پیرۆزبایی سوڵتان. زەوئولەکانیش رێگەی دان هەر جارە و ١٠ سەرکردە بێتە ژوورەوە. کە یەکەمین کۆمەڵی ١٠ کەس چوونە ژوور، هەیبەتی سوڵتانیان بینی دەستەونەزەر بوون ئەویش بە روویەکی خۆشەوە ...... پێشوازی کردن و پێشوازی کردن و پەیمانی چاکی پێدان. ئەمجا کۆمەڵێکی ١٠ کەسی دی چوونە ژوور. بە هەمان شێوە بەڕێی کردن. تەنیا دندان مابوو بچێتە ژوور. زەوئولەکان لەبەری هەستاو پێشوازی تایبەتی کرد و وتی:

"سەرچاوانم... بابە گەورە تۆ راوێژکاری منی بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانەکانم . پەنا بۆ تۆ دەهێنرێ."

ئەمجا فەرمانیدا لە میوانخانەی سەرا سفرە وخوان رازایەوە. میوانەکان دەستیان بەخواردن کرد. تاکو تێریان خوارد ئەمجا زەوئولەکان، بە دندانی گەورە وەزیری وت:

"فەرمان بدە سوپا با... بۆ ماوەی ١٠ رۆژ لێرە بمێننەوە. بۆ ئەوەی بەسەرهات و چۆنیەتی کوشتنی باوکمم بۆ بگێڕنەوە."

ئەمجا مۆڵەتی دا، بە سوپا و بڵاوەیان لێ کرد. فەرمانیشی دا......تاکو سێ رۆژ پێشوازی لە کەس ناکات. ئەمجا هەموان نزای خێریان بۆ سوڵتان کرد. شەو چووە لای خوشکی و پرسی:

"ئاخۆ..... دەتەوێت بزانیت باوکمان چۆن کوژراوە، یان نا؟"

ئەویش وتی:

"نازانم چۆن بووە؟"

ئەمجا پەردەیان لێدا لە نێوان نوزهەتولزەمان و برا و دندانی گەورە وەزیردا. ئەمجا فەرمانی دا بە دندان تاکو بەسەرهاتەکەیان بۆ بگێڕێتەوە. وەزیریش وتی:

"بەچاوان."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٧٩

## چیرۆکی هۆکاری کوشتنی عومەری کوڕی نوعمان

شەهرەزاد وتی: وەزیر دندان وتی:

"پاشا... کە باوکت لە راو و شکار گەڕایەوە. پرسیاری ئێوەی کرد، دیار نەبوون. یەکسەر تێگەیشت کە چوون بۆ حەج. پەژارەیەکی زۆری بۆ خواردن. زۆریش توورە بوو. ٦ مانگی رەبەق، هەواڵی ئێوەی دەپرسی. دوای ساڵێك: رۆژێکیان ئێمە لای دانیشتبووین. پیرەژنێکی لە خوا ترس بە خۆی و ٥ کەنیزەکەوە.... هات کەنیزەکەکان... جوان و قەشەنگ...... باڵابەرز و شۆخ و شەنگ. دڵی سەد دڵ حەیرانیان دەبوو. سەرەڕای جوانیان، هەمویان شارەزایی زانستەکان و مێژووی پاشایان و ئەدیبان و پیاوە ناسراوەکان بوون. قورئان خوێن و شارەزای شەریعەت بوون. پیرەژن داوای چوونە لای باوکتی کرد. کە چووە لای پاشا... کڕنووشی بۆ برد. منیش لە شانی پاشاوە دانیشتبووم. پیرەژن، لە باوکت نزیك بووەوە، کە باوکیشت سەرنجی دا، بینی ژنی "خەڵوەت"و خوا پەرستییە... لای خۆیەوە داینا....! ئەمجا پیرەژنە دەستی پێکرد:

"پاشا گیان ٥ کەنیزەکم بۆ هێناویت. لەپەزێراییتدان..."

تاقییان بکەوە ئەویش سەرنجی دان. ئەمجا پێی وتن:

"هەر یەکەتان: شتێکم لە مێژووی دێرین بۆ بگێڕێتەوە."

یەکێکیان هاتە پێشەوە و وتی:

"پاشا ئـەوە بزانـە: پێویسـتە مـرۆڤ خۆهـەڵقورتێن نـەبێت و کردەوەکـانی چـاك بـن. خۆ...لـە گوناهـە گـەورەکان بپارێزێـت و فەرمانـەکانی خـوا، جێبـەجێ بکـات. بناغـەی بـە ئـەدەبی هـەر کەسـێك خـوو ورەوشـتی بێـت. پێویسـتە مـرۆڤ بـۆ ژیـان بخـوات.... نـەکو بـۆ خواردن بـژێت.... ! ژیـانیش بـۆ پەرسـتنی خـوا تـەرخان بکـات.....پێویسـتە رەوشـتت بـاش بکەیت. لە قورئان و سونەت لا نەدەیت. ترسناکترین کـەس تینـوو ترینیانـە.... بـۆ تـەگبیر. تینووترین کەس بۆ تەگبیر پاشایانە!! چونکە رەمـەکی خەڵکەکـە بـێ تـەگبیر، بـێ گوێدانـە ئەنجامی کردەوەکانیان، کار دەکەن گوێ نادەنـە ئـەنجامی رەفتارەکانیـان. لـە پێنـاوی خـوادا سامانی خۆت ببەخشە. بزانن کە دوژمنت ناسی رقت لێی دەبێتەوە. خۆتی لـێ دەپارێزیـت. بەڵام هاورێکەت رەوشت دەبێتە پێوەرت بۆی بەڵام پێویستە تاقی بکەیتەوە، ئەمجا بیکەیتە هـاورێی خـۆت. نـەزان دەهێنێـت تەنانـەت دایـك و باوکیشـی لـە دەسـتی را بکـەن. درۆزن، هەرگیز نابێتە هاورێ چونکە هاورێ لە راستگۆییەوە هـاتووە. بزانـە.... گـەر شـوێن شـەرع بکەویت سوودی لێ دەبینیت.:... ئەگەر لەو کەسانەت کردە هاورێ پشتیان تێ مەکە. ئەگەر مامەڵەی خراپیشت لەگەڵ بکەن.... چونکە ئەوانە دڵیان وەکو شووشە وایە، کـە دڵیـان شـکا ناگیرێتەوە، رەحمەت لەوەی ئەم شیعرەی وت:

| | |
|---|---|
| دڵی کەس مەیەشێنە | شکا چاك نابێتەوە |
| وەکو شووشەیەك بشکێ | ئیدی یەك ناگرێتەوە |

دواتر وتی:

"ژیران وتویانە: هاورێ ئەو کەسەیە: دەتگرێنێت...! باشترین کاریش ئەوەیـە جـوانترین بەرهـەمی ببێـت. باشـترین پیاهەڵـدانیش ئەوانـەن کـە لـەزاری کەڵـە پیاوانـەوە دادوەرن... وتراوە، نابێت بەندە سوپاس گوزاری خوای خۆی نەبێت. بە تایبەتی بۆ ئەو دوو نیعمەتەی لەش ساغی و ژیری....وە وتراوە: هەر کەسێك کەسێتی خۆی مەبەست بـوو.... دەبێـت چـاو لە بپۆشێت لە زێدەرەوی حەزەکانی. گەر کەسێك کێشە بچووکەکان گـەورە بکـات. خـوایش کێشەی گەورەی بۆ دروست دەکات. هەر کەس: شوێن ئارەزووەکـانی خـۆی بکـەوێت ... ئـەوا مافەکانی دەدۆرێنێت! گوێیش لە قسەی هەڵبەسـتراو بگریـت... هاورێکانـت دەدۆرێنیـت..... هەر کەسێك زوو هەڵچوو..... رق ئەستوور بوو: گوناهبارە! ئەوی "ترساز.. نەخەلەسا!!"

ئێستا هەندێك لە ............رێ و رەسمی قازیانت بۆ باس دەکەم:"نابێت حوکم بە سـەر کەسێکدا بدرێت..... بە بێ بەڵگەی پێویست. بۆئەوەی زاڵم تەماعی زوڵمی زۆرتر نـەکات... هەژارانیش دەست نەشۆن لـە دادی کۆمـەڵانی.. پێویسـتە بـە یـەك چـاو سـەیریان بکرێـت. ئاشتەوایی دروستە لـە نێـو موسـڵمانانـدا بـە مـەرجی حـەرام حـەڵاڵ نـەکرێت و حـەڵاڵیش: حەرام نەکرێت. گەر گومانت لە شتێك بـوو ژیرانـە بـیری لـێ بکـەوە تـاکو..... بگەرێیتـەوە، سەر راستە رێ.

راستی فەرزە. گەڕانەوە بۆ راستییەکان چاکترە، لە سەروەرِ بوون لەسەر کارە نارِەواکان.
ناسراوترین پەند و ئامۆژگاری ئەوەیە کە لایەنی راستی وەلاوە نەنرێت. لە کاتی بە دۆست کردنەوەی دوژمنەکاندا، کێشەکانت بدە دەست خوا. با بۆچوونەکان بە بەڵگەوە بن. گەر بەڵگەت دەست نەکەوت...... سوێندیان بدە، چونکە ئەمە فەرمانی خوایە. با شایەت هەبێت لە کاتی بڕیاردانی هەر دوو لای خاوەن کێشە..... دەبێت قازی و دادوەر لە کاتی بوونی ئازار و نەخۆشیدا فەرمانڕەوایی نەکەن. دەبێت نیەتت لەنێوان خۆت و بەرامبەردا، پاك بکەیتەوە. خوا ....... ئاگاداری دەروونی مرۆڤەکانە. "زوهری وتویەتی:

"سێ رەوشت کە لە قازی و دادوەردا بوو: پێویستە دەست لە کار بکێشیتەوە، کە رێزی لە تاوانبار گرت. خۆشی لە پێداوتن هات. رقی لە لێ سەندنەوەی پلە وپایەکەی بوو."

عومەری کوڕی عەبدولعەزیز قازییەکی لەکار خست. قازییەکە کە پرسی:

"لەبەرچی؟"

وتی:

"بۆیان گێڕاومەتەوە، کە قسەکانت لە پلە وپایەت گەورەترن."

دەڵێن ئەسکەندەر: بەقازییەکی خۆی وتووە:

"من پلە و پایەیەکم بە تۆ داوە، کە رەوان و شەرەف و ویژدانی منی تیایە. بیان پارێزە، ژیریشت لەگەڵیانا."

بە چێشت لێنەرەکەی خۆی وتووە:"تۆ لەشی منت داگیر کرد. لەبەر ئەوە بەزەییت بە خۆتدا بێتەوە."

بە نووسەرەکەی دیوەخانی خۆیش وتووە:

"تۆ..... کار بە ژیری من دەکەیت بیپارێزە."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٨٠

شەهرەزاد وتی: ئەمجا کەنیزەکی یەکەم شوێنەکەی خۆی جێ هێشت و کەنیزەکی دووەم هاتە شوێنی. ٧ جاران کڕنووشی بۆ باوکت برد. دەستی پێکرد:

"لوقمان بە کوڕەکەی وت: سێ کەس هەن.... لە سێ شوێنی خۆیاندا نەبێت، ناناسرێن. کەسی ئارام لەکاتی تووڕەیدا ئازاش لە نێو شەڕدا. برایش لە کاتی پێویست بووندا پێی وتراوە: زاڵمان پەشیمانن...! بە خەڵکیش پێیاندا هەڵبڵێن...! زوڵم لێکراوان دروستن، با هەموو خەڵك لێیان بخوێنن."

خوا فەرموویەتی:

"وا مـەزانن... هـەموو کردەوەکانتـان چـاکە و خۆتـان کردووتانـە! خـوا... پشـتی پـێ دەبەستێ!! سزای کاری خراپتان دەدرێت.

پێغەمبەر فەرموویەتی:

"کارەکان، لەسـەر نیـەت دامـەزراون. هـەر خۆی و نیـەتی خۆی...."دیسان فەرمویـەتی "د.خ": لە لەشدا پارووبەك هەیە، گەر چاك بوو، هەموو لەشت چاك دەبێت. گەر پاروەکە خراپ بوو...... هەموو لەشت خـراپ دەبێت: کـە دڵ سەرچاوەیەتی."سەرسوڕهێنەرترین بەشی لەش دڵە."کە دڵ هەڵچوو هەڵپـەی تـەماعی کـرد لەشـی دەمرێـت...!! ئەگـەر تاسـەی کرد، ئاخ و داخ دەیکوژێت. گەر تووڕە بوون و هەڵچوونی زۆر بوو زوو خراپ دەبێت. ئەگەر سامانێکی زۆری بوو لە فەرمایشتەکانی خوا: دەردچێت. گەر تووشـی نـەبوونی بـوو، پـەژارە دەیکوژێـت. هـیچ شـتێك بـە هێنـدەی خـوا پەرسـتی بـۆ دڵ ودەرون بـاش نییـە". قـەیس وتوویەتی:

| | |
|---|---|
| کەسێکم ناوێ کە سادە نەبێ | خەڵك لادەر بێ وخۆی لە جادە بێ |
| سامان و رەوشت...کینە دەهێنن | خۆ....خواردنەوەش بە فەسادە بێ |
| کاری ژێر بە ژێر: زۆر نادروستە | راست رەو بە.. دوایی دڵت شادەبێ |

ئەمجا کەنیزەکەکە وتی:

"هشـامی کـوڕی بەشـەر وتویـەتی: بـە عومـەری کـوڕی عەبیـدم وت: خـۆ گرتنـەوە "زوهد"چییە؟

وتی:

"پێغەمبەر "د.خ"ئـاوای بـاس کـردووە: خۆگرەوە "زوهد"ئـەو کەسـەیە، گـۆڕ و بـەڵای خـوای بـیر نەچـێتەوە. ئـەوەی بـۆی دەمێنێتـەوە، پێـی باشـتر بێـت. لـەوەی بـۆ دوارۆژی نامێنێتەوە! ئەوی حساب بۆ رۆژی دواتری نەکات، دەبێت خۆی بە مردوان بچوێنێت!"

وتراوە ئەبازەر وتویەتی:

"هەژاریم، لە تەندروست بوون پێ باشترە! هەندێ لـە گوێگران پێیـان وتـوە: رەحمـەتی خوات لێ بێ ئەمە چ قسەیەکە!؟ بەڵام من دەڵێم هەر کەس پەنای بۆ بەشی خوا برد، ئـەوا بەو بەشە رازییە. بڕوا داران وتویانە: بەیانیەکیان پێش نوێژی بۆ کردین:"لەنوێژەکە دوای "بسم اللەالرحمن الرحیم"یا ایهاالمدثر"ی خوێند تـا گەیشتە"فـاذا نقـر في النـاقور."لێـرەدا کەوت و گیانی دەرچوو. دەڵێن "ثابـت البنـانی"هێنـدە گریـا بـوو چاوانی لـە دەسـت بـدات. یەکێکیان هێنا.... کە چارسەری بکات. ئەویش پێی وتبوو: چارسەری دەکەم، بـە مـەرجێ ئامۆژگاریەکانم پەیڕەو بکات. "ثابت"پرسی:

"ئامۆژگاریەکەت چییە؟"

"ئەویش کە ئیدی نەگریت!"

ثابت وتی:
"جا... چاو بۆ گریان نەبێت، بۆچی باشە!!؟"
پیاوێك بە محەممەدی عەبدوڵلای وت: ئامۆژگاریم بکە. ئامۆژگاریم ئەوەیە: کە لەم دنیا سامانداریکی خۆگرەوە بیت! بەڵام لەو دنیا کۆیلەیەکی خوای بە تەماع بیت. ئەویش، بۆ ئەو کارە چی بکەم باشە!؟ خۆگرەوە "زاهد"هەر دوو دنیا بۆ خۆی دەستەبەر بکات.""غوث ابن عبداللة"وتویەتی:"لە بەنو ئیسرائیلیەکان دووبراهە بوون. یەکێکیان بەوی تری وت:
"ترسناکترین کردەو چی بووە کە ئەنجامت دابێت؟"
ئەویش وتی:
"بە لای "کولانە"یەکدا رەت بووم جوجکێکم لێ دەرهێنا کە بیبەم بۆ خۆم... دواتر هەڵم دایەوە ناو جووچکەکانی کولانەکە... ئەی ترسناك ترین کاری تۆ..؟"
ئەویش لە وەڵامدا وتی:
"کاری مەترسیداری من تەنیا ئەوەیە: خەمی ئەوەمە کە هەڵدەستم بۆ نوێژکردن، ئەوە نیەتم بێت، پاداشت بدرێمەوە..!"
باوکیان گوێی ئاخاوتناکەیان بوو. نزای کرد و وتی:
"خوا... ئەگەر ئەم ٢ کورەم بە راستیانە.. تاکو... تووشی هەڵە و گوناح نەبن زوو گیانیان بکێشە."
ژیران کە ئەمەیان بیستووە وتوویانە ئەو دوانە، باشترین منداڵ بوون."عبد کوری جوبێر وتویەتی:
"بوومە هاورێی "فضاڵەی کوری عوبێد"پێم وت:
"ئامۆژگاریەکم بکە: ئەویش وتی:
"خۆت لە دوو سیفەت بپارێزە. یەکێکیان هاوتا دروست کردن بۆ خوا. ئەویتریان ئازاری کەس مەدە."
ئەمجا ئەم شیعرەی وت:

| | |
|---|---|
| تۆ هەر چۆنێك بیت ئەو پەسندەیە | لە خوا بێخەم بە.. کە بەخشندەیە |
| نە هاوتا بۆ خوا، نە کەس ئازار دە | بۆ گیانی خەڵکی وەك درندەیە |

چەند جوان وتراوە:

| | |
|---|---|
| گەر توێشووی زوهدت لەم دنیا نەبوو | لەو دنیا: خەڵکی پڕ دەوڵەمەند بوون |
| لۆمەی خۆت دەکەیت: وەك ئەوت نەکرد | ئەنجامیش ئاوا.... وا زەرەرمەند بوون |

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو...... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٨١

شەهرەزاد وتی: ئەمجا کەنیزەکی سێیەم هاتە پێش، وتی:

"دەربارەی "خۆگرتنەوە"زوهد"بەسەرهات زۆرە. هەندێك لەوانەی بیرم ماون دەگێڕمەوە: هەندێ لە خواناسان وتوویانە: باوەش بۆ مردن دەگرمەوە. هەر چەند بێومیشی تیا مسۆگەر نەبێت. ئەوەندەش دەزانم مردن مرۆڤ لە کار دەخات. بۆیە تکا دەکەم کاری چاکتان زۆر بکەن و لە کاری خراپ کەم بکەنەوە."

کە عەتای سەلی لە خوێندنەوەی وەسیەتنامەکە بووەوە راست بووەوە و زۆر بە کوڵ گریا. کە پێیان وت:

"بۆچی دەگریت؟"

ئەویش لە وەڵامدا وتی:

"لەبەر دەمی خوادا راست بوومەوە و بەرەو کارێکی مەزن دەچم."

عەلی کوڕی زین العابدین کوڕی حسین، کە هەڵ دەستا بۆ نوێژ کردن، گیانی دەلەرزی لە ترسی خوا. کە هۆی ئەو لەرزینەیان لێ پرسی؟ وتی:

"بۆچی نازانن بۆ لای کێ هەڵدەستم و روو لە کێ دەکەم!؟"

دەڵێن:"سفیان الثوری"وتویەتی:

"سەیری رووی زاڵم کردن، گوناهە....!"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٨٢

شەهرەزاد وتی: کەنیزەکی سێیەم هاتوە جێی خۆی و کەنیزەکی چوارەم چووە پێشەوە وتی:

"ئێستا منیش هەندێك لە هەواڵی پیاو چاکانتان بۆ دەگێڕمەوە: زانایان وتویانە:"کارە چاکەکان.. کارە خراپەکان دەسڕنەوە. برایم وتویەتی:

"لە بەشەری کوڕی حافی پاڕامەوە نهێنی هەندێك لە راستییەکانم پێ پیشان بدات. ئەویش لە وەڵامدا وتی: کوڕی خۆم ئەو زانستەی داوای دەکەیت نابێت هەموو کەسێك بیزانێت! لە سەدا پێنجی خەڵکەکە دەبێت بیزانێت. چونکە وەکو زەکاتی درهەم وایە. برایم کوڕی ئەدهەم وتی: قسەکەیم زۆر لا شیرین و جوان بوو. لە کاتێکدا نوێژم دەکرد، "بەشەر"یش نوێژی دەکرد. تا بانگی دا، منیش لە دوایەوە نوێژم کرد. پیاوێکی شڕۆڵە هەستا و وتی:

"خەلکینە خۆتان لە راستی زیانبەخش بپارێزن. گرنگ نییە ئەگەر درۆی بە سوودیش بکەن. ناچاری دەستتت دەبەستێتەوە. لەخۆڕا: هەندێك لە قسەكان پووچ دەبنەوە. دەڵێن خوشکی "بشرالحاف"دەچێتە لای "احمد بن حنبل"و پێی دەڵێت: ئەی پێشەوای ئایین: ئێمە کۆمەڵێکین شەوانە خوری دەرێسین. رۆژیش پارەکەی خەرج دەکەین و پێی دەژین. پیاوانی چرا بە دەستی دەوڵەتی بەغداد کە بە لای ماڵەکانماندا رەت دەبن. ئێمەش لە سەربانەکانی خۆمان لەبەر رووناکییەکەیان.... خورییەکان دەرێسین. ئاخۆ.... ئەم کارە حەرامە یان حەلاڵ؟

ئەویش پێی دەڵێت:

"تۆ کێیت؟"

ژنەش دەڵێت:

"من خوشکی بەشەری کوڕی حافیم."

ئەمجا دەڵێت:

"ئەی کەسانی بەشەر من ئێستاش خۆگرتنەوە لە گوناح... لە ئێوەوە فێر دەبم!!

هەندێك لە ژیران وتویانە: گەر خوا ویستی خێر بە کەسێك بکات... دەرگای کارکردنی بۆ دەخاتە سەر پشت. مالکی کوڕی دینار: هەر جارێك بە بازاڕدا رەت بوایە و حەزی لە شتێك بوایە... بە خۆی دەوت:

"ئەی نەفس ئارام بە.... بە قسەت ناکەم."

وتویەتی:

"بێوەی بوونی نەفس..... سەرپێچی کردنیەتی.... تووش بوونیش بە شوێن کەوتنێتی."مەسنوری کوڕی عەمار:"حەجێکم کردووە، لە ڕێی کوفەوە چوومە کوفە شەو شەوێکی تاریك بوو. گوێم لە هاوارێك بوو دەیوت:

"خوایە... بە گەورەیی خۆت، ئەو ملهوڕیەم، بە مەبەستی سەرپێچی کردنی تۆ نەبووە. بێ ئاگا نیم لێت. لە چارەم نووسرابوو. خوایە، لە زێدەڕۆیم خۆش ببە.. بێ ئاگایانە لە فەرمایشتەکانت دەرچووم."

کە لە نزاکە بوومەوە ئەم ئایەتەی وت:"یا ایهاالذین امنوا قو انفسکم و اهلیکم نارا و قودها الناس و الحجارة". گوێم لە تەپەی کەوتنی کەسێك بوو. رۆیشتم بۆ رۆژی دواتر چوومە دەرەوە. مردوویەکم بینی پیرەژنێك بە دوایەوە بوو. کە پرسیارم کرد....... پیرەژنە وتی: ئەم مردووە پیاوێکە... دوێنێ بە بەر دەرگاماندا رۆیشت. ئایەتێکی خوێندەوە لەو کاتەدا، کوڕەکەم لەسەر بەرماڵ بوو. ئەم پیاوە زراوی تەقی و مرد.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بووە...... بێدەنگ بوو.

# شەوی ٨٣

شەهرەزاد وتی: ئەمجا کەنیزەکی چوارەم هاتە دواوە و کەنیزەکی پێنجەم وتی:

"ئێستا ئەوەی لە بیرم ماوە بۆتان دەگێڕمەوە. موسلیمەی کوڕی دینار وتویەتی:"لە پاك کردنەوەی ویژداندا... گوناهی گەورە و بچوك دەسڕێتەوە. ئەگەر بەندە لە سەری سوور بوو. ئیدی دڵیشی دەکرێتەوە. دیسان وتی: هەر نیعمەتێك گەر بە هۆیەوە.... لە خوا نزیك نەبیتەوە: دەبێتە بەڵا بۆت. نیعمەتێکی کەمی دنیا: لە نیعمەتێکی زۆری ئەو دنیات بێ بەش دەکات...!! لە "ابو حازم"یان پرسی:

"بێخەم ترین کەس کێیە!؟"

وتی:

"کەسێکە کە تەمەنی: لە خوا پەرستیدا بەسەر بردبێت.

ئەمجا پرسیان:

"ئەی هێژترین کەس کێیە؟ وتی: ئەو کەسەیە:"کە ئەو دنیای بەم دنیا... گۆڕی بێتەوە."

دەگێڕنەوە حەزرەتی موسا سڵاوی خوای لێ بێت: کە گەیشتە رووباری شار: دوو کچە شوان هاتن: ئاژەڵەکانی بۆ ئاودان ئەوە بوو کە گەڕانەوە بۆ "شوعەیبی"باوکیان گێڕایەوە.

ئەویش وتی:

"رەنگە ئەوەی ئاوی بۆ داون برسی بووبێت."

کچێکیانی نارده لای تاکو بانگی بکاتەوە. کە کچە گەیشتە لای رووی داپۆشی.

ئەمجا وتی:

"باوکم ناردوومی بە شوێن تۆدا، تاکو بت بینێ و پاداشتت بداتەوە."

موسا ئەمەی بە باش نەزانی و ویستی نەچێت. ئەمجا پێی وت:"تۆ دوای من بکەوە لە رۆیشتندا، کچە شوێنی کەوت، تا گەیشتنە لای "شوعەیب". سڵاوی خوای لێ بێت کە نانی ئێوارە ئامادە کرابوو، شوعەیب بە موسای وت: ئەی موسا دەمەوێت کرێی ئاودانی ئاژەڵەکانت بدەمێ.

موسا وتی:

"ئێمە اهل البیتین. کارێك بۆ پاداشتی ئەو دنیامان کردبێت، نایگۆڕینەوە، بە هەموو گەنجینەی سەر زەوی ئەم دنیایە. ئەمجا شوعەیب وتی:

"ئەی لاو تۆ میوانی منیت. رێزنان لە میوان رەوشتمە...! باو و باپیرانم میوانیان تێر کردووە ئەمجا دانیشت و نانی ئێوارەی لەگەڵ خواردن. ئەمجا موسای بۆ ماوەی ١٠ ساڵ بە کرێ گرت. کرێیەکەشی بۆ ئەو ١٠ ساڵە مارە کردنی کچێکیان بوو لێی. موسایش زۆر

دڵسۆزانە کاری بۆ کرد. پیاوێك کە دەمێك بوو هاورێکانی نەدیبوو، بە یەکێکیانی وت: بیرت دەکەم چونکە دەمێکە تۆم نەدیوە. ئەویش لە وەڵامدا وتی:

"کوڕی شەهاب وای سەرقاڵ کردم تۆی لە بیر بردمەوە! دەیناسیت!؟"

ئەویش وتی:

"بەڵێ... ئەو ۳۰ ساڵە دراوسێمانە: بەڵام قسەم لەگەڵی نییە."

ئەویش وتی:

"ئەوە، خوات بیر چۆتەوە. بۆیە ئەو دراوسێیەت بیر چووەتەوە. گەر خوات خۆش بویستایە... دراوسێکەیشت خۆش دەویست. ئەی تۆ نەتبیستووە: دراوسێ حەقی بەسەر دراسێوەیە!؟ هەر وەکو: حەقی خزمایەتی".

"حزیفە"وتویەتی: لەگەڵ برایمی کوڕی ئەدهەم"چوینە مەکە. "شقیق"ی بەرخیش... هەر ئەو ساڵە حەجی کرد. لە تەواف کردندا: یەکتریمان بینی. برایم لە شقیقی پرسی:

"بەروبومی وڵاتتان چییە!؟"

شقیق وتی:

"گەر خوا "رۆزی"بدات دەیخۆین... گەر نەیدا ... ئەوا: ئارام دەبین!"

ئەویش وتی:

"سەگەکانی بەڵخیش هەر وا دەکەن! بەڵام ئێمە کە رۆزیمان بوو بەخشندەیی لێ دەکەین. کە رۆزیمان نەما... سوپاسی خوا دەکەین."

ئەمجا شەقیق چووە بەردەم برایم لێی دانیشت و پێی وت:

"لە ئێستا بە دواوە: تۆ مامۆستای منیت!"

محەمەدی کوڕی عومران وتویەتی:

"پیاوێك لە حاتەمە گەڕی پرسی:

"چۆن قەناعەتت کرد: پشت بە خوا ببەستیت؟

ئەویش وتویەتی: "

بە هۆی دوو شتەوە: یەکەمیان رۆزی من کەس پێی ناخورێت. کە ئەمە ئاسوودەم دەکات. دووەمیان بە ئاگاداری خوا خۆی دروست بووم بۆیە شەرمی لێدەکەم."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٨٤

شەهرەزاد وتی: ئەمجا پێنجەم هاتە دواوە، پیرەژن، لە باوکت چووە پێش و ۹ جار کڕنووشی بۆ برد. ئەمجا وتی:

"ئەی پاشا خۆ ئەو هەمووەت بیست: دەربارەی خۆگرتنەوە "زوهد". منیش کەمێکت لەبارەی مێژووی کۆنەوە بۆ دەگێڕمەوە. دەڵێن: ئیمامی شافعی شەوی کردووە بە سێ بەشەوە. بەشی یەکەم بۆ فێربوونی زانست. دووەمی بۆ نووستن. سێیەمی بۆ قورئان خوێندن. ئیمام ئەبو "حەنیفە"لە نیوە شەو بە دواوە هەڵدەستایەوە، بۆ خواپەرستن. رۆژێکیان پیاوێك بە هاورێکەی وت ئەو ئەبو حەنیفەیە، شەو تاکو بەیانی خواپەرستی دەکات. ئەویش کە ئەمەی بیست وتی:

"پێم شەرمە. ئاوام پێ دەڵێن. لەو کاتە بەدواوە هەموو شەوەکە: خوا پەرستی دەکرد."

"رەبیع"وتویەتی:

"ئیمامی شافعی هەموو مانگی رەمەزانێك ۷۰ جار قورئانی خەتم کردووە. ئەمە هەر لە نوێژدا."

شافعی فەرموویەتی: ۱۰ساڵی رەبەق خۆم تێر نەکردووە لە نانی جۆ. چونکە تێربوون دڵ رەق دەکات. کەسێتی دێنێتە خوارەوە. مرۆڤ خەواڵو دەکات. قورسی دەکات. بۆ هەستانەوە بۆ خواپەرستی."

دەڵێن:"عبدالله محمد السکری"وتویەتی: لەگەڵ عومەردا قسەم دەکرد.... وتی: لە محەمەد ئەدریس قسە خۆش و زمان پاراوترم نەدیوە! جارێکیان من و حارس "لبیب السفار"چووینە دەرەوە. ئەوکات: حارس فەقێی حوجرە بوو. دەنگیشی خۆش بوو. ئەم ۲ ئایەتەی بە دەنگەوە خوێندەوە:"هذا یوم لاینطقون ولا یؤذن لهم فیغداون"سەیر دەکەم ئیمامی شافعی رەنگی تێکچوو... ! گیانی کەوتە لەرزین و بوورایەوە کە بە ئاگا هاتەوە وتی:

"پەنا بە خوا: لە پلە و پایەی درۆزنان! و بەرهەڵست کارانی بێ ئاگا! خوایە..... دڵی زانایان بۆ تۆ نەوی دەبن. خوایە بە بەخشندەیی خۆت لەگوناهەکانم خۆش ببە. بمخە ژێر سایەی خۆت. لە کەم و کورتیم. بە لێبوردەیی خۆت، خۆش ببە. دواتر هەستام و جێم هێشتن."

لە خوا ناسێك دەگێڕنەوە وتویەتی:

"کە چوومە بەغدا شافعی لەوێ نیشتەجێ بوو. لەسەر رووبارێك دەستنوێژم هەڵدەگرت. کەسێك بە لامدا تێپەڕی و وتی: کوڕە... دەستنوێژەکەت، چاك هەڵبگرە. با.... لە هەر دوو دنیا خوا چاکت بۆ بکات. کە ئاوڕم دایەوە.... پیاوێکم بینی چەند کەسێکی بە دواوە بوو. منیش پەلەم کرد، لە دەستنوێژ هەڵگرتنەکە و شوێنیان کەوتم، کە پێیان گەیشتمەوە لای کردەوە و لێی پرسیم:

"چ پێویستیەکت پێمان هەیە؟"

منیش لە وەڵامدا وتم:

"بەڵێ: لە ئەوەم فێر بکە.... کە خوا فێری کردوویت؟"

ئەمجا وتی:

"ئەوە بزانە... هەر کەس راستگۆ بێت، رزگار دەبێت. کە ئایینی خۆی راگرت، لە بەلا بەدوور دەبێت. هەر کەس خۆی گرتەوە "زوهد"لە دنیا لەو دنیا ئاسوودە دەبێت. پترت دەوێت بیلێم؟"

وتم:

"بەڵێ!"

وتی: "

خۆگرەوە "زهد"بە لە دنیا. لەو دنیا بە ئارەزوو بە.... لە هەموو کارەکانت دا راستگۆ بە، خوا رزگارت دەکات. ئیتر رۆیشت."

دواتر پرسیم، ئەوە کێیە؟ پێیان وتم: ئەو پیاوە ئیمامی "شافعی"بوو. هەروەها وتویەتی: هەمیشە حەزم کردووە خەڵکی فێر بکەم. بە مەرجێك، ئەوی فێر دەبن خۆم نەکەن بە خاوەنی. دیسان وتویەتی: گفتوگۆم لەگەڵ هەر کەسێك کردبێت حەزم کردووە، خوا سەرکەوتووی بکات و یارمەتی دەری بێت لە دەرکەوتنی راستیەکاندا. حەزم کردووە راستیەکان دەرکەون. ئیدی من وتبێتم، یان بەرامبەرەکەم جیاوازی نەبووە. بە "ابو حنیفە"یان وتووە: "ئەبو جەعفەری مەنسور... تۆی کردووە بە قازی ١٠٠٠ درهەمی مانگانە بۆ بڕیتەوە... رازی نەبوویت! ئەو رۆژەی دەبوو پارەکەت بۆ بێنن.... تۆ نوێژی بەیانیت دەکرد. نێرراوی میری موسڵمانان.... پارەکەی پێ دایت: تۆ هیچت لەگەڵ نەوت...!کە نێرراوەکە پێی وتیت:"ئەم پارەیە... حەلاڵە"تۆیش وتبووت:

"ئەوە بزانە کە پێم حەلاڵە، بەلام پێم خۆش نییە خۆشەویستی زۆرداران بچێتە دڵمەوە...!!"

نوێنەرەکەش ئامۆژگاری کرد:

"کە رووبەروویان بوویتەوە: خۆتیان لێ بپارێزە!".

ئەبو حنیفەش وتی:

"جا.. چۆن یەکێك بچێتە دەریاوە: تەڕ نابێت!؟"

شافعی فەرمویەتی:

ئەی نەفس وەرە گوێم لێ راگرە خۆت خۆشتر بوێت گەلێ چاکترە

تەماعی زۆر و مل دان بە حەزت: گەر نەشتکوژێت: خۆ.... حەیا بەرە!

ئەو ئامۆژگاریانەی "سفیان الثوری"بۆ عەلی کوڕی حەسەنی سەلی: ئامان سەد ئامان درۆزن مەبە... هەر راستگۆ بە. نە درۆ بکە و نە خیانەت و ماستاو ساردکردنەوە. چونکە خوا... کردەوە چاکەکانتان... بە ئەو سیفاتە خراپانەی کە پێم وتیت پووچەڵ دەکاتەوە. لە

کەسێکەوە "ئایین"وەرمەگرە، کە سۆزی بۆ ئاینەکە نەبێت. هاوڕێی کەسێك بە خۆگرەوە "زاهد"بێت لە دنیا.
زۆر بیر لە "تەوبە"و لە "مردن"بکەرەوە، داوای بێوەیی بکە لە دنیادا. هەمیشە هەر کەسێ پێویستی بە ئامۆژگاری بوو، ئامۆژگاری بکە. هەرگیز خیانەت لە موسڵمانان مەکە. چونکە هەر کەسێك خیانەت لە موسڵمانان بکات: وەکو ئەوە وایە کە خیانەتی... لە خوا و پێغەمبەرەکەی "د.خ"کرد بێت. خۆت لە چەلەحانێ و دوژمنایەتی دوور بخەرەوە. لەوە دوور بکەوەوە ... کە لێی دەترسیت..! فەرمان بە چاکە بدە و دوورکەوتنەوە لەخراپە، بەم کارە دەبێتە خۆشەویستی خوا. شاراوەکانی نیو دەروونت پاك بکەوە. خوایش کارە بە دەرەوە بووکانت چاك دەکات. لێبوردەیە، بەرامبەر ئەوانەی داوای بەخشینت لێ دەکەن. کینە لە هیچ موسڵمانێك مەکێشە لە خوا بترسە. هەر وەکو ئەوەی مردبیت. لەوانە: نزیك بەرەوە، کە لێت دابڕاون. چارەنووسی خۆت بزانە.. کە بۆ لایەکە لەم دووانە: یان بەهەشتێکی بەرین... یان دۆزەخێکی ئاگرین. ئەمجا پیرەژنە، چووەوە لای کەنیزەکان لێی دانیشت. کە خوا لێ خوشبووی باوکت... ئەمانەی لێ بیستن، بۆی دەرکەوت کە ئەمانە باشترین کەنیزەکانی دنیان. ئەوە جوانی و شۆخ و شەنگیان لەولاوە بوەستێت. زۆر دڵی پێیان خۆش بوو. ڕێزێکی زۆری پیرەژنەکەی گرت. کۆشکەکەی شازادە "ئیبریزە"ی کچی پاشای ڕۆمی بۆ تەرخان کردن. هەموو پێداویستییەکی ماڵی بۆ ناردن. ماوەی ١٠ ڕۆژ.... پیرەژن و کەنیزەکەکانی تێیدا مانەوە. هەر جارێك باوکت دەچووە سەردانیان. پیرەژنە لە "خەڵوەت"دا دەبینی. بە شەو نوێژەوە خەریك بوو. ئیتر ئەو پیرەژنە زۆر لا پیرۆز بوو. جارێکیان بە منی وت:
"ئەی وەزیر ئەم پیرەژنە... هێندە خواناسە کە .... شەرمی لێ دەکەم."
ڕۆژی یازدەیەم، چووە لای پیرەژنە تاکو نرخی کەنیزەکەکان بدات. پیرەژنە پێی وت:
"پاشام نرخی ئەم کەنیزەکانە: زۆر لە سەروو ئەو نرخانەوەیە کە ڕەمەکی خەڵکی کە دەیدەن. نە زێڕ و نە زیوم لێت دەوێت. نە زۆر و نە کەم."
کە باوکت ئەمەی بیست سەری سوڕما و پرسی:
"ئەی نرخیان چۆنە؟"
پیرەژنە وتی:
"نرخەکەیان ١ مانگ بە ڕۆژوو بوونتە...! دەبێت: دەبێت لە ئەو مانگەدا شەو نوێژیش بکەیت...! ئەو کارەش تەنیا بۆ خوا دەیکەیت. گەر ئەم کارەت بۆ کرا، ئەوا کەنیزەکەکان دەبنە سامانی خۆت و چییان لێ دەکەیت بیکە."
پاشا زۆر سەری سوڕما!! لە خۆگرتنەوە "زهد"ی ئەم پیرەژنە و خواناسی ئەو هێندەی دی پیرەژنەی لا مەزن بووا! ئەمجا وتی:

"به هۆی ئەم پیرەژنەوە خوا.... خێر و بەرەکەتێکی فرەی پێ بەخشیون. ئەمجا رێك کەوتن، کە پاشا یەك مانگ بەرۆژوو بێت."

پیرەژنەش وتی:

"منیش نزای چاکت بۆ دەکەم... "

برۆن "گۆزە"یەك ئاوم بۆ بێنن."کە گۆزە ئاوەکەیان بۆ هێنا.. دەستی کرد بە شت خوێندنەوە بەسەریدا. نزیکەی سەعاتێك خەریك بوو پێوەی و ئێمەش هیچی لێ تێ نەدەگەیشتین. ئەمجا پارەچە قۆماشێکی بەسەر گۆزەکەدا، دا و دایە دەست باوکت و پێی وت:

"دوای ١٠ رۆژی یەکەمی رۆژووەکەت بەم ئاوە رۆژووەکەت بشکێنە. ئەم ئاوە خۆشەویستی دنیا لە دڵت دەردەکات و پڕی دەکات لە رووناکی بڕوا بوون. سبەینێ منیش دەچمەوە لای پیاوانی "غەیب"بیریان دەکەم. دوای ١٠ رۆژی یەکەم دێمەوە بۆ لات."

ئەمجا باوکت گۆزەکەی لێ گرت و فەرمانی دا، ژوورێکی بۆ ئامادە بکەن... لە کۆشکدا تاکو خواپەرستی تیا بکات و رۆژووی تیا بگرێت و ئەو گۆزەیەی تیا دابنێن. رۆژی دواتر، پاشا بەرۆژوو بوو. پیرەژنەش لێی دا و رۆیشت. پاشا ١٠ رۆژی یەکەمی گرت، رۆژی یازدەیەم: سەری گۆزەکەی لاداو.. لە ئاوەکەی خواردەوە. هەستی کرد دڵی خۆش بوو. پیرەژنەش لەگەڵ خۆیدا شیرینی لە کاغەزێکی سەوزدا... هێنابوو، چووە لای باوکت و سڵاوی لێکرد. باوکیشت لەبەری هەستا و وتی:

"بەخێر هاتی: ژنی خواناس."

پیرەژنەش وتی:

"پیاوانی غەیب سڵاوت لێ دەکەن، چونکە تێم گەیاندوون... کە تۆیش بە رۆژوو دەبیت. زۆریان پێ خۆش بوو، ئەم شیرینییەشیان بۆ ناردوویت. کە لەو دنیاوە، هێناویانە... ئێوارە رۆژووەکەتی پێ بشکێنە."

باوکت زۆری پێ خۆش بوو. ئەمجا بە روویەکی خۆشەوە وتی:

"سوپاس بۆ خوا، کە بوومە هاوڕێی پیاوانی "غەیب"

ئەمجا سوپاسی پیرەژنەی کرد و رێزێکی زۆر کەنیزەکەکانی گرت.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

# شەوی ٨٥

شەهرەزاد وتی: دواتر، رۆژوانەتی گەیشتە ٢٠ رۆژ، ئەوە بوو. پیرەژن هاتەوە و پێی وت:

"پاشا، ئەوە بزانە، بە پیاوانی "غەیب"م وتووە: چ خۆش ویستن و رێزێك لە نێوان مـن و تۆدا هەیە. پێیشم وتوون: کە کەنیزەکەکانم بە دیاری داوە، بە تۆ. ئەوانیش پێیان خۆش بـوو. کـە ئـەو کیژانـە کەوتنـە لای پیـاوێکی خواناسـی وەکـو تـۆ. ئێسـتاش پیـاوانی "غەیب"داوایان لێ کردووم کـە کەنیزەکـەکان ببەمـە لایـان تـاکو، بەرەکەت و پیرۆزیـان بـە سەردا برژێنن رەنگە، تا گەنجینەیەکی سەرزەوی لەگەڵ خۆیـان نەهێننـەوە.. نەگەرێنـەوە! لای بەرێزتان. بۆ ئەوەی کە لـە رۆژووەکەت بوویتـەوە، خـەریك نـەبیت بـە کـڕینی پۆشاك بۆیان. ئەوان بە سامانی خۆیان شت بۆ خۆیان بکرن...!

کە باوکت ئەمە قسەیەی بیست، بە پیرەژنەی وت:

"گەر خەمی دڵشکاندنی تۆم نەبووایـە، رازی نـەدەبووم، بـەو گەنجینەیـەی دەیهێننـەوە. ئاخۆ..... کەی لەگەڵ خۆت دەیانبەیت؟"

پیرەژنە وتی:

"٢٧ ەمین شەوی رۆژووەکەی تۆ دەیان بەم. سەری مانگ دەیان هێنمەوە. تـا.... دێمـەوە: تۆیش لە بەرۆژوو بوونەکەت، دەبیتەوە و پەیمانەکەت بـەجێ دێنیـت. بـەو خوایـە.... هـەر کەنیزەکێکیان، نرخەکەی لە نرخی مەملەکەتەکەت زۆرترە...!!"

ئەویش پێی وت:

"ئەزانم: خوشکە خواناس."

پیرەژنە وتی:

"خۆشەویستێکی خۆیشت با لەگەڵ کەنیزەکەکانی مندا بێت: تاکو ئەویش بەرەکەتی.... پیاوانی "غەیب"ی بەسەردا برژێت."

باوکیشت وتی:

"کەنیزەکێکی "رۆم"یم هەیە: ناوی "سەفیە"یە. کوڕ و کچێکم لێی هەیە بـەڵام چـەند سـاڵێکە: کـوڕ و کچـەکەم ون بـوون. خۆزگـە: سـەفیەت ببردایـە.. تـاکو ئـەو بەرەکەتـەیان بەسەردا برژایە!"

پیرەژنەش وتی:

"زۆر باشە، تۆ ٢٧ رۆژە.... رۆژوانەتیەکەت تەواو بکە."

رۆژان رۆیشت و باوکت ٢٧ رۆژەکە بەرۆژوو بوو، پیرەژن هاتەوە و وتی:

"نیازمە برۆم بۆ لای، "پیاوانی غەیب".

باوکیشت... خێرا.... ناردییە شوێن سەفیە و دایە دەستی پیرەژن. ئەویش خستییە ناو کەنیزەکەکانیەوە. ئەمجا پیرەژن چووە ژووری نوستنەکەی خۆی و جامێکی سەر بە مۆری هێنا و دایە دەست باوکت و پێی وت:

"ڕۆژی سێیەم، بچۆ گەرما و خۆت بشۆ..... کە هاتیتە دەرەوە بچۆوە شوێنی خەڵوەتەکەت و سەری ئەم "جامە"هەل بدەرەوە و بیخۆرەوە. بە سەریدا بنوو. ئیدی بە ئاواتی خۆت دەگەیت، سڵاوت لێ بێت."

پاشا زۆر بەم قسەیە دڵی خۆش بوو. دەستی پیرەژنەی ماچ کرد. پیرەژنە وتی:

"خواحافیز"

باوکت لێی پرسی:

"کەی دەگەڕێیتەوە... من ئەزانم بیرت دەکەم."

پیرەژنە و ٥ کەنیزەکەکە و سەفیەی پاشا چوونە دەرەوە. ئەمجا دوای ٣ رۆژ چووە خەڵوەتگەکەی ناو کۆشکەوە... دوای ئەوەی لە گەرما و خۆی شتبوو. دەرگای لەسەر خۆی داخست و فەرمانی دا کەس سەردانی نەکات. ئەمجا سەری جامەکەی هەڵدایەوە و ئەوەی ناوی خواردەوە و لێی نووست. ئێمەش تاکو ئێوارە، چاوەڕێمان کرد. هەر نەهاتەوە دەرەوە..! ئێمەش وتمان رەنگە ماندووی گەرماوەکە بێت.دووەم رۆژیش چاوەڕێمان کرد. هەر لە خەلوەتگەکەی نەهاتە دەرەوە. دیسان وتمان "رەنگە ماندووی، بەرۆژوو بوونەکەی و گەرماو کردنەکەی بووبێت. بۆیە دیار نەبوو."دواتر چووینە بەر دەرگای خەڵوەتگەکە و بانگمان کرد. بەڵام وەڵامی نەبوو....!! ئەمجا کەوتینە گومانەوە و دەرگاکەمان شکاند، چووینە ژوورەوە، سەیرمان کرد گۆشتی لەشی دارزیوە...!

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بووە.......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٨٦

شەهرەزاد وتی: دندانی وەزیر وتی:

"ئەوە بەلامانەوە زۆر کارێکی سەرسوڕهێنەر بوو. جامەکەمان هێنا و سەیری بنەکەیمان کرد. کاغەزێکی تێدا لوول کرابوو. کە کردمانەوە، تێیدا نووسرابوو:"تاسەی پیاو خراپان ناکرێت. ئەمە سزای ئەو کەسانەیە: کچانی پاشایان ئەتك دەکەن. با... هەر کەسێك ئەم نامەیە دەخوێنێتەوە بزانێت کە شرکان هاتووەتە وڵاتمانەوە. هەر ئەویش شازادە ئیبریزەی لە ئێمە هەڵگێڕایەوە و بەومیشەوە نەوەستا و هەڵیش گرت...! هێنایەوە. ئەمجا لەگەڵ کۆیلەیەکی رەشدا ناردی و لە رێگە کۆیلەکە کوشتی چونکە بەکوژراوی دۆزیمانەوە. ئەمەش کاری پاشایان نییە!! سزای ئەو جۆرە کارانەش، ئەمەیە کە دەیبینن!! کەسی تر...

بە کوشتنی سوڵتان تاوانبار مەکەن. کەس نەیکوشتووە لە پیرەژنە فێڵاوی زیاتر.....!!
ئەوا... سەفیە خاتوونی ژنی پاشایشم گەڕاندەوە بۆ ئەفرمیدون پاشای... قوستەنتەنیەی...
باوکی! ڕۆژێکیش دێت وڵاتەکەتان داگیر بکەین و کەسێکی تیا نەمێنێت.... کە ئاگری تیا
بکاتەوە."

کە ئەم نامەیەمان خوێندەوە، بۆمان دەرکەوت پیرەژن ئێمەی فریو داوە! ئیتر کەوتینە
هاوار و لەخۆدان. کە گریانیش دادی نەدەداین. ئەمجا هێزی سوپا کەوتنە دووبەرەکی.
لەسەر ئەوەی کێ بخەنە شوێنی پاشای باوکت. هەندێکیان داوای تۆیان دەکرد...... ببیتە
جێ نشینی باوکت. هەندێکی تریان دەیان ویست شرکانی برات ببێتە پاشا لە شوێنی باوکت.
١ مانگی ڕەبەق ئەمە حاڵمان بوو. ئەمجا کۆبوونەوەیەکمان کردو ویستمان بچین شرکان
بهێنینەوە بۆ بەغدا و بیکەینە جێ نشینی باوکت. ئەوە بوو بەڕێ کەوتین دواتر تۆمان
دۆزیەوە... ئەمە بوو.... بەسەرهاتی کوژرانی باوکت.

شەهرزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو................ بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٨٧

شەهرزاد وتی: کە دندانی گەورە وەزیر لەقسەکانی بووەوە، زەوئولمەکان دەستی کردە
گریان. نوزهەتولزەمانیش بەدوایدا، ئەمجا خەزنەدار، بە زەوئولمەکانی وت:

"پاشا گیان.. گریان دادت نادات. دەبێت تۆ وره بە خۆت بدەیت. مەملەکەتەکەت، تۆکمە
و بە توانا بکەیت. هەر کەسێك ئەوەی وەکو تۆی لە دوا بەجێ مابێت: نامرێت."

ئیدی پاشا گریانەکەی لە بیر خۆی بردەوە و فەرمانی دا.... جێگەی دانیشتنەکەی بۆ
بەرنە دالانەکە، ئەمجا هێزی سەربازی مەملەکەت و هێزی سیلاحداری بەسەر کردەوە.
دندانی گەورە وەزیریش لەگەڵیدا. سەرکردە و گەورە پیاوانی دەوڵەتیش لەگەڵیاندا، ئەمجا
زەوئولمەکان لە دندانی پرسی:

"ئێستا بوودجە و خەزێنەی باوکم پێ بڵێ!"

دندان لەوەڵامدا وتی:

"بە چاوان."

حساباتی دەوڵەت و بودجەی ساڵانەی دواتر خستە بەردەم ئەویش خەڵاتی میر
وسەرداران و دەرەجەدارانی دەوڵەتی کرد. ئەمجا خەڵاتی گەورە وەزیریشی کرد و وتی:

"تۆ.... لەپلەی خۆتدا دەمێنیتەوە."

ئەویش کڕنووشی بۆ پاشای نوێ برد. ئەمجا "زەوئولمەکان"بەخەزنەداری وت:

"ئادەی داهاتەکەی دیمەشقم بۆ بێنە. ئەویش سندوقە زێڕ و زیوو، دیاریە ئەنتیکەکانی خستە بەردەم، پاشا.... هەر هەمووی کردە خەڵاتی گەورە سەربازان و دەرجەداران و بە شێوەیەك هیچ لەو پاشای ئاوا...... بەخشندە و دەست بڵاویان نەبینیوە! ئەمجا بەرەو دەروازەکانیان بوونەوە، بۆ سبەینێ کە رۆژ هەڵات. فەرمانیدا بکەونە رێ ۳ رۆژ بەرێوە بوون، ئەمجا گەیشتنە شاری بەغدا. سەیریان کرد شار رازاوەتەوە. ئەمجا زەوئولەکانی پاشای نوێ، چووە کۆشکی باوکیەوە، لەسەر کورسییەکەی دانیشت، ئەمجا دندانی وەزیر و خەزێنەداری "دیمەشق"وەیر و ئەفسەرەکان، لە لای راست و چەپیەوە، ئەمجا نووسەری دەرباری بانگ کرد و فەرمانی دا کە نامەیەك بۆ شرکانی برای بنووسێت... چی رویداوە، ئاگاداری لێ بکاتەوە. ئەمجا بنووسێت هەر کە ئەم نامەیەت پێ گەیشت، سوپاکەت کۆ بکەرەوە و بیهێنە بۆ بەغدا، تاکو پێکەوە بچینە شەڕی "نەسارا."ئەمجا بە دەستی خۆی نامەکەی نوشتانەوە و دایە دەست دندان و وتی:

"تۆ نەبێت، نایدەمە دەست کەسی تر...! لەگەڵیدا نەرم و نیان بە! ئەمجا پێی بڵێ گەر مەملەکەتەکەی باوکیشت دەوێت، ئەوا پاشایەتیەکەشی دەدەمێ و خۆم دەبمە: جێگری ئەو و دەچمە شوێنی ئەو، واتە لە دیمەشق."

دندانی وەزیر نامەکەی وەرگرت و رۆیشت. خۆی بۆ سەفەر ئامادە کرد. ئەمجا فەرمانی دا کۆشکێك بۆ توونچی برازێننەوە. رۆژێکیان زەوئولەکان چووە راو و شکار، کە گەڕایەوە شار، سەرنجی دا میران و ئەفسەر و سەرداران: چەندین...... دیاریان بۆ داناوە.... لە کۆشکدا. ئەویش سەری لەو دیاریانە سوڕما...!! بە تایبەتی کەنیزەکێکی تیابوو. زۆر ناسك و نازدار بوو...! زۆری حەز لێ کرد، بۆیە.... لە خۆی مارە برِی. دوای ماوەیەك دندانی گەورە وەزیر گەڕایەوە.... هەواڵی شرکانی برای بۆ هێنایەوە.کە بەم زووانە دێت بۆ بەغداد. پێیشی وت:

"دەبێت بچێتە پێشوازی. "

دواتر گەیشت و پاشا و وەزیران و ئەفسەران و دەرەجەداران"چوونە پێشوازی شرکان. دەواریان لە کەناری شار بۆ هەڵدان بۆ حەوانەوە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بووە.......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٨٨

## بەسەرهاتی ئامادە کردنی هەر دوو سوپای شرکان و زەوئولەکان

شەهرەزاد وتی: بۆ سبەی بەیانی شرکان لەگەڵ پێشەنگ و شێرانی جەنگ و سەرکردەکان کۆ بووەوە. کە سوپاکەی رێك خستەوە بەیداخی شەڕ شەکایەوە. زەوئولەکان چووە پێشوازی سوڵتان شرکان. ویستی بۆ رێز لێ گرتن لە ئەسپەکەی دابەزێت..... بەڵام

شرکان سوێندی دا. کە پیادە نەبێت. ئەمجا شرکان پێش ئەو دابەزی... هەر دوکیان باوەشیان بە یەکدا کرد و بەسەر یەکدا گریان. ئەمجا سوار بوونەوە ئەوان لە پێش سوپا و جەنگاوەران بە دوایاندا بەرێکەوتن. تا.... گەیشتنەوە شاری بەغدا ئەو شەوە شرکان و زەوئولمەکانی برای پێکەوە لە کۆشك مانەوە. بۆ بەیانی رۆژی دواتر چووە نێو سوپاوە و فەرمانی دا شەیپووری جەنگ لێ بدەن. چاوەڕێی هاتنی سوپاکانی دەوڵەتانی تریش بوون بۆ کۆمەك کردنیان. لە هەر لایەکەوە: سوپا دەهات بۆ بەشداربوون.... پاشا و میری برای، خەڵاتیان دەکردن و پەیمانی، پاداشتی باشیان پێ دەدان. ١مانگی رەبەق خەریکی رێکخستنی ئەو سوپا مەزنە بوون. ئەمجا شرکان بە براکەی وت:

"براکەم... بەسەرهاتی خۆتم بۆ بگێڕەوە."

ئەویش لە نووکەوە تا کۆتایی بە سەرهاتی خۆی بۆ گێڕایەوە. کە ئەو توونچییە، چەندە پەزێرایی کردووە. براکەی پرسی:

"ئەی پاداشتت نەداوەتەوە!؟"

ئەویش وتی:

"نە بەخوا... بەڵام، کە لەم غەزایە گەڕامەوە، ئەم پەرژێتە سەر ئەویش.."

ئینجا، بۆی دەرکەوت، قسەکانی نوزهەتولزەمانی خوشکی هەموو راست. ئەمجا گوێی خۆی لە بەسەرهاتیان خەواند....! بە خەزنەداری زاوایدا سڵاوی بۆ خوشکەکەی نارد. "نوزهەتولزەمان"یش وەڵامی سڵاوەکەی ناردەوە و نزای خێری بۆ کرد. پرسیاری "رێکەوت"ی کچیشی کرد... خوشکەکەی تێی گەیاند کە زۆر باشە و تەندروستە. شرکانش سوپاسی خوای کرد. شرکان کەوتە پرسیاری سەفەر کردن ئەویش وتی:

"براکەم.... کەهەموو سوپاکان کۆ بوونەوە و ئامادە بوون."

ئەمجا فەرمان درا: پێداویستی جەنگاوەران لە چەك و خۆراك و کەل و پەلی پێویست ئامادە بکرێن. ئەمجا... نووسەران و .... بەرێوەبەرێتییە سوپاییەکان بدرێتە دەست ژنەکەی. ئەمجا لە ٣ی مانگدا، چەکدارانی خێڵە عەرەبە دەشتەکییەکان پەیوەندیان بەو سوپا مەزنەوە کرد. ئەمجا کۆمەڵ کۆمەل سوپا کەوتە ڕێ. سەرۆك هۆزی دەیلەم ناوی رۆستەم بوو. سەرۆکی سوپای تورکیش ناوی بەهرام بوو. زەوئولمەکان، کەوتبووە ناوەڕاستی سوپاوە. براکەی لای دەستە راستییەوە زاواکەی کەوتبووە لای دەستە چەپیەوە. ١ مانگی رەبەق ئەم سوپایە بەرێوە چوو. چونکە ژمارەی جەنگاوەر و سەربازان...هێندە زۆر بوون ناچار بون، هەفتەی ٣ رۆژ لا بدەن و بحەوێنەوە. تا.... بەو شێوەیە بەرێوە بوون، تا گەیشتنە وڵاتی رۆم. ئیدی دانیشتوانی شار و دێ و شارۆچکەکان، رەویان کرد بەرەو قوستەنتەنیە. کە شا حەردوب ئەمەی بیست چووە لای پیرەژنە فێڵاوی. چونکە پیرەژن ئەم فێڵەی کردبوو. چووە بەغدا و شا عومەری کوڕی نوعمانی کوشت. دواتر سەفیە و

کەنیزەکەکانی هێنا. ئێستا سوپا روو بکاتە پاشای قوستەنتەنیە. پێم وایە... خۆمان راناگرین!؟

ئەویش پێی وت:

"پەلەم لێ مەکە. تاکو لەوەڵامتان نزیك دەبمەوە."

ئەمجا سوپایان رێك خست کە هەواڵیان بۆ هات. ئەمانیش ئامادەی جەنگ بوون. پیرەژنە فێڵاوی پێشەنگ بوو، کە گەیشتنە قوستەنتەنیە ئەفرەیدون شا..... کە زانی بۆی گێڕایەوە کە پیرەژنە فێڵاوی دایکی چ پەنێکی داوە!؟ چۆن پاشای موسڵمانان کوشتووە و سەفیەی هێناوەتەوە. ئەمجا پیرەژنە فێڵاوی وتی:

"سوپای موسڵمانان هاتوونەتە سەرمان، ئێمەش داوا دەکەین، سوپامان یەك بخەین و لە بەرامبەریاندا بجەنگین!"

شا ئەفرەیدون زۆری پێخۆش بوو کە سەفیەی رزگار کردووە و شا عومەری کوشتووە. ئەمانیش ۳ مانگ خەریك بوون بە ئامادە کردنی سوپایانەوە. لەدوایدا سوپای "نەسارا" ئامادە کرا. لە هەموو لایەکەوە فەرەنگیەکان هاتن "فرەسیس"ی "نەمسا"، "دوبرە"، "جورنە" "بندقیە" و "جنوبز" هێندە زۆر بوون سەرزەوی نەیدەگرت. شا ئەفرەیدون فەرمانی دەرکرد سوپا لە قوستەنتەنیە بچێتە دەرەوە. سوپاکە ٥ رۆژ بەرێوە بوون. تاکو.... گەیشتنە دۆڵێکی فراوان. کە لە دەریای "خوێیاوك"ەوە نزیك بوو.... سێ رۆژ لەوێدا هەڵیان دا و حەوانەوە. رۆژی چوارەم ویستیان بار بکەن و بڕۆن... هەواڵیان بۆ هات.. وا سوپای ئیسلام گەیشتە سەریان. بۆیە سێ رۆژی تر مانەوە. رۆژی چوارەم سەیریان کرد بەری ئاسمان.... بە تەپ و تۆز گیرا... دوای سەعاتێك تەپ و تۆزەکە... رەوییەوە. سەیریان کرد ئەو هەموو "رم"ە چووبوو بە ئاسمان دا... ئەو هەموو ئاڵایە بە ئاسمانەوە!!

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........... بێدەنگ بوو.

## شەوی ۸۹

## بەسەرهاتی جەنگی نێوان سوپای ئیسلام ونەسارا

شەهرەزاد وتی: سوپا وەکو، دەریا شەپۆلێ دەدا. ئەمجا کەوتنە بەیەکدادان هەر وەکو ۲ شەپۆلی دەریا پێکدا بدەن. یەکەم پەلامار دان: لەشکری شامی دندانی سەرۆك وەزیران کە ۳۰۰۰۰۰ جەنگاوەر بوون کە سەرکردەکانی تورك و فارس "رۆستەم" و "بەهرام". جەنگاوەرەکانی ئەم دوانە ۲۰۰۰۰ سەرباز بوو. دوابەدوای ئەوان لەشکری دەریای "خوێیاوك" بوو. کە هەموو زرێپۆش بوون. کە دەتوت مانگی هەڵاتووی نێو تەم ومژن... سوپای نەسارا هاواریان دەکرد: حەزرەتی عیسا و مریەم و خاچ. ئەمجا چوار دەوری

لەشکرەکەی دندانی گەورە وەزیریان دا، ئەمەش بە پرس ورای پیرەژنە فێلاوی بوو. چونکە شا زووتر پێی وتبوو تەگبیر چییە: پیرەژن تۆ هۆکاری ئەم جەنگەیت؟ پیرەژنەش وتبووی: "پاشای گەورە، ئەوە بزانە، ئێستا من پیلانێك دادەنێم کە شەیتانیش رێی پێ نەبات.... ! ئەو پیلانەشی ئەوەیە ۵۰۰۰۰ جەنگاوەر بە پاپۆڕ و بە دەریادا دەڕوات. تا دەگەنە شاخی تەماوی و لەوێ چاوەڕێ دەکەن، تاکو ئاڵای سوپای ئیسلام دەردەکەوێت. ئەمجا لەدەریاوە پشتیان لێ بگرن. ئێمەش بەردەمیان لێ دەگرین. یەکێکیان لێ دەرناچێت! ئیتر دەحەوێینەوە. ئەفرەیدون شا، پیلانەکەی پەسەند کرد. کە سوپای ئیسلام بەو دۆڵەدا ڕەت بوو، هێندەیان زانی ... شمشێرەکان پێکدادران. سوپای بەغدا و خۆراسان ۱۲۰۰۰۰ جەنگاوەری فارس بوون. کە "زەوئولەکان"فەرماندەیان بوو. سوپای نەسارا لە نێو دەریاوە ئەو سوپایەیان بینی.... شوێنیان کەوتن. کە "زەوئولەکان"ئەمەی بینی: فەرمانی دا بگەڕێنەوە. بۆیان...ئەم لە ئیسلام دەرچووانە بکوژن.

شرکانیش ڕووبەڕووی کۆمەڵێکی تریان بووەوە. کە ئەوانیش ۱۲۰۰۰۰ جەنگاوەر بوون. سوپای نەسارا ۱٦۰۰ جەنگاوەر بوون. کە سوپای موسڵمانان تێکەڵ بە یەکتری بوون و ژمارەیان زۆر زۆرتر بوو.... زیاتر بڕوایان بە خۆیان پەیدا کرد. هاواریان کرد:

"خوا پەیمانی سەرکەوتنی بە ئێمە و شکاندنی ئەوانی داوە."

ئەمجا ناڵە و زرمەی شمشێر و ڕم بڵند بووەوە. شرکان دڕی بە هەزاران دا شەڕێکی کرد ، مناڵ لە سەرسوڕمانیدا سەری سپی دەکرد. لەهەر کۆمەڵێکی دەدا کپی دەکرد. هاواری دەکرد:

"الله اكبر".

تاکو بەرەو کەناری دەریای کشاندنەوە. لێی کوشتن و بە سەر یەکیدا شکاندنەوە. سەرکەوتن سوپای موسڵمانان.... ئا..... لەو پێکدادانەدا نزیکەی ٤٥۰۰۰ جەنگاوەری نەسارا کوژرا. ۳۵۰۰ جەنگاوەری موسڵمانانیش شەهید بوو. ئەو شەوە شرکانی شێری ئایین زەوئولەکانی برای خەویان لێ نەکەوت. تاکو بەیانی بە سەر بریندارەکاندا گەڕان و مژدەیان بە لەشکری ئیسلام دا بڵاو کردەوە. کە سەرکەوتوون و دوژمنانیان شکاندووە. لەولایشەوە... شائەفرەیدون، پاشای قوستەنتەنیە وپاشای "ڕۆم"و دایکە پیرەژنە فێلاوییەکەی جەنگاوەرانیان کۆ کردەوە و قسەیان بەم شێوەیە بۆ کردن:

"ئێمە... بە زۆری خۆمانمان نازی بۆیە... جەنگمان بۆ نەکرا."

ئەمجا پیرەژنە سەر ئاسنین وتی: "بۆ سەرکەوتن پێویستمانە یەکگرتن ئەوەی ڕێی مەسیح بگرێ....دەچێتە سەر ڕاستە ڕێ. ئەگەر شرکانیان نەبایە.. دەبوو سوپایان تێك شکایە."

شائەفرەیدون وتی:

"سبەینێ کە هەر دوو سوپا بەرامبەر یەك بۆ شەڕ وەستان... شۆڕەسواری پاڵەوان "لوقا"ی کوڕی شەملوت بۆ شرکان. دەنێرمە مەیدان..تا جۆرێ پشتی بشکێنێ.. گیانی لە لەش دەربێنێ. یەك یەك دەیان بەزێنێ... تا دواییان پێ دێنێ."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بووە............ بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٩٠

شەهرەزاد وتی: بۆ سبەینێ بەیانی... سوپای نەسارا ریز بوون. سوارەکان رمەکانیان.... بڵند کردەوە! سەرانی دەوڵەت... لای پاشا کۆ بوونەوە. پاشایش خەڵاتی کردن وێنەی چوارمێخەی بە روویاندا کێشا. "لوقای کوڕی شەملوت پاڵەوان"کەنازناوی... شمشێری مەسیحی لێنرا بوو ئامادە کرا. ئەم پاڵەوانە لەهەموو وڵاتی رۆمدا لە وێنەی نەبوو. چ: لە زۆرانبازیدا... یان لە رم بازیدا.. یان لە شەڕە شیردا. زۆریش ناشیرین بوو. دەتوت... خەڵووزە. وەکو شێر چەلەنگ بوو. گوزمی وەك پڵنگ. کڕنووشی بۆ پاشا برد شایش پێی وت:

"لە تۆم دەوێت بەرەنگاری شرکانی کوڕی شا عومەری کوڕی نوعمان ببیتەوە. ئەو شەڕەنگێزەمان... بۆ رسوا بکەیت و لە ناوی بەریت."

پاڵەوان وتی:

"بە چاوان".

ئەمجا "لوقا" رۆیشت و ئەسپێکیان بۆ هێنا رەنگ زێڕین. زینێکی قەڵپۆز زێڕینی لەسەر پشت بوو. رمێکی بە دەستەوە بوو. کە ٣ سەرە نێزەی پێوەبوو. دەتوت سەری شەیتانە! سواربوو چووە گۆڕەپان ئەسپ سوارێکی لەتەکدا بوو. کە بە زوبانی عەرەبی دەینەڕاند:

"ئەی نەوەی محەمەد، پاڵەوانمان.. تەنیا و تەنیا داوای شمشێری ئیسلام واتە: شرکان دەکات پاشای "دیمەشق"و"شام".

کاتێکیان زانی: حیلەی ئەسپ و نەعرەتەی شۆڕە سوارێك پەیدا بوو. دڕی بە جەنگاوەران دا. خەڵکی شەڕی حونەینیان بیر دەهاتەوە. جەنگاوەران: بە ترسەوە... ئاوڕیان لێ دایەوە. ئەمجا بۆیان دەرکەوت، کە ئەوە شرکانی کوڕی شاعومەری کوڕی نوعمانە. زەوئولەکانی پێی وت:

"لەگۆڕەپان داوای تۆ دەکەن."

ئەویش وتی:

"باشترا"

چووه گۆڕەپانی شەڕ. موسڵمانانیش زانیان کە ئەوە یەکێکە لە پاڵەوانە ناودارەکانی وڵاتی رۆم، کە سوێندی خواردووە، سەرزەوی لە موسڵمانان پاك بکاتەوە، ئەگەرنا خۆی بە دۆڕاو دەزانێت...! تەنانەت منداڵانی ناوسکی دایکانیش لێی دەترسان! تورك و دەیلەم و کوردان. لێی دەترسان. شرکانی شۆڕە سوار وەکو شێری تووڕە... بۆی هاتە گۆڕەپان... رمی لێ راتەکان... کە دەتووت:رەشمارە بە دەستیەوە. کەوتە نەعرەتە لێدان. "لوقا"ی پاڵەوان.. هێندە فریا کەوت رمەکەی ئاراستەی سەرسنگی شرکان کرد. شرکانیش چاپووکانە، رمەکەی لە هەوادا گرتەوە کە هێندە بەگوژم بوو پێوەی لوول بوو. جەنگاوەرە موسڵمانەکان ترسی ئەوەیان بوو: پێکرابێت. بەڵام هەستایەوە و رمەکەی لوقای ئاراستەی خۆی کردەوە . لوقایش ویستی لاسایی شرکان بکاتەوە و رمە ئاراستە کراوەکە بگرێتەوە. رمەکە لە کەللەی چەقی... بە پشت دا کەوت و دەم و دەست گیانی دەرچوو.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٩١

شەهرەزاد وتی: کە رۆمەکان بینیان "لوقای کوڕی شەملوت"کوژراو کەوتە سەر زەوی کەوتنە شین و واوەیلا! پەنایان بردە بەر:"بەتارقەی دیور."جارێکی دی کۆ بوونەوە. رم هاوێژانیان کۆ کردەوە و جارێکی دی هێرشیان هێنا. ٢ سوپا بەیەکیاندا دایەوە هێندەیان شەڕ کرد دەست و مەچەکیان ماندوو بوو. چەندین سەر و سنگ کەوتنە ژێر پاشووی ئەسپەکانەوە، تاکو تاریك داهات... جەنگ سەروەمڕ بوو. گۆڕەپان پڕ بوو... لە بریندار و مردوو. شرکان لەگەڵ زەوئولەکان و خزنەدار و دندانی گەورە وەزیر کۆ بووە و بە زەوئولەکان و خەزنەداری وت:

"سوپاس بۆ ئەو خوایە. .... کە دەرگای لەناو بردنی بۆ کافران: خستە سەر پشت.!"

زەوئولەکان وتی:

"بۆ..... سوپاسی خوا نەکەین: کە رێگای بۆ عەرەب خۆش کرد، لەمەودوا ئەوە دوای ئەوە: زاڵ بوونت بە سەر لوقای پاڵەواندا، بۆ یەکتر دەگێڕنەوە."

ئەمجا شرکان وتی:

"ئەی خەزنەداری باڵا.... پێشەنگی پۆلا"لەسەری رۆیشت:"دندانی گەورە وەزیر و ٢٠٠٠٠ سوارە، بەرە بۆ...... کەناری دەریا.... ٧ فەرسەخ رێیە و پەلە بکەن، تاکو زوو بگەنە: کەناری دەریا، کارێك بکەن دوو فرسەختان لەنێواندا ماوە ببێت. لەگەڵیاندا سەنگەر لەزەویدا لێبدەن تێیدا خۆتان بشارنەوە: تاك گوێتان لە دەنگی پێیان دەبێت و لە پاپۆڕەکانیان دادەبەزن. ئەمجا چاوەڕێ بکەن. کە ئاڵاتان بینی لێی نووسرابوو:"لااله الا الله محمد رسول

الله"تێکەڵاویان ببن و هاوار بکەن: "الله اکبر"ئەمجا لێیان بدەن. کارێك بکەن نەهێڵن بگەنەوە، پاپۆڕەکانیان."

ئەوانیش وتیان:

"بەسەرچاوان."

ئەمجا خەزنەدار دندانی وەزیر و ٢٠٠٠٠ جەنگاوەری لەگەڵ خۆی برد. بۆ سبەینێ دا، ئەو چەکدارانە بەو دەشت ودەرەدا بڵاو بوونەوە. بەرەو کەناری دەریا بوونەوە. پێکداپژان، شەڕ هەڵگیرسان رووی دا. چەرخی کوشتار خولا. هەر کەللە سەر بوو، لە لەش جیا دەبووەوە. چاوان بوون ئەبڵەق دەبوون. زراوان دەتەقین. مەچەکان دەپچڕان، کەللە سەران دەپەڕان ئەسپەکان لە خوێندا دەگوزان. جەنگاوەرانی موسڵمان.... سڵاواتیان لێ دەدا.

سوپای رۆمیش هاواری حەزرەتی موسایان دەکرد. سوپای موسڵمانان: بەرەو دوا کشانەوە. ئەفرەیدون شا وای زانی... سوپای ئیسلام شکاوە. بۆیە فەرمانی بە سوپاکەی دا:"ئەی بەندەکانی مەسیح کەوتنە سەر رێگای راست. ئەی خزمەتکارانی جەسالیق.. خوا پێی بەخشین: تەوفیق! ئەوەتا سوپای ئیسلام دەکشێنەوە و هەڵدێن. رێیان مەدەن. لێیان بدەن... بیان کوژن ئەگەرنا... لێتان خۆش نابێت: ئەو مەسیحەی.... کە بە "مەلۆتکە"ی قسەی کردووە... وا سوپایان تێشکا...!!"شا ئەفرەیدونی قوستەنتەنیە نەیزانی ئەوە فێڵی جەنگی سوپای ئیسلامە.... بۆیە پێی وابوو... سەرکەوتوون... کە ئاوا... سوپای ئیسلام لەبەردەمیاندا، دەکشێنەوە. مژدەی سەرکەوتنی دا بە پاشای رۆم! ئەمجا سوێندی خوارد بە"موعجیزە"کانی مریەمی نەسارا. کە جەنگاوەرێك لە موسڵمانان: نەهێڵێت لە شارا. بیان کوژێ وبیان کات بە دارا.... دەبێت خوێنی لوقا پاڵەوانیان لێ بسەندێتەوە. ئەمجا هاواری دەکرد: کوڕینە ئەمە تۆڵەی خوێنی "ئیبریزە"یە. ئەمجا زەوئولەکان هاواری کرد:

"ئەی بەندەیانی شا دەی یان... بکوژن، بێ ئابڕوویان. بەو شمشێرە تیژە ... یان بەو تێزە."

ئەمجا سەرکردەیەك فەرمانی دا و هاواری کرد:

"بکوژن دوژمنانی ئیسلام. ئەی عاشقانی پێغەمبەری: رێبەر و ئیمام! بەهەشت لە سایەی شمشێر دایە."

ئەمجا شرکان دەستوبرد هێرشی بە لەشکرەکەی کرد.... دەروی هەڵاتنی لێیان گرت."بەڵام: سەری سورما... لە سوارێ... خوێن لە شمشێری دەباری! کە بازووی هەڵدەسووڕان... دەیان کەللەی دەپەڕان! ٢ شمشێر بە دەستەوە... دوژمنی دەبەستەوە!

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

# شەوی ٩٢

شەهرەزاد وتی: کە شرکان گەیشتە ئەو شۆڕە سوارە هاواری کرد:

"توو... قورئان تۆ کێی!؟ کە بە هۆی ئەم جەنگەوە کە لە مەیدان دەیکەیت... ئاوا: خۆت لە خۆت... رازی کرد!!؟"

شۆڕە سوارەکە.. لە وەڵامدا وتی:

"خۆ...تۆ: دوێنێ... پەیمانت لێ وەرگرتم! ئای ... چەندە زوو...... بیرت چووەوە!!؟"

ئەمجا کڵاو خوودەکەی لەسەر داماڵی. کە سەیری کرد:"زەوئولەکان"ە...! شرکان زۆری پێخۆش بوو. لە کاتێکدا: لەبەر قورسی جەنگەکە.. لێی دەترسا. چونکە هێشتا تەمەنی ئەو جەنگەی نەبوو. هەروەها دەبوو. حوکمڕانی مەملەکەت بگرێتە دەست! بۆیە: پێی وت:

"پاشا گیان... یاری بە گیانی خۆت مەکە... لەجەنگدا! با.... ئەسپەکەت.. بە تەنیشت ئەسپەکەی منەوە بێت. چونکە خەمی تۆمە... برا... نەکو بە تیرێکی وێڵەوە ببیت."

زەوئولەکان وتی:

"منیش حەز دەکەم: بە هێندەی تۆ ئازا بم! بۆیە: درێغی ناکەم... لەم جەنگەدا. "

دواتر سوپای ئیسلام لە چوار لاوە، سوپای دوژمنی گەمارۆ دا. ئەمجا رووداوەکان ئاوەژوو بوونەوە. شائەفرەیدون دەستی بەدەستا دەدا و خەمی شکاندنی سوپای رۆمی بوو. دواتر بەشکاوی بەرەو دەریا و پاپۆڕەکانی هەڵاتن. کە لە ژێر رکێفی دندانی گەورە وەزیردا بوون، لێیان راست بوونەوە کەوتنە شمشێر وەشاندن. سوپای نەسارایان شکاند. لەولایشەوە میر "بەهرام"خاوەنی وڵاتی شام کە سەرکردایەتی ٢٠٠٠٠ جەنگاوەری دەکرد لێی دان. سوپای ئیسلام ١٠٠٠٠٠ بەتریقی سوپای نەسارایان کوشت. پاپۆڕەکانیان تێکشکاندن. زۆریشیان خۆیان هەڵدایە دەریاوە. زۆربەی پاڵەوانەکانیان کوژران. دەستکەوتێکی زۆریان دەست کەوت. لەو دەستکەوتانە.. ٥٠٠٠٠ ئەسپ بوو. سوپای ئەفرەیدون بە شکاوی گەڕانەوە. لەشکری رۆم پێش گەڕانەوەی هەواڵی سەرکەوتنی پێ گەیشت بوو. پیرەژنە فێڵاوی وتبووی:

"من کوڕی خۆم: زۆر باش دەناسم. هەمیشە جەنگی بردووەتەوە و هەرگیز لەشکرەکەی نەشکاوە."

ئەمجا پیرەژنە فێڵاوی فەرمانی دابوو شاریان رازاندبووەوە. خەڵکی بە هەڵپەڕین و شەراب نۆشی... دەریان بڕی. خۆشی! کاتێکیان زانی قەلەڕەشی رەشی پەژارە هاتە سەر ئەوشارە. کە چوونە: پێشوازی سوپاکەی شا ئەفرەیدون باس هەر باسی تێشکانی سوپای رۆم و سەرکەوتنی ئیسلام بوو. ئەمجا کوژران و دۆڕانی لوقای پاڵەوانیان گێڕایەوە! شا ئەفرەیدون، سەری دنیای لێهاتەوە یەك.... ئەو شکاندنەی بۆ راست نەدەبووەوە، لە هەموو

لایەکەوە، شایی بوو بە شین و تەعزییە. هاوار و گریان کە شای رۆم گەیشتەوە لای شائەفرەیدون پێی وت:

"چاوەڕێ مەکە: لە جەنگاوەرانی سوپای خۆمان کەسی تر بگەڕێتەوە. چونکە هەموویان تیاچوون."

کە شا ئەفرەیدون ئەمەی بیست هێندەی خەم خوارد بوورایەوە. کە بە ئاگا هاتەوە..... وتی:

"رەنگە حەزرەتی مەسیح رقی لێمان هەستابێت. ئەگەرنا... بۆچی سوپای ئیسلام.. ئاوای بە سەر هێناین!؟"

گەورە بەتریقەکان... زۆر بە پەژارەوە پێشوازی ئەفرەیدون شایان کرد. کە گەیشت وتی:

"باوەی پیرۆز.. زۆر خراپ شکاوین!"

باوە بەتریق وتی:

"گوێ مەدەرێ... لەوە دەچێت لە حەزرەتی مەسیح هەڵگەڕابنەوە! بۆیە.... خوایش: سزای داون. ئێمەش لەسەرمانە نزاتان بۆ بکەین خوا بتان پارێزێت."

پیرەژنە فێڵاوی هات و وتی:

"پاشام... سوپای ئیسلام زۆرن! بە فێل نەبێت، دەستمان پێیان ناگات. ئێستاش دەمەوێت: بە فێڵ خۆم بگەیەنمە لای سەرکردەکەیان. چۆن باوکیم کوشت... ئاوا.... خۆیشی بکوژم!!"

کارێکیان پێ دەکەین، یەك سەربازیان نەگەڕێتەوە وڵاتی خۆی. داوا لە نەسارای خەڵکی شام دەکەم، کە یارمەتیمان بدەن."

ئەمجا پاشا وتی:

"هەر کاتێك ویستت ئامادەین."

فەرمان درا ١٠٠ سەربازی بۆ ئامادە بکرێت. شا پێی وتن:

"ئاخۆ... نازانن سوپای ئیسلام: چی بە سەر نەسارا هێناوە؟"

وتیان:

"بەڵێ."

شا وتی:

"کەواتە بزانن ئەم پیرەژنە خۆی بۆ مردن ئامادە کردووە، دەیەوێت بە یەك جۆر بەرگەوە بتان بات..! ئاخۆ... ئێوەش خۆتان دەکەنە قوربانی حەزرەتی مەسیح!؟"منیش هەر یەکە و "قنتار"ێك زێرتان .... خەڵات دەکەم. هەر کەسێکتان بە سەرکەوتوویی گەڕایەوە. زێرەکەی حەڵاڵ بێت ئەوەشی بکوژرێت لەو دنیا حەزرەتی مەسیح پاداشتی دەداتەوە."

ئەوانیش وتیان:

"ئەی پاشا... وا... ئێمەش خۆمان کردە قوربانی مەسیح و تۆ."

پیرەژنە فێڵاوی هەندێ دەرمانی هێنا و کوڵانی... ڕەشایی تیا نەهێشت. داپۆشی تا سارد بووەوە. خستییە سەر دەستەسڕێکی گەورە ئەمجا بەستی بە سەریەوە... تەسبێحێکی بەدەستەوە گرت و خۆی کرد بە دیوەخانی پاشای خۆیاندا. نە پاشا و نە دانیشتوان نەیان... ناسییەوە....! ئیتر بە پێکەنینەوە: پەچەکەی لادا. ئەمجا هەموویان دەستخۆشی ئەو فێڵەیان لێ کرد. کوڕەکەی بە دڵخۆشییەوە پێی وت:

"خوا.... تۆ بهێڵێت بۆ نەساراکان."

ئەمجا لەگەڵ بازرگانەکان بەرەو سوپای بەغداد ڕۆیشت.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ٩٣

شەهرەزاد وتی:"پیرەژنە فێڵاوی خۆی کرد بە قەشەیەکی سیحرباز. ژنێکی فێڵباز بوو. پشتی چاوانی سوور کرد و پشتی خۆی کوڕ کرد. بەڵام سەفەری حەجی کردبوو... شارەزای ئایینی ئیسلام بوو. ئەمانەشی بۆ ئەوە بوو تاکو شارەزای ئایین بێت. ئاگای لە قورئان بێت... زۆر بەلا بوو... دەستی لە هەموو کارێك واڵا بوو. زۆربەی تەمەنی لای "حەردوب"پاشای کوڕی، کە پاشای وڵاتی ڕۆم بوو بە سەر بردبوو. کە بەرەو سوپای ئیسلام چوو. "حەردوب"شا.. چووە لای ئەفرەیدون شا و پێی وت:

"ئەی پاشای هەمووان ئێمە پێویستمان بەنزا و پاڕانەوەی "بەتریق"ی مەزن نییە! بە قسەی پیرەژنە فێڵاوی دایکم دەکەین. چاوڕێی دەبین بزانین چیمان بۆ دەکات؟ ئەوان بە هۆی هێز و توانایانەوە زاڵ بوون بە سەرماندا."

کە شا ئەفرەیدون ئەمەی بیست زۆر ترسا. بۆیە فەرمانی دەرکرد بۆ هەموو هەرێمەکانی مەملەکەت:

"پێویستە هەموو نەسرانییەکان، بەشداری بکەن، لەجەنگی سوپای ئیسلامدا... چونکە موسڵمانان هاتوونەتە ناو خاکی مەملەکەتمانەوە. پەلە بکەن فریا بکەون: خێرا بکەن."

لەو لایشەوە پیرەژنە فێڵاوی کۆمەڵەکەی خۆی بردە دەرەوەی شار و بەرگی بازرگانانی موسڵمانانیان پێ پۆشی. ئەمجا ٥٠ باری هێستریش کوتاڵی ئەتڵەسی ئەنتاکی.. دێباجی پاشایی و جۆرەکانی تر. فەرمانی پاشای پێبوو نووسرابوو:

"ئەم بازرگانە، لە دانیشتوانی وڵاتی "شام"ن هاتوونە مەملەکەتی ئێوە نابێت کەس دەست بێنێتە رێیان. لە "دە: یەك"بەخشراون. چونکە بە کاری ئەمانە وڵات ئاوەدان دەبێتەوە."

ئەمجا پیرەژنە فێڵاوی بەخەڵکی دەوروبەری وتبوو:

"بۆ لە ناو بردنی موسڵمانان هەموومان کار دەکەین...!"

ئەوانیش وتبوویان:

تۆ فەرمان بدە و ئێمە جێبەجێی دەکەین."

ئەمجا نێو چاوانی خۆی بە دەرمان هەنووبوو. بەجۆرێك بریسکەی دەدایەوە. فێڵاوی بەلە باریکە بوو. چاوانی بە قووڵا چووبوون. رۆیشت تاکو گەیشتە سەربازگەی ئیسلام. زنجیری پێیەکانی کە پێشووتر بە پێیەوە بوو لێی کردەوە. جێی زنجیرەکە لە قاچەکانیدا دەرکەوتبوو. پیرەژنە: شوێنەکەی چەور کردبوو... ئەمجا فەرمانی دا و وتی:

"ئادەی لێم بدەن....! ئەمجا بمخەنە، سندوقێکەوە..... ئەمجا هەڵم بگرن و بڵێن:"لاالە الا اللە."

ئەوانیش وتیان:

"چۆن دەبێت لێت بدەین... تۆ خاتوونی ئێمەیت...؟"

ئەویش وتی:"لۆمەی کەس ناکەم، خۆم داواتان لێ دەکەم! پێویست بوون حەرام: حەڵاڵ دەکات!"بمخەنە سندوقێك و هەندێك سامانیشم لەگەڵدا لە سندوقەکە بخەن. بمخەنە سەر پشتی هێسترێك وخۆتان بکەن بە ناو سوپای ئیسلامدا لە کەس مەترسن. هەر کەسێکی سوپاکە، دەستیان هێنایە رێتان: هێستر و بارەکەی بدەنێ! پەنا ببەنە بەر "زەوئولەکانی"پاشایان و بڵێن:

"ئێمە فەرمانی پاشای "رۆم"مان پێیە: باجی "دە: یەك"نادەین. ئاخۆ.. ئێوە چۆن بارە کوتاڵەکانمان دەگرن؟ ئەمجا پرسیان:" ئاخر... لە وڵاتی رۆم چ سودێکتان کردووە؟"ئەمجا بڵێن:"ئێمە لەوڵاتی رۆم "خواناس"ێکمان لە ژێرزەمین دا... رزگار کردووە.... کە ١٥ ساڵە لەوێ زیندان بووە! هەر چەند کاتی خۆی پاڕاوەتەوە بێ سوود بووە. ئێمەش: بارە کوتاڵەکانمان فرۆشتووە و ئەومان پێ کڕیوە! لەگەڵ خۆمان هێناومانەوە. ئەو شەوە هەر نەنووستین. تاکو بەیانی هەر باسی سەفەرەکەمان کرد. کە رۆژ بووەوە. سەیرمان کرد وێنەیەك بە دیوارەکەمانەوە بوو. کە لەو وێنەیە.. نزیك بووینەوە: جووڵا...! ئەمجا کەوتە قسە:"ئیسلامینە.. ئاخۆ.... تیاتاندایە بیەوێت، لە خوا نزیك بێتەوە؟

وتمان:"جا ....ئەوە چۆن دەکرێت؟"

وێنەکە وتی:

"خوا.... منی بۆیە هێناوەتە قسە، تاکو ئیمانتان بەهێز بێت و لەوڵاتی نەسرانیان بچنە دەرەوە. بەرەو سوپای ئیسلام. چونکە لە نێوانیاندا شرکانی شمشێری خوا و پاڵەوانی

زەمانەی لێیە! گرتنی قوستەنتەنیە لە سەر دەستی ئەو پاشایەدا دەبێت! هەر ئەویش، نەسرانیان تەفر و توونا دەکات، ٣ رۆژە رێیە دەرۆن... دەگەنە، کڵێسەیەك ناوی "مەتروحەنا"یە. شاخێکی بڵندی لێیە: نیەتتان پاك بکەنەوە و رووی تێ بکەن. ئەشکەوتەکە خواناسێکی تیایە کەخەڵکی "بیت المقدس"ە و ناوی "عبدالله"یە یەکێکە لە وەلییەکانی خوا و کەراماتی هەیە چەند قەشەیەك بە فێڵ گرتیان لە ژێر زەمینێکدا بۆ ساڵانێکی زۆر بەندیان کرد. هەر کەسێك رزگاری بکات، خوا لە خۆی رازی دەکات. چونکە کارەکەی بە جیهاد بۆ دەنووسرێ." شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بووە...... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٩٤

شەهرەزاد وتی: کە پیرەژن ئەم تەگبیر و پیلانەی بۆ کۆمەڵەکەی کرد. وتی: "ئەگەر شرکانی سەرکردە، گوێی لێ گرتن، پێی بڵێن:"کە ئەو قسەیەمان لە ئەو وێنەی سەردیوارە بیست، بۆمان دەرکەوت.... کە ئەو وەلی خوایە یەکێکە لە خۆشەویستانی خوا. ٣ رۆژ بەرێوە بووین. ئەمجا گەیشتینە کڵێسەکە ئەمجا چووینە ژوورەوە. رۆژێك خەریکی فرۆشتنی کاڵاکانمان بووین کە شەو هات و چووینە ئەشکەوتی کێوە بڵندەکەوە گوێمان لە قورئان خوێندن بوو. ئەمجا ئەم شیعرەی وت:

ئۆقرەم هەڵگیرا لە سینەی تەنگا
تاسام لە دەریای نێو دڵی مەنگا
خوا پەنام نەدا: کوژراوم... کوژراو
بووم بەو کۆترەی کە باڵی شکا..!
زۆر رێز بگرە لەخزمەکانت
لەخۆشیاندا.. رەونەقت تکا.....
رێگایەك نییە بۆ پێك گەیشتن
جەنگین: دەماندات بە کۆستی مەرگا
لە کڵێسەدا گیرم خواردووە
لەگەڵ: هەواڵدا با: سڵاو بکا...!

پیرەژن وتی:

"کە گەیشتینە سەربازگەی ئیسلام پیلانەکەمتان بۆ دەردەکەوێت! کە چۆن هەموویان لە ناو دەبەم؟"

نەسرانیان دەستیان ماچ کرد. دوای ئەوەی هەندێکیان لێدا: خستییانە سندوقەکەوە. ئەوان پێیان وابوو، دەبێت قسەکانی جێبەجێ بکرێت...! بەرەو سەربازگەی موسڵمانەکان رۆیشتن. ئەمە لە لایەکەوە... لەولایشەوە کە بینیان چۆن خوا: سەری خستن و دەستکەوتیان: لەو پاپۆڕ و ئەو هەموو کەل و پەلانە زۆر بوو، کە شەوانە بۆ یەکتریان دەگێڕایەوە. زەونولەکان بە براکەی وت:

"خوا بە هۆی دادپەروەری خۆمانەوە و بە قسەی یەکتر کردنمانەوە، سەری خستووین! شرکان فەرمانەکانم و ئەرکەکانی خوا بە جێ بێنە. چونکە بەنیازم "١٠"پاشا.... لە خوێنی باوکمدا بکوژم! هەروەها ٥٠٠٠٠ لە رۆمەکان. قوستەنتەنیەش داگیر بکەم."

شرکان"یش وتی:

"به قوربانت بم... خۆ...من ١٠٠٠ ساڵ ئامادەم جیهادت بۆ بکەم. بەڵام کاکە گیان.... لە دیمەشق کچێکم هەیە. ناوی "ڕێکەوت"ە. زۆرم خۆش دەوێت کچێکی زۆر سەرسوڕهێنەرە!"

زەوئولەکان وتی:

"منیش کەنیزەکێکم هەیە، سکی پڕە و لەسەر منداڵ بوونە، وەرە پەیمانم بدەرێ، کە ئەگەر خوا کوڕی پێم بەخشی، کچەکەتم بدەرێ، با... لێی مارە بکەم!"

شرکان وتی:

"بەچاوان."

دەستی خستە نێو دەستی براکەی و وتی:

"ئەوا..... پەیمان بێت، ئەگەر کوڕتان بوو... کچەکەی خۆمت پێ دەبەخشم، لە کوڕەکەتی مارە بکە."

ئیتر زۆری پێخۆش بوو. ئەمجا کەوتنە باسی سەرکەوتنیان لەو جەنگە گەورەیەدا. دندانی گەورە وەزیر پیرۆزبایی لە هەر دوو براکە کرد، لەو سەرکەوتنەیاندا. وتی:

"کە ئێمە لە پێناوی خوادا جەنگین... خوایش سەری خستین و ئەوان دۆڕان. وەرن با.. شوێنیان بکەوین و کۆڵیان لێ نەدەین. بەڵکو: خوایش ئاواتمان بێنێتە دی وهەر هەموویان بکوژین. ئێوە بە ئەو پاپۆڕانە.... بە دەریادا لەشکر بەرن. ئێمەش بە زەویدا. ئەمجا وتی:"

| | |
|---|---|
| باشترین کارێك: دوژمن کوشتنە | بە سەر ئەسپەوە: هەر خوێن ڕشتنە |
| با: لە یارەوە... نامەت پێ بگات | یان: کوتوپڕێ بە ئەو گەیشتنە |

ئەمجا "دندان"وتی:

"پەنا بە خوا... لەو سەر کەوتنە: چەند ئازیزە؟ یان شادبوون. بە خاتوو ئیبریزە! "زەوئولەکان"فەرمانی بە سوپای ئیسلام دا. کە بڕۆن بەرەو شاری "قوستەنتەنیە". کەوتنە ڕێ. دوای شەش ڕۆژە ڕێ. ماندوێتی و تینوێتی گەیشتنە مێرگێکی پان کە سەیرانگایەك بوو، بۆ خۆی. پڕ بوو لە ئاسك و مراوی و پڵنگ و باڵندە و گورگ و ڕێوی. کە سەیری ئەو کانی و تافگانەیان کرد. ئەو هەموو میوە ئاسکانە.. ئەو میوە جوانانە شنەی شەماڵە.بەهەشتی سەر زەمینە:

| | |
|---|---|
| سەیری ئەو ڕەز وباخە شیرینە | دەتوت فەرشێکی سەوزی ڕەنگینە |
| بۆ هەر لایەکی، لا دەکەیتەوە | کانی و تافگەیە و زەوی بەرینە |
| ڕووبار وەك لێوی کیژی گوڵبەدەم | لق و بەری دار، چەندە نەخشینە؟ |
| دڵۆپەی شەونم بە لق وپۆوە | وەك زێڕ و زیوە و تاجە گوڵینە! |

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

# شەوی ٩٥

شەهرەزاد وتی: "کە زەوئولەکان ئەو مێرگ و رەز و گوڵ و گوڵزار و بولبولی هوزارەی بینی بەشرکانی برای وت:

"لە هەموو شاری دیمەشقدا شوێنی ئاوا.... خۆش نییە! ٣ رۆژ لا دەدەین و با خۆمان و سوپاکەمان بحەوێنەوە.... با گوڕ و تینمان بەرامبەر دوژمنان پێدا بێتەوە."

کاتێکیان زانی غەڵبە غەڵب لە دوورەوە دەهاتە گوێ! کە زەوئولەکان پرسی وتیان کاروانی بازرگانانی وڵاتی شامن. ئەوانیش بۆ حەوانەوە لایان دابوو. رەنگە گەر تووشی لەشکرێك ببوونایە رووتیان بکردنایەتەوە. چونکە لە وڵاتی رۆمەوە هاتوون."دوای ماوەیەك هاتنە پێشەوە. دەستیان کردە هاوارو کڕووزانەوە و پەنا.. بردنە بەر پاشا. کە زەوئولەکان بیستییەوە فەرمانیدا..... بیان هێنن! کە هێنایانن وتیان:

"ئێمە لە وڵاتی "نەسرانیان"بووین. رووتیان نەکردینەوە! چۆن دەبێت: کە برا موسڵمانەکانمان.. لە وڵاتی خۆماندا: رووتمان بکەنەوە!؟ هەر چییەکمان پێ بوو لێیان سەندین!"

ئەمجا فەرمانی پاشایەتی وڵاتی "رۆم"یان.... پیشان دا. شرکان کە خوێندیەوە وتی:

"بێخەم بن.. سامان و بارەکانتان بۆ دەگێڕمەوە.... هەر چەندە: بازرگانیتان بۆ وڵاتی "رۆم بردووە."

ئەوانیش وتیان:

"قوربان قەدەری خوا، ئێمەی گەیاندە ئەوێ! دەستکەوتێکمان بوو... کە دەست کەس نەکەوتووە... تەنانەت لە غەزاکانی خۆتاندا دەستتان نەکەوتووە!"

شرکان پرسی:

"ئەو شتە چییە دەستتان کەوتووە!؟"

وتیان:

"دەبێت، هەر بە خۆت بڵێین و بەس! چونکە ئەگەر خەڵکی گوێیان لێبوو، ئیدی هەواڵەکە بڵاو دەبێتەوە. دواتر... دەگاتەوە، وڵاتی رۆم و دوور نییە بمانکوژن!!"

خۆیشیان سندوقەکەیان لە شوێنێك شاردبووەوە، پیرەژنە سەر ئاسنینەی تێدا بوو. ناچار شرکان و زەوئولەکان بردیاننە ژوورێکی چۆل و بەسەرهاتی خواناسەکەیان، وەکو خۆی بۆ گێڕانەوە و دەگریان. بۆیە هەر دوو براکەیش لەگەڵیاندا گریان. ئیتر پیرەژنە قەشەی فێڵاوی چۆنی رێگا بۆ دانابوون وایان کرد. زەوئولەکان پرسی:

"ئاخۆ... ئەو خواناسەتان رزگار کردووە لە کڵێسەکەیان... نا!!؟"

وتیان:

"رزگارمان کرد و لە ترسی خۆمان زێوانی کڵێسەمان کوشت..."

ئەمجا پەلەمان کرد لە چوونە دەرەوە لە وڵاتی رۆم. هەندێ لە خواناسان، هەواڵیان داپێمان کە کڵێسەکە، هەندێ گوڵدان و پیاڵە و پەرداخی زێرینی بە نرخی تیایە."دواتر سندوقەکەیان هێنایە بەردەم و پیرەژنە سەر ئاسنینەی فێلاویان هێنایە دەرەوە هەموو گیانی شین هەڵگەرابوو..... پێوەتی لە پێ کرابوو.... کە زەوئولەکان و دەوروبەرەکەی سەیری پیرەژنەیان کرد، وایان زانی پیاوێکی خواناسە. نێوچاوانی دەبریسکایەوە. بە ئەو مەرهەمەی زووتر بۆ ئەو مەبەستە لێی دابوو. هێندەی دی متمانەیان پێدا: کە پیاوێکی خاسە، خواناسە. بۆ شرکان و براکەی دەستیان بە گریان کرد. پیرەژن وتی:

"مەگرین.... من رازیم بە سزای خوا...رەنگە تاقی کردبێتمەوە! هەر کەس ئارام نەبێت، لە تووش بوونی بە بەڵاوە، ئەوا: ناچێتە بەهەشت! پێم خۆشە گەڕامەوە وڵاتی خۆم.... نەك لەبەر ئەوەی لە مردن رزگارم بوو. بەڵکو لەبەر ئەوەی ببمە خۆڵی ژێر پێی موجاهیدە موسڵمانەکان! شەهیدان نامرن و زیندون."وتراوە:

لە گەرمەی جەنگدا وەك کێوی "توور"بووی
بۆ گفتوگۆی خوا: تۆ چەندە سوور بووی
ساحیران: پەتی خۆیان فڕێ دا....
"عەسا"ت فڕێ دا و لە خەمی دوور بووی
لە شەڕدا: هەندێ ئایەت بخوێنە
تێدەگەیت چەندە ئازا و جەسوور بووی

کە پیرەژنی فێڵباز لە شیعرەکە بووەوە فرمێسکی تیمساحانەی لە چاوان: داوەران! نێو چاوانیشی دەبریسکایەوە. شرکان دەستی ماچ کرد. ئەمجا سفرەیان بۆ رازاندەوە خواردنەکی نەخوارد و وتی:

"١٥ ساڵە رۆژووم نەشکاندووە. ئێستاش نان ناخۆم. خوا لە ژێر دەستی رۆمە کافرەکانی رزگاری کردووم... پەلەم نییە. ئێوارە رۆژووەکەم دەشکێنم."

بۆ ئێوارە، شرکان و زەوئولەکان هاتنە لای و خواردنیان بۆ هێنا و پێیان وت:

"خواناس.... فەرموو نان بخۆ."

پیرەژنەش وتی:

"ئێستا کاتی، پەرستنی مەلیکی دەیانە. کاتی نان خواردن نییە."

سێ شەو و سێ رۆژ ئەمە حاڵی بوو. هەمیشە لە "خەڵوەت"دا بوو. خەریکی نوێژ کردن بوو. کە زەوئولەکان بەم شێوەی دەی بینی. هێندەی دی لای خۆشەویست بوو. بۆیە بە شرکانی برای وت:

"با لەو دەشتەدا، دەوارێکی بۆ هەڵبدەین و خزمەتکاری بۆ دابنێین، پەزێرایی بکات."

ڕۆژی چوارەم داوای خواردنی کرد. ئیدی سفرەیان بۆ رازاندەوە... لە هەموو خواردنە... نانێك و کەمێ خوێی خوارد بوو. نیەتی ڕۆژووی هێنایەوە. شەو هەستایەوە، بۆ شەو نوێـژ. شرکان بە زەوئولەکانی برای وت:

"ئەم پیاوە، خۆی لە خۆشیەکانی ئـەم دنیـا گرتووەتـەوە. ئەگـەر لەبـەر فـەرزی جیهاد نەبووایە، لەگـەڵ ئـەم پیاوچاکەدا خواپەرستیم دەکـرد، تـاکو دەمـردم. حـەز دەکـەم بچمە دەوارەکەیەوە و سەعاتێك قسەی لەگەڵ بکەم."

زەوئولەکانیش وتی:

"منیش: بەڵام دەبێت سبەینێ سوپا بخەینە رێ بەرەو قوستەنتەنیە. لەبەر ئـەوە کاتی ئەو سەعاتەمان نییە."

دندانی گەورە وەزیریش وتی:

"منیش حەز دەکـەم لەگەڵیـدا دابنیشم. تـاکو داوای لێ بکـەم، بـۆم بپاڕێتـەوە، کـە لـەو جیهادەدا شەهید ببم. خۆم لە دنیا دەگرمەوە."

شەو خۆیان کـرد بـە دەواری پیرەژنـە سـەر ئاسنینەی فێڵاویـدا. سـەیریان کـرد، لەسـەر بەرماڵە و نوێژ دەکات. ئەمان دەستیان کردە گریان. ئەویش..... خـۆی تێیـان ناگەیـەنێت و هەر خەریکی نوێژ کردنە. تـاکو نیوەشـەو ئەمـە حـاڵی بـوو. دواتـر سـڵاوی نوێـژی دایـەوە. بەخێرهاتنی کردن و پرسی:

"چۆنە هاتوون؟"

وتیان:

"ئەی پیاوە خوا ناسەکە ئەی گوێت لە گریانی ئێمە نەبوو؟"

ئەویش وتی:

"هەر کەس لـە بەرامبـەر خـوادا بووەسـتێت: ئاگـای لـەم دنیـا نامێنێـت! تـاکو ئاگـای لـە دەوروبەری خۆی بێت."

وتیان:

"حەز دەکەین هۆی دیل و بەندبوونت بۆمان بگێڕیتـەوە. نزامـان بـۆ بکـە.. چونکە لـە موڵکی قوستەنتەنیە بە نرخ ترە بۆ ئێمە"

ئەویش وتی:

"بەو خوایە... گەر سـەرۆکی سـوپای ئیسلام نەبوونایـە... هـەرگیز بـۆم نەدەگێڕانـەوە. چونکە سکاڵای خۆم لای یەزدان دەکەم. ئێستاش هۆی بە دیل گیرانەکەمتان بۆ دەگێڕمەوە.

"ئەوە بزانن ، کە لەگەڵ هەندێك لە خۆشەویستانمدا لـە "قـودس"بـووم هـەرگیز خـۆم لەوان بە گەورەتر نەدەزانی. چونکە ئەم سیفەتە و خۆ گرتنەوە لە خۆشـیەکانی ژیـان خـوا پێی بەخشیوم. وا رێکەوت شەوێکیان رووم کردە دەریا و بـە پـێ بـە سـەر دەریـادا رۆیشتم. سـەرم لـە خۆمـا سوڕما...!! بـە خـۆم وت:"کێـی تـر دەتوانێـت وەکو مـن بـە سـەر دەریـادا

بڕوات! "لەو کاتەوە، خوا... تلانمیەوە بە حەز کردن لە سەفەر و تۆڵەی ئەو لە خۆبایی بوونەی لێ کردمەوە! هەر بۆیەش سەفەرم کرد بۆ وڵاتی ڕۆم! یەك سال پیایدا سوڕامەوە. شوێنێکی پیرۆز نەماوە، خوا پەرستیم تیا نەکردبێت!! کە گەیشتمە ئەو ئەشکەوتە دوای ئەوەی بە شاخەکەیدا سەرکەوتم، لەوێ کڵێسەیەکی تیابوو، لەگەڵ قەشەیەکدا کە ناوی "مەتروحەنا"یە کە منی بینی دەستەکانی ماچ کردم و کڕنووشی بۆ بردم.

وتی:

"لەوەتەی، هاتوویتە وڵاتمانەوە، تۆم بینیوە! لەو کاتەوە، حەز بە بینینی وڵاتی ئیسلام دەکەم. ئەمجا دەستی گرتم و بردمیە کڵێسەکەوە. ئەمجا بۆ ژوورێکی تاریك. منی فڕیو داو، هێندەم زانی دەرگای لە سەر داخستم.!

٤٠ شەو لەوێدا مامەوە. بێ خواردن و خواردنەوە، کە وای نیاز و ئاوا.... وردە وردە لە برسانا بمرم. وا ڕێکەوت ڕۆژێکیان "بەتریق"ێك هاتە کڵێسەکەوە. کە ناوی "دقیانوس"بوو. ١٠خزمەتکاری لەگەڵدا بوو، کچێکیش کە ناوی "تماثیل"بوو. کە لە جوانیدا وێنەی نەبوو. هەر کە هاتنە ناو کڵێسەوە، قەشە "مەتروحەنا"هەواڵی منی پێ وتن. ئەویش وتی:

"بیهێنە دەرەوە. ئێستا ئەوەندەی گۆشت پێوە نەماوە کە باڵندەیەك تێر بکات. ئەویش دەرگای ژوورە تاریکەکەی لە سەر کردمەوە. منیان بینی وەکو میحرابەکە قیت و قنج وەستاوم و نوێژ دەکەم. زکر دەکەم و نزا و پاڕانەوە دەکەم. کە منیان بەو شێوەیە بینی: "مەتروحەنا"وتی:

"ئەمە ساحرێکی گەورەیە!"

ئەمجا هەموویان خۆیان کرد بە ژووردا! "دقیانوس"و هاوڕێکانی هێندەیان لێدام مردنی خۆم بەئاوات خواست! لە دڵی خۆمدا وتم: "ئەمە سزای ئەو کەسانەیە: کە بە خۆیان دەنازن. خۆیان بە نیعمەتەکانی خواوە هەڵدەکێشن. ئەی نەفس نازانیت، خوا غەزەب لەو کەسە دەگریت، کە خۆی بە زل دەزانێت؟ دەیخاتە دۆزەخەوە."ئەمجا دەست و قاچیان بە زنجیر بەستم و خستمیانەوە، شوێنەکەی خۆم. کە "ژێرزەمین"ێك بوو، لەو خانووە تاریکەدا، هەر سێ ڕۆژ و یەك کولێرەی جۆ و گۆزەیەك ئاو. مانگێ یان دوو مانگ جارێك "بەتریق"سەرێکی دەداین. "تەماسیل"ی کچی گەورە بوو. چونکە کە هێنایان ٩ ساڵان بوو، کە من یەکەمجارا بینیم، ١٥ ساڵیش بەند کرابووم کەوابوو، تەمەنی گەیشتبووە ٢٤ ساڵان. نە.... لە وڵاتی ڕۆم و نە لە وڵاتی خۆماندا، جوان و شۆخی وا نەبوو. باوکی لەوە ترسابوو کە پاشا لێی بسەنێت! چونکە خۆی بەخشی بوو بە حەزرەتی مەسیح. بۆیە بە بەرگی پیاوانەوە، لەگەڵ باوکی بە سواری دەهاتە دەرەوە. کەس نەیدەزانی کە کیژۆڵەیە... باوکیشی سامان و پارەی لەو کڵێسەیەدا، شاردبووەوە. چونکە هەر کەسێك پارەی هەڵبگرتایە، دەی بردە ئەو کڵێسەیە. هەموو جۆرێکی زێڕ و زیوی تیابوو. چەندین شتومەکی شوێنەوار... کە

له زێڕو زیو دروست کرابوون..... تیابوو، که پێم وایه.... بۆ موسڵمانان ڕەوایه. بیبەن و له ڕێی خوادا خەرجی بکەن.. به تایبەتی بدرێته... موجاهیدەکان.

که ئەو بازرگانانه، گەیشتنه قوستەنتەنیه، بارەکانیان فرۆشت. خوا ئەو "کەرامەت"ەی منی پیشان دان به هاتنه قسەی ئەو وێنەی سەر دیوارەکه. ئیدی ئەوانیش هاتنه ئەو ئەشکەوتەی شاخ و هاتنه ئەو کڵێسەیەی منیان له ژێر زەمینەکەیا بەند کرابووم. "قەشه"یەکیان به ریشەکەی خۆی به کێش کرد و کوشتیان.... دوای ئەوەی شوێنی منیان له ژێر زەمینەکەدا پیشان دان منیان ڕزگار کرد. ئیتر منیان لەگەڵ خۆیان هێناو زۆر به پەله و خێرا.... له وڵاتی ڕۆم چوونه دەرەوە! له ترسی، تۆڵه سەندنەوەی ڕۆمەکان شەوی دواتر "تەماسیل"هەر وەکو جاران ... دێت بۆ کڵێسەکه.به دوایدا باوکی و پیاوانی دێن بۆ پاراستنی کیژەکه. گەر دەتانەوێت ئەم ڕاستیانه ببینن: لەگەڵ خۆتان با بچین! تاکو دەست بگرین به سەر ئەو هەموو زێڕ و زیوەی ناو کڵێسەکەدا. بمبەن... با کچەکەی و گەنجینەی "دەقیانوس"تان.... بدەمه دەست!! که به ڕاستی شایانی شا زەوئولمەکان و میر شرکانه! ئەوانیش که ئەمەیان بیست زۆریان پێخۆش بوو!! تەنیا دندانی وەزیر نەبێت. که بڕوای پێ نەکرد و گومانی هەبوو. لەبەر خاتری پاشا گوێی لێ گرتبوو به ڕوویەوە دیار بوو، که قسەکان به دڵی نەبوو، پیرەژنه سەر ئاسنینەی فێڵباز وتی:

"دەترسم قەشه لەمێرگەکەدا، سوپای ئیسلام ببینێ و نەوێرێت بێته کڵێسەکەوە."سوڵتان فەرمانی دا به سوپا بەرەو قوستەنتەنیه بڕۆن. زەوئولمەکان وتی:

"مەبەستم ئەوەیه ١٠٠ سواره بەرین و چەندین هێستر، تا بچینه ئەو شاخه، تا له کڵێسەکەدا، هەرچی زێڕ و زیو هەیه باریان بکەین و بیان هێنین."

ئەمجا به خەزنەدار و سەرکردەکانی "تورك"و"دەیلەم"ی وت:

"بەیانی بەرەو قوستەنتەنیه ببنەوە. خەزنەدار تۆیش، ببه به جێگرم وکارەکه هەڵسوڕێنه. ڕۆستەم تۆیش جێگری شرکانی برام به. مەهێڵن کەس بزانێت، ئێمەتان لەگەڵ نین. دوای سێ ڕۆژ دەگەینه لاتان."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٩٦

شەهرەزاد وتی: ئەمجا زەوئولمەکان و براکەی و دندان و ١٠٠ سوارەیان هەڵبژارد و چەندین هێستر بۆ هێنانەوەی زێڕ و زیو و پاشماوه دێرینەکان. که ڕۆژ بووەوە خەزنەداری بانگ کرد. ئەمجا فەرمانی دا، سوپای ئیسلام کەوته ڕێ، که وایان دەزانی شرکان و پاشای برایان لەگەڵدایه ونەیاندەزانی ئەوان بۆ کڵێسەکه چووون ئەمان بەم حاڵه و شرکان و برای

و دنـدانی وەزیرئـەو رۆژە لـەوێ مانـەوە. ئـەمجا لـە ژێـرەوە پیرەژنـە فـێڵاوی تـەگبیری بۆ پیاوەکانی کرد کە چی بکەن و رەوانەی کـردن. کـە دنیـا تاریـك بـوو، پیرەژنـە هەستا و بـە زەوئولەکان و هاورێکانی وت:

"دەی هەندێ لەسوارەکان بێنن و شوێنم بکەون، بەرەو شاخەکە."

٥ سوارەیان هێشتەوە و ئـەوانیتر شـوێن پیرەژنـە فـێڵاوی کـەوتن. کـە زۆری بـڕوای بـە خۆی بوو. زەوئولەکانیش لە دڵی خۆیدا وتی:

"پەنا بە خوا.. ئەم خواناسە چەند بڕوای بە خۆیەتی... شتی وام نەدیوە!!"

لەولایشەوە پیرەژن بە کۆتری نامەبەردا نامەیەکی نـارد بـۆ شـائەفرەیدونی رۆم و پێی وت کە ١٠٠٠٠ سوارەی جەنگاوەری بەتوانا بنێرێتە ئەو دیوی شاخەکە، با کەس نەیانبینێت. وا منیش لێرەوە: پاشای موسڵمانانتان بۆ دێنم! ئەوان و دندانی گەورە وەزیرانم فریـو داوە! لەگەڵ ١٠٠ سوارەی جەنگاوەریاندا..... دەیان هێنمە.. لاتان..! "مەتروحەنا"ی "قەشە"یش: دەکوژین! وا نەکەم فێڵەکەم جێبەجێ ناکرێت! کارێك بکەن .... "فوو"لە "ئاگر"کەرمیەکی موسڵمانان... نەگەرێتەوە. ولاتی خۆی. کۆتری نامەبەر گەڕایەوە ولاتی رۆم. بردیان بۆ لای شا ئەفرەیدون، فەرمانی بۆ سوپا دەرکرد بـەرەو شـاخەکە بـە خۆیـان و ئەسـپ وهێسـترەوە، بڕۆن و لە قەڵایەکدا خۆیان بشارنەوە. ئەمان ئەمە حاڵیان بوو. لەولایشەوە شا زەوئولـەکان و شرکانی بـرای و دنـدانی گـەورە وەزیـر و جـەنگاوەرانیان کـە گەیشـتنە کڵێسـەکە، چوونە ژوورەوە "مەتروحـەنا"ی قەشـە بـەرەو روویـان هـات، زاهیدەکـە، فـەرمانی دا بیکـوژن. بـە شمشێر بیکەن ئەنجن ئەنجن!! ئەمجا بردنیە سەر خەزنەکە. هـەموو پاشماوە دێرینـەکان و زێـڕ و زیویـان پێچـایەوە لـە سـندوق و گونیـەدا و باریـان کـرد. لـە ترسـی موسـڵمانان نـە "تەماسیل"و نە باوکی نەهاتن. زەوئولەکان تاکو ٣ رۆژ چاوەڕێی کرد. شرکان وتی:

"بەو خوایە..... بیر و هۆشم هەروا بەلای سوپای ئیسلامەوە نازانم حاڵیان چۆنە!؟"

براکەی وتی:

"ئێمە ئەم سامانە زۆرەمان دەست کەوتووە. بڕوا ناکەم..... نە "تەماسـیل"و نـە کەسی دی بێنە ئێـرە، لـە ترسـی ئـەو تێکشـاندنەی سـوپاکەیان. وا باشـە... بـە هێنـدە رازی بین و ئەمجا روو بکەینە قوستەنتەنیە."

بەلاپاڵی شاخەکەدا هاتنە خوارەوە هەرچی پیرەژنە سەر ئاسنینەی فێڵاویش بوو، لە ترسی دەرکەوتنی فێڵەکەی نـەی وێـرا هـیچ بڵێت. رۆیشـتن تـاکو گەیشـتنە دەروازەی گەل. پیرەژنە ١٠٠٠٠ سوارەی جەنگاوەری لە کەمیندا، بۆ ئامـادە کردبـوون هـەر ئەوەنـدەیان زانی چواردەوریان گرتن و رووی رمەکانیان تێکردن. کە زەوئولـەکان و شـرکان و دنـدانی گەورە وەزیر سەیری ئەو هەموو سەربازانەیان کرد. لە یەکتریان پرسی:

"ئاخۆ.. کێ هەواڵی ئێمەی پێداون!!؟"

شركان وتی:"ئێستا کاتی ئەم پرسیارە نییە... کاتی شمشێر وەشاندن و تیربارانە، ورەتان بەرز بێت، بڕواتان تۆکمە، ئەم شوێنە ٢ دەربەندی بۆ هەڵهاتن هەیە. هەر دووکیان... تەنگە بەرن! ئەگەر نەکەوتینایە... کەمینیانەوە... ١٠٠٠٠٠ سەربازیش بوونایە.... لەناوم دەبردن! بەڵام بڵێم چی!؟

زەوئولەکانیش وتی:

"گەر دەمزانی وامان بە سەر دێت... ٥٠٠٠٠ سوارەم لەگەڵ خۆم......... دەهێنا!"

دندانی گەورە وەزیریش وتی:

"ئەگەر ١٠٠٠٠٠ سەربازیشم لەگەڵ بوایە لەم شوێنە تەنگەبەرەدا هیچمان بۆ نەدەکرا! بەڵام... خوا هەر دەبێتە پشت و پەنامان! من دەزانم چەند تەنگەچیکەڵانە و .... بێ تەحەمولە!! ئاگاداری ڕێگاکانیشم! چونکە کاتی خۆی: لەگەڵ لەشکری ئیسلام لەم وڵاتەدا، لەناو سوپای شا عومەری کوڕی نوعمان دابووم. ئەو کاتەی گەمارۆی شاری قوستەنتەنیەمان دابوو. کانی و ئاوی تیایە لە بەفر ساردترە. هەستن، با بەڕێ کەوین و توولە ڕێگاکان بگرین و دەربازبین. پێش ئەوەی سوپای تریش بگەنە سەرمان ئەوان بچنە سەرچیا و لەوێوە تاشە بەردی گەورەمان بە سەردا تلۆر بکەنەوە و هەمووومان پارچە پارچە بکەن."

ئیدی دەستیان کرد، بە ڕۆیشتن پیرەژنە فێڵبازی "زاهد"وتی:

"ئەم ترس ولەرزە چییە!؟ ئەی ئێمە گیانمان نەبەخشیوە، بە خوا و جیهاد ناکەین؟ من ١٥ ساڵ لێرە بەند کراوم. جیهاد بکەن لە ڕێی خوادا. هەر کەس بکوژرێت، بەهەشت دەبێتە جێی. نەش کوژرێت شەرمەزار دەبێت بە بەشداربوون لەم شەڕەدا."

کە ئەمەیان لە زاهدەکە پیرەژن "کە خۆی کردبووە پیاو"بیست: ترسیان لەدڵ دەرچوو، ورەیان بەرز بووەوە. خۆیان گرت تا ... لە هەموو لایەکەوە هێرشیان کرایە سەر، شمشێریان خستە سەر ملیان. سوپای ئیسلام شەڕێکی دلێرانەیان کرد. زەوئولەکان "پێنج""پێنج و "دە""دە"سەری دەپەڕاندن. هێندەیان لە "نەسارا"کوشت کە لە ژماردن نەدەهاتن..!!

شەهرەزاد هەستی کرد شەو دەرنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٩٨

شەهرەزاد وتی: پیرەژنی فێڵباز، ئیشارەتی بۆ سوپای ڕۆم دەکرد کە بێنە بەرامبەر "شرکان"تا بەڵکو بتوانن بیکوژن. بەڵام خۆیان دەکوژران. نەیان دەتوانی شرکان بکوژن. کۆمەڵ دوای کۆمەڵ لەسەر تەگبیری پیرەژن ڕویان لە شرکان دەکرد و دواتر تێ دەشکان و دەکوژران.

لە شرکانیشدا وابوو... کە بە هۆی بەرەکەتی زاهدەکەوەیە! ئەو رۆژە تاکو ئێوارە جەنگان. شەوەکەی..... توولە رێیەکیان گرت و هێندەیان تاوێرە بەرد بەسەردا خل کرایەوە. ماندووی جەنگی رۆژ بوون! ٤٥ جەنگاوەریان لێ شەهید بوو. دواتر کۆبوونەوەو زۆر گەڕان بە دوای زاهید دا، واتە پیرەژنە فێڵباز. بەڵام دیار نەبوو. زۆریان پێ ناخۆش بوو!! وتیان: رەنگە شەهید کرابێت! شرکان وتی:

"من لە کاتی شەڕەکەدا..... دەمبینی، دوژمنی رەحم دەکرد و جەنگاوەرانی خۆمانی هان دەدا... بە سەرماندا دەخوێند. ئەوان لەم قسانەدا بوون: کە پیرەژنە فێڵباز پەیدا بوو. کەللە سەری گەورە قەشەی بە دەستەوە بوو. کە یەکێك لە تورکەکانی سوپای ئیسلام بە تیر کوشتبووی. پیرەژنە هاتە پێشەوە و کەللە سەرەی فڕێ دایە بەردەم شرکان و زوئولمەکان و دندانی گەورە وەزیر. شرکان لە خۆشیاندا کە زاهدەکە، زیندووە و لەم جەنگەدا سەلامەت بووە، هەستایە سەر پێ و وتی:

"سوپاس بۆ خوا، کە سەلامەتیت! ئەی زاهیدی خواناس."

پیرەژنە فێڵبازیش وتی:

"کوڕەکەم... من نزام کرد کە لەم جیهادەدا شەهید بم. من خۆم فڕێ دەدایە ناو جەنگاوەرانی رۆمەوە. بەڵام ئەوان لێم دەترسان. کە ئێوەم بینی: پاشەکشەتان کرد. غیرەت گرتمی و هەڵم کوتایە سەر قەشەکەیان و کوشتم و سەریم پەڕاند. ئەمە ١٠٠٠ جەنگاوەری لە ژێر دەستدا بوو. سەرۆکیان بوو. ئیدی یەکێکیان نەیوێرا، لەگەڵمدا بجەنگێت! بۆیە کەللە سەرەکەیشم هێناوە تاکو ورەتان بەرز بکەمەوە و شمشێرتان بۆ خوا بخەنە گەڕ. تاکو بەردەرگای قوستەنتەنیەش لەگەڵتاندێم. هەر لە رۆمەکان ٢٠٠٠٠ جەنگاوەرتان بۆ دێنم کە یارمەتیتان بدەن. تا ئەم پیاو خراپە رۆمانە لەناو بەرن!"

شرکان وتی:

"چۆن دەتوانیت بۆیان بچیت؟ لە کاتێکدا دۆڵەکە پڕە لە جەنگاوەرانی سوپای رۆم؟"

پیرەژنە سەر ئاسنینە وتی:

"خوا... کوێریان دەکات لە ئاستم. نام بینن...! هەر کەسێکیش لەوان من ببینێت، خوا ترس دەخاتە دڵیەوە و شەڕم لەگەڵ ناکات. ئەگەر وێرایشیان هاتن و منیان کوشت، ئەوا: لە رێگای خوادا تیاچووم."

شرکان وتی:

"راست دەکەیت. ئەی زاهدی خواناس. ئەگەر هەر ئێوارە بڕۆیت، بۆ ئێمە باشترە."

پیرەژنە فێڵباز وتی:

"زۆر چاکە، هەر ئێوارە تێی دەتەقێنم. تۆیش ئەگەر دێیت.... وەرە، خەمت نەبێت کەس نامان بینێت! حەز دەکەیت براکەیشت بێنە. ئیدی کەسی تر نابەین، چونکە پیاوی خوا و دڵی خوا، لە ٢ کەس زیاتری بۆ غەیب ناگرێت!"

شركان وتی:

"مـن نـاتوانم، هاوڕێکـانم بـەجێ بهـێڵم. بـەڵام ئەگـەر براکـەم بێـت، ئـەوە ئـارەزووی خۆیەتی... ئەو شمشێری خوایە و قەڵغانی موسڵمانان! ئەگەر دندانیش هات: بیبـەن، بـەڵکو ١٠٠٠٠ جەنگاوەریش بێنن و ببنە پاڵپشتمان."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٩٩

شەهرەزاد وتی: پیرەژن وتی:

"مۆڵــەتم بــدەن.......تــاکو دەچــم: ســەرێك لــە دوژمنــان دەدەم:"بــزانم..... ئاخۆ...بەئاگان!!؟"

ئەوانیش وتیان:

"لەگەڵ تۆدا نەبێت... ناچین!! بۆ جەنگ."

ئەویش وتی:

"کەواتە، ڕێم بدەن با... هەواڵیان بزانم"

شركان وتی:

"دە.... بڕۆ و زوو وەرەوە..... چاوەڕوانی تۆین."

شرکان بە براکەی وت:

"گەر ئەم زاهدە خواناسە نەبوایە، کەس ئەو قەشەیەی بۆ نەدەکوژرا. چونکە زۆر ئازا و پاڵەوان بوو."

لە پڕێکا پیرەژنە فێڵاوی خۆی کردەوە بە ناویاندا، پەیمانی پێدان کە سەر دەکەون بە سەریاندا. ئەوانیش سوپاسیان کرد. نەیان دەزانی، ئەمە فێڵە، پێی وتن:

"کوا، زەوئولەکان لە کوێیە؟"

ئەویش وتی:

".....ئەمەتا.. لێرەم."

ئەمجا وتی:

"خۆت و وەزیرەکەت شوێنم بکەون..... بچین بۆ قوستەنتەنیە."

پیرەژنە فێڵاوی "پیلان"ی لای ڕۆمەکان بۆ دانابوون. ئـەوانیش وتبوویـان: دڵمـان چـاك نابێتەوە، لە تاو کوشتنی قەشەکەمان، تـا.... پاشـای موسـڵمانان نەکوژینـەوە."ئەومیشی پـێ وتن:

"کە گەر پاشای موسڵمانان بگرین، یەکسەر دەیدەینە دەستی شا ئەفرەیدون."

ئەمجا پێش زەوئولەکان و دندانی گەورە وەزیر کەوت، بە دەم رێوە پێی وتن:

"وەرن پشت بە خوا.... با بڕۆین."

ڕۆیشتن.... تا ... گەیشتنە دەربەندەکە و ناوەڕاستی سوپای ڕۆم...! لەسەر تەگبیری پیرەژنە فێڵباز: سوپاکە دەستیان نەهێنایە.... ڕێگایان.... کە زەوئولەکان و دندانی گەورە وەزیر: بینیان سوپای ڕۆم هیچ ناکەن و بگرە یارمەتیان دەدەن، دندان وتی:

"بەڕاستی ئەمە نیشانەی کەرامەتی ئەم زاهدەیە! دیارە... ئەمە وەلی خوایە!"

زەوئولەکان وتی:

"نەخێر دوژمنانمان خۆیان کوێرن! ئەگەرنا.. بۆچی ئێمە ئەوان دەبینین؟ کەچی ئەوان نامان بینن!!؟"

لە کاتێکدا ئەوان باسی کەراماتی زاهیدەکەیان دەکرد سەربازانی ڕۆم پەلاماریاندان و بە دیل گیران! ئەمجا لێیان پرسین:

"کێی ترتان لەگەڵدایە؟"

ئەوانیش وتیان:

"ئێمە کەسی تر نابینین!"

زەوئولەکان وتی:

"کەواتە... ئەمە غەزەبی خوایە! بەسەرمان هات."

کەلەپچەیان کردنە دەستیان: دواتر سەیریان کرد زاهدەکە ون بوو! بە خۆیان وت:

"لەمە زیاتریش دەهێنین!"

ئەمە حاڵی "زەوئولەکان"و گەورە وەزیرەکەی بوو. لەولایشەوە شرکان ئەو شەوە لە شوێنی خۆی مایەوە کە ڕۆژ بووە، فەرمانیدا سوپا کەوتە ڕێ. بۆ جەنگی سوپای ڕۆم.. دوای ئەوەی قسەی.... بۆ کردن و ورەی بەرز کردنەوە. بەڕێوە بوون تاکو گەیشتنە بەرامبەر سوپای دوژمن. ڕۆمەکان هەواڵی گرتنی "زەوئولەکان"و "دندان"ی سەرۆك وەزیرانیان دا بە سوپای، هاواریشیان کرد:

"پاشا و سەرۆك وەزیرتان گیراوە. بجەنگن.. لە ناوتان دەبەین! بۆتان هەیە: نەگەڕێنەوە و لە وڵاتی ئێمە بمێننەوە! هیچ خراپەیەکتان لەگەڵ ناکەین، ئەمەش دوا بڕیارە."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو......... بێدەنگ بوو.

# شەوی ١٠٠

## درێژەی بەسەرهاتی جەنگی ئیسلام و نەسرانیان

شەهرەزاد وتی: کە شرکان ئەمەی بیست زۆر ترسا. لە خۆی پرسی:

"ئاخۆ چۆن گیرابن!؟ بڵێی لە فەرمانی زاهدەکە هەڵگەڕابنەوە؟"

سوپای ئیسلام لێیان راپەڕین و خەڵکێکی زۆریان لێ کوشتن. لەو رۆژەدا، شمشێر و قەڵغان تێك ئاڵانەوە.... بە ئاسانی ئازا و ترسنۆك لێك جیا دەکرانەوە! هەر وەك گورگەل سوپای رۆم پەلاماری سوپای ئیسلامی دا، شرکان و یاوەرانیشی: شەڕێکی وێرایان کرد. ئەو دۆڵە: بە لاشەی کوژراوان، داپۆشرا. لافاوی خوێن هەستا کە تاریك داهات سوپاکان لێك جیا بوونەوە. بۆ شوێنی خۆیان چوونەوە. سوپای ئیسلام، شکاندن و ماندووبوونیان پێوە دیار بوو. بەشێکی کەمیان گەڕابوونەوە. ئەو رۆژە ٣٥ جەنگاوەریان لێ شەهید بووبوو. لە رۆمەکانیش بە هەزاران کوژرابوون. رۆژی دواتر شرکان لە پاشماوەی سوپاکەی پرسی...... ئاخۆ چی بکەین!؟ ئەوانیش وتیان خۆمان دەدەینە دەست خوا و دەجەنگین.

شرکانیش پێی وتن:

"بەقسەی من دەکەن.... با چەند شمشێر بە دەستێك لە دەمی دەربەندەکەدا، بوەستن: بەرگری لە هاتنە ناوەوەی سوپای رۆم بکەن. رۆژێکی دی بەسەر دەبەین... سا..... بەڵکو زاهدەکە ١٠٠٠٠ جەنگاوەرەکەمان بۆ بێنێت و بگەنە سەرمان و فریامان بکەون. بەڵکو سوپای رۆم نەیان بینن! تا دەگەنە لامان."

سوپای ئیسلام پیلانی شرکانی جێبەجێ کرد. هەر لە بەیانییەوە تاکو تاریکی شەو، لە دەرگای دەربەندەکەدا، هێرشی رۆمەکانیان شکاند. شەوەکەی کە کۆبوونەوە: شرکان جەنگاوەرانی ژمارە کرد ٢٥ کەسیان مابوونەوە. رۆمەکانیش لە خۆیان دەپرسی: ئەمە چ جەنگێکە؟ بێزار بووین و کۆتایی نەهات!"هەندێکیان وتیان:

"بۆچی بەم شەوە هێرش نەکەینە سەریان؟ خۆ... هەر ٢٥ جەنگاوەرێکیان رەنگە مابێتەوە! ئەگەر هەر بۆمان نەشکان. چوار دەوریان ئاگر دەدەین! ئیدی تەسلیم دەبن و بە دیل دەیانگرین. خۆیشیان نەدا... بە دەستەوە ئەوا... دەبن... بە سووتەمەنی ئاگرەکە و عیبرەت بۆ مێژوو."

ئەمجا دار و پەردوویەکی زۆریان گەیاندە دەمی دەربەندەکە و گڕیان تێبەردا. شا شرکان و جەنگاوەرانی... ناچار خۆیان دا بە دەستەوە. ئەمجا گەورە قەشە هات و وتی:

"دەبێت...... بدرێنەوە بە شائەفرەیدون. چارەنووستان لای ئەوە. بۆیە... ئەمشەو میوانی ئێمەن و سبەی دەیان گەیەنینە قوستەنتەنیە ودەتان دەین بە دەست شا ئەفرەیدون. خۆی چیتان لێ دەکات، با بیکات."

جەنگاوەران وتیان:

"بیرۆکەکەت پەسەندە."

ئەمجا قۆڵبەستیان کردن. چاودێریان بە سەریانەوە دانا. ئیدی ئەو شەوە دەستیان کردە خواردنەوە و ئاهەنگ گێڕان. شرکان و زەوئولەکانی برای و پاڵەوانانی ئیسلام دیل بوون. شرکان لە براکەی پرسی:

"چی بکەین، بۆ رزگار بوون؟"

براکەی وتی:

"چوزانم... ئەوەتا....وەکو بولبولی نێو قەفەزمان لێ هاتووە."

شرکان زۆر تووڕە بووبوو. تەکانی دایە خۆی تا.. قۆڵبەستەکەی کرایەوە. ٤ کلیلەکانی تری لە سەرۆکی چاودێرەکە دزی و هێنای دەستی براکەی و دندانی کردەوە. ئەمجا دەستی هەموو جەنگاوەرانیان کردەوە. شرکان بە براکەی و وەزیری وت:

"ئێستا سێ لەو پاسەوانانە، دەکوژم و بەرگەکانیان دەهێنم... تا لەبەریان بکەین بە ناویاندا دەڕۆین.... بێ ئەوەی بمان ناسنەوە. تا بەرەو سوپاکەمان دەبینەوە."

زەوئولەکان وتی:

"من ئەو کارە بە باش نازانم.... چونکە هەر بە ئاگا هاتن و پێی زانین.. دەمانکوژن. باشترین کار ئەوەیە لێرە دەربچین و خۆمان بکەین بە دەربەندەکەدا."

ئەمجا بێدەنگ لە ناو تاریکی شەودا خۆیان نقوم کرد. کە لە دەربەندەکە چوونە دەرەوە، هێندەی نەبرد ئەسپێکیان بینی بەسترابووەوە. خاوەنی و کەسانی تر لێی نووستبون. شرکان وتی:

"با... هەر یەکە و ئەسپێك بەرین و سواری ببین."

ئەوان ٢٥ کەس بوون مەگەر خوا خۆی بزانێت. چۆن خەواندوونی، ئەو سوپای رۆمەی بێ ئاگا کردووە لە دنیا. شمشێر و تیرو کەوانەکانیشی بردن و سوار بوون و بۆی دەرچوون. رۆمەکان پێیان وابوو... کە کەس ناتوانێ دەست و پێیان بکاتەوە و رزگاری کردن و گەیشتنەوە سوپاکەی خۆیان. سەیریان کرد هەموو بە تاسەوە چاوەڕوانیان. ئەمجا رووی کردە سوپاکەی وتی:

"بێخەم بن... خوا پەنامانە... بیرۆکەکەیم هەیە."

پرسیان چییە؟ وتی:

"بەرەو شاخ دەکشێین. بە ئەو دیویدا... شۆڕ دەبینەوە و.... هاوار دەکەین وا سوپای ئیسلام چواردەوری گرتوون و خۆتان بدەن بە دەستەوە ئیتر هەموو بە یەك دەنگ هاوار دەکەین:

"الله اكبر".

ئەوانیش لەبەر سەرخۆشی و مەی خواردنەوە و ماندووبوون و بێخەوی... سەریان لـێ تێك دەچێت و بەو شەوە تاریکە، بـەر دەبنـە گیـانی یـەکتری و ئێمـەش تێیـان بـەردەبین و لێیان دەکوژین..... تاکو بەرەبەیان، ئەمە ئیشمان دەبێت."

زەوئولەکان وتی:

"ئـەوە وا نابێـت.. چونکە ئەگـەر هـاوار بکـەین:"اللـه اکـبر"دەمـان ناسـنەوە و شـوێنمان دەکەون، تاکمان لێ دەرناچێت!"

شرکان وتی:

"جا .... با.... شوێنمان بکەون. ترسمان لـە خۆمـان نییـە.. زۆر حـەز دەکـەم، بـە قسـەم بکەن، چونکە خێری خۆمانی تیایە!"

ئەمجا بە قسەیان کرد و چوونە سەر شاخەکە و هاواریان کرد:"اللـه اکـبر"ئـەمجا شاخ و دۆڵ و دار و بەرد، لەگەڵیاندا... خوایـان مـەزن گازنـدە کـرد. کـە رۆمـەکان ئەمـەیان بیست بەرگی جەنگیان پۆشی و یەکتریان بانگ کرد:

"سوپای ئیسلام هاتنە سەرمان"

کەوتنە گیانی یەکتری و زۆریان لە خۆیان کوشت، کە دنیا روناك بووەوە چوونە شوێنی دیلەکان.. بینیـان کەسـی لێنـەماوە!! ئـەمجا سـەرکردەکان بۆیـان دەرکـەوت. کـە ئـەو ترسـە، دیلەکان دروستیان کردووە. ئەمجا فەرمانیان دا... کە شوێنیان بکەون و نـەهێڵن تاکیـان لـێ دەربچێت! دوای کەمێك غار کردن بە سوپای ئیسلامدا گەیشتنەوە و چواردەوریان گـرتن. زەوئولەکان کە ئەمەی بینی ترسی لێ نیشت و بە براکەی وت:

"ئـەوەی لێـی دەترسـام روویـدا.. ئیـدی لـە جـەنگ کـردن زیـاتر هیچـی ترمـان بـۆ ناکرێت."شرکان بێدەنگ بوو.

زەوئولەکان بە دامێنی شاخەکەدا هاتە خوار و هاواری کرد:

"الله اکبر"ئەمجا جەنگاوەران بە دوایدا هاواریـان دەکـرد. گیـان دەبەخشـین بـە یـەزدان. زۆر شڵەژان کە گوێیان لـە "اللـه اکـبر"بـوو لـە دوورەوە. سـەیری شـوێنی دەنگەکـەیان کـرد. سوپایەکی زۆری ئیسلامیان بینی. کە بە غار هاتن کـە ئـەمانیش ئـەو سوپایەیان بـینی بـۆ پشتگیریان هاتوون... هێندەیتر ورەیان پەیدا کـرد. کـە سـوپاکەی رۆمـیش ئەوانـەیان بـینی، ورەیان رووخا و هەر یەکە و بە لایەکدا هـەڵاتن! ئـەمجا جـەنگاوەرانی موسـڵمانان شـوێنیان کەوتن! کەللەی زۆریان لێ پەڕاندن. تاکو دنیا تاریك بوو. راویان نان.

شەهرەزاد وتی: خۆرهەلآت... تا....... تاریکی شەو لا ببات. کە سەیریان کرد: ئەوە "بەهرام"ی پێشەنگی "دەیلەم"ە. ئەوەش: پێشەنگ "رۆستەم"ی لەشکری تورکانە کە ٢٠٠٠٠ جەنگاوەری موسڵمانیان هێناوە. کە سەرکردەکانی ئەو سوپایە زەوئولەکانیان بینی دابەزین و سڵاویان لێ کرد. ئەمجا شا پێی وتن:

"مژدەتان لێ بێت، کە سوپای دوژمنتان شکاند.... بەهەشتی ئەو دنیاشتان مسۆگەر کرد!!"

هۆی هاتنی ئەو سوپایەی ئیسلام ئەوە بوو، رۆمەکان بیستبوویان سوپای ئیسلام هاتووە.... ئاڵاکانیان بە شەکاوەیی لە دوورەوە بینیوە. لە ترسانا وەکو کوللە هەڵاتوون و گۆڕەپانیان چۆڵ کردووە و خۆیان لە ژێر زەمین و قەڵاکاندا، خزاندووە. بە تایبەتی کە گوێیان لە "الله اکبر"و قورئان خوێندنیان بووە ئیدی سوپای ئیسلام بە سەرکردایەتی: بەهرام و رۆستەم لەو هەموو خۆ توند کردنەی سوپای رۆمەکان ترساون! بۆیە "پیلان"یان داناوە کە نەجەنگن. چونکە سوپای "رۆم"زۆر زۆرترن و ئەمانیش: نە زەوئولەکان شا و نە شرکانی برای و نە دندانی گەورە وەزیری لێیە. دەترسان کە ئەوانەیان لەگەڵ نین بشکێن و هەر هەموو جەنگاوەران بکوژرێن. جا.... باش وایە بگەڕێنەوە بۆ شاخ و کڵێسەی "قەشە مەتروحەنا."سوپای پاشا و یاوەرانی بدۆزنەوە، لەگەڵ خۆیان بیان هێنن بۆ ئەم جەنگە گەورەیە ئەمجا ئەوانیش، بیرۆکەکەیان پەسەند کرد و ٢٠٠٠٠ جەنگاوەری بە توانایان هەڵبژارد و بەرەو کڵێسەکە بوونەوە. بەو شێوەیە کەوتنە فریای پاشا لەو لایشەوە پیرەژنە فێڵباز کە زەوئولەکان و شرکان و دندانی وەزیری خستە کەمینی رۆمەکانەوە و بە گرتنی دان سواری ئەسپێك بوو بە رۆمەکانی وت: دەمەوێت بچمەوە ناو سوپای موسڵمانان و فێڵیش لەوان بکەم و بڵێم ...سوپای ئیسلام لە چیا شکاون! کە ئەمە بزانن ورەیان دەروخێت و یەکێتی یان هەڵدەوەشێتەوە. دەست هەڵدەگرن لەو پەلامارەی قوستەنتەنیە. لەوێوە دەچمە لای شانەفرەیدون پاشای قوستەنتەنیە. ئەمجا شا حەردوبی پاشای رۆمی کورم و ئەم هەواڵەیان دەدەمێ. ئیتر ئەوانیش سوپاکانیان رووبەرووی سوپای ئیسلام دەکەنەوە دەیان کوژن."ئەمجا ئەسپەکەی دایە چوارناڵە و ئەو شەوە بەڕێوە بوون. بەیانییەکەی سوپای بەهرام و رۆستەمی بینی... بۆیە: خۆی کرد بە دارستانەکەدا.. ئەسپەکەی بەستەوە و خۆی هاتە دەرەوە. دەهات و دەچوو دەیوت: رەنگە سوپای ئیسلام لە قوستەنتەنیەوە بە شکاوی گەڕابێتەوە! کە سەرنجی ئاڵاکانیانی دا، زانی سوپای ئیسلامن. بە راکردن بەرەو روویان چوو هەر وەکو شەیتان، هاواری کرد:

"خێرا بکەن، جیهاد بکەن."

کە بەهرام پیرەژنەی بینی، بەرەو رووی چوو، کڕنووشی بۆ برد و پێی وت:

"ئەی وەلی خوا: چیت پێیە!؟"

پیرەژنە فێڵباز وتی:

"هیچم لێ مەپرسە. سوپای ئیسلام، دوای دەست گرتن بەسەر سامانی کڵێسەی مەتروحەنادا ویستیان دەست بە سەر قوستەنتەنیەدا بگرن. لەوێدا سوپایەکی تۆکمە و زۆر ئازا رووبەروویان بووەوە."

پیرەژنە فێڵباز، بێخەمانە، کەوتەوە قسە کردن:

"بۆیە زۆربەیان تیا چوون، تەنیا ٢٥ جەنگاوەریان رزگاری بووبوو..!"

بەهرام وتی

"ئەی وەلی خوا... تۆ کەی جێت هێشتن؟"

ئەویش وتی: "ئەمشەو."

ئەمجا بەهرام وتی:

"پەنا بە خوا... کە ئاوا.. رێگاکانی بۆ تۆ کورت کردووەتەوە!! دیارە تۆ: دەشفرییت!!"

ئەمجا بەهرام سواری ئەسپەکەی بووەوە بە سەرسوڕمانە و گومانەوە وتی:

"لا حول و لاقوە الاباللە. چاك ماندوو بوونەکەمان بە فیڕۆ چوو. ئەو کاتەی سوڵتانەکانمان بە دیل گیران..... ئێمە سنگمان فراوان نەبوو."

ئەمجا کەوتنە ناو ئەو زەوییە پان و بەرینانە و بە راست و چەپدا گەڕان دواتر گەیشتنە دەربەندەکە، ئەوە بوو: شا زەوئولەکان و میر شرکانیان دۆزیەوە. ئیدی ئەو سوپا مەزنە گەمارۆی سوپای رۆمیان دا و هاواریان کرد الله اکبر. بەجۆرێك شاخ و کێوەکان دەنگیان دەدایەوە. کە رۆژ بووەوە یەکتریان ناسییەوە و کڕنووشیان بۆ شا زەوئولەکان و شرکان برد. شرکان بەسەرهاتی دەربەند و کڵێسەکەی بۆ گێڕانەوە. سەریان زۆر سوڕما! ئەم مقۆ مقۆیەیان کرد: "با... بە پەلە روو بکەینە قوستەنتەنیە، چونکە هاوڕێکانمان لە وێدان و دڵمان لایانە." ئەمجا زەوئولەکان: ورەی بەرز کردنەوە و پەنایان بە خوا برد و پەلەیان کرد، لە رۆیشتنیان بۆ قوستەنتەنیە. ئەم شیعرەی وت:

خوایە هەمیشە سوپاس گوزارم کەوا هەمیشە دەێیتە هاوارم
بە: نامۆ بوونم کاتێ مامەوە پشتت گرتم و بوویتە دەست بارم
سامان و پارەی زۆرت پێ بەخشیم خەم بڕت کردم لەوەی هەژارم
کەوتمە سایەی تەختی شانشین سەر نەوی دەکەم: وا.... منەتبارم
زاهیدێکی پیر خاوەن کەرامەت بووە "دەلیل"و هەم ئامۆژگارم
ئێمە بۆ تۆڵەی خۆمان بوو هاتین و دنیا زانی بە کارم

کە زەوئولەکان لە شیعرەکە بووەوە، شرکانی برای پیرۆزبایی، سەلامەت بوونی لێ کرد و بەرەو سوپای ئیسلام بوونەوە، ئەمە ئەمان، لەو لایشەوە پیرەژنە سەر ئاسنینە، دوای بینینی "بەهرام"و "رۆستەم"ی سەرکردە خۆی گەیاندەوە ئەسپەکەی: کە لە دارستانەکەدا،

بەستبوویەوە. سوار بوو کەوتە غاری چوار ناڵە... بەرەو سوپای ئیسلام. ئەو سوپایەی گەمارۆی قوستەنتەنیەی دابوو کە خەزنەداری بینی لە ئەسپەکەی دابەزی و بەرەو رووی چوو. ئەویش چوو بە پیریەوە و بەخێراتنی کرد و وتی:

"خۆش هاتی.. خواناسی زاهید."

ئەمجا هەواڵی رووداوەکانی پرسی: پیرەژنە سەر ئاسنینە کەوتە درۆ و قسە هەڵبەستن و وتی:

"خەمی بەهرام و رۆستەمی سەرکردە مەخۆ... چونکە لە رێگا پێیان گەیشتم و رەوانەی لای پاشام کردن. ٢٠٠٠٠ جەنگاوەریان لەگەڵ بوو. دوژمنان ژمارەیان زۆر زۆرتر بوو بۆ ئەوە هاتووم... تا هەندێك لە سەربازەکانی خۆت رەوانەی سوپای ئیسلام بکەیت.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٠١

شەهرەزاد وتی: کە خەزنەدار و موسڵمانەکان ئەمەیان بیست ورەیان دابەزی! پیرەژنە سەرئاسنینە وتی:

"پەناتان بەخوا بێت و ئارام بن. ئێوەش: ئۆمەتی محەمەدن "د.خ"بەهەشت بۆ شەهیدانە، دەبێت هەمووومان هەر بمرین! بەڵام مردن لە جیهاددا بۆمان باشترە."

کە خەزنەدار ئەم قسەیەی پیرەژنە فێڵاوی بیست. بانگی "ترکاش"ی برای "بەهرام"ی کرد. ١٠٠٠٠ جەنگاوەری خستە ژێر دەستی. رۆیشتن و شەو و رۆژێك بەرێوە بوون. کە شرکان ئەو تەپ و تۆزەی لە دوورەوە بینی زۆر ترسا و بە سەرکردەکانی دەورووبەری وت:

"ئەوان دیارن سوپای رۆمن و بۆ جەنگی ئێمە هاتوون.... چی بکەین: قەدەری خوایە!"

بە زەوئولەکانی برایشی وت:

"مەترسە...... رۆحم بە قوربانت دەکەم. خۆ... گەر خوا بکات و سوپای خۆمان بێت. ئەوا.... ئەوا..... بەرەکەتی خوایە...!"

ئەمجا وتی:

"زۆریش حەز دەکەم.... پیرەی زاهید و وەلی خواناس... جارێکی تر ببینمەوە! پێش ئەوەی شەهید ببم!"

کە ئەوان نزیکتر بوونەوە و ئەمانیش وردتر سەیریان کرد: بەیداخی ئیسلامیان هەڵکردووە، شرکان هاواری کرد:

"سوپای ئیسلام چۆنن؟"

وتیان:

"زۆر باشین، ئێمە بۆ یارمەتی دانی ئێوە هاتوین."
ئەمجا سەرکردەکەیان لە ئەسپەکەی دابەزی و کڕنووشی بۆ شرکان برد و پرسی:
"قوربان... ئاخۆ.... سوڵتان و دندانی وەزیر و ڕۆستەم و بارامی برام چۆنن!؟"
ئەویش وتی:
"سەلامەتن... بەڵام ئێوە چۆن هەواڵی ئێمەتان پێ گەیشت؟"
ئەویش وتی:
"زاهیدەکە.... وتیشی بەهرام و ڕۆستەمم بۆ یارمەتی ئێوە ناردووە."
بە ئێمەشی وت:
"دوژمن گەمارۆی ئێوە داوە. ئەوان زۆر لە ئێوە زۆرترن کەچی.... من پێچەوانەکەی دەبینم و ئەوەتا ئێوە سەرکەوتوون."
ئەویش پێی وتن:
"چۆن زاهدەکە گەیشتە لای ئێوە؟"
ئەوانیش وتیان:
"بە پێ هات و لە شەو و ڕۆژێکدا، ڕێی ١٠ ڕۆژەڕێی ئەسپ سوارێکی بڕیوە!!"
شرکان وتی:
"کەواتە، گومانی تیا نەهێشتووەتەوە کە ئەو "زاهدە"وەلی خوایە! ئەی خۆی کوا و لە کوێیە؟"
ئەوانیش وتیان:
"لای سوپاکەمان جێمان هێشتووە....! تاکو هانیان بدات و ورەیان بەرز بکاتەوە بۆ جەنگ."
شرکان زۆر دڵی بەو کارە خۆش بوو سوپاسی خوای کرد. کە زاهیدەکە سەلامەتە و ڕەحمەتیان نارد بۆ شەهیدان لە پڕێکدا تەپ و تۆز بەرز بووەوە. ستوونێك لە دوکەڵی ڕەش بەرەو لای ئەمان هات. ئەوانیش چاوەڕوان بوون هێنەدەیان زانی، ئەوە زاهیدەکەیە. ئەی ناڵاند و هاواری دەکرد:
"بە فریای سوپای ئیسلام بکەون، سوپای ڕۆم پەلاماریان داون...! بڕۆن بۆ پاڵپشتی کردنیان و کۆمەك بەوان.... بیان شکێنن و بیان کەن بە عیبرەت. دەریان هێنن لە ژێر چنگی ڕۆمە کافرەکان! ئەوان غەزەبیان باران بە سەر موسڵمانان دا."
شرکان کە ئەمەی بیست وەختەبوو، دڵی بتەقێت لە ئەسپەکەی دابەزی دەستی زاهیدەکە و زەوئولەکانی ماچ کرد. ئەمجا هەر هەموو سەرکردەکان تەنیا دندانی گەورە وەزیر نەبێت، دانەبەزی و وتی:
"ئەم زاهیدە ناچێتە دڵمەوە و خۆشم لێی نایەت!! چونکە هەر چیەکم لە وەلی و زاهیدان بینیوە چۆن وەکو پیاو چاك پیشان داوە:... کەچی: پیس و پیاو خراپ دەرچوون.

ئیهمالی بکەن و فریای سوپای ئیسلام بکەون.. ئای چەندین جار لێرەدا لەگەڵ شاعومەری کوڕی نوعمان جەنگیوم! ئەم زاهیدە بەر لەعنەتی خوا بکەوێت."

شرکان وتی:

"ئەم گومانە... پیسە لە دڵی خۆت دەر بکە. نابینیت ئەم زاهدە چۆن موسڵمانان هان دەدات بۆ جیهاد!؟ لە شیر و تیر... ناترسێت!؟ چونکە غەیبەت، کردن خراپە. گۆشتی پیاو چاکان ناخورێت! گەر خوا خۆشی نەویستایە، ئەو ڕێگا دوورەی بۆ کورت نەدەکرایەوە!"

ئەمجا هێسترێکی پێ بەخشی، کە سواری بێت و پێی وت:

"ئەی وەلی خوا. سواربە."

ئەویش سوار نەبوو. نەیدەزانی ئەم شیعرە دەهێنێت:

بۆ بەرژوەندی کەوتە نوێژ کردن          دواتریش کەوتە: دەم درێژ کردن

بەناو جەنگاوەران و سواراندا ڕەت بوو. بە جۆرێك چاوی دەگێڕا. کە لە پیاوکوژ دەچوو. بە دەنگی بەرز تەسبێحاتی دەکرد. بۆ ئەوەی خەڵکی بیبیستن. ڕۆیشتن تا... گەیشتنە سەربازگەی ئیسلام. سەیریان کرد سوپاکەی شرکان لە شکاندن و هەڵاتن دایە. هەروەها خەزنەدارش کەوتونەتە بەر زەبری سوپای ڕۆم. چونکە: ترکاشی سەرکردەی لە سوپای ئیسلام دوور خست بووەوە. ئەمجا بەرەو قوستەنتەنیە کەوتە ڕێ. گەورە قەشەی ڕۆم هاواری کرد:

"ئەی ئەوانەی لەسەر دیواری قەڵای شار: ئادەی.... پەت شۆڕ بکەنەوە، با ئەم نامەیەی لێ ببەستن... بیگەننە شا ئەفرەیدون و کوڕەکەم، تاکو کاری پێ بکەن."

کە نامەکەیان هەڵکێشایەوە: تیا نووسرابوو:"لە پیرەژنە فێڵاوی سەر ئاسنینەوە.... بۆ شا ئەفرەیدون."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو................. بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٠٢

شەهرەزاد وتی: پیلانێکم بۆ داناون، کە بە هۆیەوە سوپای ئیسلام تیا دەچێت بێخەم بن. خۆیان و پاشاکەیانم بە دیل گرتووە لەگەڵ وەزیرەکەیان. ئەمجا بەرەو سەربازگەکەیان چووم و هەواڵەکەم پێگەیاندن. ئەمجا ١٢٠٠٠ سەرباز بە سەرۆکایەتی ترکانەوە لەقەڵای قوستەنتەنیە دوورم خستوونەتەوە. داواتان لێ دەکەم جەنگاوەرەکانتان بەرەو ڕوویان بکەنەوە. پەلاماری دەوارەکانیان بدەن و بیانکوژن کە ئەم نامەیە گەیشتە دەست... شائەفرەیدون زۆر دڵخۆش بوو. نامەکەی نارد بۆ پاشای ڕۆم کە کوڕی پیرەژنە فێڵباز بوو. کە نامەکەیان بۆ پاشا خوێندەوە زۆر دڵخۆش بوو. وتی:

"بڕوانن..... پیلانەکانی دایکم چەند سەرکەوتوانەیە!؟ دایکم پێویستی بەهێزی شمشێر نییە."

شا ئەفرەیدونیش وتی:

"خوا.... دایکمان لێ نەسەنێت."

ئەمجا فەرمانی بە سەرکردەکان دا بەرەو شار بڕۆن. هەواڵەکە بە قوستەنتەنیەدا بڵاو بووەوە. نەسرانیان: خۆیان ئامادە کرد و شمشێریان بۆ جەنگ هەڵکێشا. کە خەزنەدارانی سوپای ئیسلام ئەمەی بینی:"وتی:

"ئەوا سوپای رۆم هاتنە سەرمان.... دیارە زانیویانە. سەرکردەکانمان لێرە نین! وا دیارە زانیویانە زۆربەی جەنگاوەرانمان بەرەولای زەوئولەکان چوون."خەزنەدار تووڕە بوو وتی:

"ئەی سوپایانی موسڵمانان، گەر رابکەن هەڵ بێن.... با... تیا نەچن!! ئەگەریش ئارام بن، سەر دەکەون. گەر سەعاتێك ئارام بگرن ئازایەتیە خوا هەر تەنگژەیەك ببینێ دەیکاتەوە...! خوا بەزەیی پیاتاندا بێتەوە."

ئەمجا بووە پێکدادان، شیر و قەڵغان لێدان. تاکو تاریك داهات و شەو هات بە درێژایی شەو سوپای ئیسلام گەمارۆ درابوو، خەزنەدار سواری ئەسپەکەی بوو، کەوتە نزا کە سوپاکەی زاڵ بکات. ئەمجا شەڕی پیادەیی و دەستەویەخە، دەستی پێ کرد. لەو جەنگەدا.... کەللە وەکو برێشکە دەباری لە پێشدا هەندێك لە دەوارەکانی ئیسلام داگیر کران. سوپای ئیسلام کەوتە بیر کردنەوە، لە هەڵاتن هێندەیان زانی سوپای شرکان، بە بەیداخی ئیسلامەوە پەیدا بوون. کەوتنە گیانی دوژمنان. دواتر لەشکری شا زەوئولەکان لێیان راست بوونەوە. کەوتنە گیانی سوپای رۆمەکان. هەر دوای هێرشی ئەو دوو لەشکرەی ئیسلام، لەشکری "دندان"ی گەورە وەزیر، پەیدا بوون و لێیان هاتنە دەست. کە شرکان، خەزنەداری بینی پێی وت:

"سوپاس بۆ خۆراگیریەکەت."

دواتر هەر دوو لەشکری "دیلەم"و "رۆستەم"یش ، هێرشیان کردە سەر سوپای نەسرانیان. کە رۆمەکان، سەیری ئەو هەموو ئاڵاو بەیداخانەی موسڵمانانیان کرد ژیریان لە سەردا نەما. ئەمجا سوپای شائەفرەیدون.... لەلایەکەوە و سوپای رۆم لە لایەکی ترەوە، هێرشیان هێنا. شۆڕە سوارێکی ئازای بەناوبانگیان هەبوو، ناوی "لاویا"بوو. هاتە گۆڕەپان.... بانگی کرد بۆ زۆران. ئەمجا سوپای ئیسلامیش بەرامبەریان ریزبوون. ئەمجا شرکان روەو زەوئولەکان چوو وتی:

"بێ گومان داوای پاڵەوان دەکەن بۆ زۆرانبازی... منیش دەمەوێت سەربازی بڕوا پتەو بنێرم.... ژیری نیوەی ژیانە...!"

زەوئولەکان وتی:

"دەتەوێ چی بکەین.... ئەی خاوەن: بیر و رای پەسەند؟"

ئەویش وتی:

"دەمەوێت لە ناوەڕاستی سوپای خۆماندا "دندان"ی وەزیری لای چەپی سوپادا... تۆ لای ڕاست. بەهرامی سەرکردە لای ڕاست. سەرکردە "ڕۆستەم"یش لای چەپ. ئالا و بەیداخەکانی ئیسلامیش بە سەر سەرتەوە بن. چونکە تۆ پشت و پەنایت. ئێمەش بە قوربانی تۆ دەبین."

زەوئولەکان سوپاسی کرد.... بوو بە غەڵبەغەڵب. هێندەیان زانی شۆڕە سوارێك لە ڕیزی سوپای ڕۆمەکان هاتە مەیدان زینی ئەسپەکەی بە قوماشی ئاوریشمی سپی داپۆشرابوو. فەرشێکی کشمیری لەسەر ڕاخرابوو. سوارێکی پیری جوان بە هەیبەت. زرێپۆشی لەبەردابوو. سەرشانەکانی بەخووری سپی داپۆشرابوو. کەوتە غار و لۆقە. تاکو لەسوپای ئیسلام نزیك بووەوە وتی:

"من بۆ لای ئێوە نێرراوم. نێرراویش، گەیاندنی لە سەرە. بمپارێزن تا سپاردەکەتان پێ ڕادەگەینم."

شرکان وتی:

"بێخەم بە شمشێرت لێ بڵند ناکرێتەوە."

ئەمجا پیرە دابەزی و چووە بەرامبەر سوڵتان و کڕنووشی برد. ئەمجا وتی:

"لەلایەن شائەفرەیدونەوە نێرراوم. شا دەڵێت: با ئێمە شەڕی تەن بە تەن بکەین. نەهێڵین، ئەو هەموو جەنگاوەرانە بکوژرێن. ئەگەر، ئەو منی کوشت. ئەوە سوپای ڕۆم خۆی بە دەستەوە دەدات. ئەگەر منیش ئەوم کوشت، ئەوا.... سوپای ئیسلام بەرگری بۆ ناکرێت و دەشکێت."

شرکان وتی:

"بڕۆ، پێی بڵێ.... سبەینێ خۆم بۆ ئەو شەڕی دوو قۆڵییە لەگەڵیدا دەجەنگم، بەڵام سبەینێ، مۆڵەتمان بێت. چونکە ئێمە ماندووین."

قەشە بە دڵخۆشیەوە گەڕایەوە لای شائەفرەیدون وشای ڕۆمیان و وەڵامەکەی پێدان. شایش زۆر دڵی خۆش بوو. لە دڵی خۆیدا وتی:

"گومانی نییە، شرکان پاڵەوانان ترینیانە، و گورە شمشێربازیانە، گەر بیکوژم ئەوا، ورەی موسڵمانان دادەروخێت."پیرەژنە سەرئاسنینە فێڵاویش کاتی خۆی بۆی نووسی بوو، کە شرکان گەورە شمشێربازی ئیسلامە و شۆڕەسواریانە."ئاگایی بە شا ئەفرەیدون دابوو: کە لە شرکان بترسێت! شا ئەفرەیدونیش سوارچاکێکی ناسراو بوو. هەموو جۆرەکانی جەنگی دەزانی! لەوانە: شەڕە ڕم و قۆچەقانی و سێ پەلە! کە بیستی شرکان داوای زۆرانبازی کردووە، هێندە لە خۆی ڕازی بوو، پێی خۆش بوو بڕیاری دا بۆی دابەزێت. ئەو شەوە جەنگاوەرانی ڕۆم بەئاهەنگ و خواردنەوە بردیانە سەر.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

# شەوی ١٠٣

## بەسەرهاتی زۆرانبازی "شرکان"و "شا ئەفرەیدون"

شەهرەزاد وتی: کە رۆژ بووەوە، شۆڕە سواران، نەعرەتەیان لێدا وەکو هەوران. هێندەیان زانی سوارچاکێك هاتە گۆڕەپان، چوار پەلی ئەسپەکەی سپی، سوارێك لە سەر پشتی بوو. زرێپۆشی، ناوێنەی سنگ پۆش ئەمجا کڵاو خودەکەی لەسەر لادا و وتی:

"هەر کەسێ بمناسێت: ناپرسێت! مـن شـائەفرەیدونم... پیرۆزم بە پیرەژنە فێڵاوی"هێشتا لە قسەکە نەبووەوە شۆڕە سواری موسڵمانان شرکان بە خۆی و ئەسپەکەیەوە، کە بایی ١٠٠٠ دینار بوو سەرزینێکی چنراو بە زێڕ و زیو کە شمشێرێکی هندی بە دەستەوە بوو. ئەمجا لە نێوانی ٢ ریز سوارەوە هاتە دەر، کە سەیریان دەکرد ئەفرەیدون هاواری کرد:

"لە کوێی مەلعون.... پێت وایە منیش وەکو سوارەکانی ترم!؟ کە خۆی لەبەر تۆدا نەگرێت!"

ئەمجا پەلاماری یەکیان دا وەکو ٢ کێو یان دوو دەریا بە یەکدا بدەن. یەکتریان دەهێنا و دەبرد. ئەم دوو سوپایەش هەر سەیریان دەکرد. هەندێکیان گرەوی ئەوەیان بووە کە شرکان دەیباتەوە. ئەمەندە یەکیان هێنا و برد و شمشێریان وەشاند ئەفرەیدون هاواری کرد و وتی:

"بە دینی مەسیح، تۆ پاڵەوانی بە توانای... بەڵام غەداری، تەبیعەتت پیاوانەیە. بەڵام کردارت سوپاسگوزارانە نییە. کەسان و خزمانت دەڵێن تۆ لە کۆیلەیانیت. ئەو ئەسپە هی تۆ نییە: بۆیان گۆڕیویت... بڕۆ بیگۆڕە، منیش ماندووی ئەم زۆرانەم. یان ئەوەتا... هیچ مەگۆڕە، لە شتومەکی جەنگینەکەت تاکو لە نێو سوارانی ئیسلامدا، ناوبانگ دەربکەیت."

کە شرکان ئەمەی بیست، زۆر لە هاوڕێکانی تووڕە بوو. بە تایبەتی کە پێیان وتبوو...لە بنەماڵەی کۆیلەیانە. بۆیە لای کردەوە بە لای لەشکرەکەیدا و ویستی بڵێ ئەسپەکەی بۆ نەگۆڕن. لەو کاتەدا، سەرە نێزەکەی کوتایە "شرکان". کە سەیری دواوەی خۆی کرد کەسی لێنەبوو زانی کە ئەفرەیدون فێڵی لێ کردووە. کە لای کردەوە بە لایدا سەرەنێزەکە چوو بە لا ڕوومەتی دا. بەر قولپووزی زینەکەی کەوت و بۆ سەر سنگی. خەریك بوو بکەوێت. سوارەکان بەرەو رووی چوون و فڕاندیانەوە.. ناو خۆیان! ئەمجا سوپای شائەفرەیدون... پەلاماری سوپای ئیسلامی دا. یەکەم کەس کە گەیشتە شرکانی برینـدار دندانی سەرۆك وەزیران بوو! بەهرامی میری تورك و میری دەیلەم بە دوای ئەودا، گەیشتنە سەری، بردیانە لای زەونولەکانی برای ئەمجا خزمەتکاران کەوتنە پەزێرایی کردنی. جەنگی دوو سوپا دەستی پێکرد. هەر کەللە سەر بوو دەپەڕی. شمشێر بوو سنگی دەدڕی. ئەمجا سوپای رۆمیان بەرەو دەوارەکانیان بوونەوە. میرانیان کڕنوشیان بۆ شا ئەفرەیدون برد. دەستخۆشی زاڵبونیان بەسەر شرکاندا لێکرد. ئەمجا گەڕایەوە بۆ شاری قوستەنتەنیە لە سەر کورسی

پاشایەتی دانیشتەوە. شا "حەردوب"پێشوازی کرد و وتی:"خوا پەنات بدات، نزاکانی پیرەژنە فێڵاوی پەسەندی لای خوا بووە. ئەوەش بزانە... سوپای ئیسلام بە نەمانی شرکان تەفر و توونا دەبن."ئەفرەیدون شا وتی:

"سبەینێ کۆتایی جەنگە.... چونکە زەوئولەکان بانگ دەکەم بۆ زۆرانبازی.... ئەویش دەکوژم... ئەمجا سوپای ئیسلام هەڵدێن و دەشکێن."

ئەمە حاڵی سوپای رۆمیان بوو. لەولایشەوە سوپای ئیسلام هەموویان خەریکی شرکان بوون. کە زەوئولەکان خۆیشی خەریکی براکەی بوو بە تایبەتی کە بینی زۆر بێتوانا و برینی مەترسیدارە. دندانی وەزیر و میر رۆستەم و بەهرامی بانگ کرد و راوێژی پێ کردن. دوای کۆبوونەوەکەیان پزیشکیان هێنایە سەر شرکان و خۆیشیان دەگریان. ئەو شەوە بە دیاریەوە بوون، شەو درەنگانێ، زاهد بە گریانەوە خۆی کرد بە لایاندا، زەوئولەکان دەستی گرت و بە دەم قورئان خوێندنەوە دەستی پیرەژنە فێڵاوی بە سەر سنگە بریندارەکەیدا هێنا. بەرەبەیان شرکان چاوی کردەوە، بە زمانی لێوانی تەڕ کردنەوە و کەوتە قسە کردن شا زەوئولەکان زۆر خۆشحال بوو. وتی:

"بە پیرۆزی زاهد. خوا شیفای بۆ هێنا."

شرکان وتی:

"سوپاس بۆ خوا، بە هێندە کۆتایی هات و ئێستا سەلامەتم ئەو فێڵی لێ کردم و من خێرا نەبوومایە شمشێرەکەی لە پشتمەوە دەردەچوو، ئەی جەنگاوەرانی ئیسلام چۆنن؟"

زەوئولەکان وتی:

"هەموویان بۆ تۆ دەگریان!"

ئەویش وتی:

"من زۆر باشم! ئەی زاهدەکە لە کوێیە"

ئەویش وتی:

"لە ئەوە نییە.. کوڕەکەم: بە ژوور سەرتەوەم!؟ ئارام بیت... خوا... پاداشتت دەداتەوە."

شرکانیش وتی:

"نزای خێرم بۆ بکە."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

# شەوی ١٠٤

## بەسەرهاتی کوژرانی شا حەردوب بە دەستی زەوئولەکان

شەهرەزاد وتی:"بۆ سبەینێ، سوپای ئیسلام چووەوە، گۆڕەپان، بانگی شەڕی هەڵدا... ڕۆمەکان، کەوتنە شمشێر وەشاندن. سوارەی ئیسلامیش کەوتنە شمشێر بازی هەر یەکە و قەڵغان و شمشێر لێدان. شا ئەفرەیدون و زەوئولەکان، ویستیان دەستە و یەخە.. بکەونە زۆران. بۆیە هاتنە گۆڕەپان. دندانی گەورە وەزیر و میر بەهرام بە زەوئولەکانیان وت:

"بە قوربانت بین."

ئەویش پێی وتن:

"بەحەقی "بيت الحرام"و "کەعبە و مەقام"..... دەرناچم لەو گۆڕەپانە.. تاکو نەکوژم ئەو گەنانە...."

کە چووە گۆڕەپان، کەوتە جەنگ و هەڵسووران بۆوە مایەی سەرسوڕمان! لە شۆڕەسواران. بەلای چەپا، شمشێری رادا دوو سەرکردەی لوول دا....! بە راستیشدا کە خۆی بادا.... دوو سەرکردە کەوتن بە لادا. ئەمجا وتی:

"کوا شائەفرەیدون..... تاکو.... لاشەی بنێرم بۆ گوروون."

ئەویش ویستی بڕواتە گۆڕەپان.... بەڵام شا حەردوب واهاتە زمان:

"دوێنێ جەنگایت... ئەمڕۆ سەرەمە... هەر چەند دڵم لە ئازایەتیت بێخەمە! ئیدی خۆی چووە پێش. شمشێری رووت بە دەستەوە. سەرنجی خەڵکی دەقۆستەوە!

| | |
|---|---|
| لە گۆڕەپاندا، هێندە بە جەرگە | پەلەی جەنگی بوو: چەشنی پێشمەرگە |
| روخساری جۆرێ قەترانی بوو | دەتوت خەڵوزە یا شەوە زەنگە |
| حیلەی ئەسپەکەی دەنگی دایەوە | وەکو هەور بێ، یا دەنگی زەنگە |
| ئاگری قورەت: لە "با"خێراتر | کاتێك پێی دەدا: ئالەو ئاوزەنگە |

ئەمجا دەستە و یەخەی یەك بوون. زەوئولەکان، هاواری کرد.... شاڵاوی بۆ شاحەردوب برد. شمشێری لێ هەڵبڕی. هەر لەوێدا سەری پەڕی! کە سوپای رۆم ئەمەیان بینی هەموویان هێرشیان هێنا. ئەویش کەوتە شمشێر وەشاندن..... کوشتن و خوێن ڕژاندن. جەنگاوەران، کەوتنە هاواری الله اکبر، ئاگری گرت، شوێنی شەڕ. ئەمجا دندانی گەورە وەزیر هاواری کرد..... موسڵمانینە، تۆڵەی خوێنی شاعومەر بکەنەوە. تۆڵەی شا شرکان بکەنەوە. کڵاوخوودی لەسەر لادا.... هاواری کردە: زیاتر لە ٢٠٠٠٠ جەنگاوەری تورکەکان پەلامار بدەن. سوپای رۆم لەبەردەمیاندا... هەڵاتن!! سوپای ئیسلام شوێنیان کەوتن. زیاتر لە ٥٠٠٠٠ جەنگاوەریان لێ کوشتن. سوپا شکاوەکەش بە پەلە خۆیان کردەوە بە قەڵای شاردا لە شڵەژاوی خۆیاندا. هەندێکیان بوون بە ژێر دەست و پێوە! مردن. دواتر دەروازەکانی شار داخران. ئەمجا سوپای ئیسلام بە سەرکەوتوویی گەڕانەوە. سەربازگەکانی خۆیان.

زەوئولەکان، چووە سەردانی شرکان. کە زانی تەندروستی باشە زۆر سوپاسی خوای کرد. ئەمجا پێخۆشحاڵی خۆی دەربڕی کە بەرەوچاك بوونەوە، دەچێت. شرکانیش وتی:

"بەرەکەتی ئەو زاهیدە، بە سەر هەمووماندا رژاوە، هەر بە هۆی نزای ئەویشەوە، زاڵ بووین چونکە بە درێژایی رۆژ بۆ ئێمە پاڕاوەتەوە. اللەاکبری ئێوە و ورەی منی بەرز کردەوە. ئێستاش باسی شەڕەکەم بۆ بکە."

ئەویش شەڕی خۆی و شا حەردوبی بۆ گێڕایەوە، کە چۆن کوشتویەتی. ئەمیش سوپاسی خوای کرد. کە زاهیدە هەواڵی شا حەردوبی کوڕی بیست رەنگی زەرد هەڵگەڕا. چاوانی بە فرمێسك بوون. بە موسڵمانەکانیشی دەوت ئەمە گریانی خۆشی سەرکەوتنی ئێوەیە. لە دڵی خۆیشیدا وتی:

"تا... جەرگی زەوئولەان نەبڕم بە کوشتنی شرکانی برای ناحەوێمەوە. کە ئاوا... پاشای خاچ پەرستان و شای نەسرانیانی کوشت."

زەوئولەکان و دندان و خەزنەدار لای شرکان دانیشتبوون. تیماریان کرد و برینەکەیان بۆ چەور کرد. ئیتر هەواڵیان بڵاو کردەوە، کە چاك بووەتەوە و سبەینێ دادەبەزێتە گۆڕەپانی جەنگەوە. ئەمجا شرکانیش چووە ناو جەنگاوەرانەوە و پێی وتن: "بە راستی شەڕێکی، ئازایانەتان کرد. بڕۆنەوە نێو دەوارەکانتان و بحەوێنەوە و شەو زوو بنوون. ئەمجا بڵاوەیان لێ کرد و هەر یەکە و چووەوە دەواری خۆی. چەند کەسێکی کەم لەگەڵ زاهید لای شرکان مانەوە. دواتر ئەوانیش خەوتن.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بووە............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٠٥

# بەسەرهاتی کوشتنی شرکان بە دەستی زاهد و ناشتنی لە شاخ

شەهرەزاد وتی: پیرەژنە فێڵبازەکە سەیری کرد، شرکان لە خەوێکی قوڵ دایە وەکو... مار راست بووەوە. خەنجەرێکی ژەهراوی هەڵکێشا. کە لەسەر بەردی دانایە دەیتوانەوە. ئەمجا چووە ژوور سەری شرکان و سەری لە لەشی جیا کردەوە. ئەمجا چووە سەر خزمەتکاران و ئەوانیشی کوشت. ئەمجا چووە سەردانی: دەواری دندان سەیری کرد قورئان دەخوێنێت! کە خۆی کرد بە دەوارەکەیدا..... دندان ئەوی بینی! بۆیە بانگی کرد بەخێر بێیت! ئەی زاهیدی خواناس."ئەویش ترسی لێ نیشت بوو...! وتی:

"گوێم لە دەنگی وەلییەك. منیش هاتم: قسەی لەگەڵ بکەم!"

ئەمجا بێدەنگ بۆی دەرچوو...! دندان لە دڵی خۆیدا.... وتی:

"مەرج بێت..... ئەمشەو شوێن ئەم زاهیدە بکەوم، بە دزی خۆیەوە."

شەوێنی کەوت. پیرەژنە سەر ئاسنینە کە زانی: کەسێك بە دواوەیەتی لە دڵی خۆیدا وتی:

"بەخوا.... نەیخەڵەتێنم، پێم دەزانێت."

هەڵگەڕایەوە و بانگی کرد:

"ئەی دندانی گەورە وەزیری بەڕێز.... ئەوە بۆ لای ئەو وەلییە دەچم ئەگەر تۆم لەگەڵدا ببینێت... لۆمەم دەکات..!"

کە دندان ئەمەی بیست: کەمێ تەریق بووەوە، ئەمجا بەرەو دەوارەکەی گەڕایەوە و پاڵ کەوت. خەوی زڕا. بۆیە دیسان بەو شەوە، چووە دەرەوە. ئەمجا لە دڵی خۆیدا بڕیاری دا بچێتە لای شرکان و تا بەیانی پێکەوە بن...! ئەمجا خۆی کرد بە دەوارەکەی شرکاندا. سەیری کرد خوێن لەبەری ڕۆیشتووە. هەموو خزمەتکارەکانیشی کوژراون!! ئیدی بە هەموو توانای هاواری کرد: جەنگاوەرانی لێ کۆبوونەوە کە زەوئولەکان، بەمەی زانی کەوتە هاوار و گریان...! ئەمجا خەزنەدار پەیدا بوو. کە بینی کەوتە گریان و شین و واوەیلا. دواتر بەهرام و ڕۆستەمی سەرکردە، هاتن. ئەوانیش کە بینیان سەری شرکان لە لەشی.... جیا کراوەتەوە، خۆی بۆ نەگیرا. دەستی بە گریان کرد. ئەمجا زەوئولەکان رووی کردە، دندان و پرسی:

"نازانن، کێ براکەمی کوشتووە!؟ ئاخۆ .... زاهیدی وەلی... لە کوێیە!؟ ئەو لە خوا ترسە کوا؟"

وەزیر وتی:

"بەو خوایە.... ئەو "زاهد"ە بێ دینە... بووە هۆی ئەم گریان و ناڵینە!!"

ئەمجا خەڵکەکە لە یەزدان پاڕانەوە، کە ئەو زاهیدەیان دەست بخات!! ئەمجا... شرکان شۆردرا... لە سەر چیا نێژرا. ئەمجا چوونە کەناری شار چاوەڕوانیان کرد... کە دەرگاکان بکرێنەوە. کەچی: کەسێکیان لەسەر دیوارەکان نەبینی. زۆریان پێ سەیر بوو!! زەوئولەکان وتی:

"ئەگەر تاکو... ساڵێکی دی دەروازەکان نەکرانەوە: من ناڕۆم و چاوەڕوان دەبم تاکو تۆڵەی خوێنی براکەم نەکەمەوە. ناڕۆم."

ئەمجا فەرمانی دا.... هەمو ئەو زێڕ و زیو و نەختینەیەی: لە کڵێسەی "مەتروحەنا"هێنا بوویان بەشیان کرد بە سەر جەنگاوەرانی سوپای ئیسلامدا. ئەمجا تەتەرانیان بانگ کرد: لەگەڵ جەنگاوەران ڕێکەوتن زێڕ و زیوەکانیان ناردەوە ماڵەکانیان. هەموویان هەواڵیان بە ماڵیان دابوو: کە گەمارۆی قوستەنتەنیەیان داوە. بڕیاریان داوە: یا... شارەکە کاول بکەن! یا.... جێی نەهێڵن... تا دەمرن! ئەگەر ساڵێکمان پێ چووە، ناگەڕێینەوە. تاکو داگیری نەکەین. ئەمجا فەرمانی دا نامەیەك بۆ نوزهەتولزەمانی خوشکی بنووسێت. هەواڵی بداتێ کە چیمان بەسەر هاتووە. با ئاگای لە منداڵەکەم بێت. چونکە کە

هاتم بۆ جەنگ ژنەکەم مانگی خۆی بوو...! ئێستاش منداڵەکەی بووە، گەر کوڕیشی بوویێت ئەوا زوو هەواڵەکەم بۆ بنێرنەوە. ئەمجا برێك پارەی دایە تەتەرەکە و ئەوان ڕۆیشتن. ئەمجا فەرمانی دا بە دندانی گەورە وەزیر کە فەرمان دەر بکات، سەربازەکان نزیکتر ببنەوە. لە دیواری بڵندی چواردەوری شاری قوستەنتەنیە. کە نزیك بوونەوە، جەنگاوەرانیان نەبینی بە سەر دیوارەکانەوە. سەریان سوڕما سوڵتان زۆر بەخەمی شرکانی برای بوو. زۆر سەراسیمەی زاهیدی خیانەتکار بوو. ٣ ڕۆژ مانەوە لەو شوێنەدا کەسیان لە دوژمنان نەبینی. لەم لایشەوە پیرەژنە سەرئاسنینە فێلاوییە چووە بن دیواری قەڵاکە و هاواری لێ کردن کە گوریسی بۆ شۆڕ بکەنەوەو بچێتە سەبەتەکەیەوە. کە لێیان کۆڵیەوە ناسیانەوە... کە دایکی شا "حەردوبە"سەریان خست. گەیشتە لای شا ئەفرەیدون. پرسی:

"ئەوە ڕاستە موسڵمانان دەڵێن.... گوایە شا حەردوبی کوڕمیان کوشتووە؟"

ئەویش وتی:

"بەداخەوە... ڕاست دەکەن"

ئەمجا گەوتە گریان و لە خۆدان. کارێکی کرد شا ئەفرەیدون و کەسانی دەوروبەری هەموویان گریان. ئەمجا پیرەژنە فێڵاوی مژدەی پێدان: کە شرکان کوژەری کوڕەکەی و ٢٠ پیاوی کوشتووە. شا ئەفرەیدون زۆری پێخۆش بوو، دەست خۆشی لێکرد. هەر دوو دەستی ماچ کرد. پیرەژنە وتی:

"من بە هێندەی تۆڵەی شای زەمانە قایل نیم. خەریکی دانانی پیلانێکم بۆ کوشتنی زەوئولمەکان و دندان... هەرگیز بەوە ڕازی نیم. کوڕەکەم بە شرکان بەرامبەر بکرێت."

ئەمجا وتی:

"شائەفرەیدون، من دەمەوێت: تەعزیە دابنێم بۆ کوڕەکەم."

پاشاش وتی:

"چۆنت پێ باشە وا بکە! هەر چیەکیشی تێ بچێت گوێ مەدەرێ! چونکە سوپای ئیسلام.... یەك ساڵ گەمارۆمان بدەن... هیچیان پێ ناکرێت."

پیرەژنە... فێڵباز... کاغەز و ئووچی هێنا و نامەیەکی نووسی:

"لە پیرەژنە فێڵبازەوە بۆ موسڵمانە بەڕێزەکان. ئەوە بزان... هاتینە وڵاتتانەوە... فێڵمان لێ کردن! شا عومەری کوڕی نوعمانمان کوشت! تووشی شەڕی لاپاڵی چیامان کردن.... زۆرتان لێ کوژرا. ئەمجا شرکانمان کوشت و چەندین خزمەتکار. گەر زەمانە ڕەخسانی، ئەوا شا زەوئولمەکان و دندانی گەورە وەزیریش دەکوژین!! هەر منیش بووم، بە ناوی زاهید و وەلی خواوە، ئێوەم خەڵەتاند هەموو: فێڵێکتان لەگەڵدا بەکار دێنم... ئەگەر دەتانەوێت هیچتان بەسەر نەیەت، ئەوا بێدەنگ ئێرە بەجێ بێڵن!! چونکە چەندین ساڵ بمێننەوە بێسوود دەبێت."

که ئەمەی نووسی ئەمجا ٣ ڕۆژ تەعزیەی گێڕا بۆ شا حەردوب. دوایی قەشەیەکی بانگ کرد و پێی وت:

"ئەم نامەیە، بکەن بە سەری تیرێکەوە لە سەر دیوارە بڵندەکەوە ئاڕاستەی سوپای ئیسلامی بکەن لە خوارەوە"

ئەمجا خۆی کرد بە کڵێسەدا و کەوتە لەخۆدان و گریان بۆ کوڕەکەی. ئەمجا بە جێگری کوڕەکەی وت:

"دەبێت زەوئولەکان و سەرکردەکانی ئیسلام بکوژم."

لەولایشەوە موسڵمانان سێ ڕۆژ تەعزیەیان دانا و دلگران بوون. ڕۆژی چوارەم، کە ڕوانیان سەر دیوارە بەرزەکەی شارە کە قەشەیەکیان بینی، کە تیرێکی بە ناوەوە ئاراستەی سوپاکەیان کرد. چوون هێنایان و خەلیفە فەرمانی دا کە دندانی گەورە وەزیر نامەکە بخوێنێتەوە. کە ناوەرۆکی نامەکەی بیست چاوانی پڕ فرمێسك بوون. تووڕە بوو ناڵاندی، ئەمجا وتی:

"بەخوا، هەر نەدەچوو بەدڵمدا نەدەچوو."

ئەمجا لەبەر خۆیەوە پرسی:

"ئەو پیرەژنە سەر ئاسنینە چۆن توانی بۆ دووەم جار فێڵمان لێ بکاتا؟ مەرجە لێرە نەڕۆم، تاکو وەکو بولبول، نەیخەمە قەفەزەوە. دواتر بە پرچەکانی هەڵی دەواسم بە دەرگای ئەم قەڵایەدا."

دیسان براکەی بیر کەوتەوە و دەستی کردەوە بە گریان ئەمجا... پاشا پەیمانی بە سوپای ئیسلام دا... کە هەر کاتێك توانیان دەرگاکانی قوستەنتەنیە بشکێنن... هەموو سامانی ئەو شارە بەیەکسانی بە سەر جەنگاوەران دا بەش دەکات. جارێکیان دندانی گەورە وەزیر کە بینی شا زەوئولەکان زۆر لاواز و خەمۆکی بووە، چووە لای و پێی وت:

"بێخەم بە براکەت، ئەجەلی هاتبوو. ئەم خەم خواردنەت بێ سوودە. بڕوانە..... ئەم شیعرانە:

ئەوەی خوا نەیکات... بە فێڵیش نابێ   هەر چییەکی ویست... هەر دەبێ وابێ

قەزای خوا: چۆن بوو! پێش و دوای نییە   مەگەر: ناحاڵی.... پێی لە خەما بێ!

واز لە گریان و خەم خواردن بێنە.. وەرەی خۆت بەرز بکەرەوە. ژیری و شمشێر بە کار بێنە!

ئەویش وتی:

"ئەی وەزیر.. خەمی باوك و براکەمە. خەمی، دوورە "وڵات"یمە دڵم لای هاوڵاتیانمە."

ئەمجا وەزیر و دەوروبەریش دەستیان کردە گریان. ئیدی ماوەیەکی زۆر گەمارۆی قوستەنتەنیەیان دا. ئەمان لەم قسانەدا بوون کە چەند میرێکی سوپا لە بەغداوە هاتبوون، هەواڵی بەخشینی کوڕێکیان هێنا. لە لایەنی ژنی پاشاوە. ناویشی ناوە "نوزهەتولزەمان"،

خوشکی پاشا که "هەڵکەوت"بوو... لەبەر ئەوەی شتی عەجایبیان لەو منالە دەگێڕایەوە، بۆیە پێیان وابوو... کەسێکی گرنگ دەبێت لە دوارۆژدا. مەلاکانیان ئاگادار کردبوووەوە، کە نزا بکەن بۆ ئەو منالە. ئەمجا بە زەوئولمەکانیان وت بارانێکی باش باریوە و .... خەڵکی هەموو ئاسوودەن. توونچی هاوڕێت لە خۆشیدایە و بێخەمە... بەڵام نازانێت چیت بە سەر هاتووە. ئەمجا پاشا وتی:

"ئێستا، پشتم بەهێز بوو کە خوا "هەڵکەوتی"پێ بەخشیم."

بە دندانی وەزیریشی وت:

"نیازمە لەمەودوا، خەم و خەفەت نەخۆم و خەتمەی بۆ بکەم خێری بۆ بکەم."

وەزیریش وتی:

"هەر ئەوە چاکە بۆی."

ئەمجا دەوار بۆ جەنگاوەرانی قورئان خوێن هەڵدرا لەسەر گۆڕەکەی شرکان. هەندێکیان قورئانیان لەسەر خوێند و هەندێکیان زکریان کرد ئەو شەوە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو دەرنگ بوو............... بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٠٦

## لاواندنەوەی زەوئولمەکان.... بۆ شرکان

ئەمجا زەوئولمەکان چووە سەر گۆڕی "شرکان"ی برای.... کەوتە نالە و فرمێسك رشتن و لاواندنەوە....

بردیان بە دیدەی ئەشکی سوورەوە
وەك سۆزی مووسا.. سوزای "توور"ەوە
گۆڕەکەت لە دڵ جۆرێك چەسپیوە
لە دڵ بە رەنگ ورووی نەگۆڕەوە
هەر نابێ و نەبووە.. کە ئەستێرەکان
بکەونە: تەنگی و قووڵی گۆڕەوە
نێچیری بنکە.. چاوەڕێی بڕیار
روناکی بۆ دێ... بەڵام مەرگدار..!

کە زەوئولمەکان لە شیعرەکە بووەوە، دەستی کردە گریان و لە تەکیدا... خەڵکەکەش گریان. ئەمجا خۆی دا بە سەر کێلی گۆڕەکەدا... ئەمەشی دا بە گوێی گۆڕەکەدا:

ئەوەی فانییە پشتم لێ کردوو
ئەوەی نافەوتێ: پێم گرتووە خوو
"ئەوە"دوای "ئەوە"لەم سەرزەمینە
ماوەیەك ژیا... دواتریش تیاچوو
بە بێ سێ و دوو دنیات بەجێ هێشت
رازی بوویت بەوەی: کە بۆت هاتە روو
بۆ تیربارانی دوژمن قەڵغان بووی
پاڵەوانێ بووی بە هێزی بازوو
ئەم دنیا هیچە: کە فریو دەرە
ئاواتی خەڵکیش: رەوا و سەروەرە

خوا به بەهەشتی بەرینت شاد کات    ئەو رەز و باخەی ناوی لەسەرە
کە بە تاسەوە: منت بە جێ هێشت    کۆچت: بۆ هەمووان خەفەت هێنەرە
کە دندان لە شیعرەکەی بووەوە... هاورێیەکی شرکان هاتە دەنگ و وتی:
بەخشندە ئێستا کە وا لە گۆڕی    گەردون.. چاکەکەی لە ئێمە بڕی !
من پیاوەتی تۆم پەنهان کردبوو    "فرمێسك"لە لێوان کردی بە شیعری
شەهرەزاد هەستی کرد شەو دەرنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٠٧

شەهرەزاد وتی:"کە هاورێیەکەی شرکان لە شیعرەکە بووەوە "زەوئولەکان.... دایە پرمەی گریان... وەزیران و ئەفسەران بە دوایدا. دواتر بڵاوەیان لێ کرد. سوڵتان بەرەو لای وەزیر چوو. کەوتنەوە: راوێژی جەنگ...! ئەو مشتومڕە.... چەندین رۆژی پێچوو. زەوئولەکان خەفەتباری... کوژرانی براکەشی بوو. وتی:

"حەزم لە مێژوو بەسەرهاتی پاشایانی کۆنە... بەڵکو: پەژارەم بیر بچێتەوە وهێندە نەگریم."

.ندانی گەورە وەزیر وتی:

"ئەگەر....خەم و پەژارەت.. بە بەسەرهاتی پاشایان و چیرۆك و سەربووردەی ئەوان نەبێت... لە بیر ناچێتەوە... ئەوە زۆر ئاسانە....! چونکە، کاتی خۆی کاری من لای باوکی خوا لێخۆش بووت هەر گێڕانەوەی ئەو مێژوو و بەسەرهاتانە بوو. شیعرم بۆ دەخوێندەوە. چیرۆکم بۆ دەگێڕایەوە. هەر ئەمشەو چیرۆکێکت بۆ دەگێڕمەوە... کە دڵ بکاتەوە."

سوڵتان کە ئەمەی بیست ئیدی هێندەی تر لای شیرین بوو. بۆیە ئاواتی هەر چی زووتر هاتنی شەو بوو، بۆ گوێ گرتن، لە دندان، فەرمانی دا... فانۆسەکان داگیرسێنن مۆمەکان، دابنێن. خواردن و خواردنەوە، ئامادە بکەن. ئەمجا ناردی بە شوێنی دندانی گەورە وەزیر... کە ئامادە بوو، پیاویشی نارده دوای سەرکردە بەهرام و رۆستەم و ترکاش و خەزنەدار. دوای حەوانەوە، پاشا رووی کردە دندانی گەورە وەزیر:

"وا شەو هات.. دنیا تاریك ..... کش و ماتێ فەرموو تۆیش سەری قسەت هات.... بۆ چیرۆك و حەکایات."

وەزیریش وتی:

"بە چاوان".

# چیرۆکی سلێمان شا

شەهرەزاد وتی: دندانی گەورە وەزیر دەستی پێ کرد:

"ئەی پاشای بەختیار.... خاوەنی بڕیار. لەو دیو کێوەکانی "ئەسفەهان"ەوە شارێك هەبوو بە ناوی سەوزەوە. پاشایەك بەڕێوەی دەبرد ناوی: سولەیمان شابوو، کە دادپەروەری ئەو، لە وڵاتان و هەرێماندا... دەنگی دابووەوە! بۆیە لە هەموو لایەکی دنیاوە، روویان تێ دەکرد. سولەیمان شا بێوە پیاو بوو. نە ژنی هەبوو، نە منداڵ. رۆژێکیان کە ئیدی ئارامی لە بەڕا... ناردیە شوێنی وەزیردا... کە هات، پێی وت:

"ئەی وەزیر... بە تۆی دەکەم پرس و تەگبیر.... ئەوەتا، کەسانی دەوروبەر... وەزیران و میران و سەرداران و فەرمانبەر و سەرباز و دەرەجەداران و ئەفسەر... لێم کەوتوونەتە: تانە و تەشەر.....! کە بێ ژن و منداڵم... بە ڕاستی زۆر بێحاڵم!"

وەزیر کە بینی پاشا زۆر بێحاڵ بوو... ژیانی لە لا تاڵ بوو. وتی:

"هاها.... چۆن دەستکاری کاری خوا دەکەم!؟ لە دۆزەخیدا خۆم رسوا دەکەم!؟ گەر پێت خۆش بێ کەنیزەکێ ئارەزووی تۆ دەپێکێ!"

پاشا لە وەڵامدا وتی:

"گەر پاشا کەنیزەك بێنێ... ناوبانگی دەدۆڕێنێ! نە رەچەڵەك دیار دەبێ...! نە خێزان ناودار دەبێ دەترسم "زۆڵ"بەر بێنێ.... وڵاتم بە شەڕ بێنێ...! وەك زەوی خوێیاوك بێ... چی بچێنم وشك بێ! یا لێم هەڵگەڕێتەوە... زوو......زوو لێم ڕاست بێتەوە!"

فەرمانی چاکەی پێدەم. لە خراپەش دوور بێتەوە. نەك هەر بە گوێم نەکا لێیشمان راست بێتەوە! . بۆیە کەنیزەکم ناوێ... کچە شایەکم بۆ بدۆزەوە. با... رەچەڵەکی ناسراو بێت. جوانیەکی بەرچاو بێ. خانەوان بێت خانەوان... موسڵمان بێت مۆسڵمان.

وەزیر وتی:

خوا... بە ئاواتی خۆتی گەیاندیت.

چونکە بیستوومە شا (زەهر)ی خاوەنی زەوی سپی: کچێکی زۆر جوانی هەیە. بەوەیش وصف ناکرێت کە: سەروزمانی هەیە! . کوا... سروشت: لە شێوەی دوانی هەیە!؟ جا... وا باشە، پیاوێکی زانا و بە سەلیقە و بەسەر و زمان بنێرینە خوازبێنی. چونکە کچەکە لە جوانیدا، کەم وێنەیە! . پاشا ئەمەی بیست دڵی کرایەوە... پاشایش کە ئاوری دایەوە. ئاوا... وەڵامی دایەوە:

ئەی وەزیر، بێ لە تۆ کەس شك نابەم ژیر...!! برۆ... کاروباری ماڵت، ریك بخە، خۆت ئامادە بکە... ئەو خوازبێنیەم، بۆ بکە، لە ماڵی کچە نەگەڕێیتەوە... تا مژدەی رازی بوون دێنیتەوە.

وەزیریش وتی: "بە چاوان."

ئەمجا وەزیر. چووەوە ماڵ، ئامادەی کرد، دیاری زێڕینی چەندین مسقاڵ. دیاری بچووکی کێش ئاسان... بەلاّم وەکو نرخ گران. بە چەند ئەسپی رەسەنەوە. بە(١٠٠) کۆیلەی، رەبەنەوە... بە (١٠٠) کەنیزەکی شۆخ و شەنگەوە. چەندین ئاڵایان بە ژوور سەرەوە. بەرەو ماڵی کچە، کەوتنە رەوو گەردان، کەدوای چەند رۆژێ پاشایش دێتە سەردان. ئیدی وەزیر و کاروان... کەوتنە بڕینی چۆڵ و بیابان. تا ئەو شوێنەی کە رۆژە رێ یەکیان مابوو. بگەنە جێ. ئەمجا لایان دا. وەزیر... کۆمەڵە کەسێکی ئامادە کرد، بەرەو لای(زەهەر)شا. رێکەوت وابوو. (زەهرشا) چوو بووە دەرەوەی شار. بۆ گەشت. کە لە دەروازەی شار. ئەوانی بینی. زانی کە کۆمەڵە کەسێکی نامۆن بە شارەکە. بۆیە فەرمانی دا. بیان هێنت، کە پاشا لە کابرای پرسی. زانی، نوێنەری (سولەیمان)شایە. خاوەنی زەوی یە سەوزەکانە. ئەمجا بە خێری هێناو رێزی لێ گرت و فەرمانیدا بکەونەوە رێ بەرەو شار. دواتر لێی پرسین:

وەزیر: لە کام شوێن هەلێ داوە و ماوەتەوە؟ .

ئەویش وتی:

"ئەم بەیانی یە لەسەر فلاّنە جۆگە ئاو، جێم هێشتن. سبەینێ دەگەنە شار. خوا... پایەدارت بکات."

ئیدی زەهر شا فەرمانی دا بە وەزیر و پاسەوان و خزمەتکاران و پیاوانی دەوڵەت بچنە پێشوازی وەزیری سولەیمان شا و بە خێریان بێنن. لەو لایشەوە، لە نیوە شەوەوە وەزیر کەوتبووە رێ بەرەو شار. بۆ بەیانی، کە دەشت و دەر. سەرپۆشی زێڕێنی تیشکی خۆری پۆشا کە بوونەوە، لە شار. ئەمجا پیاو ماقووڵانی دەوڵەت، میران و وەزیرانی مەملەکەت، پێیان گەیشتن. ئیدی بە کۆمەڵ چوونەوە ناو شار لەوێوە بۆ کۆشك. ئەمجا بە (٧) دالاّن دا تێپەڕین. سەرکەوتن، تاکو بەرهەیوانێك. سەکۆیەکی لە مەڕ مەڕ دروست کراوی تیابوو. کە چوار پێچکە لە شفرەی فیل راگیری کردبوو. راخەرێکی سەوزی بە سەردا درابوو. کە بە زەخرەفەی زێڕین. نەخشی کرابوو. چەندین. تاڵێ نەخشاو بە گۆی زێڕینی لەسەردا. بۆ شۆڕ بوو بووەون. کە زەهرشا لە سەری دانیشتبوو. کە وەزیر گەیشتە لای. نوشتایەوەو کردی سلاّو.

| | |
|---|---|
| بە لۆمەکاران: بڵێن کۆڵ بدەن | چوون مەیلت لە دڵ ناتوانن دەرکە |
| دڵ لە خۆم تۆرا: وا بەلای تۆوە | گەنجی نەویستم: کردمی بە پەن! |
| دڵەی سەرەڕۆ... قەیناکا: بڕۆ | هەر تۆ جێت خۆش بێ: ئیمەش بۆ ئەلۆەن |
| هیچ شتێك ئاوا: دڵشادم ناکا | بە هێندی ئەوەی: بە (شا)دا هەڵدەن |
| جا... با:تەمەنێك سەیری رووی بکە | ئەنجام: براوەو شادی و دەوڵەمەت |
| گەر دەستی نزای چاکەت بالاّ کرد | هەمووان بەشدارن: لەوانەی کە هەن |
| پاشای بەخشەندە... خۆ من پێم وایە | هەڵەن: هەزاران: پەنات بۆ نەیەن....! |

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو... بێدەنگ بوو

# شەوی ١٠٩

شەهرەزاد وتی: کە وەزیر لەو ڕێ و ڕەسمە بووەوە. زەهرشا، بانگی کردە نزیك خۆی و ڕێزی گرت. تاکو درەنگانێکی شەو دانیشتن. بۆ سبەینێ، سفرەو بەرچای ڕێکخرا. میوانان. تێرو پڕیان خوارد ئیدی، هەر یەکەو چوو بەلای کاری خۆیەوە. تەنیا، خزمەتکاران و دانشتوانی کۆشك مانەوە. وەزیری میوان. هەلی چۆڵی دەورو بەری شای قۆستەوە. هەستاو کڕنووشی بۆ برد و وتی:

ئەی پاشا گەورە... گەورەی ئەم دەورە. داوامان هەیە دڵمان نەشکێنی... نوێنەری (پاشا)م هاتوومە خوازبێنی! . شاسولەیمان خوازیاری خزمایەتی بەڕێزتانە. داوای کچەکەت دەکات، بۆ خۆی.

کە زەهرشا ئەمەی بیست، هەستایە سەرپێ. دەستی ڕێزی بە سنگەوە گرت دانیشتوان سەراسیمە بوون. لەو ڕێزە گرتنە فرەیە، بۆ نوێنەری سلیمان شا. هەر بە پێوە (زەهرشا) وتی:

ئەی گەورە وەزیر، دانا و بە تەگبیر. ئێمەش هاولاتی سولەیمان شاین. شانازی بە خزمایەتیەوە دەکەین. کچەکەیشم، بە یەکێك لە کەنیزەکەکانی خۆی دابنێ. (شا) جێی، متمانەی ئێمەیە. ئەمجا ناردیە شوێنی، قازی و شایەت دا. کە هاتن بوونە شاهید کە شا سولەیمان، وەزیری کردوومتە وەکیلی خۆی لەم ژن مارەکردنەدا. ئەمجا خۆی مارەبڕینەکەی لەوێدا جێ بە جێ کرد و ئاهەنگ کرا، ئەمجا وەزیریش هەموو دیاریەکانی سولەیمان شای پێشکەش بە زەهرشا کرد. پاشایش: فەرمانی دا، مەملەکەت شادی بکەن... ئاهەنگ بگێڕن، بۆ ماوەی دوو مانگ زەماوەند لە شاردا گێڕا، خواردن و شیرینی گێڕا. دڵخۆش بوون، هەموو بە تێکڕا. لە دەوروبەری شار دەوار لێدرا. سابات و کەپر چاکرا. سەماکەرانی کەنیزەکی ڕۆم ئامادە کران. کیژانی کیژانی تورکان بۆ پەزێرایی دانران. بووك بەزێر و زیوو نەختینەی گەران بەها ئامادە کرا. جیازی (٢٠) باری وشتر دوای خرا. کاروانی وشتر و هێستر بەڕێ خرا... کاروان ڕووی لە ولاتی سولەیمان شا کرد. زەهر شا، تا کو دووری (٣) فرسەخ بەڕێی کردن. ئەمجا بە دڵی خۆش و ئاسوودەوە بۆ شاری خۆی گەڕاوە. ئەمجا وەزیر کچی شای برد و ڕۆیشتن، ئەو شاخ بۆ ئەو دۆڵ، دارستانی چڕ، دەشتی چۆڵ و هۆڵ، ڕێگایان بڕی. تا ئەو شوێنەی، کە(٣) ڕۆژە ڕێیان مابوو بگەنەوە مەملەکەتی خۆیان. ئەمجا وەزیر تەتەری ناردەوە کە هەواڵی گەیشتنی بووك، بە پاشا بگەیەنن. کە تەتەر هەواڵەکەی دایە پاشا. پاشا زۆر شادبوو، مژدانەی زۆری دایە. ئەمجا فەرمانی دایە، جەنگاوەرانی تایبەت بە خۆی کە لەشکر ڕێك بخەن. بەرەو کاروانی بووکە بڕۆن. زۆر بەڕێزەوە بیهێنن. ئەمجا جاڕیان دا، لە شاردا، کە دەبێت. نەبێوەژنێ، نە پیرەژنێ لە ماڵدا نەمێنێ. با بچێتە پێشوازی بووکی،

پاشای شارەکەیان. بۆیە هەموو خەڵکی ڕێکەوتن، کە ئاهەنگی بووکە تا شەو سەرومڕ بێت و ئەمجا بەرەو کۆشکی پاشای دەبەن. پیاو ماقوڵان و سەرانی دەوڵەت بڕیاریان دا. کە خەڵکە کە بچنە کەناری ڕێگاو بانەکان بۆ بینینی بووك. خۆی و کاروانی جیازی و کەنیزەك و دەست و پێوەنەکانی. هەر کە بووکە گەیشت. سەربازەکان چوار دەوریان گرت. کەژاوەش هەر بەڕێوە بوو. تا کو گەیشتنە نزیك کۆشکی شا. ڕمی جەنگاوەران دەلەرانەوە. ئاڵاکان بە ئاسمانەوە. بۆنی مسك و عەتری خۆش، خەڵکی کردبوو سەر خۆش. دەنگی تەپڵ و کەرەنا... یا خود دەهۆڵ و زورنا. شەو بووك بە نیو ریز بەندی ئەمبەر و ئەو بەری کەنیزە کە رازاوەکاندا ڕۆیشت کە دەتوت مانگە لە نیۆ ئەستێرەکاندا یان مرواری نێوان زیوو. ئەمجا، بردیانە ژووری خۆی. کە سیسەمی تیادا رازابووەوە. شاییەکیان بۆ گێڕا، کە دانیشتوانی شار دەیان وت: مەملەکەت ئاهەنگی وای بە خۆوە نەدیووە...!

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو... بۆیە بێدەنگ بوو

## شەوی١١٠

## چیرۆکی خاران تاجی شاهان

شەهرەزاد وتی: دوای ساڵێك شا ژن، کوڕێکی بوو. کە پاشا، ئەم هەواڵەی بیست زۆر دڵی خۆش بوو. مژدانەیەکی باشی دایە هەواڵ هێنەرەکە. ئەمجا نێو چاوانی مناڵەی ماچ کرد. دەتوت ئەو شیعرە بۆ ئەو وتراوە:

خوا، بە جۆرێکی، ئەم کوڕەی داوە ... شێرە... ئەستێرە: هێزی پێداوە
چارەی، نەبەردی و ئازایەتی یە ... کۆڕی گیانبازان: ئاسکیان هێناوە
سەر پشتی شێری مەخەن کە نزمە ... سواری ئەسپی کەن کە جێگای پیاوە
زۆر زوو لە شیری ببڕنەوە ... خوێنی دوژمنی بۆ خۆی داناوە

ئەمجا مامانەکان، کوڕەیان برد و ناوکیان بڕی، کلیان لە چاوان کرد. ئەمجا ناویان نا... (تاجی شاهان) ساڵان هات و ساڵان ڕۆیشت. مناڵ تەمەنی بە (٧) ساڵان گەیشت... ئەمجا سولەیمان شا، زانایان و مامۆستایانی بۆ گرت، تا چەندین ساڵ، واتەیان پێ وتەوە. خۆش نووسی و ئەدەب و زانستیان فێر کرد. تاکو کردیانە، ڕۆشنبیرێکی بە توانا. ئەمجا مامۆستای سوار چاکی و ڕمبازی بۆ گرت، لە گۆڕەپاندا فێری سوار چاکی و شەڕە شیر و ڕمبازی کرد. کە تەمەنی گەیشتە (١٤) ساڵان. ئەمجا گەورە بوو. کە گەیشتە (١٨) ساڵان. خاڵی سەر روومەتی دەت وت: خاڵی عەنبەرە لە سەر لێوی سووری:

نێستا یوسفیش جێی گیرایەوە ... لە شوێنی لاوێ دانرایەوە

بۆ ساتێ وەرە، بکە تەماشای
به چاوان، شتی وا کوا بینراوە؟
وەك خاڵێ سەوزی سەر گۆنای سوورە
سەیرە، ئەو خاڵەی لای لیوانی سور

بزانە ژیان چۆن رازایەوە
یا سروشت، ئاوا، خستیە کایەوە
لە سای دیدەی رەش ئەبریسکایەوە
گڕی نەگرت و نەتوایەوە.!

ئەمجا تاجی شای خاران، دۆست و برادەرانی هەبوو. کە خوازیاری، وەفاتی باوکی بوون تا ئەم کوڕەی ببێتە جێنشینی باوکی. تاکو ئەوانیش ببنە میری دەرباری جێنیشین تاجی شای خاران خووی دایە، راووشکار، سلێمان شای باوکی، زۆر بە خەم بوو لەو ئارەزووەی، ترسی ئەوەی بوو. نەبادا، دڕندەی کێوان، کوڕەکەی لە ناوبەرن. بەڵام کوڕەکە، ئامۆژگاریەکەی وەرنەدەگرت. وا ڕێکەوت بە خزمەتکارانی وت:

ئالیکی (١٠) رۆژ بۆ ئەسپەکەی ئامادە بکەن.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو... بیدەنگ بوو

## شەوی ١١١

شەهرەزاد وتی: خۆی و هاوڕێیانی چوونە دەشت، بۆ راوو شکار و گەشت (٤) رۆژ بەرێوە بوون... تا گەیشتنە پێ دەشت و چەند تەپۆلکەی بەرز، زەوی ئاڵ و واڵا و سەوز. رەزو باخ و گوڵ و گەڵا... جۆگە و کانی ئاوی تیا هەڵئەقوڵا ئەمجا (تاجی شاهان) فەرمانی دا تەپکە و تەڵە بنێنەوە. (داو) و (تەلە) دابنێن...! خۆشتان بچنە حەشارگە دواتر، پەلامار درا. بە تیرو کەوان کوژرا. ئەوەی بە تەڵە و تەپکە و داوەوە بوو.. گیرا.. ئەو باڵندە و دڕندانەی کەوتنە تەپکەوە گیران (تاجی شاهان) بەسەر راوچیانی دا دابەش کرد. هەندێ لە دڕەندەکانی بۆ سلێمان شای باوکی، بە دیاری ناردەوە ئەو شەوە لەوێ مانەوە کە رۆژ بووەوە روانیان کاروانێك بەرەو روویان هاتن، کە کۆیلە و خزمەتکار و مناڵان و کەنیزەکیان پێ بوو. کە (تاجی شاهان). چەند کەسێکی نارد پرسیاریان لێ بکەن. کە نوێنەر چوو پرسی:

چی دەکەن لێرە؟ لە کوێوە هاتون؟

وتیان:

"ئێمە بازرگانین و ڕێمان دوورە. لەم رەزو باخ و ئاوە لامان داوە. چونکە ئێرە وڵاتی سولەیمان شایە. ئارام و ئاسایشە. شتومەکی بە نرخمان پێیە و بۆ. (تاجی شاهان) مان هێناوە. کە تەتەر گەڕایەوە لای شا. قسەکانی بۆ گێڕاوە. شا وتی:

"کەوابوو، با بێن شتەکانیان ببینم."

ئەمجا سوار بوو، خزمەتکارو دەست و پێوەند، شوێنی کەوتن. کە گەیشتن، بازرگانان لە بەری هەستان ئەمجا بۆی پاڕانەوە... خوا دەست بگرێت بە باڵیانەوە. دەوارێکیان بۆ

هەڵدان بە نەخش و نیگار رازا بووەوە. زەخرەفەی زێرینی تیا نەخشا بوو. مرواری تێکرابوو. کە (تاجی شاهان) تیادانیشت. خزمەتکاران و کوێلەکان، لەبەر دەرگای دەوار ریز بوون. ئەمجا تاجی شاهان فەرمانی دا بازەرگانان. کاڵاکانیان بێنن ئەمجا. دوای تەماشا کردن هەر چیەکی بە دڵ بوو. جیای کردەوە و نرخەکەی پێدان. فەرمانی دا. باروبنەیان پێچایەوە. سوار بوون، دەست و پێوەندان بە دوایەوە. لە کاتی رۆیشتندا، ئاورێکی لە کاروانە کە دایەوە. لاوێکی بینی شۆخ و شەنگ... بەرگی پاك و رەنگاو ڕەنگ. رووی ناسکی بە ئاوەنگ جوان هەر وەکو مانگ. بەڵام پێوەی دیار بوو. کە هێندە بە خەمەوە گریابوو. زەرد هەڵگەرابوو. بە خەفەتەوە: ئەم شیعرەی دەوتەوە:

ئەم دابڕانە جەرگی بڕیوم　　فرمێسکی زۆری کە پێ ڕژیوم
هەر لەو رۆژەوە دڵم لایەتی　　بێ دڵم بۆیە... خۆشی نەدیوم

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو... بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ١١٢

شەهرەزاد وتی: کە لاوەکە. شیعرەکەی خوێندەوە دەستی کردە گریان و بوورایەوە (تاجی شاهان)یش، بەسەر سوڕمانەوە سەیری دەکات کە لاوە بە ئاگا هاتەوە روانی شازادە، بەسەر سەریەوەیە. بۆیە خێرا هەستاوە کڕنووشی بۆ برد، تاجی شاهان پرسی:

بۆ چی کاڵاکەی خۆتت. پیشان نەدام؟

ئەویش وتی:

گەورەم کاڵاکەی من شتی وای تیا نیە بۆ پاشایان بشێت!!

پاشایش وتی:

نەخێر دەبێت کاڵاکانت ببینم. بە سەر هاتی خۆیشتم بۆ بگێریتەوە. گەر زوڵمت لێ کراوە تۆڵەت بسەنم. گەر قەرزاریت بۆت بدەمەوە. چونکە دڵم پێت دەسووتێت.

ئەمجا تاجی شاهان فەرمانی دا دوو کورسیان لە داری ئەبونوی بۆ دانا، فەرشیکی نایابیان بۆ راخست کە بە ئاوریشم چنرابوو. تاڵی زێری تێ هەڵکێشرابوو. ئەمجا دانیشت و فەرمانی بە لاوەکەدا، کاڵاکەیان هێنا و خستیانە بەر دەمی لاوەکە وتی:

گەورەم ئەم کاڵایانەم، بە تایبەت بۆ تۆ نەهێناوە.

تاجی شاهان وتی:

ئەوە وایە

هەندێ هەرزەکاری بانگ کردو، فەرمانی پێدان کاڵاکان بهێنن. کە لاوەکە، کاڵاکەی خۆی بینی، دەستی کردەوە بە گریان. ئەمجا یەکە یەکە پارچەکانی پیشان دا. لە نێوانیاندا پارچە

قوماشێکی ئەتلەس بوو، کە بە زێڕ چەنرابوو. بایی(٢٠٠) دینار بو پارچەیەك قوماشی لێ کەوتە خوارەوە. لاوەکە، زوو هەڵی گرتەوە و خەستیە ژێررانی تاجی شاهان کە ئەمەی بینی سەری سوڕما. بۆیە لە لاوەکەی پرسی:

ئەو پارچەیەی ژێر رانت چی یە!؟

لاوەکە وتی:

گەورەم، هەر لە یەکەم جارەوە، کە وەکو بازرگانەکانی تر کاڵاکەم نەخستە بەردمت، لە بەر ئەم پارچەیە بوو.

تاجی شاهان وتی:

دەبێت هەر بی بینم.

ئەمجا توور بوو. لاوەش کە چاری نەما هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی:

گەورەم، بە سەر هاتەکەی سەیرە..!

ئەمجا پارچەکەی یە کاڵا کردەوەو و لە بەردەمیدا رای خەست. تاجی شاهان ئاسکێکی بینی تیا نەخش کرابوو. زێڕ و زیویشی تێکەڵ کرابوو. لە بەرامبەریدا رای خست. لە بەرامبەریدا ئاسکێکی تر وێنە کێشرابوو ئەمیان بەتان و پۆی زیو چنرابوو. بەڵام بازنەیەکی ئاڵتونی لە ملدا بوو. کە تیکەڵ بەزو بەرجەد کرابوو. کە تاجی شاهان، ئەو وێنە جوانە نایابەی بینی. سەری سوڕما ئەمجا وتی:

بەسەر هاتەکەت بگێرەوە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگە... بێدەنگ بوو.

## شەوی١١٣

# چیرۆکی عەزیز و عەزیزە

شەهرەزاد گێرایەوە: گەورەم کوڕە تاقانەی باوکی گەورە بازرگان بووم، کچە مامێکیشم لە ماڵەوە، لەگەڵمان پەروەردە دەکرا، مامەم... واتە باوکی کچەی ئامۆزام، لەگەڵ باوکم رێك کەوتبوون کە ئێمە گەورە بووین لە یەکتریمان. مارە بپرن و ببینە: ژن و مێرد. کە مامەم مرد. باوکم ئەو کچەی هێنایە لای خۆی. بۆیە باوکی بە دایکمی وت:

ئەمساڵ عەزیزەی برازام، لە عەزیزی کوڕم مارە دەبڕم.

ئەمجا بە هەر دووکیان کەوتنە ئامادە کردنی پێداویستییەکانی تەدارەك و ئاهەنگی زەماوەند. پاش نێوەڕۆی هەینییان دانا. کە مەلا و شایەت بێنن و رێو رەسمی مارەبڕین بە جێ بگەێنن. باوکم رووی لە دراوسێ و هاورێ بازرگانەکان کرد و بانگ هێشتی کردن، بە خۆیان و خێزانیانەوە. هۆڵ شۆردرا. ماڵ رازێنرایەوە دیوارەکان، نەخشێنران. فەرش و قاڵی

داخران. دەبو دوای نوێژەی هەینی میوانان بێن. شەربەت و شیرینی ئامادە کرا. ئیدی هەر ئەوە مابوو. کە ڕێ و ڕەسمی مارە بڕین جێ بە جێ بکرێت. دایکم منی ناردە گەرماو و جوانترین جل و بەرگی نوێی بۆ ئامادە کردم. لە گەڕانەوەدا، هێندە بۆنی خۆشی لێدرابوو ڕێبوارانی سەرسام کرد. ویستم خۆم بکەم بە مزگەوتدا بەڵام هاوڕێکەم بیرکەوتەوە حەزم دەکرد، لە مارەبڕینەکەمدا ئامادە بێت. لە دڵێ خۆمدا وتم:

دەی خۆم بەو هاوڕێوە سەرقاڵ دەکەم، تا کاتی بانگ دێت.

خۆم بە کۆڵانێکدا کرد. کە پێشتر نەم دیبوو. ئارەقێکی زۆرم کردبووەوە چونکە خۆم شت بوو. بەرگەکانیشم نوێ بوو. لەو سەری دانیشتم و ویستم، بحەوێمەوە. لە بەر ئەوەی کە دەستە سڕەکەم لە ژێر خۆمدا ڕاخست و لە سەری دانیشتم و ویستم، هیچم پێ نەبوو کە عارەقەی نێوچاوانم بسڕم. هێندەم زانی، دەستە سڕێکی سپی کەوتە کۆشمەوە. منیش سەرم بەرز کردەوە. تا بزانم، ئەم دەستە سڕە لە کوێوە خراوەتە خوارەوە!؟. سەرنجم بە چاوانی خاوەنی ئەم ئاسکەوە گیرسایەوە. کە لە پەنجەرەکەیانەوە سەری دەرهێنابوو. هێشتا شتی وا جوانم نەدیبوو. ئەویش سەیرێکی کردم و پەنجەی خستە دەمی. ئەمجا دوو پەنجەی پێکەوە نوساندن و خستیە سەر سنگی. ئەمجا سەری کردەوە بە ژووردا و تاکی پەنجەرەکەی داخست. بە دوایدا، سەراسیمەی کردم. نە لە قسە و، نە لە ئیشارەتەکەی گەیشتم. جارێکی دی سەیری تاکی پەنجەرەکەم کردەوە بەڵام داخرابوو. تاکو ڕۆژئاوا: لە جێی خۆمدا چاوەڕوان بووم. بەڵام نە کەسێکم بینی، نە هیچم بیست. هەستام و دەسرۆکەکەیم کردەوە. بۆنێکی هێندە خۆشی لێدەهات. کە بەرێدا دەڕۆیشتم، وەکو لە بەهەشتدابم وابوو ئەمجا قەدەکەی تریم بەدەم ڕێوە کردەوە. سەیرم کرد کاغەزێکی تیا کەوتە خوار، کە کردمەوە. جورە بونێکی لێ دەهات. ئەم شیعرەی بۆ دەبوو:

دوو دێڕی نووسی، زۆر بە شەرمەوە — بە بۆنی گۆنا و لێو و کوڵمەوە

چاوان ئەبڵەقی، قەد و باڵای بوون — یەکسەر گیانیشم کەوتە دڵمەوە

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو... بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ١١٤

شەهرەزاد وتی: کە ئەو شیعرەم بە دەستە سڕەکەوە بینی. هێندەی دی ئاسەیم کرد کاغەز و دەستە سڕەکەم هینایەوە ماڵ، بێ ئەوەی بزانم کە ئەو دەستە سڕە کە زیانم پێ دەبەخشێت، شەو درەنگانێ گەیشتمەوە ماڵ. کە دەڕوانم ئامۆزاکەم دانیشتووە و دەگری. کە منی بینی چاوانی سڕی و هات بە پیرمەوە و، لێی پرسیم کە بۆ چی وا دواکەوتووم. ئاخر هەمووان هاتبوون، هەر لە وەزیران و میران و سەرکردەکانی سوپاوە، تاکو پیاو ماقوڵان و

خزمـان و ناسـیاوان. قـازی و شـایەتان نانیـان خـوارد و زۆر چـاوەڕێی تۆیـان کـرد. تـا کـو ڕێورەسمی مارە بڕین جێ بە جێ بکەن. دواتر بڵاویان لێ کرد. ئەمجا پێ وتم:

باوکت هێندە تووڕە بوو. کە سوێندی خوارد تـاکو سـاڵێکی تـر، ئـەم مارەبڕینـە دووبارە نەکاتەوە لە داخی ئەو هەموو خەرجیە، کە کردوویەتی.

ئەمجا پرسی:

باشە... تۆ چیت بە سەرهات. کە ئاوا... دوا کەوتیت!؟ ئەمەت بە سەر هێناین.

منیش وتم:

ئامۆزا هەر مەپرسە چیم بە سەر هات!

ئـەمجا دەسـتە سـرەکەم پیشـان داو لـە نووکـەوەی بـۆم گێـڕاوە. ئـەویش دەسـتە سـرو نامەکەی لێ وەرگرتم و خوێندیەوە. فرمێسك بە چاوانیدا، هاتە خوارەوە. من لە تاو خاوەن نامەکـە، هـەر گوێیشـم نـەدا: بـە گریـانی ئامۆزاکـەم. ئیـدی دەسـتم دایـە خواردنـەوە و ڕابواردن...! ئێوارەیـەکیان کـە گەڕامـەوە... سـەرنجم دا کچـە ئـامۆزام دەسـتێکی بـە دیـواری ژوورەکەوەیەو دەستەکەی تری لەسەر سنگی داناوە، ئاوا... خۆی دەلاوێنێتەوە:

| | |
|---|---|
| کیژەی دەشتەکی دڵ لە هەوارە | حیجازیش بۆ ئەو خەمەوە پەژارە |
| تاسەی دووری یەکەی ماڵە باوانی | سووری کرد چاوی ئەو چاو خومارە |
| من خۆشم دەوێ و: ئەو وا دەزانێ | عاشقی نیم و چارم ناچارە...! |

کە منی بینی چاوانی بە سەر دەستەکەی سڕی و بە پێکەنینەوە بەرەو رووم هـات و بـە خێرهاتنی کردم. منیش شەقێکم تێ هەڵدا، کچە لەبەر هەیوانەکەدا، بە دەمـدا کـەوت، نێـو چـاوانی دای بـە لێـواری بەرهەیوانەکـەدا و قڵیشـا و دەم و چـاوی خوێنـاوی بـوو. ئـاموزا، بێدەنگ بوو ئەمجا دەم و چاوی خوێناوی بوو. ئامۆزا، بێدەنگ بوو ئەمجا دەم و چاوی شت و بە هەیوانەکەی لە خوێنە کە پاك کردەوە. دواتر ناو چاوانی بە پارچە قوماشێك بەست. ئەمجا بە زەردە خەنەیەکەوە بەرەو رووم هات. وتی:

بەو خوایە، ئاموزا، مەبەستم لەو شیعرە، گاڵتە پـێ کردنـت نـەبوو. خـۆم سـەرم ئـازاری دەدام. خۆم هەر دەمویست، خۆین لە سەرم بگـرم. ئێستاش کـە ئـەو خۆینـەم لـێ دەرچوو: سـەر ئێشـکەم نـەماوە حەوامـەوە...! ئـەمجا کەوتـە دڵدانـەوەم. دواتـر سـفرەی ڕازانـدەوە: خواردنی بۆ دانام. بەڵام شەقێکم لە خواردنەکـەش هەڵـداو، ڕشـتمە سـەر سفرەکە!! ئـەمجا وتم:

عاشقان شێتن. کوا نەفسیان دەچێتە سەر خواردن.

ئەویش وتی:

بەو خوایە ئامۆزا گیان، ئەمانە نیشانەی خۆشویستنە.

ئەمجا قاپەکانی کۆ کردەوەو سفرەکەی پاك کردەوە وهەڵی گـرتن. دواتـر دیسان کەوتـە دڵدانەوەم وپێکەنین بەڕوومدا. کە ڕۆژ بـووەوە. چوومەوە بـۆ خواردنـەوە و ڕابواردنەکەی

جارانم، ئیوّاره کە گەڕامەوە ماڵ. دەڕوانم ئامۆزا ڕووی کردووەتە دیوارەکە و دەستی بە چاوانەوەیەو دەگری، بەلاّم دیار بوو هێندە منی خۆش دەویست. نەیدەهێشت من پێی بزانم و دەیزانی کە لە چ تاسەیەکی خوشەویستی دام. سەری بەست بوو، چونکە من بوومە هۆی شکاندنی ناو چاوانی و چاویکی بەستبوو، کە لە ئەنجامی گریاندا سوور هەلگەرابوو.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو... بێدەنگ بوو.

## شەوی ١١٥

شەهرەزاد وتی: کە ئامۆزا بە دەم گریانەوە منی بینی. بەرەو رووم هات و لەبەر هەنسك دان هیچی بۆ نەدەوترا، هەروەها نەیدەویرا، دەردی دلّیشم بۆ بکات. ئەمجا کەوتە دلّدانەوەم و نەرم و نیانی بۆم. هەر چەند کاتی نان خواردنیش بوو بەلاّم نەیویرا، سفرە رابخات. بۆیە، کەوتە گۆڕینی جل و بەرگی بەرم و ئەم شیعرەی لە بەر خۆیەوە وت:

| | |
|---|---|
| چەرخی زەمانە دەسوڕێتەوە | دلّی بە خەمم هەر ناکرێتەوە |
| خۆایە بەزەییت پێما بێتەوە | خەم و پەژارەم: بڕەوێتەوە |

ڕۆژی سێیەم، چوومە لای کچە دەلاّلێك، تاکۆ، مارە کردنیم بۆ رێك بخات کە ویستم ئەوێ جێ بێلّم قۆلّی گرتم و وتی: بوەستە! ئەم پارچە دەسرەی بۆ لە یەك کردەمەوە. سەیرم کرد. وێنەی ئاسکی تیایە...!! زۆرم ئەو وێنەیە بە لاوە جوان بوو...! کە پێکەشی کردم وتی:

ئەم چنینە کاری دەستی خوشکەکەمە!

پرسیم: خوشکەکەت ناوی چی یە؟ وتی: ناوی (نورالهدای)یە ئەم دەسرۆکەیە، هەلّیگرە بۆ خۆت.

ئەمجا خواحافیزیم لێ کرد. کە گەڕامەوە سەیر دەکەم... ئامۆزاکەم، سنگی خۆی دەکوتێت و دەگری... ئەم شیعرەی چڕی:

| | |
|---|---|
| با هەلّی کات بای شەمالّێ | خەم و پەژارەم رامالّێ |
| شنەی بەیان فێنکی یە | بەختی خۆی وا تێ دەنالّێ |
| حەرام بێ لێم چێژی دنیا | گەر ئامۆزا... بۆت نەنالّێ |
| ئاگری عەشقی تۆیە | دلێ کردە زووخالّێ |

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو... بۆیە بێدەنگ بوو.

# شەوی١١٦

شەهرەزاد وتی: لاوە وتی: کە منی بینی فرمێسکەکانی سڕی و بەرەو رووم هات. بۆم پێکەنی و وتی:

ئامۆزا گیان، تۆ بە دڵی خۆشەوە خوا بە منی بەخشیت. من بە پەژارەی تۆوە دەژیم. لەگەڵ ئەوشدا خوایە، لێی مەگرە!

منیش هەر بیرم بەلای ئەو پارچەیەوە بوو کە وێنەی ئاسکەکەی تیابوو، هەر خێرا هەڵم دا بەردەمی ئامۆزا. ئەویش کردیەوە دوای سەیر کردنی وتی:

ئەمە پێشکەشی من بکە.

من رازی بووم. ئەمجا هەستاو جل و بەرگی بەرمی گۆڕی و وتی:

خۆا، لە خراپەی دوژمنانت بپارێزێت.

دواتر کەوتە لاواندنەوە:

لاواز و دڵم بە ئازار بووە ... بەروومدا فرمێسك سەرە و خوار بووە

هەر چەندە یارم دوورەدەستیش بێ ... بە کردەی جوانی دڵ بەختیار بووە

دەستم کردەوە بە جنێۆدان. ئەویش دەستی کردەوە بە گریان چاوانی سڕی و لێم نزیك بووە وە و دەستی ماچ کردم. منیش لێی دوور کەوتمەوە. ئەمجا پێی وتم:

ئاموزا خوا عافوت بکات.

ئەمجا دەستی بە گریان کردەوە و منیش دڵم بۆی سووتا. رۆژێکی دی کە گەڕامەوە. سەیرم کرد، کچە ئاموزا راکشاوە و دایکم بە ژوور سەریەوە دەگری. ئەمجا دایکم پێی وتم:

بەڵات لێ بدا بۆچ کوڕە مامێکیت! چۆن کچە ئامۆزات نەخۆشە و لێی ناپرسیتەوە!؟

کە ئەمەی بیست کچە راست بووە و بەروویەکی خۆشەوە بەخێر هاتنەوەی کردم. منیش جێم هێشت، بێ ئەوەی گوێی پێ بدەم. چەند رۆژێك نەهاتمەوە. دواتر بیرم کردن و گەڕامەوە ماڵ. گوێیم لە شین و شەپۆڕ و گریان بوو، کە دایکە منی بینی وتی:

بەڵا... لێت بدات، چونکە خوێنی ئەو کچە لە ملی تۆیە.

ئیتر باوکیشم هات. شتیان و تەرمەکەیان برد ناشتمان ئەمجا ختەمەمان بۆ کرد. (٢) رۆژ هاتوچۆی گورستانمان کرد. تەعزمیەکەی تەواو بوو، بەڵام من زۆر بۆی بە خەم بووم. ئەمجا دایکم هات و پێی وتم:

وەرە پێم بڵێ، ئەو کچە بە چی مرد!؟ خۆ من هەر چەند دەم دواند: هیچی نەدرکاند! چۆن بویت لەگەڵیدا ئاوا... مرد!؟

وتم:

هیچم لێ نەکردبوو.

ئەویش وتی:

خوا تۆڵەی ئەو کچەت لێ دەکاتەوە. چونکە هەتا مرد لە تۆ رازی نەبوو.

کچە مامت کە لە گیانەڵادا بە ژوور سەریەوە بووم. چاوی هەڵبڕی و وتی:

ئامۆژن ئەم دوو رستەیە بە کوڕەکەت بڵێ:

وەفا شیرینە... غەدر قێزەونە.

بەزەییم پیادا دێتەوە. ئەمجا دیاری یەکی بۆ داتاویت، سۆیندی داوم، کاتیك بتدەمێ کە بۆی بگریت. هەر کاتێ، بۆی گریایت دەت دەمێ! منیش وتم: دیاریەکەم پیشان بدە رازی نەبوو. ئیدی لەبەر هەرزەیی خۆم. هێندە گوێم نەدا بە مردنی کچە مامەکەم! رۆژێکیان بەرێکەوت، ئەو کچەم بینی، کە بووە هۆی مارە نەکردنی. ئامۆزاکەم هەواڵێ ئامۆزاکەمی پرسی، وتم: مرد (٢) رۆژانە و خەتمەیشمان بۆ کرد. ئەمە شەوی پێنجەمە کە مردووە. کە ئەمەی بیست بانگی هەڵداو گریا وتی:

ئەی نەموت کە دەیکوژیت! گەر پێش مردنی بە منت بووتایە. خەڵاتم دەکرد، بۆ ئەو کردەویەی بەرامبەر من نواندی. خەمی ئەوەمە دوای، مردنی رسوا ببیت!

منیش وتم: پێش ئەوەی بمرێت گەردنی ئازاد کردووم. ئیتر، چی بە دایکم وتبوو پێش مردنی بۆ کچەکەم گێڕایەوە کچە پێی وتم: ئەمجارە کە دایکت بینیی یەوە، لێی بپرسە: ئەو شتەی لایەتی چی یە؟ منیش وتم: ئاسانە، چونکە دایکمی راسپارد بوو. کە ئەم دوو رستەیەم پێ بڵێت:

تو خوا، بە کوڕەکەت بڵێ: ئەگەر جارێکی دی چووەوە، شوێنەکەی جارانی. با ئەم (٢) رستەیە بکاتە هەڵەفەیەك و بیکاتە گوێی:

وەفا شیرینە. غەدر قێزەونە

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو... بێدەنگ بوو.

## شەوی ١١٧

شەهرەزاد وتی: کە کیژە ئەمەی بیست وتی:

خوا لە گوناهی خۆش بێت کە تۆی لە چنگی من رزگار کردووە. خۆم بۆ زیان پێ گەیاندنت مەڵاس دابوو.

منیش کە سەرم لەم قسەیەی سوڕما بوو، پرسیم:

کە ئێستا، یەکمان خۆشی دەوێت... ئەی ئەوسا نیازی چیت هەبوو؟

ئەویش وتی:

تۆ هێشتا باڕیت و بۆنی شیری خاو لە دەمت دێت...! ژنان مەکریان زۆرە و فێڵاوین! تۆیش حەزت لە جوانیەکەم کردبوو بەڵام ئەو کچە ئامۆزایەت. تۆی دەپاراست و

نەیدەهێشت. بکەویتە داوی فێڵمانەوە ئیستاش، ئامۆژگاریت دەکەم. کچانی وەکو منت، هەرگیز خۆش نەوێت و لێیان دوور بکەوەرەوە. چونکە ئیستا ئەو کچە ئامۆزایەی کە زۆر دڵسۆز بو بۆت، نەماوە تاکو یارمەتیت بدات، با ئەو جۆرە ژنانە...، رسوات نەکەن."

ئەمجا وتیەوە:

خۆزگە پێش مردنی، بم توانیایە بم بینیایەوە، پاداشتی چاکەکانیم بدایەتەوە. خوا لێی خۆش بێت. ئەگەر ئەو نهینی نەپاراستایە. هەرگیز بە من نەدەگەیشتیت!!. بۆیە حەز دەکەم شتێکم بۆ بکەیت!

پرسیم:

ئەو شتە چی یە؟

وتی:

ئەوەیش ئەوەیە کە... بمگەیەنیتە سەر گۆڕەکەی، حەزیش دەکەم: چەند دێرە شیعرێکیش لە سەر کێلی گۆڕەکەی بنووسم.

ئەمجا وتی:

لەوێ، هەندێ لە ژیانیم بۆ بگێڕەوە.

منیش لێم پرسی:

باشە ئەم (٢) رستەیەم بۆ شی بکەرەوە: وەفا شیرینە... غەدر قێزەونە!

ئەو گوێی خۆی لێ کەڕ کرد.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو دەرەنگ بوو... بێدەنگ بوو.

## شەوی ١١٨

شەهرەزاد گێڕایەوە: لاوە وتی: رۆژی دواتر، چوومەوە بۆ لای کچەکە دوای کەمێك دەستی دایە توورەکەیەك پارە و بە منی وت:

هەستە... با... بڕۆین. گۆڕەکەیم پیشان بدە. با بچین گۆڕەکەی هەڵدەبەستین و گومەزێکی بە سەرەوە بۆ دروست دەکەین. چەند شیعرێك لەسەر کێلەکەی دەنووسیین. هەر چیەکیش لەم پارەیە مایەوە بۆ گیانی دەکەین بە خێر.

ئەمجا پێشی کەوتم و لەدواوە، جارجارە دەستی بە توورەکەکەدا، دەکرد و خێری دەبەخشی یەوە هەموو جارێك لە بەر خۆیەوە دەیوت:

ئەمە خێری، گیانی(عەزیزە)، کە تا مرد نهێنی پاراست.

تا گەیشتینە گۆڕستان. توورەکە پارەکە هیچی تیا نەمایەوە ئەمجا خۆیدا بەسەر گۆڕەکەدا و زۆری لاوانەوە... دواتر. قەڵەم و چەکوشێکی ناسکی جوانی دەرهێنا و کەوتە هەڵکۆڵینی پیتی شیعرەکان. کە زۆر جوانکارانە... دەی نووسی...

| | |
|---|---|
| گوڕێکم بینی لە نێزان باخا | چوار لای لە خونچە و لە گوڵە باخا |
| لە زێیەوانم کە پرسی: کێ یە؟ | گۆڕی کەسێکە... گشت بۆی بە داخە! |
| نزام کرد: کەوا یەزدان لێ خۆش بێ | لە بەهەشت (پەری) جێگەی بۆ راخا |
| عاشق: داماوە...! تا لە گۆڕیشدا | خۆڵی سەریشی پۆخڵە و زاخە...! |
| بلوایە دەورم: بە باخ دەکردی | فرمێسکی چاوم: دەکرد: بە ناخا |

ئیدی دەستی بە گریان کردەوە. دواتر کە جارو بارێك سەرم دەدا. زۆری رێز لێ دەگرتم. منیش سەرم کردە سەر خواردن و جل و بەرگ و بە راستی خەمی ئامۆزاکەمم وەلانا. پێکێك شەرابم خواردەوە. چوومە دەرەوە، بێ ئەوەی بزانم زەمانە چی بۆ من سازداوە. بە رێگادا کە دەرۆیشتم، بێ ئاگا بووم لە خۆم. کە بە کۆلانێکدا دەرۆیشتم. پیرە ژنێکم بینی، مۆمێکی داگیرساو بە دەستێکیەوە بوو. نامەیەکی لول کراو بە دەستەکەی تریەوە بوو. کۆلانەکەش ناوی کۆلانی (نەقیب) بوو گوێم لێگرت، ئەم شیعرەی دەوت:

| | |
|---|---|
| سەر چاوم بەخێرت دێنم | جوانی: زمان شیرینم |
| خاوەنی سلاو و رێز | هێز و توانا و تینم |

هەر کە منی بینی وتی:

کوڕەکەم گەر دەتوانیت: ئەم نامەیەم بۆ بخوێنەوە.

ئەمجا نامەکەی دایە دەستم. منیش بۆم خوێندەوە:

لە کەسێکی دوورە دەست، بۆ ئیوەی... خۆشەویست!

کە ئەمەی بیست زۆر خۆشحاڵ بوو بە منیشی وت:

خوا، دەرووت لێ بکاتەوە، کە ئاوا دڵی منت خۆش کرد.

ئەمجا نامەکەم دایەوە دەستی، لێی داو رۆیشت کە چی دوای کەمێك هاتەوە سەرە رێم و وتی:

بە قوربانی سەرت بم، بەڵکو، تا ئەو دەرگای ماڵەی ئەوبەر رێگاکە... لەگەڵم بێیت، نامەکەیان لەم دیو دەرگاکەوە بۆ بخوێنیتەوە، چونکە بڕوایان بە من نەکرد.

منیش پرسیم، بەسەرهاتی ئەم نامەیە چی یە؟ پێی وتم:

ئەمە نامەی کوڕێکمە، ئەوە (١٠) ساڵە نەم دیوە! بۆ بازرگانی چووە وڵاتان و ئێمەش دەستمان لێ شت بوو. وامان زانی نەماوە. خوشکێکی هەیە، شەو و رۆژ بۆی دەگری. تا ئەوە بوو. ئەم نامەیەی گەیشتە دەستمان.

وتم:

ئەوەتا سەلامەتە و، ماوە.

پیرەژنە وتی:

ئاخر ... کورِم: ئەمەی تۆم پێ وت بڕوام پێ ناکات. پێی وتم: بڕۆ ئەوەم بۆ بێنە کە بۆی دەخوێنیتەوە ئیدی دڵی خۆش دەبێت پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی:

هەر کەس دڵتەنگان دڵخۆش نەکات... خوا (١٠٠) جار دڵتەنگیی دەکاتەوە.

منیش پەنام بۆ تۆ هێناوە. منیش وتم: بە چاوان.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو... بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ١١٩

شەهرەزاد گێرایەوە: پیرەژن پێشم کەوت و من بە دوایدا، تا گەیشتنە، بەر دەرگای خانویەکی خۆش. دەرگاکەی گۆپکەی مسی پێوە بوو. لە پشت دەرگاکەوە راوەستا. بە زمانیکی عەجەم، بانگی کرد. هێندەم زانی کیژۆڵەیەك هات بە خۆبادان... پێیەکانی بە پاوانەی زێڕ. هەر مەچەکە و (٢ ) بازنگی زێر کە بە مرواری دادەخران. ملوانکەیەکی زێڕینی گرانبەهای لە ملدا بوو. گوێ بە گوارەی مرواری سەر پۆشیکی بە سەردا دابوو. بە (نقێم)ی گرانبەها نەخشابوو. ئەمجا پرسی:

دایە... ئەمەیە کە نامەکە دەخوێنیتەوە؟

ئەویش وتی:

بەڵێ.

لە درزی دەرگاکەوە، دەستی بە نامەکەوە درێژ کرد، کە بمداتێ بۆی بخوێنمەوە. هێندەم خۆش بوو، نامەکەم لێ وەرگرت. کاتێکم زانی پیرە ژنە، لە دواوە سەری نا بە پشتمەوە و پاڵی پێوەنام. کە چاوم کردەوە. لە دالآنێکدام. پیرە ژنە، هەر زۆر خێرا خۆی بە ژووردا کرد و دەرگای دەرەوەی کڵۆم دا. کیژۆڵەکەیش بە روویەکی خۆشەوە بەرەوپیرم هات. پیرە ژنە، بە مۆمە داگیرساوەکەی دەستیەوە پێشم کەوت و کیژە بە دوامەوە. بە سەر (٧) دالآندا رەت بووین. ئەمجا منی بردە هۆلێکی گەورە. کە (٤) هەیوانی بە چوار دەورەوە بوو، سەیرت بکردایە، هێندە رازاوە بوو، خەیاڵت دەرۆیشت...! کە هەمووی بەردی مەڕ مەڕ بوو. فەرشە راخراوەکانی دێباجەی ئاوریشم بوون. (٢) سەکۆی تێدا بوو. بە خشتی زەرد دروست کرابوون. جێگاکەی سەری نەخشی زێری سوور بوو کە بە نقێمی زێڕو مرواری نەخشا بوو. کە ژاوەیەك بوون بۆ خۆیان، ئەمجا پێی وتم:

کامیانت پێ باشە: ژیان یان مردن!؟

منیش وتم:

ژیان

ئەمجا وتی:

کەواتە مارەم بکەو بمهێنە!. وتم:

هیچ پێم خۆش نیە، هی وەکو تۆ مارە بکەم.

وتی:

گەر من مارە بکەیت: لە (دەلیلە)ی دۆستت رزگار دەبیت. ئەو دەلیلەیەی کە شوانە دەچێتە لای! کە ئێستا. خوا تووشی بەلای کردووە. بەو خوایە: لەو ژنە مەکربازتر نیە! پێش تۆ. زۆری کوشتووە...! پێم سەیرە، چۆن لە دەستی قوتار بوویت!؟

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو... بێدەنگ بوو.

## شەوی ۱۲۰

شەهرەزاد دەستی پێ کردەوە: ئامۆزا وتی: کە ئەمانەی پێ وتم: سەرم سوڕما! پێم وت:

خانم... ئەو ژنە چۆن دەناسیت؟

وتی:

زەمانە... چۆن بەلاو فۆرتەکانی دەناسێتەوە: منیش ئاوا، دەیناسم. بەراستی، دەمەوێت: بە سەرهاتی خۆتم لەگەڵ ئەو ژنەدا بۆ بگێڕیتەوە. تاکو تێ بگەم و بزانم: چۆن رزگارت بووە. لە دەستی!؟

منیش... لەگەڵ(عەزیزە)ی کچە ئامۆزامدا، چیم بە سەر هاتبوو، گێرامەوە. چاوانی پڕ فرمێسك بوون و وتی:

خوا لێی خۆش بێت. کە بیستی ئامۆزاکەم مردووە دوو دەستی پێکدادان و وتی:

خوا لێی خۆش بێت، ئامۆزاکەت، مرد و هەر ئەویش بووەتە هۆی سەلامەتی تۆ لە دەست، (دلیلە)ی مەکرباز. ئەو نەبوایە تۆ تیاچوو بوویت. هەر چەند سنگم پڕە لە قسە، بەلام ناتوانم هیچ بڵێم...! زۆر دەترسم لە ناوت برێت. منیش وتم: ئەرە بە خوا، ئەوە بەسەر هاتم بوو وتی:

ئیدی چاوەڕێی ئەوە مەبە (عەزیزە)یەکی ترت. دەست بکەوێتەوە!

ئەمجا وتم:

پێش ئەوەی بمرێت. ئامۆژگاری کردبووم ئەم (۲) رستەیەی: پێ بڵێم:

وەفا شیرینە. غەدر قێزەونە!

کە ئەمەی بیست وتی:

دە... بەو خوایە ئەو دوو رستەیە، تۆی لە دەستی ئەو رزگار کردووە! ئێستا دڵم بێ خەم بوو. ئەوە وادەگەیەنێت. کە ئیتر زیانی پێ نابەخشێت. کچە ئامۆزاکەت. تا زیندوو بووە

نەی هێشتووە، لە ناوت بەرێت. کە مردووشە تۆی پاراستووە، بەوەی کە بەو دوو رستەیە بە دەلیلە بڵێت: تۆ زۆر غەشیم وساویلکەیت...! هیچ نازانیت لە مەکری ژنان و پیرە ژنە فێڵبازەکان.

منیش وتم:

نە بەخوا، هیچی لێ نازانم.

ئەمجا کیژەکە وتی:

بێخەم بە... من کە ویستم تۆ مارەم بکەیت دەمویست بە گوێرەی شەرع و سونەتی پێغەمبەر (د.خ) ببمە ژنت. ئیستاش دەوڵەمەندم و نانی، گەرمم لە خوانە... ئاویش لە مەرکانە.

ئەمجا چەپلەیەکی لێدا، کە پیرەژن وەڵامی دایەوە، فەرمانی دا: با بێن! کاتێکم زانی قازیەك و (٤) شایەت هاتن. ئەمجا لەوێدا بە قازی وت: پێشەکی و پاشەکی مارەییم هەموو وەرگرتووە. لە سەروو ئەمانەشەوە بۆم بنووسن: (١٠٠٠٠) درهەمی ئەم مێردم قەرزارم. دواتر ویستم بڕۆم، کەچی وتی:

وەی... وەی! پێت وایە، هاتنە دەرەوەش وەکو چوونە گەرماوە!؟ بە خوا پێم وایە... وا دەزانی منیش: خاتوو دەلیلەی دەستبڕم! هەرگیز وا بیر نەکەیتەوە. تەنیا تۆ مێردی منیت! بە گوێرەی شەرع و سوننەت. گەر: سەر خۆشیت، وەرەوە هۆش خۆت. ئەم دەرگایەش، ساڵی رۆژێك دەکرێتەوە. حەز دەکەیت برۆ سەیری دەرگاکە بکە.

چووم، سەیرێکی دەروازەی دەرەوەم کرد و گەڕامەوە، پێم وت: داخراوە و کلۆم دراوە وبزمار رێژ کراوە. ئەمجا وتی:

عەزیز گیان لە ئارد و برنج و رۆن و میوە پەلەوەر و مەڕ هێندەمان هەیە، بەشی چەند ساڵێك دەکات. لە بەر ئەوە ئەو دەروازەیە، ساڵانە دەکرێتەوە.

منیش وتم:

لاحول و لاقوه الا بالله العلی العزیم

کیژە وتی:

چ زیانێکی بۆ تۆ هەیە، گەر هەموو زەخیرەیەکمان هەبێت؟

ساڵێك بە شیرینی یەوە، هاتنە ژوور، ویستم بڕۆمە دەرەوە، ژنەکەم وتی: پەلە مەکە دوای بانگی ئێوارە: چۆن هاتیە ژوور ئاوا. برۆ دەرەوە.

کە ئیوارە هات. ویستم بچمە دەرەوە. دەترسام! ئەمجا هات و پێی وتم:

بەو خوایە... تا سۆیندم بۆ نەخۆیت کە هەر ئەم شەو دێیتەوە: ناهێڵم برۆیت.

منیش پەیمانم دایە. ئەویش بە قورئان و شمشێر و بە تەلاق سۆیندی دام کە بگەرێمەوە. چوومە دەرەوە، لاواز و بێ تاقەت لەو ژیانە، ناخۆشە، چوومەوە رمز و باخەکە ببینم وەکو جاران کراوە بوو. بۆیە تووڕە بووم و وتم:

ساڵێکە ئێرەم جێ هێشتووە، کە ئیستاش گەراومەتـەوە. دەرگا ئاواڵایـە! لـە دڵـی خۆمـدا وتم:

ئاخۆ... کیژەکە وەکو خۆی مابێت، یان نا!!؟ پێویستە، بچمە ژوورەوە، پێش ئەوەی سـەر لە دایکم بدەم.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو... بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی١٢١

شەهرەزاد دەستی کردەوە بە گێڕاندنەوە بەم جۆرە: عەزیز وتی: خۆم کرد بە رەزمەکەدا. کیژەکە هاواری کرد: هینـدەم زانـی(١٠) کۆیلـە هـاتن و پـەلاماریان دام و دامیـان بـە زەویـدا. خۆیشی بە چەقۆیەکی تیژەوە هەڵی کوتایە سەرم و وتی:

هـەر ئێستا سـەرت دەبـڕم و دەت کوژم. ئەمـەش کـەم تـرین سزایە، لـە بەرامبـەر ئـەو تاوانەتدا کە بەرامبەر ئامۆزاکەت کردووتە.

کاتێ سەیری خۆم کرد. لە ژێر دەستی کۆمەڵێك کۆیلە دام و کیژە بە چەقۆیەکی تیژەوە بە سەر سەرمەوەیە، ئەو دنیام بە چاوی خۆم بینی. بۆیە لە کیژە پاڕامەوە کەچی هینـدەی دی توونـد بوو، فـەرمانی دا، هـەر دوو دەسـتم ببەسـتن. ئـەوانیش بـە قسـەیان کـرد. ئـەمجا فەرمانی دا، فەلاقەیان کردم. هێندەیان لێدام لە هۆشی خۆم چووم، کە بە ئاگا هاتم بە خۆم وت:

سەر بڕینەکەم لەم لێدانە پێ باشترە.

لەو کاتەدا قسەکەی ئامۆزا کەمم بیر کەوتەوە، کە دەی وت:

خوا، پەنات بدات لە خراپەی.

دەستم کردە هاوار و پاڕانەوە، تاکو دەنگم نووسا.

ئەمجا کەوتە تیژ کردنەوەی چەقۆکە و بە کۆیلەکانی وت: سەریم بۆ بگرن منـیش خـوا و راسان دوو رستەکەی ئامۆزامم بە دەمدا هات لەو کاتەدا:

وەفا شیرینە، غەدر قێزەوەنە.

هێندەم زانی وەستا و قیژاندی:

خوا لێت ببوورێت عـەزیزە، تـا کـو زینـدوو بویـت بـە فریـای ئامۆزاکـەت کـەوتیت، بـە مردوویش هەر فریای کەوتیت، بە مردوویش هەر فریای دەکەویت!

ئەمجا پێی وتم:

وا بە هۆی ئەو دوو رستەیەوە ئەمجارەش رزگارت بوو.

دیسان وتی: هەستە بچۆوە بو لای ژنەکەت. خوا لە ئامۆزاکەت خۆش بێت. رزگاری کردیت. سەرو قژت دابێنە و هەر بۆ ئامۆزاکەت بپاڕێوە.

ئەمجا شەقێکی تێ هەڵدام و هەڵێ ساندم. ئیدی منیش لە ماندوویەتیدا، وورده وورده گەیشتمەوە ماڵ. کە دەروانم. دایکم شین و شەپۆڕێتی لە بەر خۆیەوە دەڵێت:

خۆزگە دەمزانی کوڕە شیرینەکەم ئێستا تۆ لە کوێیت؟

منیش بە گریانەوە خۆمدا بە سەریدا. کە سەیری کردم زۆر بیحاڵ و زەرد هەڵ گەڕام. ئامۆزاکەمی بیرکەوتەوە، ئەو هەموو چاکیەی بەرامبەرم! کە چەندی خۆش دەویستم! ئەمجا دایکم پێی وتم:

کوڕەکەم، باوکیشت مرد!

هەر کە ئەوەم بیست لە پەژارەدا بوورامەوە. کە بە ئاگا هاتمەوە. سەیری شوێنی ئامۆزاکەمم کرد. کە لێی دادەنیشت. هێندەی دی گریام.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو... بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٢٢

شەهرەزاد دەستی بەگێڕانەوە کرد و وتی: لاوەکە، تاکو نیوەشەو گریا. دەڵێت دایکم پێی وتم:

باوکت ئەوە (١٠) رۆژێکە مردووە.

پێم وت:

ئێستا بۆ ئامۆزاکەم نەبێت بۆ کەسی تر ناگریم. چونکە ئەو منی زۆر خۆش دەویست منیش ئەوم پشت گوێ خستبوو. دایکم پرسی:

بۆ... چیت بە سەر هاتووە؟

ئیتر چیم بە سەر هاتبوو. بۆم گێرایەوە. یەك سەعات دایکم گریا. ئەمجا هەستا چوو، خواردنی ئامادە کرد و پێکەوە خواردمان. ئەمجا چی ترم بەسەر هاتبوو بۆم گێڕایەوە ئەویش وتی:

لە خوا بە زیاد بێت کە سەری نەبڕیویت!

ئەمجا کەوتە تیمار کردنم. تاکو چاك بوومەوە ئەمجا دایکم وتی:

ئیستا کاتی ئەوەیە سپاردەی ئامۆزاکەتت پێش کەش بکەم. حەلاڵی خۆتە. چونکە سوێندی داوم، کە دیاری بەگریت بەدەمێ تا ئەو کاتەی، بە دەم گریانەوە، ناوی دەهێنیت. ئیستا ئەو مەرجەت بە جێ گەیاند.

ئەمجا هەستا و سندوقێکی هێنا و ئەم پارچە قوماشەی دەرهێنا. کە وێنەی ئاسکی تیا نەخش کراوە. کە کاتی خۆی خۆم پێشکەشم کردبوو. نامەیەکی دی لێ کەوتە خوارەوە. کە تیا نوسرابوو:

ئەوە بزانە ئامۆزا گیان. من گەردنم ئازاد کردیت. لە خوا دەپارێمەوە، کە لە فێڵ و بەڵا و خراپەی(دەلیلە) بتپارێزێ! سوپاس بۆ خوا کە مەرگم پێش مەرگت کەوت. ئەم پارچە چنراوەی کە وێنەی ئاسکی تیایە بپارێزە. چونکە، کە تۆم لێ وون بوایە، ئەم ئاسکە، دڵنەوام بوو.

دیسان نوسرابوو:

بۆ خاتری خوا... تا دەتوانیت خۆت بە دوور بگرە لە خاوەنی ئەم ئاسکە. هەرگیز مارەی نەکەیت. بزانە کە هەموو ساڵێك خاوەنەکەی ئاسکێك دەنێریتە دەرەوە. تاکو هەواڵێ بڕوانە دەرەوەی وڵات.

هەموو جارێك، ئەم ئاسکە پیشانی خەڵکی دەدات و دەڵێت: خوشکێکم هەیە. ئەم ئاسکە وێنە دەکێشێت دەیچینێت. کە چی درۆیش دەکات. چونکە دەزانم بە هۆی ئەم ئاسکەوە دوورە وڵات دەبیت و کاتێك منت بیر دەکەوێتەوە کە سوودی نیە. تاکو نەمرم. قەدرم نازانیت. ئەو ئاسکەش. کچێك وێنەکەی دەچنێت خەڵکی دوورگەی کافوورە.

کە ئەمەم خوێندەوە دەستم کردە گریان. ئیتر دایکیشم بۆ من گریا. ئیتر هەر سەیری ئەو وێنەیەم دەکرد و دەگریام. تاکو ئێوارە هات. ساڵێکی رەبەقم بەو خەمەوە بردە سەر دواتر هاورێ بازرگانەکانم باروبنەیان ئامادە کرد و کاروانیان رێکخست. دایکم کە بەمەی زانی، ئامۆژگاری کردم، کە منیش لەگەڵیان بڕۆم و بازرگانیان لەگەڵ بکەم. کەرەنگە بە هۆی ئەم سەفەرەوە، خەمم سووك ببێت. پێی وتم:

کوڕکەم، بڕۆ... ساڵێك یان دوان یان (٣) ساڵیشت پێ بچێت ئەوە خەمەکانت بیر دەچێتەوە، ئالۆ گۆڕێك لە ژیانتا دەبێت. بڕۆ.

ئیدی زۆری هانە هانەدام. تا ئەوە بوو. شتومەکی فرۆشتن و کوتاڵم، ئامادە کرد و لەگەڵیان کەوتمە رێ. بە درێژی سەفەرەکەم، دڵتەنگ و چاو بە فرمێسك بووم. لە هەر شوێنێك لامان بدایە ئیتر ئەم پارچە چنراوەم بڵاو دەکردەوەو، سەیری وێنەی ئاسکەکەم دەکرد و دەگریام. چونکە ئەو کچە ئامۆزایەم، زۆر زۆر منی خۆش دەویست. منیش ئەوم پشت گوێ خستبوو. تاکو بە داخی منەوە سەری نایەوە. ئەو چاکەی لەگەڵدا دەکردم و منیش خراپە. ئەوەی خەمەکەمی زۆرتر کرد. ئەوەبوو، گەیشتینە، دوورگەکانی کافوور... قەڵای بلوور. کە(٧) دوورگە بوون، پاشاکەیان ناوی شەهرەمان بوو شەهرەمانیش کچێکی هەبوو ناوی(دونیا) بوو. بیستم، کە ئەو کچە... ئەو ئاسکانەی وێنە دەکێشا و دەیچنین. پێشیان وتم:

که ئەو ئاسکەش که به تۆیه، هەر ئەو چنیویەتی. دیسان تاسەی ئامۆزا هێندەی دی چاو به فرمیسکی کردم. خستیه بیرکردنەوەی ئەوه، که ئاخۆ... جارێکی دی دەگەمەوه ولاتی خۆم. تاکو لای دایکمدا بمرم!؟ به جۆرێك دەستم له دنیا شتبوو. فرمێسك دەباری له چاوان بەم جۆره خۆم لاوان:

| | |
|---|---|
| وتیان تۆیش خەمت بیر دەچێتەوه | پرسیم، کەی خەمم دەرەۆیتەوه؟ |
| وتیان لەمەودوا، وتم چەند سەیره | تەمەن رێ دەدا بگەرێتەوه؟ |
| دوای دابرانی هەر خۆا دەزانێ | قەرزی ئەشکم کرد... تا نەبرێتەوه |
| لۆمەکار وتی: ئارام بیت: زالّیت! | وتم: (ئارام) ییش دەتوویّتەوه! |

ئەمە چیرۆکی من بوو، پاشا گیان. ئاخۆ... چیرۆکی لەمە سەیر و سەمەرەترت بیستووه!!؟

تاجی شاهان که ئەمەی بیست. تاسەی خاتوو دنیاش چووه هەستییەوه.
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو... بێدەنگ بوو.

## شەوی ۱۲۳

شەهرەزاد دەستی کردەوه به گێڕانەوه: (تاجی شاهان) وتی:
به ڕاستی به سەرهاتی وا... سەر سوڕهێن هەرنیه!! حەزم له پرسیارێکه.
عەزیز وتی:
فەرموو بپرسه!
ئەویش پرسی:
ئەو کیژه چۆن بوو، که ئەو ئاسکانەی وێنه دەکێشا و دەی چینین؟
عەزیز وتی:
فەرموو وتی:
قوربان، فێڵم لێ کرد. تاکو بینیم. بیستبووم، ئەو شازادەیه رەزو باخێکی گەورەی هەیه. ئیتر منیش رەز و باخەدا. که دارو درەختێکی زۆری تیابوو. کابرای باخەوانم بینی، که پیاوێکی پیر بوو. پرسیم:
مامه ئەم رەزو باخه هی کێیه؟
وتی:
ئێره هی شازاده(دونیا)یه. کۆشکەکەی له نێو ئەم رەز و باخەیه... هەر کاتێك بیەوێت، له دەرگای نهێنی پشتەوه دێته ناوی. تێر و پڕ بۆن و بەرامەری، ئەم گوڵ و گوڵزاره هەڵدەمژێت.

منیش لێی پاڕامەوە:

پیاوی چاك بە، ڕێم بدە، هێندە لەم ڕەزو باخەدا بمێنمەوە. تا بە بەردەممدا ڕەت دەبێت... با بیبینم.

پیرە مێرد ڕازی بوو. ئەمجا بڕێك پارەم دایە، تا خواردنمان بۆ بکڕێت. ئیدی کە پارەکەم دایە. پێی خۆش بوو. لە دەرگاوە بردمیە ژوور. هەر ڕۆیشتین بردمیە شوێنێکی خۆش و هەندێ میوەی بۆ دانام و وتی: بۆ خۆت لێرە دابنیشە تاکو دێمەوە. نیزیکەی سەعاتێکی پێچوو. کە هاتەوە بەرخێکی برژاوی لە بازاڕ کڕی بوو. هێنایەوە. تێر و پڕمان لێ خوارد. سەیرم کرد دەرگاکە کرایەوە. پیرە وتی: خێرا خۆت بشارەوە. کۆیلەیەکی خەساوی ڕەش لە دەرگاوە سەری دەرهێنا و پرسی:

کەسی نامۆی لێیە؟

باخەوان وتی:

نە

ئەمجا فەرمانی دا:

دەروازەی باخەکە دابخە.

دواتر خاتوو(دنیا) لە دەرگا نهێنییەکەوە، هاتە ژوورەکەمان. ئیتر وەکو ئەوەی مانگ لە هەوردا بێتە دەر. نزیکەی سەعاتێك. لە ناوەدا... هات و چوو. کە گەڕایەوە. منیش لە ڕەزو باخەکە هاتمە دەرو بەرەو ماڵەوە. بۆم دەرکەوت، ئەم شازادەیەك. منیش بازرگانێك. ئیدی هاوڕێکانم کاروانی شتومەکیان ئامادە کرد و منیش لە تەکیاندا، تا گەیشتینە ئێرە ئەوە بوو لە گەڵ بەرێزتدا کۆبوینەوە. تۆش داوات کرد، چیرۆك و بە سەرهاتی خۆمت بۆ بگێڕمەوە. ئەمەش بە سەرهاتی من بوو.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو... بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٢٤

# چیرۆکی تاجی شاهان و خاتوو دونیا

شەهرەزاد کەوتەوە گێڕانەوەی چیرۆکەکەو وتی: کە شا تاجی شاهان ئەمەی بیست خاتوو دنیا بوو بە خولیای سەری و سەراسیمە بوو. دواتر، هەستاو سواری ئەسپەکەی بوو. عەزیزیشی لەگەڵ خۆی برد. گەڕایەوە شارەکەی. باوکی خانوویەکی دایە عەزیز و، هەموو پێداویستی بۆدابین کرد. ئەمجا جێی هێشت و بەرەو کۆشکی خۆی بووەوە. دوای ماوەیەك کە پاشای باوکی بینی، لێی پرسی:

ئەرێ، ئەوە چیتە... وا لاواز و زەرد هەڵگەڕاویت کوڕم؟

ئەویش بەسەرهاتی عەزیز و خاتوو دنیای شازادەی بۆ گیرایەوە.
باوکی پێی وت:

کوڕی شیرینم، سەرێ لە کۆشکەکەی دایکت بدە، کە(٥٠٠) کەنیزەکی تیایە، هەموویان نایاب و شۆخ و شەنگن. یەکێکیان هەڵبژێرە یان لەم وڵاتانەی دەوروبەر شازادەیەك هەڵبژێرە، تا بۆت داوا بکەم. ئاخر وڵاتی شازادە(دنیا) زۆر دوورە کوڕم!! نایان ناسین.

تاجی شاهان وتی:

بە خوا هەر خاتوو دنیام دەوێت. عاشقی ئەو جوانی و چنین و دەست ڕەنگینی یەی بووم. بۆم داوا نەکەیت، لەو بیابان و چۆلانە دا سەری خۆم دەنێمەوە دواتر خۆم دەکوژم.

پاشای باوکی وتی:

کەواتە، پەلەم لێ مەکە کوڕەکەم. با: بنێرمە داوا کردنی. چی بکەم منیش دایکتم لە دوورە وڵاتانەوە مارە کردووە. گەر پاشای باوکی پەسەندی بوو. سوپاسی دەکەین. گەرنا... ئەوا سوپایەکی دەکەمە سەر کە سەرێکی لە مەملەکەتی ئەوان بێت و سەرەکەی تری لە مەملەکەتی خۆمان!! وڵاتەکەیان کاول دەکەین.

دوای ماوەیەك ناردی یە شۆین عەزیز

لێی پرسی:

کاکە تۆ شارەزای ئەو مەملەکەتەیت!؟ ئەمجا وتی:

باشە. حەزدەکەم لەگەڵ وەزیری خۆمدا بتنێرم.

عەزیزیش وتی:

بە سەر چاوان... ئەی شای زەمان.

ئەمجا ناردیە شوێن سەرۆك وەزیرانیدا و پێی وت:

تەگبیرێکی وا بکە کە داوای ئەو شازادەیە بۆ کوڕەکەم بکەیت و عەزیزت لەگەڵ دەنێرم و دەچنە دوورگەکانی کافوور.

تاجی شاهان هێندەی تر تاسەی ئەو کیژەی کرد و خۆی نەگرت ئەم شیعرەی وت:

| | |
|---|---|
| کە شەو دادێ فرمێسکم لێ دەبارێ | جگەر داخە و هەناو بە کڵپەی ئاورێ |
| لەو شەوانەی کە ڕابووردن بپرسن: | نەبوو ساتێ بە بێ خەم راببوورێ |
| لەو کاتەی دا کە ئەستێران دەژمێرم | لە چاوانا، فرمێسکم دێتە خوارێ |
| وەکو نامۆ بە تەنیام: خۆشەویستم | بە تاك مام و کەسم نیە لە دەورێ |

کە ئەم شیعرەی تەواو کرد. بوورایەوە. بەرەبەیان بە ئاگا هاتەوە ئەوەندەی پێنە چوو. خزمەتکارێك هات و پێی وت، کە باوکی بانگی دەکات، ئەمیش شوێنی کەوت. باوکی سەرنجێکی تری دا. بینی ڕەنگی گۆڕاوە. ئەمجا رووی کردە کوڕەکەی و وتی: خوا یار بێت. بە یەکتان دەگەیەنم.

ئەمجا فەرمانی بە وەزیردا... کە جوانترین کۆنەڵە دیاری ئامادە بکات. لە خەرجی و پارە درێخی نەکات و عەزیزیش لەگەڵ خۆی بەرێت. دوای ئەوەی وەزیر پێداویستی رێگا و دیاریەکانی ئامادە کرد. کەوتەرێ. چەند شەو و رۆژ بە رێوە بوون... تاکو گەیشتنە دوورگەکانی کافوور، لە شوێنێ لایاندا، کە فرسەخێکی مابوو، بۆ ناوشار. وەزیر تەتەری نارده لای پاشای شار کە میوانیان هاتووە. پاشا... بەرێ و رەسمی ئەو زەمانە، وەزیران و پیاو ماقوڵانی دەوڵەتی نارده پێشوازیان ئەمجا پەزێراییان کردن و بە خێریان هێنان.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو... بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٢٥

شەهرەزاد دەستی پێکردەوە وتی: دوای(٣) رۆژ حەوانەوە، رۆژی چوارەم وەزیر کڕنووشی بۆ پاشا برد و، هۆی میوانداریەکەی پێ وت. پاشا سەراسیمە بوو، لە وەڵامدانەوە. چونکە دەیزانی کچەکەی نە حەزی لە پیاوە و نە شوو! ماوەیەکی زۆر سەری داخست و بێدەنگ بوو. ئەمجا بانگی یەکێ لە خزمەتکارەکانی کرد و فەرمانی پێدا کە بچێت، ئەم داواکارییەی وەزیری میوانی پێ رابگەیەنێت خزمەتکار رۆیشت و دوای سەعاتێك گەڕایەوە و وتی:

گەورەم، داوا کردنەکەم بۆ خاتوو دنیا باس کرد. زۆر تووڕە بوو، پەلاماری دارێکی داو خەریك بوو سەرم بشکێنێ. بەڕاکردن رزگارم بوو. شیڕاندی بە سەرما، کە ئەگەر باوکیشم بم دا بەشوو، مێردەکەم دەکوژم!

ئەمجا باوکی بە وەزیر و عەزیزی وت:

ئەوە بە گوێی خۆتان، وەڵامەکەتان بیست، کە گەڕانەوە، سڵاوی من بە پاشاتان بگەیەنن و بڵێن: کچەی نە حەزی لە پیاوە و، نە شوو مێردەکەم دەکوژم... ئەمجا خۆم دەکوژم.

پاشا کە ئەمەی بیست خەمی تاجی شاهان کوڕی لێ هات. وتی:

گەر لەشکریان بکەمە سەرو وڵاتەکەیان داگیر بکەم، ئەم کچە خۆی دەکوژێت!

ئەمجا بە پاشای باوکی وت:

رێم بدە با خۆم بچم بزانم هەر چۆنێك بێت بە فرو فێڵ دەیخەڵەتێنم.

باوکی وتی:

چۆن چۆنی دەچیت بۆ لای؟

وتی:

خۆم دەکەم بە بازرگان

باوکی وتی:

ئەگەر هەر سووریت لە سەری، وەزیر و عەزیزیش لەگەڵ خۆت ببە!

ئەمجا(١٠٠٠٠٠) دیناری دایە بۆ دەستمایە. شەو چووە ماڵی عەزیز و پێکەوە بوون. شەو نزای کرد. ئەم شیعرەشی وت:

دوای دابڕان و کڕووزەی شەوان    دەستمان دەگاتە دامێنی ئەوان
ئای... لە کچی شەو... لە بێئاگا بوون    شەونخونیم و پرخەی خۆش خەوان

کە لەم شیعرە بووەوە، دەستی کردەوە بە گریان. عەزیزیش ئامۆزاکەی خۆی بیر کەوتەوە. بۆیە تاکو بەیانی پێکەوە گریان. بەیانی(تاجی شاهان). چووە سەردانی دایکی بەرگی سەفەری پۆشی بوو. دەستەکانی ماچ کرد، دایکیشی نزای سەلامەتی بۆ کردو، (٥٠٠٠٠٠) دیناریشی پێ بەخشی، دواتر چووە خواحافیزی باوکی. ئەویش پێی وت:

کە دەواری لە دەرەوەی شار بۆ هەڵداون. کە چوونە دەر شەو لەوێ بمێننەوە، بۆ حەوانەوە. ئەمجا دەستی برد. (٥٠٠٠٠٠) دیناری تریشی پێ بەخشی. کە چوونە دەرەوەی شارو شەو لە دەوارەکەدا مانەوە. شەوێ بە عەزیزی وت، کە بە راستی چاك هۆگری بووە و بێ ئەو هەڵناکات. عەزیزیش وتی: من حەز دەکەم لەبەر دەستی و پێی تۆدا بمرم. تەنیا خەمم پیرە ژنەکەی دایکمە تاجی شاهانیش وتی: کە بە مەبەستی خۆمان گەیشتین هەموو کارێ ئاسان دەبێت.

وەزیر بۆ ئارام بوون... هانی دەدا عەزیزیش شێعری ناوە ناوە بۆ دەخوێندەوە. (٢) مانگی رێك بەڕێوە بوون. سەفەرەکە، تاجی شاهانی پرزە بڕاو کرد. لە وەزیری خوڕی:

وەزیر... سەفەرەکەمان زۆری پێ چوو. پێم بڵێ چەندمان ماوە بگەینە ئەو شارە؟

عەزیز وەڵامی دایەوە:

"زۆرمان نەماوە."

ئەمجا کەوتنە بڕینی چۆڵ و بیابان، عەزیز بە رێگاوە، کاتی حەوانەوە، چیرۆك و سەرگوزەشتەی بۆ دەگێڕانەوە. هەر رۆیشتن، دوو مانگی تریش بە ڕێوە بوون. بەیانیەکیان بە دەم ڕێوە تاجی شاهان لە عەزیزی پرسی:

"ئەو سپییایەتیە چییە لە دوورەوە دیارە؟"

عەزیز وتی:

"گەورەم، ئەوە قەڵای سپی، ئەو شارەیە کە بۆی دەچین."

تاجی شاهان زۆر دڵخۆش بوو. ئەمجا رۆیشتن تا تەواو لە شارەوە نزیك بوونەوە. دواتر خۆیان کرد بەشاردا. تاجی شاهان بە بەرگی بازرگانی نایابەوە، ئەمجا چوونە خانێك "ئوتێل"ێك ناوی "ماڵی دووکەڵ"بوو. ئەمجا تاجی شاهان لە عەزیزی پرسی:

"ئێرە شوێنی بازرگانانە!؟"

ئەویش وتی:

"بەڵێ. کاتی خۆی منیش لێرە لام دا."

هەر لەوێ وشتر و ئەسپەکانیان تاقەت کرد. بارە کوتاڵەکانیان، خستە گەنجینەوە. چوار ڕۆژ لەوێ مانەوە بۆ حەوانەوە.

وتی: "خانوویەکی گەورەمان بۆ بە کرێ بگرن."

خانوویەکیان بۆ بە کرێ گرت. چوونە ناوی. ئەمجا وەزیر و عەزیز کەوتنە تەگبیر کردنی فێڵێك بۆ تاجی شاهان. ئەویش سەراسیمە بوو. نەیدەزانی چی بکات. تاجی شاهان وای بە باشی زانی خەریکی بازرگانی بێت. ڕۆژێکیان وەزیر هاتە لای تاجی شاهان و عەزیز وتی:

"ئەگەر بەم شێوەیە ڕۆژ بگوزەرێنین هیچ بە هیچ ناکەین و بە مەبەست ناگەین."

تاجی شاهان وتی:

"تۆ پیاوێکی بۆ خوا گونجاویت و ڕێمان پیشان بدە."

وەزیر وتی:

"لە قەیسەری کوتاڵ فرۆشان دوکانێك بکرە و عەزیز بەردەستیت بکات. ئیتر خەڵکێکی زۆر دێنە لات."

تاجی شاهان کە ئەمەی بیست وتی:

"بەڕاستی بیرۆکەیەکی چاکە."

ڕۆژی دواتر بەرگی بازرگانی لەبەر کرد و پیاوەکانی خۆی دوای خۆی خست و ١٠٠٠ دیناری دایە کە دوکانێك لەگوزەری بازرگانان بکڕێ و ئامادە بکات. کە گەیشتە ناو قەیسەری بازرگانەکان دوکانداران سەراسیمە بووبوون، لە شۆخ و شەنگی ئەو لاوە....!

وتیان:

"دەرگای باخی بەهەشت کراوە بووە و ئەم لاوەی لێ هاتووەتە دەر."

هەندێکی تریان وتیان:

"ئەمە زادەی فریشتەکانە."

ئەمجا چوونە دوکانی سەرۆکی بازرگانان. ئەویش، خۆی و میوانەکانی لەبەر وەزیر و تاجی شاهان هەستان، چونکە وەزیر خاوەنی کەسێتییەکی سەنگین بوو. تاجی شاهان و عەزیز لەگەڵیاندا دانیشتن. میوانەکان لە دڵی خۆیاندا وتیان:

"دیارە ئەم دوانە کوڕی ئەم پیاوە بە تەمەنن."

وەزیر پرسی:

"کامتان سەرۆکی بازگانانە؟"

وتیان:

"ئا ئەمەیە."

لەو کاتەدا بەرەو لای ئەوان هات بۆ بەخێرهێنانیان. وەزیر سەرنجی دا، پیاوێکی بەتەمەن خاوەن کەسێتی و کۆیلە و خزمەتکار بوو. ئیدی بە خێری هێنان و پرسی:

"چۆن دەتوانم یارمەتیتان بدەم؟"

وەزیر وتی:

"بەڵی من ئەم دوو لاوەم هێناوە و زۆر وڵاتم گێڕاون لە هەر شارێك لامان دابێت، ساڵێك تێیدا ماوینەتەوە. تاكو شارەزای دانیشتوان و هەڵسوكەوتیان ببین."

ئەمجا وتی:

"ئێستاش داوات لێ دەكەین دوكانێك لە شوێنێكی باشی ئەم قەیسەرەیدا بۆ ئێمە بكڕیت، تاكو بازرگانی تیا بكەین و لە كڕیارەكانەوە فێری رەوشتی جوان ببین."

سەرۆكی بازرگانان وتی:

"بەچاوان."

ئەمجا سەیری هەر دوو لاوەكەی كە لە تەكیدا بون كرد. چوون بە دڵیدا ئیلدی كەوتە پەزێراییان.

شەهرەزاد هەستی كرد شەو درەنگ بوو........... بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٢٧

شەهرەزاد دەستی بە گێڕانەوە كرد: دواتر، لەناوەڕاستی قەیسەرییەكەدا.... دوكانێكی بۆ كڕین. كە لەوەی گەورەتر تیا نەبوو. رەفەكانی لەداری ساج و تەختەی نەخشاو بوو. هێندەی تر دوكانەكەی جوان كردبوو. ئیتر كلیلەكانی دایە وەزیر و پێی وت:

"فەرموو گەورەم، خوا بیكاتە خێر و پیرۆزی بۆ دوو كوڕەكەت."

كلیلەكانیان وەرگرت و بەرەو خان "ئوتێل"بوونەوە. بە هەرزەكارەكانی وت: كە لە كەلوپەلە بازرگانیەكانیان بۆ بگوێزنەوە دوكانەكە. بارو بارخانەیەكی فرەیان پێ بوو. شتومەكی خۆشیان بردە دوكانەكە و ئەوشەوە لەوێ مانەوە. بۆ بەیانی، وەزیر هەر دوكیانی بردە گەرماوەوە. دواتر بەرگی بازرگانانی پاك و خاوێنی لەبەر كرد. بۆنیان لە خۆیان دا. هێندە قۆز و شۆخ و شەنگ بوون...... دەتوت ئەم شیعرە بە سەر ئەواندا هەڵدراوە:

| | |
|---|---|
| هێندە ناسك بوون بە شنەی بایە | دەتوت روومەتیان رووناكی تیایە |

دەبوو: مسك فرۆش كە لێی دەبڕا هانای بۆ باڵای ئێوە بێنایە
کە سەرۆکی بازرگانان، بیستی چوونەتە گەرماو، چاوەڕێی کردن هەر کە هاتنە دەر و بەرەو قەیسەری بوونەوە، لێوانیان سوور هەلگڕابوو چاوە رەشەکانیان دەبریسکایەوە. ئیدی پێی وتن:

"پیرۆزتان بێت."

تاجی شاهان بە زوبانێکی شیرین وەڵامی دایەوە:"سوپاست دەکەین، خۆزگە تۆیش لەگەڵماندا بوویتایە."

ئەمجا هەر دووکیان دەستی گەورە بازرگانیان ماچ کرد. ئیدی بەرەو دوکانە نوێیەکە بوونەوە. گەورە بازرگان لە پێشەوە وەکو رێز لێنانێك و ئەمانیش بە دوایدا. ئەمجا سوێندیان دا، کە جارێکی دی دەبێت ببێتە هاوڕێیان لە گەرماودا. دواتر، گەورە بازرگان و وەزیریان کرد بە گەرماودا. ئەوانیش خۆیان شت. گەورە بازرگان وتی:

"خوا لە چاوی پیس بتان پارێزێت."

هەر چەند گەورە وەزیر تەقەلای لەگەڵیان دا، تا ببنە میوانی، ئەمان پەسەندیان نەکرد و هەر کۆمەڵە و بەرەو ماڵی خۆی بووەوە چونکە ماندووی گەرماو بوون. دوای نان خواردن لێی نووستن.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٢٨

شەهرەزاد گێڕایەوە: کە بەیانی هات، دەست نوێژیان شت و نوێژی بەیانیان کرد. دواتر رۆژهەڵات و ئەمانیش نانی بەیانیان خوارد و خۆروبان گەرم بوو.... بەرەو قەیسەری و دوکانەکەیان بوونەوە. تا ئەو دەمە خزمەتکارەکانی دوکانیان بۆ کردبووەوە. فەرشیان تیا راخستبوو. ئەو تۆپە قوماشانەی نرخیان ١٠٠ دینار بوو، لە رەفەیەکدا بوون. نرخەکانی تریش، بە هەمان شێوە. چوونە دوکانەکە و تاجی شاهان لەسەر کورسیەك و عەزیزیش لەسەر کورسیەکەی دی دانیشتن. وەزیریش لە ناوەڕاستی دوکانەکەدا لەسەر کورسیەك دانیشت. چەند هەرزەکارێکیش لەبەر دەستیاندا بوو. خەڵکی شار بیستبوویان کە چەند بازرگانێك کوتاڵی باشیان هێناوە، هاتن بۆ کڕین و قەرەباڵغیان دروست کرد لەبەردەم دوکانەکەیدا. هەندێکیان کوتاڵ فرۆشت. ناوبانگی شۆخ و شەنگی تاجی شاهان بە شاردا بڵاو بووەوە. چەند رۆژێك رۆیشت هەر رۆژە و دوکانیان قەرەباڵغتر دەبوو. ئەمجا وەزیر ئامۆژگاری تاجی شاهانی کرد: کە نەهێڵێت، کەس بیناسێتەوە ئەمجا بە عەزیزیشی راگەیاند، کە ئاگای لە تاجی شاهان بێت. چونکە لەمەودوا.... لە ماڵ دەمێنێتەوە، هەندێ

ئیشی هەیە کە بە سوودی ئەمان دەگەڕێتەوە. ئیدی تاجی شاهان و عەزیز، ئاواتیان ئەوە بوو کە خوا بکات یەکێك لای شازادە دنیاوە بێتە دوکانەکەیان.

چەندین ڕۆژیان بە دڵەڕاوکێی بینینی شازادە دنیا، یان زانینی هەواڵیەوە بەڕێ کرد. ڕۆژێکیان تاجی شاهان لە دوکاندا، دانیشتبوو، کە پیرەژنێك هاتە دوکان و ٢ کەنیزەکی بە دواوە، سەیری تاجی شاهان و ئەو باڵا و قۆزی و جوانیەی کرد. سەری سوڕما...! وتی:

"پەنا بە خوا.... لەو جوانییە..!!"

ئەمجا لەبەر خۆیەوە وتی:"ئەمە کەی مرۆڤە..... ئەمە فریشتەیە! فریشتە!!"

ئەمجا لێی نزیك بووەوە و سڵاوی لێ کرد. تاجی شاهان بە ئیشارەتێ لە عەزیزەوە، لەبەری هەستا و بە ڕێزەوە وەڵامی دایەوە، لای خۆیەوە دای نیشاند. ئەمجا باوشێنێکی دایە دەستی، تا ... خۆی پێ فێنك بکاتەوە. ئەمجا پیرەژن رووی تێ کرد:

"کوڕەکەم، لاوە شۆخەکە، بێ چاوێنی بیت ئێرە شوێنی خۆتە!؟"

تاجی شاهانیش وەڵامی دایەوە:

"خاتوونەکەم بەو خوایە.... ئەمە یەکەمجارە، بێمە ئەم شارە. کە لێرەش دەمێنمەوە، بۆ سەیر و خۆشییە."

پیرەژنە وتی:

"ڕێزدار، ئێوەی شۆخ جوانن. دەبێت قوماش و کوتاڵی جوانیشتان لە دوکاندا هەبێت... کوا: هەندێ کوتاڵی نایابم پیشان بدە."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........ بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٢٩

شەهرەزاد گێڕایەوە: کە تاجی شاهان ئەمەی بیست، دڵی داخوڕپا.... "عەزیز"چاوێکی لە داخست.... تاجی شاهان وتی:

"ئێمە قوماش، کوتاڵی زۆر و باشمان هەیە. هەندێکیان بۆ شازادە و شاهانن. پێم بڵێ: تۆ بۆ کێی دەکڕیت؟"

پیرەژنە وتی:

"کوڕەکەم، کوتاڵم بۆ شازادە دنیای کچی شا شەهرەمانە."

کە تاجی شاهان زانی بۆ شازادە دنیایە لەخۆشیاندا خەریك بوو شێت ببێت. ئەمجا رووی کردە عەزیز و وتی:

"بووخچە، کوتاڵی فلانەم بدەرێ."

عەزیز هێنای و خستیە بەردەمیان. تاجی شاهان وتی:

"هەڵبژێرەن بە دڵی خۆت، ئەمانەی بەردەستت لە هیچ شوێنێکی دی نین!"
پیرەژنە پارچەیەکی هەڵبژارد بایی ١٠٠٠ دینار بوو. پرسی:
"ئەمە بایی چەندە!؟"
تاجی شاهان وتی:
"جا....ئەمە چییە... تا من نرخەکەیت پێ بڵێم!"سوپاس بۆ خوا کە بە هۆی ئەمەوە، تۆم ناسی."
پیرەژن وتی:
"لە پەنای خوادا بیت پیرۆزی "برب الفلق"ت بە سەردا برژێت. خوا.... ئەو جوانییەت بپارێزێت."
ئەمجا پێی وت:
"کورِم ناوت چییە؟"
ئەمیش وتی:
"تاجی شاهان."
پیرەژن وتی:
"تۆ بەرگی بازرگانێت پۆشیوە و ناوەکەت شازادانەیە!"
عەزیز هەڵیدایە:
"ئەو ناوە، لەبەر خۆشەویستی بووە لەدڵی دایك و باوکی و خزمان و ناسیاواندا بووە."
پیرەژن وتی:
"راست دەکەیت. خوا لە چاوی پیس بتان پارێزێت."
ئەمجا دیاریەکەی برد و رۆیشت. لەکاتێکدا کە سەری لەجوانی و قۆزی سورِما بوو!. کە گەیشتە لای شازادە دنیا وتی:
"خاتوونەکەم.... قوماشێکی جوانم بۆ هێناویتەوە."
ئەویش وتی:
"کوا؟"
پیرەژنەش وتی:
"ئەوەتا.... ئەم دیو ئەو دیوی بکە وسەیری بکە."
کە بینی زۆری پێ جوان بوو... وتی:
"دادە.... ئەم قوماشە هێندە جوانە، لە قوماشی ئەم شارەی خۆمان ناچێت!؟
پیرەژن وتی:
"فرۆشیارەکەی، لە قوماشەکە جوانترە... ئەمە بازرگانێك دەیفرۆشێت.. تەنیا بۆ گەران و بینینی وڵاتان هاتووە. شتومەکەکانیشی ناوازە و نایابن و زۆر بەنرخن."
شازادە دنیا دەستی کردە پێکەنین بە قسەکەی پیرەژن.... ئەمجا پێی وت:

"خوا رسوات بكات پیرەژنە بێ مێشكەی نەگبەتە. تۆ خەرەفاویت."
ئەمجا وتی:
"ئادەی..... با... سەرنجێكی تری بدەم."كە دایە دەستی سەیرێكی وردتری كرد بۆی دەركەوت، كە گرانبەهایە. لای جوان بوو، چونكە بەدرێژایی تەمەنی قوماشی وا جوانی نەدیبوو!! ئەمجا وتی:
"بەو خوایە، ئەمە قوماشێكی جوان و نایابە."
پیرەژنە هەڵیدایە و وتی:"خاتوونەكەم، بەو خوایە، بازرگانەكەی خاوەنیشی ببینیت، تێ دەگەیت، كە لە دنیادا لەو جوانتر و قۆزتر نییە."
شازادە دنیا وتی:
"ئەی تۆ لێت پرسی، كەئاخۆ.... هیچ كارێكی لەم شارەدا نییە كە بۆی جێبەجێ بكەین. ئەمجارەیان بچۆ بۆ لای و پێی بڵێ: بە خێرهاتنت دەكەین. بۆ شارەكەمان، هەر چیەكت پێویست بوو، بە چاوان بۆت جێبەجێ دەكەین.
شەهرەزاد هەستی كرد شەو درەنگ بوو........ بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٣٠

شەهرەزدا گێڕایەوە: پیرەژن هەر زوو گەڕایەوە بۆ دوكانەكەی تاجی شاهان. ئەویش كە پیرەژنەی بینی لە خۆشیاندا، خەریك بوو بفڕێتا لەبەری هەستا و لای خۆیەوە داینا. ئەمجا قسەكانی شازادە دنیای بۆ گێڕایەوە. ئەمیش زۆری پێخۆش بوو. لەدڵی خۆیدا وتی:
"بە خوا وا دیارە بە ئاواتی خۆم گەیشتووم!؟"ئەمجا رووی كردە پیرەژنە و وتی:
"ئەگەر نامەیەك بۆ خاتوو دنیاخان بنووسم... وەڵامەكەیم بۆ دێنیتەوە؟"
پیرەژنە وتی:
"بەچاوان."
ئەمجا بە عەزیزی وت:
"ئادەی بۆم بێنە: كاغەز و پێنووسی..... دروست كراوە لە مس."
كە شتەكانی بۆ هێنا.... پێنووسی بە دەستەوە گرت.... بە شوو پێ كردنی داوای كرد. ئەمجا نامەكەی لوول كرد و لۆكی كرد.دایە دەستی پیرەژن و وتی:
"ئەمە بگەیەنە دەست: خاتوو دنیا."
١٠٠٠ دیناریشی بەخشیش دایە، وتی:
"ئەمە وەكو رێزلێنان بۆ تۆ وەری بگرە."
كە پیرەژنە گەیشتەوە ماڵ شازادە دنیا پرسی:

"داوا.... داخوازی چی بوو؟ تاکو بۆی جێبەجێ بکەین؟"
ئەویش وتی: "ئەم نامەیەی بۆ ناردوویت، نازانم چی تیا نووسراوە!"
کە نامەکەی لێ وەرگرت و خوێندیەوە، ئەمجا وتی:
"من لە کوێ و ئەو لە کوێ؟ وا.... نامەم بۆ دەنێرێت!"
ئەمجا کەوتە لە خۆدان و دەم و چاو رنینەوە و وتی:
"ئای چیم بەسەر هات!؟ وەرە ئاوام لێ بێت، بازاڕیەك بنێرێتە خوازبێنیم!! ئۆی!! ئۆی!!"
ئەمجا لە تووڕەییەوە وتی:
"لە ترسی خوا نەبووایە، هەر ئێستا بە سەر دەرگای دوکانەکەی خۆیدا، هەڵم دەواسی!"
پیرەژنە وتی:
"ئەمە.... ئەم نامەیە، چی تیا نووسراوە، کە ئاوا.... تێکی دایت و تووڕەی کردیت!؟ ئاخۆ ... زۆرداری نواندووە؟ یان داوای نرخی قوماشەکەی دەکات!؟"
خاتو دنیا وتی:
"وەی لەتۆش! ئەو پیاوە داوام لێدەکات.... شووی پێ بکەم...! ئەمەش پەنی تۆ، ئەگینا ئەو شەیتانە لە کوێ من دەناسێت!؟
پیرەژنەش وتی:
"خاتوونەکەم هێندە خۆت بلند کردووە، کەس ناتبینێت!! باڵندەش ناتگاتێ. تۆ شازادە باوکت شایە. بەوە سووك نابیت. لێم ببوورە خۆ من نەمزانیوە چی تیا نووسراوە. تۆش نامەیەکی بۆ بنووسە. لە وەڵامیدا هەڕەشەی لێ بکە با... جارێکی دی نەی بزرکێنێت. ئەگینا.. دەیکوژین!"
ئەویش وتی:
"دەترسم وەڵام دانەوەکەم هێندەی دی منی لە لا شیرین بکات!!."
پیرەژن وتی:
"نەخێر.... هەر هەڕەشە و گوڕەشەی لێ بکەیت، پاشگەز دەبێتەوە."
ئەمجا خاتوو دنیا وتی:
"بۆم بێنە کاغەز و پێنووس... دروستکراوی مس."

ئەو داواکاریەت، ببڕەوە..... بەسە — کورت و موختەسەر لە خۆت بترسە
گەر جارێکی دی ، داوا کەیتەوە — وات سزا دەدەم، کە هەر مەپرسە
بە خالقی خەڵك، زەوی و ئاسمان — بەوەی کە گیانی ئێمەی بەدەسە

نامەکەی نوشتاندەوە و دایە پیرەژن و وتی:
"ئەم نامەیەی بدەرێ و پێشی بڵێ ئیتر با بەس بێت."

پیرەژن نامەکەی برد و رۆیشتەوە بۆ ماڵی خۆیان. بۆ سبەینێ دا، بەرەو دوکانی تاجی شاهان بووەوە. بینی چاوەڕێی دەکات. کە پیرەژنەی بینی بەرەوپیری چوو. بە خێری هێنا ئەمجا پیرەژنە نامەکەی دایە دەست و وتی:

"لە پێشدا خاتوو دنیا زۆر تووڕە بوو. بەسەریدا هاتم و هێورم کردەوە وام لێکرد کە پێ بکەنێت. ئەمجا ئەم نامەیەی بۆ نووسیت."تاجی شاهان زۆر سوپاسی کرد. ئەمجا فەرمانی دا بە عەزیز کە ١٠٠٠ دیناری دی بداتێ.... بەلام کەنامەکەی خوێندەوە، کەوتە گریان و هەنسك دان. پیرەژنە کە ئەمەی بینی دڵی بۆی سووتا و بەزەیی پێدا هاتەوە.

شەهرەزدا هەستی کرد شەو دەرنگ بوو............... بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٣١

شەهرەزاد وتی: ئەمجا پیرەژن وتی:

"کوڕەکەم، ئەم نامەیە چی تیا نووسرابوو وا تۆی گریاند!؟"

وتی:

"خاتوون... هەڕەشەم لێدەکات. دەرم دەکات. لە کاتێکدا، گەر شووم پێ نەکات، مردنم باشترە. وەلامی نامەکە ببەوە بۆی.... چی دەکات با بیکات."

پیرەژنە وتی:

"بەو جوانیەت پشتت دەگرم تا بە مراد دەگەیت."

تاجی شاهان لەوەلامدا وتی:

"حەقت نافەوتێنم... پاداشتی چاکەت دەدەمەوە. دەزانم هەموو کێشەیەك بە لای تۆوە ئاسانە."

ئەمجا داوای کاغەزی کرد و بۆی نووسیەوە:

هەڕەشەی کوشتن بۆ من بنێرە مردن راحەتە، خێرا کە خێرە

ئەمجا تاجی شاهان هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و دواتر زۆر بە کوڵ گریا. پیرەژنەش لەگەڵیدا دەستی کردە گریان. ئەمجا نامەکەی هەڵ گرت و وتی:

"بێخەم بە.... دەبێت بە ئاواتی خۆتت بگەیەنم."

ئەمجا بەرەو ماڵ بووەوە. کە گەیشتە لای خاتوو دنیا سەیری کرد. رەنگ و رووی تێك چووە، لە داخی ئەو نامەیەی بازرگانەکە. دەستی برد نامەکەی دایە، هێندەی تر تووڕە بوو بە پیرەژنی وت:

"ئەم وت.... هێندەی تر شیرین دەبم لای!"

پیرەژن وتی:

"جا.... سەگی وا چییە، چاوت تێ ببڕێت!؟"

شازادە دنیایش وتی:

"ئەمجارە کە چوویتەوە لای ئەو بازرگانە پێی بڵێ: جارێکی دی نامە بنێرێت، لە ملی دەدەم!"

پیرەژنە وتی:

"ئەو قسەیەی بۆ بنووسە، سبەینێ بۆی دەبەم تاکو پتر بترسێ."

نامەکەی هێنا و ئەم شیعرەی نووسی:

هەی "گێل"لەئاستی ڕووداوەکانا — خۆ...تۆ پێشەنگ نیت: لەگەڵ زەمانا

ڕەنگە: پێت وابێت پێش"تیر"دەکەوی — کاتێ:دەردەچیت... لەنێو کەوانا

دانا بە و ترسی گورزی منت بێ ! — ڕۆژی ڕەش زۆرە لە نێو ژیانا

ئەمجا نامەکەی چوار قەد کرد و ، دایە دەست پیرەژن. ئەویش خێرا بەرەو دوکانی تاجی شاهان بووەوە. کە بینی لەبەری هەستا و وتی:

"خوا، بەرەکەتی تۆمان پێ ببەخشێ."

پیرەژنەش وتی:

"وەڵامی نامەکەتم هێناوەتەوە."

لێی وەرگرت و خوێندیەوە، دەستی کردە گریان و وتی:

"حەز دەکەم، یەکێك بمکوژێت! نەنە گیان! تاکو ڕزگارم بێت."

ئەمجا کاغەز و پێنووسی هێنا و بۆی نووسییەوە دایەوە دەست پیرەژن و پێی وت:

"زۆرم ماندوو کردوویت بێ ئەوەی سوودی بۆ تۆ هەبێت."

بە عەزیزی وت: کە ١٠٠٠ دیناری بداتێ ئەمجا بە پیرەژنی وت:

"ئەم نامەیە یا پێکمان دەگەیەنێت، یان لێك جیا دەبینەوە."

پیرەژنەش وتی:

"کوڕەکەم، پڕ بە دڵ حەز دەکەم بەئاواتی خۆت بگەیت. ٩٠ ساڵم تەمەنە هەمیشە خەریکی فرت و فێڵ بووم. تۆ کوڕێکی قۆز و شۆخ و شەنگ. ئەویش دەڵێی ڕۆژە! ئەگەر نەتوانم پێکتان بگەیەنم، ئەوا تەمەنم بە خۆڕا بە سەر بردووە! ئاخر... چۆن ناتوانم ئەم کارە بکەم!؟"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............. بێدەنگ بوو.

# شەوی ١٣٢

شـەهرەزاد گێڕایـەوە: ئـەمجا پـیرەژن خواحـافیزی لـێ کـرد و ڕۆیشـت. کـە گەیشتە لای خاتوو دنیا، نامەکەی لە نێو قژی سەریدا شارد بووەوە. کە لە لای شازادە دنیا دانیشت بوو. سەری خوراند و وتی:

"ماوەیەکە قژم نالۆزاوە نەچوومە گەرماو."

لەو کاتەدا نامەکە کەوتە خوارەوە. کە خاتوو دنیا نامەکەی بینی پرسی:

"ئەو کاغەزە چییە!؟"

پیرەژن وتی:

"ئەوە، ڕەنگە ئەو کاتـەی لای بازرگانەکـە دانیشـتبووم، ئـەم نامەیـە، بـە بەرگەکانمـەوە، نووسابێ! و منیش لێی بێئاگا بووم..... بێنە، با بۆی ببەمەو، نەکو حساباتی دوکانەکەی تیا بێت!"

شازادە دنیاش وتی:

"ئەی بۆ ئەمەش: فێڵێك نەبێت لە فێڵەکانت!؟ بەو خوایە گەر پەروەردەی دەستی خۆت نەدەبووم، هەر ئەمشەو لە ناوم دەبردیت! سەیرکە... چۆن خـوا بـەم بازرگانـەوەی تـووش کردووم؟ هەر چیەکم بە سەر هات، لە ژوور سەری تۆدا بوو! خـۆ .....مـن خـەمی ئەوەشمە پێم بزانرێت...! ئاخر ئەم بازرگانە... نە لە ئاستی مندایە و نە کەس دەیناسێت..!!"

پیرەژنە وتی:

"کەس ناتوانێت بە خراپ باست بکـات، چونکە لـە دەسـەڵاتی خـۆت و باوکـە پاشـەکەت دەترسن! لەبەر ئەمە، بێخەم بە.... وەڵامیشی بدەرەوە."

شازادە دنیا وتی:

"دادە گیان.... ئەم شەیتانە چۆن دەوێرێت نامەی لەم جۆرەم بـۆ بنووسـێت!؟ چۆن لە زۆرداری پاشا ناترسێت؟ سەرم لێی سوڕماوە....! گەر فەرمان بدەم بیکوژن کـارێکی ڕاسـت و دروست نییە....! کە وازیشی لێ بێنم، زیاتر و زۆرتر دەوێرێت."

پیرەژن وتی:

"نامەیەکی بۆ بنووسە.... بەڵکو وەڕس ببێت."

ناچار داوای کاغەز و پێنووسی کرد. ئەم شیعرانەی بۆ نووسی:

گێلییەکەی خۆتە کە هەڵی ناوی تێ ناگەیت: کە من ..... وەلاوەم ناوی
گەر جارێکی دی: نامە بنێریت: دەنووکی داڵان دەکەی خوێناوی
بڵێی: "لەل"مردنت بۆتە میوانت هەر هێندەت زانی: لە گۆڕ نراوی
لووت بەرز: خزمانت پەشیمان دەکەی شینت بۆ دەکەن کە وا نەماوە!

ئەمجا خاتوو دنیا نوشتانیەوەو دایە دەست پیرەژن. ئەویش رۆشتەوە بۆ لای تاجی شاهان و دایە دەستی. کە خوێندیەوە تێگەیشت: دڵ رەقە و بۆ ئەو نابێت...! سکاڵای خۆی دواتر بردە لای وەزیر. تا بەڵکو بۆی بکات تەگبیر. وەزیر پێی وت:

"کەوابوو، تەنیا ئەو رێگایە ماوە کە نامەیەکی بۆ بنووسیت، دوعا ونزای لێ بکەیت!"

ئەویش وتی:

"ئادەی..... عەزیز بە ناوی منەوە: نامەیەکی بۆ بنووسە نزای خراپی تیابێ!"

ئەویش نووسی:

خوایە..... بۆ خاتر: پێنج ئیمامەکە — لە خەمی "عەشق"بێ بەشی مەکە

تووشی کردم و زۆریش: دڵرەق بوو..! — "زاڵم"و "بێباك"زۆر بێ ئەمەکە

لە گێژاوێکدام.... بێ سەر و بەرە...! — نییە کە: بەویش بڵێ: وامەکە

ئەمجا عەزیز نامەکەی نووشتاندەوە و دای بە تاجی شاهان. کە خوێندیەوە زۆر بە دڵی بوو. ئەویش دایە دەست پیرەژن. پیرەژنیش لەگەڵ خۆی بردی و گەڕایەوە بۆ لای شازادە دنیا. ئەمجا نامەکەی دایە. کە خوێندیەوە زۆر توند بوو. وتی:

"ئەم تووش بوونەی من لە ژێر سەری تۆدا بوو، ئەی پیرەژنە سەر ئاسنینە."

ئەمجا بانگی کەنیزەکەکانی کرد و وتی:

"ئادەی..... بە تاکە نەعلی لێی بدەن."

کەوتنە لێدانی پیرەژنە، تاکو بوورایەوە. ئەمجا پێی وتن: لە سەر سك رای بکێشن و فرێی بدەنە دەرەوە. بە دەمدا رایان کێشا لەو دیو دەرگاوە، فرێیان دا. شەو کە بە ئاگا هاتەوە، بەرەو ماڵی خۆیان بووەوە. هەر دەڕۆیشت و دادەنیشت. تا گەیشتە ماڵ. ئارامی گرت تا بەیانی.

شەهرەزادە هەستی کرد شەو درەنگ بوو................ بێدەنگ بوو.

## شەوی ۱۳۳

شەهرەزاد گێڕایەوە: پیرەژن، بۆ سبەینێ خۆی گەیاندە لای تاجی شاهان بە سەرهاتی خۆی بۆ گێڕایەوە. ئەویش زۆری پێ ناخۆش بوو. پێی وت:

"زۆرم پێ ناخۆشە، بەڵام قەدەری خوایە."

پیرەژن وتی:

"بێخەم بە. کۆڵ نادەم تا ئەو زاڵمەت لێ مارە دەکەم، کە ئاوای لە من کرد."

تاجی شاهانیش پرسی:

"باشە، بۆ هێندە رقی لە پیاوە!؟"

ئەویش وتی:

"چونکە خەونێکی دیوە و بووەتە هۆی بێزاری لە پیاو."

ئەمجا پرسی:

"ئەو خەوە چۆن بووە؟"

پیرەژنە دەستی بە گێڕانەوە کرد: شەوێکیان لە خەونیدا: راوچییەك داوی ناوەتەوە گەنمێکی زۆری بە سەریدا رشتووە. پۆلێك کۆتر دێتە سەر داوەکە. وا ... شازادە دنیاش سەیریان دەکات. دوای کەمێك، کۆترە نێرەیەك پێی دەبێت بە هەڵەفەی داوەکەوە کە دەکەوێتە پەلە قاژە. کۆترەکان هەموویان هەڵدەفڕن. شازادە سەیر دەکات کۆترە مێیەك دەگەڕێتەوە سەر داوەکە و دەست دەکات بە دەنووك وەشاندن. دواتر سەر دەکەوێت و کۆترە نێرەکە رزگار دەکات و هەر دووکیان لە شەقەی باڵ دەدەن و دەفڕن....!! دوای ماوەیەك پۆلە کۆترەکە..... دیسان دێنەوە سەر داوەکە... دەست دەکەنەوە، بە گەنم خواردن. بە هەمان شێوە کۆترێك..... دەبێت بە هەڵەفەیەکی داوەکەوە. دیسان هەموو کۆترەکانی دی لە شەقەی باڵ دەدەن و دەفڕن. شازادە، کە وردتر سەرنجی کۆترە گیراوەکە دەدات... بۆی دەردەکەوێت کە ئەوە ئەو کۆترە مێیەیە... کە جاری پێشوو مێردەکەی رزگار کرد. کەچی کۆترە نێرەکەی مێردی نەگەڕایەوە سەری تاکو رزگاری بکات....!! شازادە دنیا تووشی شۆك دەبێت. کە دەبینێت راوچی دێت و کۆترەکە لە داوەکە دەکاتەوە و هەر لەوێدا سەری دەبڕێت. بۆیە شازادە بە خۆی دەڵێت:"هەموو پیاوان وەکو ئەم کۆترە نێرەن. بێ سوود و بێ وەفان. سوودیان بۆ ژنەکانیان نییە!"تاجی شاهان وتی:

"داپیرە..... دەمەوێت، ئەگەر سەریشم داناوە.... ئەم شازادەیە ببینم!."

پیرەژن وتی:

"ئەوە بزانە، لە دامێنی کۆشکەکەیەوە، رەز و باخێکی تایبەت بە خۆی هەیە...! کە مانگی جارێك، دەچێتە ناوی و پیاسە دەکات. ١٠ رۆژێکی دی سەرەی چوونە باخی دێت. کە ئەو کاتە هات، دێم و پێت دەڵێم. بەڵکو بیبینی. ئێ بەڵکو.... کە جوانی و قۆزییەکەتی بینی پەسەندت بکات. وریا بە... زوو رەز و باخەکە جێ نەهێڵیت!"

ئەویش وتی:

"بە چاوان."

ئەمجا خۆی و عەزیز دوکانەکەیان داخست و لەگەڵ داپیرەدا بەرەو کۆشکی شازادە دنیا بوونەوە. تاکو شوێنەکەی پیشان بدرێت.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو دەرنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٣٤

شەهرەزاد گێڕایەوە: کە تاجی شاهان و عەزیز دوکانەکەیان جێ هێشت. پێی وت:

"عەزیز گیان.. لە دوکانەکەدا، بە ئاواتی خۆم گەیشتم. ئیتر پێویستم پێی نییە. پێشکەشی بە تۆ بێت. چونکە لەگەڵ مندا وڵاتی خۆت بە جێهێشت و ئاوارە بوویت."

ئەمجا کەوتنە گفتوگۆ وچوونەوە بۆ لای وەزیر. تێیان گەیاند و پێیان وت کە تاجی شاهان نیازی چی هەیە. پرسیشیان پێکرد، کە چی بکەن باشە؟ وەزیر وتی:

جل و بەرگی نایاب لەبەر بکەن... با بچین بۆ ئەو باخە. ئەوانیش خۆیان رازاندەوە و رۆیشتن و سێ کۆیلەیان شوێن خۆیان خست. کە چوونە باخەکە... روانیان: پڕە لە دار و درەخت و کانیاو و رووبار. باخەوانەکەیان بینی لە دەرگای باخەکەدا دانیشتبوو. سڵاویان لێ کرد. ئەویش وەڵامی دایەوە. ئەمجا وەزیر دەستی برد ١٠٠ دیناری دایە کابرای باخەوان و پێی وت ئەم لاوانە، لەگەڵ منن ئەمانەوێ کەمێ بەم باخەدا بگەڕێین. بڕۆ هەندێ خواردنمان بۆ بێنە. باخەوان وتی:

"بڕۆن... بە دڵی خۆتان بگەڕێن. وا بزانن باخی خۆتانە چاوەڕێم بکەن تاکو دێمەوە."

دوای ئەوەی باخەوان رۆیشت چوونە ژوورەوە..... دوای گەڕان و پیاسە کردن دانیشتن. هێندەیان زانی باخەوان بەرخێکی برژاو و چەند نانی جوانی هێنا و لەبەر دەمیاندا، داینا. ئیدی هەموو دەستیان بە خواردن کرد. دوای دەست شتن وەزیر لە باخەوانی پرسی، کە ئاخۆ.... ئەم باخە هی خۆیەتی یان بە کرێ گیراوە....!؟

باخەوان وتی:

ئەم باخە: شازادە دنیا خاوەنیەتی."

ئەمجا وەزیر پرسی:

"مانگی چەندت دەداتێ؟"

ئەویش وتی:

"مانگی بە ١ دینار"

وەزیر بەملاولای باخەکەدا روانی، کۆشکێکی کۆنی بینی. ئەمجا وتی کە دەیەوێت کارێکی خێر لێرە بکات. باخەوان وتی:

"خێری چی؟"

ئەویش دەستی برد ٣٠٠ دیناری دایە. وتیشی شتێکی باش لێرە دەکەین. لێیان داو گەڕانەوە بۆ ماڵی خۆیان. رۆژی دواتر "بۆیەچی"و "نەقاڕ"و "زێڕنگەری"ئامادە کرد. فەرمانی پێدان ئەو کۆشکە سپی بکەنەوە و زەخرەفەی جوانی تیا بنەخشێنن. نەخش ونیگاری جوانی تیا بکێشن.

ئـەمجا فـەرمانی دا پێدان کـە لـە سـەر راسـتە دیـواری سـەر دەرگاکـە وێنـەی راوچیەك دروست بکەن. کە داوی نابێتەوە و پۆلە کۆترێك بە سەریەوە بن و یەکێکیان بـە دەنووك خەریکی داوەکە بێت. کە نیگارکێش لایەکی وێنەکەی تەواو کرد، وەزیر پێی وت:

"لایەکەی تری هەر ئەو کۆترە بێت، بەڵام ئـەمجارە چەقۆی راوچی لەسـەر ملی بێت. لەولاتر وێنەی کۆترە نێرەیەك بکێشە: کە "باز"ێك دەنووکی لـە سنگی چەقاندبێت و نینۆکەکانی لە گۆشتەکەیدا بێت."

کـە وێنـەکان تـەواو بـوون، نیگارکێش و نـەقاڕ و بۆیەچیان: کرێـی خۆیـان وەرگـرت و رۆیشتن. ئەمجا وەزیر و تاجی شاهان و عەزیز و ٣ کۆیلە بە دوایانەوە. دوای خواحافیزی لە باخەوان بەرەو ماڵ بوونەوە.

کە رۆژی چوونە باخی شازادە دنیا نزیك بووەوە، ناردیە شوێن پیرەژن کە لە ماڵی خۆی بوو. کە هێنایان سەری ماچ کرد و ئاشتی کردەوە. ئەمجا پێی وت:

"دەمەوێت بچمە سەیری رەز و باخ، هەلم مژم بۆنی گوڵەباخ...لە دڵا دەرکەم پەستی و وەڕس بوون.... ببوژێتەوە خان..... خانەی دەماخ."

پیرەژنە وتی:

"بە چاوان. بەڵام بە خوا دەبێت سەرێك لە ماڵەوە بدەم. خۆم بگۆڕم."

شازادە وتی:

"زۆر باشە بەڵام پەلە بکە، ئەمجا بە پەلە چووە لای تاجی شاهان و پێی وت خێراکە... وا شازادە چاوەڕێمە پێکەوە بچینە سەیری باخ. ئەزانی چی دەکەیت!؟ دەبێت پـارە بدەیتـە باخەوانەکـە و ئـەمجا لـە نێـو دارەکانـدا خـۆت بشاریتەوە. تـاکو شـازادە دنیـا دێـت، ئـەمجا ئیشارەتت بۆ دەکەم."

دواتر پیرەژن چووەوە بۆ لای شازادە دنیا، وەزیر جل و بەرگێکی گرانی وای: کردە بـەر تاجی شاهان کە بایی ٥ هەزار دینار بوو، بـە زێـڕ و زیـو نەخشابوو. ئـەمجا بـەرەو باخەکە رۆیشتن. کە باخەوان ئەمانی بینی ناسینیەوە و لەبـەریان هەسـتا، دواتـر دەرگـای بـاخی بـۆ کردنەوە و وتی:

"فەرموون.. بە دڵی خۆتان پیاسەی تیا بکەن."

چـونکە نـەیزانی بـوو کـە هـەر ئـەمڕۆ شازادە دێتـە باخەکـەوە. نزیکـەی سـەعاتێك لـە ژوورەوە بوون، هێندەیان زانی بوو بە دەنگە دەنگ و کۆمەڵێك کەنیزەك و کۆیلە لە دەرگای نهێنییەکەی کۆشکەوە هاتنە دەر. باخەوان رای کرد بۆ لای وەزیر و پێی وت:

"چی بکەین؟ ئەوە شازادە دنیایە!؟"

وەزیریش وتی:

"بێخەم بە.. هەر ئێستا لە چەند شوێنێکدا خۆمان دەشارینەوە."

ئەمجا باخەوان ئامۆژگاری کردن کە باش خۆیان بشارنەوە، ئەمجا لێی دا و رۆیشت.
شازادە و پیرەژن کە هاتنە باخەکە. پیرەژن پێی وت:

"خاتوون... ئەم کەنیزەك و کۆیلانەت بۆ چییە... با بگەڕێنەوە کۆشك و لێمان تێك نەدەن."

شازادە وتی بە خوا راست دەکەیت. ئەمجا هەموویانی ناردەوە کۆشك. ئەمجا کەوتە دەمەتەقێ لەگەڵ خاتوو دنیا بە جۆرێك تاجی شاهان بە ئاگا بوو. کەوتە سەیر کردنی شازادە. بە دەم قسە کردنەوە شازادەی دنیای بردە لای رووی کۆشکە بۆیە کراو نیگارەکان، کە شازادە ئەو وێنانەی بینی وتی:

"داپیرە، سەیر کە، سوبحانەللە ئەم وێنانە ئەم ئەوانەن من بە خەو بینیومە. بەڵام.... ئەها خۆ ئەوە کۆترە نێرەکەی مێردێتی گەڕاوەتەوە، بۆ یارمەتی دانی کۆترە مێی ژنی بەڵام لە رێگا ئەم بازە پەلاماری داوە و کوشتویەتی بۆیە نەگەڕاوەتەوە سەری...! ئەمجا بە قسەوە خلافاندی تا گەیاندییە بەر پەنجەرەیەك بە سەر باخەکەیدا، دەڕوانی. ئیدی ئیشارەتی تاجی شاهانی کرد. کە خۆی پیشان بدات. وا رێکەوت شازادە بە لای پەنجەرەکەدا لای کردەوە. کە ئەولاوە قۆزەی بینی پرسی:

"داپیرە....ئەو لاوە قۆزە کێیە!؟"

ئەویش وتی:

"نازانم، بەڵام ئەو لاوە ئاسایی نییە... بزانە کوڕە پاشایە... چی!؟ چونکە جوانترین و گرانترین بەرگی پۆشیوە."

شازادە وتی:

"داپیرە بەخوا کوڕێکی جوانە!!"

پیرەژن وتی:

"راست دەکەیت خاتوونەکەم."

ئەمجا بە دزیەوە ئیشارەتی دایە تاجی شاهان بچێتەوە ماڵی خۆی. تاجی شاهان لە ماڵەوە بە وەزیر و عەزیزی وت:

"کە پیرەژن منی ناردەوە ماڵ."وەزیریش وتی:

"گەر پیرەژن بە باشی نەزانێت پێت نالێت بڕۆرەوە."

لەولایشەوە شازادە دنیا یەخەی پیرەژنی گرت و پێی وت:

"ئەو کوڕە قۆزەم بۆ داوا بکە!"

پیرەژن وتی:

"بە خوا تۆیش سەیریت... ئەی تۆ نالێیت، پیاوان بێ وەفان؟ بەڵام بە خوا ئەو کوڕە بۆ تۆ نەبێت، بۆ کەسی تر باش نییە."

شازادە دنیا وتی:

"داپیره فریام بکەوە، ئەو کوڕەم بۆ داوا بکە... گەر ئەم کارەم بۆ نەکەیت لێت زیز دەبم. خۆ.... ئەگەر بۆم بکەیت ئەوان ۱۰۰۰ دینـارت دەدەمـێ. لەگـەڵ ملوانکەیـەکی زێـڕ کـە بایی ۱۰۰۰ دینار بێت."

پیرەژن وتی:

"تۆ بڕۆوە ماڵی خۆت منیش سەر دەنێمەوە، هەوڵ دەدەم پێکتان بگەیەنم."

ئەو چووەوە کۆشك. پیرەژنەش بەرەو ماڵی تاجی شاهان بووەوە. هەر کە پیرەژنی بینی بەرزە پێ لەبەری هەستا. لای خۆیەوە داینا. پیرەژنەش پێی وت:

"فێڵەکە، سەری گرت!"

چی بیستبوو، بۆی گێڕایەوە. ئەمیش پیاوانە ۱۰۰۰ دینـاری مژدانـە پـێ بەخشـی لەگەڵ ملوانکەیەکی زێڕ کە بایی ۱۰۰۰ دینار دەبوو. پیرەژنە خواحـافیزی لـێ کـردن و چووەوە بـۆ لای شازادە دنیا کە گەیشت لێی پرسی:

"ها... دەنگ و باس چییە؟"

پیرەژنەش لە وەڵامدا وتی:

"شوێنەکەیم دۆزیوەتەوە."

شازادە دنیا لە خۆشیاندا وەختە بوو باڵ بگرێت. دەستی برد ۱۰۰۰ دینار و ملوانکەیەکی زێڕینی ۱۰۰۰ دیناریشی پێ بەخشی و کردییە ملی. دواتر پیرەژن ڕۆیشتەوە ماڵی خۆیان.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٣٥

شـەهرەزادا دەسـتی بـە گێڕانـەوە کـردەوە و وتـی: پـیرەژن تـاجی شـاهانی بـردە بـەر هەیوانەکەی شازادە دنیا، هەر یەکەم جار کە شازادە دنیای بینی وتی:

"نـە بازرگـانم و نـەهیچ منـیش شـازادەم و کـوڕی سـولەیمان شـام. ئـەوەی کـە وەزیـری تایبەتی ناردە لای باوکت، کە داوای تۆم بۆ بکات. باوکت ڕازی نەبوو."

ئەمجا چی بەسەر هاتبوو لە پێناوی ئەمدا هەمووی بۆ گێڕایەوە. ئێستاش دەمەوێت کە گەڕامەوە بە باوکم بڵێم بنێرێتە خوازبێنیت. شازادە کـە ئەمـەی بیست زۆر دڵخۆش بـوو. چونکە ئاواتەکانی ئەم بوو بۆ شوو کردن. قەزا و قەدەری خوا وابوو، ئـەو ڕۆژە سـندوقێکی پڕ لە زێڕیان هێنابوو بە دیاری بۆ شا شەهرەمان. ئەویش کـە سـەرنجی دابـوو زۆر نایابـە و هیچ کام لە پاشایانی سەر زەوی زێڕی وا بە نرخی نییە. بانگی گەورە خزمەتکاری کردبوو فەرمانی دابوو:

"کە ئەی کافووا.... ئەم سندوقە زێڕ و مرواریە بدە دەست دنیا."

ئەویش هێنای بۆ شازادە دنیا، کە هاتە ژوورەوە، ئەو لاوەی بینی کە گفتوگۆیان دەکرد. هەر زوو گەڕایەوە لای پاشای باوکی. ئەویش کە لێی پرسی ناخۆ، سندوقەکەی پێشکەش کردووە؟ گەورە خزمەتکار سندوقەکەی دایەوە پاشا و وتی:

"ئەوە سندوقەکە و بە خوا ناتوانم.... شتت لێ بشارمەوە کچەکەت لە مالی خۆیدا لەگەڵ لاوێك قسەی دەکرد...!!"

دەم و دەست پاشا فەرمانی دا.... بیان هێنن! جەنگاوەرانی پاشا هەر دووکیان هێنایە بەر دەم پاشا. ئەویش لێی پرسین:

"ئەمە چ کارێکە کردووتانە!؟"

داوای قەمچیەکی کرد. دایهێنایەوە بۆ تاجی شاهان بەلام شازادە دنیا.... خۆی دایە بەر قەمچیەکە! بە باوکی وت:

"من بکوژە لە پێش ئەودا!"

ئەمجا هەندێ سەرزەنشتی کرد و فەرمانی دا بیبەنەوە ژوورەکەی خۆی. ئەمجا رووی کردە تاجی شاهان و پرسی:

"نەگبەت، تۆ کێیت؟ کوڕی کێیت؟ چۆن توانیوتە قسە لەگەڵ کچی من بکەیت!؟"

ئەمیش وتی:

"ئەوە بزانە کە کوڕی ئەو پاشایەم کە بە پێی خۆی هاتە لات."

کە پاشا ئەمەی بیست ویستی کوشتنی دوا بخات، بۆیە بەندی کرد تاکو راستی قسەکەی بۆ دەر بکەوێت. تاجی شاهان مانگێك لە بەندیخانەدا مایەوە. لەولایشەوە کە ون بوونی تاجی شاهان مانگێکی پێچوو دەستیان لێ شت و وایان دانا کە نەماوە. عەزیز بە وەزیری وت:

"بابەگیان چی بکەین باشە!؟"

وەزیر وتی:

"کوڕەکەم، ئەمە کێشەیەکی فرە لایەنە... بۆیە نابێت بێ ئەو بگەڕێینەوە، چونکە گلەییمان لێ دەکات."

ئەمجا خۆیان ئامادە کرد بەرەو زەویە سەوزەکان و ۲ کۆڵەکە وتەختی شا سولەیمان. رۆیشتن ... دەشت و دۆڵیان بڕی تا گەیشتنەوە ولاتی خۆیان. هەواڵەکەیان گەیاندە شا سولەیمان. وتیان... کە تاجی شاهان گەیشتووەتە ناو کۆشکی شا...!! ئیدی هەواڵی نازانین. شا دنیای هەلگێڕایەوە. شا .... فەرمانی دەرکرد "ئادەی... جیهادە!"سوپای خۆی کۆ کردەوە و لە دەرەوەی شار دەواریان هەلدا... چونکە شا خۆشەویستی هاولاتیانی بوو هەر هاولاتیان بوو... چەکیان وەردەگرت و خۆیان ناونووسی دەکرد بۆ جەنگ. ئەمجا ئەو سوپا مەزنە، کەوتە رێ بەرەو مەملەکەتەی کوڕەکەی لێ گیرابوو. لەولایشەوە وەزیری تەگیری بۆ پاشا کردبوو، کە زوو بکەن لە کوشتنی ئەم لاوە، چونکە وێراوێتی بگاتە کچە پاشاو قسەی لەگەڵ کردووە. شا بە جەلادی وت:

"برۆ... له سەری ئەو.... خائینه.. بده."

ئەمجا پرسی به وەزیران کرد. هەر لەبەر ئەوەی نەڵێن فەرمانێکی پەلەی دەرکردووە. ئەمجا پاشا شیراندی به سەریدا:

"تاکەی خۆت دوا دەخەیت. لەجێبەجێ کردنی ئەو فەرمانەا؟"گەر جارێکی دی پرس بکەیت له ملت دەدەم. جەلاد دەستی شمشێرەکەی بڵند کرد که بدا له ملی تاجی شاهان. که خەڵکی هەموو هەڵ سڵەمینەوە، لەو دەنگه دەنگ و تەپ و تۆزەی قەراغ شار، بۆیه شا فەرمانی دا... لە ملدانەکە رابگرن...! بزانن.... ئاخۆ... بۆ خەڵکەکە دوکان و بازاڕ دادەخەن!؟ ئەمجا تەتەر هات و هەواڵی دا.... که ئەی پاشا.... سوپایەکی زۆر چوار دەوری شاریان داوە. هێنده زۆرن دەڵێی شەپۆلی دەریان...!زەوی له ژێر پێیان دا دەلەرێتەوە. پاشا سەری سوڕما ترسی له دەست دانی دەوڵەتەکەی لێهات. ئەمجا له وەزیری پرسی:

"ئاخۆ... سوپاکەمان... چوونەته بەرامبەریان بۆ جەنگین؟"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بۆیه بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٣٦

شەهرەزاد دەستی به گێڕانەوە کردەوە: هێشتا پرسیارەکەی تەواو نەکردبوو... که نوێنەری شا گەیشته لای که وەزیریشی له تەکیاندا بوو دوای سڵاو کردن پاشا وەڵامی دانەوە و رێزی گرتن. ئەمجا پرسی هاتنی ئەم سوپا مەزنەی کرد. وەزیر هاته پێش و وتی:

"ئەوە بزانن سوپای ئەم پاشایە، وەکو پاشایانی پێشوو... یان پاشایانی دواتر نییە."

ئەمجا پاشا پرسی:

"ئەم پاشایەتان کێیە؟"

وەزیر وتی:"ئەم پاشایە دادپەروەر و وڵاتەکەی ئاسایشە. که ئەوانەی دێنه وڵاتی به پاشای توانا و لێهاتوو، ناوی دێنن. ئەمە سولێمان شایە... خاوەنی زەوی سەوز و دووکۆڵەکه وچیای ئەسفەهان. زۆری حەز به دادی کۆمەڵایەتی و ویژدان پاکییە.... رقی له زۆرداری و دڵرەقیە. کوڕی ئەم شایە لەسەر زەوی تۆیە... پەرەی دڵی شا لای ئێوەیە و به سەلامەتی دەمانەوێتەوە.... ئەگەر وابوو، زۆر سوپاستان دەکات. ئەگەریش لای ئێوە تیا چوو بوو.... ئەوا مزگێنی کاول کردنی ئەم وڵاتەت پێ دەدەین! وڵاتەکەت به جۆرێك کاول دەکەین، که قەلەرەشی تیا بخوێنێ. ئەمه ئەوە بوو که پاشامان دەیویست پێت رابگەیەنێت."

ئەمجا شا شەهرەمان ترسی کاولکردنی مەملەکەتەکەی لێ نیشت. بۆیه قیژاندی بەسەر دەورووبەریدا وتی وەزیران و پیاوانی دەوڵەتم بۆ بانگ بکەن. ئەمجا فەرمانی دا..... که بگەڕێن بۆ ئەو لاوە. دوای کەمێك نوێنەرانی شا سولەیمان که بەوردی سەرنجی دەست

بەستراوەکەیان دا کە لە ژێر دەستی جەلادا بێهۆش بووە، ناسیاناوە، کە ئەوە تاجی شاهانە، پەلاماریان دا. دەستیان لە هەلمەفەی پەت دەرهێنا و کڕنووشیان بۆ برد. کە تاجی شاهان چاوی کردەوە، وەزیرەکەی باوکی ناسیەوە. زۆری پێخۆش بوو. شەهرەمان شا سەری لەم لاوە سوڕما! کە ئەم سوپا مەزنە، بە دوایدا هاتووە. ئەمجا چووە لای شازادە و سەری ماچ کرد و وتی:...

"لێم ببورن و بەزەییتان بە پیریەکەمدا بێتەوە و وڵاتەکەم کاول مەکەن."

تاجی شاهانیش لە وەڵامدا وتی:

"تۆ لە ڕێزەی باوکمدایت.... بەڵام تۆیش ئاگات لەشازادە دنیا بێت."

شەهرەمان شایش وتی:

"بێخەم بە... کە ئەمە ببیستێت..... خۆشحاڵ دەبێت."

ئەمجا وەزیری سولەیمان شای لە خۆی نزیك کردەوە و پەیمانی دایە... دیارییەکی بەنرخی پێشکەش بکات بەو مەرجەی ئەم دیمەنە بۆ سلێمان شا نەگێڕێتەوە.

ئەمجا فەرمانی دا.... تاجی شاهان ببەنە گەرماو و دواتر بە دڵی خۆی بی پۆشن. هەر زوویش بیهێننەوە. دواتر بە بەرگی نوێوە، هێنایانەوە ناو کۆڕەکەیان ئەمجا، تاجی شاهان کەوتە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی بۆ وەزیر و عەزیز.

عەزیزیش وتی:

"لەو کاتەوە... کە چوویتە کۆشك و سەرای شازادەوە و دیار نەمایت ئێمەش بە پەلە گەڕاینەوە، لای سولەیمان شای باوکت و هەواڵەکەمان پێگەیاند. باوکیشت ئەو سوپا مەزنەی پێکەوە نا... هات بۆ ڕزگار کردنت. ئەوە بووبووە هۆی دڵخۆشی ئێمە و تۆیش."

ئەویش وتی:

"هەمیشە ئێوە مایەی خێر و خۆشین."

کە شەهرەمان شایش چووە کۆشکی خۆی، هەواڵی شازادە دنیای پرسی: ڕووانی: مستووی شمشێرەکەی لە زەوی ناوە و سنگیشی خستووەتە سەر نووکی شمشێرەکە. دەگری و خۆی دەلاوێنێتەوە و دەڵێت:

"دەبێت دوای خۆشەویستەکەم منیش خۆم بکوژم."

کە باوکی بەو شێوەیە کچەکەی بینی هاواری کرد:

نەکەی بەزەییت بە باوکتدا بێتەوە". ئەمجا پێی وت: شازادە تاجی شاهان... خوازبێنی تۆی لێ کردووم."ئەمجا وتی:

"ئەم شوو کردنەش بە دەست خۆتە."

ئەمجا شازادە دنیا وتی:

"ئەی من نەموت: کە ئەمە شازادەیە؟ بەو خوایە دەبێت پێی بڵێم بە دارێکدا هەڵت بواسێت...!"

پاشای باوکی بە پێکەنینەوە وتی:

"کچم بەزمییت پێما بێتەوە، تا خوا بەزمیی پێتدا بێتەوە."

ئەمجا بە باوکی وت:

"خێراکە... برۆ ئەو لاوەم بۆ بێنە...."

باوکی وتی بە چاوان و ڕۆیشت لەگەڵ خۆیدا تاجی شاهانی هێنا. کچەکەی بەرەورووی ڕای کرد و بە بەرچاوی باویکەوە باوەشی پێدا کرد و وتی:

"زۆرم بیر کردیت!"

ئەمجا رووی کردە باوکی و وتی:

"تۆ کوڕی ئاوا.. شۆخ و شەنگت دیوە. شازادە و باوکی شا بێت!؟"

ئەمجا بە وەزیر و کۆمەڵە نوێنەری شا سولەیمانی وت:

"کە بڕۆنەوە بە شا رابگەیەنن، کە کوڕەکەی سەلامەتە و زۆر دڵخۆشە بە هاتنتان."

ئەوانیش بە دڵی خۆشەوە گەڕانەوە ناو سوپاکەیان ئەمجا فەرمانی دا کە وا سەربازگەی کاتییان بۆ دابین بکەن. خواردنیان بۆ بنێرن. ئەمجا ١٠٠ ئەسپ و ١٠٠ هێستر و ١٠٠ کۆیلە و ١٠٠ پیاو و ١٠٠ کەنیزەکیان ئامادە کرد و ناردیان و کردیانە دیاری بۆ شا سولەیمان. ئەمجا شەهرەمان شا و وەزیرانی و سەرکردە و پیاوانی دەوڵەت چوونە کەناری شار بۆ بەخێرهاتنی شا سولەیمان. ئەویش کە بە مەی زانی.... بەرەورووویان چوو. زۆری پێخۆش بوو کە کوڕەکەی سەلامەت و دڵخۆشە. ئەمجا زۆر ڕێزی گرت لە شا شەهرەمان و سفرە و خوانی بۆ ڕازاندنەوە. کەنان خورا میوە دانرا... دواتر نزیکەی کاتژمێرێك وتووێژیان کرد. هێندەیان زانی تاجی شاهان بە بەرگی شاهانەوە پەیدا بوو. کە باوکی بینی زۆر گەشایەوە و باوەشیان بە یەکدا کرد لەگەڵ پاشادا. دانیشتوان هەموو هەستان. ئەمجا لە نێوان هەر دوو پاشادا دایان نا. دواتر شا سولەیمان رووی کردە شەهرەمان شا و پێی وت:

"دەمەوێت شازادە دنیا بۆ ئەم کوڕەم بخوازم لێتان."

شەهرەمان شایش وەڵامی دایەوە، کە جێی شانازیەتی وپەسەندە. دواتر شەهرەمان شا... ناردی قازی و شایەت ئامادە بوون. هەر لەوێدا مارەبڕینەکەیان بە جێ گەیاند. دواتر تاجی شاهان رووی کردە باوکی و وتی:

"ئێمە عەزیزمان زۆر ماندوو کردووە کە یارمەتی ئەو نەبووایە بە ئاواتی خۆم نەدەگەیشتم. ئێستاش دەخوازم کاروانێکی بازرگانی لەکوتاڵ و شتومەك بە دیاری بۆ ئامادە بکەن و وڵاتی خۆی لێرەوە نزیکە. بە ڕێی بکەن."

سولەیمان شایش وتی:

"زۆر باشە کوڕم."ئەمجا فەرمانی دا باری ١٠٠ وشتر لە کوتاڵ و جل و بەرگی بۆ ئامادە بکەن و بە ڕێی بکەن. ئەمجا تاجی شاهان باوەشی پێدا کرد و وتی:

"ئەو دیارییە لە من وەربگرە. ئەی باشترین هاوڕێ و خوا حافیزت بێت."

ئەمجا کڕنووشی بۆ تاجی شاهان و باوکی برد و وتی:

"بە خوایە... لەبەر ئەو دایکە پیرەم نەبووایە... لەگەڵتان دەهاتم. بەڵام با هەمیشە هەواڵتان بزانم."

عەزیز بەڕێکەوت تا گەیشتە وڵاتی خۆی... ئەمجا بەرەو لای دایکی بووەوە. کە سەیری کرد دایکی گۆڕێکی لە حەوشەکەیاندا بۆ هەڵبەستووە و خۆی بە سەریدا داوە و خۆی دەلاوێنێتەوە:

| | |
|---|---|
| لە رووداوانا، گەلێ ئارامم | تەنیا پەژارەت بووەتە زامم |
| کێ بەرگەی دووری جەرگی دەگرێ؟ | بۆیەش لاوازە هەموو ئەندامم |

فرمێسکی لە چاو کەوتە خوارەوە.. بەدەم خوێندنی ئەم هۆنراوەوە:

| | |
|---|---|
| هەر چەندە سڵاو لە گۆڕی دەکەم | لەو یارە دەنگێ من کە نابیەم؟ |
| ئازیزم: هەی دا...ئالەم پەستییەم | کە من لەم گۆڕە پڕ نەگبەتیەم؟ |
| ئەم خۆڵە جوانی وادرازاندووم | چۆن بیر نەچمەوە؟ لەم غەریبییەم |

لەم کاتەدا ، عەزیز چووە بەرامبەری دایك کە بینی لەخۆشیاندا بوورایەوە. ئەویش برێ ئاوی بە روویدا پژاند. دایکی کە بە ئاگا هاتەوە، باوەشی پیا کرد بە خێری هێنایەوە و لێی پرسی... کە بۆچی ئاوا ون بوو؟ عەزیزیش چی بەسەر هاتبوو، بۆی گێڕایەوە، هەواڵیشی دایە: کە تاجی شاهان ١٠ باری وشتری پێ بەخشیوە! دایکیشی زۆر دڵخۆش بوو، بەو هەواڵە.

لەولایشەوە تاجی شاهان ، بووکی لە لایەن شا شەهرەمانەوە بۆ رازایەوە دیاری و بەخشیش و پێداویستی ڕێگای بۆ ئامادە کرا، تاکو سێ رۆژ لەگەڵیان رۆیشت ئەمجا خواحافیزی لێ کردن و تاجی شاهان و سوپا مەزنەکەی باوکی بەرەو وڵاتی خۆیان بوونەوە و ئەمیش گەڕایەوە شاری خۆی. لەولایشەوە چەند شەو و چەندرۆژ سولەیمان شا و سوپاکەی بەڕێوە بوو، کە گەیشتنەوە وڵاتی خۆیان. دەنگوباسی گەیشتنیان بە شاردا بڵاو بووەوە. شاریان رازاندەوە کە گەیشتن شا سولەیمان رۆژی دواتر چووەوە سەر کورسی حوکمڕانی. فەرمانی دا: بەندیەکانیان ئازاد کرد، بۆ ماوەی مانگێك ئاهەنگی ژن هێنانی کوڕەکەی گێڕا. یانەی ئاهەنگەکان کرانەوە. سەماکەران، گۆرانی بێژان کەوتنە سەما و گۆرانی وتن. ئەمجا تاجی شاهان ماڵی دایك و باوکی بە جێ هێشت و چووەوە کۆشکەکەی خۆی... ئەو کۆشکەکە شازادە دنیا چاوەڕێی دەکرد. بە خۆش و شادی ژیانیان بر تەمەنێکی فرەیان بردە سەر. دواتر خوا بردنیەوە بۆ خۆی.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........... بێدەنگ بوو.

# شەوی ١٣٧

## چیرۆکی زەنئولەکان، لە گەمارۆدانی قوستەنتەنیەدا

شەهرەزاد گێڕایەوە: لەو کاتەدا زەوئولەکان بە دندانی گەورە وەزیری وت:

"هی وەکو ئێوە دڵە تەنگەکان دەکەنەوە و هەمنشینی شاهان دەبن. باشترین تەگبیریان بۆ دەکەن."

گەمارۆکەیش چوار ساڵی خایاند، جەنگاوەران و ئەفسەران لە توانایاندا نەما و بیری کەس و کاری خۆیانیان دەکرد. بۆ زەوئولەکان ناردییە شوێن سەرکردەکاندا "بەهرام، رۆستەم، تورکاش."پێی وتن:

"ئەزانن ئەم هەموو ساڵە ماینەوە و بەئاواتمان نەگەیشتین. هەر خەم و پەژارە و ماندوو بوونمان زۆر بوو. لە بری سەرکەوتن براکەشم لە دەست دا ئەمە لە جێی ئەوەی تۆڵەی خوێنی شا عومەری کوڕی نوعمان بکەینەوە. هەموو هۆکارەکەیشی ئەو پیرەژنە فێڵاویە بوو. هەر ئەو لە وڵاتی خۆیدا سوڵتانی کوشت؛ خاتوو سەفیەی ژنیشی لەگەڵ خۆی فڕاند. بەوەشەو نەوەستا، شرکانی برای منیشی سەر بڕی. منیش سوێندم خوار تا تۆڵەیان بسەنمەوە.... نازانم ئێوە دەڵێن چی."

ئەو سێ سەرکردەیە سەریان داخست... دواتر وتیان:

"ئەو وەڵامە بە دندانی گەورە وەزیر نەبێ نادرێتەوە."

ئەمجا دندان لە زەوئولەکان هاتە پێشەوە و وتی:

"مانەوەمان سوودی نییە... با... بگەڕێینەوە وڵاتی خۆما. دواتر خۆمان ئامادەی جەنگێکی گەورەی وڵاتی "رۆم"دەکەین."

پاشا وتی:

"بیر و رایەکی پەسەندە.... سەربازەکان بیری خاو و خێزانیان دەکەن خۆشم بیری هەڵکەوتی کوڕم و رێکەوتی برازام دەکەم. کە ئێستا لێیان بێ ئاگام."

کە جەنگاوەران بەم هەواڵەیان زانی دەستیان کردە پاڕانەوە بۆ دندانی وەزیر و سوڵتان. ئەمجا جارچی جاڕی دا... جەنگاوەران خۆیان ئامادە بکەن کەدوای سێ رۆژی تر سوپا بار دەکات و بەرەو وڵات دەگەڕێتەوە دواتر دندانی وەزیر بووە پێشەنگی سوپا و پاشا لە ناوەڕاستدا و چەندین شەو و رۆژ بە رێگەوە بوون. تاگەیشتنەوە بەغدا. شار خرۆشاو بازاڕ و دوکانان رازێنرانەوە. ئاهەنگ گێڕا. دابڕاوان بەخێزانیان شاد بوونەوە. پاشا چووەوە کۆشک میران و سەرکردەکان گەڕانەوە ماڵی خۆیان... پاشا بە کوڕە ٧ ساڵانەکەی شاد بووەوە.

# چیرۆکی زەوئولەکان و توونچییەکە

شەهرەزاد وتی: ئیدی پاشا لەگەڵ هەڵکەوتی کوڕی چوونە گەرما وبۆ ڕۆژی دواتر، پاشا چووەوە سەر کورسی حوکمڕانی. دندان و وەزیران و سەرانی دەوڵەت لێی کۆ بوونەوە. پاشا ناردیە شوێن توونچی هاوڕێیدا کە هات و پاشای بەخێر هێنایەوە. پاشا ئامۆژگاری وەزیرانی کردبوو کە ئاگایان لە توونچی بێت و داواکاریەکانی بۆ جێبەجێ بکەن. کە سەیری کرد توونچی قەڵەو و خەپەتۆڵە بووە و بە هۆی خواردنی باشەوە ورگی پەیدا کردووە. ملی بە ٧ تەور نابڕێتەوە. ئەمجا پاشا بە سوعبەتەوە دەستێکی بۆ برد و پێی وت:

"چەند زوو منت بیر چووەوە!!"

ئەمجا توونچی بیری کەوتەوە. وردتر سەرنجی دا، ئەمجا هەستایە سەر پێ و وتی:

"ئەی خۆشەویستەکەم، کێ تۆی گەیاندە پاشایەتی!"

ئەمجا وەزیر چووە لایەوە ئامۆژگاری کرد."ئەم پیاوە براتە و هاوڕێتە. ئێستاش پاشای زەمانە ئەوە ئامۆژگاریت دەکەم گەر وتی... خوازیاری چیت؟ داوای شتی گرانبەها و سەنگین بکە! چونکە زۆری خۆش دەوێیت!"

توونچی وتی:

"ئەترسم داوای شتێکی لێ بکەم لای گران بێت و بۆی نەکرێت!"

وەزیر وتی:

"خوازیاری هەر چییەك بیت، بۆت جێبەجێ دەکات."

توونچی وتی:

"کەواتە....داوای ئەوەی لێدەکەم کە لە دڵمایە... لە خوا دەپاڕێمەوە کە بۆم جێبەجێ بکات."

وەزیر وتی:

"بە دڵی خۆت ئەوەش بزانە داوای هەرێمی دیمەشقی لێ بکەیت کەهی برا جوانەمەرگەکەی بوو.... پێشکەشت دەکات و دەتکاتە میری ئەوێ."

ئەمجا توونچی هەستایە سەر پێ. شا زەوئولەکان ئیشارەتی پێدا کە دابنیشێت، دانەنیشت و وتی:

"چۆن دەبێت لە ئامادە بوونتدا، من دابنیشم!؟"

پاشا وتی:

"ئێستا کە من دەژیم و ماوم بە هۆی تۆوە بووە. لەبەر ئەوەی داوای هەر شتێك بکەیت پێشکەشت دەکەم. بەڵام یەکەمجار داوا لەخوا بکە ئەمجا داوا لە من بکە."

توونچی وتی:

"گەورەم دەترسم."

پاشا وتی:
"هیچ مەترسە."
توونچی وتی:
"ئەترسم خوازیاری شتێك بم، تۆ ڕێم نەدەیت."
سوڵتان پێکەنی و وتی:
"ئەو شتە چییە؟ ئەگەر نیوەی مەملەکەتەکەیشم داوا بکەیت.... دەتکەمە شەریکی خۆم."
توونچی دیسان وتی:
"دەترسم."
سوڵتان وتی:
"مەترسە."
توونچی وتی:
"دەترسم توانات بە سەریدا نەشکێت!"
پاشا تووڕە بوو وتی:
"تۆ هێندەت لەسەرە داوا بکەیت."
ئەمجا توونچی وتی:
"حەز دەکەم بمکەیتە سەرۆکی هەموو توونچیەکانی شاری "قودس". ئەوەش بە دەرکردنی فەرمانێکی شاهانە."
چەند جارێك وەزیر نقورچی لێگرت، کە بێ دەنگ بێت. توونچیش خێرا خێرادەیووت: داوات لێدەکەم. ئەمجا کە زانی، پاشا ئەمەی بە دڵ نییە، گۆڕی و وتی.... داوات لێ دەکەم. پاشا وتی خێراکە....بڵێ. توونچی وتی..... دەمەوێت بمکەیتە بەڕێوەبەری خۆڵ ڕێژانی شاری "قودس"یا شاری "دیمەشق".
ئیتر دانیشتوانی کۆڕی پاشا خۆیان بۆ نەگیرا و دەستیان کردە پێکەنین. هێندە پێکەنین، کە هەندێکیان بە پشت دا کەوت. وەزیریش لە داخدا کەوتە لێدانی. توونچی ڕووی تێکرد و پرسی:
"گوناهم چییە وا لێم دەدەیت خۆت بە منت نەوت. داوای شتی گەورە بکە؟"ئەمجا وتی:
"ڕێم بدەن بگەڕێمەوە بۆ وڵاتی خۆم."
سوڵتان زانی ڕادەبوێری! ماوەیەك بێدەنگ بوو. ئەمجا خۆی چووە بەردەمی و وتی:"براکەم، داوای کاری مەزن بکە.. کارێك شیاوی شاهان بێت!"
ئەمجا توونچی وتی:
"ئەی پاشای زەمانە، لە خوا خوازیارم، ئەمجا لە بەڕێزتان کە بمکەنە جێگری خۆتان لە دیمەشق و لە شوێنی شرکانی ڕەحمەتی برات دام بنێیت."

ئەمجا پاشا وتی:

"ئەوە.....خوا ئەو پلەیەی پێ بەخشیت!"

چووەوە سەر کورسی پاشایەتی. فەرمانیشی دا.. کورسیەکی میرانەی دیمەشقی لە تەنیشت خۆیەوە، بۆ دابنێن. دواتر لای خۆیەوە داینا و فەرمانی بۆ دەرکرد و فەرمانیدا پێداویستی سەفەری بۆ دابین بکەن و برێ دیاری و پارەی دایە. ئەمجا رووی کردە وەزیر و وتی:

"دەبێت تۆ لەگەڵ ئەم فەرمانی شاهانەدا بڕۆیت و ئەمەم بۆ جێگیر بکەیت لەو سەریشەو "رێکەوتی"برازام بۆ بێنەوە."

وەزیریش وتی:

"بە چاوان"

ئەمجا دەستی توونچی گرت و لەگەڵ خۆی بردی.... تاکو شتومەکی سەفەری بۆ ئامادە بکات. ئەمجا شا فەرمانی دا، کە برێك خزمەتکار و کۆیلەی کۆشکی بدەنێ با لەگەڵ خۆی بیبات. ئەمجا رووی کردە وەزیرانی و وتی:

"هەر کەس منی خۆش دەوێت: با..... دیاری خۆی بداتە ئەم تازە میرە."

ئەمجا نازناوی موجاهیدی پێ بەخشی. کە ئەم رێورەسمە تەواو بوو لەگەڵ دندان چوونە دەرەوە. کە کاروان ئامادە کرا توونچی چووە لای شا بۆ خواحافیزی. پاشایش باوەشی پێدا کرد و ئامۆژگاری کرد کە لەگەڵ هاوڵاتیانی دیمەشقدا باش بێت. هەر لە ئێستاوە تا ٢ ساڵی تر خۆی و سوپای ئامادەی جیهاد بکات. ئەمجا ٥٠٠٠ کۆیلەی لە دیاریەکانی وەزیر و میرانی دەوڵەت کۆ کردەوە و "بەهرام"ی پێشەنگی "دەیلەم"و رۆستەمی پێشەنگی عەجەم و تورکاشی پێشەنگی عارەبانی دوا کەوت بۆ بەڕی کردن و گەیاندنی. کە دوو رۆژە رێ بە دواوەی بوون. ئەمجا گەڕانەوە بۆ بەغداد. سوڵتان "زبڵکان"کە ئەمە نازناوی سوڵتان زەونولەکان بوو، بە توونچی بەخشی بوو. چەند شەو چەند رۆژ بە رێگاوە بوو. تا گەیشتنە دیمەشق. پێش گەیشتنیان بە دیمەشق هەواڵەکە گەیشتبوو. کە پاشای گەورە سوڵتان "زبڵکان"ی کردووە بە سوڵتان و پلەی "موجاهید"ی پێبەخشیوە و بۆ دیمەشقی ناردووە. شاریان بۆ پێشوازی سوڵتان زبڵکان رازاندەوە و گەورە پیاوان چوونە بەخێرهێنانی و بە پیریەوە چوون. سوڵتانیش هەر گەیشتە دیمەشق و چووە سەرکورسی حوکمڕان، فەرمانی دا سامان و پارەی گەنجینە.... ببەخشنەوە بە سەر هەموو هاوڵاتیان و هەژاراندا. هەندێك پارەشی بە دیاری بەخشی بە دندانی گەورە وەزیر. بەڵام وەزیر وەری نەگرت و وتی:

"کە کاتی خۆی هات دەبێت برە داهاتێکی دیاری کراو بنێرێتە بەغدا و پارەی جەنگ بدەیت."

سوڵتان زبڵکان، کەوتە ئامادە کردنی کچە برازاکەی. ئەمجا لەگەڵ وەزیر بەڕێی کردن و ١٠ کەنیزەکی خستە شوێن و ماوەیەك لەگەڵیان رۆیشت ئەمجا کە گەڕایەوە ، سەرکردە

جەنگیەکانی بانگ کرد و پێی وتن کە دەبێت لەشکری دیمەشق ئامادە بکەن و مەشقیان پێکرابێت. تا ئەو دەمەی کە سوڵتانی گەورە، دەنێرێتە شوێن سوپاکە. لەولایشەوە، کاروانی دندانی گەورە وەزیر چەند شەو و رۆژ بەرێوە بوو...... تا گەیشتنە قەراغ شاری بەغدا. ئەمجا تەتەری ناردە لای شا زەوئولەکان. کە وا گەیشتوون. زەوئولەکان سوار بوو، خۆی و پیاوانی دەوڵەت چوونە پێشوازیان. دندان ویستی لە ئەسپەکەی دابەزێت و پێشوازی پاشا بکات. زەوئولەکان نەیهێشت. ئەمجا بە سواری خۆی هاتە تەنیشت وەزیر و ئەحواڵی سوڵتان زبڵکانی لێ پرسی و ئەویش رایگەیاند کە سەلامەتە. و وتیشی کە "رێکەوتی"شرکانی برای بۆ هێناوەتەوە. ئەمیش زۆری پێ خۆش بوو. کە گەیشتنەوە کۆشك فەرمانی دا... جارێ بحەوێنەوە و ماندوویان بحەسێتەوە.

## چیرۆکی زەوئولەکان و رێکەوتی برازای

دواتر زەوئولەکان چووە ژووری رێکەوتی برازای، کە ئەو دەمە کیژێکی جوانکیلەی ٨ ساڵانە بوو. زۆر دڵی پێی کرایەوە. لە هەمان کاتدا، خەمی براکەی لە دڵا نوێ بووەوە. ئەمجا فەرمانی دا جل و بەرگی جوانی بە بالا ببڕن و گوارە و بازنو ملوانکەی زیرینی بۆ بکەن. بیبەنە لای هەڵکەوتی کوڕی خۆی با پێکەوە گەشە بکەن و گەورە ببن. کە بوونە دوانەیەکی بەناوبانگ لە وڵاتەکەدا. رێکەوت کیژێکی ژیکەڵەی خاوەن ژیری و بە ئاگا لە دوا رۆژ و زیرەك دەرچوو. هەڵکەوتیش کوڕێکی قۆز و بەکار... هەرگیز گوێی بە ئەنجامی رەفتارەکانی نەدەدا....! پێکەوە دەچوونە دەرەوە بۆ سواری ئەسپ بوون و رمبازێن و شەرەشیر. تاکو تەمەنیان گەیشتە ١٢ ساڵان. ئەمجا زەوئولەکان، ناردیە شوێن وەزیردا، کە هات پێی وت:

"بۆ ئەوەم بانگ کردوویت، کە بیرت بخەمەوە کاتی خۆی بڕیارێکمان دابوو."

دندانی گەورە وەزیر پرسی:

"ئەو بڕیارە کامەبوو، ئەی شای زەمانە!؟"

پاشا وتی:

"دەمەوێت هەڵکەوت بکەمە جێ نشینی خۆم و بیبەمە مەیدانی جەنگەوە. تۆ دەڵێی چی؟"

دندانی گەورە وەزیریش وتی:

"حەز دەکەم ئەوە بزانی ئەی پاشای بەختیار..... خاوەنی بڕیار. ئەم کارەت بە لەبار نازانم، لەبەر دوو هۆ..... یەکەمیان هەڵکەوتی کوڕت زۆر منالە..... دووەم هۆیش... ئەوەیە

له دنیا وا بلاوه كه هەر پاشایەك جێ نشینی خستە شوێنی خۆی.... ئەوە....هێندەی پێناچێت دەمرێت!!"

## چیرۆكی نەخۆش كەوتنی زەوئولەكان و مردنی

پاشا وتی:

"ئاخر..... ئەوەش بزانە.... كە گەورە خزنەدار دەكەینە جێگری هەڵكەوت بۆ كاروباری دەوڵەت. چونكە ئەو پیاوە، خوشكی خۆم ژنێتی و زاوامە و یەكێكە لە ئەندامانی بنەماڵەكەمان و لە جێی براكەمە."

ئەمجا دندانی گەورە وەزیر وتی:

"كەوابوو چۆنت دەوێت وا بكە.... ئێمە پێ لە ملی فەرمانی تۆین!"

دواتر شا زەوئولەكان.. هەموو وەزیران و گەورە پیاوانی دەوڵەتی كۆ كردەوە و پێی وتن:

"ئێوە دەزانن هەڵكەوتی كورم، شۆڕە سوارێكی زەمانی خۆیەتی. چاپووك و شمشێروەشێن. ئازا و بە جەرگە. ئەوا دەیكەم بە پاشای دەوڵەت. گەورە خەزنەداریش كە مامەیەتی، كردمە نوێنەر و جێگری."

گەورە خزنەدار وتی:

"گەورەم من لە تەوقی سەرمەوە، تا بەری پێم لە چاكەی ئێوەدایە."

پاشاش وتی:

ئەی خەزنەدار... هەڵكەوتی كورم و رێكەوت ئامۆزان بە ئاگاداری ئێوە-ئەوە......ئەوانیشم لە یەكتر مارە بڕی.... ئێوە بە شایەت بن."

ئەمجا زەوئولەكان سامانێكی هێندە زۆری دایە كوڕەكەی‌كە زمان لاڵە لە ئاستی ژماردنیدا. ئەمجا چووە لای نوزهەتولزەمانی خوشكی و ئەم هەواڵەی پێدا. ئەویش زۆر خۆشحاڵ بوو و وتی:

"خوا تۆیان بۆ بهێڵێت تا هەتایە.... ئەوەش بزانە كە هەر دووكیان منالی خۆمن."

پاشایش وتی:

"من بەشی خۆم ژیام. بەڵام ئەوەی لە دڵما بوون. دڵ تەئمینم بوو لە كوڕەكەم. ئەوا كردم، بەڵام دەبێت تۆش چاوت لە دایكیەوە بێت."

ئەمجا گەورە خزنەداری راسپارد كە ئاگای لە كوڕەكەی بێت. ئیدی دوای ئەم كارانە، زەوئولەكان كەوتە سەر جێگا و نەخۆش بوو. تاكو خوا بردیەوە بۆ خۆی. گەورە خزنەداریش لە برێتی كوڕەكەی دەوڵەتی بەڕێوە دەبرد. دوای ساڵێك لە حوكمڕانی گەورە خزنەدار، رۆژێكیان بە ئامادەبوونی دندانی گەورە وەزیر رووی كردە هەڵكەوت و وتی:

"کوڕەکەم، مردن شەرمی لە کەس نییە منیش تەمەنێکی زۆرم بە سەر بردووە، بە هەموو ئاواتەکانم گەیشتووم تەنیا ئاواتێك نەبێت... کە ئەوەش لە تۆ دەخوازم.... جێبەجێی بکەیت."

هەڵکەوت وتی:

"بابە گیان... ئەو ئاواتە چییە؟"

گەورە خزنەدار وتی:

"کوڕەکەم ئەوە بزانە... دندانی گەورە وەزیریش وەکو باوکت وایە ئەگەر من مردم گوێ لەو بگرە. ئاواتەکەم ئەوە بوو کە پیرەژنێکی فێڵاوی سەر ئاسنینە لێمان پەیدا بوو. بۆ نەگبەتی بۆ خێزانەکەمان... شا عومەری کوڕی نوعمان کە باپیرەتە... هەروەها شرکانی مامەتی کوشت. ئێمە زۆر هەوڵمان دا بەڵام تۆڵەی ئەو خوێنانەمان بۆ نەکرایەوە. ئەگەر خوا سەری خستی بە سەریا.... ئەو تۆڵەیە بکەرەوە. بەڵام ئامان سەد ئامان ئاگاداری ئەو پیرەژنە سەر ئاسنینە فێڵاوییە ببە. فریوت نەدات. بۆ ئەو کارەش بە قسەی دندانی گەورە وەزیر بکە. چونکە ئەم پیاوە کۆڵەکەی ماڵەکەمانە."

زەوئولەکان ٤ ساڵ لە جێگادا کەوت بە نەخۆشییەوە. گەورە خزنەدار نەخۆشی زۆری بۆ هێنابوو. خەڵکەکە دەم بە نزا بوون بۆی. لەولایشەوە هەڵکەوت و ڕێکەوت ڕۆژ دەبووەوە سواری ئەسپەکانیان دەبوون و دەچوونە ڕمبازێن و شەڕەشیر و بە کارهێنانی قەڵغان و تیر هاوێشتن. ئێواران کە دەگەڕانەوە هەڵکەوت دەچووە لای دایکی و دەیبنی بە ژوور سەری باوکیەوەیە و خزمەتی دەکات و بۆی دەگری. ئەمیش شەوانە یارمەتی دەدا. کچەکەیش دەچووە لای دایکی. ڕۆژێکیان کە سەرئێشە زۆری بۆ زەوئولەکان هێنابوو..... بەمجۆرە خۆی لاواندەوە:

سەر دەمم ڕۆیشت... وا پووکامەوە — کەچی نەمردم و وا هەر مامەوە
بە هەرزەکاری تاقانە و قۆز بووم — زۆر باڵا دەست و پێشەنگی هۆز بووم
ئاخۆ پێش مردن کوڕم دەبینم — ببێتە پاشا و هەم جێ نشینم؟
دوژمن بشکێنێ، تۆڵە بسێنێ — بە شمشێر کۆتا بە دوژمن بێنێ
بە هەموو بارێ بەشم خوراوە — مەگەر ئەو خوایەم بێ بە هاناوە

دوای گریانێکی زۆر خەو بردیەوە. لە خەویدا، دڵیان خۆش کرد و وتیان: مژدە بێت.... هەڵکەوتی کوڕت پاشای زەمانەیە.... هاوڵاتیان لە ژێر ڕکیفی دان و زۆریان خۆش دەوێت. هێز و توانایەکی سەربازی مەزنی هەیە. کە بە ئاگا هاتەوە زۆر دڵخۆش بوو بەو خەونە. دوای چەند ڕۆژێکی کەم... ئیزرائیل لە دەرگای دا و ڕۆحی کێشا. ساڵان ڕۆیشت و ناوو بانگی لە بیر خەڵکی چووەوە. دوای چەندین ساڵ حوکمڕانی هەڵکەوت، دانیشتوانی بەغدا لێی هەڵگەڕانەوە و لەسەر حوکم لایان برد. ئەمجا پاشا و دایکیان دوور خستنەوە و بە تەنیا مانەوە.

دایکی هەڵکەوت، کە بینی ژیانی شپرزە بووە هەژار کەوتوون، وتی:

"چارەم نییە دەبێت روو بکەمە قاپی گەورە خزنەدار.... بە پەنای پەروەردگار ئەمجا خۆی پێچایەوە و کەوتە رێ تا گەیشتە ماڵی گەورە خزنەدار کە چووە ژوور. رووانی گەورە خەزنەدار هێشتا لە جێگاکەیدایە. ئەمجا چووە لای نوزهەتولزەمانی ژنی و زۆر بە سەریدا گریا و پێی وت:

"هەر کەسێك مرد ئیتر بێ هاورێ و کەس و کار دەمێنێ! خوا هیچ خراپەیەك بە سەر ئێوەش نەهێنێ. ساڵانێکی زۆرە: ئێوە دادپەروەرانە حوکمرانی دەکەن...خۆ... بە چاوی خۆتان بینیتان کە ئێمەش لە چ ژیانێکی خۆشدا بووین. ناوبانگی ئێمەتان بە گوێی خۆتان بیست کە چەند دادپەروەر بووین. ئێستا ژیانمان هەڵگەڕاوەتەوە و زەمان غەدری لێ کردین. ئەوەتا وا روومان لە ئێوە کردووە. خۆت دەزانیت کە مرد پیاوی خێزان.... ژنان و کچان چۆن دەبن سەرگەردان ئەمجا ئاوا خۆی لاوانەوە....

| | |
|---|---|
| بەسە مردنی سەرسوڕهێن هەیە | بۆ مردنی کوانێ عومر و شوێن هەیە |
| رۆژانی عومریش قۆناغ قۆناغە | رۆژانی خۆشی خەفەت هێن هەیە |
| پووکانەوەی دڵ: نە وەکو ئازیز | لە شوێنی بەڵا، دیارە خوێن هەیە |

کە نزهەتولزەمان، ئەم شیعرەی بیست زەوئولەکانی برای و کوڕەکەی بیر کەوتەوە. ئەمجا باوەشی پیاکرد و وتی:

"وا مەزانە..... ئەوەی ئێمە دەتدەینێ خێرە پێت دەکەین... چونکە.... سامان و پارەی ئێمە هەمووی هی زەوئولەکان بووە. بۆیە: ماڵ ماڵی خۆتە. هەر چیمان هەیە پێکەوە دەیخۆین."

ئەمجا جل و بەرگی نایابی بۆ هێنا و پۆشی. هەڵکەوتیشی پۆشتە کردەوە و بە گرانترین جل و بەرگ. هەر بە تەنیشت کۆشکەکەی خۆیانەوە خانووی بۆ رازاندنەوە، چەندین خزمەتکار و کەنیزەکی بە دیاری بۆ بردن. ئەمجا داوای لێ کرد، کە خەتمە بۆ زەوئولەکان بکات. شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٣٨

# چیرۆکی هەڵکەوت و رێکەوت

شەهرەزاد گێڕایەوە: لەولایشەوە هەڵکەوت و رێکەوتی کچە ئامۆزای گەورە بوون. تاوەکو دوو لقی درەختی بەرداریان لێهات. یان دوو مانگی چواردە تەمەنیان پازدە ساڵان بوو. کە رێکەوت کیژە جوانکیلەی بەناوبانگ و تاك لە وڵاتدا. خوا، هەموو جوانیەکانی تیا کۆ کردبووەوە. هەڵکەوتیش تاکو بڵێی فۆز و شۆخ بوو. ئازایەتی لە چاوانیدا دەبریسکایەوە.

تازە مووی سەیر هەڵدابوو. هەڵکەوت وەکو جاران چووە لای نوزهەتولزەمانی پووری و سڵاوی لێ کرد و پێی وت:

"پوورێ ئەوە کەی مامەمە پەیمانەکەی خۆی بەجێ دێنێ و ئامۆزاکەمم لێ مارە دەکات."

پووری وەڵامی دایەوە:

"کوڕم پێویستە هەندێ هەواڵت بدەمێ کە نەدەبوو پێت بڵێم."

هەڵکەوتیش وتی:

"بڵێ!"

ئەویش وتی:

"خەزنەداری باوکت باوکی ڕێکەوتی کچە ئامۆزایشتە. ئەگەر هەر پێ دادەگریت بە دزیەوە دەی دەمە دەستت بە مەرجێ نەگەڕێیتەوە. ناومان."

هەڵکەوت کە ئەمەی بیست زمانی بەستراو بێدەنگ چووە دەرەوە. هاتەوە بۆ لای دایکی خۆی. پووری چی پێ وتبوو بۆی گێڕایەوە. ئەمجا وتی:

"ئاخر ئەوە ئامۆزام و حەقی خۆمە، بۆ من بێت!"

دایکیشی وتی:

"بێدەنگ بە کوڕم. با ئەم هەواڵە نەگاتە گوێی ساسان شا. چونکە ئەگەر ببیستێت، بێ بەشت دەکات لەو ئامۆزایەت و لەناوت دەبات و ئەگەر ئەم ئێوارەیە، ئەو نانمان بۆ نەنێرێت، ئەوا لە برسانا دەمرین و بە سوال کردن ڕسوا دەبین."

کە هەڵکەوت ئەمەشی لە دایکی بیست فرمێسك بە چاوانیدا هاتەخوار و ناڵانی وتی:

"ئیدی کارێکم بەم پوورەم نەماوە. ئەم بنەماڵەیە بە جێ دێڵم و دەچمە قەراغ شار دادەنیشم."

ئیدی چارناچار دایکی شوێنی کەوت و چوونە قەراغ شار. دایکی بە دزیەوە، ڕۆژانە دەچووەوە ماڵی ساسان شا و خواردن و پێداویستی ماڵی دەهێناوە. لەوێش بوونە دراوسێی کۆمەڵە چڵێت و دەم ڕووتێك. لەم لایشەوە ڕێکەوت چووە بن کڵیشەی پوورییەوە و لێی پرسی:

"پوورە دەنگوباسی کوڕەکەت چییە؟"

ئەویش وتی:

"کچەکەم بەخوا، دڵتەنگ و چاو بە گریانە."

ڕێکەوت وتی:

"بەخوا پوورێ گوناهی خۆیەتی. خۆی بێبەش کرد، لە چاکەی باوکم، ئاوا دوورکەوتەوە. خوا بکات ڕۆژێك بێت لێك دابڕاوەکان پێك بگەنەوە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو...... بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٣٩

# چیرۆکی سەفەرەکەی رێکەوت

شەهرەزاد گێرایەوە: کە دایکی هەڵکەوت ئەمەی بیست سوپاسی کرد کە چووەوە لای هەڵکەوت بۆی گێرایەوە. شەوان رۆیشتن و رۆژان هاتن. تا تەمەنیان بووە ١٧ساڵان. ئیدی کوڕی بووە لاوێکی گەورە بۆشناخ. شەوێکیان کە خەوێ نەدەچووە چاوان بە خۆی وت:

"بۆ دەبێت بێدەنگ بم، هەژاری نەبێت... خەوشێکم نییە!؟ نەسیبم لێرە نەماوە و نە هاوڕێم هەیە... نە کەس و کار! شاخ و دەشت و دۆڵ دەگرمە بەر جێی دێڵم وڵات... تاکو غەریبی لەناوم دەبات."ئەم چەند دێڕەی بە دەمدا هات:

| | |
|---|---|
| با دڵەکوتێم هەر بەرەوبان بێت | نەکو رسواییم پێ ئاوێزان بێت |
| سەر دەنێمەوە، خۆم رزگار دەکەم | حەز و ئارەزووم، گۆڕە و شار دەکەم |
| بە سینەی ساف و بە خەندانەوە | بۆ زۆران دەچمە گۆڕەپانەوە |
| بە شوانی بەرغەل: دێمەوە لاتان | دەبمە لاوێکی وەك جاری جاران |

ئەمجا بە پێی پەتی و بە سەری قۆتی و کراسێکی نیوە قۆڵەوە کەوتە رێ و ٣ رۆژ بەرێوە بوو، خواردنی تەنیا یەك کولێرە بوو. بە تاریکی شەویش هەر دەرۆیشت، تا گەیشتە بەردەم یەکێ لە دەروازەکانی شاری بەغدا. چاوەڕێی کرد.. بەیانی هەر دەروازە والابوو.... هەڵکەوت یەکەم کەس بوو، لە بەغدا چووە دەرەوە رۆیشت، شەوی بە سەردا هات ئەو هەر رۆیشت. دایکیشی لەو لاوە هاواری لەبەر بڕا. ئەم لا هەڵکەوت.. ئەولا هەڵکەوت دیار نەما. دنیای لێ بوو بە کونە مشك!! رۆژی یەکەم و دووەم و سێیەم چاوەڕێی بوو. کوڕەکەی هەر نەبوو. بوو بە ١٠ رۆژ هەواڵی نەبوو بۆیە هاواری لێ هەستا و وتی:

"کوڕەکەم...دڵم لە دووریت تەقی. خۆم خەمەکەم کەم نەبوو، ئەمەی تۆش چووە سەر. خەو ناچێتە چاوم ئاخر.... روو بکەمە چ وڵاتێك بانگت بکەم. ئاخۆ... لە کوێ هەوارت خستووە؟"ئەمجا بەم هۆنراوەوە... خۆی لاواندەوە:

| | |
|---|---|
| زانیم دابڕان دەمان رزێنێ | شەختەی دووری تۆ هەڵمەوەرێنێ |
| خۆتان رۆیشتن منتان لێ جێما | هەنگاوی ناو "لم"وا دەم مرێنێ |
| کوترێ نیوەشەو گمەی بۆ کردم | وتم: قەت نەکات: خۆی بگرێنێ |
| ئەگەر هێندەی من خەمت بوایە | نە "میل"لە "مل"بووی: نەپێ: بە خەنێ! |
| کە تاك دەمێنم: دەورم چۆڵ دەبێ | پەژارەی دووریت زۆرم بۆ دێنێ |

ئەمجا مانی گرت لە خواردن و خواردنەوە. گریان و فرمێسکی چاوانی پتر بوو ئەوە بوو بە "گرینۆك"ناسرا. خەڵکیش بۆی دەگریان. بە یەکتریان دەوت:

"زەوئولەکان لە کوێی تاکو هەڵکەوتی کوڕت...! بەم شێوەیە ببینی!؟"

یان گلەییان لە زەمانە دەکرد یان لە خۆیان دەپرسی:

"ئاخۆ... هەڵکەوت چی کردبوو. ئاوا.. لە وڵاتەکەی دوور کەوتۆتەوە!؟ باوکی ئەو برسیەکانی تێر دەکرد. هەمیشە فەرمانی بە ئاسایش و دادوەری بوو."دایکیشی فرمێسك لە چاوانی نەدەبڕا. هەواڵی "کان ماکان"گەیشتەوە لای شا ساسان. بەهۆی گەورە پیاوانییەوە پێیان راگەیاند:"نەوەی پاشامانە و لە شا عومەری کوڕی نوعمانە. بیستوومانە کە تەرەی وڵاتان بووە."کە شا ئەمەی لێ بیستن لە هەموویان تووڕە بوو. یەکێکیانی لە سێدارە دا.... تاکو هەموویان بترسن و کەس بە خراپە باسیان نەکات. ئەمجا ... فەرمانی دا.... کە بگەڕێن بە شوێنی "کان ماکان"دا. ناردی بە شوێن تورکاشدا... فەرمانی پێدا کە ١٠٠ شۆڕە سوار لەگەڵ خۆی ببات و بگەڕێت بە شوێنیدا. تورکاش بە خۆی ١٠٠ سوارەوە. کون و کەلەبەری وڵاتیان پشکنی.... بێسوود بوو. دوای ١٠ رۆژ هەواڵی دایە پاشا کە هیچیان دەستگیر نەبووە، لە هەواڵی "کان ماکان". ساسان شا زۆر دڵتەنگ بوو، بەو رەفتارە خراپەی دەربارەی کردبووی. دایکی "کان ماکان"هێندە دەگریا و دەیلاوانەوە. کە جێی بە خۆی نەدەگرت. لەولایشەوە "کان ماکان"کە سەری خۆی هەڵگرت ٣ رۆژ بەڕێوە بوو. لە گژ و گیای دەخوارد و لە رووبار و کانیەکانی خواردەوە چووە سێبەری درەختان نە سوارێك نە پیادەیەکی نەدی. ئیدی خۆشی نیشتمانەکەی خۆی بیر کەوتەوە. دایك و باوکی بیر کەوتەوە. ئەمجا چاری نەما. رێگاکەی گۆڕی و چووە سەر رێگەیەکی دی. ٣ رۆژیش بەو رێیەدا رۆیشت. ئەمجا رەز و کێو و شاخی بینی... رووەك و رەز و باخی بینی. ئاوازی بولبولانی بیست.... گەشە و نەشەی لالەزارانی دی. بە دەم هەنسك دانەوە.... کەوتە لاوانەوە:

وا سەرم هەڵگرت: بگەڕێمەوە      بەڵام نازانم کە کەی دێمەوە؟
شتێ نەماوە، دل تاسەی بکا      رێگەم پێ بگرێ و سەر نەنێمەوە

دوای گریانێکی زۆر دەسکە گیاکەی دەستی خوارد و لەسەر ئاوێك کەوتە دەستنوێژ شتن و نوێژ کردن و گێڕانەوەی نوێژەچووەکانی. ئەمجا پاڵی دایەوە تاکو ماندوویی دەربچێت. بە درێژی ئەو رۆژە پاڵی لێ دایەوە، ئێوارە کە نووست نیوەشەو، بە ئاگاهاتەوە. گوێی لە کەسێك بوو.... ئەم شیعرەی دەوت:

خۆزگە بەهار و گوڵ دەهاتەوە      چونکە دەماخ و دڵ دەکاتەوە
مەی خۆی فرسەتە: زەوی گوڵ رەنگە      بە سەردا وادێ شەپۆلی تاڤگە

کە "کان ماکان"ئەمەی بیست، کەوتە هەنسك دان. ئەمجا بۆ شیعر خوێندنەوەکە کەوتە گەڕان. چونکە تاریك و ئەنگوستە چاو بوو کەسی نەبینی. ئەمجا شۆڕ بووەوە، بە دۆڵەکەدا بە کەناری رووبارەکەدا رۆیشت. دیسان گوێی لە خوێندنەوەی شیعر بوو:

گەر دڵت پڕە و ناوێریت بگری      فرمێسك برژێنە، نەبادا بمری !
گەر یاری خۆت بوو...پەیمانت دایە      تا دەمری.. دەبێ پەیمان راگری
دڵە: تۆ بڵێی: پێی شاد بیتەوە؟      جارێ تر... یارت لە ئامێز گری؟

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

# شەوی ١٤٠

## چیرۆکی کان ماکان و دەشتەکییەکە

شەهرەزاد گێڕایەوە: کە کان ماکان ئەم شیعرانەی بۆ جاری دووەم بیست تێگەیشت، کە بێژەرەکەی عاشقێکە، وەکو خۆی خەمناك ! ئەم چۆن تووش بووە، ئەویش هەروەها! لە دڵی خۆیدا وتی: بە راستی ئەمە ئەو کەسەیە من بۆی دەگەڕام و هەر زوو هۆگری یەکتر دەبین، بۆ ئەم تەنیاییەم باشە. بۆیە هاواری کرد:

"ئەی رەوتەنی شەوانی ئەنگوستە چاو.. لێم نزیك وەبە.... بەسەرهاتی خۆتم بۆ بگێڕەوە، رەنگە یارمەتی دەری ئەو بەڵایەت بم کە تووشت بووە."

کە خاوەن دەنگەکە، ئەمەی بیست، پرسی:

"ئەی ئەوەی پەیمان دەدەی... گوێ بە چیرۆکم بدەی.... مرۆڤی بەهەستیاری...... یا جنۆکەی شاخداری.... بیست رۆژە دەڕۆم بەڕێوە.....لەم دەشت و ئا لەم کێوە..... نە سواری نە رێبواری...... کەسم نەدی بە پێوە!!"

کان ماکان کە ئەمەی بیست بە خۆی وت: ئەمیش هەمان بەسەرهاتی منی هەیە...... چونکە منیش ٢٠ رۆژە کەسێکم نەدیوە. وا باشە بێدەنگی لێبکەم تاکو رۆژ دەبێتەوە. ئەم لەم سێ دووەی خۆیدا بوو کە دەنگەکە دیسان هاواری کردەوە:

"ئەی دەنگ گەر جنۆکەیت: برۆ، بە رێی خۆتەوە گەر مرۆڤیشی، لێرە بمێنەوە، تاکو رۆژ دەبێتەوە."

ئیتر ئەو شەوە هەر شیعریان بۆ یەك خوێندەوە و بە سەر یەکدا گریان!! کە رۆژ بووەوە دنیا رووناك بووەوە. لاوێك هاتە سەر "کان ماکان"... رووانی لاوێکی ٢٠ ساڵانە، جلێکی شڕی لەبەر دایە شمشێرێکی ژەنگاوی بە پشتوێنەوەیە. ئەمجا پێی وت:

"ئەی لاو ئەوە تۆ کێیت؟ خەڵکی کوێیت؟ لە کام تیر و هۆزی عەرەبە دەشتەکیەکانیت؟ کە ئاوا .... پاڵەوانیت و بەم شەوە زەویت بە کۆڵەوە گرتووە و ناترسیت!؟ ئەم کارەی تۆ کاری شۆڕشە سوارانە! ئێستاش، گیانی تۆ بە دەستی منە..... بەڵام من دەتکەمە هاوڕێی خۆم، دەبێت تۆیش پەزێرایی من بکەیت."

کان ماکان کە ئەم پێ چاو و روییەی لێ بینی... زانی ئەمە چاوی برپوەتە شتومەکی. بە زومانێکی شیرین و نیانی وتی:

"ئەی پیاو چاکی عەرەب، تۆ کەم تەمەنیم وەلاوەنێ. پێم بڵێ: بە دەم وتنەوەی ئەم هۆنراوانەوە، چی دەکەی بەم بیابانەوە؟ بۆچی تۆ کێیت، کە ئاوا فەرمان دەدەی بە سەرمدا: پەزێرایت بکەم!؟"

ئەویش وتی:

"من سەباحی کوڕی ڕەماحی هەمامم.... خەڵکی وڵاتی شامم! کچە ئامۆزایەکم هەیە ناوی "نەجمە"یە. کاتی خۆی مامەم پەیمانی بە باوکم داوە کە کچەکەیم لێ مارە بکات. دواتر باوکم مرد...... مامم منی بە خێو کرد. کە هەر دوکمان گەورە بووین..... لە یەکتری دوور خستینەوە! چونکە من هەژار بووم. سەرۆك هۆزەکانم کۆ کردەوە و ناردم بۆ خوازبێنی بۆ لای مامم...... ئەویش، بەلایەوە ناشیرین بوو..... دەست بنێ بە رووبانەوە....! بۆیە رازی بوو.... بەڵام ئا بەم "مارەیی"یە!: ٥٠ سەر ئەسپ. ٥٠ وشتر. ٥٠ باری وشتر گەنم. ٥٠ باریش جۆ. ١٠ کۆیلە. ١٠ کەنیزەك.

بەجۆرێك باری شانی قورس کردم کە بۆم بار نەکرێت. بۆیە لە شار دەرچووم. تاکو بکەومە شوێن کاروانیەکی بازرگانی تاکو هەڵکوتمە سەریان، هەموویان بکوژم. ئەمجا بارەکان بۆ مامەم بنێرم...!! ئەی ..... باشە بەسەرهاتی تۆ چییە!؟ نەگبەتە!؟"

"کان ماکان"وتی:

"بەسەرهاتی منیش وەکو بەسەرهاتی تۆیە....! بەڵام کێشەکەی من: زۆر ترسناك ترە... لە کێشەکەی تۆ...! چونکە ئامۆزاکەی من کچە شایە.... نایدەن بە کەسێك شا و شازادە نەبێت."

سەباح وتی:

"دەی بزرکێنیت...!! ئەگەرنا، شێوەی شازادەیی بە رووخسارتەوە دیار نییە. تۆش چڵێتی!."

کان ماکان وتی:

"پیاوی باشی عەرەب... ئەوەی چوو.... چوو.... ناوم کان ماکانە کوڕی زەوئولمەکانم ئەویش کوڕی شا عومەری کوڕی نوعمانە. کە خاوەنی بەغدا و زەوی خۆراسانە. زەمانە شەقی تێ هەڵداین. ئەوە بوو: باوکم مرد و شا ساسان چووە شوێنی. منیش نەمهێشت کەس بم بینێ ولە شار هاتمە دەرەوە.... ئەوە ٢٠ ڕۆژە بەڕێوەم لە تۆ زیاتر کەسی دیم نەدیووە. لەبەر ئەوە: بەسەرهاتی هەر دووکمان وەکو یەکە."

ئەمجا سەباح هاواری کرد:

"خۆشی لە خۆم... کە ئاوا کوڕە شایەکم دەست کەوت...! لە جل و بەرگی خوێریەکاندا پێشم بکەوە دیارە پارەیەکی چاکت بە ناوچاوانەوەیە... ئێستا بەرەو وڵاتی خۆتت دەکەمەوە و سەرانەیەکی باش لە مامەت لە تۆڵەی تۆدا وەردەگرم!"

کان ماکانیش وتی:

"کاری وامەکە. ... چونکە بە پوولێکی قەڵب منیان ناوێت. چونکە من کەسێکی هەژرام. کەم و زۆر هیچم نییە. وەرە با لە عێراق دەربچین.. دەستی یەك بگرین و بڕۆین."

سەباح کە ئەمەی بیست توند بوو تێی خوڕی:

"سەگە پیس.... ئەوە چەلەحانێم لەگەڵ دەکەی؟ پشتم تێ بکە دەی! با... نەکەومە لێدانت."

کان ماکان وتی:

"چۆن پشتت تێ بکەم بێ ویژدان!؟ خووخدەی عەرەب بەم شێوەیە نییە! خۆ... منت لە گۆڕەپانی جەنگدا تاقی نەکردۆتەوە، کە ئاخۆ.... ئازام یان ترسنۆك!؟"

سەباح بزەیەك هاتە سەر لێوانی و وتی:

"چەند سەیرە. تۆی منداڵی کەم تەمەن!! چەندە قسەکانت قەبەن!؟ چونکە ئەمە قسەی پاڵەوانانە. چیت لە ویژدان داوە؟"

کان ماکان وتی:

"ئەگەر دەتەوێت بمکەیتە کۆیلەی خۆت فەرموو جل و بەرگت سووك بکە و شمشێر فڕێدە و وەرە مەیدانم. هەر کەسێکمان زاڵ بووین، دۆڕاو دەکەینە کۆیلە!!."

سەباح بە پێکەنینەوە وتی:

"وا دیارە ملت لە شمشێر دەسوویت!"

ئــەمجا شمشــێرەکەی فــڕێ دا و قەڵــەمبازێکی دا ودای بــە لای کــان ماکــان دا. چــەند پەلامارێکی یەکتریان دا. دەشتەکەی زانی کە کان ماکان بە توانایە. پێیەکانی زۆر توندن لە زەوی، هەر وەکو کێو دەچەسپن! زانی کە سەرکەوتوو نابێت. لە دڵی خۆیدا وتی:

"خۆزەگە، بۆی دانەبەزیمایە!! بم وتایە.... شەڕە شمشێرت لەگەڵ دەکەم... لەو کاتەدا کان ماکان هەر دوو مەچەکی گرت و رایوەشاند. دەشتەکی هاواری کرد دەستم بەر بدە. ئەویش گوێی بە قسەکانی نەدا و بڵندی کردەوە، ویستی فڕێی بداتە رووبارەکەوە، سەباح هاواری کرد:

"ئەوە نیازی چیت هەیە؟"

ئەویش وتی:

"دەمەوێت فڕێت بدەمە رووبارەکەوە، تا بتباتەوە بۆ رووباری دیجلە، تا دیجلەش بتباتەوە بۆ رووباری "عیسا"ئەویش بتخاتە رووباری فوراتەوە. لەوێشەوە بۆ وڵاتی خۆت تاکو خێڵەکەت ویژدان وهاوڕێیەتیەکەت ببینێ."

سەباح هاواری کرد:

"ئەی پاڵەوان.... تۆ دووری لەتاوان....! بم بەخشە بە باووباپیرانت."

کان ماکان لەسەر سنگی لاچوو. ئازادی کرد، سەباح سەیرێکی شمشێر و قەڵغانەکەی خۆی کرد. کان ماکان رووی تێکرد:

"گەر لەسەر پشتی ئەسپێك بوویتایە... ئەسپەت غار دایە....بەو شمشێرەت پەلاماری منت بدایە دەتوانی منت بکوشتایە! ئێستاش نەچووە، بێ. ئاواتەکەت دەکەم جێبەجێ.

بێنە قەڵغانەکەم بەرێ.... تۆش شمشێرەکە دەست بەرێ... دەکەوینە شەڕ و بێنەوبەرێ!
یان دەمکوژی.... یان دەتکوژم."
سەباح قەڵغانەکەی هەڵدایە بەردەمی کەوتە پەلاماری کان ماکان. ئەویش قەڵغانەکەی بە دەستە راستەوە گرت و کەوتە بەرگری کردن لەخۆی. سەباحیش کەوتە وەشاندنی شمشێر، تاکو دەستی ماندوو بوو. کە "کان ماکان"بە ماندووبوونەکەی زانی: پەلاماری دا و بە زەویدا دا....! شمشێرەکەی لێ سەند و هەر دوو قاچی راکێشا و بەرەو رووبارەکە. سەباح هاواری لێ هێستا:
"ئەی پاڵەوانی بە توانا شێر لە مەیدانا... دەتەوێت چیم لێ بکەیت!؟"
کان ماکان وتی:
"ئەی کاتی خۆی نەمووت.... بەو رووبارەدا، دەتنێرمەوە بۆ ماڵی باوکت، تا..... هێندە خەمی تۆ نەخۆن!؟"
ئەمجا سەبا دەستی کردە گریان و وتی:
"ئەی پاڵەوانی مەچەك قەویلە.... مەمکوژە و لای خۆت بمکە بە کۆیلە."
بەم شیعرانەوە.. کەوتە پاڕانەوە:

بێکەس و بێدەر، وای ئاوارە خۆم | مردووی بێنازی ئەم هەوارە خۆم
جۆرێ دەم نێژن، کەس پێم نەزانێ | شەهیدی دەستی ئا.... ئەو یارە خۆم

ئەمجا کان ماکان لێی پرسی:
"پەیمانم دەدەیتێ ببیتە هاوڕێم... لەگەڵما دەبیت، هەر چۆن بگەڕێم؟ قسەم ناشکێنی و دەست بێنیتە رێم؟ "
سەباح خێرا وتی:
"بەڵێ.... پەیمان دەدەم."
کە هەستایەوە، سەر پێ ویستی دەستی قاچ بکات. بەلام ئەم نەیهێشت. ئەمجا نانە بەرەکەی کردەوە، ٣ کولێرەی جۆی پێ بوو. لەبەردەم کان ماکاندا داینا. لەسەر لێواری رووبارەکە دانیشتن و نانیان پێکەوە خوارد. ئەمجا دەستنوێژیان هەڵگرت و نوێژەکانیان کرد. کەوتنە گێڕانەوەی بەسەرهاتیان بۆ یەکتری. کان ماکان لێی پرسی:
"تۆ دەتەوێ بۆ کوێ بچیت!؟"
سەباح وتی:
"دەمەوێت بێ سەر ئێشە بچمەوە بۆ بەغدا."
ئەمجا کان ماکان رێگای بەرەو بەغدای پیشان دا و ، خواحافیزی لێ کرد. کە ئەو رۆیشت ئەمیش لەدڵی خۆیدا وتی:
"بەلام من نابێت، مایە پووچ بگەڕێمەوە! خوا یار بێت. خوا دەروویەکم لێ دەکاتەوە."
ئەمجا ٢ رکات نوێژی شوکری کرد و لە "کڕنووش"دا: نزای خوای کرد:

"ئەی ئەو خوایەی: باران دەبارێنیت: لەسەر بەردی رەق: "رۆزی"بۆ "کرم"دێنیت!!
خوایە رۆزی منیش بدە."

ئەمجا خەمی رێگا دای گرت. نەیدەزانی بەرەوکوێ بروات.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٤١

## بەسەرهاتی کان ماکان و غەسانی سوارچاك

شەهرەزاد گێرایەوە: لە کاتێکدا کان ماکان: سەیری ئەم لاولای خۆی دەکرد. سوارێکی لە دوورەوە بینی، کە بە گران خۆی بە سەر ئەسپەکەیەوە بۆ راگیر دەکرا....! ئەمیش هەستایە سەر پێ و چاوەروانی بوو. درەنگانێ گەیشتە لای ئەم. کە هەر وەکو بریندارێکی سەخت بێت و چاوەرێی گیان دەرچوون بکات. کە گەیشت بە کان ماکانی وت:

"پیاوی چاك بە.... بمکە هاورێی خۆت و قومێ ئاوم بدەرێ. هەر چەندە دەزانم ئاو خواردنەوەی خوێن لەبەر رۆیشتوو زۆر خراپە ئەگەر زیندوو بوومەوە پاداشتی ئەم چاکەیەت دەدەمەوە گەر مردیشم ئەوا، تۆ چاکەی خۆت کردووە."

ئەسپێکی لە ژێردا بوو، زمان لاڵ بوو لە ئاستی وەسف کردنیدا...! چوارپەلی دەتوت: مەرمەرە و لە زەوی چەقیوە! کە کان ماکان ئەسپەکەی سەرنج دا، لە دڵی خۆیدا وتی:

"ئەمە ئەسپێك نییە.... بە ئاسانی دەست بکەوێت.

قومێ ئاوی دایە. ئەمجا چاوەرێی کرد... بحەوێتەوە. دواتری لێی پرسی:"کێ ئەمەی بە سەر هێنایت!؟"

ئەویش وتی:

"راستیەکەیت پێ دەڵێم! من دزی ئەسپی رەسەنم، شەوانە دەچمە دزینی. من "غەسان"م دزی "ئەسپ"انم. ناوبانگی ئەم ئەسپەم، بیستبوو. ئەمە ئەسپی شا ئەفرەیدونە، پاشای وڵاتی رۆم. ناوی نابوو "قەیتوول"ە شێت. بۆ ئەم ئەسپە سەفەرم کرد بۆ قوستەنتەنیە! کەوتمە چاودێری کردنی روانیم پیرەژنێك دەرکەوت ناوی "شەواهی"بوو. خەڵکی زۆریان رێز لێ دەنا... دەستی دەرۆیشت. بەسەر ئاسنینە و فێڵاوی ناوبانگی هەبوو. ١٠ کۆیلە چاودێری ئەم ئەسپەیان دەکرد و هەمیشە لە دەورووبەری بوون. پیرەژنە فێڵاوی... بەرەو "بەغدا"و خۆراسان بەرێکەوت. بۆ ئەوەی بچێتە لای ساسان شا.... بۆ ئاشت بوونەوە. منیش بە ئومێدی دزینی، ئەسپەکە شوێنیان کەوتم. بەڵام کۆیلەکان هێندە بە ئاگا بوون لەو ئەسپە کە من نەمدەتوانی بیدزم. تا گەیشتنە ئەو وڵاتە. منیش خەمی

ئەوەم لێهات کە بچنە بەغداوە. ئیتر لە دەستم دەردەچێت. بۆیە لە پیلان کێشاندا بووم بۆ دزینی ئەسپەکە.... کە تەپوتۆزێکی فرەم بینی بڵند بووەوە. کە نزیک بوونەوە روانیم ٥٠ شۆڕە سوارن. لەو رێگرانەن کە کاروانەکان رووت دەکەنەوە. سەرکردەکەیەکیان هەیە، پاڵەوانە... پاڵەوان!! بازۆڵە ئەستوور، ناوشان پان! ناوی "کەهرداش"ە... دەڵێی شێرە، یان هەڵۆ و باز و واشە. هەڵی کوتایە سەریان.... سەعاتێکی نەبرد ١٠ کۆیلەکەی قۆڵبەست کرد وپیرەژنەی دایە پێش. ئەسپەکەشی لێ سەندن.منیش لە دڵی خۆمدا وتم:

"منیش، مایە پووچ بووم.... وا بە خاوەنی هیچ نەبووم. بۆیە ئارامانە سەیری رووداوەکەم دەکرد. گوێم لێبوو... پیرەژن دەستی بە گریان کرد و وتی:

"ئەی پاڵەوان شێری بێشەڵان، بە نیازیت چی لەم پیرەژنە و ١٠ کۆیلەیە بکەیت! خۆ ئەوەتا... دەستت بە سەر ئەسپەکەدا گرت!؟"

ئیدی پیرەژنە فێڵاوی هێندە زمانی شیرین بوو لەگەڵ "کەهرداش"تا رازی کرد پیرەژن و کۆیلەکانی ئازاد کرد و ئەسپەکەی دایە پێش. ئەوا... منیش هەر بە دوای ئەسپەکەوەم. دواتر هەڵم قۆستەوە و سواری ئەسپەکە بووم وهەڵاتم. ئەوانیش کەوتنە دووم.

چەندین جار نزیکم بوونەوە و تیربارانیان کردم.... هەر چەندە ئاوا: بە سەختی پێکرام وبریندار بووم... بەڵام خۆم بە سەر ئەسپەکەوە گرت ولە دەستیان رزگار بووم. ئەوە ٣ رۆژە، نە نان و نە ئاوم خواردووە.... هەر غار دەکەم. تا.... ئەوە بوو یارمەتیت دام.... تینوێتی منت شکاند. بەڵام تۆ دەبینم رووت و رەجاڵیت؟ تۆ کێیت؟ خەڵکی کوێیت؟ بەرەو کوێ دەڕۆیت؟ لەوە دەچێت، خانەدان بیت و لێت قەومابێت!!"

ئەمیش وەڵامی دایەوە:

"کان ماکان کوڕی شا زەوئولمەکان، کوڕی شا عومەری کوڕی نوعمان، هەتیو کەوتم. باوکم مرد، پیاوخراپێك بووە پاشا و جێی باوکمی گرت."

دزەکە دڵی بۆی نەرم بوو، وتی:

"تۆ لە بنەماڵەیەکی مەزنی، خانەدان و نگین داری... لە پیاوە ناودارەکانی سەردەمی خۆتیت. وەرە پیاوی چاك بە لە پاشکۆمەوە، سواری ئەم ئەسپە ببە. بمگەیەنەوە، وڵاتی خۆم تاکو ماوم سوپاس گوزارم. گەر مردیشم ئەوا خوا لەو دنیا پاداشتی ئەم چاکەیەت بداتەوە و ئەم ئەسپەش بۆ تۆ بێت لە کەسێکی دیکە باشترە."

کان ماکان وتی:

"تاکو بتوانم یارمەتیت دەدەم ئەگەر تۆم بە کۆڵی خۆم هەڵگرتووە.... درێغیت لێ ناکەم. خۆم بە پیاوێکی خێرەومەند دەزانم و چاویشم نەبریوەتە ئەسپەکەت. ئەگەر تەمەنیشم بخەمە پێناوت بە زۆری نازانم. دەی پشت بە خوا با بڕۆین."

ویستی بیخاتەوە سەر پشتی ئەسپەکەی پێی وت:

"پەلەم لێ مەکە."

ئەمجا هەر دوو دەستی کردەوە و چاوانی نوقاند و شایەتمانی هێنا و وتی:
"یا خوای مەزن... لێم خۆش ببە. هەر گەورە، لە گوناهی گەورە خۆش دەبێت، ئەم هۆنراوەیەی وت:

ولاتان گەڕام، زوڵم و زۆرم کرد — لە بەدمەستی دا ژینم بەسەر برد
لە ئەستێرم دا بۆ ئەسپ دزین — چەند کەلاوەم دی: ماڵ بوون داتەپین
دەردم گرانە وتاوانم گەورە — بەی دەستی کردووم: زەمانە و دەورە
ئەم ئەسپە بۆ من بە خەمێ بووە — بەئاوات مەرگی خۆمم خواستووە
بە ئەسپ دزین ژینم بردە سەر — بۆ ئەویش مردم: ئاوایە، قەدەر
ئێستاش بەرهەمم هەژارێ بردی — سەیرە: کێ بردی؟ عەجیب کێ کردی؟

ئەمجا چاوانی لێك نا... هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و مرد. کان ماکان هەستا و گۆڕێکی بۆ هەڵکەند و ناشتی. ئیدی دڵخۆش بوو بەو ئەسپە! لەدڵی خۆیدا وتی:
"کەس نییە، ئەسپی رەسەنی وای هەبێ.... تەنانەت ساسان شایش!"

## سەربوردەی جەنگی "کان ماکان"لەگەڵ رۆم

شەهرەزاد گێڕایەوە: لەولایشەوە، ساسان شا بیستییەوە کە دندانی گەورە وەزیر، لە ژێر رکێفی دەسەڵاتی رۆم دەرچووە و نیوەی سوپای ولاتیشی لەگەڵدایە. سوێندیان خواردووە.... کان ماکان نەبێت: مل بە هیچ پاشایەکی دی نادەن!! سوپاکەیش پەیمانی بە دندان داوە بەرەو دوورگەکانی هیند و "بەبەر"و ولاتی "سۆدان"ملیان ناوە. لەگەڵ سوپای ولاتی دەریای "زاخر"یش کۆ بوونەتەوە. کە سوپایەکی زۆر مەزنە...!! ئەم وەزیرە دەیەوێت "بەغدا"بگرێت و هەر لایەك سەرپێچی بکات لە ناوی بەرێت. سوێندیشی خواردووە شمشێر ناکاتەوە بە نێو کالان. تا بە پاشا نەبێتەوە کان ماکان! شا ساسان کە ئەمەی بیست نقوومی دەریای بیر کردنەوە بوو. پەژارە دایگرت. ناچار کەوتە بەخشینەوەی پارەی ولات بە سەر سەرکردەکان و گەورە بەرپرسانی خۆیدا... ئاواتیشی دەخواست "کان ماکان"لەلای بوایە. تاکو .... بە سامانی زۆر و زمانی شیرین لە خۆی نزیك بکردایەتەوە. کان ماکانیش کە ئەم هەواڵەی لە بازرگانان بیست هەر بە غار بەو ئەسپە رەسەنە نایابەوە، چووەوە شاری بەغدا. کە ساسان شا گەڕانەوەی کانێ ماکانی بیست بە پەلە، پیاوماقوڵانی ئامادەی پێشوازی ئەو کرد. هاولاتیانیش بەخێریان هێنا. خزمەتکاران و کۆیلە خەساوەکان، هەواڵی گەڕانەوەی

کان ماکانیان بە دایکی گەیان. ئەویش بەرەو رووی کوڕەکەی چوو. ناوچاوانی ماچ کرد. کوڕەکەی وتی:

"دایە گیان ڕێم بدە... با بچمە خزمەتی مامەم. چونکە پیاوەتی زۆری لەگەڵ کردووم."

خەڵکەکەیش سەراسیمە بوون بە بینینی ئەو ئەسپە رەسەنە و مقۆ مقۆی ئەوەیان بوو، کە :

"کەس نییە.... ئەسپی وا چاکی هەبێت!"

کان ماکان چووە کۆشکی شا ساسان، ئەویش لەبەری هەستا. کان ماکان دەست وپێی ماچ کرد شایش سەری ماچ کرد و وتی:

"یاخوا بەخێر بێیت، کوڕی خۆم! بڕوا بکە ئەو ماوەیەی لێرە نەبوویت، جێم بە خۆم نەدەگرت! سوپاس بۆ خوا کە سەلامەتیت."

کە ئەسپە "قەیتوول"ی بینی، ناسییەوە و بیری کەوتەوە، کەلە ساڵانی گەمارۆدانی رۆمدا.... لە ژێر باوکیدا بووە! پارساڵ ئەو ساڵەی کە مامە شرکانی تیا کوژرا. بۆیە وتی:

"گەر باوکت لێرە بوایە، ١٠٠٠ ئەسپی لە پارسەنگی ئەم ئەسپەدا.... دەدا. بە سوپاسەوە وا ئەم دیارییەم لێ وەرگرتی و بەخشیمەوە بە خۆت. چونکە شایستەی تۆی شۆڕە سوارە...! کە لە وێنەت کەمە!!."

ئەمجا فەرمانی دا... ئەسپەکەی خۆی بۆ تاقەت بکەن. یەکێ لە کۆشکە گەورەکانی بە دیاری بدەنێ. ئەمجا پارە و سامانێکی زۆری پێ بەخشی و ڕێزێکی فرەی گرت. چونکە زۆر لە هەڵگەڕانەوەکەی دندانی گەورە وەزیر دەترسا. ئەمجا چووەوە کۆشکی خۆی و دایکیشی هێنایە لای خۆی و ڕێزی گرت. دایکیشی سوپاسی خوای کرد. دواتر باسی پیرەژنە فێڵاوی بۆ کرد، کە چۆن مام و باپیرەی کوشتووە! بۆیە کان ماکان وتی:

"کە واتە پێویستە، تۆڵەی خوێنیان لێ بسەندمەوە."

بەڵام "قضي فكان"زۆری پێخۆش بوو بە گەڕانەوەی کان ماکان. ئەمجا کەوتە سکاڵا لە باوکی کە کاتی خۆی لە ئامۆزاکەی خۆی مارە نەبڕیوە. کەنیزەکەکان کە گوێیان لەم سکاڵایە بوو یەکێکیان چووە لای ساسان شا و ئەم سکاڵایەی کچەکەی بۆ گێڕایەوە. ئەویش تووڕە بوو شمشێری لێ هەڵکێشا و ویستی کچەکەی بکوژێت. "نزهەتولزەمان"دایکی بە سەریا هات و بە شا ساسانی وت:

"بۆ خاتری خوا.... کاری وانەکەیت. چونکە دواتر ئەم هەواڵە لە نێو هاوڵاتیاندا بڵاو دەبێتەوە و ئابروومان دەتکێ ئەوەش بزانە "کان ماکان"یش کوڕە پاشا بووە. لەگەڵ ئەم کچەدا پەروەردە بووە. کارێك ناکات ئابروومان بتکێ. ئێستاش دندانی وەزیر و لایەنگرانی، داوا دەکەن کان ماکان ببێتە پاشایان."

ئەویش وتی:

"دەبێت کان ماکان تووشی بەڵایەك بکەم: نە لە سەر زەویدا جێی بێتەوە نە ئاسمان سێبەری بخاتە سەر. کە ئاوا.. ئێستاکە....رێزی دەگرم لەبەر هاوڵاتیان و مەملەکەتەکەیە، بۆ ئەوەی هاوڵاتیان نەبنە هەواداری "کان ماکان"، لەمەودوا دەبی بینی."

ئەمجا رۆیشتە دەرەوە. لەولایشەوە "کان ماکان"رۆژی دووەمیش چووە لای دایکی پێی وت:

"دایە گیان.... بە نیازم روو بکەمە رێگرتن و بازاڕی ئەسپ و کاسبی کەنیزەك و کۆیلە. بۆ ئەوەی دەوڵەمەند ببم، حاڵم باش بێت، ئەوسا، داوای کچە ئامۆزام لە مامە ساسانم دەکەم."

دایکی پێی وت:

"کوڕەکەم ماڵی کەس بە کەس حەڵاڵ نییە..... ئاگات لە خۆت بێت."

کان ماکان وتی:

"هەرگیز لە قسەی خۆم پاشگەز نابمەوە. مەگەر بە مردن."

ئەمجا.... خواحافیزی لەدایکی کرد و دەم و چاوی هەڵ پێچا و سواری قەیتوول بوو. کەوتە غار بەرەو دەرەوەی شار. لەوێ سەباحی کوڕی رەمامی هاوڕێی بینی. چووە نزیکی و سڵاوی لێ کرد. سەباح پێی وت:

"براکەم ئەم ئەسپ وجل و بەرگ و شمشێرەت لە کوێ بوو؟ خۆ من... هەر شمشێر و قەڵغانێکم هەیە!؟"

کان ماکان وتی:

"راوچی بە هێندەی نییەتی خۆی نێچیر دێنێتەوە. دوای ئەوەی لە تۆ دابڕام بە سەعاتێك، بەختیاری رووی تێکردم، ئێستاش نییەتت ساف بکە و لەگەڵم وەرە و با..... ئەو سەحرایە ببڕین."

ئەویش وتی:

"بەو خوایە تا من بمێنم، هەر بە ئاغام بانگت دەکەم."

ئەمجا ئەسپەکەی بە دوای خۆیدا بە کێش کرد و کالانی شمشێرەکەی بە پشتەوە و شمشێرەکە بە سەر شاندا دابوو. کان ماکانیش بە دوایدا. چوار رۆژ بەرێوە بوون. کەخواردنیان راو کردنی ئاسك و برژاندنی گۆشتەکەی بوو. خواردنەوەشیان لە کانیاوەکان بوو. رۆژی پێنجەم بە گردێکدا سەرکەوتن کە لە دۆڵەکەی بەردەمیدا تاڤگە و رووبار، مێرگ و وشتر گەر و مانگا و مەڕ و ئەسپێکی زۆری لێبوو. کە کان ماکانی دڵخۆش کرد. بۆیە بە سەباحی هاوڕێی وت:

"دەی، با دابەزینە ئەو دۆڵە، بیبەین ئەو سامانی ئاژەڵە مۆڵە.... با پەلامار بدەین.... بیکەین بە قریوە.. بەشی بکەین نیوە بە نیوە."

سەباح وەڵامی دایەوە:

"ئاغام.. لەم دۆڵەدا.... خەڵکێکی زۆری لێیە، هەموو پاڵەوان و جەنگاوەرن. گەر پـەلامار بدەین..... هەڵمان دەبڕن... دەرباز نابین: سەرمان دەبڕن."

کان ماکان دایە قاقای پێکەنین و بـۆی دەرکـەوت، کـە سـەباح زۆر ترسنۆکە. ئـەوی جێ هێشت و بە گردەکەدا شۆڕ بووەوە. بەنیازی پەلامار دان کەوتە هاوار کردن و شیعر وتن:

نەوەی نوعمان و کوڕی تەنگانەین / دایم ئامادەی ئا.... ئەم جەنگانەین

هۆزێکین، هەڵچووین.. کپ نابینەوە / دوژمنی سەختی ئەو زۆردارانەین

دیدەی هەزارمان هێند نابینایە / مردن نەبینە، ئاوا، شێرانەین

پشتمان بە خوایە، نزای ئەو دەکەین / بە وزەی خۆمان پشت بەو یەزدانەین

ئەمجا کەوتە ریز بەند کردنی وشترەکان و ئاژەڵانی دی و دایە پێش خۆ ئەمجا کۆیلەکان بە شمشێر و رمی درێژ و تیر و کەوان، نێزە و قـەڵغان بـۆی هـاتن. بـەڵام چونکە ئـەم سوار چاك بوو، هەموویانی بەزان دواتر، جەنگاوەرێکی تورکی لێی پەیدا بـوو. بـانگی کـردە کان ماکان:

"نەگبەت، چۆن دەتوانیت ئەم ئاژەڵانە بدەیتە پێش!؟ ئەمانە هی پـەنجا پاڵەوانـە... کـە هەمیشە یاخین لەو پاشایانە... رێگری تایبەت کاری ئەوانـە... نیشان شـکێنن... تیرانـداز و شمشـێر وەشـێنن.... ئێسـتاش کـە لێـرە نـین..... ئـەوە سـوێندیان خـواردووە کـە تـاکو..... ئەسپەکەیان کە لێیان فڕێنراوە وەدەست نەهێنەوە ئێرە بەجێ نەهێڵن! ئەگەر ئـەو ئەسـپە بگەیەنرێتە ئەوپەڕی دنیا دەی هێننەوە."

کان ماکان کە ئەمەی بیست هاواری کرد:

"ئەو ترسنۆکانە، ئەو ئەسپەی بۆی دەگەڕێن، ئەم قەیتوولەیە کە لە ژێرمایە. فەرموون لێم بسەندن!"

ئەمجا چرپاندنی بە گوێی قەیتوولدا و کەوتـە شمشـێر وەشـاندن. یەکـەمجار پـەلاماری جەنگاوەرەکـەی دا و کوشـتی. دووەم کـەس و سـێیەم جـەنگاوەری بـۆ چـوو شمشـێری دا بـە قەبرغەیدا و گورچیلەی خستە سـەر زەوی کـە ئـەوانی تـر ئـەو پاڵەوانبازیـەیان بـینی زۆر ترسان... ئەمجا شوێنیان کەوت و شیڕاندی بە سەریانا:

"ترسنۆکانە، ئەو ئاژەڵانـەم بـۆ کـۆ بکەنـەوە و بیـدەن پـێش بـا بیـان بـەم. ئەگـەرنا بـە خوێنی رژاوتان شمشێرەکەم زاخاو دەدەم."

## شەوی ١٤٢

# چیرۆکی شەری کان ماکان و کەهرداش

تۆز بەری ئاسمانی گرت. هێندەیان زانی ١٠٠ شۆڕە سوار پەیدا بوون کە سەباح ئەمانەی بینی بە پەلە خۆی دزیەوە و بەرەو لوتکەی گردەکە هەڵکشا. ئیدی دۆڵ، لە هاوڕێکەی کان ماکان بوو چۆڵ. هێندەی زانی چوارلایان لێ گرت.... لێی کۆ بوونەوە درشت و ورد. سوارێکیان هاواری کرد:

"ئەوە ئەم ئاژەڵانە بەخێر بۆ کوێ دەبەیت."

ئەویش هاواری کرد:

"ئەوە لە چنگی ئێوەی دەردێنم.... ئەمە بەرامبەرت شێرە... فەرموو پێم بوێرە!"

کە سوارچاکەکە ئەمەی بیست وردتر سەرنجی دا بە پاڵەوان هاتە پێش چاوی، بەڵام جوان رووی وەك مانگی چواردە. ئازایەتی لە چاوانیدا دەبریسکێتەوە. ئەم سوارچاکەش کە دەبوو بچێتە بەرامبەری پێشەنگ و سەرکردەیان بوو. ناوی "کەهرداش"بوو. هاواری کرد:

"بەزەییم بە منالیەکەتدا دێتەوە. بۆیە بێدەنگ ئاژەڵەکان بەجێ بهێڵە و بە سەلامەت برۆ... ئەگەرنا.... یەك شاتاوڵت بۆ دێنم. بە یەك شمشێر ناوچاوانت لە خۆڵەکە دەچەقێنم."

کە کان ماکان ئەمەی بیست هێندەی دی رقی هەستا و هاواری کرد:

"قورت بە سەر سەگە خوێری، بیوەشێنە شمشێری، هێندەت زانی کەللەت پەڕی."

ئەمجا کەوتە هێرش و کشانەوە. کە "کەهرداش"بینی ئەوە سوارە و ئەو پەلامار وجەنگە... زانی ئەمە ئازا و شێر و پڵنگە. خۆی بۆ ناگیرێ لە بەرامبەر زەبری ئەو مەچەك وچنگە. بە هاوڕێکانی وت:

"یەکێك لێی بچێتە پێشەوە بە شمشێری تیژەوە، چونکە رەوا نییە بە کۆمەڵ بچن بۆ یەك جەنگاوەر..!"

ئەمجا پاڵەوانێکی بە توانا و دەرکەوتوو... بە سواری ئەسپێکی چوارپەل بازوو... لێی چووە پێش زوو، سوارێك لە شێوەی کەم بینرابێ... هەر وەك ئەم شیعرەی بۆ وترابێ:

| | |
|---|---|
| ئەسپێك، کە جەنگی زۆر بینی بوو | پاشووی مێخ ئاسا لە خاك چەقی بوو |
| وەك شنەی بەیان کوڵمی کوتا بێ | مەستی سمکۆڵی، سەر زەمینی بوو |

شەڕی نێوان کان ماکان و پاڵەوانەکە دەستی پێکرد، بە گوڕم یەکتریان هێنا برد..... تا لە پڕێکدا.... کان ماکان بە شمشێر.... پاڵەوانی لەت کرد. پاڵەوانی دووەم، سێیەم..... چوارەمیشی بە مەرەدی ئەوانی دی برد. جەنگاوەرانی دەورووبەر، ترسی کان ماکانیان کەوتە سەر. هەموویان پەلاماریان دا.... یەکسەر شۆڕە سوار هێندەی قین لەدڵا.. خوێنی وەکو قاوە دەکوڵا.... بۆیە، خێرا.... خێرا... لە پڕێکا... دوو دوو، سێ سێی دەهێکا هیچ وازی

لێ نەهێنان.... تاکو کۆتایی پێ هێنان کە "کەهرداش"ئەوەی بینی، گومانی نەما...کە ئەم پاڵەوانە بێ وێنەیە لە عالەما. لە ترسا... بە جۆرێك حەپەسا..... کە بانگی کرد.... ئەی ئازا... من لەخوێنی تۆ خۆش بووم.... چەندت، لەم ئاژەڵ و سامانە بۆ برا... حەڵاڵت بێت.... بیبە، پاڵەوانی وەکو تۆ.. تاوانە بکوژرێت! ژیان پیرۆزی تۆ بێت."

کان ماکان لە وەڵامدا وتی:

"بەخشندەیی و ویژدان پاکی، شتێکی پیرۆزە، چاوەڕێی سەندنەوەی سامانەکانت مەبە. بۆ ئەوەی گیانی خۆت رزگار بکەیت راست برۆ و بەم لا و ئەولادا مەڕوانە."

کەهرداش بەم قسەیە زۆر تووڕە بوو، هاواری لێ کرد:

"نەگبەت... گەر دەتزانی من کێم... هەرگیز نەت دەوێرا لە شوێنی قەرەباڵغیدا ناوم بێنی....! پرسیارم لە بارەوە بکە: منم شێری بێشەڵان... پاڵەوانی شار و دێ و ماڵان... کەهرداشی پاڵەوان. دزی ماڵە پاشایان.... رێگر و چەتەی رێگایان. رووتێنەری بازرگان. ئەو ئەسپەی ژێرت، من فڕاندم، پێم بڵێ چۆن دەست تۆ کەوتووە!؟"

ئەمیش وتی:

"ئەم ئەسپە دەبوایە بۆ ساسان شای مامم ببرایە... لە ژێر دەستی پیرەژنێکی فێڵاویدا بوو. کە ١٠٠ کۆیلەی پاڵەوان حەرەسی بوون. تۆ ..... پەلامارت داون وئەم ئەسپەت لێ سەندوون. کاتی خۆی ئەو پیرەژنە تۆڵەی خوێنی باپیرەمی بەلاوە بوو. کە ناوی شا عومەری کوڕی نوعمانە. مامەیشم کە ناوی شرکان بوو."

کەهرداش وتی:

"نەگبەت بۆ .... باوکی تۆ کێیە؟"

ئەمیش وتی:

"من کان ماکانم..... کوڕی شا زەوئولەکانی شا عومەری کوڕی شا نوعمانم."

کە کەهرداش ئەمەی بیست وتی:

"قۆزی و جوانیەکەت... ئازایی و پاڵەوانیەکەت شایەتی راستی قسەکانتن."

ئەمجا پێی وت:

"برۆ... باوکت چاکە و پیاوەتی زۆری بە سەرمانەوە هەبووە!"

کان ماکان وتی:

"من دان بەم قسانەدا نانێم، تاکو لەگەڵمدا لەم گۆڕەپانەدا نەجەنگیت!"

ئەمجا دەشتەکیەکە زۆر توند بوو. پەلاماری دا زۆر یەکتریان هێنا و برد ئەسپان گوێیان کاس بوو... ئاسمان سەخت و پەڵاس بوو. هاوار و ئۆف و ئاخ بوو... کلکیان بڵند و بەیداخ بوو. هەر وەکو دوو بەران کەوتنە شۆق لە یەك هەڵدان. کەهرداش رمێکی وەشاند.. کان ماکانی تاساند.... ئەمجا ئەمیش ئاوێزانی کەهرداش بوو.... رمێکی لە سنگ دا.. لە پشتیەوە دەرچوو. ئەمجا بانگی کردە کۆیلەکان کە رانە مەڕ و بزن و ئاژەڵان بدەنە پێش خۆیان.

سەباحی هاوڕێی کە تا ئەو کاتە بە سەر گردەکەوە خۆی شاردبووەوە و سەرنجی ئەو شەڕەی دەدا.... بە غار هاتەخوار...... بە کان ماکانی وت:

"دەستت خۆش ئەی پاڵەوانی زەمانە.... ئەو شمشێر و تیرو کەوانە.... بە ڕاستی هەر لە خۆت جوانە."

ئەمجا چووە سەر لاشەی کەهرداش و سەری لە لەشی جیا کردەوە..... کان ماکان پێکەنی. سەباحیش کە کەللە سەرەکە بە سەرە نێزەکەوە بوو..... وتی:

"دەزانم... لەم هەموو سامانە بێبەشم ناکەیت!"

کان ماکانیش وتی:

"وام دەزانی پاڵەوانی جەنگی نێو گۆڕەپانی!!.... دەی.... شتێکت دەدەمێ...... لێخوڕە و پێش خۆتیان بدە."

چەندین شەو و ڕۆژ بەڕێوە بوون، تاکو گەیشتنەوە شاری بەغداد. دانیشتوانی شار، بازرگانان و کاروانچیان، کە ئەو کەللە سەرەیان بینی بەو نێزە درێژەوە ناسیانەوە کە ئەوە کەللەی گەورە ڕێگرانە! زۆر دڵخۆش بوون. کە ڕێگا و بانی کاروان چیان لەو دزە پاك بووەتەوە..... ئەمجا پرسیان کە چۆن کوشتویانە؟ کان ماکان لە نووکەوە...... تا کۆتایی بۆی گێڕانەوە.... خەڵکەکەیش کەوتنە دەست خۆشی کردن، لە کان ماکان. ئەمجا کان ماکان فەرمانی دا... ئەو هەموو ئەسپ و وشتر و ئاژەڵانە... ببەخشرێتەوە. بە سەر دانیشتوانی شاری بەغادا. دواتر خۆی و سەباح و گەورە پیاوان بەرەو کۆشکی شا بوونەوە. خەڵکێکی فرە شوێنیان کەوتبوون. سەباحیش کەللە و نێزەکەی بڵند کردبوو. لە بەر کۆشکدا بەوجۆرە کان ماکان خۆشەویست بوو لای دانیشتوانی شاری بەغدا. ئەمجا دوای حەوانەوە جێ و ڕێیەکی باشی بۆ سەباح دابین کرد. خۆیشی چووەوە بۆ لای دایکی زۆر بە خۆشیەوە بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە.

## چیرۆکی کان ماکان و شا ساسان

کە هەواڵی گەڕانەوەی کان ماکان گەیشت بە شا ساسان، پیاوان و وەزیرانی نزیکی کۆ کردەوە و کەوتە قسە کردن بۆیان بەم شێوەیە:

"ئەمەوێ هەندێ نهێنی باس بکەن بۆتان.... ئاگادار بن، کە ئەم کان ماکانە دەبێتە هۆی لەسەر تەخت لاچوونمان... ئەو "کەهرداشی"کوشتووە کە خاوەنی خێڵە کورد وتورکەکانە. ئێمەش... چاری ئەو خێڵانە ناکەین تیا دەچین! زۆرینەی سوپای ئێمە لەو دوو خێڵەن. لە هەمان کاتیشدا بە ئاگان لەوەی کە دندانی گەورە وەزیر چۆن بەشێکی زۆری لە سوپاکەمانی لێ هەڵگەڕاندووینەتەوە. خیانەتی لێ کردووین. تەقەلای ئەویە دەدا.... "کان ماکان"بکاتە

سوڵتان و لە شوێنم دای بنێ. چونکە کورسی پاشایانە... هی باوك و باپیرەی بوو. بۆیە گومانی تیا نییە بەرەنگارم دەبێتەوە."

دەورووبەرەکەشی وتیان:

"قوربان ئەو کوڕە، پەروەردەی دەستی خۆتە... لەوەش بێدەسەلات ترە کە بتوانێت لە سەر تەختی پاشایەتی لاتبەرێت. ئێمەش خۆمان دەکەینە قوربانی تۆ. فەرمان بدە و جێبەجێی دەکەین. بڵێ بیکوژین... دەیکوژین! بڵێ: لە وڵاتی دوور بخەنەوە دووری دەخەینەوە."

شا ساسان کە ئەمەی بیست پێی وتن:

"باشترین کارێك ئەوەیە بیکوژین.... بۆ ئەمەش دەبێت پەیمانێك لەنێوان خۆماندا ببەستین."

ئەوانیش پەیمانەکەیان پەسەند کرد. پێی وتن:

"کە دندانی گەورە وەزیر کوژرانی "کان ماکان"ی بیست، ورە بەردەدا و سەربازانیش سوپاکەی جێ دەهێڵن.کە "قضی فکان"ئەمەی بیست، بەپەلە پیرەژنێکی نارد بۆ لای کان ماکانی ئامۆزای و پیلانەکەی پێ بڵێت. کان ماکان کە پیلانەکەی پێ زانی. سوپاس و ستایشی بۆ ئامۆزای ناردەوە وتی:

"ئامۆزا... زەوی موڵکی خوایە... هەموو کەس بۆی هەیە فەرمانڕەوایی تیا بکات."

پیرەژن گەڕایەوە.... قسەکانی کان ماکانی بۆ گێڕایەوە پێیشی وت کە ئێستا لەناو بەغدایە. شا ساسان چاوەڕێ بوو، کان ماکان.... بچێتە را و شکار، تاکو ئەمیش چەند کەسێك بنێرێت لە رێگا بیکوژن. وا رێکەوت کە کان ماکان چووە دەرەوەی بەغدا. سەباحی هاوڕێشی کە هەمیشە بە دوایەوە بوو، ئەو رۆژە ١٠ ئاسکی راو کرد. ئاسکێکیان زۆر سەیری ئەملا و ئەولای خۆی دەکرد. "کان ماکان"بەزەیی پیا هاتەوە، بۆیە ئازادی کرد. سەباح لێی پرسی:

"باشە...ئەوە بۆچی ئەو ئاسکەت بەرەڵا کرد!؟"

ئەویش وتی:

"راوچی ویژدان پێویستە، کە زانی نێچیرەکەی منداڵی وردی هەیە... ئازادی بکات! لەبەر خاتری ئەو ٩یەکەی دیش بەر دەدەم!"

سەباحیش وتی:

"کەوابوو.... منیش ئازاد بکە با بڕۆمەوەناو کەسوکارم."

کان ماکان بە پێکەنینەوە مستووی شمشێرەکەی دا بە سەر سنگی دا..ئەویش لنگە وقووچ کەوت. وەکو مار گینگڵەی خوارد. کاتێك ئەمان سوعبەتیان دەکرد و پێدەکەنین. تەپ و تۆزێکیان بینی لە دوورەوە. چەند شۆڕە سوارێکی جەنگاوەریان بینی لە ناو تۆ و

خۆڵەکەدا. تۆمەز کە شا ساسان زانی بووی، کان ماکان چووەتە ڕاو و شکار. ٢٠ جەنگاوەری لەگەڵ سەرکردەی دەیلەم ناردبوو بۆ کوشتنی. کە نزیک بوونەوە کەوتنە پەلامار دانی. ئەویش مەردان لێیان هاتە دەست و هەموویانی کوشت. شا ساسان خۆشی شوێنیان کەوتبوو، دوور و نزیک، سەرنجی دەدا. کە گەیشتە سەریان و بینی هەموویان کوژراون بە پەلە بەترس و لەرزێکی زۆرەوە، گەڕایەوە. بەڵام کەس و کاری کوژراوەکان لێی بێدەنگ نەبوون و قۆڵبەستیان کرد. کان ماکان کە شوێنی شەڕەکەی جێهێشت بوو لەگەڵ سەباحی دەشتەکیدا... کەوتنە ڕێگا، گەیشتنەماڵێك کەسێك بە سەربانەوەبوو. کان ماکان سڵاوی لێکرد، ئەویش وەڵامی سڵاوەکەی داوە. ئەمجا هاتە خوارەوە و دوو قاپی هێنا و بەرەورووویان چوو. قاپێکیان شیر و ئەویتریان تریتی ڕۆنی تیا بوو. خستیە بەردەمی کان ماکان و فەرمووی لێکرد، کە لەگەڵیدا بخوات و نمەکی ماڵیان بکات بەڵام "کان ماکان"وتی:

"ناخۆم!"

ئەمجا لاوەکە وتی:

"چییە بۆ ناخۆیت؟"

ئەویش وتی:

"نەزرم کردووە!"

لاوەکە وتی:

"جا... چی وای لێکردی نەزر بکەیت؟"

ئەمیش وتی:

"ئاخر..... شا ساسان غەدری لێکردووم کورسی پاشایەتی باوك و باپیرەی لێ داگیر کردووم! دوای ئەوەی باوکم مرد، بۆیە نەزرم کردووە، نمەکی کەس نەکەم، تاکو حەقی خۆم وەرنەگرمەوە."

لاوەکەش وتی:

"مژدە بێت، شا ساسان بەند کراوە، ڕەنگە بە ئەم نزیکانە بمرێت!"

کان ماکان پرسی:

"لە کام ماڵ بەند کراوە؟"

لاوەکە وتی:

"لەو قەڵا بڵندە دایە."

کە سەری بڵند کرد کۆمەڵێك خەڵکی بینی لە کەسێکیان دەدا. ئەمجا کەوتە نزیت و تێوڵە خواردن. هەندێ گۆشتی ناو نزیتەکەی خستە کەشکۆڵەکەیەوە. شەو لەماڵی لاوە خانە خوێڵێی نووستن. نیوەشەو، کە ئەوان پەرخەی خەویان دەهات، چووە لای قەڵاکە، ڕوانی چەندین سەگی لێ بوو. هەر سەگێکیان بۆی دەمڕاند، پارچەیەك گۆشتی فڕێ دەدایە

بەردەمی. ئیدی دەیخوارد و بێدەنگ دەبوو. ئەمجا چووە ژوور رۆیشت تا گەیشتە لای شاساسانی قۆڵبەست کراو. دەستی خستە سەر سەری. شا هاواری کرد:

"تۆ کێیت؟"

ئەمیش وتی:

"کان ماکانم.. ئەو کەسەی پیلانت بۆ کوشتنم دانا.... باشە تۆ بە کورسی وپلەی پاشایەتی باوکم تێر نەبوویت؟ پیلانی کوشتنم بۆ دادەڕێژی!!؟"

شا ساسان بە درۆ سوێندی دنیای خوارد، کە ئەو قسەیە راست نییە! کان ماکان... لێی خۆش بوو.... پێی وت:

"شوێنم بکەوە."

شا وتی:

"ناتوانم یەك هەنگاو بە رێدا بڕۆم."

کان ماکان وتی:

"کەوابوو.....دەبێت دوو ئەسپ پەیدا بکەین، سواری ئەسپێکیان دەبم و دەتخەمە پاشکۆم."

ئەمجا شای خستە پاشکۆی و ئەسپەکەی دی راکێشا، تا گەیشتنەوە لای سەباح کە نوێژی بەیانیان کرد وکەوتنە رێ. دواتر لە رمز و باخێکدا لایاندا لێی دانیشتن، تاکو ماندوویەتیان دەربچێت.

کان ماکان وتی:

"ئێستاش دڵت لە من پاك نەبووەتەوە و هەر رقت لێمە!؟"

ساسان شا وتی:

"نە بەخوا ...... کوڕم."

ئەمجا رێکەوتنەوە بەرەو شاری بەغدا...

سەباحی هاوڕێی وتی:

"من پێش ئێوە، خۆم دەکەمەوە بە بەغدادا تا... ئەم مژدەیە بە هاوڵاتیان بدەم."

کە گەیشتەوە شار، کەوتە مژدەدان. بە ژنان و پیاوان.... هاوڵاتیان بە دەهۆڵ و زوڕنا کردیان شایی و هەڵپەڕکێ و سەما. باس بوو بە باسی کان ماکان. شۆڕەسواران، جەنگاوەران، شایەتیان دا..... کە کان ماکان لە دنیادا بووەتە مەزنترین پاڵەوان.

وتیان:

"باشترین کار ئەوەیە.... کان ماکان، ببێتە سوڵتان بخرێتە سەر کورسی پاشایەتی باو و باپیرانی."

ساسان چووە لای "نوزهەتولزەمان"و پێی وت:

"هەر کەسێك دەبینم هەر باسی کان ماکان دەکات. هێندە وەسفی دەکەن.... کە زمان لاڵ دەبێت لە ئاستیا!."

دوای کەمێك هەڵیدایە:

"ئەو هاوڵاتیانە وەکو تووتی لاسایی یەکتر دەکەنەوە. ئەگەرنا.... ئەو پیاوە، ئەوە نییە! ئاخر... چۆن هەتیوێکی بێ باوك و دایك دەکەنە پاشای خۆیان. کە ئاوا... سووك و رسوایە!!؟ خۆم لەگەڵیدا بووم... ئەو پیاوە نییە کە وەسف بکرێت!"

نوزهەتولزەمان پرسی:

"ئێستا نیازی چیت هەیە!؟"

ساسان شا وتی:

"دەمەوێت بیکوژم و دنـدانی گەورە وەزیریش، ملی شۆڕ بکات و بێتەوە ژێر رکێفی خۆم. هیچی بۆ نەمێنێتەوە، خزمەت کردنی من نەبێت."

نوزهەتولزەمانیش پێی وت:

"غەدر کردن لە نەناسانیش قێزەونە، نەخوازەلا، لەخزمان! بەقسەی من بکە "قضي فکان"ی کچتی لێ مارە بکە باشترە!"

ئەمجا وتی:

"ئامۆژگاری باووباپیران وەرگرە کە وتویانە:

| | |
|---|---|
| شەقی زەمانە کە تۆی گرتەوە | ناشایستەیەك جێی تۆی بردەوە |
| تۆش وەکو خەڵکی چەپڵەی بۆ لێدە | دوور بێ یا نزیك، تۆڵەت کردەوە |
| رەوشتی مەڵێ، کە پێوەی دیاربێ | بەوە لە چاکەی خۆتت شاردەوە |

کە ئەمە شیعرەی لە نوزهەتولزەمان بیست توورە بوو، لە ژوورەکە چووە دەرێ، هاواری کرد:

"کە کوشتنت حەیای نەدەبردم، هەر ئێستا سەرتم لە لەشت جیا دەکردەوە!"

ئەویش وتی:

"هەر خۆت توورە بکە..... من سوعبەتم لەگەڵ کردی!"

ئەمجا سەری ساسانی ماچ کرد و وتی:

"تۆ راست دەکەیت... ئامادەم پێکەوە پیلانی کوشتنی دابرێژین."

شا ساسان کە ئەمەی بیست دڵی پێی خۆش بوو، وتی:

"دە.... کوا؟ خێراکە دڵم تەقی! خۆ.... من هەر پیلانی بۆ دادەنێم و هەر سەرکەوتوو نابێت."

نوزهەتولزەمان وتی:

"کەنیزەکە باکون..... هەر لابە ناز و نوك ، دەیکات سەرەونگون!"

بەڵام لە راستیدا، ئەو کەنیزەکە پیرەژنێکی سادە و دڵپاك و بێ فێڵ بوو. کاتی خۆی، کان ماکان و "قضي فکان"پەروەردە کردبوو. بۆیە خۆشی دەویستن. ئەمجا، ناردیە دووی باکون. ئامادەی کرد و ئامۆژگاری کرد کە کان ماکان بکوژێت. ئەویش وتی:

"کەوابوو دەبێت، خەنجەرێکی ژەهراویم بۆ پەیدا بکەیت.... بۆ ئەوەی کە بە خەنجەر دام دووری، جارێکی دی هەڵنەستێتەوە."

ئەمجا ناردی خەنجەری ژەهراویان بۆ هێنا. رۆیشت و خستیە بن باڵی..... لەوێ کە گەیشتە ماڵ.... کان ماکانی بینی، دانیشتووە، زۆر بێحاڵ. لێی داوە دالغە و خەیاڵ. دوای سڵاو پێی وت:

"بۆ دڵنەوایی و دڵدانەوەی تۆ هاتووم."

کان ماکان وتی:

"کەوابوو.. چیرۆك و بەسەرهاتێکم بۆ بگێڕەوە.... دڵم خۆش بکات."

کەنیزەکە باکۆن وتی:

"بە چاوان."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.............. بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٤٣

شەهرەزاد گێڕایەوە: کەنیزەکە باکون، کە خەنجەرەکە لە ژێر جلەکانی بەریدا بوو، دانیشت و دەستی پێکرد:

"بیستوومە، پیاوێك هەبووە هێندەی حەز لە رابواردن هەبووە... کە ئەوەی هەیبووە، لە سامان و دارایی خەرجی ئەو ئارەزووەی کردووە. کە هەژار بووە دنیای لێ هاتووەتەوە یەك و سەری لێ تێك چووە. بە جۆرێك بە نێو بازاڕدا گەڕاوە، بۆ لەتە نانێك بیخوات! رۆژێکیان بزمارێك دەچێ بە پەنجەیەکی پێیدا. ئەویش هاواری لێ هەڵدەستێ وخەڵکی لێ کۆ دەبێتەوە. دوای ئەوەی پەنجەی دەبەستێ دەیبەن و دەیکەن بە حەمامێکدا. ئەویش، کە دەبینێ گەرم گورە، لە سەر جورنەیەك دادەنیشێ و خۆی دەشوا و ئاو دەکات بە سەری خۆیدا. تا ماندوو دەبێت. ئەمجا هاتە ژووری ساردی گەرماوەکە حەوزێکی ئاوی ساردی تیابوو، لەسەر قەراغەکەی دانیشت، ئەمجا هەندێ حەشیشەی قوت دا. دواتر، سەری گێژی بەرز کردەوە. دوای ئەوەی لەسەر مەڕ مەڕی زەویەکە راکشا، ناترێکی بینی کە پێویستیەکانی شتن و شێلانی پێبوو. دوو کۆیلەش بە دەوریەوە بوون. ئەمیش لە دڵی خۆیدا وتی:

"ئەمان لێیان تێکچووە و بە هەڵە خزمەتی من دەکەن."

که یەکێکیان خاولی و لفکەی و سابوونی پێبوو، ئەوی تریش تاسێکی هەڵگرتبوو بۆ ناترکە، ئەمجا هەر دوو قاژی درێژ کرد، کە وا تێگەیشت کەناترەکە، داوای قاچ درێژ کردنی لێ کردووە. ئەنجا کەوتە شتنی ئەمجا پێی وت:

"گەورەم ئەمرۆ بەختت یارە، ئەستێرەت لە رووناکیدایە"

ئەمیش دەستی کردە پێکەنین:

"پەنا بە خوا.. ئەی حەشیش!!"

ئەمجا کە دانیشت ناترەکە قردێلەیەکی رەشی لە ناو قەدی بەست. دوو کۆیلەکەشی بە دوایەوە. شوێنی کەوتن تا گەیاندیانە تاقەکەی خۆی کە دانیشت، گوڵاویان بە سەردا پژاند. ئەمجا میوەیان بۆ هێنا. شوتیان بۆ شکاند. دواتر لەسەر کورسیەکی دار ئەبەنوس دایان نیشان. دواتر دوو کۆیلەکە پشتیان شێلا. ئەمجا پێیان وت:

"پیرۆزت بێت"

ئەمجا دەرگایان لەسەر داخست و چوونە دەرەوە. ئەویش دەستی کردەوە بە پێکەنین، بە خۆی وت:

"ئەمانە چیانە، وا دەزانن وەزیرم... بانگم دەکەن گەورەم... بەرێز، بەڵام دواتر کە زانیان بە هەڵەدا چوون، لێم دەدەن وهەموو گیانم دەشکێنن."

ئەمجا هاتە دەرەوە، بەخەیاڵی خۆی کۆیلەیەکی مناڵ و کۆیلەیەکی خەساو، بەرەو رووی هاتن.... یەکێکیان، ٣ خاولی دەرهێنا یەکێکیان بە ناوقەدیەوە پێچا. ئەوی دی بە شانیدا دا. یەکێکی بە سەریەوە بەست. خەساوەکەش قاپقاپی بۆ دانا، تا بێکاتە سەر پێوە. ئەمجا کۆیلە و خەساوانی دی هاتن و چوونە ژێر باڵی و هێنایان. ئەمیش هەر پێدەکەنی تا گەیشتنە بەر هەیوانی گەرماوەکە.. رووانی فەرشێك داخراوە کە مەگەر هەر لەکۆشکی شایانەدا هەبێت. ئەمجا پێچاپانەوە گەرم داهات و نووست. سەیری کرد پیاو ماقوڵان هاتنە دەوری و تاجی شاهەنەیان کردە سەری و کەسێك پێی وت:

"ئیدی هەستە لە خەو، نیوەرۆیە."

کە بە ئاگا هاتەوە، روانی لەسەر حەوزەکە دایان ناوە، پێی پێ دەکەنن. ئەمجا بۆی دەرکەوت ئەمانە خەیاڵی حەشیشەکە بووە. خەو بووە....! سەیرێکی ئەوەی ژوور سەری کرد کە بە ئاگای هێنابووەوە پێی وت:

"با کەمێك دواتر بە ئاگات بهێنامایەوە... تا .... تاجەکەیشی دەکردە سەرم!"

ئەوانیش وتیان:

"نەچووە بچێت، ئێستا تاجەکەیش دەکەینە سەرت."

کەوتنە.. شەپازلە لێدانی و شەق و زللە، ئەمجا ئەوەی کە بە خەیاڵ پاشا بوو...... کە بە ئاگا هاتەوە رسوا بوو.

کە کان ماکان ئەمەی بیست هێندە پێکەنی کە بە پشتدا کەوت.... دواتر وتی:

"بەسەرهاتی وا سەیر و سەمەرەم هەرگیز نەبیستووە! چیتر دەزانیت؟"

ئەمجا پیرەژنە باکون کەوتە گێڕانەوەی چیرۆك تاکو نیوەشەو. کان ماکان خەوی لێکەوت. باکون لە ژوور سەری دانیشتبوو لە دڵی خۆیدا وتی:

"کاتی ئەوە هاتووە بیکوژم."

هەستا و خەنجەرە ژەهراویەکەی دەرهێنا و دەستی بڵند کردەوە کە بیکوژێت. دایکی کان ماکان خۆی کرد بە ژووردا. ئەمیش لەبەری هەستا و بەخێری هێنا. بەڵام هێندە ترسابوو. کە هەناسەبڕکێی بوو... کە دایکی هەستی بە پیرەژنە باکون کرد تێکچووە کان ماکانی هەستان کە ئەویش هەستا، روانی دایکی لە ژوور سەریەتی. بووە هۆی زیندوو مانەوەی کوڕەکەی. هۆی هاتنە ژوورەوەی دایکی کان ماکان "قضي فكان"بوو. چونکە گوێی گرتبوو، لە کەین و بەینی کەنیزەکە باکونی فێڵباز و دایکی، بۆیە چووبوو بە دایکی "کان ماکان"ی وتبوو:

"فریای کوڕەکەت بکەوە... با.... باکونی لەعنەتی نەیکوژێت."

لە نووکەوە رێکەوتنەکەی باکون و دایکی خۆی بۆ گێڕابووەوە. کە کان ماکان خەبەری بووەوە بە دایکی وت:

"لە کاتێکی گونجاودا هاتیت."

ئەمجا رووی کردە پیرەژنە باکون:

"بە قوربانت بم چیرۆکی لەوە خۆشتر نازانیت!؟"

کەنیزەکەکە وتی:

"جا.... چیت بیستووە لە چیرۆکە خۆشەکانم... بەڵام ئێستا کاتی ئەوە نییە."

هەستا و ئەویش خوا حافیزی لێ کرد. لە کاتێکدا کە بڕوای بە رزگار بوونی خۆی نەدەکرد، لە کاتێکدا دڵی خەبەری دابوو، کە هەبێ و نەبێ، دایکی "کان ماکان"بە پیلانەکەیانی زانیوە. ئەمجا دایکی بە کوڕەکەی وت:

"کوڕە شیرینەکەم.... ئەمشەو، شەوێکی پیرۆزە کە خوا رزگاری کردیت لە دەست ئەو پیرەژنە نەفرەت لێ کراوە."

ئەویش وتی:

"چۆن!؟ چۆن!؟"

ئیدی دایکی لە نووکەوە، بۆی گێڕایەوە. کان ماکان بە دایکی وت:

"دایە گیان... مار، شارەزای خۆی نەبێت، بە هەموو کەسێك ناکوژرێت..... بەڵام بۆ خۆ پارستن، دەبێت لێرە بار بکەین و بڕۆین. ئیدی خوا هەر چیەکی بوێت.... دەیکات."

# چیرۆکی گیرانی کان ماکان و بەربوونی

کە ڕۆژ بووەوە، کان ماکان و دایکی لە شار چوونە دەرەوە چوونە لای دنـدانی گـەورە وەزیر. لەولایشەوە، نێوانی نوزهەتولزەمانیش لەگەڵ شا ساسان تێکچوو، بۆیـە ئـەویش لـە شار چووە دەرەوە، یەکسەر بۆ لای دندان. ئەمجا دندانی گـەورە وەزیـر و کـان ماکـان لەگـەڵ سەرکردە سەربازەکان و پیاوماقوڵان کۆ بووەوە. بـە هـەموویان بڕیاریـان دا، هێـرش بکەنـە سەر ڕۆمـەکان. ئـەو جـەنگ و پەلامارنـە زۆری کێشا و پێویست ناکات لێـرەدا بگێڕینـەوە. ئەنجامی ئەو جەنگە بە دیل گرتنی کان ماکانەوە بوو، لە لایەن "شا رومزان"ەوە شای وڵاتی ڕۆم. ڕۆژی دواتر کە هەموویان، لەخەمی ئەوەدابوون کە شا "رومزان"هەموویان دەکوژێت. شا رومزان ناردییە شوێنی. کـان ماکـان و دنـدانی گـەورە وەزیـر و کۆمەڵەکەیـدا بـە دەسـتی بەسـتە هێنایـانن. ئـەمجا شـا رومـزان.... ئـازادی کـردن و لـە خـۆی نزیـك کردنـەوە. نـاردی سفرەیان ڕازاندەوە. نانیان خوارد. دواتر شا رومزان ڕووی کردە دندان وتی:

"لەم نزیکانەدا خەونێکم بـینی...! دواتـر بـۆ قەشـەکانی لا خۆمـانم گێڕاوەتـەوە، ئـەوان وتیان:

"ئەم خەونە، بە دندانی گەورە وەزیر.... شی دەکرێتەوە."

دندانیش پرسی:

"ئەی شای زەمانە.... فەرموو بۆم بگێڕەوە."

شا رومزان گێڕایەوە:

"لە خەونمدا کەوتبوومە چاڵێکی قووڵەوە ناوەکەی ڕەش لە بیری ئاو دەچوو. وا هەستم دەکرد، کەسانێك لە خوارەوە ئازاریان دەدام. تەکانم دا.... بێمە دەرەوە، بەڵام نەمتوانی خۆم ڕزگار بکەم دواتر لام کردەوە بینیم..... ناوچەیەکم بـینی لـە ئـاڵتون.... دەسـتم درێـژ کـرد بەرزی بکەمـەوە . ڕوانـیم دوو ناوچەی زێڕینـە. لـە نـاو قەدمـەوە بەسـتم. بـووە بـە یـەك پارچە ئەی وەزیر ئەوە خەونەکەم بوو. کە دڵم تیایدا خۆش بوو."

وەزیر لە شیکردنەوی خەوەکەیدا وتی:

"ئەوە بزانە.... ئەی سوڵتانی گەورەمان تۆ برایەك یان ئامۆزایەکت هەیە یان کەسێك لە خزمانتە... ئەگەر نا کەسێك لە سەرجەلەتە لە خوێن و گۆشتتە."

پاشا چاوی گێڕا پێیان دا سەیری کان ماکانی کرد، ئەمجا نوزهەتولزەمان، دواتـر "قضـي فکان"و دندانی وەزیر و دیلەکانی دی. ئەمجا لە دڵی خۆیدا وتی:

"ئەگەر لە ملی ئەمانە بدەم و بیان کوژم: ئەوا سەربازەکانیان ورە بەر دەدەن ئیدی هەر زوو دەگەڕێمەوە وڵاتی خۆم و پاشاکەشیان لە چنگم دەرناچێت. کە شیکردنەوەکەی بیست "جەلا"دی بانگ کرد و فەرمانی پێدا، هەر ئێستا بدە لە ملی "کان ماکان".

لەو کاتەدا...... مامانی ماڵی پاشا هات بەردەم پاشا و وتی:

"ئەوە بە نیازی چیت؟!"
پاشاش وتی:
"بەنیازم، ئەم دیلانە سەر ببڕم و کەللە سەرەکانیان فڕێ بدەمە ناو سەربازەکانیان... ئەمجا فەرمان بە سەربازەکانم بدەم، هێرشیان بکەن سەر و تەفر و تووناین بکەن. راویان بنێین. ئەمجا بگەڕێمەوە وڵاتی خۆم."
ئەمجا چووە نزیکی پاشاوە و بە زمانی فەرەنگی پێی وت:
"چۆن دڵت دێنێ برازا و خوشکی خۆت و خوشکەزاکەت بکوژیت؟!!"
کە پاشا ئەمەی بیست و هێندەی دی توند بوو، وتی:
"مەلعون خۆت نازانیت، کە دایکم لە چۆڵەوانیدا کوژرا و باوکیشم دەرمان خوارد کراوە و مردووە. گۆیەکیشت پێم دا و وتت: ئەمە هی باوکتە!؟ بۆ.... بڕوام پێناکەیت؟!"
مامانەکەش وتی:
"هەموو ئەوانەی کاتی خۆی پێم وتویت راستن. بەڵام، بەسەرهاتی هەر دووکمان سەیرە!! من ناوم مەرجانەیە...! دایکی تۆ ناوی شازادە ئیبریزە بوو. زۆر جوان و ناسك و نازدار بوو. ئازایەتیشی لەسەر زاری هاوڵاتیان بوو، بە نموونە دەیان هێناوە لە کاتی گفتوگۆدا باوکیشت، شا عومەری کوڕی نوعمان خاوەنی بەغدا و خوراسان. ئەمجا لەگەڵ دندانی گەورە وەزیردا. شرکانی کوڕی ناردووە جەنگ ئەوە روویدا، کە خۆیشت ئاگاداریت. دواتر دایکت ٥ رۆژ لە کۆشکی باوکتا میوان بوو، بە هۆی دایکی پاشاوە، کە پیرەژنە سەرئاسنینە فێڵاوی ناسرابوو. باوکی هەواڵەکەی بیستەوە.... دەربارەی کچەکەی، کە دایکتە. دایکیشت لەسەر دەستی شرکانی براتدا موسڵمان بوو. هەروەها من و ریحانە و ٤٠ کەنیزەکی تریشی کردە موسڵمان. کە براینە بەردەم شا عومەر ئیبریزەی دایکتی لێ هەڵبژاردین و مارەی کرد. دایکیشت سکی بە تۆ پڕ بوو. دایکت ٣ گۆی هەبوو دایە شاعومەری باوکت. باوکیشت گۆیەکیان دایە نوزهەتولزەمانی کچی خۆی. ئەوی تریشی دایە... زەوئولەکان سێیەمیش بۆ شا شرکان بوو. ئیبریزە خاتوون، گۆیەکەی بۆ هەڵگرتووی کە کاتی مناڵ بوونی نزیك بووەوە دایکت بیری کەس و کاری خۆی کرد و ئەم نهێنییەی بۆ من گێڕایەوە. ناردیە شوێن کۆیلەیەکدا، کە ناوی "غەزبان"بوو. ئەو نهێنیەی بەویش وت و ئەویش هەر دووکمانی برد، بەرەوماڵی باپیرەت بە دزیەوە. لە شار چووینە دەر.
رێگامان گرتە بەر، کاتێك لە وڵاتی باپیرەت نزیك بووینەوە، دایکت ژان گرتی. شوێنەکەشی چۆڵەوانی بوو. کۆیلە رەشەکە تەماعی کردە دایکت، دایکیشت بە سەریدا قیژاندی. لە ئەنجامی ئەو قیژەیەدا تۆ لە دایك بوویت. لەو کاتەشدا تەپوتۆز بڵند بووەوە. لە لای وڵاتی باپیرەتەوە "غەزبان"ی کۆیەلە، کە ئەو سوارانەی بینی زۆر تووڕە بوو، گەڕایەوە سەر دایکت و بە شمشێرێك کوشتی ئەمجا هەڵات. کە تەپوتۆز بڵاوەی کرد روانیم شا حەردوبە پاشای وڵاتی "رۆم."کە دایکتی بینی واتا کچەکەی خۆی بەو شێوەیە کوژراوە

زۆر بەلایەوە گران بوو. لێی پرسیم هۆی کوشتنی چی بوو؟ بۆچی بە دزیەوە، لە شار دەرچووە و سەفەری کردووە؟ منیش لە نووکەوە بۆم گێڕایەوە. ئەم دوژمنایەتیەی نێوان وڵاتی رۆم و شاری بەغدا.... ئەم کارەساتە بووە!"ئیدی تەرمی دایکتمان هێنایەوە و لای خۆمان ناشتمان. تۆش ساوا بووی و دایانیتە من کە پەروەردەت بکەم و گەورەت بکەم. گۆیەکەی ئیبریزەی دایکتم کردە ملی تۆ، کە گەورەش بوویت، نەموێرا، ئەمەت بۆ بگێڕمەوە، چونکە گەر بۆم بگێڕایتایەوە دوژمنایەتی نێوان ئەو دوو وڵاتە پەیدا دەبوو. باپیرەشت فەرمانی پێدام، کە ئەم نهێنییە نەدرکێنم. نەیدەویست تۆ بزانیت... کە کوڕی شا عومەری کوڕی نوعمانیت. لەو کاتەوە مەملەکەتەکەت سەربەخۆ کردووە، دەمویست ئەم راستیەت پێ بڵێم. بەڵام هەر بۆم رێ نەدەکەوت و ئێستا بۆت دەگێڕمەوە....وا من راستیەکانم پێ وتیت، تۆش خۆت و ویژدانی خۆت.

کە دیلەکان ئەمەیان بیست نوزهەتولزەمان خۆی بۆ نەگیرا و هاواری کرد:

"ئەم پاشەیە رومزان شایە برامە و کوڕی شا عومەری نوعمانە. کوڕی شازادە ئیبریزەی کچی شا حەردوبی رۆمە. بڕوا بکەن ئەمەش کەنیزەکە مەرجانەیە، زۆر باش دەیناسمەوە."

کە شا رومزان ئەمەیشی بیست سەراسیمە بوو! نەیدەزانی چی بڵێت! نوزهەتولزەمان چووە بەردەم شا رومزان ئەویش خوێنی بۆی جوڵا، ئەمجا پرسیاری بەسەرهاتەکەی کرد. نوزهەتولزەمانیش بەسەرهاتەکەی لە نووکەوە بۆ گێڕایەوە. شا رومزان، هەمان بەسەرهاتی مەرجانەیە کە بۆی گێڕابووەوە. گومانی نەما کە ئەمیش خەڵکی شاری بەغدایە و باوکیشی شا عومەری کوڕی نوعمانە. یەکسەر، دەست و قۆڵی کردەوە. نوزهەتولزەمانیش دەستی رومزان شای ماچ کرد و دەستی کردە گریان. شایش لەگەڵیدا گریا. رەحمی بۆ کان ماکانی خوشکەزای جوڵا. ئەمجا شمشێرەکەی لە جەلادەکە وەرگرت. هەموویان ترسان، وایان زانی شا دەیان کوژێت. ئەمجا شا فەرمانی دا، یەکە یەکە چوونە بەردەمی ئەویش خۆی دەیکردنەوە. ئەمجا بە مەرجانەی وت:

"دەی قسەکەت تەواو بکە، با ئەمانیش بیبیستن."

مەرجانە وتی:

"پاشا گیان... ئەم پیاوە پیرە، دندانی گەورە وەزیرە. کە شایەت و بەڵگەی قسەکانمە."

ئەمجا کەوتە گێڕانەوەی بە سەرهاتەکە بۆ میرانی رۆم و پیاوانی بەغدا. ئەوانیش قسەکانییان لا پەسەند بوو. ئەمجا سەیرێکی یەکە یەکەی دیلەکانی کرد، ئاوڕێکی لە کان ماکان دایەوە، ملوانکە و گۆیەکەی بینی، بە هەموو هێزی خۆی قیژاندی و دەستی برد بۆ گۆیەکەی ملی کان ماکان و وتی ئەوە گۆیەکەی تری، ملی تۆیە رومزان شا. ئێستا هێندەی تر قسەکانم راستی خۆیان سەپاند. ئەم دیلەیان "کان ماکان"ی برازاتە."

ئەمجا رووی کردە کان ماکان و وتی:

"ئەی شای زەمانە... ئەو گۆیەی ملی خۆتم بدەرێ ئەمجا داوای لە ئەزهەتولزەمانیش کرد. ئەویش گۆیەکەی ملی خۆی دایە. ئەمجا هەر دوو "گۆیەکە"ی دایە دەست شا رومزان. ئەویش لەگەڵ ئەوەی ملی خۆی بەراوردی کردن و بۆی سەلما. زانی کە مامی شا کان ماکانە هاواریان کرد و کەوتنە یەکتری ماچ کردن. ئەمجا شار بەم دڵخۆشییەی زانی هاتنە کۆڵان. دایان لە دەهۆڵ و زورنا. شایی و هەڵپەرکێ و سەما. سوپای رۆم بەمەی زانی کەوتە ئاهەنگ گێران و لەشکری عیراقیش کە ئەم بەزم و رەزمەی بیست سوار بوون بەرەو وڵاتی رۆم. تاکو بزانن ئەو هەرا و زەنایە چییە!؟ لە خۆیان دەپرسی:"ئاخۆ.... ئەو ئاهەنگ گێرانە چییە؟ ئەمانیش بۆ سەر سنوری رۆم هێرشی جەنگیان هێنابوو. بۆیە قضي فکان فەرمانی بە کوڕی شرکان دا هەر ئێستا بەرەو سنور بڕوات و بە سوپای عیراق و شام رابگەیەنێت کە پەیمانی رێکەوتن مۆر کراوە و جەنگ وەستاوە و بگەڕێنەوە دواوە. بۆیان دەرکەوتووە کە رومزان شا مامی سوڵتان کان ماکانە. قضي فکان بۆ خۆی چوو بۆ لای شا زوبلکان سڵاوی لێ کرد و ئاگاداری پێدا کە پەیمانی رێکەوتنیان مۆر کردووە. رومزان شایش مامەی کان ماکانە. کە ئەوی خەمبار و بە ترسی سەراین دەوڵەتەوە ئەمەی بیست رووی گەشایەوە، پەژارەی لە دڵا نەما سوار بوو، هەموو سەرانی دەوڵەت و گەورە پیاوانی لەگەڵ خۆی برد و خاتوو قضي فکان لە پێشیانەوە. رۆیشتن تا گەیشتنە کۆشك و سەرای رومزان شا. کە چوونە دیوەخان، روانیان شا رومزان دانیشتووە لەگەڵ کان ماکان. باسی شا زوبلکانیان دەکرد. دواتر بە کۆمەڵ بڕیاریان دا دیمەشقی بدەنێ و پاشا بێت لە جێی خۆی. خۆیشیان دەچنەوە وڵاتی عیراق. زوبلکانیش بەرپرسی دیمەشق و شام دەبێت. ئیدی فەرمانیان پێدا بگەڕێتەوە و سوپاکەی کۆ بکاتەوە و خۆیشیان سەعاتە رێیەك لەگەڵی رۆیشتن و دواتر خواحافیزیان لێ کرد. ئەمجا لە شەیپوریان دا و سوپای خۆیشیان کۆ کردەوە و فەرمانیان دا بە رێ بکەون بەرەو عیراق. ئیدی هەر دوو سوپاکە لێکدران. خۆیشیان رێکەوتن کە نەسرەون تاکو تۆڵەی خۆیان لە پیرەژنە "شەواهی"کە بە پیرەژنە سەرئاسنینە فێڵاوی ناسرابوو نەکەنەوە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو......... بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٤٤

شەهرەزاد گێڕایەوە: ئەمجا شا رومزان و پیاوان و سەرانی دەوڵەت کەوتنە رێ. سوڵتان کان ماکان زۆر دڵخۆش بوو. دوعای خێری بۆ مەرجانە کرد کە ئاوا بە یەکی شاد و شوکر کردنەوە. رۆیشتن و رۆیشتن تا گەیشتنەوە نیشتمانی خۆیان. کە خەزنەدار، هەواڵەکەی

بیست چوو به پیری شا رومزانەوە و کڕنووشی بۆ برد. ئەمجا چووە کۆشك و لێی دانیشت و کان ماکانی لە لای خۆیەوە دانا. ئەمجا کان ماکان بە شای مامی وت:

"مامە گیان پاشایەتی ئەم ولاّتە هەر لە خۆت جوانە و پیرۆزت بێت."

ئەویش وتی:

"شتی وا نابێت...کە رووبەڕوی پاشەتیت ببمەوە."

ئەمجا دندانی گەورە وەزیر وتی:

"کەوابوو، بە قسەی من بکەن... هەر رۆژە و یەکێکتان پاشا بن."

ئەوانیش بە پێکەنینەوە پەسەندیان کرد. دواتر فەرمان درا.... قوربانی کرا.... خێر بەخشرایەوە، سفرە و خوان راخرا بۆ هەژاران. ماوەیەکی زۆر ئاهەنگ گێڕا. هەولاّتیان، شاد و بەختیار بوون. رۆژێکیان کە دانیشتبوون تەپ و تۆزێکی فرەیان بینی ئاسمانی گرت. دواتر هەندێ لە بازرگانان، هاتن بە هەڵە داوان. وتیان:

"ئەی شای زەمانە... چۆن دەبێت لە ولاّتی رۆم دا رووت بکرێینەوە، لە کاتێکدا ولاّتی ئێوە پڕە لە دادی کۆمەلاّیەتی!؟"

ئەمجا شا رومزان بانگی کردە پێشەوە هەواڵەکەی لێ پرسی. ئەویش وتی:

"من یەکێکم لە بازگانان.... ماوەیەکی زۆرە لە دەرەوەی ولاّت بووم. ٢٠ ساڵێکم پێچوو. نووسراوێکی فەرمانی پاشایەتیم پێیە، لە دیمەشق بۆیان نووسیوم و مۆری شا شرکانی خوا لێخۆش بووی پێوەیە. ئەویش بە هۆی ئەوەوە، کە کاتی خۆی کەنیزەکێکم بە دیاری بۆ بردووە. کە لەو ولاّتە نزیك بوومەوە، ئەوا ١٠٠ باری وشترم پێیە! لە نەختینەی هندی، هێناومە بۆ بەغداد کە مەملەکەتی ئێوەیە، شوێنی دادپەروەری و ئاسایشی ئێوەیە. کاتێکمان زانی هەندێك لە عەرەبی دەشتەکی و کوردەکان پێکەوە رێیان پێ گرتین و کۆیلە و پیاوەکانیان کوشتین و بارەکانیان تالاّن کرد."

ئەمجا بازرگانەکە لە بەرامبەر پاشادا دەستی کرد بەگریان. شا رومزان بەزەیی پێدا هاتەوە، هەروەها شا کان ماکان. بۆیە فەرمانیدا ١٠٠ سوارەی جەنگاوەری ئازا ئامادە بکرێن. ببرێنە سەر ئەو چەتە و رێگرانە. کابرای بازرگان پێشیان کەوت تاکو شوێنی رێگرانیان پیشان بدات. بە درێژایی ئەو رۆژە و شەوەکەشی بەڕێوە بوون. تاکە بەرەبەیان ئینجا گەیشتنە دۆڵێکی سەوزی پڕ دار و درەخت و کانی جۆگە ئاو. رێگرەکانیان دۆزیەوە. سەیریان کرد، بارەکانی ئەم بازرگانەیان لە نێو خۆیاندا بەش کردووە. بەلاّم هەندێکیان هەر لەوێ ماونەتەوە. ئەو ١٠٠ سوارە گەمارۆیان دان. ئەمجا شا رومزان هاواری لێکردن خۆی برازاکەی کان ماکان. لە ماوەی سەعاتێکدا هەموویان کە ٣٠٠ عەرەبی دەشتەکی بوون قۆڵبەست کران. هەموو شتومەك و پارەکانیان لێ سەندن و رەوانەی شاری بەغدایان کردنەوە. ئەمجا کە گەڕانەوە پێکەوە.... کەوتنە حوکم کردن و گیراوەکانیان بانگ کرد. داوایان لێکردن کە سەرۆکی جەردەکانیان، دیاری بکەن، جەردەکان چەند کەسێکیان دەست

نیشان کرد، ئەوانە رەوانەی بەندیخانە کران و ئەوانی دی ئازاد کران... دوای ئەوەی هەر چییەکیان پێ بوو، لێیان سەندن و دایانەوە، بازرگانە خاوەن ١٠٠ بارە وشتر. ئەویش کە شتومەکەکانیدا چووە رووانی چواریەکی شتەکانی لە دەست داوە ئەمجا دوو فەرمانی شاهانەی دەرهێنا. یەکێکیان بە دەست و خەتی شرکان شای رەحمەتی بوو. ئەوی دی هی "نوزهەتولزەمان"بوو. ئەم بازرگانە، لە کاتی کچێنیدا، لە دەشتەکییەکی کڕی بوو. بە دیاری پێشکەشی شا شرکانی کردبوو. کە ئەو بەسەرهاتەیان بەسەرهات. ئەمجا شا کان ماکان سەیری دەست و خەتەکانی کرد و دەست و خەتی شا شرکانی مامەی ناسیەوە. چیرۆکی پووره نوزهەتولزەمانیشی بیستبوو. ئەمجا فەرمانی شاهانەی دووەمی برد و چووە لای نوزهەتولزەمان وبەسەرهاتی بازرگانەکەی بۆ گێڕاوە. ئەویش کە فەرمانە شاهانەکەی بینی دەست و خەتی خۆی ناسیەوە. ئەمجا بازرگانەی دەعوەت کرد و ئاگاداری دایە رومزان شای برای و شا کان ماکانی برازای کە ئاگایان لێی بێت. ئەوانیش فەرمانیان دا چەندین کۆیلە و خزمەتکاریان پێ بەخشی. تاکو پەزێرایی بازرگانەکە بکەن. نوزهەتولزەمان خۆیشی ١٠٠٠٠٠ درهەمی پاداشت دایە. لەگەڵ ٥٠ باری وشتر کوتاڵ و شتی نەختینە. ئەمجا ناردی بە شوێنی دا کە چووە سەردانی نوزهەتولزەمان رێزێکی زۆری گرت. بازرگانەکەش زۆری پێخۆش بوو. کە زانی کچی شا عومەری کوڕی نوعمانە وشا رومزان برایەتی و شا کان ماکان برازایەتی ئەمجا...دەستی نوزهەتولزەمانی ماچ کرد و وتی:

"بە راستی هەر چی چاکەیەکم لەگەڵ کردبیت، بە فێرۆ نەچووە."

دوای ئەوەی سێ رۆژ مایەوە، خواحافیزی کرد و بەرەو وڵاتی شام بووەوە. دواتر هەر سێ پاشاکە... بانگی جەردە گیراوەکانیان کرد. لە وەڵامدا یەکێکیان دانی پیانا و وتی:

"ئەوە بزانن سەرەتا من رێگر نەبووم هەموو کارەکەم... فڕاندنی منداڵ و کچان بووم تاکو بیان فرۆشم تا ئەم درەنگانە ئەمە کارم بوو. شەیتان فریوی دام و لەگەڵ ئەم دوو جەردەیە رێکەوتم، تا کۆمەڵێك عەرەبی دەشتەکی و ملهوڕان کۆ بکەینەوە. دواتر دەستمان کردە جەردەیی و رێگری، لە بازرگانان."

ئەمجا پێیان وت:

"سەر سوڕهێنەرترین، فڕاندن کە بەسەرت هابێت بۆمان بگێڕەوە."

ئەویش وتی:

"جارێکیان کچێکم فڕاند. ویستم بیمەوە بۆ بیابان و لەوێ وشتری پێ بلەوەڕێنم. ئەو کچە زۆر جوان و ناسك و نازدار بوو! زۆر هەوڵی دا ئازادی بکەم. منیش لێی تووڕە بووم زۆر بە توندی لێم دا. دواتر بازرگانێکمان لێ پەیدا بوو. ویستی لێم بکڕێت. چونکە کچەکە سەرەڕای جوانی زمان پاراو و قسەزان و زیرەك بوو. پارەیەکی پێم دا، نەمدایە. شوێنمان کەوت نرخەکەی کردە دوو هێندە، هەر نەمدا. هێندە نرخەکە پتر کرد..... دواتر ١٠٠٠٠٠ درهەمی پێم دا. ئەمجا پێم فرۆشت. خۆزگە پێم نەفرۆشتایە، چونکە دواتر بیستمەوە ئەو

بازرگانە جل و بەرگێکی نایابی لەبەر کردووە و پێشکەشی شای دیمەشقی کردووە. پاشایش دوو هێندەی نرخەکەی پێداوە. ئەی پاشایان من ئەو بەسەرهاتم زۆر پێ سەیر بوو!"

کە ئەمەیان بیست سەریان سوڕما! کە نوزهەتولزەمان ئەمەی بیست دنیا لەبەر چاوی تاریك بوو، هاواری برازاکەی و رومزانی برای کرد و وتی:

"ئا....ئەمە بوو منی لە بەیتول موقەدەس فڕاند! گومانم نییە، کە ئەمە بوو."

ئەمجا نوزهەتولزەمان چی بەسەر هاتبوو لەگەڵ ئەو ڕێگرە گێڕایەوە، کە چۆن توندوتیژ بووە لەگەڵیدا و برسی و تینوو رسوا بووە. ئەمجا وتی:

"کەواتە، خوێنی بە من حەڵاڵە... "

پەلاماری شمشێری دا و هەڵی کوتایە سەری کە بیکوژێت. ئەمجا ئەویش هاواری کرد:

"ئەی پاشایان مەهێڵن بمکوژێت. با چیرۆکی سەرسوڕهێنەری ترتان بۆ بگێڕمەوە."

کان ماکانی برازای بانگی کرد:

"پوورە، وازی لێ بێنە، با چیرۆکی دی بگێڕێتەوە. دواتر چی لێ دەکەیت بیکە."

ئەویش گەڕاوە دواوە، ئەمجا پاشاکان وتیان:

دەی بۆمان بگێڕەوە."

ئەویش وتی:

"ئەگەر چیرۆکێکی سەیرتا بۆ بگێڕمەوە، لێم خۆش دەبن!؟"

وتیان:

"بەڵێ."

ئەمجا دەشتەکییەکە دەستی پێ کرد:

"ئەزانن، شەوێکیان خەوم زڕابوو. خوا خوام بوو زوو، ڕۆژ ببێتەوە. کە دنیا روناك بووەوە، خۆم بەست.... شمێرم لە کەمەر بەست. سواری ئەسپەکەم بووم. رمەکەم بە دەستەوە گرت. دەرچووم بۆ راووشکار. لە ڕێگا چەند کەسێکم بینی. پرسیان بۆ کوێ دەچیت. کۆمەڵێکم لە راوگەیە بینی، لێیان پرسیم کە خەریکی چیم!؟ پێم وتن:

"هاتوومە راووشکار."

وتیان:

"ئێمەش لەگەڵت دێین."

ئیدی یەکانگیر بوون زۆر گەڕاین. "نەعامە"یەکمان بینی. شوێنی کەوتین.... هەڵێرە..هەڵەوێ..... بۆمان نەگیرا. هێندەمان زانی چووینە بیابانێکی وشك و بێ ئاوەوە. ئەسپەکانمان ماندوو و تینوو بوون. بیرمان کردەوە، بۆمان دەرکەوت بەو ماندوویەتی و شەکەتیە ناتوانین بگەڕێینەوە. بۆیە دابەزین بۆ حەواننەوە. ئەمجا کە بەملا ولادا روانیم هەستم کرد کە دەوارێك زۆر دوور دیارە. بۆیە هەستام و سوار بووم رووم تێکرد. کە گەیشتمە ئەوێ بانگم کرد. لاوێك هاتە دەرەوە. فەرمووی لێکردم. کە دابەزیم و چوومە

ژوورەوە. دەروانم کەنیزەکێکیش لە ژوورەوەیە، تا بڵێی ناسك و نازدارە. کە تینوێتی و برسێتیم نەما پرسیم ئەم کەنیزەکە چیتە.

وتی:

"خوشکمە."

منیش کە پڕ چەك بووم شیراندم بەسەریدا و وتم:

"گەر ئەو خوشکەتم نەدەیتێ دەتان کوژم."

ئەویش خۆی تیك نەدا و وتی:

"ئێوە چەند کەسن؟"

منش وتم:

"زۆر"

وتی:

"تۆ وتت ئێمە پاڵەوان و شۆڕە سوارین!"

منیش وتم:

"راستە"

ئەمجا وتی:

"گرنگ نییە ئەگەر ١٠٠٠ کەسیش بن. یەکە، یەکە بێنە گۆڕەپانی جەنگەوە بۆم هەر کەسێکتان منتان کوشت خوشکەکەم حەلاڵی بێت."

منیش وتم:

"باشە هەر ئێستا دەگەڕێمەوە ناویان و ئەم پەیمان و ڕێکەوتنەیان بۆ دەگێڕمەوە. ئەوەشم بیر نەچێت پێش ئەوەی تێرم بکات لێی پرسیم ناوت چییە؟ پێم وت: من حەمادی کوڕی ئەلفەزاوی فارسیم. کە بەوە ناسراوم توانای ١٠٠ پاڵەوانم هەیە. ئێمە هاتینە دەرەوەی شار بۆ راو و شکار. شوێن نەعامەیەك کەوتین بۆمان نەگیرا. تینو و ماندوو بووین. بۆیە لێرە گیرساینەوە. دوور بە دوور ئەم مێرگ و سەوزە گیایەم بینی بۆیە هاتمە لای ئەم دەوارەی ئێوە. کە ئەم خوشکەتم بینی چوو ئاوم بۆ بێنێ زرنگەی پاوانەکەی و جوانی و شەرمنییەکەی وای کرد حەزم لێکرد. ئێستاش تۆ هەواڵی منت پرسی و بۆم گێڕایتەوە. فەرموو تۆیش بەسەرهاتی خۆتم بۆ بگێڕەوە. ئەو لاوەی کە هێشتا مووی لێ نەهاتبوو وتی:

"ئەم کەنیزەکە خوشکمە."

منیش پێم وت:

"منیش خراپ نەوتووە، کە داوام کرد، لێم مارە بکەیت."

ئەویش وتی:

"منیش پێم وتی تۆ شێری بیابانی... ئازای، پاڵەوانی."

ئەمجا کە گەڕامەوە بۆ هاوڕێکانم باس کرد. ئەمجا پێم وتن....ئەو لاوە.. پاڵەوانێکی نەبەردە و زۆر ئازایە.... بە گاڵتە، زۆرانبازی و ڕمبازێنەکە وەرمەگرن. ئەوەش بزانن... کە دەوارەکەی پڕ لە شتی نەختینەی بە نرخ و زێڕ و زیوێکی زۆریان پێیە. ئەمجا... هەر پاڵەوانێك توانی ئەو لاوە ببەزێنێت، خوشکەکەی بۆ ئەو کەسە دەبێت."

هاوڕێکانم وتیان:

"پەسەندمانە...."

ئەمجا چەکیان کردە شان و ڕمیان گرتە دەست و سوار بوون بۆ لای دەواری لاوەکە. گەیشتن، لاوەکەیان بینی خۆی ئامادەی جەنگ کردووە. ئەمجا خوشکەکەی باوەشی بە ئەسپی براکەیدا کرد. زۆری بۆ پاڕایەوە بە دەم لاواندەوە ئەم شیعرەی وت:

سکاڵای ترس و خەم و پەژارە — بۆ کەسێك دەبەم، هەر خۆی سەردارە

کە خۆیان، داوای مەرگت لێ بکەن — تاوانبار نابیت، ئاشکرا و دیارە

ئەسپت دەزانێت، چەند پاڵەوانی — شێرت، ناسراوە، چەندە غەدارە

شەرەفی خوشکت کە دەپارێزیت — نزای پەسەندی پەروەردگارە

ڕێ مەدە دوژمن خوشکت داگیر کات — ڕاکێشی بکەن هەر وەك پەتیارە

لەو شارە نابم، کە تۆی لێ نەبیت — هەڵدەخەم بۆ خۆم پەتی سێدارە

کە لاوەی برای ئەمەی بیست گریا و بەمجۆرە وەڵامی دایەوە:

بڕوانە شەڕی سەرسوڕهێنەرم — دەمبینی چۆنی لە ناویان بەرم

وەك شێری مەیدان پەلامار دەدەم — کەلاکیان دەخەم لە دەوروبەرم

گەر بۆت نەجەنگم دوعام ئەوەیە! — دەم داڵ بکەوێ چوار پەل و سەرم

لە پێناوتدا جۆرێ دەجەنگم — بچێتە کتێب، ناوبانگی شەڕم

ئەمجا وتی:

"خوشکێ گەر کوژرام، سوار بە و هەڵ بێ و خۆت ڕزگار بکە."

خوشکەکەشی وتی:

"خوا نەکات، تەرمی تۆ ببینم."

ئەمجا دەستی برد بۆ سەری خوشکەکەی و ناوچاوانی ماچ کرد. دڵۆپی فرمێسکەکانی چاوانی خوشکی دادەوەرینە سەر زەوی. کە خواحافیزی لێ کرد ئەمجا ڕووی کردە ئێمە و پرسی:

"ئەی شۆڕە سوارەکان ....ئێوە میوانن.... یان بۆ شەڕ کردن هاتوون!!؟ ئەگەر وایە بە یەکێك بێتە بەرامبەرم."

ئیتر سوارەیەکی پاڵەوان لێی چووە پێش لاوە لێی پرسی:

"ناوی خۆت و باوکت چییە؟ چونکە من سوێندم خواردووە، کەسێك نەکوژم.. کە ناوی خۆی و باوکی... وەکو ناوی خۆم و باوکم بێت. ئەو کەنیزەکەیشی دەدەمێ."

پاڵەوانە وتی:
"بیلالم ناوە."
لاوەکەش ئاوا وەڵامی دایەوە:

وانەبوو، وتت ناوت بیلالە        فریودانی من گەلێك مەحاڵە
گەر پیاویت ئێرەجێگەی خۆیەتی        نەعرەتە لێدە، با بڵێن زاڵە
خۆ بگرە، لەبەر شیری مانگ ئاسام        وەك کێو دارووخا مەیکە بە ناڵە

ئەمجا کەوتنە هەڵمەت بردن بۆ یەکتری. تا لاوەکە.. هەلی قۆستەوە و رمەکەی کرد بە سەر سنگیا لە پشتیەوە.. دەرچوو.
ئەمجا سوارەیەکی دی هات: لاوەکە پێی وت:

ئەی سەگە پیسی بۆگەنی خوێڕی        پێت وایە، پیاوی نازان گەڕی
شێر ئەو کەسەیە گیانی ببەخشێ        لە خۆ نەترسێو ئەمیکات بێفەڕی

ئەمجا نەیدایە دەرفەت... زوو بۆی برد هەڵمەت. ئەویشی کوشت ئەمجا هاواری کرد.... کێ دێتە شەڕم... بابێت.

وا هاتمە پێش دڵم بە گڕە        وەرە پێش منیش حەزم لە شەڕە
گەورە پیاوانی عەرەب دەکوژیت        ئێستاش، تۆڵەیان لەمن وەرگرە

کە لاوەکە ئەم شیعرەی بیست هاواری کرد:

وەرە پێشەوە، درۆزن شەیتان        دەستت کردووە بە درۆ و بوختان
بێبەشت ناکەم لەنوکی رحم        لە کۆڕی جەنگ و شمشێر لێدان

ئەمجا هەڵمەتی بر برد و هەر زو رمەکەی کرد بە سنگیا و لە پشتییەوە دەرچوو. ئەمجا هاواری کرد.... کێی تر دێتە پێشەوە؟ چوارەم پاڵەوان هاتە پێشەوە و ئەمیش ناوی لێ پرسی: پاڵەوانەکە وتی: ناوم هیلالە. لاوەکە ... بەم شیعرە لاواندیەوە:

هەڵەی لە دەریای منا مەلەکەیت        بە درۆ کردن ئاوا پەلە کەیت
منیش ئەو کەسەم شیعرم دەبیستی        جۆرێك دەتکوژم، کە نەفەس نەدەیت

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو..... بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٤٥

شەهرەزاد گێڕایەوە: لاوەکە و شۆڕە سوار هەڵمەتیان بە رمەکانیەوە و بە سواری ئەسپەکانیانەوە بۆ یەکتر برد. بەڵام لاوەکە، خێراتر بوو شۆڕەسواری خستە خوارەوە و مرد. ئیدی هەر پاڵەوان بوو... بۆی دەچووە مەیدان و دەکوژرا. منیش کە هاورێکانم بینی..... یەکە...یەکە کوژران. لەدڵی خۆمدا وتم:

"دەفەرموو، ئێستا بۆی دەچمە گۆڕەپان، چاری ناکەم...! لە ئاوزەنگی دەدەم و هەڵدێم... دەبمە گاڵتەجاری عەرەبە دەشتەکییەکان!"

نەیهێشت داڵغە لێدانەکەم دوایی پێ بێنم، هەڵمەتی بۆ هێنام و لەسەر زینی ئەسپەکەم منی خستە خوارەوە. شمشێرەکەی خستە سەر ملم. لە ترسانا لە هۆش خۆمخ چووم! منیش بە ئاوزەنگی ئەسپەکەیدا وەکو منداڵ هەڵزنام. ئەویش هەر وەکو چۆلەکەیەك پشت ملی گرتم. کە خوشکەکەی ئەمەی بینی زۆر خۆشحاڵ بوو. خۆی بڵند کرد، ناوچاوان براکەی ماچ کرد. ئەمجا منی دایە دەست خوشکەکەی. وتی:

"خاتری بگرە ئەم نەمەکی ئێمەی کردووە."

کچەش، لایەکی قەڵغانەکەمی گرت، وەکو سەگ بە کێشی کردم. کەس بە دەورمانەوە نەما. ئەمجا لاوەکە لە پشتی ئەسپەکە هاتە خوارەوە. خوشکەکەی شمشێر و قەڵغان و رمەکەی لە براکەی گرت و بەرگی نوێی پاکی بۆ هێنا. ئەویش خۆی گۆڕی. ئەمجا کورسییەکی لەدار ساج بۆ هێنا. ئەویش لەسەری دانیشت. ئەمجا خوشکەکەی نزای بۆ کرد.... "روو سپی و شەرەف پاك بیت."براکەشی بەم شیعرەی وەڵامی دایەوە.

| | |
|---|---|
| خوا ئاگای لێت بێت، کە چەندە ئازای | لە پەلاماردا، لە شێوەی بازای |
| وتم: بپرسە لە پاڵەوانان | رووبەڕووی کێی تر ئاوا لە بازای |
| منم ئاسراوم، سەعدە باپیرەم | ورە، تۆیش هەر دەم وای لەهەورازدا |
| ئەی ئەبو عماد شەڕی شێرت کرد | مەرگی پیشان دای، کەی هێندە ئازای |

کە ئەم شیعرەم بیست، سەراسیمە بووم. کە خۆیشم بە دیلی بینی هێندەی دی خۆم لە لا سووك بوو. ئەمجا کیژەکە خواردنی بۆ براکەی هێنا. فەرموویان لە من کرد. زۆر پێی دڵخۆش بووم چونکە تێگەیشتم کە نامکوژن. دواتر، مەی و پیاڵە و شەرابی بۆ دانا. گەشە گرتی و سوور هەڵگەڕا. کاتێ مەست بوو ئەمجا لێی پرسیم:

"حەماد تۆ من دەناسییەوە؟ یان نا!؟"

منیش وتم:

"بەو نەمەکەی ماڵت هێڕتر بووم. نازانم!"

ئەمجا منی کردە هاونشینی خۆی و پێکێکی دایە دەستم. نەخێر کردی بە ٢ پێك. ئەمجا ٣ و ٤. تاکو منیش مەست بووم. ئەمجا سوێندی دام کە هەرگیز خیانەتی لێ نەکەم. منیش ١٥٠٠ جار سوێندم بۆ خوارد.

ئەمجا فەرمانی دا خوشکەکەی ١٠ پارچە بەرگی پێ بەخشیم. کە لە ئاوریشم دروست کرابوون. ئەمەی بەریشم یەکێکە لەو بەرگانە. ئەمجا وتی: یەکێك لە وشترە هەر چاکەکانی پێ ببەخشە. ئەویش وشترێکی بە بارەوە بۆ هێنام کە پڕ بوو لە شتومەکی نەختینەی گرانبەها. لەگەڵ هەندێك خواردەمەنیدا. ئەمجا وتی: ئەسپە زەردیشی بۆ بێنە. ئەوانەی هەموو پێ بەخشیم. دوو شەویش لایان میوان بووم. دواتر پێی وتم:

"کاکە حەماد دەمەوێت کەمێك بنووم. ئەگەر ئەسپێك حیلانی مەترسە. ئەوە هۆزی "بەنی سەعلەبە"ن دێن. تا لەگەڵ مندا بجەنگن..!!"

ئەمجا شمشێرەکەی بێ کێلان، خستە ژوور سەری. کە خەوی لێکەوت، شەیتان چووە بن کڵێشەمەوە کە بیکوژم! دواتر.... پەلاماری شمشێرەکەی ژوور سەریم دا و زۆر بە توندی لە ملیم دا، کە سەریم لە لەشی جیا کردەوە، هەر کە خوشکەکەی رووداوەکەی بینی خۆی فڕێ دایە سەر براکەی. یەخەی خۆی دادڕی و قیژاندی، براکەی لاوانەوە:

هەواڵی خراپ بەرن بۆ خزمان | هیچ ناکرێ لەگەل قەدەری زەمان
تۆیان شەلاڵی خوێنی خۆت کرد و | وەسفی رووت، لە لای مانگی ئاسمان
نە ئەسپت، سوارەتری لێ جوانە | نە ژن هی وەك تۆ دێنێتە ژیان

کە لەم لاوانەوەیە بووەوە، وتی:

"لەعنەت لە باپیرانت، بۆچی خیانەتت لێ کرد؟ لە کاتێکدا ئەو بڕیاری دابوو بە بار و بارخانەوە و بە دەوڵەمەندی تۆ بنێرێتەوە بۆ وڵاتی خۆت، دوای ئەوە منت لێ مارە بکات!؟"

ئەمجا مستوی شمشێرەکەی لە زەوی چەقاند و خۆی دا بە سەر نووکی شمشێرەکەدا تا لە پشتیەوە دەرچوو. ئەمجا منیش تا توانیم گریام و کاتێك پەشیمان بوومەوە کە سوودی نەبوو. ئەمجا هەر چی بەنرخ و بەکێش سوك بوو، کۆم کردەوە. سوار ئەسپەکەم بووم و کەوتمە غار کردن. هێندە سەرم لێ شێوابوو کە بیروهۆشی ئەوەم نەبوو، ئەو خوشك و برایە بنێژم. یان لانی کەم سەیرێکی هاورێکانم بکەم. کە نوزهەتولزەمان ئەمەی بیست دنیا لەبەرچاوی تاریك بوو. پەلاماری شمشێرەکەی دا و دای لە ملی حەماد وسەری لە لەشی جیا کردەوە. کۆمەڵەکەش پرسیان:

"بۆچی... بە پەلە ئەم کابرایەت کوشت؟"

ئەویش وتی:

"سوپاس بۆ خوا کە هێندەی تەمەن پێ بەخشیم کە تۆڵەی خۆم بە دەستی خۆم بسەندم."

ئەمجا فەرمانی دا دوو لاقی رابکێشن و بیدەنە سەگە برسیەکان تا بیخۆن. ئەمجا دوانەکەی دیان بانگ کرد. لە یەکێکیان پرسی:

"تۆ ناوت چییە؟"

ئەویش وتی:

"غەزبان."

ئەویش بەسەرهاتی خۆی و ئیبریزەی کچی حەردوبی بۆ گێڕانەوە. کە چۆن کوشتویەتی و هەڵاتووە. هێشتا کۆیلەکە قسەکەی تەواو نەکردبوو کە شارومزان بە شمشێرەکەی سەری پەڕاند. ئەمجا هاواری کرد:

"سوپاس بۆ خوا کە ئەوا.... تۆڵەی دایکە کوژراوەکەم کردەوە."
ئەمجا بە دەورووبەرەکەی وت:
"کاتی خۆی کەنیزەکە مەرجانە هەمان بەسەرهاتی بۆ گێڕامەوەتەوە."
ئەمجا سێیەمیان خستە قسە کە ئەویش وشترەوانەکە بوو. کە کاتی خۆی خەڵکی دیمەشق پارەیان بۆ زەوئولەکانی نەخۆش کۆ کردەوە تا بیبەن بۆ خەستەخانە. ئەویش کە گەیاندییە دیمەشق لەسەر سەلوێنێکی گەرماوێك فرێی دا. کان ماکان کە ئەمەی بیست، پەلاماری شمشێری لێدا و سەری پەڕاند. ئەمجا سوپاسی خوای کرد کە خوا هێندەی تەمەن پێداوە تاکو تۆڵەی باوکە نەخۆشەکەی بکاتەوە. ئەمجا وتی:
"ئەم بەسەرهاتەم لە باوکم بیستووە کاتی خۆی."
ئەمجا پاشاکان لە نێوان خۆیاندا، کەوتنە گفتوگۆ و وتیان:
"ئێستا، پیرەژنە شەواهی، کە بە فێڵاوی ناوبانگی دەرکردووە ماوە کە تۆڵەمان لێ نەکردبێتەوە. کە ئەو تەنیا هۆی ئەم هەموو بەڵایە بووە. کە بەسەرمان هاتووە...!!"
ئەمجا لە خۆیان پرسی: چۆن، ئەو پیرەژنە فێڵاویەمان دەست بکەوێت؟ شا رومزان وتی:
"پێویستە.... دەستی خۆمان بخەین!."
بۆ هەر زوو کاغەز وپێنووسی هێنا و نامەیەکی بۆ پیرەژنە شەواهی نەنکی نارد کە نازناوی پیرەژنە فێڵاوی بوو. تێیدا نووسی بوو: کە سەرکەوتووە بەسەر سوڵتانی دیمەشق دا. موصل و عیراقیشی داگیر کردووە. سوپای ئیسلام تێك شکاندووە. پاشاکانیشی بە دیل گرتووە. ئەمجا نووسی بووی:
"پێویستە خۆت و شا سەفیەی کچی شا ئەفرمیدونی پاشای قوستەنتەنیە لەگەڵ خۆت بهێنی. هێندەی لە گەورە سەرکردەکانی نەسارایش... وڵات ئاسایشە، چونکە لە ژێر دەستی خۆماندایە."
پیرەژنە فێڵاوی کە نامەکەی خوێندەوە بۆی دەرکەوت، کە بە دەست و خەتی شا رومزان خۆی نووسراوە، زۆر دڵخۆش بوو. بە پەلە کەوتە کاروان رێك خستن. خۆی و سەفیەی دایکی نوزهەتولزەمانی ئامادەی سەفەر کرد و کەوتنە رێ. تا گەیشتنە بەغدا. ئەمجا تەتەر هەواڵی دا کە گەیشتن.
رومزان شا وتی:
"پێویستە، بەرگی فەرەنگیان بپۆشین، تاکو پیرەژنە فێڵاوی، تێنەگات، فێڵێکمان لێ بکات."
ئەوانیش بەقسەیان کرد. ئەمجا جل وبەرگی فەرەنگیان لەبەر کرد. کە قضي فکان... بەو جلانەوە، بینینی وتی:
"بەوەی دەیپەرستن گەر ئەم ئاسینایە، دەمووت: ئێوە فرەنگین!!"

ئەمجا ١٠٠٠ سوارەی جەنگاوەریان لەگەڵ خۆیان برد و چوونە پێشوازی پیرەژنە فێلاوی. کە لە یەکتر نزیك بوونەوە شا رومزان لە ئەسپەکەی دابەزی و بەرەورووی پیرەژنە فێلاوی چوو. باوەشی پیا کرد. هێندەی وشی خەریك بوو، پەراسووەکانی بشکێنێت.

پیرەژنە وتی:

"ئەمە چییە کورەکەم؟"

هێشتا پرسیارەکەی تەواو نەکردبوو کە کان ماکان و دنـدانی گەورە وەزیـر بۆیـان دابەزین. ئەمجا نەعرەتەیان لێدا و پەلاماریان دان هەموویان گرتن و بەرەو شاری بەغدا بوونەوە. پیرەژنە فێلاوی سەرئاسنینەیان قۆڵبەست کرد و گێڕایان، بە نێو خەڵکیدا و جارچی جاڕی دا:

"ئەمە سزای ئەو کەسانەیە کە پاشایان و کوڕی پاشایان دەکوژن!"

دواتر لە بەردەم یەکێك لە دەروازەکانی شاری بەغدادا لە سێدارەیان دا. ئەمجا کان ماکان و رومزان شای مامی و نوزهەتولزەمان ودندانی گەورە وەزیر سەراسیمە بوون لەم چیرۆکەی بەسەریان هاتووە. بۆیە فەرمانی درا کە ئەم بەسەرهاتەش بۆ مێژوو بنووسرێتەوە. تاکو بخوێندرێتەوە و پەند و ئامۆژگاری لێ وەر بگیرێت. ئیدی بەخۆشی و بەختیاری ژیان تا.... تێکەدەری بەختیاری... بەفەرمانی خوای باری گیانی کێشان. ئەمەش دوا هەوال بوو کە گەیشتبووە دەستمان لە بارەی شا عومەری کوڕی نوعمان و شرکان و زەوئولەکانی کوڕی و کان ماکان کوڕەزای و نوزهەتولزەمانی کچی و قضي فکانی کچەزای.


ئەمجا پاشا بە شەهرەزادی وت:


"حەز دەکەم هەندێ لە چیرۆکی باڵندەکانیشم بۆ بگێڕیتەوە."

خوشکەکەشی وتی:

"هەرگیز هێندە پاشام بە دڵخۆشی نەدیوە!! خوازیارم دوارۆژتان خۆش بێت."


شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بووە.......... بێدەنگ بوو.




@Muhammad N Hassan




زنجیرەی بڵاوكراوەكانی چاپخانەی شڤان ٢٠